رۆمان



# پەنجەرە

نوسینی: فەهیمە رەحیمی

وەرگێڕانی: ناصح مەولەوی زادە

Scanned with CamScanner

ktebi_pdf to you

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

# Ktebi_PDF



فهیمە رحیمی، ١٣٢٤-

پەنجەرە، رۆمان/ فهیمە رحیمی، وەرگێڕانی: ناصح مەواەوی زادە،

کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٦

ناوی کتێب: پەنجەرە

زنجیرە (٩٩)ی بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی رێنما.

ژمارەی سپاردن:(١٧٠٣)ی ساڵی ٢٠١٥ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

پرۆژەی ١٠٠ رۆمان

زنجیرە ٢٢

پەنجەرە

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما

چاپی دووەم، وەرگێڕانی کوردی، سەرپەرشتیاری چاپ: سەلاحەدین بایەزیدی،

دیزاین و بەرگ: فوئاد کەوڵۆسی.

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج، هاوینی ٢٠١٦

تیراژ: ١٠٠٠دانە

ژ. مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣ _ ٠٧٥٠١١٩١٨٤٧

Scanned with CamScanner

• پێشکەش بە باران

Scanned with CamScanner

## (( بەشـــــــــی ١ ))

لەگەڵ سەدا هێمنانەکەی دایکم کە زایەڵەی ساڵانێك ماندوێتیە، ناوی خۆم دەبیستم. لـە پلیکانەکان دێمە خوارەوەو کەلوپەلە پێچراوەکان بەرچاومدەکەون. کەلوپەلەکان لەناو کارتۆنە جیاجیاکاندا ئامادەی گواستنەوەن. ژووره چۆڵەکە پڕە لەسەدا. هەموو شـتێك بـۆ ڕۆیـشتن و گواستنەوە ئامادەیە. تا چەند خولەکێکیتر دەبێ ئەم خانووە بـە جـێ بـێڵین. خانوویەك،کـە بیرەوەریەکانی منالیمی لە ناو خۆیدا حەشارداوە. بە داخ و پەژارەیەکەوە سەیری ئـەم دیمەنـە دەکەم و دەڵێم ( بۆ کوێ چوون ئەو ڕۆژە خۆشانە،ڕۆژانی سادەیی و یەکرەنگی؟ بۆ کوێ چوون ئەو زەردەخەنە گیانی بەگیانی و ئەو تەڵەکەبازییە منداڵانەیە؟ ئایا پاش من کـچێکیتر لـەم سەربانە بێدار دادەنیشێت و ئەستێرەکان دەژمێرێت؟ ئایا پاش من کچێکیتر بـۆ ئـەو کـۆترە پیرەی کە هەموو ڕۆژێ لەسەر ئاریاڵەکە دەنیشێتەوەو چاوەڕێیە دانەوێڵە ڕۆدەکات؟ ئایا پاش من یەکێکیتر دڵی بۆ پشیلە دەردەدارەکەی دراوسێمان دەسـووتێ؟ ) ئـەو فرمێـسکەی کـە لەسەر گۆناکانم شۆڕدەبۆوە، باکی بە خۆ شاردنەوە نەبوو.

دایکم نیگای لەسەر ڕووخسارم لابرد و بـە پەژارەیـەکی زۆرەوە سـەری دانەوانـد. پاشـان چاوێکی گێڕا، نەوەك شتێکی فەرامۆش کردبـێ، ئینجـا لەگـەڵ گـوتنی " بەداخـەوە " ژوورەکەی بەجێهێشت.

مەودای نێوان ژوورو ئاشپەزخانەکەم بە هەنگاوەکانم پێوا. تا ئەو کاتە نەم دەزانی چەند هەنگاوە. جگە لە وێنەیەکی هەڵواسراوی بێ چوارچێوەی هەندێك میوەجات،هیچیتر لەوێدا نەبوو. لەگەڵ دەنگی "یاالله " چەند پیاوێك هاتنە ناو حەوشەوەو کەلوپەلـە پێچراوەکانیان یەك بە یەك بردە دەرەوە. منیش واقم وڕماوەو سەیری ئەم ئیشوکارانە دەکەم و بـە ئومێدی موعجیزەیەکم ڕوو بدات. ئیشوکار هەروا بەردەوامەو منیش بەس سەیر دەکەم. لە خانووەکە دێمە دەرەوەو ئەو بارهەڵگرە دەبینم کە کەلوپەلەکانی تێدا یە. چاوم بە پەنجەرەی ژوورەکەم دەکەوێت، پەنجەرەیەکی ڕووەو شەقام " جۆگەلەکە دەبینم، ئاوێکی کەم هاژەی دێت. چرای شەقام هێشتا هەر داگیرساوەو لەبەرئەوەی کە لق و پۆی دارتووەکە پێشی گرتووە، ڕووناکیەکەی کەمترە. شەوانێك لە ژێر ئەم چرایە وانەم دەخوێند و گوێم بۆ دەنگی قوتوویەکی بەتاڵ قولاخ دەکرد، کە لەسەر ئاوی جۆگەلەکە تلی دەخوارد و شۆڕدەبۆوە. پەنجەرە دارینە بیرەنگەکەم داخرابوو و ستوونەکەی، کە مۆریانە خواردبووی، خواحافیزی لێدەکردم. هەستم کرد ئاوازی -با- لە توێی لق و پۆی درەختەکانەوە سروودی ( ما لئاوایی) دەچرێت.

شانزە ساڵ بیرەوەری لە پەنا پەنجەرەکەدا دەنێژم و ڕێگایەك دەگرمەبەر کە نازانم بۆ کوێ دەڕوات؟ لەگەڵ قورسا یی دەستێك لەسەر شانم،بۆ دوایین جار نیگام لەسەر پەنجەرەکە لادەبەم و لە ڕووخساری خوشکەکەم (مەرسدە) ڕادەمێنم. ئەو، زەردەخەنەی لەسەر لێوەو دەڵێت "دەزانم، جێهێشتنی ئەم خانووە سەخت و دژوارە. من و تۆ و ( فەرەیدون ) لەم خانووە لە دایك بووین و هەر لێرەش گەورەبووین،خانووە نوێیەکەشمان خراپ نییە، پەنجەرەکەی ئەویش ڕووەو کۆڵان دەکرێتەوە" کۆڵانێکی باریك و بێدەنگ. تۆ لەو پەنجەرەیەشەوە دەتوانی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر ببینیت، وەرە بڕۆین (فەرەیدون ) چاوەڕێمانە. ئۆتۆمبیلەکەی خۆمان دەبێ لەپێش بارهەڵگرەکەوە بڕوات بۆ ئەوەی ڕێگاکەی پیشانبدات ".

دوایین کارتۆنیش خرایە ناو بارهەڵگرەکەوەو بارەکە بە گوریسێك،توند بەسترا. کرێکارەکان سەرکەوتن، بەڵام شوفێرەکە، بۆ دڵنیابوون، جارێکیتر گوریسەکانی تاقیکردەوە، ئینجا سەرکەوت.

Scanned with CamScanner

دراوسێکانیش بۆ ڕەوانە کردنمان لەسەر کۆڵان کۆبببوونەوە. گسکدەری گەڕەکەکەشمان عەرەبانەکەی پاڵپێوەناو خۆی گەیاندە ئێمەو پرسی " دەڕۆن؟ " باوکم دەستی گرت و گوتی " بەڵێ،ئیتر کاتی ڕۆیشتنە ". پیاوە پیرەکەش بە کەسەرێکەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی "بەداخەوە، دڵمان بۆتان تەنگدەبێت". باوکم زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "سی ساڵی ڕەبەق ڕەنجت بۆ ئێمە کێشا، بەس نییە؟". ( عەلی ئاغا ) دەستکێشەکانی دەرهێنا و گوتی " ئێوە کۆنترین خێزانی ئەم گەڕەکە بوون، ئێمە هەموومان خوومان بە ئێوەوە گرتبوو ". ئەمجارەیان دایکم گوتی " بۆ ئێمەش جێهێشتن و دەستبەداربوونی ئەم گەڕەکە سەخت و ناخۆشە، بەڵام چارنییە،دەبێ بڕۆین ".

دەستەکان لەناویەک گرێیان دەبەست و فرمێسکەکان بەسەر گۆناکاندا دەهاتنە خوارەوەو ماڵاواییان دژوارتر و خەماویتردەکرد. شوفێر هۆڕنی لێدا و ڕۆیشتنی ڕاگەیاند. سەرکەوتین و کەوتینەرێ. لەگەڵ دەستڕاوەشاندنی دراوسێکاندا، ئێمەش دووردەکەوتینەوە. خانووەکان شکڵ و شێوازێکی نوێیان بەخۆیانەوە گرتبوو و وەك ئەوەی یەکەمجاربێت دوکانەکان ببینم. حەزو ئارەزووی دووبارە بینینیان وایلێکردم بۆ دواوە ئاوڕبدەمەوە. تەنها ( عەلی ئاغا ) مابۆوە کە زبڵەکانی ناو عەرەبانەکەی ڕۆدەکرد. هەموومان، تا ئەوکاتەی کە بە تەواوەتی لە گەڕەکەکەمان دوور نەکەوتینەوە، قسەمان نەکردو دەممان نەکردەوە.

لە ترافیك لایت وەستابووین، باوکم گوتی " چەند زوو ٣٠ ساڵ تێپەڕی ؟!". دایکم سەیری کرد و هیچی نەگوت، بەڵام باوکم بەردەوام بوو " ئەوکاتەی پێمانخستە ئەم گەڕەکەوە، تەنها دوو خانووی لێدروستکرابوو" ئەویتری بیابان و بێستان بوو ". دایکم گوتی " ئێمە تەمەن و لاوێتیمان لەسەر ئاواکردنی ئەم گەڕەکە دانا ". باوکم گوتی " چارەنووس وا بوو کە ئێمە سی ساڵی تەواو لە شوێنێك بژین، بەڵام زۆریش خراپ نەبوو... لە بیرتچوو چ چێژ و خۆشییەکمان لێ بینی؟ شەوان کاتێك کێڵگەوانەکە دەهات و دەیگوت - ئەمشەو دەتوانن عەمبارەکانتان پڕکەن لەئاو - چەند دڵخۆشدەبووین! ". دایکم بە وەبیرهێنانەوەی ئەو سەردەمە ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی "ڕاستە، وەك ئەوە وابوو کە خوا هەموو دەرگاکانی

Scanned with CamScanner

ڕەحمەتی کردبێتەوە. خەو لە چاوانمان دەفڕی و لە چاوەڕوانی ئاودا بێدار دادەنیشتین. خوای لێ خۆش بێت ( ئاغای مەحمودی )، پیاڵە و (فانۆس)ی دەهێنا و لە قەراخ جۆگەلەکە دادەنیشت و چەند چرکە جارێك سەردانی ئاوەکەی دەکرد. ئەگەر ئاوەکە ڕوون بوایە، سەری عەمبارەکەی دەکردەوە، ئەگەریش لێڵ بوایە دادەنیشت و چاوەڕێی دەکرد تا ڕوون دەبۆوە ".

باوکم گوتی " دەنگی ئەو ئاوەی کە دەڕژایە ناو ئاوی عەمبارەکانەوە لە هەموو ئاوازێك خۆشتر بوو ". (مەرسدە ) گوتی " ئێوە زۆر ناخۆشی و سەختیتان چەشت ". دایکم چەند جارێك سەری ڕاوەشاند و پشتگیری لە قسەکانی کرد. بەڵام باوکم گوتی " ئەو ڕۆژانەش بۆخۆیان دونیایەکیتر بوون، لە بیرمە کاتێك میوانمان دەهات، کێڵگەوانەکە سەبەتەیەك باینجان و تەماتەی دەچنی و پێشکەشی دەکردین" کاتی ڕۆژئاوابوونیش خەیارەکەی دەهێنا. ژیانێکی سادە و بێ فڕو فێڵمان هەبوو، بەڵام تا خەڵك شارستانیتر بوون، ژیانیش دژوارتر بوو. لەگەڵ پێشکەوتنی دونیا، خۆشی و یەکڕەنگیش لەناوچوو. ئیستاش تەنها بیرەوەری ئەو ڕۆژانە بە یادگاری ماوەتەوە. ئێمە پیر بووین و دونیا گەنج بۆوە، لە دراوسێ کۆنەکان تەنها ئێمە و خێزانی ( ئاغای مەحمودی ) مابوینەوە. دایەخانیش ( هاوسەری ئاغای مەحمودی ) دوای مەرگی هاوسەرەکەی دڵی نەهات یادگارییەکەی بفرۆشێت" هەر لەوێ مایەوەو (مەحمود ) و ( فەرەیدون) پێکەوە گەورە بوون ". دایکم گوتی "(دایەخان) تەنها دراوسێ نەبوو، ئەو لە خوشکیش زیاتر بوو بۆ من. لەبیرمە کاتێك ( فەرەیدون ) لە دایك بوو، خوشکەکەم هات بۆئەوەی پەرستاریم بکات، بەڵام چونکە بارودۆخمان باش نەبوو، نەمایەوە" بەڵام هەر ئەم( دایەخان )ە، لەگەڵ ئەوەشدا کە( مەحمود )ی کوڕی دوو مانگان بوو، هات و گوتی - خەفەت مەخۆ، خۆم پەرستاریت دەکەم تا ئەو کاتەی دەتوانی هەستیتەوەو خۆت کارەکانت ئەنجام بدەیت - ئەو بەیانیان دەهات و دەمەو نیوەڕۆ دەڕۆیشتەوە. زۆر چاکەی بۆم هەبوو. تا ئەو ڕۆژەی دەمرم، چاکەکانی فەرامۆش ناکەم ". باوکم پێکەنی و گوتی" ئەوەش بۆ کچەکانت باس بکە، کە چەندێك مینگە و بۆڵەت بەسەرمدا دەکرد بیانوت دەگرت ! " دایکم ڕەنجاو گوتی "من مینگەو بۆڵەم دەکرد؟ من لەبەر خاتری تۆ وازم لە هەمو خزمەکانم

هێنا. ئەوان کاتێك زانییان منت هێناوەتە ناو بیابانێکی بێ ئاو و گژوگیاوە، زۆر رەخنـەیان لێ گرتم، بەلاّم من گوتم هەر شوێنێك کە هاوسەرەکەم هەڵیبژێرێت،پێی رازیم و هـەر لەبـەر ئەم قسانەشم ئەوان پێیان لە ماڵی ئێمە بڕی ". باوکم گوتی " شۆخیم کرد، توڕە مەبە. تـۆ هەمیشە هەر باش بوویت و ئەمەش گومانی تێدا نییە. ئەو کاتە بەو دەرامەتە کەمەی کـە هەمبوو ناچار بووم ئەو خانووە بکڕم، چونکە هەر چۆنێك بوایە لە کرێچێتی و مـاڵ بـەکۆڵی باشتر بوو. شوکر بۆ خوا لەگـەڵ یەکـدا گوبجـاین و ژیـاین، ئێـستاش ئـەوەتا بەرهەمەکـەی دەبینین. خانوویەکی گەورەمان کڕیوە، کوڕ و کـچەکەمان دەچـن بـۆ ( هیندوسـتان) ئـیتر چیمان دەوێت؟ من رازیم و شوکری خوا دەکەم ". دایکیشم بە گوتنی ( خوایـە شـوکرت ) بێدەنگ بوو.

( مەرسدە ) پرسی " ناکرێت خانوەکەمان تێکـدەین و سـەرلەنوێ دروسـتی کەینـەوە؟ " باوکم لە ئاوێنەکەوە سەیرێکی کرد و گوتی " من بە تەمای ئەم کارە بووم، سەفەری پێـشتر کە ( فەرەیدون ) هاتەوەو زانی خێزانی هاوڕێکەی دەیانەوێت سەفەر بکەن و بڕونە دەرەوەی وڵات، بە هاوڕێکەی گوتبوو کە - ئەگەر بە نیازی فرۆشتنی خانووەکەیانن، ئێمە دەیکڕین - ئەوەبوو بڕیارماندا ئەم خـانووە بکـڕین. بەراسـتیش خانوویـەکی خۆشـە، هـەم گەورەیـەو هەمیش دوو قاتە. من لە خەویشدا بیرم بۆ ئەوەنەدەچوو بتوانم خانوویەك بەم هەلومەرجانەوە بکڕم. گەڕەکی پیاو ماقولانەو شوێنێکی بێـدەنگ و ئارامـە. خـۆ تـۆ ئـەوێت دیـوە ؟" ( مەرسدە ) گوتی " بەڵی من بینیومەو دەبێ بڵێم کە زۆر جوانە، بـەلاّم ( مینـا ) هێـشتا ئەوێی نەدیوە ". باوکم گوتی" ئەوەندەمان نـەماوە، ( مینـا )ش بـە دڵـی دەبێـت. ژووری ڕووەو کۆڵانەکەم بۆ تۆ و (مینا ) داناوە، کە کچە شاعیرەکەم بتوانێت هەڵاتن و ئاوا بـوونی خۆر ببینێت. کەمێك چاوەڕێ بکات دەبینێت کە چ شوێنێکی خۆش و دڵگیرە".

ئۆتۆمبیلەکە چووە ناو شـەقامێکی بەرینـەوە. منـیش بـە بـێ ویـست سـەرم لـەجامی ئوتۆمبیلەکەوە بردە دەرەوەو باوکم لەمە سەری سوڕما و پرسی " ئەوە چی دەکەی؟" گـوتم "دەمەوێت بۆنی بکەم، بزانم بۆنی گەڕەکەکەی خۆمانی لێدێت یا نا ؟" هەموویان پێکـەنین

و (مەرسدە ) پرسی" بۆ؟ گەرەکیش بۆنی هەیە، وا دەتەوێ بۆنی کەیت " بە شەرمەزارییەوە سەرم داخست و بێدەنگ بووم. کەمێك لەولاتر، ئۆتۆمبیلەکە لە بەردەم خانوویەکی جوان وەستا. ( فەرەیدون ) لەوێ وەستاوەو چاوەڕوانی ئێمەیە، بارهەڵگرەکەش وەستا. بڕوام نەدەکرد ئەم خانووە جوانە هی ئێمە بێت. لەگەڵ والآبوونی هەردوو تاکی دەرگاکە توانیم ناوەوەی حەوشەکە ببینم. هەردوو لای حەوشەکە باخچە بوو و تەختەپۆشی حەوشەکە لە خاوێنیدا دەدرەوشایەوە. سەردەرگاکە دوو چرای بچوکی سپی لەسەر بوو و تەنیشت شۆستەی بەردەم خانووەکە باخچە بوو، کە تیایدا چەند درەختێکی ( بی )یان چاندبوو. کاتێك بە جوانی سەیری ئەم لاو ئەو لام کرد، بینیم سەرتاسەری شۆستەکە باخچەی لەو جۆرەی تێدایە. خانووەکان تازە و سەردەمی بوون. لەبەر خۆمەوە گوتم ( باوکم ڕاست دەکات. شوێنێکی بێدەنگ و ئارامە، چونکە لەم کاتەی ڕۆژیشدا ڕێبوارێك بە چاو نابینرێت ). نەمدەزانی ناوی کۆلآنی لێ بنێم یان شەقام" چونکە ئەوەندە بەرین بوو، بە ئاسانی دوو ئۆتۆمبیل بە تەنیشت یەکدا تێ دەپەڕین. لە ( مەرسدە )م پرسی، ئەویش بە ڕوو خۆشیەکەوە گوتی خانووەکەمان لەسەر شەقامێکی سەرەکی نییە. بینای خانووەکەش بە چوار پلیکانی مەرمەڕەوە لە حەوشەکە جیا دەبۆوە، کە لە تەنیشت دوایین پلیکان، هەر لەو مەرمەڕە گوڵدانێکی جوانیان تاشیبوو، کە تیایدا هەندێك گوڵە سوورە خۆیان دەنواند. کاتێك چومە ناو خانووەکە، زیاتر سەرسام بووم. ناوەوەی هۆڵەکە تەختە فەرشی دارین کرابوو و تاقمێك مۆبیلی جوان و کورسی و مێزی خواردن بەرچاو دەکەوتن. (لۆستر)ەکان جوانی هۆڵەکەیان چەند هێندە کردبوو. لە دەرفەتێکدا کە بۆم ڕەخسا لە (فەرەیدون )م پرسی " ئەمانەش هی خۆمانە ؟" زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " هەرچی دەبینیت هی خۆمانە". خانووەکان شایانی بەراوردکردن نەبوون لەگەڵ یەکتریدا. هۆڵەکە گەورە بو و بە هۆی پلیکانە پێچاوپێچەکانەوە بە قاتی دووهەمەوە دەبەسترا. لای چەپی هۆڵەکە، ڕێڕەوێکی باریکی هەبوو، کە لە هەردوو لایەوە دوو ژووری بەرامبەر یەکی تێدابو و بە ئاشپەزخانە یەکی گەورە کۆتایی پێ دەهات. هەموو ژوورێك حەمام و توالێتی خۆی هەبوو. من نوقمی تەماشا بووم کە ( فەرەیدون ) بە تووڕەییەکەوە گوتی " بۆ سەیرکردن کاتی زۆرت لە

بەردەمە، وەرە یارمەتیمان بدە ". لەگەڵ (مەرسدە ) ئەوەی پەیوەندی بە قاتی سەرەوە هەبوو بردمانە سەرێ، قاتی سەرەوەش وەك خوارەوەبوو، تەنها ئەوەندەبێ کە ئاشپەزخانەکە بە هۆی دیکۆرەوە لە هۆڵەکە جیادەکرایەوە. ژووری من و (مەرسدە ) گەورە بوو و دۆلاّبێکی دیواری هاورەنگی ژوورەکەی تێدا بوو.

پێش هەموو شتێك، رام کرد بۆ لای پەنجەرەکەو کردمەوە. پەنجەرەکەمان، کە بەرامبەر پەنجەرەی دراوسێکەمان بوو، رووەو کۆڵانێکی باریك دەکرایەوە. (با)، نیوەی پەردەی دراوسێکەی هێنابووە ناو کۆڵانەوە و گوڵدانێکیش پڕ لە گوڵ لەو دیوی پەنجەرەکە خۆی دەنواند. بیرم بۆ ئەوەچوو کە ژووری کچی دراوسێ بێت. بە ( مەرسدە )م گوت " چەند خۆشە ئەگەر لەگەڵ کچی ئەو ژوورەدا ئاشنابین! چونکە بە رۆیشتنی تۆ و ( فەرەیدون ) بە راستی من تەنها دەمێنمەوە ". ( مەرسدە ) نیگای لەسەر پەنجەرەی دراوسێکە لا نەبردو گوتی" ئەگەر گومانەکەی تۆ راست بێت و ئەو ژوورە هی کچی دراوسێ بێت، دڵنیام کە بە هۆی نزیکی ئەم دوو پەنجەرەیە لە یەکەوە، تۆ بەم زووانە هاوڕێیەك پەیدادەکەیت، نیگەران مەبە". کرێکارەکان تەختی نووستنەکەمانیان هێنایە سەرەوە و بە سەلیقەی ( مەرسدە ) هەر یەکەیان لە شوێنی خۆی دانرا. ئەو خەم و پەژارەیەی کە تا چەند کاتژمێرێك لەمەوپێش لە دڵمدا بوو بارونەی کۆکردەوەو رۆیشت. هێزی راکێشانی ژینگەو خانووە نوێکە، رۆحێکی تازەیان بە لەشم بەخشییەوە، رێك وەکوو ژیانەوەیەك. هەموو شتەکان نوێ بوون بگرە کەلوپەلەکانی خۆشمان. رێکخستنی کەل و پەلەکانمان دانا بۆ دوایی و بۆ یارمەتیدانی دایکم رۆیشتینە خوارەوە. دایکم داوای لێکردم چا بۆ کرێکارەکان لێنێم. دۆزینەوەی سەماوەرەکە لە نێوان ئەو هەموو کارتۆنەدا دژوار نەبوو، چونکە (مەرسدە) بە وریاییەکی تایبەت لەسەر کارتۆنەکان ناوی شتەکانی نوسیبوو. کاتێك سەماوەرەکەم دۆزیەوە، لە کارەبام داو شتەکانی تریشم بە ئاسانی دۆزیەوەو چایەکەم ئامادەکرد. لەگەڵ هاتنی ماڵی پورم، ئیش و کارەکان خێراییەکی زیاتریان بە خۆیانەوە بینی و (فەرەیدون ) یش بە تامەزرۆییەکی زیاترەوە کاری دەکرد.

Scanned with CamScanner

( شیدە )، کچی پورم، دەزگیران و هاوسەری ئایندەی ( فەرەیدون ) بوو. لەگەڵ هاتنی ئەو، (فەرەیدون) بە تەواوی ماندوویتی فەراموش کردو بە هەڵمەتێکی زیاتر کەلوپەلەکانی دەگواستەوە. کۆتایی خوێندنی (فەرەیدون ) یش دوو ساڵ زیاتری نەمابوو، ئەو لە زانکۆی (دهلی )ی هیندوستان بوو لە بەشی کۆمەڵناسی. ( فەرەیدون ) پاش وەرگرتنی بڕوانامەی ( دیپلۆم ) و تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، بەشداری لە تاقیکردنەوەی ( کۆنکور ) کرد و لەبەر ئەوەی دەرنەچوو، بەختی خۆی لە هیندوستان تاقیکردەوەو خۆشبەختانە سەرکەوت. بەر لە ڕۆیشتن، ( شیدە )ی کرد بە دەزگیرانی خۆی بۆ ئەوەی پاش خوێندن ژیانی هاوسەرێتی گرێ بدەن. باوکم حەزی دەکرد ئەو، (شیدە)ش، لەگەڵ خۆیدا بەرێت، بەلاّم (شیدە ) ڕازی نەبوو . دەیگووت - بۆ فەرەیدون سەخت و دژوار دەبێت  کە هەم بەرپرسیارێتی من لە ئەستۆ بگرێت و هەمیش بە خوێندنەوە خەریك بێت - لەبەرئەوە ( فەرەیدون ) بە تەنها ئۆغری کرد. چەند ڕۆژێکی تریش ( مەرسدە ) بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی ( کۆنکور )ی پزیشکی لەگەڵیدا دەچێت بۆ ( هیندوستان ). تەنها من دەمێنمەوەو دوو ساڵ خوێندن، پاش تەواو کردنی خوێندن، منیش پەیوەندی دەکەم بە ( مەرسدە )وە.من دوو ساڵ لە ( مەرسدە ) بچوکتر بووم، بەلاّم لە ڕووی بەژن و بالاّوە ئەوەندەی ئەو دەبووم. لێکچوونی لە ڕادەبەدەری من و ئەو هەمیشە دەبووە هۆی سەرسامبوونی خەڵکانی تر، بە شێوەیەك کە ئەگەر خاڵی لا لێوی من نەبوایە، جیا کردنەوەمان لە یەکتر زۆر دژوار دەبوو. هەندێ جار، من و ( مەرسدە ) بۆ ئەوەی هاوڕێکانمان تووشی هەڵەبکەین، ئەویش خاڵێکی لە لا لێوی دادەناو پێکەوە دەچووینە ناو کۆڕ و کۆمەڵەوە. هەبوونی دوو (مینا ) لە یەك کاتدا، هەمووانی تووشی هەڵە دەکرد و  بە زۆری  ( مەرسدە ) بە ( مینا ) ناو دەبرا. مامە گەورەکەم، بە هۆی پیری، زیاتر لە هەموان هەڵەی دەکرد و بە زۆری منی بە ( مەرسدە ) ناودەبرد. لە منالیەوە ئێمە بە دووانەکان ناومان دەرکردبوو،  بەلاّم لە ڕاستیدا وانەبوو.

ئەگەر لێکچوونە ڕواڵەتییەکان بخەینەلاوە، جیاوازی من و ( مەرسدە ) بە تەواوەتی بەدیار دەکەوێت. ئەو کچێکی میهرەبان و خوێن گەرمەو لە بەرامبەر کێشەکاندا خۆڕاگرە، بەلاّم من پێموایە بەو شێوەیە نیم.

Scanned with CamScanner

کاتێك دوایین بەرگە پەرتووکم لە ناو پەرتووکخانەکە دانا، لە بەر ماندوویەتی کەوتمە سەر جێگاکەم و بە (مەرسدە )م گوت " من خەوم دێت و حەزم لە خواردن نییەو بە دایکم بڵێ من چێشت ناخۆم". (مەرسدە ) بە بێ قسە ژوورەکەی بە جێهێشت و ڕۆیشتە خوارەوە.

Scanned with CamScanner

(( بەشـــــــــی ٢ ))

هەموو کەلو پەلەکانی ناوماڵ لە جێگای خۆیـان دانـران و پـەردە نوێیـەکان، هۆڵەکـەیان ڕازاندەوە. بوو بە خانوویەکی دڵگیر و شکۆدار و ژیانیش کەوتە سـەر ڕەوڕەوە ئاسـاییەکەی خۆی. تەنها پەردەی ژوورەکەی ( مەرسدە ) مابوو، کـە ئـەویش پێـشنیازی کـرد لـە بـاتی پەردە، لۆردراپەیەك[1] بە ڕەنگی پاییز بەکار بێنین. باوکیشم پەسەندی کردو بـۆ بەیانییەکـەی ژوورەکەمان بە لۆردراپەیەك ڕازایەوە.

دانیشتم و سەیری دیمەنی پاییزی لۆردراپەکەم دەکرد و بە دەنگێکی بەرز گوتم " دەبێت پەنجەرەکە داخرێت و بە باشی هەڵپێکرێت نەوەك پاییز یادی عەشق تاڵان و چەپاو کات ". ( مەرسدە ) گوتی "خانمی شاعیر، بەڵام من لە پەنجەرەکەی بەرامبەرمان باکم هەیە و دەترسم خۆت چـەپاو کـات ". گـوتم " لـە کـات کـەڵك وەرگـرەو عەشـقیش لـە ( مینـوی ) دا تاقیکەرەوە ! بەرامبـەری مـن تـەنها دیـوارەو دیـوار ". هەسـتاو گـوتی " کەواتـە دەبـێ پەنجەرەکە باش هەڵپێکم نەوەك عەشق لە پەنجەرەی بەرامبەرمانەوە بێتـە ژوورەوە". تـووڕە بووم و گوتم " ئەو کاتە دەبێ تەنیاییەکەم لەگەڵ ئاوێنەدا بـەش بکـەم. ڕێگـە مـەدە گوڵـە ڕەنگ بزرکاوەکەم ببێت بە گاڵتە جاڕی باخـچەکە ". گـوتی "بێتـام مەبـە ! دەبـێ تـۆ لـە

[1] ( جۆرە قوماشێکی پەردەیی )

هێرشی باوبۆران بپارێزم ". گوتم" ئەگەر تۆ بڕۆیت، من دڵ بە چی خۆش کەم؟" پەرتووکێکی دەر هێناو دایە دەستم و گوتی" بەمە ".

پێکەنیین و یەکترمان لەئامێزگرت. گوتم" لە شۆخی دەرچێت، لەبەر ڕۆیشتنت زۆر خەمبارم ". گوتی"تا چاوەکانت لێك نێیت، کات وەك با تێدەپەڕێت" خۆ من بۆ هەتا هەتایە ناڕۆم، جەژن و هاوین پێکەوە دەبین". گوتم " خۆزگە منیشتان لەگەڵ خۆتاندا بردبایە". گوتی" خۆت دەزانی ڕای باوکم چۆنە، تا شەشەکەت[٢] تەواو نەکەیت ڕێگەت پێ نادرێت ولات جێبهێڵی". بە پەژارەوە گوتم" هەی هوو... تا من شەشەکەم تەواو کەم، ئەمساڵ تازە پۆلی پێنج دەستپێدەکەم. تەمەنی ( نوح )ی دەوێت تاوەکو ئەم دووساڵە تەواو دەبێت". بەگاڵتەوە گوتی" مەگەر بە چەند ساڵ دەتەوێ پۆلێك ببڕیت؟" نیگام کەوتە سەر پەنجەرەی بەرامبەرمانەوەو گوڵەکانی نێو گوڵدانەکە گۆڕابوون ومنیش هێشتا دانیشتووی ئەو ژوورەم نەدیبوو. گوتم" مەراقمە بزانم کێ لەو ژوورەدا دەژی؟" گوتی" گریمان زانیت " چی لە حاڵی تۆ دەگۆڕێت؟ " گوتم" هیچ، تەنها مەراقمە". پەردەکەی بە تەواوەتی لادا. ئەویش چاوی بڕییە پەنجەرەکەو گوتی "لەبیرت نەچێ کە ئەوە خانووی دراوسێمانەو ئێمەش بەم زووانە پەیوەندیان لەگەڵدا بەرقەرار دەکەین. کارێك مەکە پەشیمانی بەدوادابێت. لەوانەیە ئەوانیش وەکو ماڵی دایەخان میهرەبان و خوێن گەرم بن، کە هیوادارم وابن. چونکە بە ڕۆیشتنی ئێمە، دایکم زۆر تەنها دەبێت و تۆش لەگەڵ دەست پێکردنی قوتابخانە سەرگەرمی خوێندن و پەرتووك دەبیت". پرسیم " مەبەستت لە پەشیمانی چی بوو؟ " سەیرێکی کردم و گوتی" مەبەستم ئەوە بوو ئەگەر دانیشتووی ئەو ژوورە لە باتی کچ، کوڕێکی گەنج بوو، نابێت لێکەوە نزیکبوونی ئەم دوو پەنجەرەیە کارەسات بخولقێنێت. ئێستا لە مەبەستەکەم تێگەیشتی؟ تۆ تازە هاتویتە ئەم گەڕەکەوەو بێگومان دەکەویتە بەرسەرنجی دراوسێکان. وەك جاران دەبێ بە ڕەفتاری قوڕس و سەنگین کەسایەتیت بپارێزیت و وابکەیت ڕێزت لێبگرن".

---

[٢] شەشەمی ئامادەیی لەسیستەمی خوێندنی کوردستان

گوتم" لە مەبەستەکەت تێگەیشتم". هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی"نازانم لەوێ هاوڕێی نوێ دەدۆزمەوە، یان نا ؟ " گوتم" (فەرەیدون ) لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لە هیندوستان بووە، دۆست و هاوڕێی پەیداکردووە و تۆش پێیان ئاشنادەبیت و وردەوردە بۆ خۆت هاوڕێ دەدۆزیتەوە، خەفەت مەخۆ". گوتی" حەز دەکەم هەموو ڕۆژێک لە تۆوە نامەیەکم پێبگات، وەرە با بەڵێن بدەین هەموو ڕۆژێک نامەیەکم بۆ بنووسیت، باشە؟" گوتم" حەز دەکەم پەسەندی بکەم، بەڵام دەترسم وانەکانم ڕێگر بن". کەمێک چووە ناو بیرکردنەوەوە گوتی" زۆر باشە، لە باتی هەموو ڕۆژێک، هەفتەی دوو نامە دەنووسم. ئەمەیان چۆنە؟" گوتم" باشە ڕازیم". گوتی"لەبیرت نەچێ هەموو شتێکم بە پوختەیی بۆ دەنوسیت". گوتم" باشە. هەر شتێکم لەبیربێت، بۆتی دەنوسم". چاوێکی لێ داگرتم و گوتی" پەنجەرەی بەرامبەرەکەش فەرامۆش نەکەیت". گوتم"جۆرێ قسە دەکەیت وەک بلێی دەزانی کێ لەو ژوورەدا دەژی". پەردەکەی دا دایەوەو گوتی"هەندێ گومانم کردووە، بەڵام دڵنیا نیم". لەگەڵ دەنگی دایکم کە بۆ خواردنی ئێوارە بانگی دەکردین هەردووکمان لە پلیکانەکان چوینە خوارەوە.

سبەی من درەنگتر لە ( مەرسدە ) لە خەو هەستام و ڕۆیشتم. لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستام. شنەبایەکی فێنک هەڵیکردبوو کە بە هەناسەیەکی قووڵ هەڵم مژی. چاوم داخست و جارێکیتر هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. لەو بەیانییە دڵگیرەدا، ئارەزوویەکم کرد ، ئەویش ئەوە بوو کە کاتێک چاوم کردەوە خاوەنی ئەو ژوورە ببینم. لە بیری ئەو ئارەزوویەدا بووم کە زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوم. کاتێک چاوم کردەوە، دوو چاوی ڕەشم بینی کە سەرنجیان ئەدام. پیاوێکی نیمچە گەنج چاوی بڕیبووە من. بۆ ساتێک، نیگاکانمان تێکەڵ بوو و من بەشەرمەوە لە پەنجەرەکە دوور کەوتمەوە. هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد. وەک دۆزەرەوەکان شانازیم بە خۆمەوە دەکرد. ئارەزووەکەم بەدی هاتبوو و نهێنیی ژووری دراوسێم دۆزیبوویەوە. خێرا ڕامکردە خوارەوە. لە کاتی نانخواردن (مەرسدە) تێگەیشت و پرسی" چی بووە؟ بۆ ئەوەندە خۆشحاڵی؟ ڕووخسارت گوڵی لێ دەبارێ". هیچم نەگوت، بەڵام دواتر بەشێوەیەک کە ئەوانیتر ئاگادار نەبن چاوێکم لێداگرت. لە مەبەستم تێگەیشت و بە بێ

گرنگیدان شانێکی هەڵتەکاند. کاتێك هەردووکمان تەنها بووین گوتم" سەرەنجام زانیم کێ لەو ژوورەدا دەژی". پرسی" ئـێ باشـە، کـێ بـوو؟ " گـوتم " پیـاوێکی نیمـچە گـەنج ". بـە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم و پرسی "لە کوێ زانیت؟" گوتم" هـاتبووە لای پەنجەرەکـەو سەیری منـی دەکـرد". گـوتی" بەڕاسـت، ئیـستا ئـۆقرەت گـرت؟ " هەناسـەیەکی قـوڵم هەلکێشاو گوتم" بەڵێ، ئێستا خەیاڵم ئاسوودە بوو ".دەستی خستە سەر شانم و گـوتی" کەواتە بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە " پرسیم" بۆچی بەداخەوە؟" گـوتی" چـونکە تـۆ وات دەزانی کچێك لەوێ دەژی و دەتویست ببیت بە هاوڕێی، بەڵام تیرەکەت بەر بەرد کەوت و دەبێ لە بیری هاوڕێیـەکیتر بیـت". بـە شـۆخیەوە گـوتم" هێـشتا دیـار نییـە". بـە سـەر سوڕمانێکەوە پرسی" واتە، دەتەوێت ببی بە هاوڕێی؟" پێکەنیم و گوتم" ئاوا منت ناسیوە؟ " هەناسەیەکی هەلکێشاو گوتی" خەیاڵت ئاسوودە کردم. بـۆ سـاتێك گومـانم بـۆ ئەوچـوو نەوەك بدا لە کەلەت و بتەوێ دڵی کوڕی دراوسێکەمان بەدەستبێنی؟ ".

لەو کاتەدا دڵنیابووم کە ئەو کارە ناکەم. کاتێك بۆ ئامادەکردنی جانتاکانی ( مەرسـدە ) چوومە ژوورەوە پەردەی ژووری دراوسێ بە تەواوەتی دادرابۆوەو هەندێجار (با) پەردەکەی لا دەدا. (مەرسدە) سەیرێکی پەنجەرەکەی کـرد و پرسـی" شـکڵ و شـێوەی چـۆنە؟ هـەوڵم دا رووخساری بێنمەوەیاد. وێناکردنی ڕووخساری دژوار بوو. لەوسـاتەدا نـەمتوانیبوو بەچـاکی بیبینم، گوتم" بە شێوەیەکی گشتی، جوان نییە". پرسی" سەلامیـشت کـرد؟" گـوتم" نـا، پێویستی نەدەکرد". بە لەقاندنی سەری پشتگیری لە قسەکەم کرد. ئەو دەمەی کە مـن و ( مەرسدە ) لە ژوورەوە بووین کەس نەهاتە پشتی پەنجەرەکە. من لە ( مەرسـدە ) زاخـوازتر بووم. نازانم بۆچی حەزم دەکرد جارێکیتر بیبینم. لەوانەیە لەبەرئەوەی دەمویست ئـەم جـارە وردتر سەیری ڕووخساری بکەم و بزانم ئایا گومانەکەم لە مەڕ ناشیرینییەکەی ڕاست بـووە. ( مەرسدە ) کە ئاگاداری زاخوازییەکەی من بوو، گوتی" ( مینا ) ! منداڵ مەبە و تخونی ئـەو پەنجەرەیە مەکەوە. قسەکانت لە بـیر کـرد؟" گـوتم" دڵنیابـە دووبـارەی ناکەمـەوە، بـەڵام

Scanned with CamScanner

هەرچەندێك قسەبکەی زانخوازترم دەکەیت". زەردەخەنەیەکی کردو پێکەوە بە کۆکردنەوەی جلوبەرگەکان خەریك بووین.

نزیکی خۆرئاوابوون بوو. من خەریك بووم باخچەکەم ئاودەدا. کاتێك باخچەی بەردەم ماڵەوەم ئاودەدا، ئۆتۆمبیلێك بە بەردەمما تێپەڕی و لە تەنیشت دەرگایەکی گەورە وەستا. ئەوم دی کاتێك لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی. کاتێك کە ئۆتۆمبیلەکەی دادەخست سەیری کردم. خێرا خۆم گەیاندە حەوش و لەپێش چاوی دوور کەوتمەوە. ئەم جارەش نەمتوانی بە چاکی سیمای ببینم. ئاوەکەم گرتەوەو چوومە ژوورەوە. ڕووناکی چرایەکە لە پشتی پەردەکەشەوە هەر دیار بوو. هەوای ژوورەکە گەرم بوو. لەبەر خۆمەوە گوتم: " پەنجەرەکە دەکەمەوە، بەڵام پەردەکە لانادەم". بەم نیازەوە پەنجەرەکەم کردەوە، کەس لە پشتەوەی پەنجەرەکە نەبوو. بەخۆمم گوت:"واتە کەس لە ناو ژوورەکەدا نییە؟" پاشان لەگەڵ خەیاڵی خۆمدا کەوتمە مشتومڕەوە، کە ( ئەم بابەتە بۆ دەبێ بە لامەوە گرنگ بێت. مەگەر بەڵێنم بە( مەرسدە) نەدابوو کە نزیکی ئەم پەنجەرەیە ناکەومەوە. دەبێ وریا بم. مەودای نێوان پاکی و بەدناوی لە هەنگاوێك زیاتر نییە. وریابە، نەوەك لەم هەڵدێرە بکەویتە خوارەوە ).

لە ناوبیرو ئەندێشەی بەدناوی و بەدناوبووندا بووم، کە موچڕکێك هات بە لەشمداو خێرا ژوورەکەم بەجێهێشت. دایکم و (مەرسدە) بۆ شت کڕین ڕۆیشتبوونە دەرەوەو تا ئەو کاتەی ئەوان گەڕانەوە خۆم بە ئیشوکارەکانی ماڵەوە خەریك کرد. لەگەڵ هاتنەوەی ئەواندا کەمێك هاتمە سەر خۆم و ئەو شتانەی کە کڕیبوویان هەموویانم کردەوەو سەیرم کردن. ( مرسەدە ) بۆ گۆڕینی جلوبەرگەکانی چووە سەرەوە. کاتێك هاتەخوارەوە، تووڕەیی بە ڕووخساریەوە دیار بوو. لە تەنیشتم دانیشت و پرسی "بۆچی پەنجەرەکەت کردۆتەوە، مەگەر بەڵێنت نەدامێ کە نزیکی نابیتەوە ؟ ". گوتم " بەڵێنم داوەو لە سەریشی وەستاوم ! ئەگەر ورد بیتەوە پەنجەرەکە کراوەتەوە بەڵام پەردەکە لانەدراوە. پەنجەرەکەم کردۆتەوە تا هەوای ژوورەکە فێنك بێتەوەو، بڕوا بکە هیچ کەسیشم نەدی ".

پەرداخێك ئاوی بۆ خۆی تێکرد و گوتی " بینیم، بەڵام ویستم دڵنیا بم ". زەردەخەنە جێگای تووڕەییەکەی گرتەوە. گوتم " ئەگەر زۆر نیگەرانی، دەتوانم ژوورەکەی ( فەرەیدون )

Scanned with CamScanner

بۆ خۆمان چاك كەم و ڕێكیبخەم؟". كەمێك تێفیكری و گوتی " نا، پیویست ناكات.هەر ئەوەندە كە تۆ ئیرادە بكەیت و نزیكی نەبیتەوە بەسە ".قسەكەی دوودڵی پێوە دیار بوو. ئەو نیگەرانی ئەوە بوو نەوەك من نەتوانم بە سەر نەفسی خۆمدا زاڵ بم و بەوێت نزیكی ئەو پەنجەرەیە ببمەوە.

بە پێكەنینەوە گوتم " پەنجەرەكانی ئێمە سەلمێنەری شیعرەكەی ( اخوان پالپ) ە ". سەیری كردم و پرسی " كام شیعر؟". گوتم " ئەوەی كە دەڵێت :

*ئێمە وەكوو دوو دەرگای چكۆلە، بەرامبەری یەكتر*
*ئاگادار لە هەموو وتووێژێكی یەكتر*
*هەموو ڕۆژێك سەلام و پرسیار و خەندە*
*هەموو ڕۆژێك وادەی ڕۆژی ئاییندە.*

( مەرسدە )ش پێكەنی و درێژەی پێدا:

*ئێستا دڵی من شكاوەو ماندووە*
*چونكە یەكێك لە دەرگاكان داخراوە*
*نە میهری ئەفسون، نە مانگی جادووگەر*
*نەفرەت لە سەفەر،كە هەرچی كرا ئەو كردی*

بەردەوام بوو :" خوشكی ئازیز، دراوسێكەی بەرامبەرمان ڕادێت ئەگەر ببینێت هەموو ڕۆژێك ئەم پەنجەرەیە داخراوە. سەلام و پرسیار و خەندەشی نییە. "

وتم " لە تۆ توندتر و سەختكارتر مرۆڤێكیتر هەیە؟". بەجۆرێك سەیری كردم، ترسام. هاواری كرد بە سەرمداو گوتی" ئەمە توندی و سەختكاری نییە، ئەمە هۆشدارییە. ئەگەر

Scanned with CamScanner

دڵنیابم لەوەی که قسەکانم بەگاڵتە وەردەگریت، ناچارم چیرۆکی پەنجەرەکە بگێڕمەوە بۆ دایکم". گوتم " دەزانی کاتێک تورەدەبی، جوانتر دەبی؟ رێبوارە ئازیزەکەم، خوشکە چاکەکەم، بۆ ناتەوێ ئەوە پەسەند بکەیت کە (مینا ) لەسەر بەڵێنەکەی خۆی دەمێنێتەوەو وەفاداریەتی. ئەگەر شتێکیش بڵێم تەنها بۆ شۆخی کردنە. ئەو روو گرژیەت لابەو توورە مەبە. ئێستاش بڵێ بزانم ئەمشەو دەچی بۆ ماڵاوایکردن لە دۆست و خزمان؟" سەیری کاتژمێرەکەی کرد و گوتی" سبەی شەو. دوێنێ شەویش باوکم لێی پرسیم- ئەگەر حەزم لێی بێت میوانییەکم بۆ ساز بکات- منیش ڕازی نەبووم. گوتم یەك دوو هەفتەیتر قوتابخانەکان دەکرێنەوەو ئێوەش دەبێ خەمی( مینا ) بخۆن و لە بیری ئەودا بن. خەرجی ئەو میوانییەش هەلگرن بۆ ( مینا ) و بیدەنێ ". گوتم" تۆ هەمیشە خەمی من دەخۆیت و لە بیری منداییت، مەمنونتم." بەقسەکەم خۆشحاڵ بوو و گوتی" من تەنها تۆم هەیە، هەر دەبێت بیرت لێبکەمەوە. حەز دەکەم کاتێك بەجێت دیلم، فیکر و خەیاڵم ئاسوودە و ڕەحەت بێت." گوتم" لە لایەن منەوە ئاسوودە بە، کارێك ناکەم ببێتە هۆی سەر شۆڕی خێزانەکەم." دەستی گرتم و گوتی" دەزانم کە خوشکە لەخۆیایی و لوت بەرزەکەم، لە بەر پیاوێك ئەو لوت بەرزیەی خۆی ناشکێنێت و خۆی ئەسیری دوو دڵی و ڕاڕایی ناکات. تۆ هەمیشە بەو ڕەفتارانەت سەلماندووتە کە دیوارێکی پتەو و قایمیت و تێپەڕین لێی ئاسان نییە. حەز دەکەم هەروابیت و، وەك ساڵانی ڕابردوو، تەنها لە بیری خوێندن و قوتابخانەدا بیت. ئەوەش فەرامۆش نەکەی کە تەنها دوو ساڵت ماوە و وەك جاران دەبێ قوتابی نمونە بیت و بە تێکڕایەکی باش شەشەکەت تەواو کەیت. من نامەوێ بڵێم کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا یارمەتیم داوی بەلام ئەگەر ڕووبەڕوی کێشەیەك بوویتەوە دەتوانی داوای یارمەتی لە ( شیدە ) بکەیت. ئەو لە هەمانکاتدا کە کچە پورمانە، براژنیشمانە. ئەو کچێکی میهرەبانەو لە یارمەتیدانی تۆش درێخی ناکات." لە بەردەمی کڕنۆشم بردو دەستم خستە سەر چاوەکانم و گوتم" گوێڕایەڵیت دەکەم، هەر چی جەنابتان بفەرموون". بە دەنگێکی بەرز پێکەنی و گوتی " ڕێگەم بدە پارچە شیعرەکەی خۆت بەکار بهێنم و بڵێم:

ڕۆژێك،

کاتژمێرێک،
دەمویست بڵێم " خۆشمدەوێی"
بەڵام ئێستا هاوار دەکەم :
مینا ! خوشکەکەم!
خۆشمدەوێی...
دەستم گرت و لەسەر کورسیەکە دامنیشاند و گوتم" کەواتە ئەم پارچە شیعرەی کۆتاییشت لە یاد بێت":

ڕۆژێک،
کاتژمێرێک،
دەمویست بڵێم : عاشقی تۆم
بەڵام ئەی ئاواتی گیان! لەو ساتەدا بیر و هۆشی من، لە فوارەکان بەرزتر،
لە ژیان بەردارتر،
و لە ئومێد لێوان لێو بوو.
هەستم دەکرد لە نیگاکانما پەیت بە نهێنییەکم بردبێت.
بەڵام ئێستا بە بێ تۆ، بەهەموو رەهەندەکانیەوە هەست بە تەنیایی دەکەم
و دڵۆپ دڵۆپ عەشقم
بە هەموو رۆحێکەوە
لە یەک دەستەواژەدا دەگونجێنم و دەڵێم :
" مەرسەدە! خوشکەکەم! بە بێ تۆ خۆم تەنها و بێ کەس دەبینم.
هەر کاتێک لە بەرامبەر ئاوێنەدا دەوەستی،
لە ناو ڕووخساری خۆتا بە دوای مینا دا بگەڕێ و لە بیری مەکە".

Scanned with CamScanner

(( بەشـــــــــی ٣ ))

شەوەو منیش بە تەنها خەریکی پەرتووك خوێندنەوەم. لەبەرامبەریشمەوە پەنجەرەیەکی داخراو، خامۆشە. هەروا لە خۆمەوە دەنوسم :

*لە ناو کۆڵانە سارد و تاریکەکانی شارەکەم،*
*هەزاران سەدای خۆشی زیندوو،*
*لەگەڵ هەزاران هەنگاوی ماندوو و پەتی تێدەپەڕێت.*
*لە ناو کۆڵانە سارد و چۆڵەکانی شارەکەم،*
*سەدایە، کە چاوەڕوانە.*
*یادەکان خەویان لێکەوتووە*
*و منیش هێشتا چاوەڕوان، لە پشتەوەی پەنجەرە داخراوەکە دانیشتووم.*

نازانم بۆچی خووم داوەتە ئەم پەنجەرەیە؟ ئەو خووگرتنەی کە واملێدەکات بە دزییەوە سەیریکەم و پاشان لەگەڵ خۆمدا بە شەڕبێم. وا هەستدەکەم لە نێوان من و پەنجەرەکەدا پەیوەندییەکی دۆستانە بەرپابووە. پاییز لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی دەبینم " چونکە هەرگیز زەردەخەنەیەك یان هێمایەکی بەهار و دۆستایەتیم لە چاوانی دانیشتووی ئەو ژوورە

بەدینەکرد. ئەگەر میهرو خۆشەویستییەك هەیە، تەنها لە نێوان ئەو دوو پەنجەرەیەدایە کە بە ڕووی یەکدادەکرێنەوە.

لەگەڵ دەنگی زەنگەکە، مێزەکە بە جێ دێڵم. لەو کاتەدا چاوەڕوانی کەس نەبووین. کاتێك لە پلیکانەکان هاتمەخوارەوە، دایکم و باوکم بۆ پێشوازی میوان یا خود میوانەکان ڕۆیشتبوونە حەوشەوە. ( مەرسدە ) گوتی" دراوسێکان بۆ پێناشنابوونمان هاتوون. من تاقەتیانم نییە. تکایە ئەگەر دەکرێت تۆ پێشوازییان لێ بکە". ( مەرسدە ) چاوەڕوانی وڵامی نەکرد و گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. منیش دەستێکم هێنا بە سەر و ڕووخسارمداو چووم بۆ پێشوازیکردنیان. سەرەتا ( خانم و ئاغای قودسی ) هاتنە ژوورەوەو، دوای ئەوان (خانم و ئاغای ڕەزاقی ) و، بە دوای ئەوانیشدا خێزانی ( ئاغای داوەری ). لە کاتی خۆ ناساندندا دەرکەوت کە ( خانم و ئاغای قودسی ) هەر ئەو دراوسێیەن کە پەنجەرەکەیان ڕووەو ژوورەکەی ئێمە دەکرێتەوە. هەردووکیان کارمەندی خانەنشین کراو بوون و (ئاغای قودسی ) دوای خانەنشینی لە کۆمپانیایەکی تایبەت ئیشیدەکرد. ( خانم و ئاغای رەزاقی ) دراوسێی بەرامبەرمان بوون، و ( خانم و ئاغای داوەری )ش دەراوسێی دەستە چەپمان بوون. ئەو ڕەفتارە گەرم و گوڕەی دراوسێکان دڵنیایکردین لەوەی کە لە کڕینی ئەم خانووە بە هەڵەدانەچووین. تاوەکوو کاتژمێر دوانزە دانیشتن و گفتوگۆیان دەکرد. هەر یەکەیان باسی خۆی دەکرد و ناوی منداڵەکانیان دەبرد. ئێمە زانیمان کە( ئاغای قودسی ) دوو کوڕ و کچێکی هەیە، کە یەکێك لە کوڕەکانی پارێزەرەو ئەوی تریشیان مامۆستایە و کچەکەشی پارساڵ شووی کردووە.

( ئاغای داوەری ) دکتۆری دەرمانساز بوو و بەرپرسیارێتی دەرمانخانەیەکی لە ئەستۆ بوو. ئەوانیش کوڕێکیان هەبوو کە لە سەرەتایی دەیخوێنند. ( خانم و ئاغای رەزاقی )ش هەردووکیان کاریان دەکرد. (ئاغای رەزاقی ) بازرگانی فەرش و خانمەکەشی کارمەندی وەزارەتی تەندروستی بوو. ئەوانیش خاوەن دوو منداڵ بوون کە هەردووکیان لە سەرەتایی بوون. باوکیشم باسی منداڵەکانی خۆی کردو لە کۆتاییشدا ئاماژەی بە من کرد و بەردەوام

بوو کە " ئەم کچەشم ئەمساڵ دەبێ بێتە ئامادەیی ئەم گەڕەکەوە، بەلاّم بە داخەوە تا ئێستا ناونووسمان نەکردووەو ئێمەش هیچ زانیاریەکمان لەسەر ئەو ئامادەییە نییە کە ئەو دەبێت خۆی تیادا ناونووس بکات". ( ئاغای قودسی ) زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"ئامادەیی یەکە زۆر دوور نییە و خۆشبەختانە ئامادەیی یەکی باشیشە، کوڕەکەم ( کاوە ) ماوەی چوار ساڵە لەوێ وانە دەڵێتەوە. هەم لە ئامادەیی کوڕان و هەم ئامادەیی کچانیش. ئەگەر بتانەوێ دەتوانین ناونووسکردنی کچەکەتان ڕێکبخەین". دایکم سوپاسی کرد و گوتی" مەمنونین، خۆمان دەڕۆین ئەگەر تووشی کێشەیەك بووین ئەزیەتتان دەدەین". (خانمی قودسی ) گوتی" چ ئەزیەتێك! زۆریش خۆشحال دەبین ئەگەر بتوانین هەنگاوێك بنێین، کەواتە دراوسێتی بۆچی باشە؟".

نیگاکانی من و ( مەرسدە ) تێکەڵبوون و زەردەخەنەیەکی کرد و ڕووی کردە ئەولاوە.

کاتێك میوانەکان ڕۆیشتن، باوکم بە ڕەزامەندی یەکی زۆر لە دراوسێکان و میهرەبانییان ڕۆیشتە سەرجێگاکەی و منیش گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم. ( مەرسدە ) بە شۆخیەوە گوتی" هەموو قسەکانتانم گوێ لێ بوو، لامواپە دوور کەوتنەوە لە پەنجەرەکە بێ سوودە". پرسیم" بۆچی ؟ " پێکەنی و گوتی"مەگەر گوێت لێ نەبوو کە کوڕی ( ئاغای قودسی ) مامۆستایەو هەر لەو ئامادەییەشدا وانەدەڵێتەوە کە تۆ دەبێ ناونووسی تێدابکەیت. ئەگەر ئاشنا بوون لە ڕێگای پەنجەرەی داخراوەوە دوا بکەوێت، بتەوێ و نەتەوێ تۆو ئەو هەر لەگەڵ یەکدا ئاشنادەبن". پێکەنیم و گوتم" ئێستا، کەوایلێهات، ڕێگەم دەدەی پەردەکە لادەم و لەم زیندانە ڕزگارم بێت؟" هەستاو خۆی پەردەکەی لاداو گوتی"وا هەست دەکەم ئاسایی بێت، چونکە مرۆڤ دەبێ لە هەموو هەلومەرجێکدا بەرەنگاری نەفسی خۆی ببێتەوە، چ پەنجەرەکە کراوە بێت، چ داخراو ".

لە سەر جێگاکەم دەمتوانی گۆشەیەك لە ئاسمان ببینم. بەشێك لە ئاسمان سامال بوو و ئەستێرەکان چاویان دادەگرت. گوتم" ( مەرسدە ) ! زۆر حەز دەکەم بچمە سەریان و لەوێوە تەماشای ئاسمان بکەم. دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئاسمانی ئەم گەڕەکەش وەکو ئاسمانی خانووە کۆنەکەمان جوانە؟" ئاوازی مۆسیقایەکی ئارام لە ژووری دراوسێکەمان دەبیسترا،

حەزمدەکرد بمتوانیبایە بە ڕوونی گوێم لێی بێت، لە لێواری تەختەکەم دانیشتم و گوێم دەگرت. ( مەرسدە ) پرسی " بۆچی دانیشتی؟" گوتم" وس بە! گوێبگرە چ ئاوازێکی خۆشە " تا ئێستا ئاوازی وام نەبیستووە ". رادیۆ گیرفانییەکەی لەسەر مێز هەڵگرت و دەستی کرد بە گەڕان بەدوایدا. بەڵام ئاوازەکە لە رادیۆ نەبوو. گوتم" خۆت ماندومەکە، بڕوا ناکەم لە رادیۆوە بێت". کوژاندیەوەو ڕادیۆکەی لەسەر جێگاکەی خۆی داناو گوتی" ئەوا من خەوتم". هەستام نزیکی پەنجەرەکە بوومەوە. گوتم" زۆر حەزدەکەم جارێکیتر ئەم ئاوازە ببیستم ". یەکێك شیعری دەخوێندەوەو موزیکێکی ئارامیش هاوەڵیی دەکرد. ( مەرسدە ) گوتی" لەوانەیە بەرنامەی شیعر خوێندنەوە بێت". گوتم " ئەمشەو خۆ شەممە نییە و بەرنامەی شیعر خوێندنەوەش شەوی شەممانە، دواتریش ئەمە دەنگی ( مەهدی سوهەیلی ) نییە ". وڵامی نەدامەوە، زانیم کە خەوی لێکەوتووە. دەنگەکە پچڕا" منیش چوومە سەر جێگاکەم. چاوم لێکناو دووبارە هەمان دەنگ و هەمان ئاواز بەر گوێم کەوت. لەبەر خۆمەوە گوتم ( ئەمە کاسێتە، بەڵام خۆزگە دەنگی زیاتردەکرد و منیش دەمبیست ). بەو ئاواتەوە گوێم لە ئاوازی شیعرەکە گرتبوو خەوم لێکەوت.

بەیانی زوو هەردووکمان لە خەو هەستاین. ئەو ڕۆژە دواهەمین ڕۆژی مانەوەی ( مەرسدە ) و (فەرەیدون) بوو. ئیشوکارە ناتەواوەکان دەبوایە تەواو ببوونایە. جموجۆڵەکانی ئێمە جۆرە خێرایییەکی تێدا بوو و تاقە کەسێك کە گوێی لە هیچ نەبوو ( فەرەیدون ) بوو، کە لەگەڵ ئەم جۆرە سەفەرانەدا ڕاهاتبوو.

( فەرەیدون ) بە هۆشیارییەوە چاودێری ئیشوکارەکانی ئێمەی دەکردو هەندێ جاریش بەو جموجۆڵە خێرایانەی ئێمە پێدەکەنی. ئێمە میوانیمان بۆ ئەوان ساز نەکردبوو، بەڵام خزمە نزیکەکانمان بۆ ماڵاوایکردن هاتبوون و میواندارییەکی باش ساز درابوو. دواتر هەموومان ( فەرەیدون ) و (مەرسدە)مان تا فڕۆکەخانە ڕەوانەکرد. من و دایکم سەیری یەکمان دەکرد و فرمێسکەکانمان لە یەکتری دەشاردەوە. ئێستا دەتوانم لە هەستی ئەو بەرامبەر بە دووری منداڵەکانی تێبگەم. ئەوان دوو منداڵە گەورەکەی باوك و دایکم بوون و بەشێوەیەکی سروشتی

Scanned with CamScanner

خۆشەویستییەکی تایبەت لە نێوانیاندا زاڵ بوو. لە یادمە کە دایکم چۆن لەگەڵ ( مەرسدە ) بۆ قسە کردن دادەنیشت و دەردە دڵیی خۆی دەکرد. ئەم دووانە باش لە قسەی یەکتر تێدەگەیشتن، ئێستاش، کە لە یەکتر دووردەکەونەوە، دەردی تەنهایی و بێ هاودەمی لەسەر ڕووخسارییان دەبینم. سەخت و دژوارە دووری ڕۆڵەکان. لەم ساتەوەختەدا نازانم کە بۆ تەنهایی خۆم دەگریم یان بۆ تەنهایی و دوورکەوتنەوەی دایکم لە منداڵەکانی؟ کاتێک من و ( مەرسدە ) بۆ خواحافیزی، یەکترمان لە باوەشگرت، بە هێواشی چرپاندی بە گوێماو گوتی" تکات لێ دەکەم وریای باوکم و دایکم بە". سەیرێکی چاوە پڕ لە فرمێسکەکانیم کرد " لەگەڵ ئەوەشدا کە نەمدەزانی چۆن وریایان بم و چاودێرییان بکەم، بەڵام بەڵێنم پێدا.

کە فڕۆکەکە بەرزبۆوە، هەستم بە تەنهایی و بەتاڵیی خۆم دەکرد. کە گەیشتینە ماڵەوە و من بە بێ (مەرسدە) پێم خستە ژوورەکەم، دەستم کرد بە گریان و لەبەر خۆمەوە گوتم :

*سەخت و دژوارە دووری ئازیز و تەنیابوون*
*سەخت و دژوارە لە جێی خۆمانەوەو بە مەنگی ژیان بەسەر بردن،*
*هەر وەك كانییەکی وشکبووی قەرزار،*
*بە بێ ئەو پێکی ژیان لە ناو جامی ساتەکان هەڵدەدەم*
*و ڕووخسارم لە ناو تاڵییەکەی، لە ناو خۆیدا پیشدەخواتەوە.*
*بە بێ ئەو ژیان لە ناو هاواری بێدەنگیدا تاقیدەکەمەوە.*
*ڕۆحم، ئاوازی ڕۆیشتنی لەسەر لێوە*
*و هاواریشم*
*لە بۆشاییەکی بێدەنگدا دەمێنێتەوە.*

سەیرێکی دەورو پشتم دەکەم، جێگاکەی چەند خاڵییە! لەسەر کورسیەکەی تەنیشت جێگاکەی، بلوزێك ماوەتەوە. هەڵیدەگرم و لە باوەشی دەگرم و دەیگووشم و دەکەومە بیری وتەکەی باوکم کە دەیگوت (سروشتی مرۆڤ ئاوایە، کاتێک لەگەڵ یەکتردان، قەدری یەك

نازانن، بەڵام لە دووری یەکتریش دەستدەکەن بە گریان ). وا دەزانم کە هیچ دەردو رەنجێك لە دووری ناخۆشتر نییە. پرسیار لە خۆم دەکەم ( ئایا دەتوانی بەرگە بگری؟) لەبەرامبەر ئاوێنەکەدا وەستاوم و سەیری رووخساری خۆم دەکەم و وڵامی ( مینا )ی ناو ئاوێنەکە دەدەمەوە : بەڵێ، بەرگەدەگرم، چونکە بەڵێنمداوە دەبێت وریای باوك و دایکم بم و چاودێرییان بکەم . دەبێت خەم و خەفەتەکانم بشارمەوە. نابێت خەم و خەفەت لەناو چاوانم بخوێننەوە. لەئەمڕۆوە دەبێ یاوەر و هاودەمی دایکم بم، رێك وەکو (مەرسدە).

ژوورەکەم بە جێدێڵم و دەچمە خوارەوە و لە تەنیشت دایکم دادەنیشم. دایکم خەم و خەفەتی دەروونی خۆی بەئاهێکی درێژ لە سینەدا دەردەکات. پەرداخێك ئاوی بۆ تێدەکەم و دەیدەمە دەستی. بەرووی وەفاداری و سوپاسگوزارییەوە سەیرێکی رووخسارم دەکات و دەڵێت" ماڵەوە چەند بێدەنگە. وەك ئەوە وایە کە ئیتر ژیانیش بوونی نەبێت". هەردووکمان بێدەنگین، دایکم بێدەنگ خامۆشە. هیچ دەنگێك جگە لە چوڕەی ئاوی دەستشۆرییەکە نەدەبیسترا. باوکم وەك هەندێك نوستبێت، بەڵام باش دەزانم کە ئەویش لە بیری جێگا خاڵییەکەی منداڵەکانیدایە. سەیرێکی ئەو دەفرە نەشۆراوانە دەکەم کە لە گۆشەو کەناردا بەرچاو دەکەون. چەند کاتژمێرێك لەمەو پێش لەم ماڵەدا چ هەرایەك بوو، بەڵام ئێستا سارد و خامۆشە. دایکیشم بە پەرداخەکەی دەستییەوە، چووەتە ناو فیکر و خەیاڵەوە. دەتوانم چی بڵێم، کە خۆیشم خەمبارم؟ هەستام و دەفرەکانم کۆکردەوەو بە خاوێنکردنەوەی هۆڵەکەوە خەریك بووم. دایکیشم بە دەنگێك، وەك بڵێی لە قوڵایی چاڵێکەوە دەردەهات، گوتی" بڕۆ پشویەك بدە بەیانی خۆم خاوێنیان دەکەمەوە". ناتوانم پێیبڵێم : ژوورەکە بە بێ ( مەرسدە ) ئیتر هیچ رووخۆشیەك و میهرەبانییەکی تێدانییە. ناتوانم کە بڵێم : ئیتر بەرگەی بینینی جێگا خاڵییەکەی ئەو ناگرم. بە زەردەخەنەیەکی ناچارانەوە دەست بە کاربووم. دایکیشم کە منی دی سەرگەرمی ئیشوکارم، هەستا بۆ یارمەتیدانم. گوتم " بڕۆ پشوویەك بدە، من تەواویان دەکەم "، بەڵام ئەو، کە هەمیشە بۆ یارمەتیدان ئامادەیە، گوێ بۆ قسەکانم راناگرێ و خەریکی کارکردن دەبێت. کاتژمێر، یەکی نیوەشەوی راگەیاند. هەردووکمان لە

Scanned with CamScanner

تـاو مانـدوویێتی توانـای بـە پێـوە وەسـتانمان نـەبوو. بـاوکم بـە جلـی نووسـتنەوە هاتـە ئاشپەزخانەکەوەو لە کاتێکدا کـە دەرگـای بەفرگرەکـەی دەکـردەوە پرسـی " نیازتـان نییـە ئەمشەو بخەون؟ دەزان کاتژمێر چەندە؟ ". سەیریم کرد، ئاسەواری خەوم لەسـەر ڕووخساری بەدی نەکرد. چاوەکانی وەك بڵێی هیچ کاتێك خەویان هەستپێنەکردبوو. گـوتم " خـۆ تـۆش نەنووستبووی ". باوێشکێکی دا و گوتی " جا دەنگە دەنگی ئێوە دەهێڵێت کەس بخـەوێ؟ ". دەمزانی کە هۆکاری نەنووستنەکەی، دەنگە دەنگی ئێمە نەبوو، بـەڵام هیـچم نـەگووت. کاتێك گوتم "شەوت شاد". باوکیشم چرای هۆڵەکەی کوژاندەوەو گوتی " خەوێکی خۆش ". ئەم قسەیەی ئارامیەکی پێبەخـشیم. ئەگەرچـی هـەموو شـەوێك دووبـارە دەبـۆوە، بـەڵام ئەمشەو ئاهەنگێکی خەماوی تیایدا شەپۆلی دەدا. لەسەر پلیکانەکان وەستام و سەیری ئەوم دەکرد کە دەچووە ژووری نووستنەکەی و گوتم " خەوێکی خۆش، بابە ".

لە پلیکانەکان چوومە سەرەوە و چرای ژوورەکەم داگیرساند. ژوورەکە وەك بێدەنگیی شـەو خامۆش بوو. قورسایی شەو لەسەر شانەکانی پەنجەرەکە دانیشتبوو. لە دەرەوە تەنها سەدای باڵندەی شەو دەبیـسترا. بێـدەنگیش نـاو ژوورەکـەی داگـیر کردبـوو. ژوورەکـەم هێنـدەی پانتاییەکەی، خەم و خەفەتی تێدا بوو. لەتاو ماندوویێتی خەوم لێکەوت.

بەیانی لەگەڵ لاواندنەوەی دایکم چاوانم کردەوەو لە خەو هەستام. دایکم گوتی" هەسـتە خۆت ئامادەکە بچین بۆ ناونووس کردنت". ئیش وکارەکانمـان بـە بێـدەنگی ئـەنجام داو بـە درێژایی ڕێگاکەش هەستمان بە بوونی یەکترنەکرد. هەردووکمان بـە بێـدەنگی ڕێمانـدەکرد. تەماشـای دەورو پـشتم دەکـرد تـا ئـەو شـوێنانە فێـر بم و بیانناسـمەوە. بینینـی جانتـا هەڵواسراوەکانی قوتابخانە لـە پـشتەوەی شووشـەی دوکانـەکان، وەبیرهێنـەرەوەی کرانـەوەی قوتابخانـەکان بـوو. کەرەسـتەکانی نوسـینیان زۆر بـە جـوانی لـە پـشتەوەی شووشـەکان ڕێکخستبوو. لە تەنیشت دوکانێك تێپەڕین و دایکم گەڕایەوەو سـەیرێکی یونیفۆرمـەکانی[٣] قوتابخانەی کرد و پاشان بێ پرسیارکردن تێپەڕی. دەمویست لێـی بپرسـم ( بـۆم دەکـڕی؟ )

---

[٣] یونیفۆرم، واتا ئەو جلوبەرگەی بۆ شوێن یان کارێکی دیاریکراو لەبەردەکرێت.

بەلاّم دلّم نەدەهات ئەو بێدەنگیەی لێتێکدەم. هاو هەنگاوی بووم، بەلاّم وەك بلّێی هەر یەکتریش نەناسین. حەزم دەکرد لەو ساتەدا بمزانیبایە بیر لە چی دەکاتەوە. ئایا هێشتا هەر لە بیری (فەرەیدون ) و ( مەرسدە )دایە ؟ یان لە بیری ناونوسکردن و قوتابخانەکەی من ؟

کۆبوونەوەی خەلّك لە بەردەم دوکانەکان و سەیرکردنی شتومەکەکان وای لێکردم بیر لە قوتابخانە بکەمەوە، کە ئایا شێوازی چۆنەو وەك ئامادەییەکەی پێشووم حەزم لێی دەبێت؟ کەوتمە بیری وتەکەی ( مەرسدە ) کە گوتی (ئێمە هەردووکمان نامۆین بەلاّم تۆ زووتر لە من دۆست و هاوڕێ دەدۆزییتەوە). ئەم یادەش بووە هۆی هێور بوونەوەم و لەبەر خۆمەوە گوتم ( ئەمسالّیش دۆست و هاوڕێی باش پەیدا دەکەم و هەولّدەدەم لەم قوتابخانەیەش قوتابی نمونەیی بم ). سێ، چوار شەقامان بڕیبوو. لە ناو شەقامێکی بەرین، خانویەك کە بەخشتی سوور دروستکرابوو، لە بەردەممان دەرکەوت، بۆ چەند ساتێك لەبەردەم دەرگاکە وەستام، سەیرێکی تابلۆکەم کرد و پاشان چوومە ژوورەوە.

بەردەمم حەوشێکی گەورەی لێ بوو کە لە ناوەراستیدا، تۆڕێکی یاری بالە و لە پەراوێزیشیدا باخچەیەکی باریك بەرچاودەکەوت. پۆلە ڕووەو هەتاوەکان، چاو لە ڕێگای قوتابییەکان بوون. پیرە پیاوێك لەسەر کورسی، لە تەنیشت دەرگاکەوە دانیشتبوو، سلاّو و ئەحوالّپرسیمان کرد. پیرە پیاوەکە ئێمەی نەدەناسی، زانی کە تازە هاتووین. دایکم پرسیاری ژووری مامۆستایانی لێکرد، ئەویش هەستاو پێشمانکەوت و بەرەو ڕێڕەوێکی گەورەو درێژ ڕێنمایی کردین. هۆبەکان هەموویان گەورەو لە تەنیشت یەکترەوە بوون. لە کۆتایی ڕێگا، بەرەو ڕێڕەوێکی بچوکتر سووڕاینەوە، پیرە پیاوەکە لە بەردەم دەرگایەك وەستاو چەند جارێك لێی داو پاشان دەرگاکەی کردەوە و چووینە ژووری مامۆستایانەوە.

چەند خانمێك لە پشت چەند مێزێکی جیا لە یەکتر دانیشتبوون. ژوورەکە گەورە و قەرەبالّغ بوو. دایکم خۆی لە یەکێك لە مێزەکان نزیك کردەوەو لەگەلّ گوتنی ( ببورە ) سەرنجی خانمەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو خانمە سەرەتا سەیرێکی دایکم و پاشان سەیرێکی منیشی کردو پرسی" فەرمایشێکتان هەبوو؟" دایکیشم پاش سلاّو و ئەحوالّپرسین

باسی ماڵگواستنەوەو شتەکانی تری بۆ کردو ئومێدەواری خۆی دەربڕی کە من لەوێ ناوم بنوسم. ئەو خانمەش جارێکیتر سەیری کردم و پرسی" ئەمساڵ پۆلی چەندیت؟" گوتم" بۆ پێنج دەڕۆم". فایلەکەمی هەڵدایەوەو سەیری کارنامەکەمی کرد. پاشان بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ڕەزامەندی گوتی" فایلەکەت درەوشاوەیە، هیوادارم لەم ئامادەییەش قوتابییەکی سەرکەوتوو بیت". لە شێوازی قسە کردنەکانی زانیمان کە کێشەمان نییە و ناونووسم دەکەن. فایلەکەی داخست و دایەوەپێم و گوتی" بیبە بۆ ئەو مێزە"، بە ئەنگوست ئاماژەی بۆ مێزێکیتر کرد. ئەو خانمەش چاوێکی بە فایلەکەمدا خشاند و زەردەخەنەیەکی کرد و لەگەڵ ناونوسینەکەشدا گوتی" ئەم قوتابخانەیە هەندێك ڕێسای تایبەتی هەیە، کە هیوادارم جەنابیشتان وەك قوتابییەکانیتر ڕەچاوی بکەن و کاری پێبکەن". پاشان کاغەزێکی دەرهێناو گوتی"تکایە ئەم بەڵێننامەیە پڕ بکەرەوە". من و دایکم دانیشتین و خوێندمانەوەو پڕمانکردەوە. لە بەڵێننامەکەدا ئاماژە بەوە درابوو کە ( نابێت کردارێکی پێچەوانەی ڕێساکانی قوتابخانە ئەنجام بدرێت و ئەگەر قوتابییەك لە یاساکانی قوتابخانە لای دا، بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە مافی دەرکردنی ئەو قوتابییەی هەیە). من وەك قوتابی و دایکیشم وەك سەرپەرشت، واژوومان کرد و دامانەوە دەست خانمەکە. سکرتێرەکە سەیری واژووی من و دایکمی کرد و گوتی" ڕۆژی یەکەمی مانگی ( ڕەزبەر ) دەتبینم. هەروەها دەتوانی لەو فرۆشگایەی نزیك قوتابخانە، یۆنیفۆرم بکڕیت، بەڵام دەستکاری درێژییەکەی ناکەیت".

کە لەوێ هاتینە دەرەوە، چوینە ئەو فرۆشگایەی کە ناونیشانەکەی دابووینێ و یۆنیفۆرم و لیڤێکسمان کڕی و بە پاس گەڕاینەوە ماڵەوە، بۆئەوەی ڕێگای هاتوچۆی پاسەکەش شارەزابیم. لە ناو پاسەکەدا دانیشتبووم و بیرمدەکردەوە. کەوتمە بیری پارچە شیعرێك کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بۆ قوتابخانەو قوتابییەکانم نوسیبوو:

*گوڵستان گوڵەکانی دەناسێت،*
*گوڵانێك کە لە مانگی ڕەزبەردا دەڕوێن.*
*لە کەنار باقلەمارەکان و گوڵە شەوبۆکان،*

*لە زنێوارە شینەکەی دەمەو بەیانیاندا*

*لە سەر ڕووخساری خاکە پیرەکەی قوتابخانەی سەرەتایی*

*گولآنی چاوەڕوانی باران دێن*

*لە سەر لێوی پەڕەی گوڵ ( صرف )ێك بچێنە مامۆستا !*

*لەگەڵ غونچەی وێراندا بیر و هۆش ئاوەدان کەرەوەو*

*کاتێك غونچەکان بە شادومانی پێگەیشتن*

*بارانی بەزەیی و رەحمەتت ببارێنە.*

لەگەڵ ئەوەشدا کە پارچە شیعرێکی ناتەواو بوو، بەڵام لە یادمە کە مامۆستاکەم زۆر پێی خۆش بوو هانی دەدام و داوای لێکردم جارێکیتر بۆ قوتابییەکانی بخوێنمەوە.

یادی بە خێر...مامۆستایەکی باش بوو...

Scanned with CamScanner

(( بەشـــــــی ٤ ))

لەگەڵ دەنگی کردنەوەی پەنجەرەکە، سەرم بەرز دەکەمەوە. دەبینم کە پەنجەرەی بەرامبـەر دەکرێتەوە. سێبەری پیاوێك کە پەردەکان دادەداتەوە، من ڕام دەکات. ئەوە چۆنە کـە بـەبێ ئەوەی دیدە ببینێت، دڵ لە ناو قەفەزی سینەدا ئەکەوێتە لێدان؟ دەبێ لەمپەرێك لە بەردەم دڵدا دروستبکەم نەوەك ( مەرسدە ) گوتەنی ( شنەبا یادی عەشق تـاڵان و چـەپاو کـات ). هەڵدەستم و لە ژوورەکە دەچمەدەرەوە چونکە لەوانەیە دوو چاوە ڕەشەکەی پشتی پەنجەرەکە لە چاوەڕوانیدا بێت. تەنهایی ئازارم دەدات بـە شـێوەیەك کـە حەزدەکـەم هـەموو شتەکان بێنەگۆ و قسەم لەگەڵ بکەن. بۆ نەهێشتنی تەنهاییەکەم دیسانەوە دەگەڕێمـەوە ژوورەوە تـا پەڕتووکێك هەڵگرم و بیخوێنمەوە. ئاوازی شیعر مـن لـە ژوورەوە دەچـەقێنێت. دادەنیـشم، گوێدەگرم و لە هەمان کاتیشدا دەخوێنمەوە. ئەمجارەیان دەنگی بێژەرەکە بە ڕوونی دەبیستم. شیعرەکانی زایەڵەی تەنهاییە. ئەویش لە دەسـت دووری و تـەنهایی دەناڵێنێت،ڕێـك وەکـوو من.

دەنگی تەلەفۆن ڕایچڵەکاندم. تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، دایکم بوو گوتی" من هاتومەتەوە، ئەگەر نیشت نییە وەرە خوارەوە". گوتم" هەر ئێستا دێـم". تەلەفۆنەکـەم دانـا و دوایـین شیعری تەنهاییشم بیست و پاشان چوومە خوارەوە. دایکم سەوزەواتی کڕی بوو، دەیویست بە بۆنەی ڕۆیشتنی (فەرەیدون) و (مەرسدە ) چێشت لێبنێـت. واتـای ئـەم کـارەم نـەدەزانی، نەمدەزانی بۆچی دەبێ بۆ موسافیر چێشتی دوای ڕۆیشتن لێبنرێت؟ کاتێك لە دایکم پرسی

گوتی" ئەمە داب و نەریتێکە بۆ ئەوەی موسافیرەکە بە ساغ و سەلامەتی بگاتە شوێنی مەبەست". دایکم دەیزانی کە من زۆر تەنهام و ئەم تەنهاییەش پەرێشانی کردووم. لەوکاتەدا کە خەریکی پاککردنی سەوزەکە بوو، گوتی" ڕۆژانی تەنهایی تۆش چەند ڕۆژێکیتر تەواو دەبێت و قوتابخانەکان دەکرێنەوە. چەند خۆشە مرۆڤ ئامانجێکی هەبێت و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تێبکۆشێت". سەیرم کرد، بەڵام ئەو سەری داخستبوو، وەك بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد. بەردەوام بوو " بێ بەرنامەیی و دیلی دەستی تەنهایی بوون ئازار و ئەشکەنجەیە. ڕۆح و لەشی مرۆڤ دەڕژاکێت. مرۆڤی بێ ئامانج، وەك گەڵایەکی پاییز وایە کە دیلی دەستی باوبۆران بوو‌بێت، بۆ هەموو لایەك دەڕوات و سەرئەنجام لە ژێر پێداورد و خاش دەبێت. تۆش دەبێ بجوڵێیت و ڕێگەنەدەیت ورەوتینت بکەوێتە ژێر دەستی نائومێدی و بێ هیوایی. ئەگەر دەتەوێ سەرکەوتوو‌بیت، دەبێ باش وانەکانت بخوێنیت و لە گرفتەکان نەترسی و باکت نەبێت". گوتم"دەزانم". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی" تا تۆ چاوەکانت لێك نێیت جەژن دێت و ( مەرسدە )ش دەگەڕێتەوە. تۆ دەبێ پێیپیشان بدەیت کە وەك ئەو سەرکەوتوویت. دڵنیام ئەم قوتابخانە تازەیە بە دڵی تۆ دەبێت. بەرێوەبەر و ڕێکخەرێکی باشت هەیە و هیوادارم مامۆستاکانیشت باش بن". هیچم نەگوت و لەگەڵیدا خەریکی پاککردنی سەوزەکان بووم.

کارەکەمان تەواو بوو، ( خانمی قودسی ) هات بۆ بینینمان و لەگەڵ دایکم کەوتنە گفتوگۆکردن. منیش چوومە ژوورەوە. دانیشتم و دەستم کردەوە بە خوێندن. دەنگی ریکۆردەرەکە نەمابوو، لەباتی ئەو دەنگی پیاوێك دەهات کە وانەی دەگوتەوە. سێبەری لە پەنجەرەکەوە دیار بوو، دەنگدانەوەی دەنگیم دەبیست و گوێم لەو وشانە دەگرت کە بۆ فێرکردن بەکاریدەهێنان. هەندێك جار بێدەنگ دەبوو، وڵامی پرسیارێکی دەدایەوە، دەنگێکی ژنانەش دەهات، حەزمدەکرد لە جێگای ئەو بوومایە و منیش وانە فێربوومایە. تاقیکردنەوەکانی مانگی خەرمانان نزیك بوو، تاقەتم نەما، جارێکیتر هاتمە خوارەوە. شکوە خانم ( خانمی قودسی )، لێی پرسیم " بێ تاقەتی؟ " گوتم" بەڵێ ". پاشان

پرسیم"کورەکەتان وانەی تایبەتی دەڵێتەوە؟" گوتی" بەڵێ، هاوینیش پشوو نادات و قوتابی تایبەتی دەگرێت. تۆش لە وانەکان کەوتوویت؟" دایکم پێکەنی و لەباتی من وڵامی دایەوە " نەخێر، ( مینا ) قوتابی نموونەییەو بەیەکەم دەرچووە. شوکر بۆ خوا منداڵەکانم زیرەکن".

( شکوە خانم )یش شوکری خوای کردو پرسی"ئێوە ریکۆدرەتان نییە؟ " دایکم گوتی "نەخێر". ( شکوە خانم ) زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"شتێکی باشە، بۆ ئەوەی ( مینا خانم ) تەنها نەبێت باشتر وایە ریکۆردەرێک بکڕن". دایکم گوتی"چەند ڕۆژێکیتر قوتابخانەکان دەکرێنەوەو ( مینا )ش کاتی نابێت بۆ گوێگرتن لە کاسێت ". (شکوە خانم ) گوتی " بەڵێ ڕاست دەکەیت. منیش حەزی لێناکەم، بەڵام (کاوە) و (کامەران) گوێی لێدەگرن. ئەوانیش تەنهان و بە گوێگرتن لە مۆسیقا، خۆیان سەرگەرمدەکەن ". حەزم دەکرد ( شکوە خانم ) ریکۆردەرەکەیانی بهێنایە و گوێم لە چەند ئاهەنگێك بگرتبایە، بەڵام چونکە هیچ ئاماژەیەکی نەکرد منیش بێدەنگ بووم.

پێشەکیەکانی چێشتەکە فەراهەم بوو، ( شکوە خانم )یش یارمەتی داین. زۆر خۆشمدەویست. ژنێکی تێگەیشتو و خوێندەوار بوو کە بە باشی لە ناخ و دەروونی گەنجەکان ئاگاداربوو، کاتێك پرسیارێك دەکات و منیش وڵامی دەدەمەوە، بە وردی گوێدەگرێت و پاشان ڕای خۆی دەردەبڕێت. بەزۆریش هەر ئەو وڵامانە دەبیستم کە چاوەڕوانیان دەکەم. خاڵی تێڕوانینی هاوبەشی زۆرمان هەیە و ئەم هاوبەشییەش بۆتە هۆی خۆشەویستی نێوانمان. نیگاکانی، گەرم و میهرەبانن و هەمیشە زەردەخەنەیەکی لە سەرلێوە. بالآی بەرزە و زۆر ڕازاوەیە. لەو شکڵ و ڕەواڵەتانەیە کە بەجارێك بینینی دەکرا گومانی ئەوە ببرێت کە تێگەیشتو و خوێندەوارە و بۆ کارکردن لە ناو کۆمەڵگا پەروەردە کراوە. ئەو تەمەنی لاوێتی خۆی پیشکەشی فێرکردن و پەروەردەی ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە کردووە و لە ڕابردووی خۆی ڕازی و خۆشحاڵە. پێم گوت" منیش حەز دەکەم ببم بە مامۆستا، مامۆستای ئەدەبیات". پێکەنی و گوتی" کەواتە بۆچی بەشی زانستیت هەڵبژاردووە؟ ". گوتم" هۆگری هەردوو بەشەکەم و دەمەوێت بۆ تاقیکردنەوەی (کۆنکور ) ئەگەر بکرێت لەم بەشەدا بەشداری بکەم". گوتی"دەبێت پەرتووکەکانی ئەم بەشەش بخوێنیتەوە، پێموایە دەتوانی ئەم کارە

بکەیت، بەلاّم لە بیرت نەچێت کە ویستن توانینە " من داوا لـە (کـاوە) دەکـەم لـەم کـارەدا یارمەتیت بدات. ئەو مامۆستای ئەدەبیاتە و بەکالۆریۆسی بیرکاریشی هەیە. هـەر لـە بـەر ئەمەشە هەردوو وانەکە دەڵێتەوە. واهەست دەکەم دەتوانێت یارمـەتیت بـدات". سوپاسـیم کرد. ( شکوە خانم )یش بە ڕوو خۆشییەکەوە بـەردەوام بـوو" تـۆش وەك کـچەکەم ئـازیزی، ئەگەر بتوانم کارێکت بۆ ئەنجام بدەم خۆشحال دەبم، حـەز دەکـەم ( کـەتایۆن )یـش لەگـەڵت ئاشنابێت و ببن بە هاوڕێی یەکتر. کچەکەی منیش وەك تۆ تەنهایە، وادەزانم کە ئێوە هـاوڕێ و دۆستێکی باش دەبن بۆ یەکتر".

دایکیشم خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم ئاشنایەتییە دەربڕی و ( شکوە خانم ) گـوتی" کاتێـك ( کەتایۆن) هات، دەیهێنم لەگەڵ یەکدا ئاشنابن". شەو، ( ئاغـای قودسـی ) هـات و لەگـەڵ باوکم کەوتنە گفتوگۆکردن. من لە ژوورەکەم مامەوەو سەرگەرمی خوێندنـەوە بـووم. چـرای ژووری دراوسێش ڕۆشن بوو و دەنگی گفتوگۆی دوو پیاو دەبیسترا.واگومانم برد کـە دوو بـرا لەگەڵ یەك دانیشتوون و قسەدەکەن. جێگای (مەرسدە) زۆر خاڵیە، ئەگەر لێرە بوایە مـن و ئەویش پێکەوە دادەنیشتین و لەم تەنهاییە ڕزگارمدەبوو.

سبەینێ هەر لە بەیانیەکەیەوە، ماڵمان قەرەباڵغ بوو. لەگەڵ هاتنی پـورم و ( شـیدە ) و دراوسێکان ماڵ لەو بێدەنگیـە هاتـە دەرەوە. مـن و ( شـیدە ) سـەیری ئـەوانمان دەکـرد و هەندێجاریش چاییمان بۆتێدەکردن تا ماندوویەتیان دەردەچـوو. ( شـکوە خـانم ) زیـاتر لـە کاتژمێرێك نەمابۆوە و ڕۆیشتبوو. نیوەڕۆ دایکم کاسەیەك خواردنی دامێ و گوتی" بیبە بـۆ ماڵی ( شکوە خانم ) ". حەزمدەکرد ڕووخساری خۆمم بدیایە و خـۆمم ڕازاندبایـەوە ئینجـا بڕۆیشتمایە بۆ ماڵیان، بەلاّم دایکم سـینیەکەی دایەدەسـتم و گـوتی"وریـا بـە، نەیرێـژی " دەبێت زەنگی دەرگـای لای ڕاسـتمان لێبـدەیت". لـە ( شـیدە)م پرسـی" ڕێـك و پـێکم؟" سەیرێکی سەرتاپای کردم و پرچی سەر ناوچاوانمی لاداو گوتی" بـەلێ، بـڕۆ". بەپێـچەوانەی ئەوەی کە وامدەزانی کۆلانەکە بن بەستە،بەلاّم دیم کە وانییە. مەراقم گـرت بـزانم لـە کـوێ کۆتایی پێدێت، بەلاّم لەبەرئەوەی سینیەکە لەسەر دەستم بوو، پاشگەزبوومەوە و لە بـەردەم

ماڵی ( شکوە خانم ) وەستام. کەمێك درەنگتر زەنگم لێدا. دەنگێکی فەرمانای پیاوێك هات و گوتی"بەڵێ؟". بە دەسەپاچەیی گوتم"بیکەرەوە". دوگمەی (ئایفۆن)ەکەی لێداو دەرگا کرایەوە بەڵام کەس نەهات. جارێکیتر زەنگەکەم لێدا، دیسانەوە ئەو دەنگەم بیست و گوتی" بەڵێ " گوتم" ئەزیەت نەبێ وەرە بەر دەرگا ". دوای چەند ساتێك بینیم کە بە پەلە لە پلیکانەکان هاتەخوارەوە. لەگەڵ بینینی من و ئەو سینیەی کە لەسەر دەستم بوو زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی" ببورە کە درەنگ هاتم و جەنابتان چاوەڕێتان کرد، وامزانی دایکمە ". گوتم" زۆر ئاساییە". و پاشان سینییەکەم ڕاگرت و کاسە خواردنێکی هەڵگرت و سەیرێکی کردم کە خستمیە شەرمەوە، سەرم داخست. سوپاسی کرد و گوتی" تکایە کەمێك چاوەڕێ کە". بەنیازی ڕۆیشتن بووم، بەڵام چاوەڕێم کرد. ئەو بەگوڵێکەوە گەڕایەوەو گوتی"تکایە سوپاسی دایکت بکە". ویستم بڕۆم کە گوتی" بە ڕاست، لەبیرمچوو بەخێرهاتنتان بکەم، خانووە نوێکەشتان پیرۆزە". گوتم" سوپاس ". پرسی " جەنابتان ئەو خانمەن کە ئەمساڵ دێت بۆ ئامادەییەکەی ئێمە؟" گوتم" بەڵێ ". گوتی" هیوادارم ئامادەییەکەمان سەرنجت ڕاکێشێت". دیسانەوە سوپاسمکرد و ئەو بە گوتنی( سەلامەمان بگەیەنە) خواحافیزی کرد و دەرگاکەی داخست. کە هاتمە ماڵەوە بە پورمم گوت" دراوسێیەکی خۆشڕەفتارمان هەیە". سەیرێکی گوڵەکەی کرد و گوتی"وایە". گوتم" بڕوام نەدەکرد پیاوەکانیش ئەم ئیشانە بزانن، هەر چەندە کە بە ڕواڵەت پیاوێکی وشك و تووڕەیە، بەڵام بەم کارەی سەلماندی کە لە پشتەوەی ئەم شکڵە گرژ و مۆنە، ڕۆحێکی میهرەبان و ڕۆمانتیکی هەیە".

بۆ گەیاندنی ئاش بۆ دراوسێکان، ( شیدە )ش یارمەتی دام و کارەکە زووتر کۆتایی هات، کاتێك دوایین کاسەم بەخشی، ( شکوە خانم )م دی، شتی کڕیبو و بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. کە گەیشتە لای ئێمە (ماندوو نەبن )ی گوت و بە منی گوت" بە ئومێدی خوا، ڕۆژێکیش ئاشی دوای ڕۆیشتنی تۆ دەخۆین. ئەو ڕۆژە خۆم ئاشەکان دابەش دەکەم". سوپاسم کرد و پێکەوە بەرەو ماڵەوە هاتینەوە، لە بەردەم ماڵەوەمان ( کاوە ) مان پێگەیشت و ئەم جارەیان ( شکوە خانم ) بە فەرمی من و ( شیدە )ی بە ( کاوە) ناساند و بە شۆخییەوە

گوتی" ( مینا خانم ) ئەمساڵ دەبێت بە قوتابیت، وریای بە". ئەو سەیری کردم و گوتی " مایەی شانازیمە، بەڵام بڕواناکەم ( مینا خانم ) پێویستی بە چاودێری هەبێت".

( شیدە )ش بە شۆخییەوە گوتی" مەبەستی دایکتان ئەوەیە کە لە کاتی نمرەداناندا وریای ( مینا ) بە بۆنەوەی لە وانەکان نەکەوێت". ئەو لێوی بە دان گەست و گوتی" باسی ئەوە مەکەن. بەو شێوەیەی کە دایکم باسی ( مینا خانم )ی کردووە پێویستی بە ڕاسپێری و ڕوولێنان نییە". ( شکوە خانم)یش پشتگیری لە قسەکانی کرد و پاشان لە ( کاوە ) ی پرسی" بۆ کوێ دەڕۆی؟" گوتی" بۆ شوێنێکی دوور ناچم. دەڕۆم شتێ بکڕم و زوو دەگەڕێمەوە". پاشان خواحافیزی لێکردین و بە گوتنی ( سەرکەوتوو بن ) ڕۆیشت. کاتێک هەندێک لێمان دوورکەوتەوە وێرام و سەیری ئەو لایەم کرد کە ئەو پێیدا دەڕۆیشت. چوونیەک و لەسەرەخۆ هەنگاوی دەنا. ( شیدە ) لە ( شکوە خانم )ی پرسی" کوڕەکانتان هەردووکیان سەڵتن؟" سەرێکی جووڵاندەوەو بە هەناسەیەکی کورتەوە گوتی" ( کامەران ) و ( کاوە ) هەردووکیان سەڵتن، بەڵام هیچ کامیان خەیاڵی ژنهێنانیان نییە، هەر چەند کە کاتی ژنهێنانیانە". ( شیدە) دیسانەوە پرسی" کاك (کامەران ) گەورەترە یان کاك ( کاوە )؟" ( شکوە خانم ) پێکەنی و گوتی" (کامەران ) گەورەترە بەڵام (کاوە) لە ڕووی قەد و شێوازەوە گەورەتر و زەبەلاحترە. هەمیشە خەڵك وادەزانن کە ( کاوە ) گەورەترە". ( شکوە خانم )مان بۆماڵەوە فەرمووکرد، بەڵام ڕازی نەبوو گوتی"لەوانەیە دەمەو ئێوارە سەرێکتان لێ بدەم". کە گەیشتینەوە ماڵەوە، گوتم" پیاوێکی سامدارە و مرۆڤ دەترسێنێ". گوتی " بەڵام بە پێچەوانەوە من وام دەبینی کە پیاوێکی سەرنجڕاکێشە. ئەو لەو جۆرە شکڵ و شێوازانەیە کە سەرنج ڕاکێشی و هەڵکەوتوویان پێکەوەیە و ئەو سامداریەش وەك لەمپەرێك وایە کە ناهێڵێت کچەکان ناز و نووك بکەن و خۆیان بێتام بکەن. ئەمەش بۆ ئەو پیشەیە کە هەیەتی بە کەڵکە". گوتم " بەڵام قوڕ بە سەر قوتابییەکان کە ناچارن هەموو ڕۆژێك ئەم بیچمە تەحەمول بکەن". بە ڕوو گرژییەکەوە سەیری کردم و گوتی" تۆ حەزت لەو مامۆستایەیە کە کچەکان بە سەر سەروشانی سەرکەون و گاڵتەی پێبکەن؟" لەو هەڵهێنجانەی ڕەنجام و بیرم

لەوەکردەوە بۆ دەبێ لە بارەی منەوە ئاوا بیربکاتـەوە. ئەگـەر مامۆسـتایەك خۆشڕەفتار و میهرەبان بێت، دەبێت بەگاڵتەجاری قوتابییەکان؟ پـێم کەوتـەوە کـە مامۆسـتاکانی ساڵی ڕابردوو هەم میهرەبان بوون و هەم ڕووخۆش، کەسیشیان نەبوون بە گاڵتەجاری قوتابییـەکان. باسکردنم لەم بارەیەوە بە بێهودە زانی و بێدەنگ بووم، لە بەر خۆمەوە گوتم( هـەر کەسـەو سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و منیش نابێت بیرو ڕای خۆم بسەپێنم بە سەریا).

گوڵە دیارییەکەم! لەگەڵ گوڵە سوورەیەکی تر، کە لە باخـچەکە چـنیبووم، خـستمە نـاو گوڵدانەکەم و بردمە ژوورەکەم و لە پشتەوەی پەنجەرەکەم دانا. لە پشتەوەی دیوارەکە دەنگی گفتوگۆ دەهات. چەمامەوەو دوو پیاوی لاوم بینی. یـەکێکیان ئـەوی تـری بـە نـاو، بـانگ دەکـرد. لەگـەڵ بیـستنی نـاوی (کامـەران) حەزمـدەکرد بـزانم کامـەیان ( کامـەران )ە. هەردووکیان لاواز بوون و منیش بە دوای یەکێکی زەبەلاحدا دەگەڕام بەڵام هیچ کامیان ئـەو تایبەتمەندییەیان نەبوو. یەکێکیان کلیلی دەر هێنـاو دەرگـای ماڵـەوەی کـردەوە. مـن لـە پشتەوەی پەردەکە ڕووخساریم دی، ئەو لە دایکی دەچو و ڕێـك وەك ئـەو بـەژن بـاریکێکی باڵابەرز بوو. لە بەر خۆمەوە گوتم" ئەوا ( کامەران)یشم بینـی، تـەنها ( کـەتایۆن)مـاوە". (شیدە ) هاتە ژوورەکەم و گوتی" چێـشتەکە سـارد بـۆوە". گـوتم" واهـاتم". و بەیەکـەوە چووینە خوارەوە. کاتێك میوانەکان خەریکی پـشوودان بـوون، مـن و ( شـیدە ) گەڕاینـەوە ژوورەوە. ( شیدە ) لە لێـواری تـەختی نووسـتنەکەم دانیـشت و گـوتی" مـن نـاتوانم دوای نانخواردن پشوو بدەم و خەوم لێناکەوێت. شەوانیش بە دژواری دەنووم". نـاوی خـەوی هێنـا باوێشکێکم داو گوتم" منیش بە خەوی نیوەڕوان ڕانەهاتووم، کاتێکیش زۆر مانـدووم خـەوم لێناکەوێت. ئەگەر خەو لە ڕیزی سروشت و غەریزەکانی ئێمەدا نەبوایە، حەزم نەدەکرد هـەر بخەوم. دەزانی، شەوان کاتێـك هـەموان خـەویان لێدەکـەوێت دونیـا چـەند سـەیر دەبێـت؟ بێدەنگییەو نارامی. مرۆڤ دەکەوێتە ناو حاڵەتێکی تایبەتییەوە. جۆرە بێئاگاییەك، یـا خـود حاڵەتێکی خودایی. نازانم، بەڵام ڕۆح و لەش سوك دەبـن و شـێوازی شـتەکان دەگۆڕێـت و ئەگەر پێم پێنەکەنی دەڵێم کە دەکرێ لەگەڵ ڕۆحی شتەکان پەیوەندی بەرقەراربکرێت. شەوان دادەنیشم و سەیری ئاسمان دەکەم و دەڕۆمە ناو دونیایەکەوە کە جگە لە جوانی هیـچی تری

Scanned with CamScanner

تێدانییە. خۆم لە خواوە نزیك دەبینم و هەستدەکەم کە ئەو تەنها سەیری من دەکات و تەنها گوێ بۆ قسەکانی من ڕادەگرێت. قسەی لەگەڵ دەکەم و ولاّم دەبیستم". (شیدە ) پێکەنی و پرسی" چۆن ولاّم دەبیستی؟" گوتم" لەگەڵ ئاوا بوون و نەمانی ئەستێرەیەك یا خود هەڵکردنی شنەبایەك، وادەزانم ئەمە ولاّمی ئەوە کە ساڵەهای ساڵە چاوەڕوانیم. کاتێك لەبەر ماندوویەتی چاوم لێکدەنێم، بەناچاری خەوم لێدەکەوێت. من دونیای شەوم لە ڕۆژ خۆشتردەوێت". ( شیدە ) گوتی " منیش شەوم خۆش دەوێت، بەلاّم من نەگەیشتومەتە ئەو هەستەی کە تۆ بەرامبەر بە شەو هەتە و پێی گەیشتووی. بەڕای تۆ لەم ساتەدا کە من و تۆ پێکەوە قسەدەکەین (مەرسدە ) چی دەکات؟" ویستم حاڵەت و ورەی (مەرسدە) وێنابکەم، چاوم داخست و گوتم" لەم ساتەدا بیر لەئێمە دەکاتەوە. بە دڵنیاییەوە دەزانێت کە ئاشمان بۆ لێناوە. لە لای خۆی وای داناوە کە من و تۆ پێکەوە ئاشەکان دابەشدەکەین و تامەزرۆی خواردنی کاسەیەك ئاش دەکات". بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی" بە ڕاست گومانت وایە لەم ساتەدا بیر لەوە بکاتەوە؟" بە شۆخییەوە گوتم" نە تەنها ( مەرسدە )، بەڵکو ( فەرەیدون )یش لە بیری ئێمەدایە. ئەویش حەزدەکات کە کاسەیەك ئاش لە دەستی خۆشەویستەکەی وەربگرێت و نۆشی گیانی کات". ڕوومەتی سوور بۆوەو گوتی" بەسە ئیتر من وەك تۆ بیر ناکەمەوە. ئەوان ئێستا لەگەڵ هاوڕێکانیان لە ناو ڕیستۆرانتێکی پڕشکۆدا دانیشتوون و چێشتێکی تیژی هیندی نۆشی گیان دەکەن و تەنها کەسانێك کە ناکەونەوە بیریان من و تۆین." گوتم" لەگەڵ ئەوەشدا کە عاشق نیم بەلاّم وادەزانم کە عەشق تۆی چاوچنۆك کردووە. تۆ حەزدەکەیت کە ئێستا لە لای ئەوان بویتایەو لە باتی گفتوگۆکردن لەگەڵ من لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشتدەوێت قسەت بکردبایە ". ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو ویستی وتەکەم ڕەتکاتەوە، من دەستپێشخەریم کرد و گوتم" دەزانی کە قسەکەم ڕاستە. منیش ئەگەر لە باتی تۆ بوومایە هەستێکی وەهام دەبوو، بەلاّم کچە پوری ئازیز! بیروهزرە خۆش و شیرینەکان تەنها تایبەتن بە خەون و خەیاڵ و لە ڕاستیدا تۆ ئێستا لە تەنیشت مندا دانیشتوویت و گوێ لە قسەی کچە پورێکت دەگری کە نە خۆشتدەوێ و نە خوازیاری گفتوگۆ

و دانیشتنی لەگەڵیدا". ڕووی گرژکردەوە و بە دڵ ڕەنجانێکەوە گوتی" ئاوا قسەمەکە! من هەمووتانم خۆشدەوێ. ئەگەر خوازیاری گفتوگۆ و دانیشتن نەبوومایە لەگەڵ تۆ، ئێستا لێرە نەدەبووم. ئێمە هەردووکمان تەنهاین و خۆت ووتەنی هەر یەکەمان لەگەڵ خەون و خەیاڵی خۆماندا دەژین، بەڵام من دڵنیام کە خەونەکەم دێتەدی و لەگەڵ ئەو کەسەدا ژیان بە سەر دەبەم کە خۆشمدەوێت ". گوتم" خۆزگەم بەتۆ، بەڵام ئەمە خەون نییە، درێژەی ڕاستییە. تۆو (فەرەیدون) بەیەك گەیشتوون و سەرەنجامیش دەبن بە هاوسەری یەکتری. ئەگەر من پێتبڵێم کە لە خەونەکانمدا بە دوای یەکێکدا دەگەڕێم کە لەگەڵمدا سەفەر بکات بۆ سەر مانگ و لەوێشدا خانوویەك دروستبکات چی دەڵێیت؟ " گوتی" پێموایە کچێکی خەیاڵاویت و نارەزووەکانت ئەستەمن". پێکەنیم و گوتم" بەڵێ ئەمە خەونێکەو دوورە لە ڕاستی، بەڵام لەوانەیە ڕۆژێك ئەم خەونە بگاتە ڕاستی و خەڵك لەسەر مانگ ژیان بەسەر بەرن و خانوویەك، وەك ئەم خانووە بۆ خۆیان دروست بکەن". ( شیدە ) هەستا و پەردەکەی لادا و گوتی" کاتێك پەردەکە دادرابێتەوە، ژوورەکەت تاریك دەبێت و مرۆڤ وادەزانێت شەوە." ویستم هۆی دادانەوەی پەردەکەی پێ بڵێم، بەڵام پەشیمان بوومەوە و بێدەنگ بووم.

( شیدە ) ڕووەو دەرەوە چەمایەوەو بەردەوام بوو" ئەم خانووە چەند جیاوازە لەگەڵ خانووە پێشووەکە! لەوێ لەم ساتەوەختەی ڕۆژدا نەت دەتوانی خولەکێك پشوو بدەیت، دەنگەدەنگی منداڵەکان و ئەو تۆپەی پێ کە دەیانکێشا بە پەنجەرەکەدا، پشووی لە مرۆڤ بڕیبوو، بەڵام لێرە نە هاتوهاوارێك هەیە و نە تۆپی پێ، هەتا ڕێبواریش لەم کۆڵانەوە تێناپەڕێت". منیش لە تەنیشتیدا وەستام و سەیری کۆڵانە چۆڵەکەم دەکرد و گوتم" شیعری کۆڵانی ( فەرەیدون موشیری ) ت بیستووە کە دەڵێت:

*جارێکیتر لەمانگەشەوێکدا، بێ تۆ بەو کۆڵانەدا تێپەڕیم*
*سەرتاپام بووە چاو و بە سەرسامییەوە بە دوای تۆدا دەگەڕام؟..*

پێکەنی و گوتی" بەڕای تۆ ئەمە کۆڵانی عاشقانە؟" گوتم" نازانم چونکە تا ئێستا ڕێم نەکەوتووەتە عەشقەوە، بەڵام هەستێکی تایبەتیم بەرامبەر ئەم کۆڵانە و ئەم پەنجەرەیە

هەیە. وا هەستدەکەم لە شوێنێك یان کاتێـك، پێـشتر ئەمانـەم دیتـوە." گـوتی" خـانووی پێشووشتان پەنجەرەی هەبوو." گوتم" بەڵێ، بەڵام مەبەستی من ئەم کۆڵانەو ئەم پەنجەرەیـە. هەستدەکەم پێشتریش لەم ژوورەدا ژیاوم و لەگـەڵ ئـەم پەنجەرەیـەدا پەیوەنـدیم هـەبووە." ( شیدە ) گوتی " منیش هەندێکجار هەستی لەجۆرە دەکەم، جاری واهەیە دەڕۆم بۆ شوێنێك، یەکەجارە، بەڵام بەجۆرێك دێتە پیشچاوم گومانم وایە پێـشتر ئـەوێم دیـوە و لێـی ژیـاوم." گوتم" لەوانەیە ئێمە سەر لـە نـوێ ژیانەوەیـەکمان هـەبووبێت." چـاوەکانی تەسـککردەوەو پرسی" مەبەستت چیە؟" گوتم" لەوانەیە چەند سەدەیەك لەمەو پێش من و تـۆ هـەبووبین و دوای مەرگ ڕۆحەکەمان سەرگەردان بووە و ئێستا لەم سەدەیەدا هاتووەتە ناو ئـەم لەشـەوە. چوزانی، من خۆم حەزدەکەم پاش مەرگم دووبارە بگەڕێمـەوە بـۆ دونیـا هـەر بـەم شـکڵ و بیچمەوە ". پێکەنی و گوتی" حەز ناکەی لە کەسایەتیەکی تردا دەرکەویت؟ بۆ نموونە ببیت بە شاژنی بـەریتانیا." گـوتم" نـەخێر، مـن هـەر حـەزم لێیـە ئاوەهـابم." ویـستم شـۆخی لەگەڵدابکەم و کەمێك بیترسێنم گوتم" ( شیدە ) وا وێنا بکـە کـە شـەوێك کـاتێ تـۆ لـەم ژوورەدا بە تەنها دانیشتووی و کەسیش لە ماڵەوە نییە، من بە جلێ و بەرگی نووستنی سپی لە حاڵەتێکدا کە زولفەکانم لەسـەر شـانم پەخـشان بـووە و مـۆمێکم لـە سەردەسـتە و لـە پلیکانەکان سەرکەوم و بانگت بکەم، ئەو کاتە چی دەکەیت؟" زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی" هیچ، کورسیەکت بۆ دادەنێم بۆ ئەوەی دانیشیت." پرسیم" تۆ لە ڕۆح ناترسی؟" گوتی" بـۆ دەبێ بترسم؟ چونکە تۆ هەر بەم شکڵ و بچمە دەبینم کە ئێستا هەتـە." پێکـەنیم و گـوتم" بەڵام زۆربەی خەڵك لە ڕۆح دەترسن ولە دەستی ڕادەکەن". گوتی" ڕۆح ڕاست نییـە و زیـاتر لە وەهم و گومان هیچیتر نییە." گوتم "بەڵێنت دەدەمێ کە پاش مـەرگم دەرکـەوم و تـۆش ڕاستی ڕۆح پەسەند بکەیت، من دەمەوێت پەیوەندییەکەم لەگەڵ تۆدا بپارێزم. تۆش ئامادەی ئەم پەیوەندییە بپارێزی ؟" بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە گوتی" نەخێر، چـونکە مـن خـەیاڵی مردنم نییە. قسەکانت نیگەرانمدەکات و دەترسم" پێکەنیم و گوتم "بـەڵام تـۆ چـەند سـاتێك لەمەوبەر گوتت لە مردن و ڕۆح ناترسم، ببینیت کە تۆش وەك خەڵکانی تری؟" گوتی" بـەڵێ

Scanned with CamScanner

هەڵە بووم. منیش لە ڕۆح دەترسم". گوتم" بە داخەوە، من دەمویست لەگەڵ تۆدا پەیوەندیم هەبێت" گوتی " کاتێك زیندوویت ئەم پەیوەندیە بپارێزە، ئەویتری پێشکەشی تۆبێت." گوتم " کچە پوری ئازیز! تۆ منت نائومێد کرد، دەبێ لەگەڵ یەکێکی تردا پەیوەندی دابمەزرێنم." بە سەر سوڕمانێکەوە گوتی" تۆ بۆچی هەر حەزت لەم بابەت و مەسـەلانەیە؟ حـەیف نییـە مرۆڤ ژیان و خۆشییەکانی خۆی فـەرامۆش بکـات و بـیر لـە مــەرگ بکاتـەوە؟ تـۆ هێـشتا سەرەتای لاوێتیتە و دەبێت بۆ ژیـان بەرنامەداڕێـژیت و ئامرازێـك بـۆ درێژەپێـدانی ژیـان پەیدابکەیت. دونیا زۆر جوانە. لە مەرگ دووربکەوە و بیر لەم دونیایە بکـەرەوە، ئەمـە لـە بەرژەوەندی تۆ دایە." گوتم" خەیاڵی مردنم نییە و منیش وەك تۆ دونیا و ژیانم خۆشـدەوێت بەلاّم مەرگ ڕاستە و حاشاهەڵنەگرە." گوتی" دەزانم کە سەرەنجامی هەر تەمەنێك بە مەرگ کۆتایی دێت، بەلاّم نامەوێت بیریلێبکەمەوە." گوتم" بە پێـچەوانەوە، باشـتروایە مـرۆڤ لـە مەرگ بێ ئاگا نەبێت. ئەگەر لە میانەی خەونەکانماندا بیر لە ڕاسـتیی مـەرگیش بکەینـەوە کەمتر عاشقی دونیا دەبین و کەمتر شـانازی پێوەدەکـەین." کاتێـك ئاگامـان لـەوەبێت کـە مردنێك هەیە، دەست لە چاو چنۆکی و ئیرەیی و پیـسکەیی هەڵـدەگرین و ژیـانێکی سـادە دەگرینەبەر." ( شیدە ) لە کاتێکدا ژوورەکەمی بەجێدەهێشت گوتی"جەنابت ڕاست دەکەیت خانمی سۆفی !".

((بەشـــــــی ٥))

سـەرەنجام چـاوەڕوانی تـەواو بـو و مـانگی ڕەزبـەریش هـات. لـە بـەردەم ئاوێنـەدا یۆنیفۆرمەکەم تاقیکردەوەو خۆمم ئامادە کرد بۆ چوونەقوتابخانە. دڵەڕاوکێم هەبوو، چـونکە کەسم نەدەناسی. بەپەلە نان و چای بەیانیم خوارد. باوکیشم جـل و بـەرگی لـە بـەر کـرد و پێکەوە لە ماڵ چـوینەدەرەوە. بـاوکم پێـشتر ئۆتۆمبێلەکـەی هێنـابووە کۆڵانـەوە. کاتێـك سەرکەوتین گوتی" ئەگەر بەیانیان زوو لە خەو هەستیت دەتوانم بتگەیەنمە قوتابخانە".

لە بەردەمماندا دوو کچ لە ناو کۆڵانێك هاتنـەدەرەوە کـە یۆنیفـۆرمی هـاوڕەنگی ئـەوەی منیان لە بەر بوو. باوکم جامەکـەی هێنایـەخوارەوە و لێیـانی پرسـی" ئێـوەش دەچـن بـۆ ئامادەیی( نـوور ) ؟" ئـەوانیش ئەرێنیانـە وڵامیـان دایـەوە. بـاوکم گـوتی" سـەرکەون، دەتانگەیەنین، کچەکەی منیش بۆ ئەو ئامادەییە دەچێت". لەوەی کە باوکم دوو هاوڕێی بـۆ دۆزیبوومـەوە شـەرمەزار بـووم، بـەڵام ئـەوانیش بـە ڕووخۆشـیەوە خولقەکـەی ئێمـەیان پەسەندکرد و سەرکەوتن. ئێمە لەگەڵ یەکدا ئاشنابووین کەچی ناوی یەکێکیشیان (شکوە ) بوو. هەردووکیان یەکی ساڵێك لە من گەورەتربوون و لە قوتابییە کۆنەکانی ئەو ئامادەییـە بوون. لە نزیك ئامادەییەکە دابەزین، ئەوان پێـشنیازی ئـەوەیان کـرد قوتابخانەکـەم پیـشان بدەن. لە دوو تەلار پێکهاتبوو، یەکێکیان نـوێ و ئـەویتر کـۆن بـوو، بـە هـۆی بـالکۆنێکی بچووکەوە پێکەوە بەسترابوونەوە. هەردوو تەلارەکە سێ نهـۆم بـوون و قـاتی سـێهەم هـۆڵی

Scanned with CamScanner

کۆبوونەوە و پەرتووکخانەی تێدابوو، کە هەردوو دەرگاکە کیلۆنی لێدرابوو، هۆڵی وەرزش لە تەلارە کۆنەکەدا بوو، کە هەموو جۆرە ئامێرێکی وەرزشی تێدا بوو.

کاتژمێر هەشت دەنگی زەنگ لە ناو قوتابخانە زرینگایەوەو ڕۆیشتینە حەوشەوە. هەموومان لە بەر پەنجەرەی ژووری مامۆستایان کۆ بووینەوە. لە حەوشەکەوە بە تەواوەتی ژوورەکە دەبینرا. ( خانمی بەڕێوەبەر) مایکرۆفۆنەکەی ڕێکخست و پاش بە خێرهاتن، ئاماژەی بە هەندێك خاڵ کرد و ڕیزی پۆلەکان دیاری کرا، پاشان( خانمی ڕێکخەر ) چووە پشتی مایکرۆفۆنەکەو لەسەر لیستەکە ناوی قوتابییەکانی خوێندەوە و هۆیەکانی دیاریکرد. منیش هۆبەکەی خۆمم دۆزیەوە و چوومە ژوورەوە، ژوورێکی گەورە و ڕووناك بوو. چوومە دوای دواوەو لەسەر کورسییەك دانیشتم. قوتابییەکانی تریش کورسیەکانی تریان داگیرکرد. زۆربەیان پێکەوە هاوڕێ و هاوپۆل بوون و لەگەڵیەکدا گفتوگۆیان دەکرد. شتێك کە هەر لە سەرەتاوە سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەبوو کە زۆربەیان بە پێچەوانەی ڕێساکان، هەم دەستکاری درێژی یۆنیفۆرمەکەیان کردبوو و هەم شکڵ و ڕواڵەتیان لە قوتابی قوتابخانە نەدەچوو. قژ و زوڵفە ئارایشتکراو و نینۆکە مانیکۆر کراوەکانیان سەریانسوڕماندم. ئەو کچەی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، بێدەنگ بوو، وەك من سەیری ئەوانیتری دەکرد ! گومانم برد کە ئەویش قوتابی نوێ بێت و تازە هاتووە. ئاوڕم لێدایەوەو پرسیم" جەنابیشت قوتابی نوێیت؟ ". سەیریکردم و گوتی" بەڵێ ". بەمەبەستی تەوقەکردن دەستم بەرەو ڕووی درێژکرد و گوتم" من (مینا ئەفشار)م و تازە هاتوومەتە ئەم قوتابخانەیە." دەستیگووشیم و لە کاتێکدا کە زەردەخەنەیەکی گەرم لێوەکانی لێکجیاکردەوە گوتی" منیش ( مەریەم یەگانە )م" ئومێدەوارم کە دۆست و هاوڕێی باش بین بۆ یەکتر." هاتوهاوار پۆلەکەی داگیر کردبوو. کچەکان کە سێ مانگ یەکتریان نەدیبوو، ئەوەندە قسەو باسیان پێبوو بۆ یەکتر،تەنانەت ئاگاداری هاتنەژوورەوەی( خانمی بەڕێوەبەر) یش نەبوون. یەکێك لە قوتابییەکان گوتی هەستن و ئێمەش هەموومان بۆ ڕێزلێنان هەستاینە سەرپێ. (خانمی بەڕێوەبەر) تەماشایەکی کردین و گوتی" دانیشن ". پاشان چاوەڕێیکرد تا هەموو قوتابیان هێمن بوونەوە و پرسی" ئەم پۆلە قوتابی نوێی تێدایە؟" من و ( مەریەم ) هەستاین. ناوی هەردووکمانی پرسی و پاشان

پرسیاری تێکڕایی ( معدل ) ی ساڵی ڕابردوومانی کرد. گوتم ( نەوەد ) هەر لەگەڵ وتنی تێکڕایەکەم هەموو قوتابییەکان ئاوڕیاندایەوەو بە سەرسوڕمانەوە سەیری ناوچاوانیان کردم! (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی"وەرە لێرە بوەستە." هەستام و لەوجێگایەی کە دیاریکردبوو، وەستام. هەمووچاوەکان ڕوویان لە من بوو. هەستم بە شەرمەزاری کرد. لەشم لە ناوەوە دەلەرزی، هەوڵمدا خۆم ڕاگرم. هەر بۆیە چاومبڕییە ( مەریەم ). خانمی بەڕێوەبەر گوتی" لەمڕۆوە ( ئەفشار ) چاودێرتانە. ئەگەر ئێوەش قوتابییەکی زیرەك بن، دەتوانن سوود لە بەهرە و لێهاتوویی ئەو وەربگرن، بۆئەوەی لە وانەکان یارمەتیتان بدات. من لە ڕووخساری ( ئەفشار ) ئەوە دەخوێنمەوە کە کچێکە بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە یارمەتیتان دەدات. ڕێزی لێبگرن و کاتەگرانبەهاکانتان بەخۆڕایی بەفیڕۆمەدەن." پاشان ڕووی کردە من و گوتی" لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابی نوێیت و قوتابییەکان ناناسیت، بەلام دڵنیام دەرەقەتی ئیشوکارەکانی ئەم پۆلە دێیت. پاش ڕۆیشتنم لیستێك لە ناوی قوتابییەکان ئامادە بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیستەکەی خۆمان بەراوردی بکەم. بڕواناکەم ئیتر گواستنەوە ڕوو بدات." بە گوتنی(سەرکەوتوو بن) پۆلەکەی جێهێشت.

منیش بە پێی فەرمانەکان کارمکرد و ناوی قوتابییەکانم نووسی و بردم بۆ ژووری مامۆستایان. کاتێك پۆلم بەجێهێشت، دیسانەوە دەنگی هاتوهاواری قوتابییەکان بەرزبۆوە. لەژوورەوە هەموو مامۆستاکان دانیشتبوون و منیش لەناکاو ( ئاغای قودسی )م دی. نیگاکانمان تێکەڵبوو. نیمچە زەردەخەنەیەکی هێنایە سەرلێو و یەکسەریش چاوی بڕییە ئەو کاغەزەی کە بە دەستمەوە بوو. خانمی بەڕێوەبەر لیستی ناوەکانی لێوەرگرتم و پەڕاوی ئامادەبوونی قوتابیانی دامێ و گوتی" ناوی قوتابییەکان بە پێی پیتەکانی (ئەلف بێ ) بنووسە. هەموو ڕۆژێکیش خۆت بەرپرسی هێنانوبردنی پەڕاوەکەی. هەوڵیشبدە بیپارێزی ".

پەڕاوەکەم وەرگرت و ڕۆیشتمەدەرەوە، خۆشحاڵبووم، چونکە هێشتا نەگەیشتبوومەجێ، کرامە چاودێر. کە گەڕامەوە پۆلەکەی خۆم، هەریەکەو لە قوتابییەکان بە شتێکەوە خەریکبوون. یەکێك خەریکی ئارایشتدانی قژی ئەوەی تەنیشتی بوو، یەکێك لەسەر

تەختەڕەشەکە، خەریکی وێنەکێشان بوو، دووانی تریش لەبەردەم پەنجەرەکە وەستابوون و گفتوگۆیان دەکرد. بە کەمێك توڕەبوونەوە گوتم" ئەمە چییە؟ تکایە بێدەنگ بن ". یەکێك لەدوای دواوەی پۆلەوە گوتی" چەند بەدڕەفتار و توڕەیە." ڕەنجام " حەزمنەکرد بەم جۆرە لە بارەی منەوە بیر بکەنەوە، بەلاّم بۆ بەرقەراری ئارامی و هێمنی تووڕە بوون پێویست بوو. لەسەر کورسییەکە دانیشتم و چاودێری قوتابییەکانم دەکرد، پاشان گوتم" قوتابییەکان من بەدخوو و بەدڕەفتار نیم. حەزدەکەم هەموومان پێکەوە دۆست و هاوڕێ بین و بە خۆشی لەگەڵ یەکدا وانەکان بخوێنین، بۆیە پێویستە کە ئێوەش هێمنی پۆل بپارێزن و ئارامییەکەی تێکنەدەن. وەرن با لە ڕۆژی یەکەمەوە پەیمانێك ببەستین کە پۆل و هۆیەیەکی نموونەییمان هەبێت. کاتێك پۆل ئارام بێت، منیش هەوڵدەدەم یارمەتیتان بدەم. پۆل شوێنێکی پیرۆزە و لە ئارایشتگا جیاوازە. ئەگەر بڕیاروابێت کە کاتمان بۆ ئەم ئیشوکارانە تەرخانبکەین، دڵنیابن کە لە وانەکان دوادەکەوین. لە وڵامی ئەو خانمەشدا کە منی بە بەدخوو و بەد ڕەفتار ناوبرد، دەمەوێت بڵێم کە من خۆش ڕەفتارم و ئەمەش دەسەلمێنم. وەکوو پێشنیازێك دەمەوێت بڵێم : ئەگەر حەزتان لێ بێت پێشبڕکێیەکی شیعر خوێندنەوە ساز بکەین، چۆنە؟ ".

دەنگی قوتابییەکان بەرز بۆوە. هەندێکیان ڕازی بوون و هەندێکیشیان دژی بوون. دەستم بە نیشانەی بێدەنگبوون بەرزکردەوە و گوتم" بە ناچاری و بەزۆر نییە، ئەوەی بیەوێت، دەتوانێت بەشداریبکات." پاشان قوتابییەکانم بۆ دوو گروپ دابەش کرد و شیعر خوێندنەوە دەستی پێکرد. یەکێك لە قوتابییەکان بە خوێندنەوەی (هەر کەسێك کە زانا بێت، توانا دەبێت ) دەستی پێکرد و گروپەکەی تریش وڵامیان دایەوە. تا زەنگ لێدرا، هەم شیعرمان خوێندەوە و هەم کاتێکی خۆشیشمان بە سەر برد. کاتێك زەنگ لێدرا، قوتابییەکان بە وتنی ( ئەی هاوار ) خۆشحاڵیان کردم، زانیم کە چێژیان لێ وەرگرتووە.

کاتژمێری دووەم مامۆستای بیرکاری هاتە پۆلەوە. قوتابییەکانیتر دەیانناسی، بەلاّم بۆ من و ( مەریەم) ئاشنا نەبوو، ئەویش هیواداربوو ئەمساڵ سەرکەوتووبین و هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ساڵێکی دژوارمان لە بەردەمدایە و ئامۆژگاریکردین کە زۆربەی کاتەکەمان

تەرخانبکەین بۆ پەرتووك و وانەخوێندن. ئەو لەگەڵ مـن و ( مەریـەم ) یـشدا ئاشـنا بـو و کاتێك زانی کە من لە ئامادەییە پێشووەکەم یەکەمی قوتابخانەکە بووم، هیوای سـەرکەوتنی بۆ خواستم. ئەدگارە میهرەبان و قسەکردنە هێدییەکەی سەرنجڕاکێش و دڵگیر بـوون. زانـیم ئەو لەو مامۆستایانەیە کە قوتابییەکان خۆشیاندەوێت و حەزدەکـەن هـەر ئـەو مامۆسـتای وانەی بیرکارییان بێت. پێشەکی بۆ وەبیرهێنانەوە چەند نموونە لە وانـەکانی سـاڵی ڕابـردووی لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی و خۆیشی شیکاری کرد.

ئـەم بیرهێنانـەوەیش ئێمـەی خـستە نـاو کـەش و هەوایـەکی ڕاسـتەقینەی پـۆل و وانەخوێندنـەوەو کاتـەکانی پـشوومان فـەرامۆش کـرد. کاتـژمێری دواتـریش مامۆسـتای ئەدەبیات هاتە پۆلەکەمان. ئەویش بە وتارە شیرینەکەی خۆی، ئایندەیەکی ڕووناکی لـەپێش چاومان وێناکرد " ئایندەیەك کـە تـەنها بـە هـەوڵ و تێکۆشـان وەدەسـتدەهات و ڕەنـگ و ڕوخسارێکی جوانی لە خۆدەگرت. ئەو گـوتی" ئێـوە دایکـانی ئاینـدەی ئـەم نیـشتمانەن و بەرپرسیارێتی وەچەی داهاتوو لە ئەستۆی ئێوەیە. هەوڵ و کۆششی ئێوە بۆ فێربوونی وانەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە تێڕوانینێکی باشتر دونیا بناسن و ژیانێکی باشـتر بـۆ ڕۆڵـەکانتان فەراهەم بکەن ". ووشـەی ( دایـك ) و ( بـەدایك بـوون ) سـوورایی شـەرمی خـستە سـەر گۆناکانمان و زۆربەمان سەرمانداخست و بە شەرمەوە گوێمان بۆ ئامۆژگاریەکانی ڕاگرتبـوو. کاتی قوتابخانە کۆتایی هات، زانیم کە ڕۆژێکی پڕبەرم تێپەڕاندووە.

هەم دۆست و هاوڕێم پەیدا کرد بوو، هەمیش بە چـاودێری پـۆل هەڵبـژێردرام و ئـیتر بـۆ سەرپەرشتکارانی قوتابخانەکەش ڕوخسارێکی نەناسراو نەبووم.

یەك هەفتە تێپەڕی و من لەگەڵ هەموو مامۆستاکان ئاشـنا بـووم. ( ئاغـای قودسـی ) وانەی بە ئێمە نەدەگوتەوە، بەو جۆرە کە لـە کەسـانی تـرم بیـستبوو ( ئاغـای قودسـی ) مامۆستایەکی وشك و سەختکارەو قوتابییەکانیش زۆر پێی دڵخۆش نـین. گومـانم بـرد کـە لەوانەیە دوایین ساڵی خوێندن وانەم لەگەڵیا هەبێت. بڕیارمدا ئەگەر تووشی کێـشەیەك بـوم داوای ڕێنمایی لێبکەم.

Scanned with CamScanner

پەڕاوی ئامادەبوونی قوتابییانم هەڵگرت و بەرەو پۆل کەوتمەڕێ. لە ڕێڕەوەکە تووشی ( ئاغای قودسی) بووم، سڵاو و بەیانیباشم کرد، وەك بڵێی کە هەرگیز منی نەناسیوە، بە ساردی وڵامی سڵاوەکەی دامەوە و چووە ژووری مامۆستایان. دەمەوێت وەك قوتابییەکانیتر بڕوا بەوە بکەم کە ئەو دڵی لە سینەدا نییە.

شەو، کاتێك چوومە سەر جێگاکەم بیرم لەوودەکردەوە. تازە چاوەکانم لێك نابوو کە بینیم کچێکی جوان، کە کەمێك لە خۆم دەچێت لە بەردەم جێگاکەمدا وەستاوە و زەردەخەنەیەکی پاکی لەسەر لێوەو سەیرم دەکات، ویستم لەسەر جێگا هەستمەوە بەڵام هێزم تێدانەبوو. تەماشایەکی منی دەکرد و سەیری پەنجەرەکەی ( ئاغای قودسی ) دەکردەوە. چەند جارێك بڕژانگەکانم لێکدا، بینیم کە لە ناو دەشتێکی پڕ لە گوڵی ( پاقلەمارانە ) لەلێواری ئاوێکدا وەستاوم و شنەبایەکی شادی بەخشیش هەڵیکردووە. ( ئاغای قودسی ) لە شوێنێکەوە کە زۆریش دوور نییە ڕووەو مـن هەنگاودەنێت و لـێم نزیکدەبێتەوەو پەڕتووکێك، کە بە دەستیەوە بوو رایداشتەلام و بە زەردەخەنەیەکەوە لێم دوور کەوتەوە. ئەو کچەش کە شایەت و بینەری ئەم دیمەنە بوو، زەردەخەنەیەکی کرد و پاشان دەستی بۆ ڕاوەشاندم و ونبوو. دەتوانم بڵێم کە لە پەنجەرەکەوە ڕۆیشتەدەرەوە، کاتێك ئەو دیار نەما هێزوتوانام هاتەوەبەر و لەسەر جێگاکەم هەستام و چووم لە تەنیشت پەنجەرەکەوە وەستام. کۆڵانەکە تاریك بو و کەسی تێدا نەدەبینرا. سەیرێکی ئاسمانم کرد، ساماڵ و بێگەرد بـو و ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە. پەنجەرەکەم داخست و جارێکیتر پەنام بردەوە بۆ تەختی نووستنەکەم. لەبەر خۆمەوە گوتم ( خەونم بینیوەو ئەوەی کە ڕوویدا خەون و خەیاڵ بوو ) و بەم بیرکردنەوەیە، خەوملێکەوت، بەڵام خەوێکی پڕلەمۆتەکە. خەونم بینی، کە جلێکی سپیم لەبەردایە و زوڵفەکانم لە سەرشانم پەخشانبووە و مۆمێکم بە دەستەوەیە و لە پلیکانەکان دێمەسەرەوە. لە سەرەوەی پلیکانەکان چەند کەسێك وەستابوون، کە ڕووخسارییانم نەدەبینی. ئەوان منیان تا ژوورەکەم ناویدا ڕاکشام و ئەو مرۆڤە بێ سەرانەش، تابوتەکەی منیان لەسەر دەستیان بەرز کردەوە و ناوەڕاستی ژوورەکە تابوتێکی ڕەنگ ڕەشی تێدابوو، بە بێ ترس و بە ئارامی لە

لە پەنجەرەکە ڕۆیشتنە دەرەوە، هەراسانانە چاوم کردەوە. کازیوەی بەرەبەیان بوو، لە بەر خۆمەوە گوتم :

*دەبێ وەکو( با)گوزرەکەیت*
*و وەکو ئەستێرە بمریت.*
*دەبێت بقیژێنیت و خۆت (خاڵی) کەی.*
*کۆتایی ڕێگایە*
*دەبێ بگەیتە کۆتایی*
*لە پڕ خاڵی بیت و وەکو هەوا تێپەڕیت و پەلە بکەی.*
*دەبێ مەرگ بناسیت*
*و وەکوو دیلانە بیچڕیت.*

کاتی خواردنی نان و چای بەیانی، دایکم پرسی" بۆ ڕەنگت هەڵبزرکاوە؟ ". نەمویست بەباسکردنی خەونەکەم نیگەرانی بکەم. هیچم نەگوت. چونکە کە جارێکیتر پرسییەوە، گوتم" هیچ نییە، لەوانەیە سەرمام بوویێت." هەستاو دەستی خستەسەر ناوچەوانم و گوتی" چەند ساردە! باشتروایە جلی زۆرتر بکەیتەبەر. دەتەوێ ئەمڕۆ پشووبدەیت و نەچی بۆ قوتابخانە؟ ". گوتم " نەخێر دەڕۆم تەندروستیم باشەو نیگەران مەبە." دایکم تا بەر دەرگاکە ڕەوانەیکردم و ڕایسپاردم کە وریای خۆم بم. کاتێك چوومە ناو شەقامەوە، ئۆتۆمبێلەکەی ( ئاغای قودسی ) لە تەنیشتم بەبێوەستان تێپەڕی. وێستگەی پاسەکە چۆڵ بوو. بریارمدا ڕێگاکە بە پاس تێپەڕێنم و واشمکرد. هەتا دەنگەدەنگ و هەرای قوتابییەکانیش سەرنجی ڕانەدەکێشام. ( مەریەم ) دەستی گرتم و پرسی " پیراشکی یەك بخۆین؟ "[٤] گوتم"

[٤] جۆرە نانێکی چەورە، ناوەکەی مرەبا، یان قیمەی گۆشتی تێدەکەن.

پێمناخورێت، بەڵام تا حانوتەکە لەگەڵت دێم". لە تەنیشت حانوتەکە وەستام و ( مەریەم ) لە باتی پیراشکی، (پوفەك)°ێکی کڕی و هێنای بیخۆم. نەمدەتوانی بیخۆم و ڕەتمکردەوە. لە جێگایەك وەستابووم دەمتوانی مامۆستاکان ببینم. ( ئاغای قودسی ) خەریکی چاخواردنەوە بوو، کەوتەوە یادم کە ئەوم هەر بەو چاکەت و پانتۆڵەوە لە خەودا دیبوو. ( مەریەم ) پرسی" بۆچی لە ناو فیکر و خەیاڵی؟ شتێك ڕوویداوە؟" سەیرم کرد و گوتم "نەخێر". گوتی" بەڵام ڕووخسارت شتێکیتر دەدرکێنێت، لەگەڵ دایکتدا دەمەقاڵێت بووە؟". پێکەنینم هات و گوتم" نەخێر، ئێمە هیچ کاتێك لەگەڵ یەکدا شەڕ ناکەین." گوتی" خۆزگەم بەتۆ." پرسیم" بۆ، مەگەر تۆو دایکت لەگەڵ یەکدا بە شەڕدێن؟" زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی" بەڵێ، کەی شەڕ ناکەین؟ من و دایکم وەکو (کێرد و پەنیر) واین، هیچ کاتێك لە قسەی یەکتر تێناگەین. ئەو ژنێکی بیانوگرە و لە ڕادەبەدەر گومانا وییە. ئەگەر زوو بڕۆمەوە گومان دەبات کە شتێك قەوماوە بۆیە زوو هاتوومەتەوە و، ئەگەریش درەنگتر بڕۆمەوە، دیسان گومان دەبات کەچی ڕوویداوە وا درەنگ هاتوومەتەوە." گوتم" ئەوە خۆ خراپ نییە، هەموو دایکەکان نیگەرانی ڕۆڵەکانیانن." گوتی" دەزانم، بەڵام نیگەرانی دایکی من ئاسایی نییە. بەشێوەیەك پرسیاردەکات، وەك ئەوە وایە کە دەیەوێت تاوانبارێك دان بنێت بە تاوانەکانیدا. هەندێك جار ناچارم کە لە کورتی بیبڕمەوەو درۆبکەم. خۆشم ئەم کارەم پێناخۆشە، بەڵام ناچارم. نازانی کە چەند خراپە دایك متمانەی بە کچەکەی نەبێت. من لە بەر ئەم ڕەفتارەی دایکم گۆشەگیربووم و هیچ دۆست و هاوڕێیەکم نییە. نەدەوێرم بۆ ماڵی هاوڕێیەکم بڕۆم و نە هاوڕێیەکیشم دەوێرێت بێت بۆ ماڵەوەمان". پرسیم " ئێوە چەند خوشك و بران؟ ". گوتی" دوو خوشك و سێ برا " هەندێك جار ئاوات دەخوازم کە خوا " منیشی بە کوڕ دروستبکردایە و لە دەست ئەم ڕەوشت و ڕەفتارەی دایکم ڕزگارم دەبوو. لەگەڵ دەنگی زەنگەکە، قسەکانمان نیوە ناتەواو مایەوەو هەردووکمان ڕۆیشتینە پۆلەوە.

(( بەشـــــــــی ٦ ))

باوەڕکردنی ئەوەی کە ئەمشەو ( ئاغای قودسی ) لەگەڵ ماڵەوەیان دێت بـۆ مـاڵی ئێمـە دژوارە، بەڵام کاتێك چەند جار لە دایکمم پرسی و وڵامی ( بەڵێ )ی دامەوە دڵنیـابووم کـە وایە. جوانترین جلوبەرگ لەبەردەکەم و لە بەردەم ئاوینەدا دەوەستم و تەماشای خۆم دەکـەم. دەمەوێت کاتێك دەمبینێت ڕازاوەبم و سەرنجڕاکێش بم. ئەگەر( مەرسدە ) لێرە بوایە ڕێگـەی لـەم کـارەم دەگـرت ! دوودڵ بـووم و جـارێکیتر روانیمـە ئاوێنەکـە. وێنـەی نـاو ئاوێنەکـە زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو بەڵام عەقڵ ئەو کارەی پەسەند نەدەکرد کـە مـن بـە نیـازبووم بیکەم. دەبوایە بڕیارمدابایە کە لەپێش چاوی ئەو چۆن خۆم دەرخەم. سەرەنجام گەیشتمە ئەو ئەنجامـەی کـە هـەر خـۆم بم و لـەو کەشـوهەوایەی کـە پێـی ڕانـەهاتوم دوورکەومـەوە. جلوبەرگەکەم گۆڕی. تەنوورە و بلوزێکی سادەم لەبـەرکرد و لـە پلیکانـەکان هاتمـەخوارەوە. ئەوان تازە هاتبوون و هێشتا خەریکی ئەحواڵپرسی بـوون. (کامـەران ) دەسـتمی گوشـی و لەگەڵیەکدا ئاشنابووین. دووبرا هیچ شتێکیان لە یەك نەدەچوو. (کامەران ) لەشێکی لاوازی هەبو و پرچیشی کاڵ بو و لە ( شکوە خانم ) دەچوو، بەڵام ( کاوە ) لەشی زل بوو و زیاتر لـە باوکی دەچو و چاکەت و پانتۆڵێکی قاوەیی لەبەربوو. ( کامەران )یش سپی پۆش بـوو. مـن چوومە ئاشپەزخانەوە و چایم هێنا.

کاتێك لە بەردەم ( کامەران ) سینییەکەم ڕاگرت، بۆئەوەی چا هـەڵگرێت قـژە درێژەکـەم کەوتە ناو پیاڵەی چاکەوە. لەشەرمدا سوور بوومەوەو داوای لێبووردنم کرد. پیاڵەکەیم برد بۆ

پیاڵەکەی لە دەستم گرت و بە وتنی( ئاشپەزخانەو چایەکی ترم بۆتێکرد و هێنامەوە. سوپاس ) گوێی لە قسەکانی باوکم گرت. ڕەنگی چاوی ( کامەران ) سەوزێکی کاڵ بوو، وەك ئەوە وابوو کە پێدەکەنێت. ئەو زۆر زوو لەگەڵ باوکم تێکەڵبوو. بوون بە هاوڕێ و کۆڕەکەی گەرمکرد.

هێشتا چەند خولەکێك تێنەپەڕیبوو کە هۆگری بووین و ئەو نوکتەی دەگێڕایەوە و ئێمەش پێدەکەنین. شەرم و نامۆیی لە ناوچوو، منیش نوکتەیەکم گێڕایەوە. ( کامەران ) دای لە قاقای پێکەنین، بەلاّم (کاوە) تەنها زەردەخەنەیەکی کرد" لەو کردارەی زۆر تووڕە بووم. ئەم پیاوە چەند ووشکە؟! باوکم لە بارەی کارەکەیەوە پرسیاری لە ( کاوە ) کرد و پرسی" ئایا لە کاری مامۆستایی ڕازیت؟" ( کاوە ) سەیرێکی خێرای منی کرد و گوتی" ئەمە پیشەی ئایدیاڵی منە." باوکم پشتگیری لێکرد و گوتی" دەبێت کابرا عاشقی ئەم پیشەیە بێت، ئەگەرنا حەوسەڵەکردن و ڕەفتار لەگەڵ ئەو هەموو قوتابییانە کێشەیە و دژوارە ". ( شکوە خانم )یش گوتی" نەك کێشەیە، بەڵکوو دەمار و مێشکێکی باشی دەوێ. ئەوانەی کە دەچنە ناو ئەم پیشەیەوە دەبێت دەماری پۆلاّیینیان هەبێت،ئەگەرنا سەرناکەون".

( ئاغای قودسی باوك) بە دوای قسەکانی خانمیدا گوتی" لە بەرامبەر ئەو دەمار و مێشك لە دەستدانەش، مووچەیەکی باش وەرناگرن. ئەگەر وانەوتنەوەی تایبەتی نەبێت، هەڵسووڕاندنی ژیان بۆ مامۆستاکان دژوارە. من و خانمم ساڵانێکی زۆر وانەمان گوتەوە، بەلاّم ئێستا کە خانەنشین کراوین چیمان هەیە؟ هیچ! دەوڵەت هەمیشە ویستوویەتی ئاسانکاری بۆ مامۆستایان بکات، بەلاّم لە ڕادەی قسە تێنەپەڕیوە. منیش لەو بڕوایەدام کە دەبێت عاشقی ئەم پیشەیە بیت، دەنا بە فیڕۆدانی تەمەنە". دایکم گوتی" ئەم پیشەیە پاداشتی ئەو دونیای هەیە، مرۆڤ نابێت هەموو کارەکانی بۆ پارەوپوول ئەنجامبدات ". ( ئاغای قودسی باوك ) لەگەڵ ئاماژەکردن بەو خاڵەی کە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت کارێکی باش ئەنجامبدات و بیخاتە ڕوو، دەبێت ژیانی مسۆگەر بێت- پشتگیری لە قسەکەی دایکم کرد و گوتی " کاتێك جەنابت فیکر و خەیاڵت نیگەران بێت، ئایا دەتوانیت کاری رۆژانەی خۆت بەباشترین شێوە ئەنجامبدەیت؟ ". دایکم گوتی" نەخێر ". ( ئاغای قودسی باوك )

گوتی" قسەکەی منیش ئەوەیە. هەمووان چاوەڕێی ئەوە لە مامۆستا دەکەن کە بە باشی وانەبڵێتەوە و زانیارییەکانی خۆی فێری ڕۆڵەکانیان بکات. ئەمە مافی ئەوانە، بەڵام ئەگەر کاتێك ئەو لە بەرامبەر قوتابییەکان دەوەستێت و دەیەوێت وانەبڵێتەوە، ئەکەوێتە بیری کرێی خانوو، ناتوانێت بە شێوەیەکی باش وانەبڵێتەوە. مامۆستاش وەکوو کەسانیتر دەیەوێت لە بەرهەمی ڕەنج و ماندوێتیەکەی، سوود و قازانج وەرگرێت، بەڵام چی دەستدەکەوێت؟ مووچەیەکی کەم و بوودەڵە، کە بەشی بەرێوەبردنی ژیانی ناکات ! مامۆستا کاتێك لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە، دەبێت پشوو بدات، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی دواتر ئامادە بێت. بەڵام کاتێك پاش قوتابخانەش ناچار دەبێت وانە بڵێتەوە و بە ماندوێتی و ناڕەحەتی بچێتە سەر جێگاکەی، ئایا وزە و هێزێکی تێدا دەمێنێت کە بە دڵ و گیانەوە لەسەر کارەکەی بەردەوامبێت؟ ". باوکم گوتی" ئەم کێشەیە تەنها بۆ توێژی مامۆستایان نییە. منیش پاش ساڵانێکی زۆر کارکردن بۆ دەوڵەت، ناچاربووم لە کاتی خانەنشینیدا کاربکەم، بۆ ئەوەی ژیانم بەرێوەبەرم ". (کامەران ) یش ڕای خۆی دەربڕی کە " وڵاتی ئێمە بەستراوە بە وڵاتانی ترەوە و شوێنی گەشەو پێشکەوتن بۆ تاکەکانی نییە ".

قسەکانیان ماندو و بێزاری کردم. حەزم دەکرد بگەڕێمەوە ئەو دونیایەی کە کاتژمێرێك لەمەو پێش تێیدابووم. ( کاوە ) زانی کە بێزار بووم و پرسی" ( مینا خانم ) حەزت لە قوتابخانە تازەکەیە؟ ".گوتم "خراپ نییە، بەڵام وا دەزانم کە ئامادەییە کۆنەکەم باشتر بوو ". ( کامەران ) هاتە ناو قسەکانمان و پرسی" ئەمساڵ دیپلۆم وەردەگریت؟ ". لە باتی مندا دایکم گوتی" نەخێر، ساڵێکیتر دیپلۆم وەردەگرێت " (کامەران) پرسی " جەنابت وانەت لەگەڵ براکەم هەیە؟ ". گوتم " نەخێر، بەداخەوە ئەو شانازی و خۆشبەختییەم پێنەبڕا، تا کەڵك لە ( ئاغای قودسی ) وەربگرم ". ( کامەران ) ڕووی کردە ( کاوە ) و پرسی " بۆچی؟ " ( کاوە) گوتی" هێشتا بەرنامەکان دیار نییە و یەکلانەبۆتەوە. لەوانەیە وەك ساڵی ڕابردوو کۆرسی یەکەم وانەی بیرکاری و کۆرسی دوهەم وانەی ئەدەبیات بڵێمەوە، هێشتا دیارنییە " وتە و قسەکردنەکەی زۆر ئارام و هێمن بوو. چۆن دەکرا کە لە یەك کاتدا بەرگەی ئەم دوو

کەسایەتییە دژیەکە بگرم؟ بڕوا بە کامەیان بکەم، بەوەی کە ئەو پیاوێکی میهرەبان و ڕۆمانتیکە، یان ئەوەی کە ئەو پیاوێکی وشك و ملهوڕ و تووڕەیە؟ ( کامەران) پرسی" حەزدەکەیت لە داهاتوودا ببی بەچی؟ ". منیش لەو بڕوایەدا بووم کە ئەو مالّی لەگەلّ ( دادگا )دا لیّ تێکچووە و تووشی هەلّە بووە و وادەزانێت من تاوانبارم، کە بە بەردەوامی پرسیاردەکات. گوتم" دەبیّ ببم بە پزیشك" چونکە بەشەکەم زانستییە، بەلاّم حەز دەکەم ببم بە مامۆستای ئەدەبیات و پەشیمانم لەوەی کە ئەم بەشەم هەلّنەبژاردووە. بەلاّم گرنگیش نییە چوونکە ناگەمە هیچکام لە ئاواتەکانم ". ( کامەران ) بە سەرسوڕمانەوە پرسی" بۆچی وا بیردەکەیتەوە کە سەرکەوتوو نابیت؟ ". بە بیّ ئیرادە گوتم" چونکە تەمەنم ناگاتە ئەو کاتە و ئەوەندە ناژیم ". میوانەکان سەریان سوڕماو دەمیان داچەقاند ! ئەم قسەیەم دایکم و باوکمی هەژاند و کاریتێکردن. دایکم گوتی" ئەوە دەلّێی چـــــی؟ ". ویستم بلّێم ئەم قسەیەم بە بیّ ئیرادە لە دەم دەرچوو کە ( شکوە خانم ) پێکەنی و گوتی" بە زۆری کچەکان لەم تەمەنەدا تووشی ئەم جۆرە هەستکردنانە دەبن " لە هەندێك حالّەتدا هیوای ژیانیان دەبڕێت. ئەمە سەردەمێکی زووتێپەڕەو زووش فەرامۆشدەکرێت. بەڕای من هۆکاری ئەم نائومێدییە تەنهایی کچەگەنجەکانە. نەبوونی سەرگەرمی و هاودەم، گەنجەکان بێزار و خەمباردەکات. ( مینا خانم )یش بۆ ئەوکاتانەی کە بێکارە دەبیّ سەرگەرمییەك بدۆزێتەوە و خۆی پێوە خەریك بکات ".

دایکم وەکوو پشتگیری لە قسەکانی ( شکوە خانم ) گوتی" قسەکانی جەنابت ڕاستە، ( مینا ) هەم تەنهایە و هەم زۆریش هەستیارە. ئەم کچە لە تیکەلّبوون و هاودەمی ڕادەکات و تەنها هۆگری دیوانە شیعرەکەی خۆیەتی. ئەو لەگەلّ منیشدا کە دایکیمی کەم قسەدەکات و زۆربەی کات خۆی لە ژوورەکەی زیندانیکردووە. ( مینا ) تەنها دلّی بە یەکێك خۆشە و ئەویش ( مەرسدە )یە. لەگەلّ ڕۆیشتنی ئەویشدا زیاتر لە جاران تەنها کەوتووەو هەتا ڕەتکەمەوە، بەلاّم ( ئاغای قودسی ) دەستپێشخەری کرد و پرسی " کەواتە بە ناچاری

هاتووی و لەگەڵ ئێمەشدا دانیشتووی، وانیە؟ ". گوتم" بە پێچەوانەوە، زۆریش خۆشحاڵم کە ئێوە لێرەن. دایکم تۆزێك زیادەڕۆیی کرد ".

( کامەران ) ڕووی کردە ( کاوە ) و گوتی" جەنابت پرسیارێکت کرد کە جگە لەمە هیچ وڵامێکی تری نەبوو. ( مینا خانم ) لە ترسی بەیانی قوتابخانەو پۆل ناچارە کە بڵێت لە بینینی ئێمە خۆشحاڵە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دوای ڕۆیشتنی خۆمان هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشێت ". دایکم لەگەڵ گوتنی "خۆتان خاوەن ماڵن، ئەمە چ فەرمایشتێکە ". ئیشارەتێکی بۆ کردم کە جارێکیتر چا بگێڕم.

ئەم جارە وریابووم، نەوەك قژم بکەوێتە ناو پیاڵەکەوە. کاتێك دانیشتم ( کاوە ) گوتی " لاموایە لەم ئامادەییەشدا چەند دۆستێکت پەیدا کردووە، من بە زۆری لەگەڵ یەکێك لە کچەکان دەتبینم ".گوتم "بەڵێ، هاوڕێیەکم دۆزیوەتەوە، ئەویش وەك من تازە هاتووە ". ( شکوە خانم ) گوتی" لەگەڵیدا تێکەڵی بکە و هاتووچۆش دامەزرێنە، بەم جۆرە، تۆش تەنها نابیت ". گوتم" هاوڕێکەم خێزانێکی پڕبیانوویان هەیە. ڕێگەی تێکەڵبوونی نادەنێ. من نامەوێت وتەکانی دایکم ڕەتکەمەوە، بەڵام بەو جۆرەش تەنها نیم کە دایکم باسیدەکات. من تەنهاییم خۆشدەوێت و ئەو کاتانەش کە بێئیشم، پەڕتووك دەخوێنمەوە.(ئاغای قودسی ) دەزانێت کە قەبارەی پەڕتووکەکانی ئەمساڵمان چەند گەورەیە و دەرفەتی بیرکردنەوە نارەخسێت. بۆ ئەوەی کە لەبیری مندان زۆر سوپاسگوزارم ". دەمویست ئەم بابەتە کۆتایی پێبێنم. وامدەزانی کە بەم وتارخوێندنەوە کۆتاییەی من، بابەتی گفتوگۆکە دەگۆڕێت، بەڵام بەداخەوە وایلێنەهات و ( ئاغای قودسی ) گوتی " جەنابت وتت کە کەش و هەوای پەروەردەی ئامادەییە کۆنەکەت لەم ئامادەییە باشتر بووە" دەتوانم بپرسم بۆچی وا بیردەکەیتەوە؟ ". گوتم"مەبەستی من قوتابییەکانە، لەم ئامادەییەدا بە پێچەوانەی ئەو بەڵێننامەیە کە لێمان وەرگیراوە، قوتابخانەکە زیاتر لە هۆڵی مۆدیلات دەچێ و ڕواڵەتی قوتابییەکانی لە قوتابی ناچێت. مەبەستم ئەوەیە کە لەم قوتابخانەیەدا قوتابییەکان زیاتر بایەخ بە ڕووخساری خۆیان دەدەن و هەتا بەبێ هیچ ترسێك لەپۆلدا نینۆکەکانیان

مانیکۆردەکەن، بەڵام قوتابخانە کۆنەکەم ئاوا نەبوو. هەڵبەت لەبەرئەوەی ئەو قوتابخانەیە لە چوارچێوەیەکی سوونەتی و ئایینیدا بوو. زۆربەی قوتابییەکان بە سادەیی دەهاتن بۆ قوتابخانە و ئارایشت دەنگوباسی نەبوو. لەویٚ هیچ بەڵێننامەیەك لە قوتابی وەرنەئەگیرا، بەڵام خۆیان رەچاویاندەکرد. من واگوماندەکەم کە بەرێوەبەرایەتی ئەم قوتابخانەیە، ئەو سام و زەبرەی، کەپێویستە هەیبێت، نییەتی و قوتابییەکانیش لەم خۆشڕەفتاریە خراپ کەڵك وەردەگرن ".

( ئاغای قودسی ) گوتی" هەر قوتابییەك ئەبێت خۆی رێز لە یاساکان بگرێت. رێزگرتن و رەچاوکردنی یاساکان هێمای کەسایەتی ئەو قوتابییەیە. جەنابت ئەگەر شتی وات بینی کە پێچەوانەی رێساکان بوو، دەبێت پێیانڕابگەیەنیت و رێنماییان بکەیت. ئەرکی تۆ تەنها بێدەنگکردنی پۆل و هۆبەکە نییە، ئەم کارەش پەیوەندی بە جەنابیشتەوە هەیە ". گوتم" بۆ ئەوەی ئەو کاتە بە چاودێرێکی وشك و ملهوڕ لە قەلەم بدرێم؟ " پێکەنی و گوتی" جەنابت وەك سەرپەرشتی پۆل دەبێت رێگە لە ناارامی و یاساشکێنی بگرێت. ئەگەر ئەمڕۆ لە بەرامبەر رەفتارە نارەواکانیان نەوەستی، بە دڵنیاییەوە، بەیانیش لە پۆلەکەی جەنابتدا لادانێکی تریش روودەدات.جەنابت ئەگەر هاورێی ئەوانی، رێنماییان بکە و هەڵەکانیان بۆ راستکەرەوە. ئەگەر بە گوێیان کردی ئەو باشتر، ئەگەریش نا بەرێوەبەر ئاگادارکەرەوە و دڵنیاشبە بەرێوەبەرایەتی قوتابخانە پەیگیری ئەو مەسەلەیە دەبێت ".

ئەو راستی دەکرد و دەبوایە من بەرگیریم لەو کارانە بکردبایە. من لەبەر ئەوەی کە بە کەسێکی وشك و بەدڕەفتار لە قەڵەم نەدرێم، رێگەم پێیان دابوو بە سەربەستی هەر ئیشێك کە ئارەزووی خۆیانە ئەنجامی بدەن. ( کامەران) ئاگای لە من بوو و بە گوتنی( زۆر بیری لێ مەکەرەوە ) منی راچڵەکاند. (ئاغای قودسی باوك ) یش گوتی" هەر کاتێك ماسی لە ئاو بگریت تازەیە ". ئەو بە وتنی ئەم پەندە قسەکانی بەرەو لایەکیتر برد و منی رزگار کرد.

وتوێژەکانیان لەسەر کێشەی گەنجان بەردەوام بوو. بەڕای باوکم کیشەی گەنجان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئایین دوورکەوتوونەتەوەو بە هۆی نەبوونی زانیاری لەسەر دین،تووشی کێشە بوون.(ئاغای قودسی باوك )یش هۆکاری ئابووریی بۆ زیادکرد و، لە ئەنجامدا بێ ئایینی و هەژاری وەك هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەی گەنجان ناسران و ( شکوە

خانم )یش بە خویندنەوەی هۆنراوەی (ئەوەی ڕەنج نەکێشێ گەنجینەی دەست ناکەوێ) کۆتایی بە گفتوگۆکە هێنا.

کاتی خواحافیزی، تا بەردەم دەرگاکە ڕەوانەمانکردن. ( ئاغای قودسی ) لەگەڵ مندا هاو هەنگاو بوو. بە هێواش گوتی" ژیان جوانە، دەبێ جوانتر بکرێت. هەوڵ بدە خەزان و پیری و مەرگ وەلاوە بنێیت و بیر لە شتە باشەکان بکەیتەوە. بیر لە بەهار و گوڵ و سەوزایی بکەرەوە ". گوتم" بەلاّم ئەو قسانە بە بێئیرادە لە دەمم هاتنە دەرەوە، بڕوام پێ بکە ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی" بڕوا دەکەم منیش وەکوو دایکت لەو باوەڕەدام کە تەنهایی کاری کردۆتە سەرت. لە ماڵ برۆ دەرەوە و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی هاوڕێکانتدا تەنهایی فەرامۆشکەو ئەم خاڵەشت لە یاد بێت کە هەمووان تۆیان خۆش دەوێت و خۆشبەختی تۆیان دەوێت. منیش هاوڕێتم و ئارەزووی تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم و بە هیوای خۆشبەختی و سەرکەوتنی تۆم ".وتەکانی ( ئاغای قودسی ) گیانمی گەرمکردەوە، گوتم" زۆر سوپاس و هەوڵیش دەدەم ئامۆژگاریەکانت لە گوێبگرم و کاریان پێبکەم ". لەگەڵ گوتنی ( شەو شاد )، لە یەکتر جیابوینەوە. ( ئاغای قودسی باوك )یش کاتی خواحافیزی ئێمەی بۆ شەوی پێنج شەممە داوەت کرد. باوکم ویستی داوەتەکە ڕەتکاتەوە کە ( شکوە خانم ) گوتی " تکاتان لێ دەکەم بیانوو مەهێننەوە و شەوی پێنج شەممەش (کەتایۆن )ی کچیشم دێتەوە و حەز دەکەم ئەو و ( مینا ) لەگەڵ یەکدا ئاشنابن ". باوکم ئیتر هیچی نەگوت و وادەی پێنج شەممە دانرا.

کاتێك چوومە ژوورەکەم، هاوکات چرای هەردوو ژوورەکە داگیرسا. دانیشتم و کەمێك پەرتووکم خوێندەوە. لاموایە ئەویش هەمان کاری دەکرد. لەگەڵ ڕاگەیاندنی کاتژمێر دوانزە، هەردووکمان چراکانمان کوژاندەوە و چووینە سەر جێگاکانمان.

بەیانی بۆ هێنانی پەراوی ئامادەبوونی قوتابیان چوومە ژووری مامۆستایان. ئەو هاتبوو و لەگەڵ یەکێك لە مامۆستایان قسەیدەکرد. بە بینینی، دڵم ئارام بۆوە. نازانم بۆچی بینینی ئەو ئاسوودەیی پێ دەبەخشیم؟پەراوەکەم هەڵگرت و بەرەو پۆل کەوتمەڕێ. بیرم لەو بابەتە

دەکردەوە کە چۆن مرۆڤ دەتوانێت هەم لەگەڵ هاوکێشەکانی بیرکاری خەریك بێت و هەم باسی شیعر و غەزەلیش بکات؟ پاشان ( خەیام )م بیر کەوتەوە کە هەم لە بیرکاریدا خاوەن را بوو، هەم لە شیعریشدا.

لەگەڵ چونە ژوورەوەم بۆ پۆل، وتەکانی ( ئاغای قودسی )م کەوتەوە یاد. دوو لە قوتابییەکان خەریکی ئارایشتی پرچیان بوون بە دەنگێکی بەرز هاوارم کرد " خەریکی چین؟ ئێرە پۆلە یان ئارایشتگا؟ ئێوە ئەو خۆشرەفتارییەی من دەقۆزنەوە و هەر کارێك کە ئارەزووتان بێت ئەنجامی دەدەن. تکایە بڕۆن دانیشن و ئەمەش دواجارتان بێت. ئەگەر جارێکیتر ببینم کە لە پۆلدا، پرچتان رێکدەکەن یان نینۆکەکانتان مانیکۆر دەکەن، چاوپۆشی ناکەم و ناوەکانتان دەدەمە دەست بەڕێوەبەر، ئیتر خۆتان دەزانن ". لەو بە گۆڕاچوونەوەیەی من هەردووکیان سەریان داخست و لەسەر جێگاکانیان دانیشتن. بێدەنگی پۆلەکەی داگیرکرد. لەگەڵ هاتنەژوورەوەی مامۆستای بیرکاری لەسەر جێگاکەم دانیشتم. مامۆستا گوتی" تکایە ئەم نموونانە بۆ قوتابییەکان شیکار بکە ". پاش شیکارکردنی هاوکێشەکان داوام لێکرد بچم دەستم بشۆم. ئاوەکە لە تەنیشت حەوشەکە بوو. باران نم نم دەستی بە بارین کرد.دەستم شت و بۆنێکی ئەو خۆڵەم کرد کە باران تەڕیکردبوو. سەرم رووەو ئاسمان بەرز کردەوە، لە هەمان کاتدا چاوم بە پەنجەرەکەی قاتی سەرەوە کەوت و بینیم کە ( ئاغای قودسی ) لە پشتی شووشەکەوە تاماشای من دەکات. سەرم بە هێمای سڵاوکردن لەقاند و ئەویش بە هەمان شێوە وڵامی دایەوە. کە زەنگ لێدرا، لەگەڵ ( مەریەم ) چووینە حەوشەوە و لە حانوتی قوتابخانەکە هەر یەکەمان پوفەکێکمان کڕی. ( مەریەم ) حەزیدەکرد بگەڕێینەوە بۆ پۆل بەڵام من نارازی بووم و پاڵمدابوو بە ستوونی تۆڕی بالەکەوە. حەزم نەدەکرد لە سەیرکردنی دیمەنی ئەو باران بارینە بە سەر گەڵازەردەکانی پاییزدا بێبەش بم. گەڵایەکم هەڵگرت و سەیری سوورایی و زەردییەکەم دەکرد. (مەریەم ) گوتی" سەرمات دەبێ ؟ ". گوتم" گرنگ نییە، حەز دەکەم ئەم هەوایە بۆن کەم. سەیر کە چ دیمەنیکی جوانە !" گوتی " دەبینم، بەڵام جگە لە من و تۆ کەس لە حەوش نییە. سەروپرچمان بەتەواوەتی تەڕبووە. وەرە بڕۆینەوە بۆ پۆل ". دەستم بۆ گرتنی دڵۆپەکانی باران درێژ کردبو و رووومەتم رووەو ئاسمان بەرز کردبۆوە. دڵۆپە وردەکانی باران رووخساریان دەشوشتم. (مەریەم ) قۆڵی

گرتم و بەرەو پۆل ڕایکێشام. چاوم بە ژووری مامۆستایان کەوت، ئەوم بینی کە خەریکی چا خواردنەوە بوو. حەزم لە چاکرد و بە ( مەریەم )م گوت" خۆزگە پیاڵەیەك چام پێبوایە ". ئەویش سەیرێکی ژووری مامۆستایانی کرد و هەر بەو شێوەیە کە منی لەگەڵ خۆیدا رادەکێشا گوتی" ئێمە لە باتی چا، بارانمان خواردەوە، وەرە بڕۆین ". لە ناخمدا ئاگر ێك هەڵگیرسابوو، هەتا دڵۆپەکانی بارانیش گەرماکەی دانەدەمرکاندەوە. پرچمان بە تەواوەتی تەڕ بووبوو. هەنگاوەکانم سست و بێهەست بوون و ئەمەش خێراییەکەی ( مەریەم )ی کەمدەکردەوە، کاتێك چووینە ناو ڕێڕەوە گەورەکە، ( مەریەم ) بەرلەمن چووە پۆلەوە. ( خانمی ئەفشار ) ! لە بەردەم دەرگای پۆلەکە دەنگی ( ئاغای قودسی )م بیست کە بانگیکردم. ئاوڕمدایەوە و لە بەرامبەریدا وەستام. گوتی" تا لەم کەش و هەوا باراناویەدا پیاسەکردن ژیرانە نەبوو ". گوتم"دەزانم، بەڵام دەمویست رقەبەرایەتی هەتاو بکەم ". بە ناباوەریەکەوە پرسی"بۆچی هەتاو؟ " گوتم" چوونکە کاتێك هەتاو دەردەکەوێت هەموان زیندوو دەبنەوە و گیانێکی تازەیان دێتەوە بەر، دەڵێی بە تەنها هەر هەتاوە کە ژیان بە خەڵك دەبەخشێت، بەڵام هەتاو بە بێ بارانی مەرگ دەمرێت. کاتیك باران دەبارێت خەڵك لە دەستی ڕادەکەن، لە گەشەکردن ڕادەکەن. مەگەر بارانیش ڕەحمەتی خوا نییە؟ کەواتە بۆچی لە دەست ڕەحمەتی خوا ڕادەکەن؟ " هەندێك لە قوتابییەکان بە سەر سوڕمانێکەوە سەیریان دەکردین. پرسی" لە هەتاو بێزاری؟ گوتم" نەخێر، بەڵام کەشوهەوای باراناویم زیاتر خۆشدەوێت ". قاچێکی خستە سەر پلیکانەکان و دیسانەوە پرسی "کەواتە پاییزیشت لە بەهار زیاتر خۆشدەوێت! " سەرم داخست و گوتم" بەڵێ ". گوتی" بە هەر حاڵ وریای خۆت بە سەرمات نەبێ ". ئەمەی گوت و لە پلیکانەکان سەرکەوت. منیش بە خۆشحاڵییەوە چوومە پۆلەوە. ئیتر هەستم بە خەموخەفەت نەدەکرد و بڵێسەی ئاگرەکەم دابەزیبوو. ( مەریەم ) تیشکی خۆشحاڵی لە چاوانم دی و پرسی"ئەوە چۆن بوو کە لەپڕ خۆشحاڵبووی؟ ". گوتم " هیچ، باران خەموخەفەتەکەمی شت و لەگەڵ خۆیدا بردی ". لەگەڵ هاتنەژوورەوەی مامۆستای ئینگلیزی قسەکانمان نیوە ناتەواو مایەوەو وانە دەستپێکرد.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــــی ٧))

دوو مانگ لە ڕۆیشتنی ( مەرسدە ) تێپەڕیوەو لەم ماوەیەشدا دوو جار تەلەفۆنی کردووە. لەگەڵ گەیشتنی یەکەم نامەی زۆر خۆشحاڵ بووم. نوسیبووی :

سلاّو لە چاکەکان و ئازیزانی لە گیان شیرینترم. پێش هەمووشتێك داوای لێبووردن دەکەم بۆ ئەوەی درەنگ نامەم نووسی. بە هەمان شێوە کە لـە تەلەفۆنیـشدا پێمڕاگەیانـدن، لێـرە ئیشوکارەکەم ڕووبەڕووی هەندێك تەنگو چەڵەمە بۆوە کە بـە یارمـەتی خـوا چارەسـەرکرا و ئێستاش هەموو شتێك ڕێکوپێکەو منیش بە خەیاڵێکی ئاسوودە نامەدەنووسم. دەبێ (مینا )ش داوای لێبووردنەکەم لێ قبووڵ بکات، بۆ ئەوەی پەیمانەکەم شـکاند. ئێـستاش، ئەگـەر ڕێگەم بدەن، دەچمە سەر پوختەی باسەکە. من و ( فەرەیـدون ) بـە سـەلامەتی گەشـتینە ( هیندوستان ) و لەلایـەن دوو لـە هاوڕێکـانی پێـشوازیمان لێکـرا. هـەمووومان ڕۆیـشتین بـۆ ئاپارتمانەکەی ( فەرەیدون)، ئاپارتمانێکی بچووك و جوان بـوو، هـەر ئەوشـەوە لەگـەڵ چەند هاوڕێیەکی تری ( فەرەیدون ) ئاشنابووم، کە یەکێکیان مامۆستای زانکۆکەی خۆمـان بـوو، وانەی ئەدەبیاتی فارسی دەڵێتەوە. لێرە جێگای ( مینا ) خاڵییە، پیاوێکی بەهەست و سۆز وئەدەبدۆستە. بەڕەچەڵەك هیندییە، بەلاّم وەك خۆمان فارسی قسەدەکات. بـەیانی لەگەڵیـدا ڕۆیشتین بۆ سەیرکردنی شار. جێگای هەمووتان خاڵی! سەردانێکی ( تـاج مەحـەل)یشمان کرد. باسکردنی ( هیندوستان ) بەم نامەیە نابڕێتەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە ( تاج مەحەل ) زۆر خۆش بوو، بێ ئێوە ناخۆش، بـە تایبـەت ( مینـا ). ئارامگایـەکی زۆر جوانـە، هـەر

Scanned with CamScanner

لەوێشەوە سەردانی چەند فرۆشگایەکمان کرد و بێ ئێوە ناخۆش، خواردنی نیوەڕۆشمان لە ریستورانتێك خوارد. چێشتێکی تیژ بو و منیش نیوەناتەواو دەستم لێهەڵگرت. (مینا ) گیان ! من خەیاڵی کڕینی دوودەست جلو بەرگی ( ساری [٦] )م هەیە، بە ئۆمێدی خوا، کاتێك بەهار هاتەوە لەگەڵ خۆمدا دەیانهێنمەوە. ( فەرەیدون ) دژی ئەم دەستبڵاوییەی منە، بەڵام من بڕیارمداوە کە بیانکڕم بۆ خۆمان و هەر دەشیانکڕم. باوك و دایکی ئازیزم! ئێوەشم فەرامۆش نەکردووە، هەر چەند دەزانم کە تەنها ئاواتی ئێوە سەرکەوتنی منداڵەکانتانە، بەڵام تکاتان لێدەکەم کە نزامان بۆ بکەن" چونکە پێویستیمان بە نزای خێری ئێوەیە. لە بیرمچوو کە ئەحواڵتان بپرسم. کچە فەرامۆشکارەکەتان ببورن. ئۆمێدەوارم هەمووتان لە پەنای خوای گەورە تەندروست و بێوەی بن و کاتەکانتان بە باشی بەسەر بەرن. زۆر بیرتان دەکەم. (فەرەیدون )یش زۆر سلاوتان لێدەکات. وادەزانم کە نامەکەی ئەویش هاوکات لەگەڵ نامەکەی من بە دەستتان دەگات. زۆر سلاو لە هاوڕێیان و خزمان بکەن، بە تایبەت ( شیدە ) و پورم. نامەکەش زۆر درێژ بۆوە، ببورن. (مینا)! تۆش لە منەوە فێربە و نامەیەکی ئاوا دوور و درێژم بۆ بنووسە. لەم ڕێگا دوورەوە هەمووتان ماچ دەکەم. ئەوەی کە هەموو کاتێك لە بیری ئێوەیە،" مەرسدە" ولامی بە پەلە و بە پەلە

لە خوارەوەی نامەکە نووسرابوو :

( مینا ) هەموو ڕووداوەکانی قوتابخانەکەتم بۆ بنووسە. پەنجەرەکەش لە بیر مەکە.

پاش خوێندنەوەی نامەکە دایکم فرمێسکەکانی سڕی و پرسی " مەبەستی لە پەنجەرە چیە؟" پێکەنیم و گوتم" هیچ نییە نهێنییەکی نێوان من و ( مەرسدە ) یە ". دایکم بەردەوام بوو" هەر لە ئێستاوە دەشێت ئەو بە جلو بەرگی سپی پزیشکییەوە وێنابکەین ، زۆرباش بوو کە سەرکەوت. هیوادارم تۆش وەکو ئەو، بە ئارەزووی خۆت بگەیت ". ئەو

---

[٦] جۆرێك لە جلوبەرگی ئافرەتانەی هیندییە.

Scanned with CamScanner

قسەیەی بێهیوایی و نا ئومێدیی ڕەواندەوە. دایکم گـوتی" ئەگـەر کاتـت هەیـە، هەرچـی زووترە وڵامی نامەکەی بۆ بنووسە، با لە چاوەڕوانیدا نەمێنێتەوە. بـۆی بنووسـە کـە ئێمـە هەموومان باشین و نزای بۆدەکەین ". گوتم " خـۆت بینووسـی باشـتر نییـە؟ ". جـارێکیتر فرمێسك لە چاوانی هاتە خوارەوەو گوتی " من کەی هێزی نوسینم هەیە؟ دەترسم نامەکـەم بە هەست و سۆزەوە بنوسرێت و نیگەران و نارەحەتی بکات. تۆ لـە لایـەن مـن و باوکتـەوە بینووسە ". ڕازی بووم و بۆ نوسینی نامەکە چوومە ژوورەکەم. کاغەز و پێنوسم هـەڵگرت و نوسیم :

سلاو لە تۆ و لە تاقە براکەم. هیوادارم تەندروستیتان بـاش بێـت و ئـەم کۆرسـەش بـە سەرکەوتوویی تەواو بکەن. لە کاتی نوسینی ئەم نامەیەدا، ڕۆژی ماڵاوایەکـەمانم کەوتـەوە یاد. چەند بە سۆو بەئێش بوو دوایین خواحافیزی! چەند خەمبار بوو ئاسمان! دلۆپەکانی باران هاوکات لەگەڵ فرمێسکەکانمان دەبارین. دەگریاین، هەم ئێمەو هەمیش ئاسمـان، جۆگەیـەکی باریکی فرمێسك لەسەر پانتایی ڕووخسارمان لێژ بۆوە و کـاتی دەربڕینـی ( خواحـافیزی ) بوو بە ڕووبارێك. ئەو کاتە کە ڕۆیشتی کاتیش ڕایکرد و ڕۆیشت، بـەلام لـە کـۆلانی ئێمـە تێنەپەڕی و ئێمە هێشتا چاو لە ڕێگای ئێوەین. بە ئومێدی ئـەو ڕۆژەی کـە بەسـەربەرزی و خۆشحاڵییەوە بگەڕێنەوە.

لە کوێ دەستپێبکەم ؟ لە ڕۆژی یەکەمی قوتابخانەوە ؟ بەڵێ باش" لەو ڕۆژەوە دەست پـێ دەکەم. ڕۆژێك کە دەرگایەکی ڕۆشنایی لە ڕووی من کرایەوە. بەیانییـەك کـە ئاسمـان هـەور بوو، بەرەو قوتابخانە کەوتمەڕێ و لە میانەی ڕێگـادا بـاوکم هـاوڕێی بـۆ دۆزیـەوە. سـەرت سوڕنەمێنێ، ئەوان دوو کچ بوون، کە هەر لەو ئامادەییە دەیانخوێند. لەگەڵ ئەو دوو کـچەدا چوومە ناو قوتابخانەو ئەو قوتابخانەیەی کە دەبێ ماڵی دووەمی من بێـت. هـەموو شـوێنێك پاك و خاوێن بو و تەلارەنوێیەکە سلاوی لە تەلارەکۆنەکە دەکرد و پردی دۆستایەتیەکەیان بە توندی دەپاراست. پۆلەکەی من، ڕووناکەو پەنجەرەیەکی ڕووەو هەتاوی هەیە. من نامۆ بـووم و لە تەنیشتمەوە کچێك دانیشتووە، وەك خۆم بێناو. لە ناو ئەو هاتوهاوارەی قوتابییەکاندا، تەنها من و ئەو بە بێدەنگی و خامۆشی سەیری دیمەنەکەمان دەکرد. هەردووکمان لـە یـادی

Scanned with CamScanner

ئەو هاوڕێیانەدا بووین کە بە جێمان هێشتبوون. یەکێکمان دەبوایە ئەم بێدەنگییەی بشکاندبایە. من، بە گوتنی" تۆش قوتابی نوێیت؟" ئەم بێدەنگییەم شکاند. کاتێک دەستەکانمان، بەمەبەستی هاوڕێیەتی پێکەوە، گووشران، ئەمن و ئەویش ئیتر تەنها نەماین. ناوی ( مەریەم ) بو و ڕوومەتێکی جوانی وەك (مەریەمی عەزرا[7])ی هەبوو. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی سەر کاروان بێدەنگی زاڵ بوو بە سەر پۆلەکەدا. لە نیوان هەمووان تیر و پشك بە ناوی منەوە دەرچوو. " بووم بە چاودێری پۆل." چۆن بنووسم کە چ شوێنێکە؟ هەم گەورەیەو هەم ئەوەندەی کاروانێك قوتابی تێدایە. هەموو ڕۆژێك لە بەیانییەوە تاکوو خۆرئاوا بە وانەکانمەوە خەریکم. قەبارەی پەرتووکەکان گەورەیە، خۆت باش ئەزانی. ( شیدە ) و پوریشم زۆر باشن، بەلآم بۆ ( شیدە ) چاو لە ڕێگایی زۆر دژوار و سەختە.

ئێستاش دەگەینە من و کۆلآن. من و ئەو پەنجەرەیە ! دەمەوێ لەگەڵت ڕاستگۆ بم، کەواتە بڕوام پێ بکە. بڕوا بکە کاتێك کە شەو، کۆلآن مات و بێدەنگە، ڕووناکی پەنجەرەیەك ژیانی پێ دەبەخشێت. بڕوا بکە کە هێلەکانی پاییزی سەرپەردەکەم ڕەنگو بۆی بەهار دەگرن. بڕوا بکە کە هەتا لە پشتەوەی پەنجەرەی داخراویشەوە دەکرێت هەست بە ژیان بکەی، دەکرێت شەو ببینیت و ڕازونیازی لەگەڵدا بکەی. پەنجەرەی بەرامبەر هی مامۆستایەکە کە فێر دەکات و گیان و دەروونی تەنها گەوهەری فێرکردنی تێدایە. ئەو هەزاران فەرسەخ لە دونیا خەیالآویەکەی منەوە دوورە. خەیاڵت ئاسوودە بوو؟ دەزانم کە دەڵێیت ( تۆ هێشتا منداڵی )، لەوانەشە تۆ ڕاست بکەیت و من هیشتا منداڵ بم. ئەو ئەمساڵ مامۆستای من نییە. ئایا ئەمەش بێشانسی و بەدبەختی من نییە؟ شۆخیم کرد، تورە مەبە. (شیدە)ش زیاتر لەو کاتەی کە ئێوە لێرە بوون، سەردانماندەکات و هاودەمێکی باشە بۆ دایکم. پێموایە تا ڕادەیەك جێگا بەتاڵەکەی تۆی پڕکردۆتەوە. زۆربەی شەوان (ئاغای قودسی) دێت بۆ بینینی باوکم و، پێکەوە گفتوگۆدەکەن. هەڵبەت ( ئاغای قودسی باوك )، گومانی خراپ

---

٧ مەبەستی حەزرەتی مەریەمی دایکی مەسیحە.

مەکە. بە گشتی هەموو شتێك باش و ڕێکوپێکەو منیش بەرامبەر بەو بەڵێنەی کە لە بارەی وانەکانمەوە داومە وەفادارم. بۆ جلوبەرگە (ساری) یەکەش زۆر سوپاستدەکەم، بەڵام منیش وەکو ( فەرەیدون) پێمباشترە پارەکەت بێسوود سەرف نەکەیت، چونکە پێویستت پێی ئەبێت. نامەکەی منیش درێژ بۆوەو ئیتر کاغەزەکەش شوێنی سپی نەماوە، ئێستا ڕازی بوویت؟ باوك و دایکیشم سەلامتان لێدەکەن و دەڵێن وریای خۆتان بن. لەم ڕێگا دوورەوە ماچتان دەکەم و چاوەڕوانی نامەکانتانم.

" مینا "

نامەکە تەواو بوو. بردمە خوارەوە بۆ ئەوەی پیشانی دایکمی بدەم، ئەو لە ئاشپەزخانە بوو. نامەکەم بە سانسۆر کراوی بۆ خوێندەوە. هەر کاتێك لە خوێندنەوەکە وێستەمدەکرد ناوچەوانی دەدا بە یەکدا و دەیپرسی " ئەمە چۆن نووسیوتە خۆشت ناتوانی بیخوێنیتەوە ". زەردەخەنەیەکم کردو گوتم " بەڵام (مەرسدە ) دەتوانێ بیخوێنێتەوە، نیگەران مەبە ".

نامە کۆتایی هات و دایکم گوتی " خۆزگە بتنوسیبایە ئەگەر پێویستی بە شتێك هەبوو بۆمان بنووسێت یان تەلەفۆن بکات ". گوتم " ئەو کچێکی ژیرەو خۆی ئەوە دەزانێت ". گوتی " ئەو هەموو کاغەزە سپییەت ڕەشکردۆتەوە تەنها چەند ڕستەیەکت بۆ خوێندمەوە. چیت نووسیوە کە ناتەوێ من بیزانم؟ ". گوتم " باسی قوتابخانەکەم کردووە ئەگەر بڕوا ناکەیت خۆت بیخوێنەرەوە ". نامەکەم بەرەو ڕووی گرت، وەری نەگرت و گوتی " حەز ناکەم ئەو شیعرە خەماوییانەی بۆ بنووسیت ". گوتم "دایەگیان، دەزانم، دڵنیا بە شتێك نانووسم نیگەرانی بکات ". سەرێکی بادا و هیچی نەگوت.

بەیانی پێش ئەوەی بڕۆم بۆ قوتابخانە، نامەکەم بۆ پۆستکرد. بە هیچ شێوەیەك تاقەتی چوونەقوتابخانەم نەبوو. دوو ڕۆژ بوو کە بە بەردەوامی باران دەباری. هەستم دەکرد لە کۆتایی دونیا نزیکبوومەتەوە. لەم یەك ئاوازییەی ژیان بێزار بوومەو تا کەی دەبێت ئەم ڕێگایە ببڕم و بگەڕێمەوە؟ دایکم لێی پرسیبووم "نیازی ڕۆیشتننت نییە؟ " وتبووم با، بەس پێموایە

تەندرووستیم باش نەبێت. دەستی خستبووە سەر ناوچەوانم و گوتبووی " (تا)ت نییە، لەوانەیە سەرمات بووبێت " گوتبووم، سەرمام نەبووە، بەڵام ئەم کەش و هەوایە خەمباری کردووم و، ئەو پێکەنیبوو، گوتبووی " بەڵام تۆ عاشقی کەشوهەوای هەوری و بارانـاوی بوویت. چی بووە ئێستا گلەییلێدەکەیت؟ ). گوتبووم، من نم نمی بارانم خۆشدەوێت، نەك بە خوڕ بارینی. ئێستاش بێوچان دەبارێت و بێزاریکردووم ). ئەو لەو کاتەدا کە ژوورەکەمی بە جێهێشتبوو، گوتبووی " بە هەر حاڵ، ئەگەر دەزانیت تەندرووستیت باش نییە لەسەر جێگاکەت بمێنەوە، تا خواردنێکی سادەت بۆ دروستبکەم". تاقەتی مانەوە لە ماڵیشم نەبوو، بۆیە جلو بەرگەکەم لەبەرکردو کەوتمەڕێ.

کاتێك گەیشتمە قوتابخانە، ( مەریەم ) لەپێشدەرگا چاوەڕێیدەکردم. بە چەترەکەی دەستیەوە ڕووەو من ڕایکردو پرسی " ئەورۆ بۆ درەنگ هاتی ؟". گوتم " تەندرووستیم باش نییە ". سەیرێکی ڕووخساری کردم و گوتی " ڕەنگیشت هەڵبزڕکاوە، لەوانەیە سەرمات بووبێت ". گوتم " دایکیشم هەر لەو بڕوایەدا بوو. لەوانەیە هەر دووکتان ڕاستبکەن. دەکرێ داوات لێبکەم ئەورۆ تۆ پۆل بەڕێوە بەریت؟ ". ڕازی بوو و هەردووکمان بەرەو پۆل کەوتینەڕێ.

( مەریەم ) ڕۆیشتە ژووری مامۆستایان و پەڕاوی ئامادەبوونەی قوتابییانی هێنا. قوتابییە کان زانییان تەندرووستیم باش نییەو ( مەریەم ) کارەکانم ئەنجامدەدات. لەسەر جێگاکەم دانیشتم و سەرم خستە سەر مێزەکەوە. سەرم کاس بو و لاجانگەکانم دێشان. قوتابییەکانیش بێ گوێدانە من، دەنگەدەنگ و هاتو هاواریان دەستپێکردبوو.

لەپڕ دەنگیان نەما. کە سەرم بەرز کردەوە، ( ئاغای قودسی )م بینی لەپێش دەرگاکە وەستابوو. هاتە ژوورەوەو بە قوتابییەکانی وت " فەرموون دانیشن ". قوتابییەکان بە جۆرێك بێدەنگ بوون وەك بڵێی هێشتا هەر بە پێوە وەستاون. منیش نەخۆشیەکەم فەرامۆش کردو سامم لێنیشت. ( ئاغای قودسی) ڕووەو تەختەڕەشەکە ئاوڕیدایەوەو بانگی کرد " چاودێر؟ ". لەسەر جێگاکەم هەستامە سەر پێ و گوتم " بەڵێ " سەیری کردم و گوتی "

ئێستا چیتان هەیە؟ ". تاوی دەمم قووت داو ویستم قسەبکەم بەڵام یەکێك لە قوتابییەکان دەست پێشخەری کردو گوتی " مێژووی ئەدەبیات ". بە توڕەییەوە سەیری کردو گوتی " پرسیارم لە تۆ نەکرد ". ئەو بەدبەختەش بە شەرمەزارییەوە سەری داخست. منیش بە سەرسامییەکەوە سەیریم دەکرد، کە جارێکیتر ڕووی تێکردم و گوتی " تکایە هەموو جارێك کە دێم وانەکە لەسەر تەختە ڕەشەکە بنووسە ". گوتم " زۆر باشە ". ئیشارەتی دامێ کە دانیشم و پاشان لە یەکێك لە کچەکانی ڕیزی یەکەمی پرسی " تا کوێتان خوێندووە ؟ ". ( فروغی ) ئەو کچەی کە پرسیارەکەی لێ کرا بوو، پەڕتووکەکەی کردەوەو لاپەڕەکەی پیشان دا. ( ئاغای قودسی ) جارێکیتر لێی پرسی " ئێستا دەبوایە پرسیارتان لێ کرابا، یان وانەتان خوێندبایە؟ ". ( فروغی ) گوتی "ئێستا ئەبێ وانەی نوێ بخوێنین ". ( ئاغای قودسی ) ڕووی کردە هەمووان و گوتی " کەواتە گوێ بگرن".

وانە وتنەوەی دەستپێکرد. دەمتوانی هەست بەوە بکەم کە قوتابییەکان چەندە بێزارن. مامۆستای پێشووی ئەدەبیات خانمێکی جوان و ڕووخۆش بوو، کە قوتابییەکان خۆشیان دەویست. کاتی وانەوتنەوەی ( ئاغای قودسی ) بێدەنگییەکی ڕەها باڵی بە سەر پۆلدا کێشاو، تەنها دەنگی ئەو دەبیسترا. (ئاغای قودسی ) وشەکانی زۆر بە جوانی و ڕەوانی دەردەبڕی و هەندێك زانیاری زیاتریشی لە بارەی بابەتەکەوە دەخستە ڕوو. کاتێك وانەوتنەوەکەی تەواو بوو، بۆ ئەوەی بزانێت قوتابییەکان لە وانەی ڕابردوو تێگەیشتوون یان نا، پرسیاری لە دوو قوتابی کرد و، ئەوانیش لەبەرئەوەی سامێکی زۆریان لێنیشتبوو نەیاتوانی بەباشی پرسیارەکان وەڵامدەنەوەو دانیشتن. هەروا کە هەنگاوی دەنا و بەرەو دواوەی پۆل دەهات گوتی " لە ئەمڕۆ بە دواوە وانەکانی ئەدەبیات خراوەتە ئەستۆی من و هەر بە پێی خشتەی پێشوو بەرەو پێشەوە دەڕۆین. ئەگەر پرسیارێکتان هەیە بپرسن ". قوتابییەکان سەیری یەکتریان کرد و هیچ کامیان پرسیاریان نەکرد. ( ئاغای قودسی ) لە نزیك مێزەکەی ئێمە پشتی کردە پەنجەرەکەو وەستا، دەستەکانی لە دواوە لە یەك گرێداو سەیرێکی مێزەکەی ئێمەی کردو لە (مەریەم)ی پرسی " جەنابت قوتابی نوێیت؟". ترسی قوتابییەکانی تریش کاری کردە سەر (مەریەم). هەستایەوەو ڕووخساری سوور هەڵگەڕا و

Scanned with CamScanner

ولآمی دایەوە " بەڵێ ". پرسیاری تری نەکردو بە وتنی (فەرموو ) مێزەکەی تێمەی بەجێهێشت و لەسەر جێگاکەی دانیشت. پاشان ڕووی کردە (فروغی) و لێی پرسی " هێشتاش هەر وەکوو جاران بە هەست و سۆزەوە دارشتن دەنووسیت؟ ". (فروغی) سەری داخست و گوتی " بەڵێ ". ( ئاغای قودسی ) گوتی " لە کاتی وانەی دارشتن لە بیرت نەچێ یەکەم کەس تۆ دارشتنەکەت بخوێنیتەوە. پێم بلێ بزانم بابەتی دارشتنەکەت لە یادە؟ ". (فروغی) گوتی " بابەتی دارشتنەکەمان بارانە ". ( ئاغای قودسی ) بە خۆشحاڵیەوە گوتی " کەواتە دەبێ دارشتنێکی باشت نووسیبێت. فەرامۆشی نەکەیت تۆ یەکەم کەس دارشتنەکەت بخوێنیتەوە ". (فروغی ) بە وتنی ( بە سەر چاو ) جارێکیتر دانیشت. ( ئاغای قودسی ) هەستاو گوتی " هەمووتان ئاگاداری شێوازی وانەوتنەوەی منن، بەلآم بۆ ئاگاداری قوتابیە نوێییەکان دەبێ بلێم شێوازی وانەوتنەوەی من ئەوەیە کە لە کاتی وانەی دارشتندا نوسینی هەموو قوتابییەك دەکەوێتە بەر شەپۆلی ڕەخنە گرتنەوە. بەو شێوەیە کە یەکێك دارشتنەکەی ئەخوێنێتەوەو ئەوانی تریش دەبێ خاڵە لاوازەکانی دەستنیشانبکەن. ئەگەر ڕەخنەکە بە جێ بێت لە نمرەی نووسەری دارشتنەکە کەم دەکرێتەوە. بەم شێوەیەش ئێوە ناچاردەبن وریای شێوازی نوسینەکانتان بن و پرەنسیب و ڕێساکانی نوسین فێر بن.

لەنوسینەکانتاندا ڕەچاوی ئەم خالآنەی خوارەوە بکەن :

پێشەکیەکی جوان بە کاربهێنن.

ڕستەسازی دەبێ ڕاست و دروست بێت.

لە بە کارهێنانی فرمانەکان وریابن و لە چوارچێوەی بابەتەکە نەچنە دەرەوەو لە کۆتایشدا ئەنجام بنووسن.

هەموو ئەو نمرانەی کە لە پۆلدا وەریدەگرن کاریگەری لەسەر تاقیکردنەوەکانیشتان دەبێت. تێگەیشتن؟ ".

Scanned with CamScanner

هەندێك لە قوتابییەكان بە یەكدەنگ وتیان " بەڵێ " و ئەویش بەردەوام بوو " كەم بنووسن، بەڵام باش و پڕواتا بنووسن ". لەگەڵ دەنگی زەنگ، ( ئاغای قودسی ) گوتی " سەركەوتوو بن " و پۆلەكەی بەجێهێشت.

قوتابییەكان هەناسەیەكی ئاسوودەیان هەڵكێشا و گوتیان " ئۆخەی، ڕزگارمان بوو ". بەڵام یەكێك لە قوتابییەكان بە دەنگی بەرز گوتی " كوا ڕزگارمان بوو؟ تازە سەرەتای بەدبەختییە. فەرامۆشتان كرد پارساڵ چەند بەدبەختی و ناڕەحەتیمان لە دەستی ( ئاغای قودسی ) كێشا؟ لێرە بە دواوە ئیتر نمرەی سفر دەچێتە ناو پەڕاوەكانمانەوە ". ( فروغی ) دەستی كرد بە پاڵپشتیكردن لە ( ئاغای قودسی )و گوتی " بەڵام من خۆشحاڵم ئەو بوو بە مامۆستامان. ئەو دەیەوێت ئێمە بە تێگەیشتنێكی تەواوەوە وانەكان فێربین، نەك بە شێوەیەكی ڕووكەشی. ئەمە كوێی خراپە؟ " هەر ئەو قوتابییە ڕووی كردە (فروغی ) و گوتی "ئەگەر منیش وەك تۆ ئەدەبیاتم بە هێز بوایە پاڵپشتیم لێدەكرد، بەڵام بە داخەوە وا نیم و دیسانەوەش بۆ ئەوەی نمرەیەكی باش وەرگرم ناچارم پەنا بۆ پەڕتووكی داڕشتن بەرم ". من و (مەریەم ) وازمان لەو كێشەیە هێناو پۆلمان بە جێهێشت. ( مەریەم ) گوتی " بەو ڕادەیەش كە قوتابییەكان باسی لێوەدەكەن ترسناك و بەدڕەفتار نییە ". پێكەنیم و گوتم " هاوڕێكەم! بیرت نەچێ من وتۆ تازە هاتووین و وەكوو قوتابییەكانیتر شارەزای نیین، بەڵام دەبێ منیش دان بەوەدا بنێم كە لەگەڵ تۆ هاوبیرم و ئەو بە بەدڕەفتار و وشك نازانم ". ( مەریەم ) گوتی " هەر مامۆستایەك لە وانەكەی خۆیدا بە دوای قوتابییەك ئەگەڕێت كە بە باشی لێی تێبگات. ( فروغی ) ئەگەرچی لە بیركاریدا زیرەك نییە، بەڵام بە ڕاستی ئەدەبیاتی باشە و هەر لەبەرئەوەشە (ئاغای قودسی ) لەگەڵیدا خۆشڕەفتارە ".

پێكەوە ڕۆیشتینە حانوتەكەوەو پوفەكمان كڕی. هێشتا هەڵم نەپچڕیبوو كە لە بڵندگۆوە بانگیان كردم بۆ ژووری مامۆستایان. پوفەكەكەم دایە ( مەریەم ) و گوتم " من دەڕۆم، بزانم چ باسە؟ " ( مەریەم ) تا نیوەی ڕێگا لەگەڵم هات و لە ڕێڕەوەكە لێمجیا بۆوەو، منیش چوومە ژووری مامۆستایانەوە.

## (( بەشـــــــــی ٨ ))

کاتیك رۆیـشتمە ژوورەوە، ( ئاغـای قودسـی )م بینـی پـەرتووکێکی بـە دەسـتەوە بـوو تەماشای دەکرد. چوومە لای مێزی (خانمی بەڕێوەبەر) و گوتم " منتان بانگ کردبـووە؟ ". ( خانمی بەڕێوەبەر ) زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " بانگم کردی پێـت بڵـێم مـن و ( ئاغـای قودسی ) رێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە بەرپرسیارێتی پەرتووکخانەکەش بخەینـە ئەسـتۆی تۆ. پەسەندی دەکـەیت؟ ". گـوتم " هەرچـۆنێك جـەنابتان بفـەرموون ". گـوتی " کەواتـە رازیت. لەورۆ بە دواوە، تۆ بەرپرسـی پەرتووکخانەکـەو پاراسـتنی پەرتووکـەکانیت. ئەگـەر پەرتووکێك ون ببێت، یان بە دڕاوی وەربیبگریت، خوت بەرپرسیاریت. کاتێك پەرتووکەکانیان دەدەیتـێ بیریانبخـەرەوە کـە بـە بێدەسـتکاری و لـە کـاتی دیـاریکراودا بیگەڕێننـەوە بـۆ پەرتووکخانە. هیچی لێـدەزانیت؟". گـوتم " بـەڵێ. لـە قوتابخانـە پێـشووەکەشم بەرپرسـی پەرتووکخانە بووم. لەوکارە شارەزام ". بە خۆشحاڵییەوە گـوتی " باشـتریش، کەواتـە لـەم کارەدا بێئەزموون نیت. ئێـستاش لەگـەڵ ( ئاغـای قودسـی) بـڕۆ بـۆ پەرتووکخانـە، ئـەو شتەکانی ترت پێدەڵێت ".

لەگەڵ ( ئاغای قودسی ) ژوورەکەمان بە جێهێشت. ( ئاغای قودسی ) هەمان پـەرتووکی بە دەستەوە بوو کە لە ژوورەوە دەیخوێندەوە. پێکەوە لە پلیکانەکان سەرکەوتین. قوتابییەکان سەیری ئێمەیان دەکرد. لە نزیك هۆڵی وتارخوێندنەوە وەستاین و لە نێـوان دەسـتە کلیلێـك، یەکێکیانی جیاکردەوەو دەرگای هۆڵەکەی کردەوە. کورسیەکان بە رێکو پێکی رێکخرابوون و چەند پۆستەرێك و نەخشەیەکی گەورەی ئێران لەسەر دیوارەکە بەر چـاو دەکـەوت. لـە دوای

Scanned with CamScanner

دواوەی هۆڵەکە لە تەنیشت سەکۆکەوە دەرگایەکی تری لێبوو، (ئاغـای قودسـی ) ئەویشی کردەوەو خۆی لادا بۆ ئەوەی من لەپێشدا بچمە ژوورەوە. پەرتووکخانەکە زۆر گەورە نـەبوو و دوو ڕیز مێزو کورسی تێدابوو. (ئاغای قودسی ) گوتی "پەرتووکخانەیەکی بـچووکە، بـەلاّم پەرتووکی باش و بە کەلکی تێدایە. من لەو کاتـەوە کـە لـەم قوتابخانەیـە وانـە دەڵێمـەوە، بەرپرسـیارێتی پەرتووکخانەکەشـم لـە ئەسـتۆگرتووە و هەوڵمـداوە ئـەو پەرتووکانـە بـۆ قوتابییەکان کۆبکەمەوە کە لە بواری پەروەردەییدا باشترین سوود و کەڵکیان لێوەردەگیرێت. وەرە پێشەوەو سەیریان کە ". ڕەفەکان ژمارەیان لەسەر دانرابوو و هەر ڕەفەیەك تایبـەت بـە بابەتێك بوو- زانست، جوگرافیا، مێژوو، ئەدەبیاتی کۆن و هاوچەرخ - هەروا کـە خـەریکی سەیر کردن بووم پرسیم " ئەم پەرتووکخانەیە ڕۆمانی تێـدا نییـە؟". لـە بـاتی وڵاّم دانـەوە پرسی " چ ڕۆمانێك؟ ". گوتم "ڕۆمانی نووسەرە گەورەکان. من پێموایە قوتابییەکان زیـاتر تامەزرۆی خوێندنەوەی ڕۆمانن ". گوتی "ئەمە ڕای هەموو کچەکانە، یان تەنها ڕای خۆتـە ". گوتم " نازانم بۆ هەموویان، بەلاّم پێموایە زۆربەیان لایەنگری ڕۆمانن ". کـەمێك چـووە ناو فیکرەوەو گوتی " بەلاّم کەسیان لەم بارەیەوە هیچیان پێ نەگوتووم ". گوتم " لەوانەیـە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە پەرتووکە زانستییەکان زیاتر ئەهلی لێکۆڵینەوە دەیانخوێننەوە نەك توێـژی لاوان و قوتابیـان. ئەگـەر پەرتووکخانـە کۆمەڵـە ڕۆمـانێکی نووسـەرە گـەورەکانی تێدابێت، تۆکمەو تەواوتر دەبێت و من بەڵێنت دەدەمێ ژمارەی خوێنەرانی ئـەم قوتابخانەیـە زیاتر دەبێت ". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " بیر لەو پێشنیارەت دەکەمەوە، بە دەربڕینـی ئەم بیروڕایەت بۆم دەرکەوت کە تۆش لە دەستەی خوێنـەرانی ڕۆمـانی نـەك خـۆت ووتـەنی دەستەی لێکۆڵەرانی زانست ". گوتم " من حەزم لەهەردووکیانە، بەلاّم بە هەمان شێوە کـە فەرمووتان، زیاتر هۆگری ڕۆمانم. دەکرێت پرسیاربکەم بۆچی منتان بۆ ئەم کـارە هەڵبـژارد؟ ". بە لالێوێکەوە پێکەنی، گوتی " لەبەرئەوەی کە ( فروغی ) هـیچ کـات تەنهاییـەو لـە هاودەمی و تێکەڵبوونی کەسانیتر پارێز ناکـات، بـەلاّم تـۆ تـەنهایت، بـە لایـەنی کـەم لـە هاودەمی پەرتووك کەڵك وەرگرە ". بە گاڵتەپێکردنێکەوە گوتم " هەڵێنجانت لـە قـسەکەی دایکم بە جۆرێکە،وادەزانی من مرۆڤ نـیم و لـە دەسـت مرۆڤـەکان ڕادەکـەم. ئەگـەر هـۆی

هەڵبژاردنی من ئەوەیە، دەبێ بڵێم جەنابت زۆر هەڵەیت. ڕاستە کە من حەزم لە پەرتووک خوێندنەوەیە، بەڵام... ". قسەکەی پێ بریم و گوتی "مەبەستم ئەوە نەبوو، ئامانجم ئەوە بوو بە خوێندنەوەی زیاتر، زانیاری فراوانترت سەبارەت بە دونیا دەستکەوێت و بەپووچی نەزانیت ". بە سەر سوڕمانەوە پرسیم " جەنابت لە کوێ دەزانیت من دونیا بە پووچ دەزانم؟ ". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " ئەو شەوە کە هاتین بۆ ماڵتان، تۆ بە خەتێکی گەورە لەسەر ڕۆژنامەکە نووسیبووت - ژیان پووچە- منیش بە بێ ویست و ئیرادە بەر چاوم کەوت و خوێندمەوە. ئێستاش دەمەوێت ئەو هەلەت بۆ بڕەخسێنم کە بە خوێندنەوە، چاوی دڵت بکەیتەوەو ببینیت کە دونیا نەپووچەو نە بێهوودەشە. ئێستا لە مەبەستەکەم تێگەیشتی؟ ". گوتم " بەڵێ، تێگەیشتم، بەڵام دەبێ بڵێم من زۆر پابەندی ئەو شتە نیم کە نووسیومە ". گوتی " کەواتە بڕوات بە چی هەیە؟ ". سەرم داخست و گوتم "نازانم ". دیسانەوە زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " مرۆڤی بێ باوەڕ، گومڕایە ". تەماشایدەکردو ئەویش بەردەوامبوو " دەبێ لە ژیانتدا بڕوات بە شتێك هەبێت. بڕوات بە بوونی خوا هەیە؟ ". گوتم " بەڵێ ". پرسی " ئایا بڕوات بەوە هەیە کە ئەم جیهانە بە بێ هۆ دروستنەکراوەو پاش ئەم دونیایە دونیایەکی تریش هەیە؟ ". گوتم " بەڵێ، بڕوام بەو دونیا و ڕۆژی دوایی هەیە ". پرسی "ئایا باوەڕت بەوە هەیە کە ناردنی پێغەمبەرەکانی خوا بۆ تەواوکاری و بەرزکردنەوەی پلەو پایەی مرۆڤەکان بووە، بۆ ئەوەی شێوازی باشتر ژیانیان فێر بکەن ؟ ". گوتم "بەڵێ". پێکەنی و گوتی " کەواتە تۆ مرۆڤێکی بێباوەڕنیت، بەڵام کردەوەت نییە، واتە کار بەوشتە ناکەیت کە بڕوات پێی هەیە. ئەگەر پابەندی بیروباوەڕەکان بیت، ناڵێیت دونیا پووچ و بێهوودە دروستبووە ". گوتم " من نەمنوسیبوو دروست بووە، بەڵکوو نووسیبووم پووچە. چوونکە سەرەنجامی ژیان مەرگە ". زەنگ لێدراو ( ئاغای قودسی ) لەگەڵ ئەوەشدا کە کتێبێکی لە ناو ڕەفەکە دادەنا گوتی "ئێمە دەبێ زیاتر لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەین و ڕەگ و ڕیشەی ئەم نائومێدیە بدۆزینەوە ". دەرگای پەرتووکخانەی داخست. بە پێکەنینەوە گوتم " جەنابت لە هەڵبژاردنی من بەبەرپرسی پەرتووکخانە تووشی هەڵەبوویت ". ئاوڕی دایەوەو

گوتی " من هیچ کاتێك لە هەڵبژاردندا تووشی هەڵەنابم. مـن تـەواو تـۆم ناسـی، ئینجا هەڵمبژاردی و دەزانم کە دەتوانی ئەو کارە بگریتەئەستۆ ".

قوتابییەکان ڕۆیشتبوونە پۆلەوە. ( مەریەم ) پرسی " ئەوە لە کوێ بووی؟ ". گوتم " لـە پەڕتووکخانە، لەم ساتەش بە دواوە، من بەرپرسی پەڕتووکخانەم ". بە شـۆخییەوە گـوتی " چاك لە دڵی ( خانمی بەڕێوەبەر ) جێگای خۆتت کردۆتەوە. هێشتا نەگەشـتوویتە جـێ، هـەم بووی بە چاودێر و هەمیش بەرپرسی پەڕتووکخانە ". گوتم " چونکە گەیەنەرێکم هەیە ". بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردم و پرسی "گەیەنەرەکەت کێیە؟ ". گوتم " ( ئاغای قودسی ) ". چاوی داچەقاندو دووپاتی کردەوە " (ئاغای قودسی)؟". گوتم بەڵێ ( ئاغای قودسی ). ئـەو هەم مامۆستامەو هەم دراوسێشمانە. ئێمە هاتووچۆی خێزانیمان پێکەوە هەیـە ". گـوتی " گاڵتەمەکە ". گوتم " گاڵتەناکەم و قسەکەشم ڕاستە ". پرسی "بۆچی زووتر نەتگوت کـە ( ئاغای قودسی ) دەناسی؟ ". گوتم " چونکە پێویـستی نـەدەکرد، پـێش ئـەوەی ببێـت بـە مامۆستامان، تەنها دراوسێمان بوو، بـەڵام ئێـشتا مامۆسـتاشمە. خێزانێکـی میهرەبـان و خۆشڕەفتارن " بەڵام ڕەفتاری خۆی لەماڵەوەش هەر وایە کە دەیبینیـت. بـە ڕای ئـەو، مـن قوتابیم نەك ناسراو ". پێکەنی و گوتی " بەڵێ تۆ ناناسێت. لە هەڵبژاردنەکەی دیارە. ئاخر کچێ بۆ دەتەوێ من وا تێبگەیەنی کە هیچ هەست و سۆزێك لە نێوانتاندا نییە ؟ ". گوتم " چونکە هەر لە ڕاستیدا هیچ هەستوسۆزێك لە نێوانماندا نییـە ". دەسـتی گـرتم و گـوتی " دەزانم، ویستم شۆخیت لەگەڵ بکەم. ڕەفتارو ڕووخساری ( ئاغای قودسی ) بە شێوەیەك نییە کە دڵی هیچ کچێك بلەرزێنێت، بەڵام ئەگـەر ئەمـە دەربـارەی ( ئاغـای ئـەدیبی ) بوایـە، بڕوامپێنەدەکردی، چونکە هەم قۆزەو هەم میهرەبانیشە". گوتم " لەوانەیە مـن دواتـر حـەز لەوانەگوتنەوەی بکەم " حەزناکەم تۆ وا بیر بکەیتەوە کە مـن... ". قـسەکەی پـێ بـڕیم و گوتی " دەزانم دەتەوێ چی بڵێیت. لە لایەن منەوە دڵنیا بە. خۆم پارساڵ عاشقی مامۆستای کیمیا بووم. ئەو دڵ پێدانەی منیش لە بەر ئەو خۆشەویـستییە نـەبوو کـە بەرامبـەر خـۆی هەمبوو، بەڵکوو لە بەر شێوازی وانەگوتنەوەکەی بوو ". گوتم " خۆمان کاتـژمێرێك زیـاتر وانەمان لەگەڵیدا نەبووە، لەم کاتژمێرەشدا شەیدای وانەوتنەوەکەی نەبووم، بەڵام بـۆ دواتـر؟

نازانم". (مەریەم) پێکەنی و گوتی " لە پۆلدا سام و ترسێکی وەهای دروستکرد ! کاتێک لێی پرسیم قوتابی نوێیت، ئەوەندەی نەمابوو ببورێمەوە ". گوتم "ئاگام لێبوو، ئەوەندە سوور هەلگەڕابووی، گوتم ئێستا دەبورێتەوە ". دای لە قاقای پێکەنین و گوتی " لەوانەیە رۆژێك بێت منیش وەك تۆ عاشقی ببم. چوزانی؟ ". گوتم " تکات لێ دەکەم ئەم ناسراویەی ئێمە ئەوەندە گەورە مەکەو، لە (کا)، کێو دروستمەکە ". گوتی " من دەمویست ئەمە بە تۆ بلێم. پێتبلێم کە کارەکانی (ئاغای قودسی ) ئەوەندە گەورەمەکەو قسەکانی بە ئاسایی وەرگرە. ئەوە لە قازانجی تۆیە. مامۆستاکان قوتابییەکانیان وەك منداڵێك لە قەڵەمدەدەن کە پێویستییان بە میهرەبانی و لاواندنەوە هەیە. ئەگەر قوتابی وابیربکاتەوە کە مامۆستاکەی بە چاوێکی تایبەتی سەیریدەکات، فێرکردن و قوتابخانە واتای خۆی لە دەستدەدات. تۆ بە بێ پاڵپشتی مامۆستاکانیش هەر سەرکەوتوودەبیت، چونکە قوتابییەکی زیرەکی و سەرنجیان ڕادەکێشیت. نابێت وا بیربکەیتەوە کە ئەوان هەموویان خۆشەویستییەکی تایبەتییان بەرامبەر تۆ هەیەو خۆشویستنەکەیان مەبەستێکی لەپشتەوەیە ". پێکەنیم و گوتم " سوپاسی ئەو وەبیرهێنانەوەیەت دەکەم، بەلاّم من دەڵێم هیچ کاتێك ناکەومە ژێر کاریگەری هەستوسۆزەوەو براکەم گوتەنی - من لە سینەمدا دڵم نییە - بەلاّم دەمەوێت داواتلێبکەم ئەگەربینیت هەستوسۆز کاریتێکردم، بیرمبخەیتەوە. حەزناکەم تەنانەت یەك هەنگاویش ڕووەوە تراویلکە بنێم ". پرسی " ئەوکات لێمناڕەنجێی؟ ". گوتم " گوێمەدەرە ڕەنجانی من، لەگەڵ ئەوەشدا کە زوو دەڕەنجێم، بەلاّم لۆژیکیشم قبوڵە. تۆ من دەخەیتەوە یادی (مەرسدە)ی خوشکم، ڕێك وەك ئەو وایت و بەم قسە دژیەکانەت وەکوو ئەو ڕەفتاردەکەیت ". بە ڕەزامەندیەوە زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " ئێستا کە وەکو خوشکت وام، مافی ئەوە بە خۆم دەدەم ئامۆژگاریتبکەم و هەڵەکانت بخەمە پێشچاوت. ئیتر چ پێتخۆش بێت و چ پێتناخۆش بێت ". هەردووکمان پێکەنیین.

Scanned with CamScanner

مـامۆ سـتای زانـستمان نـەهاتبوو و ئـەم نەهاتنەشـی بووەهـۆی شـادی و خۆشـحاڵی قوتابییەکان، چونکە بڕیار وابوو ئەمڕۆ تاقیکردنەوەی زانـستمان هـەبێت. کـە ئـەو نـەهات هەستام و لەسەر جێگاکەی دانیشتم و قوتابییەکانم هێمنکردەوە.

ڕێڕەوەکە کەسی تێدا نەبوو. بە قوتابییەکانم گوت کە ئارام بگرن تا مـن دەڕۆم بـۆ ژووری مامۆستایان و دەگەڕێمەوە.

( خانمی ڕێکخەر ) پێی ڕاگەیاندم کە ( ئاغای سەلیمی ) نایەت و خۆم پـۆل بەڕێوەبـەرم. کاتێك دەگەڕامەوە بۆ پۆل بڕیارم دا کەمێك سەرو دڵی قوتابییەکان بگرم. هەر کـە چـوومە ژوورەوە گوتم "پێنوس و کاغەزەکانتان بخەنە سەر مێز، ئێستا ( ئاغای سـەلیمی ) دێـت ". قوتابییەکان بە وتنی (ئەیهاوار) کاغەزەکانیان دەرهێناو چاویان بڕییـە دەرگاکـەوە. خۆشـم لەسەر کورسی مامۆستا دانیشتبووم. دڵم نەهات لەوە زیاتر نیگـەرانیان بکـەم، پێکـەنیم و گوتم " خەیاڵتان ئاسوودە بێت مامۆستا نایەت ". ئەوانیش بە بیستنی ئەم هەواڵە هەستانە سەر پێ و کاغەزەکانیان فڕێ داو پۆل تێکچوو. گوتم " ئەگەر وا بکەن ناچار دەبم پرسـیارتان لێبکەم. ئارام بن و بۆ خۆتان پەڕتوك بخوێننەوە". لەگەڵ دەنگی لێدانی دەرگاکە هەموویان هەناسەیان ڕاوەستا، وایانزانی ( ئاغای سەلیمی) دێتە ژوورەوە. کاتێك دەرگاکەم کردەوە بـە بینینی بابا ( فەڕاش )ی قوتابخانە هەناسـەیەکی ڕەحـەتیان هەڵکێـشاو دەسـتیانکردەوە بـە قسەکردن. بابای قوتابخانە گوتی " ( خانمی ئەفشار ) بـڕوات بـۆ پەڕتووکخانـە". گـوتم " ( ئەفشار ) خۆمم ". گوتی ( خانمی بەڕێوەبەر ) فەرمووی بچیت بۆ پەڕتووکخانە. یەکێك لـە هۆیەکانی پۆلی شەشەم مامۆستایان نەهاتووە دەیانەوێت پەڕتووك بخوێننەوە". بە گـوتنی ( زۆر باشـە ) ڕۆیـشتمە سـەرەوە. بابـا دەرگـای پەڕتووکخانەکـەی کردبووەیـەوەو چـەند قوتابییـەکیش لەسـەر مێزەکـە خـەریکی خوێندنـەوە بـوون. دووانـی تـریش سـەیری پەڕتووکەکانیان دەکرد. لەگەڵ چوونە ژوورەوەم سەرنجی منیان دا. منیش هـەمان پـەڕتووکم هەڵگرت کە ئەو ڕۆژە (ئاغای قودسی ) بـە دەسـتیەوە بـو و لەسـەر کورسـیەکە دانیـشتم. پەڕتووکی ( شێوازی هاوڕێ دۆزینەوە ) ی ( دیل کارینگی ) بوو.

Scanned with CamScanner

یەکێك لە قوتابییەکان لێیپرسیم " تۆ بوویت بە بەرپرسی پەڕتووکخانە؟ ". گوتم " بەڵێ ". گوتی " وابزانم ئەمساڵ هاتوویتە ئەم ئامادەییە، وانیە؟ ". دیسانەوە گوتم " بەڵێ ". یەکێکی تریان پرسی " تۆ لەگەڵ (خانمی بەڕێوەبەر ) هیچ پەیوەندیەکی دۆستایەتیت نییە؟ ". گوتم " نەخێر ". پرسی " ئەی لەگەڵ (ئاغای قودسی ) ؟ ". دیسانەوە گوتم "نەخێر ". هەمان کچ بە لووت بەرزییەکەوە سەیریکردم و گۆشەی چاوی تەسککردەوەو پرسی " کەواتە بۆچی تۆیان هەڵبژارد ؟ گوایە لە تۆ باشترو چاکتر لەم قوتابخانەیە دەستنەدەکەوت؟ ". گوتم " هیچی تیایە کە من بەرپرس بم ؟". گوتی " بڵێم چی، پارساڵ ئەم پەڕتووکخانەیە کەش و هەوایەکی تری هەبوو، بەڵام ئەمساڵ ساردو بێگیانە ". لە توانجەکەی تێگەیشتم، بەڵام خۆم کرد بە نەزان و گوتم " بەڵام سۆپای پەڕتووکخانەکە داگیرساوەو ئێرەش زۆر گەرمە". جارێکیتریش گۆشەی چاوی تەسککردەوەو گوتی " مەبەستی من گەرمای پەڕتووکخانە نەبوو، مەبەستم بوونی جەنابتە ". گوتم " ئا، ئێستا تێگەشتم. کەواتە تاوانەکە لە منە نەك لە سۆپاکە. من نازانم ساڵی ڕابردوو کێ بەرپرسی ئەم پەڕتووکخانەیە بووەو ناشمەوێت بزانم، بەڵام پێتاندەڵێم من ئەم کارەم لە ئەستۆ گرتووەو ناچارن بە بوونی من لێرە قایل بن“ ئیتر چ سارد بێت و چ گەرم ".

قسەکانیان تووڕەی کردبووم. هەر لەبەرئەوەی کە ساڵێك لە من گەورەترن مافی ئەوە بە خۆیاندەدەن کە خۆیان لە من بە گەورەترو سەرتر بزانن و بە هەر شێوەیەك حەزیان لێیەتی قسەم لەگەڵ بکەن و هەتا گاڵتەشم پێبکەن. یەکێکیان پەڕتووکەکەی بە قایمی کێشا بە سەر مێزەکەداو گوتی "ئێرە هەر ناوی پەڕتووکخانەیە، پەڕتووکێك شایانی خوێندنەوە بێت نییەتی ". پرسیم " جەنابت ڕۆمان دەخوێنیتەوە ؟ ". سەیرێکی کردم و پرسی " بۆچی ؟ ". گوتم " چونکە جگە لە ڕۆمان هەموو پەڕتووکێکمان هەیە. ئەگەر حەزت لە ڕۆمانە، دەبێ پێتان ڕاگەیەنم کە تا چەند ڕۆژێکیتر ڕۆمانیش دەکڕن و لە پەڕتووکخانە دایدەنێن". خۆشحاڵیەکی زوو تێپەڕم لە ڕووخساری هەستپێکرد، بەڵام ئەو زوو دەمامکێکی خستە سەر ڕووخساری وەك بڵێی هیچ جیاوازیەکی بۆ ئەو نەبێ و گوتی "مەبەستی من پەڕتووکی

ڕۆمان نەبوو، من زۆربەی ئەم پەڕتووکانەم خوێندۆتەوە. بە دوای پەڕتووکی نوێدا دەگەڕێم ". پەڕتووکەکەی خۆمم هەڵگرت و دام پێی و گوتم " ئەم پەڕتووکە نوێیە ". پەڕتووکەکەی وەرگرت و سەیری ناوەڕۆکەکەی کردو بە نەویستنێکەوە لەسەر مێزەکە داینا و گوتی " بیانییە، من نووسەرە ئێرانیەکان بە باشتر دەزانم ". گوتم " بەڵام پەڕتووکێکی بە سوودو فێرکارە. سەبارەت بە هاوڕێ دۆزینەوەیە، بیخوێنەرەوە ". گوتی "پێمگوتی حەزم لە نووسەرە ئێرانییەکانە ". پێشنیاری پەڕتووکی (سەیرو سەمەرەکانی جیهان)م بۆ کرد، ئەویشی ڕەتکردەوەو پرسی "پەڕتووکە نوێیەکان کەی دەگەن ؟ ". گوتم "لە چەند ڕۆژی داهاتوودا. دەبێ ( ئاغای قودسی ) دەرفەتی هەبێت بۆ کڕینیان ". بە لالێویێکەوە پێکەنی و پرسی " تۆ نەتگووت چۆن بۆ ئەم مەبەستە هەڵیانبژاردووی ؟ قوتابییەکان لەو بڕوایە دان تۆ یان خزمی ( خانمی بەڕێوەبەر ) ی یان پەیوەندیەکت لەگەڵ (ئاغایقودسی ) دا هەیە ". گوتم " بەداخەوە بیروڕای قوتابییەکان بێ بنەمایەو من هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ ئەواندا نییە ". پرسی " خوت سەرت سوڕنەما کە بۆچی تۆیان هەڵبژارد نەك یەکێکیتر ؟ ". گوتم " نەخێر. چونکە پێشتریش بەرپرسی پەڕتووکخانە کۆنەکەم بووم. پێم وابوو لە بەر ئەم هۆیە هەڵیانبژاردووم ". بە گاڵتەوە گوتی " بەڵام ئێمە شتێکیتر دەزانین کە تۆ نایزانیت ". گوتم " ئێوە چی دەزانن ؟ ". بە هەمان شێوازی پێشوو گوتی "هەموو قوتابییەکان دەزانن کە ( ئاغای قودسی ) لەگەڵ تۆدا پەیوەندی خێزانیی هەیەو خۆشەویستی و میهرەبانییەکی زۆریشی بەرامبەر تۆ هەیەو هەر لە بەر ئەمەشە کە تۆی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە ".

بە تووڕەییەوە کێشام بە سەر مێزەکەداو گوتم " هەر چۆنێك دەتانەوێت بیربکەنەوە، گرنگ نییە بۆ من. ئێوە هاتوون بۆ ئێرە پەڕتووك بخوێننەوە یان من دادگاییبکەن ؟ ". لە پڕ وازیان لە هەموو پەڕتووکەکان هێناو لە کاتێکدا پەڕتووکخانەکەیان بە جێدەهێشت گوتیان " قسەی ڕاست تووڕەبوونی ناوێ ". حەزمدەکرد هەموو پەڕتووکەکان بە سەروچاویاندا بکێشم . زەنگ لێدراو هاتوهاواری قوتابیان لە حەوشە دەستیپێکرد. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان، هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا، بەڵام ئەوەندە تووڕەبووم حەزمدەکرد ئەو تووڕەییەم بە سەر یەکێکدا بڕێژم. لەو کاتەدا ( ئاغای قەدسی ) هاتە ژوورەوەو پەڕتووکی (

شاهنامەی فیردەوسی ) بە دەستەوە بوو. سەلامە ساردو سڕەکەی من بووە هۆی سەرسوڕمانی و پرسی " ( خانمی ئەفشار ) تەندرووستیت باشە ؟ ". بە بێ ئەوەی سەیری بکەم گوتم " بەڵێ سوپاس".

نەمدەویست ئەو هەوا خنکێنەرە هەڵمژم. گوتم " ئەگەر ئیشت بە من نییە، بڕۆم ؟ ". هەروا سەریسوڕمابوو. تەماشای کردم و گوتی " ئیشم نییە، دەتوانی بڕۆیت ". مەودای نێوان پەرتووکخانەو حەوشم بەڕاکردن بڕی و لە پلیکانەکان چوومە خوارەوەو خۆم گەیاندە حەوشە.

( مەریەم ) لە بەردەم حانوتەکە وەستابوو و چاوەڕێی منی دەکرد. کاتێک گەیشتمە لای ئەو، تووشی هەناسەبڕکێ ببووم. پرسی " بۆچی ڕات کرد؟ ناتوانی لەسەر خۆت بێیت بەڕێوە، تا وات لێنەیەت ؟". گوتم " وازم لێ بێنە، زۆر توڕەم ". پرسی " بۆچی ؟ لەگەڵ ( ئاغای قودسی ) بوو بە دەمەقاڵێت ؟ ". ئەو توانجەی ئەویش توڕەییەکەی زیاتر کردم و گوتم " چ هەڵەیەکم کرد گوتم ( ئاغای قودسی ) دەناسم ". بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردم و پرسی " تۆ چیتە ؟ بۆ ئەوەندە نارەحەتی ؟ ". گوتم "هیچ". گوتی "تکات لێدەکەم، بڵێ چی ڕوویداوە کە تۆی ئەوەندە توڕە کردووە ". ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. دەستیگرتم و گوتی " من هیچ مەبەستێکم نەبوو، تەنها دەمویست شۆخی بکەم. ئەگەر لە قسەکەم ڕەنجاوی، داوای لێبووردنت لێدەکەم ". گوتم " قسەکەی تۆ توڕەی نەکردم، بەڵکو لەوە توڕەم بۆچی نەمتوانی هیچ کارێك بکەم ". پرسی " کاری چی ؟ ". گوتم " ئەوەی کە پەرتووکەکان بکێشم بە سەریانداو توڕەییەکەم نەهێڵم". پێکەنی و گوتی " لە باتی ئەوان توڕەییەکەت بە سەر مندا بڕێژە" ئێستا ئاسوودە بوویت؟". گوتم " بۆچی دەبێ هەندێك کەس خۆیان هەڵقورتێننە ناو ئەو ئیشوکارانەی کە پەیوەندی بەئەوانەوە نییە؟". گوتی " بەڵام پەیوەندی بەوانەوە هەیەو بە مافی خۆیانی دەزانن کە بزانن بۆچی کچێك کە تازە هاتووە، لە باتی ئەوان، بووە بە بەرپرسی پەرتووکخانە ". گوتم " بەڵام من بەویستی خۆم ئەو کارەم لە ئەستۆنەگرتووەو دەبێ هەستیان هەبێت و لەوەتێبگەن ". گوتی " بەدڵنیاییەوە دەزانن کە

تۆ خۆت کاندیدنەکردووە. ئەوان دەیانەوێت بزانن هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە چی بووە؟ ". گوتم " گریمان زانییان، چ سوودێکی بۆ ئەوان هەیە ؟ ". گوتی " هیچ، تەنها مەراقەکەیان نامێنێت. ناتوانی بەرگری لەو کردارەیان بکەیت. لە هەفتەی داهاتووشەوە تاقیکردنەوەکان دەستپێدەکەن و قوتابییەکان سەرگەرمی تاقیکردنەوەکان دەبن، ئیتر کاتی بیرکردنەوەیان نامێنێت لەو کێشانە. ئەو ڕووگرژیەت لابەو چێژ لەم هەتاوە پاییزیە وەرگرە ".

جارێکیتر لەسەرخۆیی و هێمنیەکەی ئەو، منی خستەوە یادی ( مەرسدە ). لە بەر خۆمەوە گوتم (خۆزگە منیش وەك ئەم دووانە بوومایە ). لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵدانەم، نەمتوانی ڕەفتاری ئەو کچانە فەرامۆشبکەم. ئەو ڕق و تووڕەییە هەر لە دڵمدا بوو، حەزمدەکرد بە جۆرێك تۆڵەی ئەو تانەوتوانجەیان لێبکەمەوە.

(( بەشـــــــــی ٩ ))

هەر کەزەنگ لێدرا، ( خانمی بەڕێوەبەر ) لە بڵندگۆوە ڕایگەیاند ( قوتابییەکان ڕیز ببەستن ). ( مەریەم ) گوتی " ئەمجارە چی ڕوویداوە ؟ ". ڕیزەکەی ئێمە ڕێک بەرامبەر ژووری مامۆستیان بوو و هەموو قوتابییەکان دەیانتوانی ژوورەوە ببینن. ( ئاغای قودسی ) جگەرەی دەکێشاو پیاڵەیەك چاشی لە بەردەمدا بوو. ئەو بە بێ گوێدانە کۆبوونەوەی قوتابییەکان لەگەڵ ( خانمی فەسیحی ) گفتوگۆی دەکرد. هەموو قوتابییەکان ( خانمی فەسیحی ) یان خۆشدەویست. قژێکی خورمایی هەبوو، کە جوانییەکی زیاتری بە ڕووخساری دەبەخشی. ساڵی ڕابردوو لە ناو قوتابخانە دەنگۆی ئەوە هەبووە گوایە دەبێتە هاوسەری (ئاغای ئەدیبی )، مامۆستای بیرکاری پۆلی چوارەکان، بەڵام لە پروپاگەندە زیاتر هیچیتر نەبو و هێشتاش هەر سەڵتبوون. لە گفتوگۆی ئەو دووانە دڵم تەنگ بوو. بە (مەریەم) م گوت " دەبن بە هاوسەرێکی خۆشبەخت ". ڕووی گرژکردەوەو گوتی " گومانی خراپ مەبە، ئەوان تەنها دوو هاوکارن و هیچی ترنا ". قسەکەی لەگەڵ دەنگی ( خانمی بەڕێوەبەر ) تێکەڵ بو و (مەریەم) بێدەنگ بوو تا گوێمان لە قسەکانی ئەو بێت. ( خانمی بەڕێوەبەر ) گوتی " ئێوەم کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی پێتانڕابگەیەنم لە بەیانیەوە قوتابخانە دەبێت بە دوو دەوام، بەم پێیەش ئێوە دەبێ هەم بەیانیان و هەم ئێوارانیش بێن بۆ قوتابخانە. ئەو قوتابییانەی ماڵیان لە قوتابخانەوە دوورە دەتوانن خواردن لەگەڵ خۆیان بهێنن و لە قوتابخانە بیخۆنەوە " بەڵام ئەوانیتر دەبێ کاتژمێر دوو لە قوتابخانە ئامادەبن، چونکە ئەو کاتە

زەنگلێدەدرێت. هەندێك گۆڕانكاریش لە خشتەی پۆلەكان ڕوویداوە، چاودێری پۆلەكان بێن و ئەم خشتانە وەرگرن. بیرتان نەچێت ئـەم گۆڕانكاریانـەش بـە ماڵـەوەتان ڕابگەیـەنن. ئـەو بەدووەوامبوونەی قوتابخانەش، لە بەرژەوەندی ئێوەدایە. دەمەوێت ئێوە باشترین كەڵك لـەم كاتانە وەرگرن و بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاریەكانتان تێبكۆشن. ئیستاش فەرموون بڕۆنـە پۆلەكانتان و چاودێرەكانیش بێن بۆ ژووری مامۆستایان ".

قوتابییـەكان بـەرەو پۆلـەكانیان بەڕێكـەوتن و منـیش چـووم بـۆ ژووری مامۆسـتایان. ئامادەبوونی چاودێرو مامۆستاكان لـە ژوورەوە قـەرەباڵخی دروسـتكردبوو. كاتێـك چـوومە ژوورەوە ( ئاغـای قودسـی ) سـەرتا پـێ سـەیرێكی كـردم و بـە بـێ پرسـیار دانیـشت و هەرتەماشایدەكردم. یەكێك لە چاودێرەكانی پۆلی شەشەم لـە تەنیـشتمەوە وەسـتابوو و بـۆ ئەوەی زووتر خشتەكە لـە ( خـانمی بەڕێوەبـەر ) وەرگرێـت، پـاڵێكی بەمنـەوە نـا. منـیش هاوسەنگی خۆمم لە دەستداو ئەوەندەی نەمابوو بەسـەر (خـانمی فەسـیحی) دا بكـەوم. بـە شەرمەزارییەكەوە داوای لێبووردنم لێكردو ئەویش لێوە جوانـەكانی كـردەوەو گـوتی "قـەی ناكات، ئاساییە". ( ئاغای قودسی ) بە نازناوەكەی بـانگی ئـەو كـچەی كـردو گـوتی " ( خانمی نیكنام ) ! وریابە. بۆ پەلە دەكەیت ؟ ". ( نیكنام ) لە باتی ئـەوەی داوای لێبـووردن لە من بكات داوای لێبووردنی لە ( ئاغای قودسی ) كردو كەمێك ڕۆیـشتە دواوە. ( خـانمی بەڕێوەبـەر ) یـش ئاگـای لێبـوو و یەكـەمجار لیـستی پۆلەكـەی ئێمـەی دەرهێنـاو دای بـە دەستمەوەو گوتی " خشتەكە لەسەر تەختەڕەشەكە بنووسە بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش یادداشـتی بكـەن ". وەكـوو سـوپاس كردنێـك لـە ( ئاغـای قودسـی ) سـەیرێكیم كـردو ئـەویش زەردەخەنەیەكی كردو گوتی " ( ئەفشار ) ئەگەر ئەزیەت نییە لە ڕووی خشتەكە ئەو ڕۆژانـە یادداشت بكە كە وانەم لەگەڵ ئێوە هەیەو بۆمبهێنە". بە گوتنی ( بە سەر چاو ) ژوورەكـەم بەجێهێشت.

ئەو كارەی كە بۆی ئەنجام دام، زۆر بەلامەوە گرنگ بوو، چونكە بەو قوتابییەی سەلماند كە مـافی پێـشكەوتن هـی مـن بـووەو ئـەوی تـەمبێ كـرد. پـاش نوسـینی خـشتە لەسـەر تەختەڕەشەكە، كاغەزێكم هێناو ئەو ڕۆژانـەم یادداشـتكرد كـە ( ئاغـای قودسـی ) وانـەی

لەگەڵمان هەبو و ڕۆیشتم بۆ ژووری مامۆستایان. مامۆستاکان ژوورەکەیان بە جێدەهێشت و چاوەڕێمکرد تا ئەویش بێتە دەرەوە. کاتێك هات ڕۆیشتم بۆلای و کاغەزەکەم دایە. سوپاسی کردم و ڕۆیشتە پۆلەوە.

بەهاتنە ژوورەوەی مامۆستای مێژوو ئیتر دەرفەتی ئەوەم نەبوو ڕووداوەکە بۆ ( مەریەم ) باسبکەم، بەلاّم کاتی ڕۆیشتنەوەمان بۆ ماڵەوە، بۆم گێڕایەوە. دەستی خستە سەرشانم و گوتی " ئێستا ئاسوودە بوویت ؟ ". گوتم " هەم خۆشحاڵبووم و هەم ئاسوودە. حەز دەکەم هەموویان بزانن یەك ساڵ جیاوازی پۆل نابێ ببێتە هۆی فیزو لووتبەرزییان ". بزەیەك گرتی و گوتی " کەواتە هەوڵ بدە کاتێك خۆشت چوویتە پۆلی شەشەمەوە، بەفیزولووتبەرز نەبیت ". بە دڵنیاییەوە گوتم "دەیسەلمێنم کە وانلبم ".

( مەریەم ) پرسی " نەتزانی خشتەی تاقیکردنەوەکانمان کەی دەدەنێ ؟ ". گوتم " باسی خشتەی تاقیکردنەوەیان نەکرد. لەوانەیە بەیانی، یان دووبەیانی بماندەنێ. دەبێ خۆمان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادەبکەین ". گوتی " من بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم و نلشزانم بۆچی ناتوانم بەرنامەیەکی باش و ڕێکوپێك بۆ خۆم داڕێژم ". گوتم " ئەگەر حەز بکەیت من بەرنامەکەی خۆمت بۆ دێنم و تۆش بەپێی بەرنامەکەی من کارەکانت ڕێکبخە ". بە خۆشحاڵییەوە پەسەندیکردو گوتی " ئەم میهرەبانی و چاکەیەت هەرگیز لەبیرناکەم ". گوتم " هیچ کارێکم نەکردووە تا سوپاسم بکەیت. زۆرم حەزدەکرد لە بیرکاریدا یارمەتیت بدەم، بەلاّم بەداخەوە ماڵمان لێکەوە دوورە ". گوتی " ئەگەر نزیکیش بووینایە نەمدەتوانی بێمەلات. فەرامۆشت کردووە کە دایکم... ". گوتم " لەوانەیە ئەو کات من بهاتبام بۆ لای تۆ ". لە بەردەم دەرگای قوتابخانەکە وەستاین و ئەو بە خەمبارییەکی زۆرەوە گوتی "هیچ جیاوازییەکی نەبوو. چونکە من هەتا ناتوانم هاوڕێکانم بۆ ماڵەو داوەت بکەم، بەلاّم بە هەر حاڵ مەمنونم ".دەستی گوشیم و ڕۆیشت.

( شکوە ) و ( پەری ) لە بەردەم دەرگاکە وەستابوون. کاتێك ماڵاوایم لە ( مەریەم ) کرد لەگەڵ ئەوان بەڕێ کەوتم. کەمێك ڕۆیشتین و گوتم " ئێوە هەردووکتان پۆلی شەشەمن، بەلاّم

سەرم سوڕدەمێنێت بۆچی لووت بەرز نین و خۆتان بە گەورە نازانن ". سەریانسوڕماو پێکەوە پرسییان "بۆچی؟". بە کورتی ڕووداوی پەرتووکخانەو ژووری مامۆستایانم بـۆ گێڕانـەوە. ( پەری ) بە شۆخییەوە گوتی " ئەگـەر قوتـابی نموونـە نەبوویتایـە ئیرەییـان پێنـەدەبردی ". تەماشامکرد. بەردەوامبوو " تۆ بەجۆرێك لە ناو پـۆلی شەشەمەکانیـشدا دەرکـەوتوویت و ناوت دەرکردووە، کە زۆربەی مامۆستاکانیش باسـتدەکەن و ئومێـدیان پێتـە و بوویتـەهۆی ئەوەی کە هەندێك لە قوتابییەکان ئیرەییت پێ ببەن ". کاتێك بینی هەر بە سەرسـوڕمانەوە سەیری دەکەم درێژەی پێداو گوتی " لەوانەیـە تـۆ خـۆت نـەزانی، بـەلام هـەمووان دەڵـێن لەوانەیە تۆ تاکەقوتابی نموونەیی تاقیکردنەوەکانی پـۆلی شەشـەم بیـت ". گـوتم " هێـشتا ساڵێکم ماوە" چۆن ئەم پێشبینییەیان کردووە؟". پێکەنی و گوتی " ساڵێك کە خۆش بێت، لـە بەهارەکەیـەوە دیـارە. مەگـەر تـۆ بـە درێـژایی خوێنـدنت قوتـابی یەکـەم و نموونـەیی قوتابخانەکەت نەبوویت ؟ ". گوتم " بەڵێ، بووم" بەلام دیار نییە ئاخۆ ئەم دووساڵەش یەکەم دەبم، یان نا. سەرەڕای ئەوەش، قوتابیانی زیرەکیتر هەن. گریمان بووم بـە یەکـەمیش، بۆچی قوتابیانی پۆلی شەشەم دەبێ ئیرەییم پێببەن ؟ ئەوان زووتر لە مـن خوێنـدن تەواودەکـەن ". سەیرێکی کردم و گوتی " دەزانین" بەلام زۆربەی مامۆسـتاکان لـە قـسەکانیاندا بـە نموونـە ناوتدەبەن. ئەمـەش بـۆ هەڵگیرسـانی هەسـتی ئیرەیـی بەسـە. بـەلام ئەگـەر بمانـەوێت لـە ڕەهەندێکی ترەوە سەیری ئەم کێشەیە بکەین، بە ڕای مـن شـتێکی ئاسـاییە کـە پرسـیاری ئەوەیان لێکردووی کە ((کێ تۆی بە بەرپرسی پەرتووکخانەکە هەڵبژاردووە)) ئەگەر خۆشـت لە باتی ئەوان بوویتایە، ئەو پرسیارەت دەکرد. ئەوەش کە ئەوان خۆیان لە تـۆ بـە گـەورەترو سەرتر زانیوە دیسانەوە بە ڕای من ئاساییە، چونکە تۆ لـە پـۆلی چـوارەمەکان گـەورەتری و پۆلی شەشەمەکانیش لە پێنجەمەکان سەرترن. ئەمە پەسەند ناکـەیت ؟ ". گـوتم " بـەڵێ، پەسەندی دەکەم، بەلام ئەوە پەسەند ناکـەم کـە مـافی ئـەوە بـە خۆیـان بـدەن هەرچۆنێك حەزیانلێیەتی ڕەفتار بکەن و لەبەرئەوەی پۆلەکەیان لەوانیتر بـەرزترە، گاڵتەیانپێبکـەن ". ( شکوە ) پشتگیری لە قسەکانم کردو گوتی " گاڵتەپێکردن و سووککردنی مرۆڤەکان کارێکی ڕاسـت و ڕەوا نییـەو، بـە ڕای مـن، ئـەم کـارە لـە ڕق و کینـە دەروونییەکانـەوە

Scanned with CamScanner

سەرچاوەدەگرێت.من بڕوام بەوە هەیە کە درەخت هەرچەند بەری زۆرتری هەبێت سەری زیاتر دادەنەوێنێت. هیچکام لە بیرمەندو زاناکان بەو هەموو زانستەیانەوە، خۆیان لە کەسانیتر گەورەتر دانەدەنا، هاوار بۆ حاڵی خۆمان کە، هێشتا هێماو ڕەمزی ئۆکسیجن نازانین. بەڕای من کارێکی باشت کرد بەرپەرچت دانەوە، چونکە ئەگەر بێدەنگ بوویتایەو لە بەرامبەریان بێهێزیت پیشاندابایە، دڵنیابە ئەم کارەیان دووبارەدەکردەوە. مرۆڤ دەبێ ڕێز لە کەسێك بگرێت کە شایانی ڕێز بێت". ( پەری ) گوتی " من دژی توندوتیژی نیم، بەلاّم دەکریت وەلاّمی زۆرێك لە بەدزمانی و بێشەرمیەکان بە بێدەنگی بدرێتەوە. هەندێك کات بێدەنگی لە خەنجەر تیژتر و بڕندەترە. تۆ بیر لەوە بکەرەوە، ئەگەر یەکێك لەوان وازینەهێنابایەو درێژەی بە دەمەقاڵێکە بدابایە، چیت لێدەهات؟ بە دڵنیاییەوە زیاتر توڕەدەبوویت و مێشکت ماندووتردەبوو، بەلاّم ئەگەر من لە جێگای تۆ بوومایە، لە بەرامبەر یەکەم پرسیاریاندا، بە هێمنی و لە سەرخۆیی دەمگووت " من وەلاّمی پرسیارەکەتان نازانم، ئەگەر زۆریش حەزدەکەن بیزانن، دەتوانن بڕۆن پرسیار لە ( خانمی بەڕێوەبەر )، یان ( ئاغای قودسی) بکەن، بە دڵنیاییەوە وەلاّمی ڕاست و درووست ئەبیستن - بەم شێوازە قسەکردنە تێتدەگەیاندن کە خۆتێهەڵقورتاندن بەسەو خۆتت ڕزگاردەکرد ". بیروڕاکەیم بە دڵ بو و بڕیارم دا ئەگەر جارێکیتر ڕووبەڕووی ئەوجۆرەکەسانە بوومەوە، وایان پێبڵێم، بۆ ئەوەی هەم وەلاّمیانم دابێتەوەو هەم مێشکی خۆمیشم ماندوونەکردبێت. پێکەنین و گوتم " لە ڕێنماییەکانت مەمنونم. لێرە بەدواوە دەزانم چۆن لەگەڵ کەسانی خۆتێکوت و خۆویست ڕەفتاربکەم ". بەگرەمی دەستمیان گوشی کە بۆ خواحافیزی درێژم کردبو و بە گوتنی ( سەرکەوتوو بیت ) ڕێگای خۆیانیان گرتە بەر.

ئەو کزە پاییزیەش دەیکێشا بە ڕووخسارماو فرمێسکمی هێنابووە دەرەوە. هاوکات لەگەڵ گەیشتنی من بۆ بەردەرگای ماڵەوەمان، ئۆتۆمبیلەکەی ( ئاغای قودسی ) ش گەیشت. من زەنگی ماڵەوەم لێداو ئەویش کلیلەکەی دەرهێنا، بۆئەوەی دەرگای حەوشە

بکاتەوەو ئۆتۆمبیلەکەی بەرێتە ژوورەوە. سەرم داخست بۆ ئەوەی ناچار نەبم قسەی لەگەڵ بکەم. دەرگا کرایەوەو منیش چوومە ژوورەوە.

هەر لەسەرەتای چوونە ژوورەوەم بێدەنگی و ئارامی ماڵەوە خەمباری کردم، بەڵام کاتێك دەرگای هۆڵەکەم کردەوە، شەپۆلی کەش و هەوایەکی گەرم، کە بەرەو رووم هات، خۆشحاڵیکردم و بە پەلە رووەو ئاشپەزخانە ڕامکرد. بەبینینی ( دایە خان )، کە لەگەڵ دایکم قسەی دەکرد، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم، هەر بە لیڤێکسەکەوە لە ئامێزمگرت و رووخساریم ماچباران کرد. ئەو بۆنی گەڕەکەکۆنەکەمانی لێدەهات. لە تەنیشتی دانیشتم و بۆنیمدەکرد. بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردم و پرسی " بۆچی بۆنم دەکەیت ؟ ". گوتم " چونکە بۆنی گەڕەکەکەمانت لێوە دێت ". پێکەنی و گوتی "بەڵام من ئەم جلو بەرگەم تازە لە بەر کردووە ". گوتم " کاتێك بە گەڕەکەکەدا تێپەڕیوی بۆنی گرتووە ". بە شۆخییەوە بلوزەکەی بۆنکردو گوتی " من هەستبەهیچ ناکەم ". دایکم گوتی " ( مینا) لەو بڕوایەدایە هیچ شوێنێك ئەوەندەی گەڕەکە کۆنەکەمان بۆنی خۆش نییە ". بە شۆخییەوە پرسی "دڵت بۆ جۆگە پڕ لە لیقاو و چڵپاوەکە تەنگ بووە ؟ ". گوتم " هەم بۆنی جۆگەلەکە، هەم بۆنی گەڵای دارتووەکە، هەم بۆنی... چوزانم دڵم بۆ هەموو شتێکی تەنگ بووە ". پێکەنی و گوتی " بۆ هەموویان جگە لە ( دایە خان ) ". دەستم هێنا بە ڕووخساریداو گوتم " زیاتر لە هەموویان بۆ ( دایە خان ) ". گوتی " بڕوا ناکەم. ئەگەر بیری منت بکردبایە سەرێکتلێدەدام ". گوتم " جا ئەوکات ڕازی دەبوویت لە وانەکانم بکەوم ؟ ". سەری ڕاوەشاندو گوتی " نەخێر، ڕازی نابم، بەڵام بە ڕاستی بیرمدەکردن. لەو کاتەوە ( مەرسدە ) ڕۆیشتووە هەمیشە بە ( مەحمود ) دەڵێم بمهێنێت، بەڵام ڕێکناکەوێت. تا ئەمڕۆ کە گوتم ئەگەر نامبەیت بە پاس دەچم. ڕازی بوو و هێنامی ". گوتم " خۆزگە زووتر کاك ( مەحمود ) ت بترساندبایە، بۆ ئەوەی بیهێنابایت ". گوتی " خەفەت مەخۆ. خۆم ئێرە شارازابووم و جارێکیتر چاوەڕێی ( مەحمود ) ناکەم بمهێنێت، خۆم دێم ". گوتم " با بزانین وا دەبێت؟ ". دایکم پرسی "یەکەمجار چێشت دەخۆیت یان چا ؟ ". گوتم " پیاڵەیەك چا دەخۆم. ئەمڕۆ هەر

Scanned with CamScanner

لە بەیانییەوە حەزم لە چا بوو. تا تۆ تێیدەکەیت، منیش جلەکانم دەگۆڕم ". لیڤێکسەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتمە قاتی سەرەوە.

لەو ڕۆژەوە کە ( شیدە ) پەردەکەی لادابوو بە هەمان شێوە مابۆوە. پەردەی ژووری ( ئاغای قودسی) ش لادرا بوو. لیڤێکسەکەم لەسەر مێزەکە داناو ویستم جلەکانم بگۆڕم کە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە هات. هەڵمگرت دەنگی (ئاغای قودسی ) م بیست. سەلامم کرد. ئەو گوتی " تەلەفۆنم کرد بۆ ئەوەی پێت بڵێم بیرم لەپێشنیارەکەی تۆ کردەوەو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە تۆ ڕاستدەکەیت ". پرسیم " کام پێشنیار ؟". گوتی " سەبارەت بە ڕۆمان. فەرامۆشت کرد ؟ ". گوتم " بەڵێ، بیرمکەوتەوە. دەتەوێ بۆ پەڕتووکخانە ڕۆمان بکڕیت ؟ ". گوتی " بەڵێ و ئەگەر حەز بکەیت پێکەوە پەڕتووکەکان هەڵدەبژێرین، چۆنە ؟ ". گوتم " لەمە باشتر نابێت. کەی دەبێ بڕۆین ؟ ". گوتی " بەیانی، هەر لەقوتابخانەوە دەڕۆین. بە دایکت بڵێ نیگەران نەبێت، هەروەها بەرنامەی دووبەیانیشت ئامادەبکە ". گوتم " زۆر باشە، هەموو کارەکانم ڕێکدەخەم. زۆر خۆشحاڵت کردم، چونکە خۆشم بڕیارمدابوو چەند پەڕتووکێك بکڕم، بەلام کاتم نەبوو. زۆر سوپاست دەکەم کە منیش لەگەڵ خۆتدا دەبەیت ". پێکەنی و گوتی " لە بەرئەوەی پێشنیارەکە لە لایەن تۆوە بوو، دەبێ خۆشت پەڕتووکەکان هەڵبژێریت. کەواتە بڕیارماندا بۆ بەیانی پاشدەوام ". گوتم "زۆر باشەو دیسان سوپاستدەکەم ". خواحافیزی کردو تەلەفۆنەکەم داخست و خۆشحاڵیەکەم زیاتربوو. کاتێك گەڕامەوە بۆ ئاشپەزخانە، چایەکەم ساردببۆوە. بەجارێك فڕمکردو لەسەر مێزی خواردن دانیشتم. دایکم پرسی " ئەوە کێ بوو تەلەفۆنی کرد ؟ ". بابەتی تەلەفۆنەکەی ( ئاغی قودسی ) م بۆ گێڕایەوەو مۆڵەتی ڕۆیشتن بۆ پەڕتووکفرۆشی و کرینی پەڕتووکم لێوەرگرت. پاش نان خواردن مۆڵەتم لە ( دایە خان) وەرگرت بۆ ئەوەی بڕۆمە ژوورەکەی خۆم و وانەکانم ئامادەبکەم. گوتی " بڕۆ ئازیزم بڕۆ، وانەکانت پێویستترە. من ئێوارەش لێرەم ". گوتم " هەوڵدەدەم زوو وانەکانم تەواوکەم و بێمە خوارەوە ". گوتی "پەلە مەکە. وانەکان لەپێشەوەی هەموو شتێکن ".

دەمەوئێوارە لەگەڵ دەنگی دایکم پەڕاو و پەڕتوکەکانم داخست، هەموو کارەکانم ئەنجامدابو و نیگەران نەبووم. کاتێك چوومە خوارەوە کاك ( مەحمود ) یش هاتبوو. کاك ( مەحمود ) سەیرێکی کردم و گوتی "لەوەتەی ئەم چەند مانگە نەمدیوی زۆر گۆڕاوی ". گوتم" دووری دەڤەرەکەی خۆم پیریکردووم ". پێکەنی و گوتی " بە پێچەوانەوە، هەرجوان بوویت و جوانتریش بوویت. ئاوهەوای ئەم گەڕەکەشت پێدەکەوێت ". ( دایە خان ) گوتی " بەڵام ( مینا ) گەڕەکەکۆنەکەی لە ئێرە خۆشتردەوێت، وانیە؟ ". لەباتی من، باوکم وڵامی دایەوەو گوتی " لەگەڵ ئێرەش ڕادێت. باشی مرۆڤ ئەوەیە کە زوو شت فەرامۆشدەکات و لەگەڵ هەموو شتێك ڕادێت ".

بۆ یارمەتیدانی دایکم چوومە ئاشپەزخانەو گوتم " ( مەحمود ) زۆر لاواز بووە، وانییە ؟ ". دایکم گوتی "منیش هەستم کردو پێمگوت، بەڵام ئیشوکاری زۆر و گرفتاریی کردە بیانو و گوتی ( لە بەرئەوەیە کە پشووی کەمە ). کاتێك مێزی خواردنەکەم ئامادەدەکرد جارێکیتر سەیری ( مەحمود ) م کرد. خەرمانەیەك لە خەفەت ڕووخساری داپۆشیبوو. تەنانەت پێکەنینەکانیشی خەماوی بوون. هەر جارێك تەماشای منی دەکرد، ڕەنگی ڕووخساری دەگۆڕاو لەرزینێك سەرتا پێی دادەگرت. ئەو ئاخ و داخانەی کە جاروبار هەڵی دەکێشا منی بردبووە ناو فیکرو خەیاڵەوە. لە بەر خۆمەوە گوتم ( ئایا عاشق بووە ؟ ). هەرگیز لە ( دایە خان ) م نەپرسیبوو کە بۆچی تەنها یەك منداڵی هەیە. ئایا منداڵەکانی تری مردوون، یان پێشبینی ئایندەی کردووەو وای بەباش زانیوە تەنها منداڵێك بەسە. هەرچەند کە هۆکاری دووهەم لەگەڵ تەمەنی ئەودا نەدەگونجا. ( مەحمود ) لە کاتی نانخواردن، دیسان کەوچکەکەی لە دەست کەوت و من هەستم بە لەرزینی دەستی کرد. ئەو شکڵ و شێوەی عاشقێکی دۆڕاوی هەبوو، کە خۆشەویستەکەی بەرامبەری بێوەفا بووەو ئەویش لە دووری ئەو سووتاوە. کاتی حواحافیزیکردن، گوتم " مەرۆ حاجی، حاجیی مەککە ". ( دایە خان ) پێکەنی و گوتی "حەزدەکەم هەمیشە بێم بۆ بینینتان، بەڵام ئەگەر ئاگاتان لە بارودۆخی من هەبێت وا قسە ناکەن ". ویستم پرسیارێکی لێبکەم کە ( مەحمود ) بە

وتنی ( ببورن ئەزیەتمان دان ) دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو سەرکەوت. پاش ڕۆیشتنیان بە دڵنیاییەوە زانیم کە ( مەحمود ) عاشقە، بەڵام عاشقی کێیە نەمدەزانی.

بەیانییەکەی زووتر لە هەموو کاتێك لە خەو هەستام و چوومەخوارەوە. دایکم پرسی " چییە زوو هەستای ؟ ". گوتم " ئەمڕۆ کارم زۆرە ". گوتی " دانیشە تا نان وچایەکەت بۆ بێنم ". گوتم " لە بیرت نەچووە کە ئەمڕۆ خواردن لە قوتابخانە دەخۆم و پاشان لەگەڵ ( ئاغای قودسی ) دەڕۆم بۆ کڕینی پەرتووك. ئەگەر درەنگیش هاتمەوە نیگەران مەبن". گوتی " لە بیرمنەچووە. کاتێك ویستت بڕۆیت کلیلیماڵەوەش لەگەڵ خۆتدا بەرە، لەوانەیە من و باوکت دوای نیوەڕۆ بچین بۆ ماڵی پورت. (مەسعود) نامەی ناردووە، دەمەوێت بزانم چی نووسیوە ". بە گوتنی ( زۆر باشە )، خۆمم بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرد. باوکم گوتی " ئەگەر چاوەڕێ بکەیت، منیش نانەدخۆم و دەتگەیەنم ". گوتم " پەلەمە، ناتوانم چاوەڕێبکەم ". ئەمەم وت و لە ماڵ چوومە دەرەوە.

دڵەڕاوکێم هەبو و هۆکارەکەشیم نەدەزانی. هەموو کارەکانم ئەنجامدابوو، بەڵام دیسان نیگەرانبووم. کاتێك گەیشتمە قوتابخانە، ( مەریەم ) هێشتا نەهاتبوو. دەرگای پۆلم کردەوەو هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشاو لە بیری ئەوەدابووم کە ئەو هەموو پەلە کردنە بۆچی بوو؟ سەیری پۆلەچۆڵەکەم دەکردو لە بەر خۆمەوە دەمگوت "باشتر کە زوو گەیشتمە قوتابخانە" کەمێك هێمن بوومەوەو تەختەڕەشەکەم سڕیەوەو لە چاوەڕوانی هاوپۆلەکانم دانیشتم.

حەزمدەکرد دەوام زوو تەواو ببێت و منیش بڕۆم بۆ کڕینی پەرتووکەکان، بەڵام کاتێك سەیری کاتژمێرەکەمم کرد، زانیم کە تا کۆتایی دەوام زۆری ماوەو دەبێ چاوەڕێبکەم. ئەگەر ( مەرسدە ) منی بەم شێوەیە بدیبایە، بە دڵنیاییەوە ئامۆژگاریدەکردم کە خۆڕاگر بم و سەبریگرم. وەك بڵێی دەنگیم دەبیست و ئامۆژگاریە نادیارەکانی هێمنی دەکردمەوەو دڵەڕاوکێکەمی کەمدەکردەوە. بەخۆمم گوت "نابێ بهێڵم ( مەریەم ) پەی بەم خۆشی و ئامەزرۆییەم بەرێت، چونکە ئەویش ئامۆژگاریدەکات. دەبێ ڕەفتارە منالانەکەم بخەمەلاوە و وەکوو کچێکی ژیر مامەڵە لەگەڵ ئەوکێشەیەدا بکەم. کڕینی پەرتووکێك نابێ ئەوەندە

Scanned with CamScanner

کاریگەری لە سەرم هەبێت". سەرەنجام لەو مشتومڕەی کە لەگەڵ خۆمدا دەستم پێکردبوو سەرکەوتم و دەمامکی هێمنی و لەسەرخۆییم خستە سەر ڕووخسارم و دۆخێکی ئاساییم بە خۆمەوە گرت.

کەشوهەوا، پاك و بێگەرد بوو، بەڵام جاروبار کزەیەکی ساردی دەهێناو منیش لە بەرئەوەی لەجێگایەکی گەرم دانیشتبووم و چاوەڕێمدەکرد، چێژم وەردەگرت. لەگەڵ هاتنی چەند قوتابییەك خۆشحاڵ بووم و بۆ بینینی ( مەریەم ) لە پۆل چوومە دەرەوە. هێشتا ڕێڕەوەکەم نەبڕیبوو، ئەو هات، کە منی بینی، پرسی "چییە وا ئەمڕۆ زووتر لە من گەیشتووی ؟ ". بە شۆخییەوە گوتم " دڵم زۆر بۆت تەنگبوو و زیاتر لەمە نەمدەتوانی چاوەڕێی دووریت بکەم ". پێکەنی و گوتی " خەنی لەخۆم. بۆ ساتێك وایبۆچووم کە لەوانەیە تۆش لە دەست ماڵەوە هەڵاتبێت". گوتم " تۆ ژیان زۆر بە سەخت و ئەستەم دەزانیت، هەڵاتن لە دەست ماڵەوە، کاری یەکێکە هیچ ئومێدێکی نەبێت ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی " ڕێك وەکوو من ". پرسیم "ئەگەر پرسیارێکت لێبکەم پێت ناخۆش نییە ؟ ". شانی هەڵتەکاندو گوتی " نا، بیپرسە ". پرسیم " دایکت، دایکی ڕاستەقینەتە ؟ ". قاقایەکی لێداو گوتی "بەڵێ، بۆچی ؟ وات زانیوە باوەژنم هۆکاری ناڕەحەتییەکەمە. نەخێر، هاوڕێی ئازیز، من دایکێکی ڕاستەقینەم هەیە، کە لە هەموو باوەژنێك بە بیانووتر و سەختکارترە. ئەو لەش و ڕۆحی منی لە ناو ئاوانی گومان و دوودڵییەکانی هاڕیوەو منیشی وەك کچێکی تووڕەو بەدخوو بارهێناوە ". گوتم "بەڵام تۆ نەتووڕەیت و نە بەدخوویت. بە پێچەوانەوە زۆریش خۆشڕەفتارو میهرەبانیت ". پێکەنی و سەیرێکی کردم و گوتی " بۆ تۆ و بۆ ئەمشوێنە وام، تۆ دەزانی کە من قوتابخانەم لە ماڵەوە زیاتر خۆشدەوێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابیەکی زیرەك نیم و لە هەر وانەیەکدا زۆر دڵەڕاوکەم، نەوەك مامۆستا پرسیارێکم لێبکات، بەڵام وا بە باشتر دەزانم لە قوتابخانە بمێنمەوەو نەڕۆمەوە بۆ ماڵ. تۆ نازانی من لە چ دۆخێکدا دەژیم. کاتێك بیر لەوە دەکەمەوە تا دوو ساڵیتر ئازادیم کۆتایی دێت و ناچاردەبم لە بەیانییەوە تاوەکوو ئێوارە لە ماڵەوە بمێنمەوەو گوێ لە مینگەوبۆڵەی دایکم بگرم، دادەنیشم و تێرتێر بۆخۆم دەگریم ". گوتم " ئەگەر ناتەوێ لە ماڵەوە بمێنیتەوە هەوڵ بدە لە تاقیکردنەوەی (

Scanned with CamScanner

کۆنکور ) دەرچیت و بڕۆیتە زانکۆ". سەیرێکی کردم و گوتی " تۆش قسەی وادەکەیت. مـن ئەگەر بتوانم بەم هەلومەرجەوە شەشەکەم تـەواو کـەم، شـاکارم کـردووە ". گـوتم " وا بـیر ناکەیتەوە هەڵەکە لە لایەن تۆوەبێت. لەوانەیە تۆ لە ڕادەبەدەر پێشبینیت هەبێت؟ ". گوتی " من وا بیر ناکەمەوە". گوتم " زۆر باشە کە مرۆڤیش هەنـدێکجار تـەنیایی هەڵبـژێرێت و بیرلـەخۆی بکاتـەوە، بزانێـت چـی دەوێـت و چ چـاوەڕوانییەکی لـە کەسـانیتر هەیـەو لـە بەرامبەریشدا دەتوانێت چی پێشکەشی خەڵك بکات. من خۆم کچێکی هەستیارو دڵناسـکم و زوو دەڕەنجێم و هیوام وایە کەسانیتر کارێك نەکەن ببێتەهۆی دڵڕەنجانم، بەلاّم لـە بەرامبـەر ئەم هیواو چاوەڕوانییەش دەزانم چی بکەم بۆ ئەوەی ئەوان نەبنە هۆی دڵڕەنجـانم. مـن ئەگـەر ئاشنای ئەرکەکەی خۆم بم و بە باشی ئەنجامیبدەم هەرگیز هیچ شتێك نابێتە هۆی دڵتـەنگی و بێزاربوونم. دەمەوێت پێتبڵێم لەوانەیە تۆ خۆت هۆکاری ئەم بیـانو و سـەختکاریە بیـت". گوتی " من کچێکی ئەرکناسم و تا ئەو شوێنەش کە تـوانیبێتم ئەرکـەکانی خـۆم بـە جـێ گەیاندووە. کێشەی من ئەمە نییە، من و دایکم لە یـەك تێناگـەین. ئـەو هـیچ کاتێـك لـە هەست و سۆزی من تێناگـات ". پرسـیم " تـۆ گـەورەتری یـان خوشـکەکەت ؟ ". گـوتی "خوشکەکەم لە هـەمووومان بـچوکترە. ئـەو ئەوسـاڵ پێنجـەمی سـەرەتاییە، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشدا کە منالّە، لە کارەکانی ماڵەوە یارمەتیمانـدەدات ". پرسـیم " دایکـت بەرامبـەر ئەویش دوودڵ و گومانـاویە ؟ ". گوتی " نە بـە ڕادەی مـن، وادەزانم دایکـم لـە گەنجێتیـدا تووشی شکستێك بووە و ئێستاش دەیەوێت تۆڵە لە ئێمە بکاتەوە ". گـوتم " زۆر هەڵـەیت. ئەگەر لە گەنجێتیشدا تووشی شکست بووبێت، لەوانەیـە نەیـەوێت ئێـوەش تووشـی هـەمان شکست ببنەوە. ئەم بیرکردنەوەیە ژیرانەترە ". گوتی " لەوانەیە تـۆ ڕاسـت بکـەیت، بـەلاّم بەڕای من هیچ جیاوازیەکی نییە چ ئەمەیان بێت چ ئەویتریان، چونکە ئێمـە لـە ماڵـەوەمان هەست بە ڕەحەتی و ئارامی ناکەین ". گوتم " دایکت دەیەوێت چارەسەری ڕووداوەکە پـێش ڕوودانەکەی بکات. ئەو لەوە دەترسێت، تۆش تووشی هەڵـەو شکست بیت. هەڵبـەت مـن نازانم تا چ ڕادەیەك وتەکەی تۆ ڕاستە، بەلاّم ئەگەر ڕاستیش بێت، مـن پێتـدەڵێم ڕەفتـاری

Scanned with CamScanner

ئەو لەو خۆشەویستی و هەست و سۆزە لەڕادەبەدەرەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بەرامبەر ئێوە هەیەتی.-زۆر سروشتییە مرۆڤ نەهێڵێت ئازیزەکانی تووشی هەڵەیەك بن، کە پێشتر خۆی گرفتاری بووە. ئەگەر ڕۆژێك خۆت ببیت بە خاوەن منداڵ، ڕێگەی پێدەدەیت ئەویش هەڵەکانی تۆ دووبارە کاتەوە ؟ ". گوتی " نەخێر، بەڵام مۆڵەتی بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی دەدەمێ. من ئەگەر بمەوێت هەموو ئەو شتانەی کە خۆم فێریان بووم بیسەپێنم بە سەریداو بمەوێت هەمان کار ئەنجام بدات کە من ئەمەوێت، زوڵمم لە منداڵەکەم کردووەو مافی بیرکردنەوەو هەڵبژاردنم لێزەوتکردووە ". گوتم "منیش لەگەڵتدام، وا باشترە ڕۆژێك کە دەزانیت دایکت لە سەرخۆیەو ئامادەی گوێگرتنە لە قسەکانت، ئەوەی پێبڵێیت، بەڵام وریابە وەکوو بچووکتر قسەی لەگەڵ بکەیت، نەك وەکو کەسێك کە چەندپۆلێك خوێندەواری هەیەو بانگەشەی ئەوەدەکات زیاترو باشتردەزانێت. بۆ نموونە ووتەکەت وەکپرسیارێك یان ڕێنماییویستنێك بخەرە ڕو و لە میانەی قسەکانیشدا بیروڕاکانی خۆتی پێ بڵێ. لە کۆتاییشدا داوای ڕێنموونی لێبکە. من دڵنیام کە دایکت لۆژیك پەسەند دەکات و خۆت گوتەنی دەست لە ملهوڕیەکەی هەڵدەگرێت ".

زەنگ لێدرا. پرسیم " خۆت بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادەکردووە ؟ ". گوتی " تا ڕادەیەك ". هەر دووکمان چووینە پۆلەوە.

Scanned with CamScanner

## (( بەشـــــــی ١٠ ))

بە پێی خشتە، ئەو ڕۆژە تاقیکردنەوەی زانستمان کردو هەردووکمان بە ڕەزامەندیەوە هاتینە دەرەوە. کاتی پشوو چووینە حانوت و هەردووکمان پیراشکیمان کڕی و، هەر لەوێش بە خواردنیەوە خەریکبووین. (ئاغای قودسی )، لە ژووری مامۆستایان، خەریکی هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکان بو و پیاڵەیەکیش چایی لە بەردەمدابوو. بە( مەریەم ) م گوت " ئەگەر پێتبڵێم ئامادەم پیراشکیەکەم لەگەڵ پیاڵە چاکەی ( ئاغای قودسی ) بگۆڕمەوە چی دەڵێیت ؟ ". بە دەست دەمولێوی پاککردەوەو گوتی " هیچ، دەڵێم شێتبوویت. مەگەر مرۆڤی عاقڵ دێت پیراشکییەگەرمەکەی لەگەڵ پیاڵە چایەك بگۆڕێتەوە ؟ ". گوتم " نازانی چەند حەزم لە چایە ". پرسی " تۆ حەزت لە چایە ؟ ". گوتم " زۆریش، بەتایبەت لەو کەشوهەوا ساردەدا قسە ناکرێت ". گوتی " خۆ تۆ لایەنگری زۆرت هەیە، تەنها ئەوە ماوە دڵی ( بابای قوتابخانە ) ش بە دەست بهێنیت ". سەیریم کرد ساختەچێتیم لە ڕووخساری بەدیکرد. گوتم " دەتوانم وەك پێشنیارێك بە ( خانمی بەڕێوەبەر ) بڵێم کە حانوتی قوتابخانە چاییش بفرۆشێت". دای لە قاقای پێکەنین و گوتی " چەند ڕۆژ پاشتریش یەکێکیتر پێشنیاری نێرگەلە دەکات بۆ ژووری مامۆستایان. ئێستا بیهێنە پێشچاوی خۆت کە (ئاغای قودسی ) لە باتی جگەرە نێرگەلە دەکێشێت، ژووری مامۆستایان چی لێدێت ؟ ". گوتم " دەبێ مێزو کورسیەکان هەڵگرن و پشتی و سەرین دانێن ". بە دەنگێکی بەرز پێکەنی و دەستی خستە سەردڵی و گوتی " بیهێنە پێشچاوت کە (خانمی بەڕێوەبەر) بە

ئاگردانێکەوە لە بەردەم پەنجەرەکە وەستاوەو ئاگرەکە بۆ نێرگەلە گەشدەکاتەوەو ( خانمی ڕێکخەر) یش بە بەردەوامی هۆشداری دەداتێ ( ئەی هاوار، وریا بە پرچت نەسووتێنیت ).

هەردووکمان ئەوەندە پێکەنین، دەستمان خستبووە سەر دڵمان. یەکێك لە قوتابییەکان شتی کڕیبوو لێی پرسین " ئەودووانەتان بە چی پێدەکەنن ؟ ". من و ( مەریەم ) سەیرێکی یەکترمان کردو دیسانەوە دەستمان کردەوەبەپێکەنین. کەمێك پاش ئەو ڕەفتارەمان نارەحەت بووم و گوتم " ( مەریەم ) ! وریابە، ئێمە لە ڕادەبەدەر پێمان لە بەرەی خۆمان درێژتر کرد ". ئەویش پەسەندی کردو گوتی " ڕاستدەکەیت. هەڵەمان کرد ". گوتم " تاوانی من بوو، ئەگەر حەزم لە چا نەکردبایە گفتوگۆکەمان نەدەگەیشتە ئێرە". خۆمانمان لە دادگای ویژدان دادگایی کرد و پاشان بەرەو پۆل بەڕێکەوتین. (مەریەم) گوتی " خوابکات لە کاتی وانەوتنەوەی ( ئاغای قودسی ) پێکەنین ڕوومان تێنەکات ". گوتم " تا کاتی وانەکەی ئەو زۆری ماوەو ڕووداوەکە کۆن دەبێت و ئەو تاموچێژەی خۆی لە دەستدەدات ". گوتی " ( مینا ) ! (خانمی فەسیحی ) بۆ ئەوە باشە تەنها ڕۆڵی فاڵچییەکان ببینێت ". بە ڕووگرژیەکەوە گوتم " دیسان دەستت پێکردەوە؟ ". لێوی خوارەوەی بە دان گەست بۆ ئەوەی بەرگری لە پێکەنینەکەی بکات و لەهەمانکاتدا گوتی " بە دەست خۆم نییە، ئەم فیکرو خەیاڵی گۆڕینی کەسایەتی تاکەکان و وێناکردنیان لە قاڵبێکی تر، تا یەکدوو ڕۆژیتر هەر لەگەڵمایەو، پاشان وردەوردە فەرامۆشیدەکەم". پرسیم " کەواتە دەتەوێ تا یەك دوو ڕۆژیتر لەسەر ئەم کارەت بەردەوام بیت ؟ ". گوتی " هەوڵدەدەم ئەنجامینەدەم. تۆش دەبێ نەهێڵیت ئەم کارە بکەم ".

بەڵام ئەم فیکرو خەیاڵە بۆمن نوێ بوو. دەمهێنایە پێشچاوی خۆم کە تاکەکان چۆن دەتوانن کەسایەتییان بگۆڕن و لە قاڵبێك بچنە قاڵبێکی ترەوە؟ ئەو ڕۆژە تا کۆتایی دەوام ئەو فیکرو خەیاڵە لەگەڵماندا بو و منیش نەك هەرنەبووم بە لەمپەرێك لە بەردەم ئەو کارانەی ( مەریەم )، بەڵکو هەندێکجاریش یارمەتیمدەدا. دەستوپەنجە درێژو باریکەکانی مامۆستای بیرکاری بۆ لێدانی چەنگ (هارپ) باشەو جلوبەرگەکەشی وەکو جلوبەرگی

Scanned with CamScanner

سەردەمی ساسانییەکانە. بالآبەرزەکەی مامۆستای مێژوو بۆ سەرکێشانە مـاڵی دراوسـێ و تەنوورەکەی مامۆستای وەرزشیش بۆ سەمای (قاسم ئاوا)یی باشە. باسماندەکردو پێدەکەنین.

کاتی دوایـین وانـە هـەردووکمان تووشـی دڵـەڕاوکێ بـووین. منـیش لـە بەرامبـەر ئـەو کەسایەتییەی کە بۆ (ئاغای قودسی) مان دانابوو بە جلوبەرگێکی لادێی و کـڵاوی سـەری و نێرگەلەی لالێوی، ئومێدی ئەوەم نەبوو بتوانم بەرگری لە پێکەنینەکەم بکەم. کاتێك ( ئاغای قودسی ) هاتە ژوورەوە سەیرێکی (مەریەم)ی کرد و ئەویش لە ترسـی ڕوودانـی کارەسـات، سەری داخستبوو وتەماشای ( ئاغای قودسی ) نەدەکرد. منیش ترسم خستە دڵی خۆمـەوەو بەم جۆرە زاڵبووم بە سەر خۆمداو ڕێگـەم لـە پێکەنینەکـەم گـرت و خـەریکی هەڵدانـەوەی لاپەڕەی پەڕاوەکەم بووم. ( ئاغای قودسی ) هەمان ئەو چاکەت و پانتۆڵـە قاوەییـەی لەبـەر بوو کە ئەو شەوە بۆ ماڵی ئێمە لە بەریکردبوو. کاتێك دانیـشت، بـۆنێکی فێنـك پۆلەکـەی پڕکرد. بە هێواشی گوتم " (مەریەم) بۆنی نێرگەلە دێت ". لە پێکەنیندا ڕووخـساری سـوور هەڵگەڕاو بەزەحمەت توانی دانبەخۆیدابگرێت. بە بێخواست و ئیرادە سەیری (ئاغای قودسی) کردو سووکەپێکەنینێکی کرد.

دەنگی پێکەنینەکەی لە ناو بێدەنگی پۆل وەك بۆمبێـك تەقییـەوە. ( ئاغـای قودسـی ) هەستایەسەرپێ و گوتی " لە دواوە چ باسە ( خانمی ئەفشار ) ؟ ". بە بیـستنی نـاوی خـۆم لەسەر جێگاکەم هەستامە سەرپێ و لە کاتێکدا بەزۆر ڕێگەم لە پێکەنینەکەم دەکرد گوتم " بەڵێ مامۆستا ؟ ". گوتی " پرسیم لە دواوە چ باسە ؟ ". گوتم " هیچ نییە ". قایل نەبوو و نزیکی مێزەکەی ئێمە بۆوەو سەیری ڕووخـسارە سـوورهەڵگەڕاوەکەی (مەریـەم) ی کـردو گوتی " بەڵام شتێك هەیە، ( خانمی یەگانە ) تۆ بڵێ، بزانم لێـرە چ باسـە ؟ ". ( مەریـەم ) هەستاو گوتی " هیچ نییە مامۆستا ". ( ئاغای قودسی ) سەیرێکی من و، پاشان سـەیری (مەریەم) ی کردو گوتی " بەداخەوە ". پاشان ڕووی کردە قوتابییەکانیتر و گـوتی "(خـانمی یەگانە) ئێمەی لە بیستنی نوکتەیەکی خۆش و بە چێژ بێبەشکرد ". ڕەنگـی ڕووخـسارمان گۆڕاو چاوەڕێی دەرکردنمان دەکرد، بەڵام ئەو ڕوویکردە من و گوتی "چاوەڕوانی ئەوەم لە تـۆ

نەدەکرد، دانیشن ". لە مێزەکەی ئێمە دوور کەوتەوە. دەست و قاچی من و ( مەریەم ) بە ئاشکرا دەلەرزی و هیچ شوێنەوارێکی ئەو خۆشی وشادییەی چەند خولەکێك لەوەو پێش، نەمابوو. ( ئاغای قودسی ) لەسەر جێگاکەی دانیشت و پەڕاوە بچووکەکەی دەرهێنا. ویستی بە ناو، یەکێك لە قوتابییەکان بانگ کات کە ( فروغی ) هەستاو گوتی " مامۆستا من دەبێت دارشتنەکەم بخوێنمەوە ". ( ئاغای قودسی ) سەری راشاوەشاندو پشتگیری لە قسەکەی کرد. ( فروغی ) لەسەر کورسییەکەی هەستاو رۆیشت لە بەردەم هەمووان وەستا.

نیگاکانی من و ( ئاغای قودسی ) تێکەڵ بوو. هێشتا رق و تورەیی لە رووخساری دەبینرا. ئەویش سەیری منی کرد، بەلاّم سەیرکردنێکی پرسیاراوی. لە شەرماندا سەرم داخست و خۆمم بە قەڵەمەکەمەوە سەرقالکرد. لە دارشتنە جوانەکەی ( فروغی ) هیچ تێنەگەشتم. نیگاکانی (ئاغای قودسی ) هەموو شتێکی تیابوو، هەم پرسیارو هەم سەرزەنشت. لە بەرئەوەی بوومە هۆی روودانی ئەم کارەساتە، رق و کینەیەك لە گەروومدا درووست بوو و حەزم دەکرد هاواریکەم و دەستبکەم بە گریان.

کە دارشتنەکەی ( فروغی ) تەواو بوو، رەخنەی قوتابییەکان دەستیپێکرد. ( ئاغای قودسی ) رووەومێزەکەی ئێمە هات و لە هەمانکاتیشدا گوێی لە رەخنەی قوتابییەکان رادەگرت. کاتێك رەخنەی قوتابییەکان تەواوبوو، روویکردە من و گوتی " رای جەنابت چییە ؟ ". سەرمداخست و گوتم "دارشتنێکی باش بوو. پرسی " هیچ کەموکورییەکی نەبوو ؟ ". گوتم " نازانم، چونکە باش گوێم لێنەگرت ". سەری راوەشاندو گوتی " زانیم گوێناگریت. دوای (فروغی) تۆ دارشتنەکەت بخوێنەرەوە ".

ئەمەی گوت و خۆی رەخنەگرتنەکەی گرتەئەستۆو پاش نمرەدانان بۆ ( فروغی )، ناوی منی خوێندەوە. بە پەلە پەڕاوەکەم هەلگرت، ( مەریەم ) گوتی " پەڕاوەکەی منت هەلگرتووە ". پەڕاوەکەیم داناو ئەوەی خۆمم هەلگرت و لە تەنیشت تەختەرەشەکە وەستام. بۆ یەکەمجار پاش یانزە ساڵ خوێندن دەست و قاچم دەلەرزی و چونکە رق و کینە گەروومی گرتبوو، نەمدەتوانی بیخوێنمەوە. ( ئاغای قودسی ) زانی بارودۆخم ئاسایی نییە، لێیپرسیم " چیە بارودۆخت باش نییە ؟ ". تەماشایکرد و دەمویست ولاّمیبدەمەوە کە فرمێسك لە

Scanned with CamScanner

چاوانم هاتە خوارەوە. گوتی " بڕۆ دانیشە و کاتێك بارودۆخت ئاسایی بۆوە، داڕشتنەکەت بخوێنەرەوە ". بە شەرمەزارییەکەوە لەجێگاکەی خۆم دانیشتمەوە.

( ئاغای قودسی ) یەکێکی تری بانگکرد و، ئەو دەستیکرد بە خوێندنەوە. من دەگریام و ئاگاملەداڕشتنەکەی ئەویش نەبوو. ئەوەندە لە خۆم توڕەبووم حەزمدەکرد مامۆستا زللەیەکی لێدابام. داڕشتنی دووهەمیش ڕەخنەی لێگیرا. ئەو بە تەواوەتی ئاگای لە من و ( مەریەم ) بوو. نە من ڕەخنەم گرت و نە ( مەریەم ) یش. جارێکیتر رووەوئێمە هات و لە تەنیشت مێزەکەمان وەستا. ئەم جارەیان پرسیاری لە ( مەریەم ) کرد " ئەم داڕشتنە کەموکوڕیەکانی چی بوون ؟ ". ( مەریەم ) بە ترسەوە گوتی " هیچ ". ( ئاغای قودسی) بە گاڵتەجاڕییەکەوە گوتی " هیچ ؟ واتە ئەم داڕشتنە تۆکمەو تەواو بوو، یان جەنابت ئاگات لێنەبوو ؟ ". (مەریەم ) گوتی " مامۆستا، من گوێم لێدەگرت ". گوتی "ئەگەر گوێت بگرتبایە بیرورای خۆت دەردەبڕی. (خانمی ئەفشار ) تۆش لەو بڕوایەدای کە ئەم داڕشتنە کەموکوڕی نەبوو ؟ ". گوتم " نازانم، چونکە بە باشی گوێم لەم داڕشتنەش نەگرت ". پێکەنی و گوتی "هێشتا شوکری خوای دەوێت کە تۆ ڕاستی دەڵێیت و دان بەوەدادەنێیت کەبەهیچ شێوەیەك لێرەنەبوویت و ئاگات لە هیچ نەبووە ". پەڕاوەکەی لە بەردەمم هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردی. داڕشتنی کەسی دووهەمیش لەگەڵ ڕەخنەی قوتابیان و بە بێ ڕادەربڕینی ( ئاغای قودسی ) کۆتاییهات. ئەو لە شوێنەکەی خۆی دانیشت و قوتابی تری بانگنەکردو دەستیکرد بە خوێندنەوەی داڕشتنەکەی من. پاش خوێندنەوە شتێکی لە ناو پەڕاوەکەم نووسی و دایخست. وامزانی نمرەیەکی سفری بۆ داناوم و ئەم فیکرو خەیاڵەش گریانەکەمی زیاترکرد. هات، پەڕاوەکەی لە بەردەمم داناو بەهێمنی گوتی " بڕۆ ڕوومەتت بشۆ ". لە پۆل چوومە دەرەوەو تا لای ئاوەکە ڕامکرد. گریانەکەم گۆڕا بۆ هەنسك هەڵدان. ڕەفتارە میهرەبانانەکەی ئەویش زیاتر ئەشکەنجەی دەدام. بیرملەوە دەکردەوە خۆزگە لە جیاتی ئەومیهرەبانییە هاواری بکردبایە بە سەرماو سەرزەنشتی بکردمایە. بەڵام ئەو بەمجۆرە قسەی لەگەڵ من نەدەکرد. کاتێك ڕوومەتم شوشت، بینیم کە لە پەنجەرەکەوە

سەیرمدەکات. سەرمداخست و بە هەڵکێشانی چەند هەناسەیەکی قووڵ بەرەو پۆل بەرێکەوتم. لەبەردەم دەرگای پۆلیش هەناسەیەکم هەڵکێشاو چوومە ژوورەوە. بەڕاوەشاندنی سەری ڕێگەی چوونە ژوورەوەی پێدام. (فروغی) خەریکی خوێندنەوەی پارچەشیعرێکی خۆی بوو و قوتابییەکانیش بە بێدەنگی گوێیان لە شیعرەکەی ئەو ڕاگرتبوو. چەنێك چاوەڕێی ڕۆژێکی وابووم بەڵام لە خۆمم، تێکدا. شەرمدەکرد سەیری ناوچاوانی بکەم. کلێنسەکانیش لە دەستمدا وردبووبوون. سەنگینیی نیگاکانیم هەستپێدەکرد. لەبەرخۆمەوە گوتم (ئێستا ئەو چۆن بیرلەمن دەکاتەوە؟). کەسایەتیی خۆمم وردکردبوو. چەند خولەکێکی مابوو بۆ کۆتایی وانەکە. حەزمدەکرد ئەوچەند خولەکەش زوو تێپەڕێت و لەو کەشوهەوا خنکێنەرە ڕزگارمبێت.

(ئاغای قودسی) ڕۆیشتەلای تەختەڕەشەکەوەو لە سەری نووسی (لە ژیانتاندا بە دوای چ ئامانجێکەوەن و حەزدەکەن لەگەڵ چ جۆرەکەسانێك هەڵسوکەوت و تێکەڵی بکەن). پاشان ڕووی کردە قوتابییەکان و گوتی " دەتوانن ئەم دوو بابەتە لە یەك جیاکەنەوە، هەروەها دەتوانن بیکەن بە یەك بابەت و بینوسن. حەزدەکەم ئەوەی لە بیرتاندایە لە داڕشتنەکەدا بینووسن و ئەگەر سادەوساکار بێت، قەینا، قسەی ناودڵتان بنووسن ". زەنگ لێیدا و ئەویش پۆلی بە جێهێشت.

( مەریەم ) بە گوتنی ( بە خێر تێپەڕی ) پەڕاوەکەی خستە ناو جانتاکەی و هەستا بۆ ئەوەی بڕواتەوە. بەنیسبەت (مەریەم) ەوە، ئەم کێشەیە کۆتایی هاتبوو، بەڵام بە نیسبەت منەوە دەستپێك بوو. ئەگەر ئێمە لەگەڵ ( ئاغای قودسی ) ئاشنایەتیمان نەبوایە، لەوانەیە منیش وەك ( مەریەم ) بەئاسایی وەرمگرتبایە. بەڵام بۆ من جیاواز بوو. من سەنگینی و شکۆداری خۆمم لە دەستدابوو و ئاناستی قوتابییەك، کە گوێناداتە وانەو یاساکان دابەزیبووم، لووتبەرزی چەندین ساڵەم بە هۆی هەڵەیەکەوە وردبو و لە ناو چوو. قوتابییەکان پۆلیان بە جێهێشت و ڕۆیشتن. تەنها من و ( مەریەم ) مابووینەوە. لێیپرسیم " ناچیتەوە ؟ ". تەماشایەکیم کرد و ڕێگەم لە هاتنەخوارەوەی فرمێسکەکانم کرد و گوتم " با، دەڕۆمەوە ". دەستی خستە سەرشانم و گوتی " بەداخەوە، نەدەبوو وائیلێهاتبا. دەزانم زۆربەسوێ و

ئازارە بۆت ". گوتم " بەڵێ ئەدەبو وایلێهاتبایە، بەڵام بوو. خوابکات ئەم بابەتـە لـە هـیچ شوێنێك باسنەکات".گوتی " نایکات، ئەو پیاوێکی تێگەیشتووە، خۆت تـەنگاو مەکـە ". ئەوەی گوت و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

حەوشی قوتابخانە پەیتا پەیتا چۆڵ دەبوو، بارانێکی بە خوڕیش دەستی بـەبارین کـرد. لـە بەر خۆمەوە گوتم (ئاسمانیش بۆ من دەگری ). کەوتمە بیری پەڕاوی داڕشتنەکەم و کردمـەوە، لە ژێری نووسرابوو (باشە سەرکەوتوو بیت) و واژووی کردبوو - کاوەی قودسی -. لە بیری ئەوەدابووم بۆچی ڕەخنەی لە نوسینەکەم نەگرتووە؟ ئایا ئەوەندە لە کارەکەی من توڕەیە، کە هەتا بایەخی هۆشداریەکیشم نییە ؟ یان هەر لە ڕاستیدا نوسینەکەم باش بووە و کـەموکوڕی نەبووە، تا ڕەخنەی لێبگرێت.

پەڕاوەکەم داخست و لە ناو لیڤێکسەکەم دانـا. دەمویـست بـەرەومال بکەومـەڕێ، کـە دەرگای پۆل کرایەوەو ئەو دەرکەوت. لێی پرسـیم " بـۆ نـەهاتی بـۆ ژووری مامۆسـتایان ؟ نایەیت بۆ کڕینـی پەرتووکـەکان؟". قـسەکردنەکەی ئـەو هێـوری کردمـەوەو کەوتمـە بـیری وادەکەمان. گوتم " بەڵێ دێم ". دەرگای پۆلی بە کراوەیـی بـە جێهێـشت بـۆ ئـەوەی هـەر دووکمـان بڕۆینـەدەرەوە. دەنگـی هـەنگاوەکانمان بێـدەنگی ڕێڕەوەکـەی دەشـکاند. یەخـەی چاکەتەکەی هەڵدایەوەو کاتێك چـووینە حەوشـەوە چـەترەکەی کـردەوەو گـوتی " وەرە ژێـر چەترەکەوە با تەڕ نەبیت. من چەترەکەم لێرە جێهێـشتبوو، بـەڵام ئـەمڕۆ فریامانکـەوت ". پێکەوە چووینە ناو گەراجەکەوە. گەراجێکی بچووك بوو کە لە پشتەوەی تەلارە کۆنەکەوە بو و مامۆستاکان ئۆتۆمبیلەکانیان لەوێ ڕادەگرت. دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو سـەرکەوت پاشان لە ناوەوە دەرگای لای منیشی کردەوەو منیش سەرکەوتم. (بابای قوتابخانە ) ش پـاش ڕۆیشتنە دەرەوەی ئێمە دەرگای قوتابخانـەی داخـست. ( ئاغـای قودسـی ) هـەوای گـەرمی ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو گوتی " ئێستا گەرم دەبێت ". هیچم نەگوت و ئەویش لە ڕۆیشتن بەردەوامبوو.

لە قوتابخانە دووركەوتینەوە، گوتی " ئەمڕۆش ڕۆژێكی خۆش بوو ". هیچ قسەیەكم بۆ دەربڕین پێنەبوو. ئەو بەردەوام بوو " من بە دەگمەن لە بارەی تاكەكان و ناسینیان تووشی هەڵە دەبم، بەڵام دان بەوەدا دەنێم كە لە بارەی تۆوە تووشی هەڵەبووم. تۆ ئەو كچە نیت كە من گومانم دەكرد ". فرمێسكەكانم هاتنە خوارەوە. بینیی و پرسی " ویژدانت نارەحەتە، وانییە ؟ ". بە ڕاوەشاندنی سەرم پشتگیریم لە قسەكەی كرد. گوتی " چاوەڕێی ئەو كردارەم لە تۆ و ( یەگانە ) نەدەكرد. بیرتان لە چی دەكردەوە ئەو كارەتان ئەنجامدا ؟ ". دیسانەوە بێدەنگبووم. توانای قسەكردنم نەبوو. ئەو بەردەوام بوو " تۆ منت ناچار كرد ڕەفتارێك بگرمە بەر كە هەرگیز بەرامبەر قوتابیەكیتر بەو جۆرە ڕەفتارم نەدەكرد. ئەگەر یەكێكیتر بوایە یەكسەر لە پۆل دەرمدەكرد. هەموو قوتابییەكانیش ئەوە دەزانن ". گوتم " داوای لێبوردن دەكەم ". جارێكیتر پرسی " چی وای لێكردی ئەو كارە ئەنجامبدەیت ؟ ". گوتم "نازانم، بە دەست خۆم نەبوو ". گوتی " بەڵام كردارەكانی مرۆڤ بە ویست و خواستی خۆی ئەنجامدەدرێن و بە دەگمەن كردارێك بە بێ ویست و ئیرادە ئەنجامدەدات. تۆ بە گوتنی ئەم قسەیە دەتەوێ پاكانە بۆ خۆت بكەیت ". گوتم " هیچ پاكانەیەك لە ئارادا نییە. من كارێكی هەڵەم كردو دانیشبەهەڵەكەی خۆمدادەنێم و ئەگەر سزاش بدرێم پەسەندی دەكەم و پێی قایلم، بەڵام كە دەڵێم بەدەست خۆم نەبوو، بڕوام پێبكە ". گوتی " وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەوە ! ئایا لە ڕووخسارو ڕەفتاری من هیچ شتێكی پێكەنیناویتان بەدیكرد كە ئەوەندە پێكەنین ؟ ". لە وەڵامدا نەمتوانی هیچ بڵێم و بێدەنگبووم. ئەو جارێكیتر پرسی " بۆ وەڵام نادەیتەوە ؟ ئایا شكڵ و ڕووخسارێكی پێكەنیناویم هەیە؟ ". گوتم " نەخێر ". پرسی " ئایا لە من دەترسی ؟ ". سەیریم كردو گوتم " بۆ دەبێ بترسم ؟ ". گوتی "هەندێك پێكەنین لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێت. بە خۆمم گوت نەوەك ترسی قوتابییەكانیتر كاریگەری كردبێتە سەر تۆ و ( یەگانە ) و پێكەنینەكەتان لە ڕووی تووڕەیی و ترسەوە بێت". گوتم "من لە جەنابت ناترسم، پێكەنینەكەی من و ( مەریەم ) هۆیەكی تایبەتی هەبوو كە بەداخەوە ناتوانم بۆت باسكەم. هەر ئەوەندە دەڵێم كە بە هیچ شێوەیەك حەزم نەدەكرد ئەوە ڕوویدات. بە تایبەت لەو وانەیەدا كە خۆم زۆر هۆگری بووم ". كەمێك ڕووخساری ڕووەو من سوڕاند و

پرسی "بۆچی لە داڕشتنەکەت ئەو شتەی کە بڕوات پێی هەیە خستوتەتە بەر لێشاوی گاڵتە پێکردنەوە؟ هەرچەند کە بیروباوەڕی مرۆڤ جێی گاڵتە نییە ". گوتم " بیرو باوەڕی من ڕاستەقینە نییە. خۆم باش دەزانم کە نابێت بڕوام بە باوەڕم هەبێت ". هیچی نەگوت و بێدەنگ بوو. لە قسەکەی خۆم پەشیمانبوومەوەو حەزمدەکرد پێی بڵێم بڕوام بە زۆر شت هەیە و باوەڕیان پێدەکەم، بەلاّم قسەکردنە ساردو خەماویەکەم وایلێکرد درێژەبەقسەکانی نەدات. بۆ ئەوەی شتێك بڵێم پرسیم " بابەتی داڕشتنەکەی ئەمڕۆت لە بەر ڕەفتارەکەی من و ( مەریەم ) هەڵبژارد ؟ ". گوتی " دەمویست بزانم لە پۆلێکی سی و هەشت کەسیدا لە سەدا چەندیان ژیان بە شتێکی ڕاستەقینە لە قەڵەمدەدەن و لە سەدا چەندیشیان بە گاڵتەوە وەریانگرتووە؟ دەمەوێت بزانم گروپی یەکەم چ جۆرە کەسانێك بۆ تێکەڵبوون و هاوڕێیەتی هەڵدەبژێرن و گروپی دووەم چ جۆرە کەسانێك هەڵدەبژێرن ". گوتم " بە گشتی ئەو کەسانەی کە کەسایەتیەکی ڕاستەقینەیان هەیە لە هاودەمی و قسەکردن لەگەڵ کەسانی گاڵتەچی چێژ وەردەگرن و بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە گاڵتەچین خوازیاری تێکەڵی و هاودەمی کەسایەتی ڕاستەقینەن ". گوتی " من کەسایەتیەکی ڕاستەقینەم، کەواتە بۆچی خوازیاری هاودەمی لەگەڵ کەسانی گاڵتەچی نیم و دڵم کەسێکی دەوێت کە بەڕاستی لە ژیان دەڕوانێت ". گوتم " مەبەستی من هاوڕێیەتیە زووتێپەڕەکانە ". پرسی " مەبەستت چیە ؟ ". گوتم " زۆربەی کەسایەتییە ڕاستەقینەکان حەزدەکەن لە کاتی پشوودان، هاودەمێکی گاڵتەچی و قسەخۆشیان هەبێت. بەڕای من ئەم کارە بۆ مێشك و دەروون بە سوودە ". پرسی " ئەی پێچەوانەکەی ؟ " گوتم " بە پێچەوانەوە کەسانی گاڵتەچی حەزدەکەن لە کاتی پشوودان، هاودەمێکی ڕاستەقینەیان هەبێت، بۆ ئەوەی لەو دۆخە گاڵتەجاڕیە دەریانبهێنێت و لەگەڵ ڕاستییەتاڵەکانی ژیان ئاشنایان بکات . بەم جۆرە هاوسەنگی بەرقەرار دەبێت. هەردووکیان ئەو شتانەیان دەستدەکەوێت کە نیانە ". پرسی " کەواتە جەنابت لەسەر بنەمای ئەم بەڵگەهێنانەوەیە هاودەمێکت بۆ خۆت هەڵبژاردووە کە بتخاتەپێکەنین ؟ ". گوتم "وادەزانم هاودەمێکم بۆ خۆم هەڵبژاردووە کە من لەگەڵ ڕاستیەکانی ژیان ئاشنادەکات ". گوتی

"واتە تۆ کەسایەتییەکیت کە خوویەکی گاڵتەجاریت هەیە ؟ ". گوتم " من نازانم کە کەسایەتیەکی ڕاستەقینەم یان گاڵتەجار. تەنها ئەوە دەزانم کە هەردووکیان پەسەند دەکەم. واتە هەندێکجار حەزملێیە بە ڕاستی بیر لە کێشەیەك بکەمەوەو هەندێکجاریش بە گاڵتە وەریبگرم. ناکرێت مرۆڤ هەمیشە لە یەك قاڵبدا بێت ". پرسی " زیاتر مەیلت بۆ کام لا هەیە، حەزدەکەیت زیاتر لە قاڵبی کچێکی بە ڕاستی بیت، یان کچێکی گاڵتەجارو قسەخۆش ؟ ". گوتم " پەیوەندی بەوەوە هەیە زیاتر لەگەڵ کام توێژیاندا بم. وادەزانم زیاتر حەزملەمیانەڕەوییە ". گوتی " بەلام ڕواڵەتت وا پیشاندەدات کە کەسایەتییەکی ڕاستەقینەت هەیە. خۆشحاڵم خۆتت ناساندو منت لەو هەڵەیە کە تیایدابووم دەرهێنا. لێرە بە دواوە هەوڵدەدەم بۆ ناسینی کەسایەتی تاکەکان، ڕواڵەت و ڕووخساریان بە پێوەر دانەنێم. من لە هەڵبژاردنەکەی خۆم هەڵە بووم و ئەگەر پێکەنینی تۆ بە هۆی گێژی و بێ عەقڵی من بوو دەبێ بڵێم تۆ و هاوڕێکەت مافی خۆتان بوو کە پێبکەنن ".

گوتم " من و ( مەریەم ) هەرگیز لە بارەی جەنابتەوە وا بیرمانەکردۆتەوەو هیچ کاتێکیش ڕێگە بەخۆمان نادەین گاڵتە بە کەسانیتر بکەین. بەڕای ئێمە جەنابت پیاوێکی نموونەو تەواویت و کەسایەتی جەنابیشت شایانی ڕێزلێنانە. تکات لێدەکەم ئەم ڕەفتارە هەڵەیەمان فەرامۆش بکە. ئەگەر دەتەوێ سزام بدەیت ڕێگایەکیتر هەڵبژێرە. نمرەی سفرم بۆ دانێ یان لە پۆل بمکە دەرەوەو هەمان ڕەفتارم لەگەڵدا ئەنجام بدە کە بەرامبەر کەسانیتر دەیگریتەبەر، بەلام ناتوانم بەرگەی ئەمجۆرە سەرزەنشت و ئەشکەنجەیە بگرم ". سەیری کردم و گوتی " من مەبەستم ئەشکەنجەو سەرزەنشتی تۆ نەبوو. من ئەو شتەی کە باوەڕم پێی هەبووە گوتوومە ". سەیریم کردو پرسیم "جەنابت ئاوها منت ناسیوە ؟ ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "جارێك گوتم لە هەڵبژاردنەکەم هەڵەم کردووە. ئەگەر هێشتاش هەمان باوەڕم هەبوایە، دەمگوت نەخێر تۆ ئاوها نیت ". گوتم " کەواتە ئەوەش بزانە ئەگەر بۆ چەند خولەکێك چوومە قاڵبی یەکێکەوە کە کەسایەتی و ماهیەتی تاکەکانی خستە بەر شاڵاوی گاڵتەپێکردنەوە، لە ڕاستیدا بەو جۆرە نیم و ڕێز لە جەنابت و خەڵکیش دەگرم. ئەگەر نەچێتە قاڵبی تاریفکردن و پیاهەڵدانی خۆمەوە، دەمەوێت بڵێم هەتا ڕێز لەو

کەسانەش دەگرم کە شایانی ڕێز نین ". پرسی " منت لە کام قاڵبی کەسایەتی دانـابوو؟ ". گوتم "ناتوانم دەریبڕم و تکات لێدەکەم پرسـیار مەکـە". هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێـشاو پرسی " بەڕای تۆ چ کەسانێك شایانی ڕێـز لێنـان نـین ؟ ". گـوتم " ئەوانـەی کـە ڕێـز لـە کەسانیتر ناگرن ". دای لە قاقای پێکەنین و گـوتی "کەواتـە ئەمـە پەسـەند دەکـەیت ؟ ". گوتم " بەڵێ ". گوتی " ئەگەر پێت بڵێم کە هەفتەی ڕابردوو بێڕێـزیم لـە تـۆوە دیـوە چـی دەڵێیت ؟ ". بە سەرسوڕمانەوە سەیرمکردو گوتم " من و بێڕێزی ؟ بڕوا ناکـەم سـووکایەتی وامکردبێت ". جارێکیتر پێکەنی و گوتی " هەفتەی ڕابـردووی پەڕتووکخانەکـە بهێنـەرەوە بیری خۆت، ئەو ڕۆژەی کە تۆ بە بێ گوێدانە من پەڕتووکخانەکـەت بـە جێهێـشت ". گـوتم "بەڵێ لە یادمە، بەڵام من مەبەستم سووکایەتی و بێڕێزی بەرامبەر بە جەنابت نەبوو. پێش هاتنە ژوورەوەی جەنابت من لەگەڵ چەند قوتابییەك بوو بە ناخۆشی و دەمـەقاڵێمان و لەگـەڵ لێدانی زەنگ دەمویست لەو شوێنە ڕاکەم". پرسی "دەتوانم هۆی دەمەقاڵێکـەتان بپرسـم ؟ یان ئەمەش دەبێ وەکوو پێکەنینە نا بەجێکەتان بەنەزانراوی بمێنێتـەوە ؟ ". گـوتم " هـۆی دەمەقاڵێکەمان هەڵبژاردنی من بە بەرپرسیارێتی پەڕتووکخانەکـە بـوو. ئـەوان دەیانویـست بزانن بۆچی من بە بەرپرسی پەڕتووکخانە هەڵبژێردراوم. تانە و توانجەکانیان تورەی کردبووم. بەڕای ئەوان من بە هۆی ناسراوی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردراوم و دەیانویست بزانن هۆکارەکـە جەنابتی یان ( خانمی بەڕێوەبەر ) ە ؟ ". گوتی " تۆ چۆن وەڵامت دانەوە ؟ ". گـوتم " هـیچ کامیان نین ". دیسانەوە پرسی "مەگەر من هۆکارەکە نەبووم، بۆچی درۆت کـرد ؟ ". گـوتم "نەمدەویست،... ". قسەکەی پێبڕیم و گوتی " تۆ بڕوا ناکەیت مـن هەڵمبـژاردوویت ؟ ". گوتم " بەڵێ، بەڵام نەمدەویست ئـەوان بـزانن ئێمـە لەگـەڵ یەکـدا دراوسـێین ". گـوتی " هەڵبژاردنی تۆ لە بەر دراوسێتی نەبوو و لاموایە پێشتریش ئەمەم بۆ ڕوونکردوویتەتـەوە ". گوتم " بەڵێ باستکرد، بەڵام ئایا دەبوایە ئەم بابەتەم بۆ ئەوانیش باس کردایە ؟ ". گوتی " نەخێر، بەڵام دەتتوانی پێیان بڵێیت کە (قودسی) بە هۆی ئەو ناسینەی کە لە بـارەی منـەوە هەیەتی، منی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە ". گوتم " ئەم بابەتەم بدرکاندبایە ئەو کـات...

". دیسانەوە قسەکەی پێبڕیم و پرسی " ئەو کات چی ؟ ". گوتم " ئەو کات لێیان دەپرسیم، ( ئاغای قودسی) کەی لەگەڵ ورەو ڕۆحی تۆدا ئاشنایە ؟ تۆ کە تازە هاتوویتە ئەم قوتابخانەیە. ئەو کات چیم بگوتبا ؟ ". گوتی "تۆش دەتووت ئێمە لە نزیکەوە ئاشنای یەکین و (ئاغای قودسی) باش من دەناسێت . بتگوتبایە ئێمە ئەوەندە لە یەکەوە نزیکین هەتا ئەو دەزانێت من پاییزم لە هەموو وەرزەکان زیاتر خۆشدەوێت و ئەو دەزانێت کە نم نمی باران لە تیشکی هەتاو بە باشتر دەزانم. بتگووتبایە (ئاغای قودسی) ئەوەندە لە منەوە نزیکە کە لە بڕیاردان بۆ سزادانی من تووشی هەڵە دەبێت و ڕووخسارە پاك و بێتاوانەکەم و چاوە جوانەکانم مۆڵەتی بڕیاردانی نادەنێ. بۆچی ئەم خاڵانەت بۆ باس نەکردن ؟ ". گوتم "لەبەرئەوەی نەمدەزانی و کەسیش پێی نەگوتبوم کە چاوەکانم دەتوانن ڕێگر بن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕیارو فەرمان ". گوتی " ئەگەر جارێکیتر شتی وا ڕوویدا، هەتا دەتوانی پێیانبلێیت کە من زیاتر لە قوتابییەك بۆ (ئاغای قودسی) بایەخم هەیە و تەنها ئاواتی ( ئاغای قودسی ) ئەوەیە کە لە ئایندەدا ببم بە تاکێکی سەرکەوتوو و بەسوود بۆ ئەم کۆمەڵگایەو لە بەر ئەم هۆیەش چاوپۆشی لە کردارو ڕەفتارە منداڵانەکانی من دەکات ئومێدەوارە کە من لەم بابەتە بە باشی تێبگەم و ڕێگە نەدەم وەخت و کاتە گرانبەهاکەم بەم کردارانەوە بە فیڕۆبچێت و هەروەها دەزانم کە نابێت لە سۆزداری و میهرەبانییەکەی کەڵکی خراپ وەرگرم و قوتابییەکان گوتەنی خۆم بێتام بکەم. تێگەیشتی ؟ ".

لە ناو دڵەڕاوکێ و جۆش و خرۆش زمانم نەدەهاتە گۆ و ناچاربووم بە ڕاوەشاندنی سەرم پشتگیری لە قسەکانی بکەم. هەروەها بەردەوام بوو " داواشت لێدەکەم گوێ بۆ وتە سادەو ئاساییەکانی قوتابییەکانیش ڕاگرەو لە ڕادەربڕینی بە پەلەش خۆت بپارێزە، لە مەبەستەکەم تێگەیشتی ؟ ". گوتم "بەڵێ تێگەیشتم ". گەشتینە فولکەی بەهارستان و ئەو لە نزیك پەڕتووکفرۆشییەکی گەورە ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و هەردووکمان دابەزیین.

Scanned with CamScanner

(( بەشـــــــی ١١ ))

باران بە خوڕدەباری و ئێمەش نەماندەتوانی لە دەرەوە سەیری پەڕتووکەکان بکـەین بۆیـە ڕاستەوخۆ چـووینە نـاو پەڕتووکفرۆشـییەکەوە. بـە (ئاغـای قودسـی) م گـوت " ئایـا لـە پەڕتووکخانەو پەڕتووکفرۆشی جوانتر شوێنێکیتر هەیە ؟ زۆر حەز دەکەم ڕۆژێك ببم بە خاوەن وەها دامەزراوەیەك ". پێکەنی و گوتی "ئێـستا، تـەنها سـەیرکە و هەڵبـژێرە ". (ئاغـای قودسـی) پـەڕتووکی ( بێنـەوایان ) ی هـەلگرت و گـوتی " ڕات چـۆنە ؟ ". گـوتم " خوێندومەتەوە ". گوتی " منیش خوێندومەتەوە، هەڵیبژێرە ". من پەڕتووکی شـیعرەکانی ( فەرەیدون موشیری ) م هەڵبژاردو ئەویش پەسـەندیکرد. کاتێـك فرۆشـیارەکە زانـی ئێمـە دەمانەوێت پەڕتووك بۆ پەڕتووکخانەی قوتابخانە هەڵبژێرین، ئەویش دەستیکرد بە ناسـاندنی چەند پـەڕتووکێك. (ئاغـای قودسـی ) ڕۆمـانێکی هەڵبـژارد. فرۆشـیارەکە گـوتی " ئـەو پەڕتووکانە بۆ نەوجەوانان و لاوان هەڵبژێرن کە وەرگێڕە باشەکان وەریان گێـڕاون ". (ئاغـای قودسی) لەم ئاگادارکردنەوەیە خۆشحاڵ بوو و سوپاسی فرۆشیارەکەی کرد.

پـەڕتووکی ( شـەڕ و ئاشـتی : تۆلـستۆی ) لـە لایـەن ( ئاغـای قودسـی ) و فرۆشـیار هەڵبژێردرا.

( دۆڵـی شـلێر : بـالزاك ) ، ( برایـانی کارامـازۆف : دەستەیێفـسکی ) ، ( ئـارەزووە گـەورەکان : چـارلز دیکنـز ) ، (سـپارتاکۆس : هـاوارد فاسـت ) ، ( شـاکارە نـەمرەکانی ئەدەبیاتی جیهان : وەرگێڕانی حەسەن شەهباز) ، (ناوەڕۆکی تۆکمەو تەواوی ڕۆبینسن کرۆزە

: دانیال دیفۆ ) ، ( دانچەرمۆ : جەك لەندەن )،( سۆزی ژیان : ئیرڤینگ ئیستۆن، نووسەرێك کە پسپۆڕیەکەی نوسین و باسکردنی ژیانی مرۆڤە هەلکەوتووەکانەویە شێوەی ڕۆمان دەریدەکات ) ، ( عەشق هەرگیز نامرێت : وەرگێڕانی ئەسغەر بەهرام بەیگی ) ، ( لەگەڵ با ڕۆیشت : مارگرێت میشێل ) ، ( کۆخەکەی مام تۆم : هێریت بیچراستۆ)،( دەریای گەوهەر : لە لایەن دکتۆر مەهدی حەمیدی کۆ کراوەتەوە ) ، ( وێنەی دۆریان گێری : سۆمەرست مۆم) ، ( دکتۆر ژیڤاگۆ : بۆریس پاستێرناك ) ، ( هێشووەکانی تووڕەیی : جۆن ئیشتاین بەك)، ( زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن : ئێرنێست هیەمەنگوای )، ( تووڕەیی و هات و هاوار : ولیام ڤاگنەر)،(جۆن کریستۆڤ : ڕۆمان ڕۆلآن ) ، ئەمانە ئەو پەڕتووکانە بوون کە هەڵبژێردران و بۆ پەڕتووکخانەی قوتابخانە کڕیانن.

تا ئەو کات نەمدەزانی جیاوازی نێوان وەرگێڕی باش و خراپ چییە و چ گرنگییەکی هەیە، بەلآم کاتێك ئەو پەڕتووکانەم خوێندەوە پەیم بەو گرنگییە برد. دواتریش بۆ هەڵبژاردنی پەرتووك ئەو خالآنەم لە بەرچاوەدەگرت.

ئەو ڕۆژە منیش چەند پەڕتووکێکم بۆ خۆم کڕی و بە هاوکاری یەکتر پەڕتووکەکانمان بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکە گواستەوەو پاشانیش هەردووکمان سەرکەوتین.

هەستم بە برسێتی دەکرد. بیرمکەوتەوە کە لە بەیانییەوە هیچمنەخواردووە. بە بێویست و ئیرادە گوتم "زۆرم برسییە ". پرسی " لە قوتابخانە هیچت نەخواردووە ؟ ". گوتم" ڕێکنەکەوت ". گوتی "کەمێك دانبە خۆتدا بگرە سەندەویچێکت بۆدەکڕم ". لە بەردەم خواردنگەیەك ڕایگرت. لە نزیك خواردنگەکە، شیرینی فرۆشیەکی لێبوو،بۆنێکی خۆشی قاوەی لێوە دەهاتەدەرەوە. گوتم " بۆنی قاوە دێت ". پرسی " حەزت لە قاوەشە ؟ ". گوتم " بەڵێ، بەلآم بەداخەوە هەموو پارەکەم خەرجی پەڕتووکەکان کرد ". گوتی " نیگەران مەبە، میوانی منیت ". گوتم " دە باشە ئێستا، کە میوانی تۆم ڕێگەم پێبدە لە باتی سەندەویچ، شیرینی بخۆم ". پێکەنی و گوتی " هەر چۆنێك خۆت حەزتلێیەتی ".

پێکەوە چووینە ناو شیرینی فرۆشیەکەوەو داوای شیرینی و قاوەی کرد. ئەو لەگەڵ خواردنیشدا جگەرەیەکی داگیرساند. بە بینینی ئەو جگەرەیە کەوتمەوە یادی نێرگەلەکەو

بزەیەك گرتمی، ئاگای لێبوو و سەیرێکی جگەرەکەی کرد بەلآم پرسیاری نەکرد. کاتی گەڕانەوە گوتی " پێموابێ ئەو جگەرەیە نهێنییەکی تێدایە، چونکە هەر کە من جگەرەکەم داگیرساند، تۆ پێکەنیت ". نەمدەتوانی نکوڵی لێبکەم. گوتم " بۆ ساتێك جگەرەکەتم لەگەڵ نێرگەلەدا بەراورد کرد ". بێدەنگ بوو، وا پێدەچوو چاوەڕێیە ئەویتریشی بۆ باسبکەم، بەلآم من درێژەمپێنەدا. کاتێك بێدەنگییەکەمی بینی لێی پرسیم " جا کوێی ئەم بەراوردە پێکەنیناویە ؟ ". گوتم " هیچ کوێی، هەروا پێکەنیم". پرسی " ئەم پێکەنینەش بە بێۆیست و ئیرادە بوو ؟ ". گوتم " بەڵێ ". کەمێك توڕەبوو، بەلآم دانیبەخۆدا گرت. لێی پرسیم "دەتوانی هەر بە زارەکی باسی بابەتی داڕشتنەکە بکەیت و بڵێیت کە، بە تێڕوانینی تۆ واتاو چەمکی ژیان چیە؟ ". گوتم "کارێکی ئەستەم و سەختە، بەلآم دەتوانم بڵێم کە ژیان، ڕێگا تێپەڕاندنە. ئەویش ڕێگایەکی نەناسراو و نادیار. هاتووینەتە دونیاوە بۆ ئەوەی دوای ئامانجێك بکەوین و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەبێ تەمەنمان پێشکەشکەین. بنەمای ژیان واتە، هەوڵ و کۆشش، خەبات و زۆر شتی تریش، کە نازانم، بەلآم سەبارەت بەوەی کە چ جۆرە ژیانێکم خۆشدەوێت، وا دەزانم ژیانی ئاسایی و دوور لە جۆش و خرۆشم خۆشدەوێت. حەزدەکەم ژیانم وەك ڕووبارێك ڕەوان بێت.بێزارم لەوەی کە دۆخی ئاوێکی مەنگ و وەستاو بە خۆمەوە بگرم، بەلآم بەداخەوە وەها دۆخێکم هەیە. هیچ سۆزو حەزو ئامەزرۆییەك دەروون و گیانم گەرمناکاتەوە. بە خۆم دەڵێم گەیشتوومەتە کۆتایی ڕێگاو هەستبەپووچی دەکەم. دەزانم کە نابێت بەم جۆرە بیربکەمەوە، بەلآم شتێك لە دەروونمدایە هاواردەکات و دەنەڕێنێ بە سەرمدا کە : - هەوڵ مەدە، چونکە پێیناگەیت و دەبێ دەستلەژیان بشۆیت- لەوانەیە باوەڕنەکەیت، بەلآم هەندێك کات ئەو هەستە ئەوەندە هێز پەیدائەکات کە دەستلەژیان دەشۆم و لە چاوەڕوانی مەرگ دادەنیشم. ساردیی مەرگ بە هەموو ڕۆح و گیانمەوە هەستپێدەکەم، بەلآم دڵم لە لێدانی خۆی بەردەوام دەبێت و لێدانە ڕێکوپێکەکەی ئەوە کە ئەو باوەڕەم پێدەبەخشێت - هێشتا زیندووم و هەناسەدەدەم -، زۆر کەس هەن بە هۆی ناسازگاری و نەگونجاوی دەست لە ژیان دەشۆن، بەلآم بە نیسبەت منەوە بەم جۆرە

نییە. من ئەوەندە لەم بانگەوازە دەروونیەمەوە نزیکم کە هەندێك کات خۆم بە مەرگ دەزانم و کاتێك لە منەوە نزیکە دەمەوێت خۆمی بدەمەدەست، بەڵام جۆرە پەیوەستبوونێك بە ژیانەوە واملێدەکات خۆم بە دەستەوەنەدەم. ئەو پەیوەستبوونەش جۆرێکی تایبەت نییە کە بتوانم پەنجەی لە سەردانێم. تێکەڵێکە لە عەشق، ئومێد، هۆگری بە خێزانەوە، نازانم، بەلام بە گشتی ئەوانەن کە ناهێڵن خۆم بە مەرگ بسپێرم. مرۆڤێکی خەیاڵپەروەرنیم، بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وا بیردەکەمەوە بۆ ئەم دونیایە دروستنەکراوم و پەیوەندیم بەم دونیایەوە نییە. وا دەزانم بۆ ئەوە دروستکراوم تۆڵەم لێبسەنرێتەوەو پاش سزادانەکەم بگەڕێمەوە بۆ دونیا سەرەکییەکە. تێپەڕبوونی کات وەك چرکەچرکی کاتژمێر، ماناو واتایەکی گەورەتر لەوەی هەیە کە پلش دوو، سێ دێت و من خۆم هەنگاوێك نزیکتر لە مەرگ دەبینم و، ئەمەش بۆ خۆی زۆر جوانە.

مرۆڤەکانی چواردەورم بەو کەسانە دەزانم کە لە مەرگ ڕادەکەن و منیش بە پێچەوانەی خێراییەکەی ئەوان دەڕۆم. ئەگەر ئەوان بۆ پێشەوە هەڵدێن، منیش پشت لەوان دەکەم و ڕا دەکەم. ئەوان ڕادەکەن بۆ ئەوەی بڕۆن و دوورکەونەوە، بەلام من ڕا دەکەم بۆ ئەوەی زووتر بگەم، لە ئاکامدا ئەوانیش بە من دەگەن، بەلام ئەوان ڕێگایەکی دوورو درێژتریان بڕیوەو خۆیان ماندوو کردووە ". پرسی " بەرامبەر بەم مرۆڤانە هیچ هەستێکت نییە ؟ ". گوتم " خۆشمدەوێن و دڵم بۆیاندەسووتێت. حەزدەکەم ڕاستیەکانی ژیانیان بۆ ڕوونکەمەوە، بەلام ناتوانم. وادەزانم ئەوان ونبووی ڕێگایەکن، کە بە دوای چرایەکدا دەگەڕێن. ئەگەر بە قسەکەم پێنەکەنیت، دەمەوێت بڵێم، هەندێك کات خۆم لەوان بەرزتر و سەرووتر دەزانم و پێموایە لە لایەن ئەوانەوە هیچ جۆرە زیانێکم پێناکەوێت، چونکە من مەرگم ".

بە بیستنی دوایین وشەم پێکەنی. توڕەبووم و گوتم " ئەگەر بزانیبایە بە قسەکەم پێدەکەنیت هەرگیز نەمدەکرد ". گوتی " دەتەوێ هۆکەی بزانیت ؟ من پێکەنیم چونکە بە پێچەوانەی وتەکەت تۆ خودی ژیانی، تۆ گەنجی، تۆ جوانی، تۆ میهرەبانی و لە سەرووی هەمووشیانەوە، تۆ مرۆڤەکانت خۆشدەوێت. پێکەنیم چونکە هیچ سیمایەکی هاوبەشم لە نێوان تۆ و مەرگدا بەدینەکرد. ڕووخساری مەرگ ناحەزو بێزراوە " بەلام ڕووخساری تۆ

Scanned with CamScanner

هاوشێوەی تریفەی مانگەشەوەو درەوشانەوەی چاوەکانت تیشکی ژیانە. ناحەقم مەگرە بە ووتەکانت پێبکەنم، چونکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم تۆ لەگەڵ مەرگدا بەراوردبکەم. دەمەوێت لێتبپرسم ئایا تا ئێستا گیاندانی مرۆڤێکت دیوە، یان ڕووخساریت لە کاتی خۆبەدەستەوە داندا بینیوە، کە چۆن ڕەنگی دەگۆڕێت و هەموو جەستەی دەلەرزێت؟ دەمەوێت بپرسم ئایا تا ئێستا هەوڵی ئەوەت داوە مرۆڤێك لە مردن ڕزگار بکەیت و بیگەڕێنیتەوە بۆ ژیان ؟ پێم بڵێ بزانم ئایا حەزدەکەیت لەپێشچاوانت مرۆڤێك خۆی بەدەست مەرگەوە بدات ؟ ". گوتم " بڕوا ناکەم بەرگەی بینینی ئەو دیمەنە بگرم" لەگەڵ ئەوەشدا کە تا ئێستا گیاندانی هیچ مرۆڤێکم نەدیوە، بەڵام دەزانم کارێکی ئاسان نییە ". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی "کەواتە تۆ لە ڕەگەزی مەرگ نیت ! ئێمە گیانلەبەران هەموومان ناچارین بمرین، چونکە ناتوانین لێیدووركەوینەوەو خۆمانبپارێزین" بەڵام بەویست و خواستی خۆشمان ئەم کارە ئەنجامنادەین. ئێمە حەزمان لە ژیانە، چونکە تیایدا هەناسەدەدەین، دەڕۆین بەڕێوەدەژین. ئێمە درووستکراوین بۆئەوەی تێبکۆشین و تویشویەك بۆ ڕۆژی دواییمان پاشەکەوت بکەین و تا کاتێك کە زیندووین و هەناسەدەدەین دەبێ لەمکارە بەردەوامبین. بێزاربوون و وازهێنان لە دونیاو خۆشی و بەخششەکانی خواوەند و لە چاوەڕوانی مەرگ دانیشتن و داخستنی هەموو دەرگاکان لەسەر خۆت پێچەوانەی نهێنی و ڕازی سرووشتە. ئێمە هەموومان بۆ تاقیکردنەوەیەکی گەورە درووستکراوین و هەوڵەکانمان دەبێ بۆسەرکەوتن بێت، نەك دۆڕان. هەموومان لەم دونیایە دەڕۆین. هیچ شتێکیش مانەوەی هەتاهەتایی نییە. ئێمە ئەگەر بە بێئومێدییەوە لە چاوەڕوانی مەرگدا بین، کارێکی هەڵەیە. تۆ بە مرۆڤ دروستکراوی و لە ناخیشتدا، وەك هەموو مرۆڤەکان، هەست و سۆز و بەزەیی دانراوەو دەبێ کەلکیان لێوەرگریت و مرۆڤ بیت " مرۆڤێکی داهێنەرو بەسود. تۆ دروستکراویت بۆ ئەوەی ببیت بە دایك و چەرخ و گەردوونی ژیان بەو وەچەیەی، کە دوای خۆت جێیدەهێڵی، هەڵسوڕێنیت. ئایا ئەوە پەسەند دەکەیت کە ئەم جیهانە جیهانێکی ئامانجدارە ؟ ". سەرم ڕاوەشاندو پشتگیریم لە قسەکانی کرد.

بەردەوام بوو " ئەگەر ئەوە پەسەند دەکەیت کە هیچ یەك لە دروستکراوەکانی خواوەند بە بێئامانج نەهاتوونەتەدی، دەبێ ئەوەش پەسەند کەیت کە دروستبونی خۆشت بە بێئامانج نەبووە. تۆ هاتوویتە ئەم دونیایەوە تا ڕێگای تەواوکاری درێژە پێبدەیت و بۆ ئەوەی پێی بگەیت، دەبێ هەوڵ بدەیت و تێبکۆشیت. هەموومان تەمەنێکی سنووردارمان هەیە بەلام بە بێئامانج نابێ خۆمان نابووت بکەین. بە گوێی من بکەو دەستبەرداری مەرگ بەو سەیری دونیا بکەو هەست بە بەرپرسیارێتی بکە. ئەوەش پەسەند بکە تۆش بەشێکی لەم گەردوونە. ئەگەر دەتەوێ درێژە بەم بیرو هزرە پووچانە بدەیت، ڕێگەم پێبدە هەر لە ئێستاوە پێت بلێم تۆ بە خۆڕایی ژیانت دۆڕاندووە. بە پووچگەرایی ناگەیتە هیچ شوێنێك. بە هەمان شێوە، کە باستکرد خەڵکت خۆش بوێت تا خۆشیان بوێیت. سەبارەت بە چارەنوسیان دڵسۆز بە و یارمەتییان بدە بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ژیانیاندا سەرکەوتوو بن. ئەوەش بزانە کە هیچ هێزێکی نادیار و نەبینراو دەورەی نەداوی. تۆش وەك کەسانیتر، ئەگەر دڕکێك بچێ بە ئەنگوستتدا، خوێنی لێدێت و هەست بە ئازارەکەی دەکەیت. تۆش لە دەست مەرگ هەڵدێیت و ڕادەکەیت، چونکە کاتی پەڕینەوە لەسەر شەقام، سەیری ئەم لاو ئەولات دەکەیت، نەوەك ئۆتۆمبیلێك خۆیت پیاکێشێت. مەخوێنە بە گوێی خۆتدا کە لە ڕەگەزی مەرگیت. ئەمە تەنها تۆ نیت، بەڵکو هەموو بوونەوەرەکان خایەن و لە ناوچووەکان، لە ڕەگەزی مەرگن و ڕۆژێك هەر لە بەین دەچن. تۆ کچێکی وریا و ژیری، من سەرم سوڕ دەمێنێت چۆن بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە ؟ وا دەزانم ئەم کێشانە لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی خوشك و براکەت دروستبوون. داوات لێدەکەم زیاتر لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵی بکەیت و لە تەنهایی دوورکەویتەوە. حەزم دەکرد زیاتر بمبینیتایەو پێکەوە قسەو گفتوگۆمان بکردبایە ".

نزیکی ماڵ ببووینەوە. بە داخێکەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی " چەند زوو گەیشتین. من بەم قسەکردنانەم سەرم ئێشاندی ". گوتم " هەرگیز وا نییە، خۆشحاڵم لەگەڵ جەنابت بووم و ئەم کڕینەش بووە هۆی ئەوەی لە قسە بەسوودەکانت کەڵك وەرگرم ". لە بەردەم ماڵی ئێمە وەستاو لە ناکاو چاوم بە گڵۆپە کوژاوەکانی سەر دەرگای حەوش کەوت و گوتم " ئەی هاوار

". پرسی " چی بووە؟". گوتم " لە بیرم کرد کلیلەکان لەگەڵ خۆم بهێنم و کەسیش لە ماڵەوە نییە ". گوتی " ئەوە خەفەتی ناوێ، وەرە بۆ ماڵی ئێمە تا ئەوان دەگەڕێنەوە ". دەمویست داواکەی ڕەتکەمەوە، بەڵام ئۆتۆمبیلەکەی بردە پێشەوەو لە بەردەم ماڵی خۆیان ڕایگرت و گوتی " تا ئەوان دەگەڕێنەوە چەند کاتژمێرێك لێرە بە ناخۆشی بە سەربەرە ". ناچاربووم ڕازی بم.

( شکوە خانم ) بە ڕووخۆشییەوە پێشوازی لێکردم و چای بۆ هێنایین. ( ئاغای قودسی ) داوای لێبووردنی کرد و لە ژووری میوان ڕۆیشتە دەرەوە. پێکەوە بوونی من و ( ئاغای قودسی ) بۆ ( شکوە خانم ) جێی پرسیار بوو و کاتێك بە تەنها ماینەوە لێی پرسیم " ( مینا ) گیان دەکرێ پێم بڵێیت ئێوە لە کوێ بوون ؟ ". لە مەبەستەکەی تێگەیشتم. گوتم " ڕۆیشتبووین، پەڕتووك بکڕین بۆ پەڕتووکخانەی قوتابخانەکە. ( ئاغای قودسی ) ویستی لەگەڵی برۆم و ڕای خۆم لە بارەی پەڕتووکەکانەوە دەربڕم ". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " هەروا پرسیم، هیچ مەبەستێکم نەبوو. کاتێك هەردووکتان بە یەکەوە هاتنە ژوورەوە نیگەران بووم نەوەك شتێك ڕوویدابێت. ئێستا، کە زانیم خەیاڵم ئاسوودە بوو. ڕاستیەکەی کەمێکیش سەرسام بووم. بۆ ساتێك فەرامۆشم کرد تۆ قوتابی هەمان قوتابخانەیت کە (کاوە ) وانەی تێدا دەڵێتەوە. گومانم برد لەوانەیە تۆ و ( کاوە )... ببورە دەبوایە هەر لە سەرەتاوە بمزانیبایە چونکە بەو خوو و ڕەفتارەی ( کاوە ) هەیەتی، هیچ کچێك ئامادە نییە ببێت بە هاوڕێ و هاودەمی ". گوتم " من لەگەڵ ئەو بیرو ڕایەی جەنابتدا نیم، ( ئاغای قودسی ) یەکێك لە باشترین مامۆستاکانەو هەموو قوتابییەکانیش خۆشیان دەوێت". گوتی " بەڵام من بیستوومە زۆربەی قوتابییەکان لێی دەترسن. کە لە تۆشی دەبیستم دەڵێی مامۆستایەکی خۆشڕەفتارە، وا گومان دەبەم کە لەوانەیە لێی بترسی و ڕاستییەکەی ناڵێیت ". گوتم " من بیرو ڕای خۆمم گوت و دڵنیاشم کە ڕای ئەوانی تریش هەر ئەمەیە. بەڵام چونکە باوەڕ ناکەیت جارێکی تریش دەیڵێم کە ( ئاغای قودسی ) باشترین مامۆستای منەو بە هیچ شێوەیەك لێی ناترسم ". (ئاغای قودسی ) جل و بەرگەکەی گۆڕیبوو. کاتێك هات

Scanned with CamScanner

لە لامان دانیشت گوتی " بە بێ ئەوەی بمەوێت قسەکانی ( مینا خانم ) م بیست. ئەو لە چی شتێك ناترسێت ؟ ". ( شکوە خانم ) پێکەنی و گوتی " شت نەبوو، بەلکو مرۆڤ بوو. ( مینا ) گیان دەلێت کە تۆ مامۆستایەکی خۆشڕەفتاری و قوتابییەکانیش خۆشیاندەوێیت. من گوتم لەوانەیە ترس هۆکاری ئەم تاریفکردنەی بێت، بەلام ( مینا ) گیان گوتی لە تۆ ناترسێت ". ( ئاغای قودسی ) پێکەنی و گوتی " بۆ من دێوم لێم بترسێت ؟ ". ( شکوە خانم ) هاوکات کە ژوورەکەی بە جێدەهێشت گوتی " لە دێویش کەمتر نیت ". ( ئاغای قودسی ) ڕوویکردە من و گوتی " من ئاوهام ؟ ". گوتم " نا ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " دەبێ ئەوە بسەلمێنیت ". گوتم " باشە ئامادەم ". گوتی "کاتێك دیسانەوە هاوارمکرد بە سەرتاو لە پۆل دەرمکردی ئەو کاتە لێم دەترسی؟ ". گوتم " من کارێك ناکەم ببێتە هۆی توڕەبوونی جەنابت و کردنەدەرەوەی خۆم لە پۆل ". گوتی " ڕاستییەکەیم پێ بلێ، ئەمڕۆ لە پۆل لێم نەترسای ؟ " سەیریم کرد و گوتم " چونکە دەتەوێ ڕاستییەکەی بزانیت، بەلێ ترسام و لە ترسا ئەوەندەی نەمابوو ببورێمەوە ". گوتی " واتدەزانی چیتانلێدەکەم ؟ ". گوتم " نمرەیەکی سفر و کردنە دەرەوەمان لە پۆل ". پرسی " بەس ئەوەندە ؟ نەترسای بکەویتە بەر لێشاوی نامیهرەبانی من؟ ". گوتم " ئەگەر ئەو دوو کارەت ئەنجام بدایە نامیهرەبانیەکەتت دەسەلماند، بەلام بەزەیی و میهرەبانی خۆتت سەلماند ". جگەرەیەکی داگیرساندو گوتی " میهرەبانی نەبوو، من هەلێکیترم بۆ تۆو (یەگانە) ڕەخساند. هەلێك بۆ قەرەبووکردنەوەی هەلەکانتان، بەلام دەبێ بلێم ئەگەر دووبارە بکرێتەوە، ئیتر لێبوردن لە ئارادانییە. پێشتر پێم گوتی کە لە بەرچی نەمتوانی بڕیار بدەم چیتلێبکەم، بەلام ئەوەندە دەزانم ئەگەر جارێکیتر دووبارەبکرێتەوە، سزایەکی سەختتر چاوەڕێتدەکات. کارێك دەکەم ناچار بیت ئەو ئامادەییە بجێبهێلیت. تێگەیشتی ؟ ". ئەو جۆرە قسەکردنەی ترساندمی و دەستم کەوتە لەرزین. ڕەنگی ڕووخسارم گۆڕا و بە منگە منگ گوتم " بەلێ تێگەیشتم ". بە شێوەیەك دای لە قاقای پێکەنین کە بە بێ ویست و ئیرادە هەستامە سەر پێ و وەستام.

( شکوە خانم ) بە سەبەتەیەکی پڕ لە میوە هاتە ژوورەوەو پرسی " چی بووە ئاوا پێدەکەنیت ؟ ". گوتی "هیچ، ویستم بیسەلمێنم بۆ ( مینا خانم ) کە لێم دەترسێت. دانیشە کچە گیان، دانیشە. وەها ڕەنگت بزرکاوە دەترسم دەستبەجێ بمریت. دایکە تکات لێدەکەم قەنداوێکی بۆ بهێنە ". پێکەنین و جۆری بەلگەهێنانەوەکەی کەمێك هێمنی کردمەوە. لەسەر جێگاکەم دانیشتم. لێی پرسیم " دیسان هەر دەڵێیت کە من دێو نیم ؟ ". ئاوی دەمم قووت داو گوتم " نەخێر نیت ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " چ کچێکی منجڕ و کەللەڕەقی ".

( شکوە خانم ) بە قەنداوێکەوە گەڕایەوەو ڕووی کردە ( ئاغای قودسی ) و بە توڕەییەوە گوتی "شێوازی قسەکردن کەی وایە؟ ( مینا ) بە تەواوەتی ڕەنگی بزرکاوە ". ( ئاغای قودسی ) قەنداوەکەی لەدەستگرت و ڕووەو من هات و گوتی " بیخۆ ". گوتم " من باشم، پێویستم پێی نییە " بەلام ئەو پەرداخەکەی دا بە دەستمەوەو گوتی " بە هەر حاڵ، چۆڕێك بخۆرەوە، من نامەوێت باشترین قوتابییەکەم لە خۆم دوور خەمەوە. ویستم کەمێك شۆخی بکەم ". ( شکوە خانم ) بە گاڵتەجاریەکەوە و گوتی " هەتا شۆخی کردنەکانیشت بۆنی توڕەیی و توندوتیژی لێ دێت. ( مینا ) گیان من لە لایەن ( کاوە ) وە داوای لێبوردنت لێدەکەم ". گوتم " پێویست بەوە ناکات. تکات لێدەکەم خۆت نارەحەت مەکە. ئەگەر دەبینی ڕەنگم بزرکاوە، لەبەرئەوەیە کە تا ئێستا هیچ مامۆستایەك بەم جۆرە قسەی لەگەڵ نەکردووم ". گوتی " لە حاڵت تێدەگەم، بە گشتی قوتابییە زیرەك و نمونەکان جێی بایەخ و میهرەبانی مامۆستاکانن و ئەم ڕەفتارەش بە نیسبەت ئەوانەوە نوێیە ". (ئاغای قودسی) گوتی " لەم ڕووەوە نوێیە کە تووشی ترس و سەرسامییان دەکات. هەر بۆیە منیش داوای لێبوردن دەکەم، بەلام تاوانی خۆت بوو کە بە بوێری و ئازایەتی دەرتبڕی لە من ناترسیت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئیتر هیچ شتێك بە دڵنیاییەوە دەر نەبڕیت ".

( ئاغای قودسی ) پەرداخەکەی لە بەردەمم هەلگرت و پرتەقاڵێکی داناو گوتی " فەرموو، من ئەوەندەش خراپ نیم ".شێوازی قسەکردنە هێمن و ئارامەکەی هێزی

پێبەخشیم. ( شکوە خانم ) گوتی " ناتوانی هەمیشە ئاوا قسە بکەیت؟ ". پێکەنی و گوتی " ئەو کاتە تۆش فێر دەبیت و خۆت بێتام دەکەیت و دەست دەکەیت بە نازو نوککردن و خۆت دەزانی من چەند ڕقم لەو جۆرە ژنانەیەو لێیان بێزارم ".

( شکوە خانم ) دەیویست وڵامی بداتەوە کە زەنگی تەلەفون لێیدا و ناچار بوو ژوورەکە جێبهێڵێت. منیش سەیرێکی کاتژمێرەکەمم کرد. ( ئاغای قودسی ) گوتی " دوا نەکەوتوون، نیگەران مەبە ". هەستا و پەردەی ڕووەو حەوشی لادایەوەو سەیری بارینی بارانی دەکرد. گوتی " بەم بارانە، لێخوڕینیش هێواش دەبێتەوەو هۆی دواکەوتنەکەشیان هەر ئەوەیە ". گوتم " لەوانەیە هاتبنەوەو چاوەڕێی من بکەن ". تەماشای کردم و گوتی " با تەلەفۆن بکەین و ئاگادار بین ".

قسەکردنەکەی ( شکوە خانم ) کە تەواو بوو، من هەستام و ( ئاغای قودسی ).ش بە دوامداهات. (شکوە خانم ) پرسی " بۆ کوێ دەڕۆن ؟ ". لە باتی من، ( ئاغای قودسی ) وڵامی دایەوە " بۆ هیچ کوێ، ( مینا خانم ) دەیەوێت تەلەفۆنێك بکات و بزانێت ئاخۆ دایك و باوکی هاتوونەتەوە، یان نا ؟ ". سەری ڕاوەشاند و ڕۆیشت. منیش تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و ژمارەکەم لێدا، بەڵام کەس هەڵینەگرت. تەلەفۆنیشم کرد بۆ ماڵی پورم و دڵنیابووم کە ئەوان چەند خولەکێك پێشتر بەڕێکەوتوون و هێشتا لە ڕێگان. تەلەفۆنەکەم داخست و خەیاڵم ئاسوودە بو و دیسان گەڕامەوە ژوورەوە. بە ( شکوە خانم )م گوت " ئەوان بەڕێوەن و تۆزێکیتر دەگەنە جێ ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " خۆشحاڵتکردم، دانیشە، با چاییەك بێنم ". گوتم "سوپاستدەکەم حەزم لێنییە ". ( ئاغای قودسی ) گوتی "(مینا) برسییەتی. من ئەمڕۆ بوومە هۆی ئەوەی کە لە خواردنیش بێبەش بێت ". ( شکوە خانم ) بە گاڵتەجارییەکەوە گوتی " نەتدەتوانی سادندەویچێکی بۆ بکڕی تا ئەوەندە بە برسێتی دانەنیشێت ؟ ". گوتم " برسیم نییە، بڕوا بکەن ". ( شکوە خانم ) گوتی "شەرم مەکەو بهێڵە با شتێکت بۆ بێنم ". دیسانەوە سوپاسمکرد و گوتم " ناتوانم و برسیم نییە ". بێدەنگیەك لە نێوانماندا زاڵ بوو. ( شکوە خانم) بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی " چەند ڕۆژێکیتر (بەهدا ) و دایکی دێن بۆ تاران ". ( ئاغای قودسی ) لێی پرسی " تۆ لە کوێ

Scanned with CamScanner

دەزانیت ؟ ". گوتی " کەمێك لەمەوپێش مامت تەلەفۆنی کرد و گوتی دێـن. ئێـستا بـێن باشترە، نەك جەژن ". ( ئاغای قودسی ) بێدەنگ بوو. ( شکوە خانم ) یش پیاڵەکانی برد بۆ ئاشپەزخانە. ( ئاغای قودسـی ) گـوتی " دەمـەوێ قـسەیەك بکـەم بـەڵام دەترسـم خـراپ لێکیبدەیتەوە".گوتم " تکا دەکەم ". گوتی " دەزانیت شەوان ڕەنگی چـاوانت دەگۆڕێـت و وەك ڕەنگی ئەو جلانەی لێدێت کە لە بەرتدایە ؟ ". گوتم " نەمزانیوە ". گوتی " لەوانەیـە ڕووناکی گڵۆپەکە کاریگەری لە سەری هەبێت و ئەو دیمەنە بە بینـەر ببەخـشێت. چـاوەکانت ئێستا ڕەنگی (نیلی) یە " ڕێك لە ڕەنگی یۆنیفۆرمەکەت ".پرسیم " لە ڕۆژدا چ ڕەنگێکە ؟ ". گوتی " ڕەنگاو ڕەنگە ". گوتم "ڕەنگێکی سەر سوڕهێنەرە ". پرسـی " بـە ڕاسـت تـۆ خۆت دەزانی ڕەنگی چاوەکانت چۆنە ؟ ". گوتم "بەڵێ، دەزانم، سەوزە ". پێکەنی و گوتی " زۆر هەڵەیت، ڕەنگی چاوەکانت هەڵماتینە ".

وتم " گوێم لە هەموو جۆرە ڕەنگێك بووە جگە لە هەڵماتین. ئەوە چ جۆرە ڕەنگێکە ؟ ". گوتی "سەوز، مۆر، نیلی، کەمێکیش هەنگوینی. زۆری و کەمی ئەو ڕەنگانـەش پەیوەنـدی بەو جل و بەرگانەوە هەیە کە لە بەریدەکەیت. ڕەنگی جلوبەرگەکەت کاریگەری زۆری لەسەر ڕەنگی چاوەکانت هەیە. من پێشتریش چاوی ئاوهام دیبوو ". گـوتم " دەزانـی ئەگـەر بـۆ ( مەرسدە ) بنووسم کە جەنابت ڕەنگی چاوەکانت لەگەڵ چـی شـتێکدا لێکـچوواندوە چـەنێك پێدەکەنێت ؟ ". ڕووی گرژ کردەوەو گوتی " بەڵام لێکچوواندنەکەی من پێکەنیناوی نەبوو. بە ڕاستی چاوەکانت ڕەنگـاو ڕەنگـە ". (شـکوە خـانم ) جـارێکیتر بـە سـینیيەك چـايیەوە هاتەژوورەوە و دەستبەجێ ( ئاغاغی قودسی ) لێـی پرسـی "دایکـە ! بـە ڕای تـۆ ڕەنگـی چاوانی ( مینا خانم ) چۆنە ؟ ". ( شکوە خانم ) وەك بڵێی بۆ یەکەمجارە تەماشـای چـاوانی من دەکات، لە ڕووخسارم ڕاماو گوتی " ڕەشە، بۆچـی ؟ ". ( ئاغـای قودسـی) پێکـەنی و گوتی " ڕەش نییە، (نیلی)یە ". ( شکوە خانم ) بە جوولاندنی سەری پشتگیری لە قـسەکەی کرد. ( ئاغای قودسی ) بەردەوام بوو " تۆ بە ڕۆژیـش سـەیری چـاوانی ( مینـا خـانم ) ت کردووە ؟ ". گوتی " بەڵێ بۆچی؟". (ئاغای قودسی ) گوتی " لە ڕۆژیشدا چاوانی ( مینـا

Scanned with CamScanner

خانم )، (نیلی)یە؟ ". ( شکوە خانم ) زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " لە یادم نییە، بەلاّم بە زۆری لە شەودا ڕەنگی زۆربەی چاوەکان ڕەش دەنوێنێت ". ( ئاغای قودسی ) گوتی " ڕاستە زۆربەی ئەو ڕەنگانەی کە لە لیلّ و تۆخ نزیکن ڕەش دەنوێنن، بەلاّم مەبەستی من شتێکی ترە. ڕەنگی چاوانی ( مینا خانم ) بە ڕۆژ ڕەنگاو ڕەنگەو بە شەو وەکوو ڕەنگی جلوبەرگەی لێدێت، وا نییە ؟ ". ( شکوە خانم ) پێکەنی و گوتی " پیاوەکان باشتر لە ژنەکان لەم گۆڕانانە ئاگاداردەبن. من تا ئێستا سەرنجی ئەو خالّەم نەداوە ". قسەکردنە پێکەنیناوییەکەی ( شکوە خانم ) هەر دووکمانی شەرمەزارکرد. ( ئاغای قودسی ) گوتی " من مەبەستێکی تایبەتیم نەبوو. لەبەرئەوەی کە زیاتر لە تۆ پەیوەندیم لەگەلّ ( مینا خانم ) دا هەیە، بۆیە بەم خالّە پەیبردووە. ئومێدەوارم من بە مرۆڤێکی بێشەرم و ڕوودار لە قەلّەمنەدەن ". ئەوەی گوت و ژوورەکەی بە جێهێشت.

( شکوە خانم ) گوتی " منیش مەبەستێکی تایبەتیم نەبوو، نەدەبوو ئاوا تووڕەو ناڕەحەت بووایە. هیچ کاتێك قسەی وام لێنەبیستووە "بۆ یەکەمجارە کە ئەو لە بارەی ڕەنگی چاوێك ڕای خۆی دەربڕێت. ببورە. لاموایە ئەمڕۆ زۆر تووشی هەلّە بووم ". گوتم " تکادەکەم، من بە ڕادەربڕین لە بارەی چاوەکانمەوە ڕاهاتووم. بە زۆری بۆ تاریفکردن و پیاهەلّدانی هەموو کچێك سەرەتا لە چاویەوە دەستپێدەکەن. بەلاّم منیش وەك تۆ سەرم سوڕما، چونکە تا ئێستا کەس پێینەگوتووم ڕەنگی چاوەکانم هەلّماتینە. ئەم لێکچوواندنە شتێکی نوێ بوو بۆم ".

پێکەنی و گوتی " ئا... ئێستا بیرمکەوتەوە، منیش دەمویست پێت بلّێم ڕەنگی چاوەکانت تایبەتە، بەلاّم لێکچوواندنی بە هەلّمات، ئەویش بۆ خۆی لێکچواندنێکی جوانە، وا نییە ؟ ". سەرم ڕاوەشاند و گوتم "بەلّێ، ئەمەش بۆ خۆی لێکچوواندنێکە ".

( ئاغای قودسی ) بە قژی تەڕەوە هاتە ژوورەوەو گوتی " ( ئاغای ئەفشار ) هاتووەتەوە. هەرچەند حەزناکەین جێمانبێلّیت، بەلاّم بۆ ئەوەی لە نیگەرانی دەربێیت، ناچارم بلّێم کە ئەوان هاتوونەتەوە". هەستام و گوتم " سوپاستاندەکەم. بوومە ئەزیەت بۆتان، داوای لێبووردن دەکەم ".

Scanned with CamScanner

( شکوە خانم ) تا نزیك دەرگاکە ڕەوانـەی کـردم، بـەلاّم ( ئاغـای قودسـی ) تـا بـەردەم دەرگاکەی خۆمان لەگەڵم هات و کاتێك خواحافیزی کرد گوتی " جـارێکیتر داوای لێبـوردن دەکەم و هیوادارم ببوریت و ئەو بێشەرمیەشم فەرامۆشکەیت، باشە ؟ ". گوتم " تۆ هیچت نـەکردووە، بـەلاّم ئەگـەر بـەم جـۆرە ڕازی دەبیـت، زۆر باشـە، فەرامۆشـی دەکـەم ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " سوپاستدەکەم ". داواملێکرد بێتە ژوورەوە، بەلاّم نـەهات و بە گوتنی ( شەوت شاد ) گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان.

## (( بەشـــــــــی ١٢ ))

بەیانی ڕۆژی پاشتر کاتێك بۆ وەرگرتنـی پـەڕاوی ئامـادەبوونی قوتابیـان چـوومە ژووری مامۆستایانەوە، هێشتا ئەو نەهاتبوو. ئەو خۆشی و شادیەی کـە لـە شـەوی پێشترەوە لـە ناخمدا بوو لەگەڵ نەهاتنی ئەو دامرکایەوەو خەم و خەفەتێك جێگـای گرتـەوە. بـە پـەژارەو خەفەتباریەوە ڕووەو پۆل دەڕۆیشتم کە لە ناکاو بە باوەشێك پەڕتووکەوە لەو لاوە هـات. بـە بێویست و ئیرادە بەرەو ڕووی ڕامکـرد و بـە گـوتنی (بـەیانیت بـاش ) دەستم بـۆ گرتنـی پەڕتووکەکان درێژکرد. بە زەردەخەنەیەکەوە وڵامی دایەوەو کەمێك چەمایەوە تا من تـوانیم دوو دەستە لە پەڕتووکـەکان هـەڵگرم. بەیەکـەوە چـووینە سـەرەوە. گـوتی "دوێنـی شـەو پەڕتووکەکانت لە ماڵی ئێمە لە بیرکرد. ئەوانم لـە ماڵـەوە دانـا و ئەمـشەو دەتدەمـەوە ". ووشەی (ئەمشەو ) وە بیری هێنامەوە کە بۆ خواردنی ئێوارە میوانی ئەوانین.

( ئاغـای قودسـی ) سـەیرێکی کـردم و گـوتی " وا دەزانم قـسەکانی دوێنـیێ شـەوت فەرامۆشکردەوە ". گوتم "لە کوێ دەزانی؟ ". گوتی " ئەگەر فەرامۆشت نەکردبایە ئێـستا وەکوو قوتابییەکی ڕووخۆش و لە سەرخۆ ڕەفتارت نەدەکرد. خۆشحاڵم کە بیر کردنەوەیـەکی ( لۆژیك ) یانەت هەیەو بە جۆرێکیتر لێکتنەدایەوە ". گەیشتینە بـەردەم دەرگـای هۆڵەکـەو گوتی " پەڕتووکەکان بگرە تا دەرگاکە بکەمەوە ". دەستم درێـژکرد و ئـەو پەڕتووکـەکانی تریشی خستە سەر دەستم و لە گیرفانی بە دوای کلیلەکانـدا دەگـەڕا. هـەموو گیرفانـەکانی چاکەت و پانتۆڵەکەی گەڕا بـەڵام کلیلەکـەی نەدۆزیـەوە. گـوتی " لاموایـە کلیلـەکان لـە

ژوورەوەیە، دەڕۆم بیهێنم ". گوتم " با من بڕۆم بیهێنم ". قایل بوو و پەڕتووکەکانی لە دەست گرتم. بە پەلە لە پلیکانەکان چوومە خوارەوەو خۆمم گەیاندە ژووری مامۆستایان. کلیلەکانم لە ( خانمی ڕێکخەر ) داواکرد. سەیری کردم و گوتی " کلیلەکانت بە دەرگای هۆڵەکەوە لە بیر کردبوو ". پاکانەم بۆ خۆم کرد و گوتم " کلیلەکان بە من نەبوو، لای ( ئاغای قودسی ) بوو ". کاتێك کلیلەکانی دامێ گوتی "بە هەر حاڵ فەرامۆشی نەکەیت، کلیلەکان بە دەرگاکەوە جێنەهێڵیت ". بە گوتنی (بەسەر چاو ) ژوورەکەم بە جێهێشت و بە ڕاکردن لە پلیکانەکان سەرکەوتم. کە گەیشتمە بەردەم دەرگای هۆڵەکە تووشی هەناسە بڕکێ بووم. گوتی " بۆ پەلەت کرد ؟ بە هێواشی هاتبای ". دەرگام کردەوەو یەکەم کەس خۆم چوومە ژوورەوە ،بۆ ئەوەی بتوانم زووتر دەرگای پەڕتووکخانەکەش بکەمەوە. کاتێك (ئاغای قودسی ) پەڕتووکەکانی لەسەر مێزەکە دانا، هەدووکمان هەناسەیەکی درێژمان هەڵکێشا. دەمویست پەڕتووکخانەکە بە جێبهێڵم، لێم پرسی " دەتوانم بڕۆم ؟ ". لە باتی وڵام پرسی " وانەی یەکەم چیتان هەیە ؟ ". گوتم " ئیشوکارمان بە جەنابت هەیە ". نازانم چۆن لە قسەکەم تێگەیشت کە پێکەنی و گوتی " ئێستا، کە ئیشتان بە من هەیە، منیش ئیشم بە تۆ هەیە. تکایە ناوی پەڕتووکەکان لە لیستەکە بنووسە". بە گوێمکرد و لەسەر مێزەکە دانیشتم و ئەو کارەی کە دەیویست، ئەنجامدا. من ناوی پەڕتووکەکانم لە لیستەکە دەنووسی و ئەویش لە پەڕتووکخانەکە جێیدەکردنەوە. لە هەمانکاتدا، پرسی "دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم". گوتم " بەڵێ فەرموو ". پرسی "تەنها ناسینی تۆ دژوارە یان هەموو کچەکان وان ؟ ". گوتم " مەبەستت چیە ؟ ". گوتی " دوێنێ شەو کاتێك ئێمەت بە جێهێشت، دایکم گوتی نەدەبوایە بەو جۆرە قسەم لەگەڵت بکردبایە. مەبەستی ئەوە بوو کە لەوانەیە قسەکانی منت بە جۆرێك لێکدابێتەوە کە من هۆگری تۆم و لە ڕووی خۆشەویستییەوە ئەو قسانەم کردووە. هەڵبەت من گوتم کە تۆ بەو جۆرە لێکی نادەیتەوە، بەڵام ئەو دڵنیابوو کە ئەو جۆرە لێکدانەوەو هەڵهێنجانانە لە هەموو کچەکان وەك یەك وایەو یەکسانە. نازانم، دەتوانم ڕوونتر بۆت باس بکەم، یان نا ؟ ". گوتم " لە مەبەستەکەت تێگەیشتم، مەبەستت

Scanned with CamScanner

ئەوەیە کە لە قسەکانی دوێنێ شەوت هیچ مەبەستێکت نەبووە و قسەکانیشت هیچ خۆشەویستییەکی تێدا نەبووەو تەنها دەربڕینی بیروڕا بووە. مەبەستی جەنابت ئەوەیە ". هەناسەیەکی ڕەحەتی هەلکێشاو گوتی " بەڵێ ئەوە بوو. ئەگەرچی بە دایکمم گوت لێرە بە دواوە لە دەربڕینی قسەکانم وریا دەبم، بەڵام خۆشحاڵم کە تۆ لە مەبەستەکەم تێگەیشتیت. نازانم ئەگەر یەکێکیتر لە باتی تۆ بوایە چۆن قسەکانمی لێکدەدایەوە ". گوتم "جەنابت کە بەم باشییە منت ناسیوە، ئیتر بۆ دەڵێیت ناسینی من دژوارە ؟ ". پێکەنی و گوتی " مەبەستم ئەوەیە کە نازانم چ شتێك خۆشحاڵتدەکات و چ شتێکیش ناڕەحەت و بێزارتدەکات ". دەمویست قسە بکەم کە بە دەست ئاماژەی کرد بێدەنگ بم و گوتی " کاتێك ( خانمی یەگانە ) دەتوانێت بە شێوەیەك بتکەنێنێت کە ئارامی پۆل تێکبدەیت، من بۆ ناتوانم خۆشحاڵت بکەم؟ ئەگەر وتەکانی دوێنێ شەوم دەیتوانی کارەسات دروستبکات، بۆچی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تۆ نەبو و هەتا واشینەکرد کە تۆ پێبکەنیت ؟ تۆ زۆر بە ئاسایی و هێمنی گوێت بۆ قسەکان ڕادەگرت و کاتێکیش باسی هەڵمات کرا، بەو لێکچوواندنەش پێنەکەنیت. ئایا جگە لە من کەسێکیتر چاوەکانتی بە هەڵمات لێکچوواندووە ؟ ". گوتم " نەخێر ". پرسی " ئایا بۆ تۆ سەرنجڕاکێش نەبوو کە مامۆستاکەت چاوەکانت بە هەڵمات لێکبچوێنێت ؟ ". گوتم " سەرم سوڕما، بەڵام... ". قسەکەی پێبڕیم و پرسی " بەڵام چی ؟ دەتەوێ بڵێت کە دەمتوانی وشەیەکی جوانترم بەکاربهێنابایە؟". گوتم "مەبەستم ئەوە نەبوو، ویستم بڵێم قسەکەی جەنابتم وەك ئاگادارییەك وەرگرت، نەك وەك تاریفکردن و پیاهەڵدان. سەریشم سوڕدەمێنێت بۆچی ( شکوە خانم ) بە شێوەیەکیتر لێکیداوەتەوە. من وەك وانە گوێ لە قسەکانی تۆ دەگرم و... ". جارێکیتر قسەکەی پڕیم و پرسی " ئەگەر جگە لە من یەکێکیتر ئەوەی بە تۆ بگوتبایە چی دەبوو ؟ ". گوتم " ئەو کات بە جۆرێکیتر لێکمدەدایەوە. کێ دەتوانێت ڕازی بێت بەوەی کە مامۆستایەکی وەك جەنابت و بەو تایبەتمەندییە ئاکارییانەی جەنابت باسی میهرەبانی و خۆشەویستی بکات؟ ".

پرسی " واتە من ئەوەندە بێ هەست و سۆزم ؟ ". گوتم " نازانم، ڕێگەم بدە پێتبڵێم کە ناسینی جەنابیشت زۆر سەخت و ئەستەمە ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی " لەوانەیە

ئەگەر ئەم پیشەیەم نەبوایە ناسینم ئاسانتربووایە. من بە پێی پیشەکەم و ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمە، ناچارم ڕووپۆشێك بکێشم بە سەر زۆرێك لە خواست و ئارەزووەکانم بۆ ئەوەی بتوانم درێژە بە کارەکەم بدەم. ئەو پەیوەندییە نزیکەی من لەگەڵ کچەکاندا وا دەخوازێت کە توندوتیژ بم. کچێك کە نامەی عاشقانە دەنووسێت و دەیخاتە ناو ئۆتۆمبیلەکەم و لە نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە- ئامادەیە بە بێ هیچ مەرجێك ببێت بە هاوسەرم- دەمخاتە ناو فیکرەوەو بەخۆم دەڵێم دەبێت زیاتر وریا بم و کارێکی وا نەکەم کە کچێکی گەنج ئامەزرۆیی و خەیاڵی پووچ لە دڵیدا پەروەردەبکات. کچێکی تریش لە بەرئەوەی کە نەمهێشت لە تاقیکردنەوەکاندا قۆپی بکات، من بە پیاوێکی بێ هەست و سۆز و دەمارگیر لە قەڵەمدەدات. تۆ پێمبڵێ، ئەگەر لە جێگای من بوویتایە چیتدەکرد و لەگەڵ ئەم بوونەوەرە کەشخەو دڵناسکانە چۆن ڕەفتارتدەکرد؟". گوتم " جەنابت ڕێگای خۆتت دۆزیوەتەوەو پیایدادەڕۆیت. ئەو کێشانە نابێ ببێت بە ڕێگر لە بەردەم درێژەپێدانی کارەکەت، یان بە واتایەکیتر ناچارتبکات بەپێی خواست و ئارەزووی کچەکان ڕەفتار بکەیت. من ئەوە دەزانم هەموو کچەکان وەك یەك نین و بۆ جەنابیشت ئەستەمە کە دڵی هەموویان بۆ لای خۆت ڕاکێشی، بەلام بۆچی دەتەوێ بە ترساندنی قوتابییەکان خۆت بپارێزیت ؟ ئایا مامۆستاکانی تریش وەك تۆ ڕەفتاردەکەن؟ بە دڵنیاییەوە وانیە، تۆ خۆتت بە چەکی ترساندن ئامادە کردووە، لە حاڵەتێکدا لەوانەیە ژمارەیەکی کەم لە قوتابییەکانت خوازیاری ئەو جۆرە ڕەوشت و ڕەفتارە بن و تۆیان بەم جۆرە بوێت ". گوتی " من دەمەوێت شێوازی وانەوتنەوەکەمیان خۆش بوێت نەك خۆم ". گوتم " چ بتەوێت و چ نەتەوێت، جۆرە خۆشەویستییەك لە نێوان تۆو قوتابییەکانت دروستدەبێت ". پێکەنی و گوتی "ئەوە شتێکی سەلمێنراوە، بەلام نابێ ئەو خۆشەویستیە بگۆڕێت بۆ عەشق. زۆر باش دەبوو ئەگەر هەموویان وەك تۆ بیریانبکردبایەوەو تێگەیشتوو بوونایە، ئەوکات خەیاڵی هەموو مامۆستاکانیان ئاسوودە دەکرد. بەلام بەداخەوە ئەوان... ". گوتم " دڵنیا بە ژمارەی ئەو

قوتابیانەی کە بە هۆی بێئەزموونی عاشقی مامۆستاکانیان دەبن کەمە و زۆربەی قوتابییەکان تەنها خوازیاری وانەی مامۆستان، نەك خۆی ".

دواین پەرتووکیشی لەسەر جێگاکەی خۆی دانا و سەیرێکی چواردەوری کردو گوتی " زۆر باشە ئیتر ئیشمان نەماوە ". کە لە پەرتووکخانە چووینە دەرەوە گوتی " خۆزگە هەمووان وەك تۆ بوونایەو منیش بمتوانیبایە بەم ئاسانیە قسەیان لەگەڵ بکەم. دەزانم تۆ تێدەگەیت و لێکدانەوەی ناڕاست و نادرووستت نییە ". بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر بزانێت منیش لە ریزی ئەو کچانەم کە عاشقی ئەو بوومە و دڵم بەو سپاردووە، چۆن بیر دەکاتەوە ؟ دەبێ منیش وەك ئەو ڕووپۆشێك بکێشم بە سەر خواست و ئارەزووەکانم و واخۆم پیشانبدەم لە ریزی ئەو کچە واقیع بینانەم کە خۆشەویستی مامۆستاکانیان بە عەشق لە قەڵەم نادەن و لەگەڵ ئەواندا هیچ جیاوازییەکم نییە. ئەمە زەنگی ڕاچڵەکان و چوونە دەرەوە لە ناو خەون و خەیاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەمباربووم، بەڵام هەستمدەکرد ژیرتر بووم و ئەزموونم وەرگرتووە. لە بەرخۆمەوە گوتم ( یەك هەنگاو لەپێشەوەی ئەوانیترم. ئەمە وانەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی زوو فریوی دڵم نەخۆم و لەگەڵ خەون و خەیاڵدا نەژیم). ئەو دەروازەیەکی بۆ والاکردم کە تەنها ڕووەو زانیاری و هۆشیاری ڕێنمایی دەکردم و کەلێنێکی بۆ عەشق تێدا نەبوو. لەگەڵ نەفسی خۆمدا کەوتمە مشتومرێکی سەخت و دژوارەوە. دەبوایە ئەو عەشقەم لە ڕەگوڕیشەوە بنبڕکردبایە و بمسەلماندبایە کە هەموو دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەك ڕەنگی عەشقی نییە. ئێستا، کە منی کردووە بە نموونەو لەگەڵ ئەوانیتر بەراوردم دەکات، نابێ ڕێگە بە خۆم بدەم نموونەیەکی ناتەواو و کەموکورتم لێدەرچێت. بەم بیرکردنەوەیە هەستم بە بەرپرسیارێتی کرد و بە بێنەوەی خۆم بەموێت کەوتبوومە ژێر تاقیکردنەوەوە. دەبوایە بۆم بسەلماندبایە کە هەبوونی مامۆستایەکی گەنج لە ئامادەییەکی کچانەدا ناتوانێت کارەسات بخولقێنێت و کچەکان تەنها سەرقاڵی زانیاری مامۆستاکانن، نەك شتێکیتر. بەڵام لە ناخەوە ئایندەیەکی خاڵی لەخۆشی و شادیم بەدیدەکرد. لە بەر خۆمەوە گوتم ( بەم چەشنە باشترە. تۆ هەمیشە لە تەنهاییدا بەسەردەبەیت و لەگەڵ دڵە تەنهاکەشتدا بگونجێ. دەبێ بۆ ( مەرسدە ) ی بنووسم

هەموو شتێك كۆتایی هاتووەو خۆشەویستی ئەوم فەرامۆش كردووە. دەبێ بنووسم كـە دوای سەراب كەوتبووم،بەڵام خۆشبەختانە زوو ئاگادار بوومەوەو ڕاستیەكەم بۆ دەركەوت ).

پاش قسەكانی ( ئاغای قودسی ) شـتێك لـە هـەناو و دەروونـدا مـرد و ئـەو هەسـت و گەرموگوڕیەی جارانم نەما، ئەو هەستە نوێیەش كـە بەرامبـەر ئـەو پەیـدام كردبـوو، ڕق و بێزاری نەبوو، بەڵكو جۆرە گوێپێنەدانێك بوو. بە ڕاشكاوی ئاخاوتنەكەی ئەو وایلێكردم لـەو دونیـا خەیاڵاوییـە، كـە لەگـەڵ ئـەودا دروسـتمكردبوو، بێمـە دەرەوەو هەسـتێكی وەهـای پێبەخشیم كە گوێنەدەمە لاساری و دژایەتییەكانی نەفس و دەروونم. شـێوازی ئاخاوتنەكـەی ئەو دڵی بریندارنەكردم.تەنانەت فرمێسكیش لە چاوانم نەهاتەخوارەوە. ئـەو ساردییەی كـە دەروونمی داگیركرد، تەنها ئاگرە یاخییەكەی هەستمی كوژاندەوە. ئەو ئاهانەش كـە جاروبـار لە سینەمدا بەرزدەبوونەوە، دەربڕی ڕزگار بوون لەم عەشقە بوون.

كـە لـە هۆڵەكـە چـووینە دەرەوە گـوتم " كلیلەكـە بـە دەرگاكـەوە جێمەهێڵـە ؟ ". زەردەخەنەیەكی كرد و گوتی " مـن وەك تـۆ فەرامۆشـكار نـیم تـا كلیلـەكان لـە ماڵـەوە بەجێبهێڵم ". گوتم " ئەگەر پێتناخۆش نەبێت دەمـەوێت بڵـێم بەداخـەوە فەرامۆشـكاریت" چونكە دوێنێ كلیلەكەت بە دەرگای هۆڵەكەوە لە بیر كرد. (خانمی ڕێكخەر ) یـش ئامـاژەی بۆكرد ". ڕاوەستا و بیریكردەوەو پاشان گوتی " ڕاستدەكەیت، دوێنی لە بیرمكـرد، جـا تـۆ دەهێڵیت ؟ ". ئەوەی گوت و لە پلیكانەكان چووە خوارەوە.

دەرگای هـەموو پۆلـەكان داخرابـو و تـەنها دەنگـی مامۆسـتای بیركـاری لـە پۆلەكـەی تەنیشتمانەوە دەبیسترا. (ئاغای قودسی ) دەرگای پۆلی كردەوەو بە دەست ئاماژەی بـۆكردم كە بچمە ژوورەوەو پاشان خۆی هاتە ژوورەوەو دەرگای پۆلەكەی داخست.

قوتابییەكان بۆ ڕێزلێنان هەستانە سـەرپێ و منـیش بـە بەردەمیانـدا تێپـەڕیم و لەسـەر جێگاكەم دانیشتم. (مەریەم ) بە هێواشی لێیپرسیم " لە كوێ بووی ؟ ". منیش گوتم " لە سەرەوە ". دەنگی (ئاغای قودسی ) كە پرسی " ( ئەفشار ) چـەند قوتـابی نـەهاتوون ؟ " ڕایچڵەكاندم. گوتم " نازانم مامۆستا". ڕووی كردە ئەوانیتر و پرسی " كـێ نـەهاتووە ؟ ".

Scanned with CamScanner

دوو لە قوتابییەکان نەهاتبوون. ( ئاغای قودسی ) جگە لە پەڕاوەکەی خۆی لە ناو پەڕاوی ( حوزوورو غیاب ) ەکەش لە بەردەم ناوەکانیان هێمایەکی دانـا و پـەڕتووکی لەسـەر مێزەکـە هەلگرت و گوتی " بنووسن ". دەنگی لێکدانی کاغـەزو قەڵـەم و جانتـا، بێـدەنگی پـۆلی شکاند. کاتی نوسینەکە دیسانەوە نیگاکانمان تێکەڵبوو ، بەلاّم سۆزو شادیم لە هیچکامیاندا بەدینەکرد. ئەو هەنگاو هەنگاو ڕووەو دواوە هات و لە تەنیشتمەوە وەستا. بۆنێکی خۆشـی لێوە هات. (مەریەم ) سیخورمەیەکی تێکووتیم. سەیرمکرد، لووتی بەرزکردەوە. بۆ ئـەوەی هەڵەکەی پێشوو دووبارە نەکەمەوە ڕووم گرژکرد و سەرمداخست. ئـەو کـچێکی بێـدەنگ و هێمن بوو، بەلاّم لە کاتی وانەگوتنەوەی ( ئاغای قودسی ) دەستیدەکرد بە ساختەچێتی.

ئەو وانەیەش بە بێ ڕووداو کۆتاییهات و هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا. کاتی پشوو بە ( مەریەم )م گوت " ئەگەر بتەوێت درێژە بەم کارانەت بدەیت، ناچار دەبم جێگاکـەم بگـۆڕم". دەستە پاچەبوو گوتی"تۆگیانی من ئەم کـارە مەکـە.بـەڵێن دەدەم دووبـارەی نەکەمـەوە." گەیشتینە حانوتەکەو هەریەکەمان پیراشکییەکمان کڕی و پێیەوە خـەریك بـووین. ( ئاغـای قودسی ) بەرامبەری ئێمە دانیشتبو و ئێمە لە ژێر چاودێری ئەودا بووین. گوتم" من و تۆ لە ژێر وردبینی ( ئاغای قودسی )داین، وریابە. حەزناکەم ڕەفتـارێکی ناشایـستەم هـەبێت.." ئـەویش زانـی و گـوتی" لـەو جـارەوە کـە لـە پـۆل پێکـەنین تـاوەکو ئێـستا خـراپ سەیرمدەکات.پێموایە بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕێ کـە تۆڵـەمان لێبکاتـەوە." منـیش بـە ئەنقەست وڵامم نەدایەوە و وازملێهێنا تا ناچاربێت زیاتر دانبە خۆیدا بگرێـت. یـەکێك لـە هاوڕێکانمان نزیك بۆوەو پرسی" ئەمڕۆ کتێبخانە ناکەیتەوە؟ " بـە( مەریـەم)م گـوت دەڕۆی کلیلەکە لە( ئاغای قودسی ) وەربگریت؟ " خۆی کۆ کردەوەو گوتی" بۆ؟ مەگەر شێت بووم؟ دەتەوێ لە لای مامۆستاکان ئابڕووم بەریت، پێم بڵێت جەنابت چکارەی کـە کلیلـت دەوێ؟ نەخێر، هاوڕێی ئازیز، داوای ئەوەم لێمەکە". ناچـاربووم و پیراشـکییەکەم دایـە و خـۆم بـۆ وەرگرتنی کلیلەکە چووم بۆ ژووری مامۆستایان و ڕاستەوخۆ بۆ لای ( ئاغای قودسی ) چووم و گوتم" تکایە کلیلی پەڕتووکخانەکەم بدەرێ". (ئاغای قودسـی ) هەسـتاو لـە چـەکمەجی مێزەکە کلیلەکەی دەرهێنـا و دایـە دەسـتم و گـوتی "وریـا بـە کلیلـەکان بـە دەرگاکـەوە

جێنەهێڵیت." ( خانمی ڕێکخەر )یش بە گومانێکەوە سەیریکردم و گوتی "خۆ تـۆ گوتـت ( ئاغای قودسی ) کلیلەکەی فەرامۆش کردووە ؟" نەمدەزانی چۆن وڵامی بدەمــەوە، دەبوایـە خۆم دەرباز کردبا، یان هەڵەکەی ( ئاغای قودسی ) م لە ئەستۆ بگرتایە. کەچـی ( ئاغـای قودسی ) خۆی وڵامی دایەوە " من لە بیرمکرد " ( خانمی ئەفشار ) ڕاستدەکات. بیرمخستەوە کە (خانمی ئەفشار )یش هەڵەکەی من دووبارەنەکاتـەوە." بـە سوپاسـەوە سـەیرێکم کـرد و ڕۆیشتمە دەرەوە. لەو وردەکاری و پەیجۆرییەی ( خانمی ڕێکخەر ) تووڕەبووم. ئەو کێشەیەکی بچووکی گەورە کردبوو، کە لـە پلیکانـەکان سـەرکەوتم، ( ئاغـای ئـەدیبی )، مامۆسـتای زمانی ئینگلیزی پۆلی چوارەمەکانم پێگەیشت و پرسی " ( خانمی ئەفشار ) پەڕتووکی نوێ، چیمان هەیە؟" گوتم" بیست ناونیشانی نوێمان هەیە." بە سەرسوڕمانێکەوە سـەیریکردم و گوتی "بیست دانە!" گوتم" بەڵێ، هەم پەڕتووکی زانستیمان هەیە و هـەم ڕۆمـانیش".ئـەو قوتابییـــەی کـــە داوای پـــەڕتووکی کـــرد، لەگـــەڵ مـــن و ( ئاغـــای ئـــەدیبی ) هاتـــە نـــاو پەڕتووکخانەکەوە. ( ئاغای ئەدیبی ) بە سەیرکردنی پەڕتووکەکان خەریك بوو و قوتابییەکەش پاش وەرگرتنی پەڕتووکەکـە پەڕتووکخانـەی بەجێهێـشت. پـاش ڕۆیـشتنی ئـەو، ( ئاغـای ئەدیبی ) پەڕتووکێکی هەڵگرت و لەگەڵ خوێندنەوەی پێشەکی پەڕتووکەکـە پرسـی" سـاڵی ڕابردوو لە کام ئامادەیی بوویت؟" گوتم" ڕێگـای نـوێ ". زەردەخەنەیـەکی کـرد و گـوتی" ئامادەییەکی باشە. هەرچەندە لەوێ وانەم نەگوتۆتەوە، بەڵام ناوبانگیم بیـستووە " نـاوێکی خۆشی هەیە. چۆن بوو کە هاتیتە ئەم ئامادەییە؟" بە کورتی گوتم" بـە هـۆی گواسـتنەوەی ماڵەوەمان ". سەری ڕاوەشاند و بەردەوام بوو " من تۆم لە نزیك گۆڕەپـانی یەکـەم بینـی، ئێوە لەوێ دەژین؟ " گوتم" بەڵێ، ئێمە لەگـەڵ ( ئاغـای قودسـی ) دا دراوسـێین. جـەنابت ماڵی ( ئاغای قودسی ) دەزانیت؟" بـە خۆشـحاڵیەوە گـوتی" بـەڵێ، زۆر جـار دەڕۆم بـۆ بینینی (ئاغای قودسی ). چۆن تا ئێستا تۆم لەوێ نەدیوە؟" لەبەرئەوەی کە بێـدەنگ بـووم درێژەی پێدا"کەواتە ماڵتان لە قوتابخانە زۆر دوور نییە. ئۆمێدەوارم ئـەجارە کـە بـڕۆم بـۆ بینینی ( ئاغای قودسی ) سەردانی جەنابیشت بکەم. دەتـوانم ئـەم پەڕتووکـە لەگـەڵ خـۆم

Scanned with CamScanner

ببەم؟" گوتم "بەڵێ، فەرموون." لەگەڵ گوتنی( سەرکەوتوو بیت و بە هیوای دیدار) پەرتووکخانەکەی بەجێهێشت. تێنەگەشتم کە مەبەستی لەو پرسیارانە چی بوو. لەبەر خۆمەوە گوتم( بۆچی دەبێ گرنگ بێ بۆی کە من لە کوێ دەژیم و پێشتر لە کام ئامادەیی خوێندوومە؟) لەبەر ئەوەی کە نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك، هەوڵمدا فەرامۆشی کەم.

کاتێك کە زەنگ لێیدا و دەمانویست بڕۆینەوە بۆ ماڵ، ( شکوە ) و ( پەری ) لەبەردەم دەرگاکە چاوەڕێیان دەکردم. ( ئاغای ئەدیبی )ش چاوەڕوانی کەسێك بوو. هێشتا ئێمە نەگەشتبووینە سەر شەقام کە ئۆتۆمبیلەکەی ( ئاغی قودسی ) کە ( ئاغای ئەدیبی )شی تێدابوو بە لاماندا تێپەڕی.

(( بەشـــــــی ١٣ ))

کە گەیشتمە ماڵەوە، بۆ گۆڕینی جلـەکانم چـوومە سـەرەوە. چـرای ژوورەکـەی ( ئاغـای قودسی ) داگیرسابوو و دەنگی گفتوگۆی دوو پیاو دەبیسترا. تۆزێك ورد بوومـەوە دەنگـی ( ئاغای ئەدیبی ) م ناسی و زانیم کە ئەو میوانی ( ئاغای قودسی ) یە. ئەوەندە لـە ژوورەوە نەمامەوەو حەزمنەدەکرد ئەو بزانێت من لە بەرامبەر پەنجەرەکەی ( ئاغای قودسی ) دەژیم. پرسیارو وڵامەکانیشی تووشی گومانی کردم و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر بە مێشکمدا دەهات.

دایکم خواردنی ئامـادە کردبـوو. گـوتی " ئەگـەر زۆرت برسـیە بـا ساندەویـچێکت بـۆ دروستبکەم " لە بەرئەوەی کە ئەمشەو میوانین هیچم لێنەنا ". بە نیگەرانییەوە پرسـیم " دەتانەوێ بڕۆن ؟ " بەسەرسوڕمانەوە پرسی " بۆ دەبێ نەچین ؟ ئەوان دوو هەفتە لەمەو پێش داوەتیان کردووین و هیچ بیانوویەکمان نییە کە نەڕۆین ". گـوتم " وابـزانم ئـەوان میوانیـان هەیە ". شانی هەڵتەکاند و گوتی "گرنگ نییـە، ئێمـەش میـوانین". دەمویـست بـە هـەر شێوەیەك بووبێت لە ڕۆیشتن بۆ ئەوێ پەشیمانیان کەمەوە. گوتم " لەوانەیە ناخۆش بێت کـە میوانیان هەبێت و خۆشمان بڕۆین". دایکم توڕە بو و گوتی "ئەوە دەڵێی چی ؟ ئێمە کە بەبێ بانگهێشت نارۆین و ئەوان چاوەڕێی ئێمە دەکەن. بە ڕاشکاوی بڵێ حەز ناکەی بێیـت، بـەلاّم تکات لێدەکەم بیانوو مەگرە. تۆ ئەوە بە باشتر دەزانیت کە لە زیندانی ژوورەکەت دانیـشیت و نەیەیت بۆ ئەوێ، وانییە ؟ ". لەبەرئەوەی کە بێـدەنگ بـووم دایکـم پیاڵەیـەك چـای بـۆ تێکردم و بەردەوام بوو " چاییەکەت بخۆ و پاشان بڕۆ خۆت ئامادەکە. تا تـۆ خـۆت ئامـادە

دەکەیت باوکیشت دێتەوە ". چاییکەم خواردو گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم بۆ ئەوەی خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەم. هێشتا دەنگی گفتوگۆی ئەو دووانە هەر دەبیستڕا. ئومێدی ئەوەم دەخواست کە تا ئێمە دەچین، (ئاغای ئەدیبی ) ش بڕوات. جلەکانم لە بەرکرد، بەلاّم نەچوومە خوارەوە. لەسەر مێزەکەم دانیشتم و سەیرێکی وانەکانم کرد. خەریکی خوێندنەوە بووم هەستم بە شتێك کرد. کە سەرم بەرز کردەوە چاوم بە ( ئاغای ئەدیبی ) کەوت کە سەیری پەنجەرەکەمی دەکرد. گوێم نەدایەو دەستم کرد بە خوێندنەوەکەم. ئەو لە پەنجەرەکە دوور کەوتەوەو منیش لەبەرئەوەی کە بۆچی زووتر ژوورەکەم بەجێنەهێشت لە خۆم تووڕە بووم، پاندانەکەم کێشا بە سەر مێزەکەدا و چوومە خوارەوەو پاشگەزبوونەوەی خۆمم لە ڕۆیشتن بۆ میوانییەکە ڕاگەیاند.دایکم واقی وڕمابوو و سەیریدەکردم و گوتی " کچێ تۆ گاڵتەمان پێدەکەیت، وا لە ناکاو ڕازی دەبیت و پاشان پەشیمان دەبیتەوە. کاتێك من گوتم دەبێ بێیت، تۆ مافی ڕەتکردنەوەت نییە. تێگەیشتی؟ ئیتر نامەوێت لەم بارەیەوە هیچ شتێك ببیستم ". بە پاڕانەوە گوتم " بۆ تێناگەی دایکە ؟ کاتێك دەڵێم (ئاغای قودسی ) میوانی هەیەو من نامەوێت بێم لەبەرئەوەیە کە میوانەکەیان یەکێکە لە مامۆستاکانی خۆمان و حەزناکەم من لە ماڵی ( ئاغای قودسی ) ببینێت ئەگەرچی لەگەڵ ئێوەش بم. حەز ناکەم بزانێت پەیوەندییەك لە نێوان ئێمەدا هەیە. نازانم چۆن بیڵێم، من بە هیچ شێوەیەك حەز ناکەم ئەمشەو لەگەڵ ئێوە بێم بۆ ئەوێ". دایکم کەمێك چووە ناو فیکرەوەو گوتی " ڕاستییەکەم پێ بڵێ ! تەنها لەبەرئەوەیە کە ناتەوێ بێیت ؟ ". گوتم " بەڵێ تەنها لە بەر ( ئاغای ئەدیبی ) یە و هیچ هۆیەکی تری نییە ". دایکم گوتی " زۆر باشە، لەوانەیە تا ئەو کاتەی باوکت بگەڕێتەوە ئەویش بڕوات. ئەگەریش نەڕۆیشت دەتوانی لە ماڵەوە دانیشیت ". خەیاڵم ئاسوودە بو و هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا. کاتێك باوکم هاتەوە، خۆیانیان بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرد. باوکم کاتێك بینیمی کە دانیشتووم لێی پرسیم " مەگەر تۆ نایەیت ؟ ". لە باتی من دایکم گوتی " ئەو جاریّ نایەت، من و تۆ دەڕۆین و پاشان ( مینا ) دێت ". باوکم سەری لە قسەکانی دایکم دەر نەکرد و جارێکیتر پرسی " بۆچی ئێستا لەگەڵمان نایەت ؟ ". دایکم گوتی "وەرە بڕۆین بۆت باسدەکەم ". باوکم ئیتر هیچی نەگوت و لەگەڵ

دایکم ماڵەوەیان بە جێهێشت. پاش ڕۆیشتنیان بیرم لە ( ئاغای ئەدیبی ) و ئەو قسانەی دەکردەوە کە لە پەڕتووکخانە دەیکرد. گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە پرسیارەکانی و هاتنی بۆ ماڵی ( ئاغای قودسی ) پەیوەندیان بە یەکەوە هەیەو لەو پرسیارانەی مەبەستێکی تایبەتی هەبوو.

ئەو قۆزترین و جوانترین مامۆستای ئامادەییەکەیەو بە هۆی لێکچوونی لەگەڵ ئەکتەرێکی بیانی لایەنگری زۆری هەیە. هەموو قوتابییەکان دەیانزانی کە ( ئاغای ئەدیبی ) لە خێزانێکی دەوڵەمەندەو ئەم پیشەیە تەنها بۆ سەرگەرمییەتی. ئەوەش کە مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بۆچی لە نێوان ئەو هەموو کچانەدا منی هەڵبژاردووە. ئەو قسەو قسەلۆکەی کە ( ئاغای ئەدیبی ) داواکاری ( خانمی فەسیحی ) یە هەر لە ساڵی ڕابردووەوە لە نێوان قوتابییەکان بڵاوببۆوە، بەڵام بۆچی نەبوون بە هاوسەری یەکتر، ئەوەیانم نەدەزانی. کە بیرم لەوە دەکردەوە (ئاغای ئەدیبی ) ڕۆژێك دێت بۆ خوازبێنی من، پێکەنینم دەهات.

هەستام بۆ ئەوەی خەریکی ئیشەکانم بم، کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا. کاتێك هەڵمگرت ( شکوە خانم ) داوایلێکردم بڕۆم بۆ ماڵیان. ویستم بەهانە بگرم کە گوتی " هەموومان چاوەڕوانی تۆین، خێرابە ". ناچار ڕازی بووم. تەلەفۆنەکەم دانا و سەرێکم کێشایە ژوورەکەم و چرای ژوورەکەم کوژاندەوە. لە بەر خۆمەوە گوتم ( ئەو ڕۆیشتووەو ئیتر پێویست بە نیگەرانی ناکات ). لە ئاوێنەکە سەیرێکی خۆمم کردو بە دوودڵییەوە کەوتمەڕێ.

کاتێك زەنگم لێدا، ( کامەران ) دەرگای بۆ کردمەوەو بە ڕووخۆشییەوە پێشوازیلێکردم و لەگەڵ بەخێرهاتنیشدا پێی گوتم " تۆ زۆر شەرمدەکەیت، کاتێك ( خانمی ئەفشار ) گوتی نایەیت زۆر سەرم سوڕما. ئێمە بە بێگانە دەژمێریت ؟".گوتم " وانییە. هۆی نەهاتنەکەم تەنها لە بەر دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانە. ( ئاغای قودسی ) خۆی ئاگاداری ئەوەیە ". گوتی " بە هەرحاڵ، دەبێ چەندکاتژمێرێك پشوویدەیت. من کە لەو بڕوایەدام زۆر وانەخوێندنیش باش نییە ". پێکەوە چووینە ژووری پێشوازی و منیش پێشوازییە گەرم و گوڕەکەی ئەوانم بەرکەوت. ( شکوە خانم ) داوایلێکردم دانیشم. باوکم و (ئاغای قودسی

باوك ) لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون و منیش قەنەفەکە ی تەنیشت دایکمم هەڵبژارد. ( شکوە خانم ) چایەکی خستە بەردەمم و گوتی " ( مینا ) گیان ! خێزانی ئێمە هەموویان هۆگری تۆن. حەزناکەین بە بێگانەمان بزانیت. کاتێك دایکت گوتی تایەت بەڕاستی دڵم تەنگبوو ". گوتم " زۆر سوپاستان دەکەم، هۆکارەکەیم بۆ کاك ( کامەران ) باسکرد. لەبەرئەوەی کە لە ڕۆژی شەممەوە تاقیکردنەوەکان دەستپێدەکەن، دەمویست لە ماڵەوە بم و وانەکانم بخوێنم ". ( شکوە خانم)یش ئامۆژگاریەکانی ( کامەران ) ی دووبارەکردەوەو گوتی " ئەمشەو کچەکەم دێت بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا ئاشنابێت، ئومێدەوارم ببن بە دوو هاوڕێی باش بۆ یەکتر. ئێستاش، تا چاییەکەت سارد نەبۆتەوە، فەرموو بیخۆوە ".

بە درێژایی قسەکردنەکان، ( ئاغای قودسی ) بێدەنگ بوو و گوێی لە قسەکانی ئێمە ڕادەگرت. لەگەڵ دەنگی زەنگەکە هەستاو ڕۆیشت دەرگاکە بکاتەوە. بەپێی ئەو سەلام و ئەحواڵپرسیانە زانیم کە خوشکەکەی هاتووە. کەمێك پاشتر ( ئاغای قودسی ) لەگەڵ پیاو و ژنێکی گەنج هاتە ژوورەوە. ئێمە بەیەك ناسێنراین. ( کەتایۆن ) شۆخوشەنگ و باڵابەرز بوو. زۆر لە دایکی دەچوو. تەنوورەو بلوزێکی ڕەنگ زیوینی لە بەربوو کە لەگەڵ ڕووخساری دەگونجاو سەرنجڕاکێشتری کردبوو. ئەو بە گەرمی منی لە باوەشگرت و بە ناسینی من زۆر خۆشحاڵ بوو و لە تەنیشتمەوە دانیشت. ( ئاغای قودسی ) ش لەسەر قەنەفەکەی بەرامبەرمەوە دانیشت. هێشتا یەکناساندنەکانی ئێمە تەواو نەبوو کە دەنگی زەنگ هات و ئەمجارەیان ( شکوە خانم ) دەرگاکەی کردەوە. لە دەنگی ئەو خولق و بەخێرهاتن کردنانە کە دەبیسترا، حەزم دەکرد بزانم کێیە، کەچی ( شکوە خانم ) لەگەڵ ( شیدە ) هاتنەژوورەوە " هەموومان هەستاین. من و دایکم زیاتر لەوانیتر لە هاتنی ئەو سەرمان سوڕمابوو. ( شیدە ) بە هەمووان ناسراو لە تەنیشت دایکم دانیشت و گوتی " چەند جارێك زەنگی دەرگاکەم لێدا، لەبەرئەوەی کەس نەیکردەوە گوتم ئێوە بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتبن بە دڵنیاییەوە بە ( شکوە خانم ) تان وتووە. هەر بۆیە ئێوەم خستە ناو ئەزیەتەوە ". (شکوە خانم ) بە ڕووخۆشییەکەوە گوتی " خۆشحاڵم کە تۆش ئەمشەو هاتیتە ریزی ئێمەوە ".( شیدە ) بە هێواشی ئەحواڵی پرسیم و منیش بە هێواشی وڵامم دایەوە. ( ئاغای قودسی ) پیاڵە چاکەی

Scanned with CamScanner

خۆی لە بەردەم ( شیدە ) داناو داوای لێکرد بیخواتـەوە. (کـەتایۆن ) یـش وەك ناوبـژیوانی لێهاتبوو، جارێك لەگەڵ من قسەی دەکرد و جارێکیش لەگـەڵ (شـیدە).میوانییەکـە پـەیتا پەیتا گەرم بو و ( کامەران ) یش وەك هەمیـشە بـوو بـە مـۆمی کۆڕەکـە، بـەڵام (ئاغـای قودسی) وەك بڵێی هەر لەو کۆڕەدا نەبوو. ئەو نقومی بیرکردنەوەکانی خۆی بـو و هـەتا بـەو نوکتانەش کە ( کامەران ) دەیگێڕانەوە، پێنەدەکەنی. منـیش بـیرم لـەوە دەکـردەوە بۆچـی بەجۆرە نیگەرانە. ئایا هاتنی ئێمە بۆتە هۆی ئـەو نیگـەرانی و بێزارییـەی ؟ بۆچـی تـەنها زەردەخەنەیەکیش لەسەر لێوانی بەدیناکرێت ؟

دەنگی ( شیدە ) ڕایچڵەکاندم کە گوتی " خەیاڵت لە کوێیە ؟ پیاڵەکـەت کـون کـرد ". گوتم " داوای لێبووردن دەکەم لێرە نەبووم ". ( ئاغای قودسی ) پـشتیوانیلێکردم و گـوتی " قەیناکات، قەندەکان ڕەقن ". ئەمەش تەنها قسەیەك بـوو کـە لـە دەمـی هاتـە دەرەوە. ( کەتایۆن ) ڕوویکردە من و پرسی " کاتی بێکاری چی دەکـەیت ؟ ". گـوتم " زۆر کـەم ڕوو دەدات کـە بێکـار بم، چـونکە قـەبارەی پەڕتووکـەکان ڕێگـەم پێنـادەن بێکـار بم. ئەگـەر دەرفەتێکیشم بۆ برەخسێت خەریکی پەڕتووك خوێندنەوە دەبم ". گوتی " کارێکی زۆر چـاك دەکەیت. خوێندنەوە ڕاستییەکان بۆ مرۆڤ دەردەخات. منیش وەك تۆ زۆرم حەز لە پەڕتووکە. پەڕتووکخانەیەکی بچووکم لە ماڵەوە هەیەو هەموو جۆرە پەڕتووکێکم کۆکردۆتەوە ".

لەگەڵ بانگکردنی ( کەتایۆن ) بۆ ئاشپەزخانە، قسەکانی ئێمەش نیوە ناتەواو مایـەوە. ( شیدە ) هەستا، لە تەنیشت دایکمەوە دانیشت و پێکەوە دەستیانکرد بە قسەکردن و منـیش تەنها مامەوە. ( ئاغای قودسی ) زەرفێ چەرەزاتی لە بەردەمم دانا و گوتی " دەست پێبکە ". ( کامەران ) پێکەنی و ڕووی تێکرد و گوتی "مامۆستا باش میوانداری لە قوتابییەکەی دەکات ". زەرفە چەرەزاتەکەم خستە بەردەمی و گوتم "فەرموو". ( کامەران ) گەڕاندیەوەو گوتی " شتی وا نابێت، ئێوە فەرموون ". دەیویست دەرگای شۆخیکردن بکاتـەوە، بـەڵام ( ئاغای قودسی ) بـە گـوتنی ( ڕۆژی شـەممە تاقیکردنـەوەی چـیتان هەیـە ؟ ) نەیهێـشت ( کامەران ) درێژەی پێبدات. ( کامەران ) یش کە زانی (ئاغای قودسـی) دژی شـۆخیکردنە،

خۆی بە خواردنی پرتەقاڵێکەوە خەریککرد. ( کەتایۆن ) خەریکی ئامادەکردنی مێزی خواردن بو و (شیدە) هەستا بۆ ئەوەی یارمەتی بدات. دایکیشم بە چاو ئیشارەتی بۆ من کرد کە - تۆش هەستە یارمەتیان بدە - بەلاّم من شەرمم کرد و گوێمنەدایە سەیرکردنەکەی دایکم. ( شیدە ) هێشتا نەگەشتبووە جێ، لەگەڵیاندا تێکەڵ ببوو، بەلاّم من نەمدەتوانی وەك ئەو بم. (ئاغای قودسی) لە تەنیشت دایکم دانیشت و بە هێواشی لەگەڵیدا دەستیکرد بە قسەکردن. حەزم دەکرد بزانم باسی چی دەکەن کە دایکم بەو شێوەیە گوێی لێڕاگرتووە. تا ئەو کاتەی کە (شکوە خانم) داوایلێکردین بچینە سەر مێزی خواردن، ئەوان هەر سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوون. لەسەر مێزی خواردن من و (ئاغای قودسی ) لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین. هەرچەند کە برسیم بوو، بەلاّم توانای خواردنم نەبوو. سەیرکردنەکانی دایکم تووشی دوودڵی کردبووم. نەمدەزانی ئەو چی گوتووە کە دایکم بەم جۆرە سەیرمدەکات.

( بەهرۆز ) ی هاوسەری ( کەتایۆن ) کاسێتێکی ئارامی خستەسەر کە هاوکات لەگەڵ خواردنەکە، کەشوهەوایەکی سازگاری دروستکردبوو. من و ( ئاغای قودسی ) زووتر لەوان دەستمان لە خواردن هەڵگرت و ڕۆیشتینە سەر جێگاکەی خۆمان. ئەو هێشتا هەر لە ناو فیکرو خەیاڵدا بوو و بیری لەکێشەیەك دەکردەوە کە نەمدەزانی ئایا پەیوەندی بە منەوە هەیە یان نا. کاتێك داوایلێکردم میوە بخۆم گوتم " پێم ناخورێت سوپاستدەکەم ". لەوکاتەدا هەتا سەیریشی نەکردم.

کاتێك ئەوانیتریش هاتن بۆ لامان، باوکم هەستی بە بێدەنگییەکەی کرد و وگوتی " کاك (کاوە ) چیە وا ئەمشەو ئەوەندە لە ناو فیکرو خەیاڵدایت ؟ ماندوویت یان ئێمە بووین بە مایەی بێزاریتان ؟ ". ڕووخساری ( ئاغای قودسی ) سوور هەڵگەڕاو گوتی " شەرمەزارم مەکە، هاتنی جەنابت و خێزانەکەتان نەتەنها بێزاری نەکردووین، بەڵکوو مایەی شانازی و سەربەرزی ئێمەیە کە ئەمشەو لە خزمەت جەنابتانداین. ئەگەر دەبینی بێدەنگم لەبەرئەوەیە کە دەمەوێت سوود لە ووتە ئەدیبانەکەی جەنابت و باوکم وەرگرم. ببوورن ئەگەر وەك ( کامەران ) خۆشڕەفتار نیم. ئەم ڕەفتارو خوە باشەی (کامەران) من دەخاتە ژێر کاریگەریی

خۆیەوەو دەمەوێت بێدەنگبم بۆئەوەی لەوەوە فێربم ". (کامەران) لەم تاریفکردنەی براکەی خۆشحاڵ بوو و گوتی " مەمنونم، بەلاّم منیش وەك (ئاغای ئەفشار) لەو بڕوایەدام کە تۆ ( کاوە ) کەی جاران نیت. ئەمشەو لە ڕادەبەدەر بێدەنگی و دەڵێی لە دونیایەکیتردا پیاسەدەکەیت. تۆ هەتا بەو نوکتانەش کە گێڕامەوە پێنەکەنیت ". دایکم گوتی "لەوانەیە من هۆکەی بزانم، بەلاّم بەداخەوە ناتوانم بیدرکێنم ". لەگەڵ گەڕانەوەی خانمەکان لە ئاشپەزخانە قسەکان لایەنێکیتری بە خۆوەگرت و (کاوە) ش ئاسوودە بوو. بابەتەکەش گۆڕا بۆلای چنینەکانی ( شیدە ) و شێوازی چنینەکەی. بۆ ساتێك نیگاکانی من و (ئاغای قودسی ) تێکەڵبوو، بەلاّم ئەو خێرا چاوی لەسەر من لابردو سەیری دووکەڵی جگەرەکەی خۆی کرد. حەزمدەکرد هەرچی زووترە بڕۆینەوە بۆ ئەوەی ناچار نەبم ئەو ڕووگرژیەی ببینم. کاتژمێر بە هێواشی تێدەپەڕی و منیش لە بەرئەوەی کە نەمدەتوانی خۆم دەرباز بکەم، بڕیارم دا بە شێوەیەك دانیشم کە ڕووخساری نەبینم. لەگەڵ (کامەران ) سەری قسەمان کردەوەو ئەومان فەرامۆش کرد.

کاتێك کاتژمێر بوو بە یانزە، هەستاین و ئەوێمان بەجێهێشت. هەر بە گەیشتنمان بۆ بەردەرگای ماڵەوە لە دایکم پرسی " (ئاغای قودسی) چ بابەتێکی دەچرپاند بە گوێتدا ؟ ". ڕووی گرژکرد و گوتی "مۆڵەت بدە بگەینە جێ ئینجا دەست بکە بە دادپرسی ". سەرماوسۆڵەیەکی ناخۆش بوو. ( شیدە ) گوتی " لاموایە ئەوشەو بەفردەبارێت ". من زووتر لەوان چوومە ژوورەوەو لە تاریکی ماڵەکە ترسام و خێرا چراکانم داگیرساند. دایکم کە لەگەڵ ( شیدە ) هاتە ژوورەوە زانی من چاوەڕوانی ولاّمم، گوتی "باشە تۆ تاقیکردنەوەت نییە، بۆ نارۆی وانەکانت بخوێنی ؟ ". گوتم "درەنگە و زۆریش ماندووم. تۆ بۆچی ناتەوێ ولاّمی پرسیارەکەم بدەیتەوە ؟ ". دایکم چارشێوەکەی دەق کردو لە هەمانکاتدا گوتی "قسەکانی ئێمە تایبەتی بو و پەیوەندی بە تۆوە نەبوو". گوتم " دایکە ڕاستییەکەی بڵێ. تۆ خۆت دەزانی کە تاوەکو لە بابەتەکە تێنەگەم وازتلێناهێنم. کەواتە بیڵێ و ئازارم مەدە ". ( شیدە ) ش حەزیدەکرد بیزانێت. ئەویش گوتی " دە باشە پورێ گیان بیڵێ و ئاسوودەمانکە

". دایکشم دانیشت و گوتی " کارەکە پەیوەندی بە (ئاغای ئەدیبی) یەوە هەیە ". ( شیدە ) پرسی " ( ئاغای ئەدیبی ) کێیە؟". گوتم " مامۆستای ئینگلیـزی پـۆلی چوارەکانە ". دایکم درێژەپێداو گوتی " ئەمڕۆ ئێوارە پێش ئەوەی ئێمە بڕۆین بۆ ماڵیان، هەڵبەت تـەنها پێشنیارە. ئەو ( ئاغای قودسی ) ڕاسپاردووە کە پێمانبڵێت ئەگەر ئێمە ڕازی بـین بێـت بـۆ خوازبێنی (مینا ) ". هەستام و گوتم " بۆ خۆی گوت، مەگەر نازانێت من هێشتا قوتابیم و دەخوێنم ؟ ". دایکم گوتی "بەڵێ دەزانیت. دەیەوێت ببیت بە دەزگیرانـی تـا خوێندنەکـەت کۆتاییدێت ". گوتم " باشە، تۆ چۆن وڵامتدایەوە ؟ ". گوتی " منیش پێمڕاگەیاند کـە تـۆ بە نیازی شوکردن نیت و دەبێ پاش خوێندنەکەت بڕۆیت بۆ هیندوسـتان، باشـم گـوت ؟ ". هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا و گوتم " بەڵێ باشت گوت. تۆ ڕێـك ڕای خۆمـت دەربڕیـوە. سوپاستدەکەم ". ( شیدە ) پرسی " شکڵ و شێوەی چۆنە ؟ چەند حەزم دەکرد بمدیبایە پوریێ گیان. ئەگەر ئەو پیاوێکی باشە و (ئاغای قودسی ) ش پشتگیری دەکات، بۆچی ڕازی نابن ؟ ( مینا ) تەنها ساڵێکی ماوەو تا بمانەوێت پێشەکییەکانی کار نامادەبکەین ئەو یەکساڵەش تەواو دەبێت ". دایکم گوتی " هەم من و هەم ( ئاغای قودسی )ش لەو بڕوایەداین کە لـەم هەلومەرجەدا شوکردن لە بەرژەوەندی ( مینا )دا نییە و هێشتا زووە. سـەرەڕای ئەمانـەش، جارێ سەرەی تۆ و ( مەرسدە ) یە. ئێوە پێویستترن. پێشینان گوتەنی : ئاش بە نۆبـەت ". گوتم " تکایە ئەوەشی بۆ زیاد بکە کە من هێشتا بۆنی شیر لـە دەمـم دێـت ". ( شیدە ) قاقایـەکی لێـدا و گـوتی " نـەخێر، بڵـێ هێـشتا مەلۆتکـەی. هاوتەمەنـەکانی تـۆ چـەند منداڵیشیان هەیە ". لە قاقای پێکەنینم دا و لە پلیکانەکان چوومە سـەرەوەو کۆتـاییم بـە گفتوگۆکان هێنا.

لەگەڵ دەستپێکردنی تاقیکردنـەوەکان کـەمتر مۆڵـەتی ئـەوەم هـەبوو بـیر لـەو کێـشەو ڕووداوانـە بکەمـەوە کـە لـە چـواردەورمدا ڕوویانـدەدا.( ئاغـای قودسـی ) بـە تـەنهایی پەڕتووکخانەکەی بەڕێوەدەبرد. بەیانیش لەگـەڵ کۆتـایی هـاتنی دوایـین تاقیکردنـەوە، کـە ئەدەبیاتە، هەناسەیەکی ڕەحەت هەڵدەکێشم و بە ئاسوودەیی پێشوازی لە زسـتاندەکەم. لـە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم ئاگادارم و هەست بە ڕەزامەندی دەکەم. هەستی قوتـابی یەکـەم و

نموونە ئەوەیە کە هەموو مامۆستاکان بۆ هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکان لە تاقیکردنەوەکەی ئەوەوە دەست پێدەکەن. منیش ئەو مافەم هەیەو زووتر لە قوتابییەکانیتر لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم ئاگادارداەبم.

لەبەرئەوەی کە تاقیکردنەوەی ڕۆژی داهاتووم دژوار نییە، بڕیارم دا نامە بۆ ( مەرسدە ) بنووسم. دوو لە نامەکانی (مەرسدە )، دایکم وڵامی دابوونەوەو تیایدا تەنها ئەوەندە باسی منی کردبوو کە -(مینا)ش سەلامەت لێدەکات -.

لە پشتی مێزەکەم دانیشتم. چرای ژوورەکەی ( ئاغای قودسی ) داگیرساو دوابەدوای ئەوە دەنگی وتووێژی دوو پیاویش دەبیسترا. پەردەکەم دادایەوە بۆئەوەی بە خەیاڵی ئاسوودە دەستبە نوسینەکەم بکەم. دەمتوانی گومانی ئەوە بەرم کە ( ئاغای ئەدیبی ) میوانێتی. ئەو شێوازی قسەکردنەیان کە نەمدەتوانی بە باشی بیبیستم وایلێکردم کە بمەوێت بزانم باسی چیدەکەن. بڕیارمدا چراکە بکوژێنمەوەو پەردەکە لادەم بۆ ئەوەی گوێم لە قسەکانیان بێت. کە چراکەم کوژاندەوە دایکم هاتە ژوورەوە. پرسی "بۆچی چراکەت کوژاندۆتەوە ؟ ". گوتم " ( ئاغای قودسی ) میوانی هەیە جا لەبەرئەوە چراکەم کوژاندەوە ". بە سەرسوڕمانەوە پرسی " میوانی ئەو چ پەیوەندیەکی بە تاریکی ژوورەکەوە هەیە ؟ ". گوتم " دەترسم لە پشتی پەردەکەوە ژوورەکەم دیار بێت و بیبینن ". چراکەی داگیرساندو گوتی " تۆ تووشی خەیاڵ و گومان بوویت، کاتێك پەردەکە دادرابێتەوە هیچ شتێك دیار نابێت. هەروا لە خۆتەوە خۆت ئازارمەدە و خەریکی کاری خۆت بە. چیتدەکرد ؟ ". گوتم " دەمویست نامە بۆ ( مەرسدە ) بنووسم ". دایکم لە لێواری تەختی نووستنەکەم دانیشت و گوتی "تاقیکردنەوەکانت تەواو بوو، وانیە ؟ ". گوتم "تەنها یەکێکیان ماوە، بەیانی دواین تاقیکردنەوەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە کۆتایی هاتووە چونکە ئەمەیان ئاسانەو دڵەڕاوکێم نییە ". دایکم هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشاو گوتی " من وتۆ زۆر کەم ڕێکدەکەوێت دانیشین و پێکەوە قسەبکەین. یان تۆ تاقیکردنەوەت هەیە یان من نیشم هەیە. دوێنێ شەو باوکت گوتی ( مینا ) زۆر بێدەنگ و ژاکاوە. دەیویست هۆی ئەم ژاکاوی و پەشێویەت بزانێت. منیش پێمگوت کە بیرو

خەیاڵی تاقیکردنەوەکان وایلێکردوویت کە ناڕەحەت و بێزاربیت. ئەوەم بە باوکت گوت بۆئەوەی خەیاڵی ئاسوودە بێت، بەڵام ئەم بەڵگەو بیانووە لە لایەن خۆشمەوە پەسەندکراو نەبوو. حەزدەکەم تۆش وەك ( مەرسدە ) لەگەڵمدا دۆست و هاوڕێ بیت و باسی خۆتم بۆ بکەیت. ئەو شتانەی کە کچەکان بە زۆری بۆ هاوڕێکانیان باسدەکەن. حەزناکەم من تەنها بە دایکی خۆت بزانیت. من حەزدەکەم هەم دایکت بم و هەم هاوڕێت. ئێستا پێم دەڵێیت کە هۆی ئەم ناڕەحەتی و ژاکاوییەت چییە؟". لەو کاتەدا بە هیچ شێوەیەك هەستم بە پەشێوی و ناڕەحەتی نەدەکرد و هیچ شتێکیشم بۆ گوتن پێنەبوو. گوتم "من ناڕەحەت نیم. ئەگەر دەبینیت کە بێدەنگم، تەنها لە بەرئەو هۆیەیە کە خۆت بۆ باوکمت باسکردووە. نیگەرانی تاقیکردنەوەکانم بووم، کە سوپاس بۆ خوا، بە سەرکەوتوویی تەواومکردن و ئاسوودە بووم".

گوتی " خۆ، لە قوتابخانە هیچ هەستوسۆزێکی خۆشەویستیت لەگەڵ (ئاغای ئەدیبی) دا نییە، هەتە؟ مەبەستم ئەوەیە هەستێکی تایبەت لە نێوانتاندا نییە ؟ ". گوتم " نەخێر، دڵنیابە. ( ئاغای ئەدیبی ) مامۆستای ئینگلیزی پۆلی چوارەکانەو لەگەڵ ئێمەدا وانەی نییە ". پرسی " تۆ هۆی ئەوە نازانیت کە بۆچی لە نێوان ئەو هەموو کچانەدا تۆی هەڵبژاردووە ؟ ". گوتم " نا، نازانم ". پرسی " ئەو چۆن زانی ئێمە دراوسێی ( ئاغای قودسی )ن و بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی تۆوە پرسیاری لەو کردووە ؟ ". گوتم " چەند هەفتەیەك لەمەو پێش ڕۆژێك هاتە پەرتووکخانەکەوەو لە بارەی ئامادەییە پێشووەکەم و بۆچی ئەوێم بە جێهێشتووە پرسیاریلێکردم. منیش گوتم ماڵمان باریکردووە و پاشان پرسی لە کوێ دادەنیشن و گوتم دراوسێی ( ئاغای قودسی ) ن، ئەوکاتە نەمدەزانی ئامانج و مەبەستی چیە، ئەگینا پێم نەدەگوت".

دایکم گوتی " قەیناکات. دەمویست بزانم ئایا خۆت ناونیشانی ئێرەت داوەتێ یان بە پێچەوانەوە بووە". گوتم " بڕوا بکە خۆم نەمدەویست و ئێستاش پەشیمانم ".

دایکم زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " گرنگ نییە، بە هەرحاڵ ئەگەر لە خۆت ناونیشانی وەرنەگرتبایە دەیتوانی لە ڕێگایەکیترەوە ئەمکارە بکات. واز لە ( ئاغای ئەدیبی ) بهێنین. ڕات لەبارەی ( ئاغای قودسی)یەوە چۆنە ؟ ". پرسیم " کامەیان، ( کاوە ) یان ( کامەران )

Scanned with CamScanner

؟ ". گوتی " مەبەستم ( کاوە ) یە". گوتم " لە چ ڕوویەکەوە ؟ ". گوتی " دەمەوێت بزانم چ هەستێکت بەرامبەر ئەو هەیە ؟ ". گوتم "هیچ هەستێکی تایبەتم نییە، جگە لەوەی کە ئەو مامۆستای منەو منیش قوتابی ئەوم، بەلآم لە بەر دراوسێیەتی، خۆم بە بێگانە نازانم و واهەستدەکەم لەگەڵ (ئاغای قودسی ) ڕەحەتتر قسەدەکەم تا لەگەڵ مامۆستاکانیتر. هەروەکو دەزانیت، ئەو مامۆستای ئەدەبیاتەو ئەم وانەیەش ئێمە لە یەکتر نزیکدەکاتەوە. ئەو زانیاری باشی لە بەشەکەی خۆیدا هەیەو منیش لە کاتی واگنەوتنەوەی ئەو خۆم لە دونیایەکیتردا دەبینمەوە ". پرسی " ( ئاغای قودسی )ش بەرامبەر تۆ هەمان هەستی هەیەو خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ تەنها لە ئاستی مامۆستا و قوتابی دایە ؟ ". گوتم " بەڵێ بە هەمان شێوەیە ".

ڕق و کینەیەك گەرومی گرت. دایکم تێگەیشت و گوتی " با بزانم ! حەزتدەکرد ئەو بە شێوەیەکیتر سەیری تۆی بکردبایەو تۆ تەنها وەك قوتابی ئەو نەبوویتایە ؟ ". سەیرمکرد و گوتم "من هیچ شتێك نازانم و حەزیشناکەم بزانم کە ئەم جۆرە خۆشەویستییانە ڕەگ و ڕیشەیان نییەو زووش فەرامۆشدەکرێن ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "بەڵێ ڕاست دەکەیت، ئەو شەوە ( ئاغای قودسی) هەستێکی تایبەتی بەرامبەر چارەنووسی تۆ پیشان دا. کاتێك باسی خوازبێنیەکەی کرد دەنگی بە ئاشکرا دەلەرزی و خەم و خەفەت هەموو گیانی داگیرکردبوو. لەوە دەترسا نەوەك بە بەڵێ وڵامی (ئاغای ئەدیبی ) بدەینەوەو تۆش دەست لەخوێندن هەڵگریت و درێژەی پێنەدەیت. کاتێك وڵامی ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی (ئاغای ئەدیبی) بیست، هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشاو ئەو کاتە زمانی بەربوو ". گوتم " ئەو خۆی بە بەرپرسی چارەنووسی هەموو قوتابییەکانی دەزانیت ". دایکم جارێکیتر بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "نەك هەموو قوتابییەکانی. ئەو سەبارەت بە چاەنووسی تۆ زیاتر خۆی بە بەرپرس دەزانیت ".

دایکم پەردەکەی دادایەوەو چاوی بڕیە پەنجەرەکەی ( ئاغای قودسی ) و گوتی " ئەو گەنجێکی میهرەبان و باشە. لە ڕاستیدا هەموویان باشن. هەم ( شکوە ) خانم و هەم

Scanned with CamScanner

ئـەوانیتریش ". گـوتم " مـن زیـاتر (کـەتایۆن)م خۆشـدەوێت " حەزدەکـەم هاوڕێیـەتیمان بەردەوامبێت. ئێمە خاڵی هاوبەشی زۆرمان هەیـە ". دایکـم گـوتی " ئەگـەر وایـە بۆچـی داوات لێنەکرد بێت بۆ ماڵمان. لە ڕەفتارە وشك و ساردەکەی تۆ وامزانـی حـەز بـە چـارەی ناکەیت ". گوتم " بە هیچ شێوەیەك وانیە. ئەو کچێکی زۆر باشە. هەرچەند شووی کردووە، بەڵام وادەزانم کە دەتوانم پەیوەندی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵـدا دروسـتبکەم. هۆکـاری ڕەفتاری ئەو شەوەم تەنها ( ئاغای ئەدیبی ) بوو. نیگەرانی ئـەوە بـووم کەئـەو باسـی چـی کردووە ".

دایکم بابەتی قسەکانی گۆڕی و گوتی " ( مەحمود ) چووە بۆ کۆمپانیا و بـۆ ئـەم شـەو، هەینی، داوەتی کردووین ". پرسیم " ئێوە بە تەمان بڕۆن ؟ ". لە کاتێکدا کە ژوورەکەمی بە جێدەهێشت، ئاوڕی دایەوەو پرسی " دەتەوێ نەیەیت و بیانوو بگریت، وانییە ؟ ".

دایکم ڕۆیشتە دەرەوە. هەرچەند کە بینینـی گەڕەکـە کۆنەکـەمان و دیـداری هاوڕێکـانم زۆرخۆش بوو، بەڵام حەزمنەدەکرد بڕۆم. ئایا ئەم شوێنە نوێیـەمان بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە خانووە کۆنەکە فەرامۆشبکەم ؟ ئەو حەوشەیە، ئەو ژوورە ڕووەو کۆڵانە، ئەو پەنجەرەیە. چاوم داخست و خانووەکەم هێنایە پێش چاوم. وەك بڵێی لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتووم و گـوێ لە دەنگی هاژەی ئاوەکە دەگرم و چرای ستوونی کارەباکەش بەشێك لە ژوورەکـەمی ڕوونـاك کردووە. دەنگی شنەبا لە توێی لق و پـۆی دارتووەکـەوە دەبیـستم و هـەروەها دەنگـی ئـەو ڕێبوارە ماندووەی کە لە بەرخۆیەوە گۆرانی زمزمە دەکات. دڵم بۆ ئـەو خـانووە زۆر تـەنگ بووە.

لە بەرخۆمەوە دەڵێم :

*ئاهێك لەسەر لێوم نیشتووە*
*خەمێکیش لەسەر ڕووخسارم*
*کە تەنها کۆڵان دەزانێت و ئەو پەنجەرەیەی کە بە چۆڵی ماوەتەوە.*
*کەسێك نییە ئاشتمکاتەوە لەگەڵ کۆڵان*
*کەسێك نییە ببەستێتەوە بە پەنجەرەوە*

Scanned with CamScanner

*تەنها تۆ، ئەی رێبواری بێدەنگی کپ و مات!*

*تەنها تۆ دەتوانی من لەگەڵ کۆڵان ئاشت کەیتەوە*
*و لەگەڵ پەنجەرە پێکەوەمان ببەستیتەوە.*

لە باتی نامە قسەی هیچ و پووچ دەنووسم. یادی خانووە کۆنەکە خەفەتباری کردووم. بیرەوەری شیرینم لە رابردوو هەیە. لە منداڵی، لە گەرموگوڕیی دەستەکان و لە زویربوون و ئاشتبوونەوەکانی منداڵی، لە میزەڵان و لە کۆلارە، لە بووکە پەڕێیینەکەی کچی دراوسێ، لە وردەواڵەفرۆشەکە. ئاخ، چ سەردەمێ بوو ئەو رۆژانە. هەڵماقۆی کوڕانی گەڕەك، یاریکردن لە کاتی نیوەڕۆ و پاشان نۆشینی دۆیەکی سارد، لێدانی شەپازلەیەك لە لایەن باوك، هەڵاتن و گەڕانەوە بۆ حەوش، هاتوهاوارو پاشانیش کردنەوەی جانتاو پەڕتووك.

سەردەمێکی شیرینم هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو سەردەم و ئەو کۆڵان و ئەو رۆژانە تێپەڕی و منیش ئێستا تەنها بیر لە قەبارەی خۆشەویستی و میهرەبانییەکان، کاتی مەرگی ئاشنایەتییەکان و تۆزو غوباری سەر پەنجەرەکەم دەکەمەوە.

یادی ئەو رۆژانە بە خێر، ئەو رۆژە شیرینانە...

## (( بەشـــــــی ١٤ ))

مانگی بەفرانباریش دەستیپێکردووە و سەرماو سۆڵەی زستان کاردەکاتە سەر ئێسقانیش. دایکم و (شیدە ) خەریکی ڕێکخستنی ئەو دیاریانەن کە بۆ ( مەرسدە ) و ( فەرەیدون ) کڕیویانن. پەنجەرەکە لە دوێنێ شەوەوە بە کراوەیی ماوەتەوەو منیش سەرمام بووەو نەخۆشکەوتووم و ئەمڕۆ نەڕۆیشتووم بۆ قوتابخانە. دایکم لە تەنیشت سۆپاکەوە جێگای بۆ ڕاخستووم. منیش لەوێ ڕاکشاوم و سەیری ئەوان دەکەم. ئازاری ئێسقانم بێزاری کردووم. ئەو قسەیەی دایکم بیردەکەوێتەوە کە هەمیشە دەیڵێتەوە - هیچ نیعمەتێك لە نیعمەتی سەلامەتی باشتر نییە - و منیش دانیپێدادەنێم. سەرم کاسەو ناتوانم قورساییەکەی لەسەر ملم ڕاگرم. دایکم سەیرمدەکات و دەڵێت " هەوڵبدە بخەویت". لاجانگەکانم دێشن و هەستدەکەم دەلەرزم. بەتانییەك لەخۆم وەردێنم و خەوملێدەکەوێت.

لە دەنگی دایکم کە یەکێکی خوڵق دەکرد بێتە ژوورەوە، وەئاگادێم. دایکم لە لام دادەنیشێت و دەملاوێنێت و لە هەمانکاتدا دەڵێت " ( مینا ) هەستە ! ( ئاغای قودسی ) هاتووە ". دەنگی ئەو دەبیستم کە دەڵێت "هەڵی مەستێنە. لێیگەڕێ با پشوو بدات ". بەڵام دایکم بە گوتنی ( دەمێکە نووستووە ) ناچارمدەکات لە خەو هەستم و دانیشم. بە دژواری دەتوانم دانیشم. ئەو لە تەنیشت جێگاکەم دادەنیشێت و لە وەڵامی سڵاوەکەمدا دەڵێت " چی بووە، بۆ وات لێهاتووە ؟ ". هەوڵدەدەم قسەبکەم، دایکم لە باتی من ڕووداوەکەی بۆ باسدەکات و دەڵێت ( دوێنێ شەو لە بیری کردووە پەنجەرەکە داخات و

سەرمای بووە ). (ئاغای قودسی ) دەڵێت ( ئەوەتا دیارەو وابزانم تایەکی زۆریشی هەیە. ڕۆیشتووە بۆ لای دکتۆر ؟ ) دایکم دەڵێت ( بەڵێ ) و بە دوای ئەویشدا ( شیدە ) دەڵێت ( من بردم بۆ دکتۆر. سێ ڕۆژ پشووی بۆ نووسیوەو ئەوەش دەرمانەکانیەتی کە لە لای دانراون ). ( ئاغای قودسی ) سەیرێکی دەرمانەکانی ناو سینییەکەی کرد و بێدەنگبوو. دایکم و ( شیدە ) هەردووکیان ڕۆیشتن بۆ ئاشپەزخانە. ( ئاغای قودسی ) گوتی "کەمتەرخەمیت کردووە ". بە دژواری توانیم بڵێم " بەڵێ... ڕاستدەکەیت... ئەمڕۆ لە قوتابخانە چ باس بوو؟". لەگەڵ گوتنی ئەم قسەیە سینگم توشی کزانەوەیەك بو و بە دوایدا چەند جارێك کۆکیم. گوتی "هیچ، هەر وەك جاران بوو، بەڵام بەو جیاوازییەی کە هاوڕێکەت بە تەنها لە لای حانوتەکە وەستا و پیراشکیی خوارد ". پێکەنینم هات.

( ئاغای قودسی ) گوتی " هەروەها هەواڵێکیتریش کە زۆر گرنگ نییە ". سەیرکردنێکی گومانئاویانە سەیریکردم و گوتی " حەزدەکەی بزانیت ئەو هەواڵە چی بوو ؟ ". بە سەر ڕەزامەندی خۆمم دەربڕی. زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی " یەکێك لە قوتابییەکانی پۆلی پێنجەم لە نێوان هەموو قوتابییەکان بە یەکەم دەرچووە ". بە جۆش و خرۆشێکەوە پرسیم " کێ ؟ ". گوتی " خۆت بیڵێ ". گوتم " نازانم، تکات لێدەکەم بیڵێ ". گوتی " باشە دەیڵێم، ئەو قوتابییە، تۆیت ". بە بیستنی ئەم هەواڵە فرمێسك لە چاوانم هاتە خوارەوە. حەزمدەکرد بە دەنگی بەرز هاواربکەم.دایکم سینیی چایەکەی لە بەردەم (ئاغای قودسی) دانا و پرسی " چی ڕوویداوە ؟ ". ( ئاغای قودسی ) گوتی " خانم هەواڵێکی خۆش بوو، خۆشبەختانە توانیویەتی ئەم کۆرسە بە قوتابی یەکەم دەرچێت ". دایکم بە خۆشحاڵییەوە تەماشای کردم و گوتی "پیرۆزە ، ( مینا ) لەم سەرکەوتنەی قەرزداری هەموو مامۆستاکانیەتی ". (ئاغای قودسی) سوپاسیکرد و گوتی " بەڵام ئێمە مامۆستاکان وانە بۆ هەموو قوتابییەکان دەڵێینەوە، ئەوە هەوڵدانی قوتابییەکە خۆیەتی کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەوانیتر جیاواز بێت. من بە درێژایی ئەوماوەیە وانە خوێندن و هەوڵدانەکانی ( مینا ) م دیوەو خۆشحاڵم کە دەبینم هەوڵ و کۆششەکانی بێئاکام نەبوون. ئێستاش هیوادارم بە

Scanned with CamScanner

بیستنی ئەو هەواڵە، هەوڵ بدەیت زوو باش بیتەوەو بگەڕێیتەوە بۆ قوتابخانە. بۆ ئەو وانانەش کە لێیان دواکەوتووی، خەفەت مەخۆ و باش پشوو بدە. نەهاتنەکانیشت دەکەم بە مۆڵەت بۆت". گوتم " سوپاستدەکەم ". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی " ئێستا دەزانیت کە هەوڵ و زەحمەتی هیچ مرۆڤێك بە بێوەلام نامێنێتەوە. تۆ ئیتر ئەو ئاوە مەنگ و وەستاوە نیت و لە بەر خۆتەوە ناڕۆیت. ئەوەش پەسەندبکە کە لە سەرەتای ڕووبارەکەیت و تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست ڕێگایەکی دوورو درێژت لەپێشە. هەموو هەوڵ و کۆششێکت تەرخان بکە بۆ گەیشتن بە دەریاو بیرو مێشکت لە شتەکانیتر پاککەرەوەو بیسرەوە. لە مەبەستەکەم تێدەگەیت ؟ ". بە ڕاوەشاندنی سەرم پشتگیریم لە قسەکانی کرد. پاش نۆشینی چاییەکە هەستاو گوتی " دەرمانەکانت لەکاتی خۆیدا بخۆو باش پشوو بدە. دیسانەوە دێم بۆ بینینت ". دایکیشم تا لای دەرگاکە ڕەوانەیکرد.

شەو بەفرێکی زۆر باری. بۆ بەیانییەکەی بە دژواری لە ژێر جێگاکەم هاتمە دەرەوە. لە پشتی پەنجەرەوە سەیری حەوشە پڕلەبەفرەکەم کرد. دایکم لە ئاشپەزخانە بوو. دوور لە چاوی ئەو خۆم گەیاندە بالکۆنەکەو دەمویست بڕۆمە حەوشەوە کە لەسەر یەکەمین پلیکان قاچم خلیسکاو کەوتمە خوارەوە. دایکم لەگەڵ بیستنی دەنگی هاوارەکەم بە هەراسانی ڕایکردە دەرەوە و بە بینینی من ترساو قیژاندی و پاشان هێواش هێواش خۆی گەیاندە من و لەسەر زەوی بەرزی کردمەوە. قاچم زۆر دەئێشا و نەم ئەتوانی لە سەری بۆستم. تووڕەیی و قین گەرووی دایکمی گرتبوو. نەمدەزانی کە دەیەوێت هاوار بکات بە سەرما یان دەیەوێت بگری. تەنها ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ( خوایە لە دەست ئەم کچە بێ بیرو هۆشە چی بکەم و پەنا بۆ کوێ بەرم؟ ). قورسایی لەشم خستە سەر شانەلاوازەکانی و هێواش هێواش گەڕاینەوە ژوورەوە. وەکوو منداڵ دەستم کردبوو بە گریان و لەدەست ئێش و ئازاری قاچم دەمناڵاند. ئاوی گەرمی هێنا و قاچمی بەو ئاوە گەرمە شێلاو دەستی پێداهێناو پاشان بەستی. ئێش و ئازاری ئێسقانم و بەستنەکە تێکەڵ بوون. دایکم تووڕەییەکەی ئاشکرا کرد و بە دەنگی بەرز پرسی " بۆ واتکرد ؟ هێشتا نەخۆشییەکەت تەواو نەبووە، قاچیشت خستەسەری. بۆ دەبێ ئەم کردارە منداڵانەیە ئەنجامبدەیت ؟ وادەزانی هێشتا منداڵی ؟

نەرامۆشتکرد کە داواکارت هەیە ؟ حەزمەدەکرد بهاتنایەو لەم دۆخـەدا بیانـدیتبایت. ئـەوان قەد و بالآی تۆیان دی وایانزانی عەقلیشت گەورەیە. هاوار بۆ حالی ئێمە کە وامـان ئـەزانی پاش ( مەرسدە )، تۆ چاودێری من و باوکت دەکەیت و وریامان دەبیت ".

کاتێك لەسەر جێگاکەم ڕایکشاندم، لە تاو ئێش و ئازار فرمێـسکم هاتـە خـوارەوە. ئـەو دەستەپاچە ببوو و نەیدەزانی دەبێ چی بکات. چوو بۆ لای تەلەفۆنەکەو داوای یارمەتی لـە ( شکوە خانم ) کرد. (شکوە خانم ) بە هەراسانی هات و بە هاوکاری دایکـم مەرهـەمێکیان دروستکرد و لە قاچمیاندا و بەستیان. پاشان دایکم حەبێکی ئازارشکێنی دامـێ و گـوتی " ئەمە بخۆ ئازارت، کەمدەکاتەوە ".

پاش کاریگەری حەبەکە خەوملێکەوت و ئێش و ئازاری قاچـم کـەم بـۆوە. کاتێـك چـاوم کردەوە (شکوە خانم) ڕۆیشتبوو و لە بـاتی ئـەو بـاوکم لەسـەر قەنەفەکـە دانیـشتبوو و بـە نیگەرانییەوە چاوی تێبڕیبووم. شەو جارێکیتر ( ئاغای قودسی ) لەگەڵ ماڵەوەیان هـاتن بـۆ بینینی من. ( کامەران ) هەوڵیدا دڵنەواییم بداتەوە، بەلآم ( ئاغای قودسی ) وەکوو دایکـم تورە بو و گوتی " تۆ بەم کەمتەرخەمیانـەت دەتـەوێ بـە درێـژایی زسـتان لەسـەر جێگـا بمێنیتەوە. بۆ وریای خۆت نابیت ؟ بۆچی ڕۆیشتیتە حەوشەوە؟ نەتدەزانی ئـەو هـەوا سـاردە تەندروستیت خراپتر دەکات و دەرمانەکانیش کاریگەرییان نامێنێـت ؟ ئـەم کارانـە لـە تـۆ ناوەشێنەوە". ئەو ناڕەزایەتی و بە تورەیی قسەکردنەی ئەو فیزو لوت بەرزیی بریندار کرد. ( ئاغای قودسی باوك ) کەوتە بەینەوەو گوتی " ڕووداوێکە ڕوویداوە، شوکر بۆ خـوا بـە خێـر تێپەڕی. ئێش و ئازاری قاچی ( مینا خانم ) یش تا بەیانی چاکدەبێتەوەو بە خۆشی و شـادی لە قوتابخانە ئامادە دەبێت ".

باوکم بە پەژارەیەکەوە سەری ڕاوەشاند، بەلآم هیچی نەگوت. ( شکوە خـانم ) پـەرداخێك ئاو میوەی دا بەدەستمەوەو گوتی " گرنگ نییە ئازیزەکەم، وەرە ئاو میوەکەت بخۆ، بەڵێنت دەدەمێ بە زوویی چاکدەبیتەوە. هێشتاش قاچت ئازاری هەیە ؟ ". گـوتم " ئەوەنـدەی ئـەم بەیانییە ئێشی نییە، بەلآم هێشتاش هەر ئازاری مـاوە ". ( ئاغـای قودسـی ) ڕووی کـردە

باوكم و گوتی " ئەگەر پێتان باشە با بیبەین بۆ لای دكتۆرو ئەشیعەیەكی قاچی بگرین ".
باوكم ڕازی بوو، بەلاّم من ئەوەندە لێبڕەنجابووم، گوتم "ئەخێر، پێویست ناكات، تا بەیانی
چاكدەبێتەوە. ئەگەر تا بەیانیش چاك نەبۆوە، ئینجا ئەشیعەی بۆ دەگرین ". (ئاغای قودسی
) توڕەبییەكەی خواردەوەو ئیتر قسەی نەكرد. تاوەكو ڕۆیشتن، هەوڵمدا سەیری ڕووخساری
نەكەم. ئەو مافی ئەوەی نەبوو لەپێش چاوی هەموو خێزانەكەی هاوار بكات بەسەرما و
فیزولووتبەرزیم برینداربكات.

بەیانی زوو لەسەر جێگاكەم هەستام و بە شەلەشەل چوومە سەرەوەو جلوبەرگەكەم
لەبەركرد. كاتێك باوكم منی بە یونیفۆرمی قوتابخانەوە دی، بە سەرسوڕمانەوە پرسی "
دەتەوێ بڕۆیت بۆ قوتابخانە ؟ ". گوتم " بەڵێ، ئێستا باشترم. دەتوانم بڕۆم ". ڕووی گرژكردو
گوتی " بەم قاچەت چۆن دەتوانی بڕۆیت بەڕێوە ؟ بەفرێكی زۆر باریوە و لەوانەیە دیسانەوە
بكەویت. باشتروایە ئەمڕۆش پشوویدەیت و بەیانی بچیت ". گوتم " حەزدەكەم، بەلاّم ناچارم
بڕۆم. پاش تاقیكردنەوەكانی كۆرسی یەكەم مامۆستاكان دەستبەجێ وانەوتنەوە دەست
پێدەكەن. نامەوێت لە وانەكان دواكەوم. هەرچەند ئێستاش هەر لە وانەكان دواكەوتووم و
دەبێ بۆ قەرەبووكردنەوەیان هەوڵێكی زۆر بدەم. ئەگەر زیاتر لەمە دوا بكەوم، دەترسم
نەتوانم قەرەبوویان بكەمەوە. خۆت دوێنێ شەو شێوازی ڕەفتاری ( ئاغای قودسی ) ت بینی
" ڕێگەم پێبدە بڕۆم ". بە ڕواڵەت ڕازی بوو گوتی " زۆر باشە، كەواتە بۆستە تا خۆم
بتگەیەنم ". بەرەنگاری ناڕەزایەتییەكانی دایكیشم بوومەوەو لەگەڵ باوكم سەركەوتین و
ڕۆیشتین.

بەفر هەموو شوێنێكی سپی كردبو و، بەفری سەربانی ماڵەكانیش ڕژابووە سەر شەقام.
ناچار بووین بە هێواشی بڕۆین. هەردوكمان بێدەنگ بووین و تەماشای ڕۆیشتنی
كیسەڵئاسای ئۆتۆمبیلەكانمان دەكرد. خۆشحاڵبووم كە دەچووم بۆ قوتابخانە. دەبوایە
پێمپیشان بدایە كە بە قاچی ئازارخواردووشەوە دەكرێت بڕۆم بۆ قوتابخانەو وانەبخوێنم. زۆر
لێی بێزار بووم، خۆزگە هەرگیز نەمدیبایە، یان مامۆستام نەبوایە. چەند بە بێشەرمی و
ڕووداریەوە، لەپێشچاوی هەموو خێزانەكەی هاواریكرد بە سەرمدا و سەرزەنشتیكردم. چۆن

Scanned with CamScanner

ئەو مافەی بە خۆیدا کە بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکات. دەبێ پیشانی بدەم... ئای چەند حەزدەکەم تۆڵەی ئەوەی لێبکەمەوەو خەیاڵم ئاسوودەبێت، بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانم ئەو کارە بکەم ؟

کە گەیشتینە بەردەم قوتابخانە، وەستاین و، باوکم یارمەتیدام بۆ ئەوەی دابەزم و تا ناو حەوشیش لەگەڵمهات. کەس لە حەوش نەدەبینرا. باوکم ژێری قۆڵی گرتبووم، ئەوەک بکەوم. لەمکاتەدا یەکێك لە هاورێکانم هات. ئەویش یارمەتی دام و باوکم منی بەو سپاردو خۆی رۆیشت. بە هاوکاری هاورێکەم هێواش هێواش رۆیشتم و بە هەر شێوەیەک بوو خۆم گەیاندە پۆل. ئەو قوتابیانەش کە لەپۆل بوون هاتن بۆ پێشوازیم و هەریەکەیان بە شێوەیەك یارمەتییاندام بۆ ئەوەی دانیشم. ئازاری قاچم زیاتر بوو. بۆ ساتێك لە هاتنەکەم پەشیمان بوومەوە بەڵام کاتێك رووخسارە مۆن و گرژەکەی (ئاغای قودسی ) م هێنایەوە یاد، پەشیمانییەکەم فەرامۆشکرد و داوام لە یەکێك لە قوتابییەکان کرد کە پەڕاوی ( حوزوورو غیاب ) ەکە لە ژووری مامۆستایان بهێنێت. چەند خولەکێکی مابوو تا زەنگی وانەخوێندن لێبدرێت، (مەریەم ) هاتە ژوورەوەو بە بینینی من رایکرد بۆ لام و ئەحواڵی پرسیم. دەنگەنووساو و گرەکەم هەموو شتێکی خستەروو. کاتێك زانی جگە لە سەرمابوونەکەم قاچیشم ئازاری پێگەیشتووە، غەمگین بو و بە دڵسۆزیەکی خوشکانەوە گوتی " زۆر هەڵە بوویت کە بەو تەندووستییە خراپەتەوە رۆیشتیتە حەوشەوە. بینینی بەفر ئەوەندە بایەخی هەبوو تا خۆت گرفتار بکەیت ؟ ". گوتم "تازە رووبداوەو چارمنییە، دەبێ خۆڕاگر بم ". گوتی " وەرە، لە نزیك سۆپاکە دانیشە و پشوو بدە من کارەکانت ئەنجامدەدەم ". گوتم "مەمنونم، لە سەرجێگاکەی خۆم دانیشم، رەحەتترم ". دەنگی زەنگەکە هەموو قوتابییەکانی لە پۆل کۆکردەوەو هەموویان لەسەر جێگاکانیان دانیشتن. هەر یەکەو دەیویست بە شێوەیەك خۆشەویستی و میهرەبانی خۆی دەربڕێت. بە جارێك چەند چاودێر پەیدابوون کە هەر یەکەیان دەیویست ئارامی پۆلەکە بپارێزێت. هەبوونی چەند چاودێرێك خۆی لە خۆیدا

بووە هۆی نائارامی. بە شێوەیەك كە تا هاتنی مامۆستای كیمیا لە گەرمەی وتووێژدابوون. لەگەڵ هاتنی مامۆستا، پۆل ئارام بۆوە، هەناسەیەكی ڕەحەتم هەڵكێشا.

زەنگی یەكەم لەگەڵ مامۆستای كیمیا و فیزیا تێپەڕی و زەنگی سێهەم لەگەڵ ئەودا وانەمان هەبوو. تووشی دڵەڕاوكێ بووم. وانەی ئەدەبیات، بە تایبەت كاتێك كە دارشتنمان هەبوو لە وانەی بیركاری ناخۆشترو دژوارتر بوویوو و قوتابییەكان ئەو گورو تینەی خۆیانیان لە دەستدەدا. پەڕاوەكانی دارشتن لەبەردەم من و ( فروغی ) كۆدەكرانەوە بۆئەوەی بیانخوێنینەوەو نمرەیان بۆ دانێین. لەگەڵ كردنەوەی دەرگای پۆل قوتابییەكان بەپەلە پەڕاوەكانیان دەرهێنا و لەسەر جێگاكانیان دانیشتن. (ئاغای قودسی ) كەمێك بێدەنگ بوو بۆ ئەوەی قوتابییەكان ئارام بگرن. لە ناكاو چاوی بە مێزی دواوە كەوت و منی بینی. سەرسوڕمانم لە نیگاكانی دەخوێندەوەو هەستمپێدەكرد. دەیویست شتێك بڵێت، بەلام پاشگەزبۆوەو چاوی لەسەر من لابردو لەسەر جێگاكەی خۆی دانیشت. هەركە دانیشت پەڕاوە بچووكەی خۆی كردەوەو سەیرێكی ناوی قوتابییەكانی كرد و بانگی ( مەریەم ) ی كرد كە دارشتنەكەی بخوێنێتەوە. ( مەریەم ) ڕەنگی ڕووخساری گۆڕا، پەڕاوەكەی هەڵگرت و لە هەمانكاتدا توند دەستی گوشیم و لە بەرامبەر قوتابییەكان وەستا. بۆ ساتێك لەرزینێك هەموو لەشی داگرت و چاوی بڕییە ڕووخساری من. وا گومانم برد كە دارشتنی نەنووسیوە، بەلام كاتێك ( ئاغای قودسی ) فەرمانیداو گوتی ( دەستپێبكە ) دەستیكرد بە خوێندنەوە. ئەوەندەی نەمابوو لە سەرسوڕمانا هاوار بكەم. (مەریەم) بە هەڵە پەڕاوی دارشتنەكەی منی هەڵگرتبوو و ئەو دارشتنەی كە دەیخوێندەوە دارشتنی من بوو. دەنگی بە ئاشكرا دەلەرزی. جارێكیش ناچاربوو دەستلەخوێندنەوە هەڵگرێت و پشوویەك بدات. ئەو بەو شێوازی خوێندنەوەیە، بایەخی دارشتنەكەی منی كەم كردەوەو دایبەزاند، بەلام لەگەڵ ئەوهەموو هەڵانەش كە لە خوێندنەوەكەیدا هەبوون، سەرەنجام تەواویكرد. بێدەنگییەك پۆلی داگیركرد و هیچ ئەنگوستێك بۆ ڕەخنە گرتن بەرزنەكرایەوە. چەند قوتابییەك ئاوڕیان بۆ لای من دایەوە و سەیریانكردم. ئەوان بە باشی شارەزای شێوازی نوسینی من بوون و دەیانزانی كە ئەو دارشتنەی خوێندراوەتەوە من نووسیومە.

(ئاغای قودسی) تەماشایەکی قوتابییەکانی کرد و گوتی " باشە، ڕای خۆتان دەربڕن ". یەکێك لە قوتابییەکان بە بێنەوەی دەست بەرز کاتەوە گوتی " زۆر باش بوو ". ( ئاغای قودسی ) سەری ڕاوەشاندو گوتی " بەڵێ باش بوو، ئەگەر دەست و قاچی خۆی ون نەکردبایەو بە سەر خوێندنەوەکەیدا زاڵبوایە، جوانتریش دەبوو ". یەکێك لە قوتابییەکان گوتی " ئەم دارِشتنە دەبوایە (ئەفشار) بیخوێندبایەوە ". پاش ئەو قسەیە (ئاغای قودسی) هەستاو هێواش هێواش بەرەو دواوەی پۆلەکە هات و خۆی ڕەخنەی لە دارِشتنەکە گرت. هەڵبەت ڕەخنەی لە نوسینەکە نەگرت، بەڵکو باسی کاریگەری شێوازی خوێدندنەوەی دارِشتنی لەسەر بیسەر دەکرد.

کەگەیشتە دواوەی پۆلەوە ئیشارەتی بۆ من کرد کە کەمێك بچمە ئەو لاوە بۆ ئەوەی لەسەر جێگاکەم دانیشێت. هاتمە لاوەو لە جێگای ( مەریەم ) دانیشتم و ئەویش لە جێگاکەی من دانیشت. هەموو قوتابییەکان چاویان بڕیبووە دەمی ئەو تا قسەکانی کۆتایی هات و بە ( مەریەم ) ی گوت لە جێگاکەی ئەو دانیشێت. پاشان ڕووی کردە من و گوتی " تۆ بیخوێنەرەوە ". ڕەنگم بزرکاو بە دەستەپاچەیی دەستم خستە سەر گەرووم و دەنگم هێواش کردەوەو گوتم " ناتوانم قسە بکەم ". زانی کە هێشتا سینگم چاك نەبۆتەوە. هیچی نەگوت و یەکێکیتری بانگ کرد. پەڕاوەکەی ( مەریەم ) لە بەردەمم بوو" لەوە دەترسام بیکاتەوەو بزانێت ( مەریەم ) پەڕاوەکەی منی هەڵگرتووە. وردەوردە پەڕاوەکەم ڕاکێشایە ژێر مێزەکەم و لەوێم دانا و هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا.

وانەی دارِشتن وەك تەلیسمی لێهاتبوو بۆم و نەمدەتوانی بەوجۆرەی کە خۆم حەزملێیەتی سوودی لێوەرگرم. ( مەریەم ) سەیری ڕووخساری نەدەکردم و نەدەویست سەیرمبکات. ڕەخنەش ئاراستەی دارِشتنی هاوڕێکەیترم کرا و ( ئاغای قودسی ) بە هەمانشێوە کە دانیشتبوو، گوێی لە ڕەخنەی قوتابییەکان ڕاگرتبوو. هەرایەك دروستبو و ( ئاغای قودسی ) بە ڕاوەشاندنی دەستی، داوای لەقوتابییەکان کرد بێدەنگبن و لە ( فروغی ) پرسی " یارمەتیت دابوو ؟ ". ( فروغی ) ش سەری داخست و گوتی " کەمێك ". ( ئاغای قودسی

) گوتی " زانیم، ئەمە کارێکی خراپ نییەو دەبێتە هۆی باشتربوونی دارشتن ". پاشان سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردو گوتی " چەند خولەکێك کاتمان بە دەستەوە ماوە، ئەگەر پارچە شیعرێکی نوێت نووسیوە بۆ قوتابییەکانی بخوێنەرەوە ". ( فروغی ) پەڕاوەکەی هەڵگرت و چووە لای تەختەرەشەکە وەستا. پێش ئەوەی کە ( فروغی ) دەست بە خوێندنەوە بکات، (ئاغای قودسی ) ڕووی کردە ئەو قوتابییەو گوتی " تۆو ( یەگانە ) پەڕاوەکانتان بهێنن تا نمرەتان بۆ دانێم ". جارێکیتر ( مەریەم ) ڕەنگی ڕووخساری گۆڕا. پاشان لە (ئاغای قودسی) نزیکبوونەوەو پەڕاوەکانیان دایە. ( ئاغای قودسی ) نمرەی بۆ ئەو قوتابییە داناو ئەویش گەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی و دانیشت، بەڵام پەڕاوەکەی (مەریەم ) ی بە کراوەیی لە بەردەم خۆی دانا و بە ( مەریەم ) ی گوت کە بڕوات دانیشێت و ئیشارەتی بۆ (فروغی) کرد کە دەستبکات بە خوێندنەوەی شیعرەکەی. (ئاغای قودسی) پاندانەکەی لە ناو پەڕاوەکە دانا و دایخست و گوێی بۆ شیعرەکەی ( فروغی ) ڕاگرت.

کاتێك زەنگ لێدرا، ڕێگەی بە قوتابییەکان دا کە پۆل بە جێبهێڵن و خۆی دانیشتبو و سەیری چوونەدەرەوەی ئەوانی دەکرد. کە پۆل چۆڵ بوو، ڕوویکردە من و پرسی " ئەمە پەڕاوی تۆیە یان هی (یەگانە) یە ؟ ". گوتم " هی منە ". پرسی " لە لای ( یەگانە ) چیدەکات؟ و بۆچی ئەو دارشتنەکەی تۆی خوێندەوە؟ ". گوتم " بە هەڵە پەڕاوەکەی منی لەگەڵ خۆی بردبو و لە ترسا نەیوێرا بڵێت بە هەڵە پەڕاوەکەی هەڵگرتووە ". بە گوتنی ( ئا... بەڵێ ) پرسی " کەواتە تۆ بۆ هیچت نەگوت ؟ خۆ تۆ لە من نەدەترسای ". گوتم " بۆیە بێدەنگ بووم حەزمدەکرد دارشتنەکەی من بخوێندرێتەوە، چونکە من بەم حاڵەوە نەمدەتوانی دارشتنەکەم بخوێنمەوە ". گوتی " هەر کە ( یەگانە ) دەستی بە خوێندنەوەکرد، زانیم کە ئەو دارشتنە تۆ نوسیوتە، هیچم نەگوت ویستم دڵنیا بم. ئەگەر لە نوسین یارمەتیت دابایە قەیدی نەبوو، وەك ئەو کارەی کە ( فروغی ) کردی " بەڵام ئەگەر ڕێگە بدەیت یەکێکیتر دارشتنەکەی تۆ بە ناوی خۆیەوە بخوێنێتەوە زۆر خراپەو بە قۆپی لە قەڵەمدەدرێت. ئەمە دووەم جارە کە تووشمدەکەیت و ناتوانم بڕیاربدەم کە دەبێ چیبکەم. ئەگەر تۆ لە جێگای من بیت چیدەکەیت ؟ ". گوتم " تەنها نمرە دادەنێم ". گوتی " بۆ ( یەگانە ) یان ( ئەفشار

Scanned with CamScanner

) ؟ ". گوتم " بۆ هەردووکیان ". پرسی " باشە، چ نمرەیەك دادەنێیت ؟ ". گوتم " ئەو نمرەیەی کە دەبێت وەریگرن ". پەڕاوەکەی کردەوەو پاندانەکەی دا بە دەستمەوەو گوتی "نمرە دانێ. هەر ژمارەیەك کە حەزتلێیەتی لە خوارەوەی ئەو دارشتنە داینێ، چونکە ئەم دارشتنە نە بۆ من سوودی هەیەو نە بۆ پۆلەکەش. تۆو هاورێکەت من بەپیاوێکی گێل و بێئەقڵ دەزانن، بەلاّم من بێئەقڵ نیم و شارەزاییم لە کارەکەی خۆمدا هەیە. وادەزانم لەم بارەیەوە دەبێ لەگەڵ ماڵەوەتان قسەبکەم. تۆ لە رەفتارو رەوشتی من کەڵکی خراپ وەردەگریت و ناچارمدەکەیت بەرامبەرت رەفتاری توندوتیژ بگرمەبەر ".

لە سەر جێگاکەی هەستا و بەرەو لای دەرگای پۆل بەرێکەوت. ئەوەندە تورە بوو کە ناوچەوانی سوورهەڵگەڕابوو. دەمزانی بڕوای بە قسەکانم نەکردووە. ئەو وایدەزانی من و ( یەگانە ) ویستوومانە بەم شێوەیە پێیڕابوێرین و گاڵتەی پێبکەین.

Scanned with CamScanner

(( بەشـــــــی ١٥ ))

پێنج شەممان، بەیانییەکەی چوارکاتژمێرو پاش نیوەڕۆکەی دوو کاتژمێر وانـەمان هـەبوو. ماوەی پشووی نێوان وانەکانی سێهەم و چـوارەمی بـەیانیان زۆر کـەمبوو، بەشـێوەیەك کـە مامۆســتایەك دەڕۆیــشتە دەرەوە قوتابییــەکان خۆیــان ئامــادەدەکرد تــا مامۆســتاکەیتر بێتەپۆلەوە.

ئەو ڕۆژەش کە ( ئاغای قودسی ) دوور لە چاوی قوتابییەکانیتر دادگـایی دەکـردم پێـنج شەممە بوو. کاتێك لێپرسینەوەکە تەواو بوو، دەیویست لـە پـۆل بـچێتە دەرەوە کـە دەنگـی زەنگەکە هات و گەڕایەوە دواوە چونکە ئەو کاتژمێرەش هەر لەگـەڵ ئـەو وانـەمان هـەبوو. لەسەر کورسییەکە دانیشت و ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە دانا و سەریخستە نێـوان هـەردوو دەستی و سەیری خوارەوەی دەکرد. لەگەڵ هاتنـە ژوورەوەی قوتابییـەکان خـۆی کـۆکردەوەو خۆی لەگەڵ پەڕاوەکەی سەرگەرمکرد. قوتابییەکانیش کە هەمیشە بە هاتو هـاوار دەهاتنـە پۆلەوە، هەر کە زانییان ( ئاغای قودسـی ) لـە پۆلـە، هـێمن بونـەوەو بەبێـدەنگی لەسـەر جێگاکانیان دانیشتن. وانەی مێژووی ئەدەبیاتمان هەبوو. پاش ئەوەی وانەیەکی نوێی گوتەوە، ڕووی کردە ( فروغی ) و گوتی " ( خانمی فروغی ) ! دەکرێ داوات لێبکەم ئەو کاتانەی کـە من وانەم لەگەڵ ئـەم پۆلـەدا هەیـە تـۆ پـۆل بەڕێوەبـەریت و لـە بـاتی ( خـانمی ئەفـشار ) بەرپرسیارێتی پۆلەکە لە ئەسـتۆ بگریـت ؟ ". ( فروغـی ) سـەیرێکی منـی کـرد و گـوتی "هەرچۆنێك جەنابت بفەرمویت". ( ئاغای قودسی ) گوتی " بەرپرسیارێتی پەڕتووکخانەکە

Scanned with CamScanner

( خانمی ئەفشار )ی ماندووکردووە. ویستم بەمجۆرە کەمێک باری سەرشانی سووککەم. هەڵبەت (خانمی ئەفشار) لەکاتی وانەکانیتر هەر چاودێری پۆلە، بەلام لە کاتی وانەکانی ئەدەبیات ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆی تۆیەو ئومێدەوارم تۆش وەك ئەو بەباشی ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنیت. ئێستاش فەرموو دانیشە ".

ئەو گۆڕانکاریانە کە کردی، لێدانێکی لە ناکاو بو و منی تووشی ڕق وکینە کرد.

کاتێك زەنگلێدرا، ئەو قوتابیانەی ماڵیان نزیکبوو، ڕۆیشتن و من بە هۆی ئازاری قاچم لە قوتابخانە مامەوە. تاقەتی مانەوە لەپۆلم نەبوو.ئەو ساندویچەی کە دایکم دروستیکردبوو هەڵمگرت و بەشەلەشەل لە پلیکانەکان سەرکەوتم و خۆم گەیاندە پەرتووکخانە. بێدەنگی و چۆڵی پەرتووکخانەکە ئارامیکردم و بە خەیاڵی ئاسوودە و بێئەوەی کەس بێت بە لامەوە، دەستم کرد بەگریان.

نەمدەزانی کە لەم رەفتارەی چ مەبەستێکی هەیە و بۆچی دەیەوێت بمشکێنێتەوە. لە چاودێری لابردنی من، ئەویش لە کاتی وانەی ئەدەبیات، هەرگیز بڕوامنەدەکرد. من هۆگری وانەی ئەدەبیات بووم و ئەویش بەم کارەی وایلێکردم کە لەویش بێزار بم. هەستمدەکرد سۆز وجۆش و خرۆشی جارانم بەرامبەر ئەدەبیات نەماوە و تەنها هۆکاری ئەم ساردبوونەوەشم بوونی (ئاغای قودسی) وەکو مامۆستای ئەدەبیات بوو. کەوتمە یادی قسەی یەکێك لە هاوپۆلەکانم کەگوتبووی- وانە خوێندن لەگەڵ (ئاغای قودسی) ئازار و ئەشکەنجەیە- و بۆم دەرکەوت کە ڕاستییەکە ئەوەیە. لە بەرخۆمەوە گوتم (پێش ئەوەی لە پەرتووکخانەکەش دەرکرێم، باشتر وایە کە خۆم دەستلەوکارە بکێشمەوە ). فرمێسکەکانم سڕی و سەیریکاتژمێرەکەم کرد، کاتژمێرێکی مابوو بۆ دوو. پەرتووکخانەکەم بەجێهێشت و بۆ شتنی ڕوومەتم چوومە حەوشەوە. ئاوە ساردەکە و کزەی بەفرەکە بووە هۆی ئەوەی تووشی لەرزێم و کاتێك گەڕامەوە پۆل لە تاو سەرما، دانەکانم بەریەکدەکەوتن.

لە تەنیشت سۆپاکە دانیشتم بۆ ئەوەی گەرمم ببێتەوە، بەلاّم گەرمای سۆپاکەش نەیتوانی ئەو سەرمایە لە لەشم دەرکات. کورسی و مێزی مامۆستام ڕاکێشایە لای سۆپاکەو سەرم

Scanned with CamScanner

خستە سەر مێزەکەو دەستەکانیشم لە بن باڵم شاردەوە بۆ ئەوەی گەرم ببنـەوە و، وردە وردە خەو کەوتە چاوانم و خەوملێکەوت.

لە هاتوهاواری قوتابییەکان خەبەرمبۆوە، بەلاّم هێـزی جـوولاّنم نـەبوو. قوتابییـەکان لـە چواردەورم کۆبوونەوەو دەیانویست بزانن چی ڕوویداوە. لە نێوانیاندا ( مەریەم ) م نەدی. بـە دژواری هەستام و گوتم " هێمن بن تا دەگەڕێمـەوە ". خۆمگەیانـدە ژووری مامۆسـتایان و چوومە ژوورەوە. هەموو مامۆستاکان هاتبوون. ڕووخسارم بە هۆی تـا، سـوور هەڵگـەڕابو و کاتێك لە بەردەم مێزی (خانمی بەڕێوەبەر) وەستام. بە حـاڵ خۆمڕاگرتبـوو، نـەوەك بکـەوم. هەردوودەستم خستەسەر مێزەکەو قورسایی لەشم خستە سەر دەستەکانم. ( خانمی بەڕێوەبـەر ) بە بینینی ڕووخسارم گوتی "( مینا ) تۆ تات لێیە؟ ". گوتم " بەڵێ خانم ". گوتی " لـە ڕەنگی ڕووخسارت دیارە. لەرزیشت هەیە ؟ ". گوتم "بـەڵێ". گـوتی "کـەمێك چـاوەڕێکە ئێستا لەگەڵ بابای قوتابخانە دەتنێرمەوە ماڵەوە. ئەمڕۆ بۆ هاتی بۆ قوتابخانـە؟ دەبوایـە لـە ماڵەوە پشووت بدایە ". گوتم " ناچمەوە. ئەم دوو کاتژمێرەش دەتوانم تەحەمولبکەم. بۆیـە هاتم بۆئێرە، ویستم تکایەکت لێبکەم". پاندانەکەی لەسـەر مێزەکـە دانـاو واییپیـشاندا کـە ئامادەی گوێگرتنە. گوتی "چیتدەوێ؟ ". گـوتم " هـاتووم تکـات لێبکـەم بەرپرسـیارێتی پەرتووکخانەکەم لێوەرگرنەوە ". برۆی هێنایەیەك و پرسی "بۆچی؟ ". گوتم "وا باشترە. من شایانی ئەوکارە نیم و ئەوە بـە باشـتر دەزانم دەسـتلەمکارە بکێـشمەوە ". پرسـی " هـیچ ڕوویداوە ؟ ". گوتم

"نەخێر، بەلاّم ئەگەر ئەم بەرپرسیاریەتییەم لـە ئەسـتۆ نـەبێت، باشـترە ". لێموردبـۆوەو گوتی "زۆر باشە. لەم بارەیەوە دەبێ لەگەڵ ( ئاغای قودسی ) قسەبکەم و پاشان ڕای خـۆم دەربڕم. کۆتایی دەوام دەتوانی بێـت و وەلاّمەکـەت وەرگریـت ". گـوتم " سوپاسـتدەکەم". گوتی "برۆ پۆلەوەو پشوو بدە. بەیانی هەینییەو ئەگەر تا شەممەش چاکنەبوویتەوە، دەتـوانی پشوویدەیت و نەیەیت بۆ قوتابخانە". دیسان سوپاسمکردو چوومە دەرەوە.

لە مەودای نێوان ژووری مامۆستایان و پۆل دیسان تووشـی لـەرز بـووم و هـەموو گیـانم دەلەرزی. دووبارە لەپۆل خەوملێکەوت و نەمزانی ئەو دوو کاتژمێرە چۆن تێپەڕین. هـەردوو

Scanned with CamScanner

مامۆستاکە مۆڵەتیان دابوومێ کە لە پۆل بچەوم و پشوو بدەم. کاتێك قوتابییەکان خەریکی ڕۆیشتنەوەبوون، بانگیانکردم و منیش بە سەرسوڕمانەوە زانیم کە بە درێژایی ئەو دوو کاتژمێرە خەوملێکەوتبوو. لیڤێکسەکەم هەڵگرت و دەمویست بڕۆمەوە، کە بیرمکەوتەوە دەبێ بڕۆم بۆ لای (خانمی بەڕێوەبەر).

کاتێك چوومەژوورەوە، جگە لە (خانمی بەڕێوەبەر)و (ئاغای قودسی)و (ئاغای ئەدیبی) کەسیتری لێنەبوو. (ئاغای قودسی) چووبووە ناو فیکرەوەو چاوی بڕیبووە من و چاوەڕێی قسەی منی دەکرد. (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی "( مینا )، من نازانم بۆچی دەتەوێ دەستلەمکارە بکێشیتەوە، بەڵام چونکە دەتناسم و شارەزای هەموو شتێکی تۆم، دەزانم کە هیچکارێك بە بێ هۆ ئەنجامنادەیت. من لە (ئاغای قودسی)م پرسی کە ئایا لە شێوازی بەڕێوەبردنی پەڕتووکخانە هیچ کەموکوڕیەك هەبووە ؟ جەنابیان گوتی نەخێر. ئێستاکەش تۆ بۆچی دەتەوێ وازیلێبهێنی؟ نازانم. ئەگەر پێت ناخۆشنییە، دەمانەوێت بزانین هۆکارەکەی چییە؟ ". گوتم "هیچ هۆیەکی نییە، جگە لەوەی کە من شایانی ئەو کارە نیم. قوتابیانیتر هەن کە زۆر لە من باشتر دەتوانن پەڕتووکخانەکە بەڕێوەبەرن و (ئاغای قودسی) خۆی باش دەیانناسێت. من بۆ ئەم کارە گونجاو نیم و تکاتلێدەکەم ڕازیبە ". ( خانمی بەڕێوەبەر ) ئاماژەی بۆ کورسییەکە کرد و گوتی " دانیشە ! ڕەنگی ڕووخسارت بزرکاوەو ئێستا نەخۆشی. بەشێوەیەکی کاتی ڕازیدەبم هەتاوەکو دێیتەوە سەرخۆت و دەتوانی بە ڕوونی باسی هەموو شتێك بکەیت". پاشان ڕوویکردە (ئاغای قودسی) و گوتی " ئەگەر دەکرێت تا ئەو کاتەی کە (خانمی ئەفشار) چاکدەبێتەوە یەکێکیتر لە جێگاکەی دانێیت ". ( ئاغای قودسی ) ڕازی نەبوو، گوتی " تا (خانمی ئەفشار) چاکدەبێتەوە، خۆم بە تەنها پەڕتووکخانەکە بەڕێوەدەبەم و پێویستی بە کەسیتر نییە". (خانمی بەڕێوەبەر) لەسەر جێگاکەی هەستاو گوتی " کەواتە بڕیاری کۆتایی پاش چاکبوونەوەی (خانمی ئەفشار) دەدرێت. ( ئەفشار ) بڕۆرەوەو باش پشووبدە. حەز ناکەم قوتابییە نموونەو زیرەکەکەم غەمگین و خەفەتبار بێت. دەتوانی بە تەنها بڕۆیتەوە، یان بە بابا بڵێم لەگەڵت بێت ؟ ". هەستام و گوتم "دەتوانم

برۆم". ( ئاغای ئەدیبی ) دەستپێشخەرییکرد و گوتی "ئەگەر ئاساییبێت، من (خانمی ئەفشار) دەگەیەنمەوە ماڵەوە. بەم قاچەی ناتوانێت بروات بەرێوە ". سوپاسیم کرد و گوتم "مەمنونم، باوکم دێت بە دوامدا و نامە بە ئەرك بۆ جەنابت". (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی "زۆر باشە... کە باوکت دێت ئیتر نیگەران نیم. کەواتە چاوەڕێکە تا دێت ". ئەمەی گوت و چووە دەرەوە.

لە ڕێڕەوەکە، (خانمی بەڕێوەبەر) لەگەڵ خواحافیزی گوتی " نەچیتە حەوشەوە، هەر لێرە دانیشە. من بە بابا دەڵێم ئەگەر باوکت هات، ئاگادارتکاتەوە ". ڕازیبووم و لە پشتی پەنجەرەکەوە سەیری ڕۆیشتنەکەیم دەکرد. بایەکی توند هەڵیکردبوو. بابای قوتابخانەش پاش ڕۆیشتنە دەرەوەی (خانمی بەڕێوەبەر) دەرگاکەی داخست و بەپەلە چووە ژوورەکەی خۆی. نیگەران بووم نەوەك باوکم نەیەت و ناچار بم بە تاریکی بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. دەرگای هۆڵەکەم کردەوەو هێواش هێواش لە پلیکانەکان چوومە خوارەوەو خۆمم گەیاندە حەوشەوە. دەرگای قوتابخانەم کردەوەو سەیرێکی شەقامم کرد" ئۆتۆمبیلەکەی باوکم دیار نەبوو. ( ئاغای قودسی )و ( ئاغای ئەدیبی ) هەردووکیان بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکانیان ڕۆیشتن و سەرکەوتن. (ئاغای قودسی ) زووتر ڕرۆیشت و بە بەردەمما تێپەڕی. کەمێك لەپێشتر ڕایگرت، شووشەکەی هێنایە خوارەوەو گوتی "لەگەڵ من دێیت، یان چاوەڕێی باوکت دەکەیت ؟ ".گوتم " چاوەڕێدەکەم ". هیچیتری نەگوت و چوو. ( ئاغای ئەدیبی ) ڕایگرت و لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزی و گوتی " باشتر وایە چاوەڕێنەکەیت. تەندرووستیت باش نییەو ئەو هەوایەش نەخۆشییەکەت خراپتردەکات. سەرکەوە. لەوانەیە لە ڕێگاش باوکت ببینین ". قایل بووم و سەرکەوتم. (ئاغای ئەدیبی) لە ڕێگا گوتی " ئەمرۆ نەدەبوایە بهاتبای بۆ قوتابخانە. وانە گرنگە،بەڵام تەندروستی گرنگترە. منیش وەکو ( خانمی بەڕێوەبەر ) لەو بڕوایەدام کە ڕووناکی چاوانی قوتابخانە دەبێ هەمیشە ساغ و سەلامەت بێت ". دەمویست سوپاسیبکەم بەڵام درێژەیپێدا " هەموو مامۆستاکان خۆشیاندەوێت و باسی سەنگینی و شکۆداری تۆ دەکەن. بتەوێ و نەتەوێ بوویت بە شاژنی ئەم ئامادەییە. من پیرۆزباییت لێدەکەم ". گوتم " سوپاستدەکەم ". پێکەنی و گوتی "هەروەها دەبێ پیرۆزبایی لە خۆم

بکەم بۆ ئەو هەڵبژاردنەم کە کچێکی باشم هەڵبژاردووە، کچێك کە هەم جوانەو هەم سەنگینە ". گوتم " مەبەستت چیە ؟ ". بە سەرسوڕمانێکەوە سەیریکردم و پرسی " بۆ، تۆ نازانیت ؟ ". خۆم لێ گێل کرد و پرسیم " چی نازانم ؟ ". گوتی "ئەوەی کە من خوازبێنیم تۆم کردووە". گوتم "ئا... بەڵێ ئێستا بیرمکەوتەوە. ببورە کە فەرامۆشم کردبوو". گوتی " کەواتە ئەوەندە بێبایەخە لەلات کە فەرامۆشتکردووە ! ". گوتم " بۆ من هێشتا زووە کە بایەخ بەم قسانە بدەم. من تەنها دەبێ لە فیکری وانەو ئایندەم بم ". بەلالێوێکەوە پێکەنی و گوتی " من ئایندەت مسۆگەر دەکەم. بە (ئاغای قودسی)م گوت کە بە باوکت بڵێت من ئامادەم بۆ درێژەپێدانی خوێندنەکەت لەگەڵت بێم بۆ هیندوستان. ئەوەت دەزانی ؟ ". گوتم "نەخێر، بەلام بڕوا ناکەم زانینی ئەم بابەتەش گۆڕانکارییەك لە بڕیاری ماڵەوەمان دروستبکات. تۆ دەزانیت کە من خوشکێکی لە خۆم گەورەترم هەیەو دەبێ ئەو لەپێشدا شوویکات ؟ ". پێکەنی و گوتی " ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە. لەوانەیە خوشکەکەت نەیەوێت هیچ کاتێك شوو بکات. تۆش نابێ شوویکەیت ؟ ". گوتم"نەخێر شووناکەم. تا ئەو کاتەی کە ئەو شوونەکات منیش بە سەڵتی دەمێنمەوە ". پرسی " پاش شووکردنی ئەو ئامادەیت شوو بە من بکەیت ؟ ". ئەو شێوازی قسەکردنەی مووچڕکی هێنا بە لەشما و گوتم "نازانم، بەلام ئەوە دەزانم کە تا بەکالۆریۆس وەرنەگرم شوو ناکەم". دەیویست دیسان قسە بکات کە گوتم " تکات لێدەکەم درێژەی مەدەرێ. تەندروستیم باش نییە و لەوانەیە قسەیەك بکەم کە ببێتە هۆی ڕەنجانت ". گوتی " من لە تۆ نارەنجێم، هەر چۆنێك پێت خۆشە قسەبکە، بەلام حەزدەکەم سەبارەت بە پێشنیارەکەم بیربکەیتەوەو پاشان بڕیار بدەیت. من دەتوانم یارمەتیت بدەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت. ئیتر چیتدەوێ ؟ ". گوتم " هیچم ناوێ ". پێکەنی و گوتی " کەواتە ڕازی بوویت ؟ ". بە دەستەپاچەیی گوتم "نەخێر، ڕازی نەبووم. کێشە تەنها خوێندن نییە. من بە هیچ شێوەیەك نیازی شووکردنم نییە". پرسی " کەست خۆشدەوێت ؟ ". گوتم "نەخێر". ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی " تۆ کاتی زۆرت

Scanned with CamScanner

لە بەردەمە بۆ ئەوەی بیر لەپێشنیارەکەم بکەیتەوە. یەك ساڵ کاتت هەیەو لەوانەیە ڕات بگۆڕێ و ڕازی بیت ".

گەیشتبووینە بەردەم ماڵەوە. بە بێئەوەی وەڵامی بدەمەوە، دەرگای ئۆتۆمبیلەکەم کردەوەو دابەزیم. ئەویش دابەزی و یارمەتیدام بۆ ئەوەی نەکەوم. کاتێك زەنگم لێدا ئەویش سەرکەوت و بە گوتنی (سەلامیان لێبکە ) کەوتەڕێ و ڕۆیشت.

کە چوومە ژوورەوە ئیتر نەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ کەم و بوورامەوە.

## ((بەشــــــــــی ١٦ ))

کاتێك چاومکردەوە، لە نەخۆشخانە بووم و ئاویان بۆ هەڵواسیبووم. چاوم بـە هـۆی تـا و گەرماوە دەبرژاو سەرم هێندەی قورسایی کێوێکی لێهاتبوو. دایکم لە تەنیشتمەوە وەستابو و بە ڕوومدا پێدەکەنی. زەردەخەنەکەی ئەو ئارامی پێبەخشیم و دووبارە خەوملێکەوتەوە.

جارێکیتر کە چاومکردەوە، ئەو ئاوەی بۆیانهەڵواسیبووم لە تەواوبووندا بوو . ئـەمجارەیان (شکوە خانم) یش لە تەنیـشت دایکمـەوە وەسـتابوو و دەسـتیدەهێنا بـە سـەرمدا. ویـستم هەستم، بەڵام دایکم نەیهێشت و گوتی "ئەمشەو دەبێ لێرە بمێنینەوە، بۆ خۆت پـشوو بـدە ". ئەو گریابوو و ئەیویست لە منی بشارێتەوە. گوتم "دایکە با بڕۆینەوە ". گوتی "بەیانی دەڕۆین. پشکنینیان بۆ کردووی و بەیانی وەڵامەکەی دەدەنەوەو پاشـان هـەموومان پێکـەوە دەڕۆینەوە ". دەستە میهرەبانانە پیاوانەکەی باوکمم لە سـەر ناوچـەوانم هەسـتپێکرد. ڕووم سوڕاندو باوکم و (ئاغای قودسی) م لەو لاکەی ترمەوە بینی. بـاوکم پرسـی "تەندرووسـتیت چۆنە؟". دەستیم گرت و خـستمە سـەر گۆنـام و گـوتم "باشـم ". نووشـتایەوە ناوچـەوانمی ماچکرد و گوتی "بە ئومێدی خوا، چاکتریش دەبیت. نیگەران مەبە ". نـازانم ئـەو ماوەیـە چەندێك دەبوو کە چاوم کردبۆوە، بەڵام دیسان خەوملێکەوتەوە. بەیانی بە گەیشتنی وەڵامی پشکنینەکان ڕێگەیانپێدام نەخۆشخانەکە بـەجێبێڵم " بـەڵام بـۆ ئـەوەی بگەڕێمـەوە دۆخـی ئاسایی خۆم، دەبوایە لە ماڵـەوە پـشوویەکی باشـم بـدابا. هـەر کـە لـە سـەر قەرەوێڵەکـە هاتمەخوارەوە، ئەژنۆکانم هێزیان تێدانەما و نووشتانەوە. باوکم لە باوەشیگرتم و کـەمێك لـە

سەر قاچم ڕایگرتم بۆ ئەوەی بتوانم ڕێبکەم، بەڵام نەمتوانی. باوکم گوتی "دەبێ بە باوەش بتبەم ". ڕازی نەبووم. ئەمجارەیان (ئاغای قودسی) چوو تەختەیەکی گواستنەوەی هێنا و گوتی "ڕاکشێ. تا خوارەوە دەتبەین ". باوکم ئیتر چاوەڕێی نەکرد و منی لە سەر تەختەکە پاڵخست و (ئاغای قودسی)، بە هاوکاری یەکێك لە فەرمانبەرانی نەخۆشخانەکە، منی لە پلیکانەکان هێنایە خوارەوە.باوکم دەرگای دواوەی ئوتۆمبێلەکەی کردەوەو منیان لە سەر کورسیەکە پاڵخست. (شکوە خانم) لەتەنیشتمەوە دانیشت و دایکم و باوکم لە پێشەوە سەرکەوتن و پێکەو گەڕاینەوە ماڵەوە. (ئاغای قودسی) ئوتۆمبێلەکەی لە نزیك پلیکانەکان ڕاگرت. بە هاوکاری ئەو و باوکم توانیم بچمە ژوورەوە. دایکم خێرا جێگای بۆ ڕاخستم و منیش نووستم. زۆرم سەرما بو و دیسان لەشم دەلەرزی. (ئاغای قودسی) دەستەپاچەبووبوو و پەیتاپەیتا فەرمانیدەردەکرد. داوای لە دایکم کرد بەتانییەکیترم پێداداو بە (شکوە خانم) ی گوت کە دەرمانەکان لە ناو ئوتۆمبێلەکە بهێنێت. داوای لە باوکیشم کرد کە پلەی گەرمای سۆپاکەش زیادکات. ئەو فەرمانانەی کە دەریدەکرد، بەبێ ئەملاو ئەولا جێبەجێ دەکران.

کاتێك دەرمانەکانی لە (شکوە خانم) وەرگرت، هەموویانی خستە ناو سینییەکەوەو حەبێکی گولاجی جیاکردەوەو بە دایکمی گوت "پەرداخێك ئاو بێنە". داوای لە باوکیشم کرد سەرمبەرزکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانم حەبەکە بخۆم. ددانم بەر پەرداخەکە دەکەوت و دەبووە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە ئاوەکەی برژێت. بە دایکمی گوت "زۆر گەرم داییۆشە ". پاشان چوو بۆ لای تەلەفۆنەکەو تەلەفۆنی بۆ نەخۆشخانەکرد و لەرزکردنەکەمی بە دکتۆر ڕاگەیاند. کاتێك تەلەفۆنەکەی داخست خەیاڵی ئاسوودە بو و گوتی "دکتۆر دڵنیایکردمەوە کە هیچ نییە و دەبێ پشوو بدات و شلەمەنی بخوات ".

ئەو خەوانەی کە لەپڕ بەرۆکیاندەگرتم لە هەموو شتێك بێئاگایان کردبووم و نەمدەزانی لە دەوروپشتم چی ڕوودەدات. هەندێك کات لەشم بە ڕاددەیەك گەرمدەبوو، نەمدەتوانی بەتانییەکە تەحەمولبکەم و لەسەر خۆم لامدەبرد. هەندێك کاتی تریش بە ڕاددەیەك سارد دەبۆوە، داوای بەتانییەکیترم دەکرد. کاتی ئەوە هات هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکەم و ساتێك بەبێ ئازار بخەوم.

Scanned with CamScanner

ڕۆژی شەممە بوو و دەمەو ئێوارە توانیم ئەو سووپە بخۆم کە دایکم بۆی دروستکردبووم. لە بیرمە کە لە دایکم پرسی (ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟) ئەویش گوتی (شەممەیە) و ئەو کاتە زانیم کە دوو ڕۆژم بەبێ ئاگابوون لە هەموو شتێك تێپەڕاندووە. ئێسقانەکانم ئازاریان هەبوو، بەڵام لەرز و تایەکەم نەمابوو.

دایکم گوتی "بخەوە. تا پشوو بدەیت چاکترە ". حەزملەنووستن نەدەکرد. کاتێك گوتم (کەمێك دادەنیشم) تووڕە بوو گوتی "دانیشتن باش نییە بۆت. دکتۆر گوتوویەتی تەنها پشوودان ". باوکم بە پەرداخێك ئاو میوەوە لە ئاشپەزخانە هاتە دەرەوەو ڕویکردە دایکم و گوتی "چ قەیدییە؟ با کەمێك دانیشێت ". لەم کاتەدا خێزانی (ئاغای قودسی) هەموویان هاتنە ژوورەوە. (ئاغای قودسی) هەر کە منی دی دانیشتووم، رووی کردە دایکم و گوتی "بۆ هێشتت (مینا خانم) دانیشێت ؟ ". دایکم گوتی "من نەمهێشت. باوکی ویستی ". ئەمەی بە شێوەیەك دەربڕی کە تێی گەیاندین لەم کارەی من نارازیە.

(ئاغای قودسی) گوتی "پشوو بدەو ئەزیەتی دایکت مەدە. ئەگەر کەللەڕەقی بکەیت، ناچاردەبین لە نەخۆشخانە بتخەوێنین. بەوە ڕازیت ؟ ". (شکوە خانم) لە تەنیشت جێگاکەم دانیشت و گوتی "پشوو بدە کچەکەم ! ئێمە بەڵێنمان بە دکتۆر داوە کە بە تەواوەتی وریای تۆ بین تا چاکدەبیتەوە ". ڕازیبووم و ڕاکشام. دایکم و باوکم بە هێواشی لەگەڵ میوانەکان گفتوگۆیاندەکرد و منیش لە قسەکانیان تێنەدەگەیشتم. تەنها ئەوەمزانی کە باوکم دەیەوێت بچێتە دەرەوە، بەڵام (ئاغای قودسی) دەیگوت جەنابت دانیشە، من دەڕۆم. پاش چوونە دەرەوەی یەکێك لەوان خەوملێکەوت.

لەگەڵ دەنگە میهرەبان و هێمنانەکەی دایکم کە دەیگوت "(مینا) ! دکتۆر هاتووە بتبینێت ". چاومکردەوە. ژوورەکە چۆڵ بوو. دکتۆر پاش پشکنین زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "خۆشبەختانە تەندرووستیت جێی ڕەزامەندییە، بەڵام دەبێ دەرمانەکان لە کاتی خۆیدا بخۆیت ". پاشان ڕوویکردە دایکم و گوتی "مەترسی نەماوە، بەڵام دەرمانەکانی لێمەبڕن و لە دەرزیلێدانەکەشی بەردەوامبن ".

لەگەڵ ڕۆیشتنی دکتۆر، میوانەکان گەڕانەوە ژوورەوەو منیش تیشکی شادی و خۆشحاڵیم لە ڕووخساریان بەدیدەکرد. (ئاغای قودسی باوك) گوتی "پاش چاکبوونەوەی (مینا خانم) دەبێ مەڕێك بکەین بە قوربانی". باوکم پشتگیری لێکرد و گوتی "بە دڵنیاییەوە. خوا تەمەنێکی دووبارەی بە کچەکەم بەخشی و منیش شوکریدەکەم ". (کامەران) وەك جاران بە شۆخییەوە گوتی "(ئاغای ئەفشار)، لە بیرتنەچێ نیوەمان بدەیتێ". باوکم پێکەنی و گوتی "من هەرچیتان بۆ بکەم هەر کەمە ! ئەگەر کاك (کاوە) فریای کچەکەم نەکەوتبایە نازانم چی ڕوویدەدا. ئێمە هەموومان قەرزاری ئێوەین". (ئاغای قودسی باوك) گوتی "ئێمە هیچ کارێکمان نەکردووەو ئەگەریش کارێکمان ئەنجامدابێت ئەرکی هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی بووە. ئێمە خۆشحاڵین کە مەترسی نەماوەو ئەمە بۆ هەموومان گرنگ و پڕبایەخە ". دایکم گوتی "بە ڕاستی (ئاغای قودسی) میهرەبانی و دڵسۆزیەکی زۆری بەرامبەر (مینا) نواند و وەك برایەك یارمەتیداو من نازانم چۆن قەرەبووی ئەو هەموو ڕەنج و ئەزیەتەتان بکەمەوە ". (شکوە خانم) گوتی "(مینا گیان) بۆ ئێمە زۆر خۆشەویست و ئازیزە. واتە هەمووتان ئازیزن، بەڵام ئێمە بە ڕاستی (مینا) مان خۆشدەوێت و لەگەڵ (کەتایۆن) هیچ جیاوازیەکی نییە. (کاوە) ش دەبێ خۆشەویستییەکەی لە ئێمە زیاتر بێت، چونکە (مینا) هەم قوتابییەتی و هەمیش وەك خوشکی وایە ". گوێم لەو قسانە دەگرت کە لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕدەکران، بەڵام نەمدەزانی (ئاغای قودسی) چۆن فریای من کەوتووەو چ کارێکی ئەنجامداوە.

ڕۆژی یەکشەممە و دووشەممەش تێپەڕیو شوێنەواری چاکبوونەوە لە مندا دەردەکەوت. ئارەزووی خواردنم پەیداکردبو و گەرمای لەشیشم ئاسایی بووبۆوە. قوڕگئێشان و سینگئێشانەکەشم نەمابوو. هەرچەند گەرمای لەشم ئاسایی بوو، بەڵام هەستم بە بێهێزی دەکردو هەر شتێکم هەڵگرتبایە، دەستم ئەلەرزی. (شکوە خانم) ڕۆژی دووجار دەهات بۆ بینینم. بەیانیان خۆی بە تەنها دەهات و شەوانیش لە گەڵ هاوسەرو منالەکانی.

(شیدە) هاتبوو بۆ یارمەتیدانی دایکم و لە ڕۆژی یەکشەممەوە ئەو پەرستاریی منی لە ئەستۆگرتبوو. شەوان بە بێویست و ئیرادە چاوەڕوانی هاتنی (ئاغای قودسی)م دەکرد. لە

میهرەبانی و دڵسۆزییەکانی چێژم وەردەگرت و کاتێک بیرملەوەدەکردەوە شەوان وەک پزیشکێک دادەنیشێت تا دایکم ڕاپۆرتی حاڵی منی بۆ ئامادەبکات، پێکەنینمدەهات. ئەگەر سووپ و ئاومیوەکەم خواردبایە ئەوە هیچ، ئەگینا ڕووبەڕووی ڕووگرژی و سەرزەنشتەکانی دەبوومەوەو ناچاریدەکردم لە پێشچاوی خۆی سووپەکە هەمووی بخۆم و ئاو میوەکەش بنۆشم. دایکم زانیبووی من ملکەچی ئەوم و هەرچی بڵێت لە گوێیدەگرم، هەر کە بگوتبایە شتێک ناخۆم لە سەرخۆی دەیگوت (باشە مەیخۆ، ئەمشەو کە (ئاغای قودسی) هات پێیدەڵێم و ئەو ناچارتدەکات بیخۆیت).

هەموویان وەک منداڵێک لە گەڵمدا دەجووڵانەوەو دایکم بۆیدەرکەوتبوو کە لە (ئاغای قودسی) دەترسم. ئەو وەک باوکم میهرەبان نەبو و بە ڕەفتارە توندوتیژەکەی ناچاریدەکردم لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە نەمدەویست ئەنجامیبدەم.

ڕۆژی سێ شەممەش هات و منیش ئەو ڕۆژە مۆڵەتی ئەوەم پێدرابوو کە لە ژوورەکەدا هاتووچۆ بکەم. کاتێک دەکەوتمە یادی قوتابخانە تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبووم. دەمەو ئێوارانیش هەمان حاڵەت ڕووی تێدەکردم و نیگەرانی ئەوەبووم نەوەک (ئاغای قودسی) نەیەت بۆ سەردانم. ئەوان هەمیشە چەند خولەکێکی دەما بۆ کاتژمێر هەشت ئینجا دەهاتن. کاتێک میلەکانی کاتژمێرەکە دەچوونە سەر حەوت و نیو، تووشی نیگەرانی و دەستەپاچەیی دەبووم. دایکیشم لەوکاتەدا خۆی بۆ پێشوازی و میواندارێتی ئامادەدەکرد. چەندجارێک لێمپرسی کە - (ئاغای قودسی) چۆن فریای من کەوتووە ؟ - هەموو جارێک لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە خۆی دەدزیەوەو دەیگوت (کاتێک بە تەواوەتی چاکبوویتەوە هەموو شتێکت بۆ باسدەکەم). دەمزانی هەموو شتێکی بۆ (شیدە) باسکردووە، بەڵام نەمتوانی وەڵامی پرسیارەکە لەویش وەرگرم. بە ناچاری چاوەڕێمکرد تا بە تەواوەتی چاکببمەوە.

کاتژمێر نزیک هەشت کەوتەوە، بەڵام ئەوان دەنگیان نەبوو.دەمویست هۆی نەهاتنەکەیان لە دایکم بپرسم کە زەنگلێدرا، بەڵام ئەمجارەیان ئەو تەنها هاتبو و چەپکە گوڵێکیشی بە

دەستەوەبو و لە وەڵامی دایکم کە گوتی (بۆ ئەزیەتت کێشاوە) گوتی "ئەمە دیارییەکە لە لایەن (ئاغای ئەدیبی) یەوە ". دایکم چەپکەگوڵەکەی لێوەرگرت و وادەربڕی کە لە وەرگرتنی ئەو چەپکە گوڵە زۆر ڕازی و خۆشحاڵنیە. (ئاغای قودسی) گوتی "لە من تووڕە مەبە، من بێتاوانم ". دایکم پێکەنی و گوتی "دەزانم ". منیش گوتم "دەکرێت لە لایەن منەوە سوپاسیبکەیت ؟ ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "کە خۆت هاتیتەوە بۆ قوتابخانە پێیبڵێ و تکایە ئەوەم لێداوامەکە ". دیسان لەو شێوازی قسەکردنەی ڕەنجام و بێدەنگبووم. ئەم قسەیەی بووە هۆی ئەوەی کە هەستی جاران دیسان لە ناخمدا زیندووبێتەوەو ڕەنج و ئەزیەتەکانی فەرامۆشبکەم. کاتێك دایکم گوڵدانەکەی هێنایە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە سەر مێزەکە داینێ، گوتم "دایکە! تکایە ساتێك بەدەرێ ببینیم ". گوڵدانەکەم لە دایکم وەرگرت، بۆنم کرد و پاشان دامەوە پێی و گوتم "گوڵی جوانن". هیچ کامیان دانیان بە قسەکەمدا نەنا. دایکم چوو چا بێنێت. پرسیم "دەنگوباسی قوتابخانە؟ ". بە ڕووگرژیەوە سەیری کردم و هیچی نەگوت. زانیم تووڕەمکردووە. خۆشحاڵ بووم و پرسیارەکەم دووبارە کردەوە. بە لالێوێکەوە گوتی "وەك جارانە ". گوتم "لە وانەکان دواکەوتووم، زۆر نیگەرانم ". گوتی "ئەو کەسەی کە دەیەوێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت یارمەتیت بدات، دەتوانێت قەرەبووی ئەو دواکەوتنەشت بکاتەوە ". بەو ووشانە دەریبڕی تێیگەیاندم کە (ئاغای ئەدیبی) قسەکانی ئەو ڕۆژەی لە لا باس کردووە. خۆم لێگێلکرد و پرسیم "مەبەستت کێیە؟ ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "مەبەستم (ئاغای ئەدیبی) یە ". گوتم "ئا... بەڵێ، بیرمکەوتەوە، بەڵام بڕوا ناکەم پێویستیم بە یارمەتی ئەو هەبێت. خۆم هەوڵدەدەم و دواکەوتنەکەم قەرەبوودەکەمەوە ". بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی "بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بەڵام ئەگەر خوانەکردە نەتتوانی و سەرنەکەوتیت، بزانە کە... ". نەمهێشت ڕستەکەی تەواو کات و گوتم "بەڵێ دەزانم کە ئەگەر سەرنەکەوتم جەنابت یارمەتیم دەدەیت ". بە سەرسامی و ناباوەڕییەکەوە سەیریکردم و گوتی "کێ بەم جۆرە دڵنیای کردوویتەتەوە ؟ ". گوتم "خۆم. مەگەر تۆ خۆت هەمیشە یارمەتیتنەداوم و خێزانەکەمت قەرزاری خۆت نەکردووە ؟ کەواتە دەتوانم پشت بە یارمەتییەکانت ببەستم ". بە تووڕەییەوە هەستا و گوتی "کەس قەرزاری من

Scanned with CamScanner

نییە تێدەگەی ؟ ئەگەر بزانیبایە ئێوە... ". دایکم لە هەمان کاتدا هاتە ژوورەوەو پیاڵە چاکەی لە سەر مێزەکە دانا و گوتی "تا سارد نەبۆتەوە فەرموو ". ئەو پشتی لە دایکم بوو. هەڵگەڕایەوەو گوتی "ئەزیەتت کێشاوە، بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەن، دەڕۆم ". دایکم لە ڕووخساری خوێندیەوە کە شتێك ڕوویداوە. پرسی "شتێك ڕوویداوە ؟ ". (ئاغای قودسی) سەری ڕاوەشاند و گوتی "نەخێر هیچ نەبووە. هەست بە ماندوویەتی دەکەم و ئەگەر مۆڵەتم بدەیت ئەزیەت کەمکەمەوە ". پاشان ڕووی کردە من و گوتی "ئومێدەوارم هەرچی زووترە لە قوتابخانە بتبینم. شەوت شاد ". ئەمەی گوت و ژوورەکەی بەجێهێشت.

دایکم تا بەردەم دەرگای حەوش ڕەوانەی کرد و لە بەر ئەوەی کە گەڕانەوەکەی زۆری خایاند زانیم کە لەگەڵ (ئاغای قودسی) قسەدەکات. کاتێك گەڕایەوە زۆر تووڕە بوو، بەڵام هیچی پێ نەگوتم و بۆئامادەکردنی خواردنی ئێوارە چووە ئاشپەزخانەکەوە. چەند خولەکێك پاشتر باوکم هاتەوەو لە بەرئەوەی کە وەك شەوانی ڕابردوو میوانەکانی نەبینی، هۆکارەکەی پرسی. دایکم گوتی "میوانیان هەبوو. تەنها (کاوە) هاتبوو ئەویش زوو ڕۆیشت ". باوکیشم ئیتر پرسیاری نەکرد. پاش نانخواردن، دایکم دەرمانەکانی دامێ و منیش خۆم کرد بەنوستوو.

باوکم سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد.

دایکم وایزانی من نووستووم، بە باوکمی گوت "ڕەفتاری (مینا) بەرامبەر (ئاغای قودسی) هیچ باش نییە. ڕێز لە ڕەنج و ئەزیەتەکانی خەڵك ناگرێت. ئەمشەو بە شێوەیەك قسەی لەگەڵ (ئاغای قودسی) کرد کە بووە هۆی ئەوەی دڵی بڕەنجێت و بە ناڕەحەتی بڕواتەوە. کاتێك ڕەوانەمکرد هەرچەند ویستم هۆی ڕەنجانەکەیم پێ بڵێت، نەیگوت. تەنها گوتی ئاواتی من ئەوەیە کە هەرچی زووترە (مینا خانم) تەندروستی چاکببێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە. من ئەو قسانەی لێناگرم و لێیناڕەنجێم، ئەو هێشتا گەنج و کاڵ فامە. ئەمەی گوت و ڕۆیشت ". باوکم گوتی "لە (مینا) خۆیت نەپرسی کە چی بە (ئاغای قودسی) گوتووە ؟ ". دایکم گوتی "لە بەرئەوەی (ئاغای قودسی) تکایلێکردم هیچ بە (مینا) نەڵێم

و بەرِوویدا نەهێنم. هیچم لێنەپرسی، بەلاّم زۆر شەرمەزاربووم. نـازانم بـە چ زمانێـك داوای لێبووردنی لێبکەم ". باوکم گوتی "راستە کە (مینا) نەخۆشەو نابێـت سـەر بخرێتـە سـەری، بەلاّم مافی ئەوەی نییە بەرامبەر (ئاغای قودسی) بەو شـێوەیە رەفتاربکـات. بـەیانی مـن قسەی لەگەڵدەکەم و ناچاریدەکەم داوای لێبووردنی لێبکات. ئـەو خێزانـە هـەموویان چـاك و گەورەو بەرِێزن و من شانازی بە هاودەمی و ئاشنایەتییاندەکەم. ئـەو رەفتـارە مندالاّنەیـەی (مینا) نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کـە ئـەو دۆسـتایەتییەمان لەناوبـچێت ". دایکیـشم گـوتی "هەرگیز بروامندەدەکرد (مینا) تا ئەو رادەیە بێرێزبێت. هەرچەند نازانێـت، بـەلاّم لـە بـەر ئەوەی کە دەبینێت هەموو شەوێك (ئاغای قودسی) سەردانیدەکات دەبێ رێـزی لێبگرێـت و سوپاسی بکات ". باوکم ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو گوتی "پیاو سەر لە بەر کاروبـاری ئـەم گەنجانە دەرناکات. بەیانی قسەی لەگەڵدەکەم ".

من بەو رەفتارە منالاّنەیە هەمیشە دەبوومە هۆی رەنجانی ئەو و کەسـانیتر. هەنـدێکجار ئەو رەفتارەمندالاّنەیە بە ئەنقەست نەبو و وەك شۆخیکردنێك وابوو. خاڵی بێهێـزی و لاوازی ئەوم وەدەستهێنابوو و دەمزانی کە هیچ شتێك، جگە لەوەی (ئاغای ئەدیبی) وەك رکابـەری ئەو لە قەڵەمبدەم ناتوانێت کاریگەری لـە سـەر ئـەو بوونـەوەرە وشـك و تورِەیـە هـەبێت و رەفتارو رەوشتی بگۆرِێت. کاتێك پاش هەفتەیەك نەخۆشی لە سەر جێگا هەسـتامەوە بـاش دەمزانی کە چۆن لە گەڵیدا بجوولێمەوەو بەربەرەکانی بکەم و شکـستی پێبـدەم. هـەرکاتێك ئەوانم لەگەڵیەکدا دەبینی کە دەچوونە پۆلی خۆیان، بەکارامەیی و بە بێئەوەی گومانی ئـەوە بەرن کە پێشتر ئەوانم پێکەوە دیوە و پیلانم دارِشتووە، نزیکیان دەبوومەوەو لە کاتێکـدا کـە (ئاغـای ئـەدیبی) م بـە نـاوی خـۆی بـانگ دەکـرد، سـەلامدەکردو تێدەپـەرِیم. ئـەوکارەم فیزولوتبەرزی ئـەوی برینـداردەکردو ناوچـەوانی سـوور هەڵدەگـەرِا، بـەلاّم بـە رووی خـۆی نەدەهێناو پشتگوێی دەخست. جارێکیش لە پێشچاوی ئەو پرسیارێکم لە (ئاغـای ئـەدیبی) کرد هەرچەند دەمزانی ئەو پرسیارە پەیوەندی بە وانەکـەی ئـەوەوە هەیـەو ئـەو شـارەزاترە. (ئاغای ئـەدیبی) بـە گومـان و دوودڵیـەوە وەلاّمـی پرسیارەکەی دامـەوەو بـۆ دڵنیـابوون سەیرێکی (ئاغای قودسی)کرد و ئەویش بە سەرپشتگیری لە وەلاّمەکەی کرد.

Scanned with CamScanner

کاتێك دڵم دەڕەنجاند زۆر خۆشحاڵ دەبووم، بەڵام پاش چەند خولەکێك خەمێکی گەورە لـە سەر دڵم کۆدەبوویەوەو پەشیمان دەبوومەوەودەستم دەکرد بە گریان. ئەو، منی تـا ئەوپـەڕی شێتێتی ڕەنجاندبو و ئازاریدابووم و دەمویست تۆڵەی لێبکەمەوە. لە کاتی وانەی ئەدەبیاتـدا ستایـشی (فروغـی) دەکـرد و هەنـدێك کـاتیش داوایلێـدەکرد نووسـینەکەی دووبـارە بـۆ قوتابییـەکان بخوێنێتـەوە. هەنـدێکجار وا گومانـدەبرد کـە ئـەویش ڕکابـەرێکی بـۆ مـن درووستکردووە، بەڵام کاتێك زانیم لە پۆلی شەشەمەکانیش هەندێك قوتـابی وەك (فروغـی) هەن و بە هەمانشێوە ڕەفتاریان لەگەڵدەکات، کەمێك خەیاڵم ئاسوودە بوو.

ماوەیەك بڕیارم دا نائومێدی و ڕەنجەڕۆیی لە نووسـینەکانم دوورخەمـەوەو وەك عاشـقانی ژیان دارشتن بنووسم. دانبەوەدادەنێم کە نووسینەکانم شێوازێکی ساختەیی و دەستکردیان لـە خۆگرت و وەك نووسینەکانی جاران کاریگەری لە سەر قوتابییەکان نەبوو. قوتابییەکان لەگەڵ نووسینەکانی من ڕاهاتبوون و خوویـان بـە ئـاخ و داخـەکانی منـەوە گرتبـوو. ئـەم دوایـین دارشتنەمیان بە دڵ نەبوو و دەسـتیان بـۆ ڕەخنـەگرتن بـەرزکردەوە. بـە نیـسبەت (ئاغـای قودسی) شەوە ئەم شێوازی نووسینە نوێ بو و بەپێچەوانەی قوتابییەکان، ڕەزامەندی خۆی لە مەڕ ئەو دارشتنە دەربڕی و هانیدام کە لە سەر ئەم شێوازی نووسـینە بـەردەوامبم " چـونکە نووسیبووی (ژیان بە ڕووتا پێدەکەنێت، ڕێزی بگرە). مـن لـە واتـا و مانـای نووسـینەکەی تێنەگەیشتم، بەڵام هەستم بەوەکرد کە خەریکە حەز لە ژیاندەکەم و هۆگری دەبم.

((بەشـــــــی ١٧ ))

پەرەسێلکەکان دەمێك بوو کۆچیان کردبوو. درەختەکان بە جۆرێك خەویان لێکەوتبوو وەك بڵێی هەرگیز گەڵای سەوزیان بە خۆیانەوە نەدیبێت. بەفرێکی زۆریش لـە سـەر لـق و پـۆی درەختەکان جێگای خۆشکردبو و دەستی سرووشت هەندێك بینای لە سـەر درووسـتکردبوون، بێهاوتا و بێ وێنەو جۆراوجۆر" گومەزی، کورت، بەرز،....

مانگی بەفرانبار کۆتایی هاتبو و مانگی ڕێبەنـدانیش سـەرماو سـۆڵەکەی چـەند هێنـدە کردبوو. لە پشتی پەنجەرەوە تەماشای ئـەو زەویـە بـە بـەفر داپۆشـراوەم دەکـرد. ئـەو ڕۆژە قوتابخانە سەرەتاییەکان پـشوودرابوون. کاتێـك (مـەریـەم) هـات، وەك تینێکـی تـازەم بـە خۆمەوە بینی. ئەم کچە قسەخۆش و ڕووخۆشە مایەی ئارامی و ئاسوودەیی من بـو و بـەبێ ئـەو خـۆمم تـەنها و بێکـەس دەبینـی. کـاتی هاتنـەژوورەوە بـە پێکەنینـەوە ڕایگەیانـد (مامۆستاکان خۆیان بۆ کاتژمێرێك چەنەبازی ئامادەی ئەنجوومەن دەکـەن) دەمویـست بڵـێم وانیە، بەڵام بە کۆبوونەوەی مامۆسـتاکان لـە ڕێڕەوەکـە، بـڕوام بـە قـسەکەی کـرد، بـەڵام دەمویست بزانم بۆچی کاتژمێری یەکەمیان بۆ گرێـدانی ئەنجوومـەن هەڵبـژاردووە؟ چـاوێکی داگرت و گوتی "ئەمڕۆ پلش نیوەڕۆ هەموو مامۆستاکان لـە ئاهـەنگی دەزگیرانـی (خـانمی فەسـیحی) بەشـداریدەکەن ". قـسەکەی کۆتـایی پێنـەهاتبوو کـە لـە بڵنـدگۆوە ناویـان خوێندمەوە. پۆلم بە جێهێشت و چووم بۆ ژووری مامۆستایان. (خانمی بەڕێوەبەر) بەڕێوەبردنی ژووری مامۆستایانی تا کۆتایی کۆبوونەوە خستە ئەستۆی من و لەگەڵ مامۆستاکان چوو بـۆ

هۆڵی تاقیکردنەوەکان. لە نێوان مامۆستاکان (ئاغای قودسی) و (ئاغای ئەدیبی) م نەدی. خولەکێك تێنەپەڕیبوو کە (ئاغای ئەدیبی) هاتە ژوورەوەو منی لە پشتی مێزەکەی (خانمی بەڕێوەبەر) بینی. زەردەخەنەیەکی کرد و پرسی "لەوێ چی دەکەیت ؟ ". ناچاربووم گۆڕانی کاتی کۆبوونەوەکەی پێڕابگەیەنم. لە سەر کورسی دانیشت و گوێی ڕادەگرت و بەبێ ئەوەی نیازی چوونە دەرەوەی هەبێت خۆی بەو کاغەزانەوە سەرگەرم کرد کە بە دەستیەوە بوون، بۆئەوەی ناچاری بکەم بچێتە دەرەوە، درێژەم بە قسەکانم داو گوتم "تاوەکو هەموو مامۆستاکان کۆنەبنەوە، کۆبوونەوەکە ئەنجامنادرێت ". سەیرێکی کردم و هەستا و لە کاتێکدا کاغەزەکانی دەخستە ناو فایلەوە گوتی "بەداخەوە دەبێ بە جێتبهێڵم و لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەنابت بێبەشبم. تۆ تا کۆتایی کۆبوونەوە لێرە دەمێنیتەوە؟". ئەوەندە گوێم نەدایەو بە گوتنی (بەڵێ) ڕووم لە حەوش کرد. تێگەیشت کە حەزم لە گفتوگۆ کردن نییەو بە گوتنی (کەواتە بە ئومێدی دیدار) ژوورەکەی بەجێهێشت. زۆربەی کات ڕەفتاری ئەم مامۆستا قۆزو ناودارەی قوتابخانە منی دەهێنایە پێکەنین و لە بەرئەوەی هەندێکجار ناچاردەبووم وەك منداڵێك ڕەفتاری لەگەڵ بکەم، خۆشحاڵ دەبووم. سەرگەرمییەکی باش بو و دەمزانی بەهەمان شێوە کە گوێ ناداتە خۆشی و شادی بە ئاسانیش خەم و خەفەت فەرامۆشدەکات، چونکە هەر ئەوکاتە بایەخی پێدەدا و تاقەتی بیرکردنەوەی لە مەڕ هیچ بابەتێك نەبوو. ئاوێنە جوانییەکی زیاتری پێدەبەخشی و هەمیشە زەردەخەنەیەکی گەرم و میهرەبانانەی لە سەر لێو بوو. لەگەڵ هەر یەکە لە قوتابییەکانی بە شێوەیەك قسەیدەکرد، وەك بڵێی زیاتر لە قوتابییەك بایەخ و گرنگیان هەیە بۆ ئەو. هەمووان خۆشیاندەویست و ستایشیاندەکرد. ئەو خۆشەویستیەش لە سنووری پۆلی چوارەمەکان تێپەڕیبو و قوتابیانی پۆلەکانی تریش، هەرچەند وانەیان لەگەڵ ئەو نەبوو، خۆشیاندەویست و وەك مامۆستایەکی نموونە ناویاندەبرد. (ئاغای ئەدیبی) لە قسەکانیدا ووشەی (گیانەکەم) ی زۆر بەکاردەهێنا. ئەو وشەیە کلیلی کردنەوەی هەموو دڵەکان بوو. ئەوەندە بە میهرەبانی دەیگوت (گیانەکەم) وەك بڵێی بەرامبەرەکەی وەك گیان خۆشدەوێت. زۆرێك لە قوتابییەکانیش بەلاسایی

Scanned with CamScanner

کردنەوەی ئەو، ئەو وشەیەیان بەکاردەهێنا. منیش خووم پێوە گرتبوو. نازانم لە کەیەوە ئەو وشەیەم هەڵبژارد، بەڵام کاتێك ورد بوومەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە (ئاغای ئەدیبی) کاریگەری لە سەرم هەبووەو بە لاساییکردنەوەی ئەو، وشەکە بەکاردەهێنم.

لە پشتەوەی پەنجەرەکە وەستابووم و تەماشای ئەو قوتابییانەم دەکرد کە شەڕەبەفریان دەکرد. بەبیستنی ناوی خۆم ناوڕم دایەوەو بە گوتنی (گیانەکەم)، (ئاغای قودسی) م بینی کە بە سەرسوڕمانەوە تەماشایدەکردم. لە بەرامبەر ئەو پرسیارەی کە گوتی (ئەوانی تر لە کوێن؟) ناچاربووم هەموو شتێکی بۆ ڕوونکەمەوە. بە وردی گوێی لە وەڵامەکەم گرت و ویستی بڕوات، بەڵام لە تەنیشت دەرگاکە کەمێك وەستاو گوتی"خۆشحاڵم کە هاودەمیی کەسانی تر کاری تێکردوویت. خۆزگە قسەخۆشی و ڕووخۆشییەکەشت لاساییبکردبایەوە ". دەمویست قسە بکەم، بەڵام ژوورەکەی بەجێهێشت. حەزمدەکرد ڕامکردبایە بە دوایدا و وەڵامی قسە سووك و ناشیرینەکانیم بدابایەوە. وشەی (گیانەکەم) کە بە بێویست و ئیرادە لە دەمم هاتبووە دەرەوە، ئەو خاڵەی لە مێشکیدا دووستکردبوو کە لاسایی کردنەوەم بۆ (ئاغای ئەدیبی) لە بەرئەوەیە کە من دڵم بەو داوەو ئەوم خۆشدەوێت، بۆیە لاسایی وشەکەی دەکەمەوە.

لەگەڵ هاتنەژوورەوەی (مەریەم)، بیرکردنەوەکانم لێکترازان و هەوڵمدا توڕەییەکەم بخۆمەوەو لێیبشارمەوە. ئەو لە سەر کورسی ڕووەو حەوش دانیشت و لەگەڵ سەیرکردنی حەوشەکە، گوتی "قوتابییەکان ڕاستدەکەن. (ئاغای قودسی) لێرەوە بە ئاسانی دەتوانێت ئێمە ببینێت ". ناوی (ئاغای قودسی) گڕی توڕەییەکەمی زیاترکرد و بە توڕەییەوە گوتم "جا چییە؟". گوتی "خۆت وەرە دانیشە و سەیرکە ". گوتم "مەبەستت لەم قسانە چییە ؟ ". هەستا لە بەرامبەرم وەستاو سەیرپڕووخساری کردم و گوتی "قوتابییەکان دەڵێن من و تۆ بە ئەنقەست لە بەردەم حانوت دەوەستین بۆ ئەوەی (ئاغای قودسی) سەیرمانکات. ئێستا تێگەیشتی؟ ". پرسیم "بۆ دەبێ سەیری ئێمە بکات" من و تۆ شاخمان هەیە یان کلك؟ ". پێکەنی و گوتی "نە تۆ شاخت هەیەو نە منیش کلك. بەڵکوو قوتابییەکان وا بڵاویان کردۆتەوە من و تۆ مەبەستێکی تایبەتمان هەیە کە کاتی پشوو لەوێ دەوەستین بۆ ئەوەی

دەرگای دڵی (ئاغای قودسی) بکەینەوە. ئێستا تێگەیشتی؟ ". بە توڕەیی یەوە دەفتەرەکەم کێشا بە سەر مێزەکەداو گوتم "زۆر هەڵەن کە ئەو قسەو قسەڵۆکەیان بڵاوکردۆتەوە. بۆ؟ لە (ئاغای قودسی) قۆزتر و کەشخەتر کەسی تریان دەستنەکەوت؟ دەبێ پێم بڵێیت بزانم ئەو کەسانە کێن ئەو قسەو قسەڵۆکانەیان بڵاوکردۆتەوە ". لێوەکانی کەمێك کۆکردەوە بە ئەنگووست ئاماژەی بۆ تاقەکە کرد. مەبەستی قوتابیانی پۆلی شەشەم بوو. پرسیم "تۆ خۆت گوێت لێبوو، یان بۆ یان باس کردووی ؟ ". زەردەخەنەیەکی واتاداری کرد و گوتی "هەردووکیان ". دەستبەجێ لە سەر جێگاکەم هەستام و بە دەنگی بەرز گوتم "کەی ئەمەت بیستووە؟". ناوچەوانی گرژکرد و گوتی "دوو سێ ڕۆژ دەبێت. ڕۆژی یەکەم بایەخم پێنەدا، بەڵام دوێنێ و ئەمڕۆ کە بیستم ئیتر تاقەتم نەبرد. گوتم باشتر وایە تۆش ئاگاداربیت و پێکەوە پێشیانپێبگرین ". گوتم "یاری ئەمڕۆ دەستی پێکردووە. تۆ کەی بیستووتە کە من نەمزانیوە؟ ". گوتی "یەکێك لە قوتابیانی پۆلی خۆشمان ئەوەی باسکرد" هەڵبەت ئەو پێیوابوو کە من هێشتا نەمبیستووە و دەیویست ئاگادارمکاتەوە".

هەستمدەکرد کە توانای هەناسەدانم نییە. قورساییەکەم لە سەر سینگم هەستپێکرد کە هێندەی کێوێك دەبوو. هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە لای پەنجەرەکەو کردمەوە. کزەیەك ڕووخساری ئازاردام. هەوڵمدەدا لەو هەوا ساردەدا هەناسە هەڵکێشم. (مەریەم) ڕایکرد بۆ لام و لە تەنیشتمەوە وەستا. ڕەنگم بە تەواوەتی بزرکابوو و دەمارەکانی ملم کرژ بووبوونەوە. حەزمدەکرد شتێك وردوخاشکەم. دەستم خستە سەر بیناقاقای خۆم و بە توندی گووشیم. هەستم دەکرد بەم جۆرە دەتوانم بەرگری لە کرژبوونەوەی دەمارەکانی ملم بکەم. دڵم ئازاری پەیدا کردبوو و بە هەمان شێوە کە گەرووم دەگووشی فرمێسکم دەڕشت. کە بیرم لەو قسانە دەکردەوە، خەریك بوو شێت بم. چ هەڵەیەکم کردبوو. ئەم وەستانەی من و (مەریەم) لە تەنیشت حانوت چۆن بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم قسەو قسەڵۆکانە ؟ ئایا هەڵبژاردنی (ئەدیبی) ش هەر لە بەر ئەم هۆیە بووە کە هەموو ڕۆژێك دەیتوانی بە باشی ئێمە ببینێت ؟ چاوم بە حانوتەکە کەوت. ئەو شوێنە کە هەموو ڕۆژێك لەوێ دەوەستام. یەکێك لەوێ

وەستابوو. خۆم لە جێگای (ئاغای قودسی) دانا. دەمتوانی بە ئاسانی خۆی و جموجوڵ و ڕەفتارەکانی ببینم. کەوتمە بیری ئەو ڕۆژەی کە دەنگوباسی قوتابخانەم لە (ئاغای قودسی) پرسی و ئەویش وەڵامیدایەوە کە (هەموو شتێك وەك جارانە. تەنها بەو جیاوازییەی کە ئەمرۆ هاوڕێکەت بە تەنها لە تەنیشت حانوت وەستابوو و پیراشکیی دەخوارد). بۆچی ئەو ڕۆژە ئەم ڕاستییەم بۆ ڕوون نەبۆوە کە وەستانی هەموو ڕۆژەی من و (مەریەم) لە لای حانوت، دەتوانێ ببێتە هۆی بلاوبوونەوەی قسەو قسەلۆك؟

کۆبوونەوەی ئەنجوومەن کۆتاییهات. چاوەڕێمکرد تا (خانمی بەڕێوەبەر) هات و لە بەرئەوەی کە ئەوێم بەڕێوەبردبوو سوپاسیکردم و ڕێگەی پێدام بڕۆمەوە بۆ پۆل.

بەر لە ڕۆیشتن گوتم "(خانمی بەڕێوەبەر) ئەمویست ئەگەر ڕێگەم پێبدەیت سەبارەت بەو پێشنیارەی کە چەندهەفتە لەمەو پێش کردبووم پرسیار بکەم". (خانمی بەڕێوەبەر) کەمێك چووە ناو فیکرەوەو پاشان پرسی "دەستلەکارکێشانەوە لە پەڕتوکخانەکە دەڵێیت؟". بە سەروەڵامم دایەوە. ئەو درێژەی پێداو گوتی "هێشتاش هەر دەتەوێ وازیلێبێنی؟ ". جارێکی تر بە بەڵێ وەڵامم دایەوە. (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی "ناتەوێ هۆیەکەی بڵێی؟ ئێرە جگە لە من و تۆ کەسیتری لێنییە. ئەگەر کێشەیەك ڕوویداوە، دەتوانی بەشێنەیی تێمگەیەنی ". وام بەباشزانی کە ئەو کێشەیەی بۆ باسبکەم. گوتم "ئەو ڕۆژەی کە جەنابت و (ئاغای قودسی) بڕیارتاندا بۆ بەڕێوەبردنی پەڕتوکخانەکە من هەڵبژێرن، لە نێوان قوتابییەکان وا بلاوبۆوە گوایە من بە هۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە کە لەگەڵ جەنابت و (ئاغای قودسی) دا هەمە، بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوم. پرسیارو وەڵامی قوتابییەکان لەم بارەیەوە، بە ڕاستی ماندوویکردم، بەڵام گرنگیم پێنەداو پشتگوێم خست. کەچی ماوەیەکە پێیان لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕاکێشاوە و دەڵێن من مەبەستێکی تایبەتم هەیە بۆیە لەبەردەم حانوت دەوەستم. بەڕاستی ئەم قسەوقسەلۆکانە وەڕەزیان کردووم و دەترسم سبەینێ تۆمەتێکی ترم بدەنە پاڵ و ناچار بم کە خوێندن و قوتابخانە بەجێبهێڵم".

تێمرامابوو و بە سەرسوڕمانەوە گوێی لە قسەکانم ڕادەگرت. کاتێك بێدەنگبووم، هاتـەوە سەرخۆی و گوتی "زۆر باشە، تۆ بڕۆ پۆلـەوە، مـن لەگـەڵ (ئاغـای قودسـی) قـسەدەکەم و ئاگادارتدەکەمەوە ".

کاتی پشوو، نە من و نە (مەریەم) یش هیچ کاممان حەزمانلێنەبوو بچین بۆ حانوت. نـاوی (مەریەم) لە بڵندگۆوە خوێندرایەوە، ڕووخسارە ڕەنگ بزرکاوەکەی ڕووەو من سوڕاندو پرسـی "تۆ بە (خانمی بەڕێوەبەر)ت گوتووە کە من... ". قسەکەیم پێبڕی و گوتم "نەخێر، بە هـیچ شێوەیەك ناوی تۆم نەبردووە". پرسـی "کەواتـە بۆچـی بانگیـانکردم ؟ ". گـوتم "لەوانەیـە کارێکی تریان هەبێت و بیانەوێت تۆ لە شوێنەکەی من دانێن ". بە گومانەوە سـەیریکردم و جارێکیتر پرسی "دەبێ ئیشیان بەمن چی بێـت؟". ڕووەو دەرگاکـە پاڵمپێوەنـاو گـوتم "تـا نەڕۆیت نازانیت. کەواتە خێراکە ".

زەنگ لێدرا. مامۆستاکان هاتنە پۆلەکانیانەوە، بەڵام (مەریەم) هێشتا هەر لـەوێ بـوو و نەهاتبووە دەرەوە. نیگەران بووم و بڕیارم دا بە بیانوویەك بچم بۆ ژووری مامۆستایان. هـەر کە دەرگای پۆلم کردەوە، مامۆستای زانست هاتە ژوورەوەو منیش بە ناچاری گەڕامـەوەو لـە سەر جێگاکەم دانیشتم.

نیوکاتژمێر تێپەڕیبوو کە (مەریەم) هاتە ژوورەوەو مۆڵـەتی لـە مامۆسـتا وەرگـرت کـە دانیشێت. ڕەنگی ڕووخساری هێشتا هەر تێکچووبوو و نیگەرانی لە چاوانی دیار بوو. کاتێك دانیشت هێشتا نەهاتبۆوە سەرخۆی. دەتوانم بڵـێم کـە ئـەو کاتـژمێرە نـە مـن لـە وانەکـە تێگەیشتم نە (مەریەم) یش. حەزمدەکرد هەرچی زووترە کات تەواو بێت و مـن بتـوانم لـەو ڕووداوانەی کە لە ژووری مامۆستایان ڕوویداوە ئاگادار بم. هەرچۆنێك بـوو، ئـەو کاتـژمێرە تێپەڕی و زەنگ لێدرا. بەبێویست و ئیرادە هەردووکمان هەناسـەیەکی درێـژمان هەڵکێـشا. چاوەڕێمکرد تا پۆل چۆڵ بوو. گوتم "ئادەی بۆم باس کە ". هەستم کرد هێشتا هەر وڕوگێژە. چونکە وەك بڵێی بە پرسیارەکەی من لە خەو هەستا بێت" بە سەرسامییەکەوە سەیریکردم و پرسی "چیت گوت؟ ". گوتم "پرسیم کە ڕۆیـشتی بـۆ ژووری مامۆسـتایان، چـی بـوو ؟ ".

گوتی "دەتەوێ چی بوویێت؟ دادگاییکردنێکی دوورو درێژ بو و دوو داواکاری گشتی لێپرسینەوەیان لەگەڵدەکردم. یەکەمجار (خانمی بەڕێوەبەر) پرسیارەکانی دەستپێکرد. گوتی کە نەیتوانیوە قسە لە تۆ دەر بهێنێت و بزانێت ئەم تۆمەتە لە لایەن چ کەس یان کەسانێکەوە دراوەتە پاڵمان و لە بەرئەوەی کە دەزانێت من زیاتر لە هەر قوتابیەکی تر لە تۆوە نزیکم و لە ڕاستیدا هاوڕێی یەکین، ویستی بە هۆی منەوە بزانێت کە هۆکاری ئەم تۆمەتە چ کەسێك بووە ". پرسیم "باشە تۆ چیت گوت ؟ ". وردە وردە دۆخی ئاسایی بە خۆیەوە گرت و گوتی "هەموو شتێکم گوت و کاتێکیش (ئاغای قودسی) ناوی ئەو قوتابییەی پرسی پێمگوت. پێموایە زەنگی کۆتایی، زەنگێکی کارەسات سازەو پێشینان گوتەنی((دەهۆڵی ڕیسوایی و سەرشۆڕی لێدەدرێت)) ".

زەنگی کۆتایی تەنها من بانگکرام بۆ ژووری مامۆستایان. ئەم جارەیان جگە لە (خانمی بەڕێوەبەر)، (ئاغای قودسی) شی لێبوو. (خانمی بەڕێوەبەر) پێیگوتم کە دانیشم. (ئاغای قودسی) بە بێ پێشەکی گوتی "تۆ بەڵێنت بە من دابوو هەر شتێك رووبدات پێمبڵێیت، بەڵام لاموایە بەڵێنەکەت فەرامۆشکردووە. گوتم "فەرامۆشم نەکردووە و کاریشم پێکردووە". (خانمی بەڕێوەبەر) پشتگیری لە قسەکانم کرد و بە دەربڕینی ئەوەی کە - تۆ باشترین کارت ئەنجامداوە - گوتی "تۆ دەبێ بزانیت کە قسەوقسەڵۆك و تۆمەت لە هەموو شوێنێك هەیەو بە تەنها لە ئامادەییەکەی ئێمەدا نییە. کۆمەڵگا پڕە لە کەسانی جۆراوجۆر، بە ڕەوشت و ئاکاری جۆراوجۆرەوە. هەموو خەڵك بێ کینە نین. تۆ دەبێ دەرك بەو مەسەلەیەش بکەیت کە هەموو قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیەش نیازپاك و بێ کینە نین. بە هەمانشێوە کە لە بەرامبەر قسەو قسەڵۆکەکانی یەکەمجار خۆڕاگر بوویت و بە وورەیەکی بەرزەوە درێژەت بە کارەکەت دا، دەبوایە لە بەرامبەر ئەمەشیاندا بە هەمانشێوەی پێشوو ڕەفتارت بکردبایە. من خۆشحاڵم کە منت لەم ڕووداوە ئاگادارکردەوە، بەڵام ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی داخ و پەژارەم ئەوەیە کە بۆچی ئەمجارە دەتەوێ گۆڕەپان جێبهێڵیت و زەمینە بۆ نەیارەکانت خۆشکەیت ؟ دەبێ ئەوەش بزانیت هەتا ئەگەر دەستلەم کارەش بکێشیتەوە، ئەوان هەر لە سەر کارەکانیان بەردەوامدەبن و بە جۆرێکیتر قسەت بۆ دروستدەکەن.

Scanned with CamScanner

لەبەیانییەوە، کە واز لە پەرتوکخانەکە بهێنی، دەزانی چیت پێدەڵێن؟ دەڵێن گومانەکەمان ڕاستبو و (ئەفشار) لە بەرئەوەی کە ڕیسوا و سەرشۆڕ نەبێت، وازیهێناوە. من بەڵێنتدەدەمێ کە هەموو هەوڵ و کۆششێکم دەخەمەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەو ڕیسوایاندەکەم، بەڵام داواتلێدەکەم وەك جاران درێژە بە کارەکانی خۆت بدەو گۆڕەپان جێمەهێڵە. من و (ئاغای قودسی) لە بەیانیەوە دەست بە کاردەبین. ئێمە دەزانین کە ئەو تۆمەتە لێدانێکی سەخت و ناخۆش بوو بۆت، بەڵام ئەوەش دەزانین کە تۆ درەختێك نیت بە هەموو بایەك بلەرزیت. تۆ نەخۆشینێکی دژوارت تێپەڕاندووە و پێویستیت زیاتر بە ئاسایش و ئارامی ڕۆحی هەیە تا ئاسایش و ئارامی جەستەیی. ئێستا دەتوانی لەوە دڵنیامان بکەیتەوە کە بەرامبەر ئەم ڕووداوە زۆر بە هێمنی و ژیرانە ڕەفتاردەکەیت و گوشارنەخەیتە سەر مێشك و دەروونی خۆت ؟ ئەگەر پێچەوانەی ئەوەشە، هەر لە ئێستاوە ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆت لادەبەین بۆ ئەوەی بتوانی بەئاسوودەیی وانەکانت بخوێنیت. ئێستا دەڵێی چی؟ من و (ئاغای قودسی) بڕیاری کۆتاییمان خستۆتە ئەستۆی خۆت، تۆ دەبێ بڕیار بدەیت کە دەمێنیتەوە و بایەخ بەو قسەو قسەلۆکانە نادەیت یان... ". (ئاغای قودسی) قسەکەی پێبڕی و گوتی "ئەگەر مۆڵەتم بدەیت منیش شتێك دەڵێم ". پاشان ڕووی کردە من و گوتی "من بە تەواوەتی ئاشنای ورەو ڕەفتاری تۆم. بۆیە دەمەوێت بڵێم کە تۆ دەتوانیت، بەبێ هیچ نیگەرانییەك، درێژە بە کارەکەت بدەیت و بە هەمانشێوە کە (خانمی بەڕێوەبەر) فەرمووی، لە بەیانییەوە دەستبەکاردەبین و لەم ڕووداوە دەکۆڵینەوەو کارێکدەکەین کە ئەو کەسە خۆی بێت و داوالێبوردنت لێبکات ". ویستم قسە بکەم، بەڵام ئەو درێژەی پێداو گوتی "ئەگەریش ئەم کارە ڕازیت ناکات، دەتوانین ناچاریبکەین لە بەردەم هەموو قوتابییەکان داوالێبوردنت لێبکات. ئیتر چیت دەوێ ؟ ئامادەی درێژە بەکارەکەت بدەیت ؟ ". سەیرێکی (خانمی بەڕێوەبەر)م کرد، لە واتای سەیرکردنەکەم تێگەیشت. گوتی "منیش پێت دەڵێم کە درێژە بە کارەکەت بدە ".

Scanned with CamScanner

خەیاڵم ئاسوودە بوو. ئارام بوومەوەو ڕووگرژیەکەم ڕەویەوە. ئیتر نیگەران نەبووم. زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوانم کە ئەوانیشی خۆشحاڵکرد " بە تایبەت (خانمی بەڕێوەبەر) کە لە سەر جێگاکەی هەستاو کێشای بە سەر شانمداو گوتی "ئێستاش بڕۆ بە خەیاڵی ئاسوودە درێژە بە کارەکانت بدە ".

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ١٨ ))

کاتێك لە قوتابخانە چوومەدەرەوە، ئاسمان تاریك داهاتبوو. ڕێبوارێك لە شەقامی قوتابخانە نەدەبینرا. خۆمگەیاندە پەنای دیوارەکەوەو هێواش هێواش کەوتمەڕێ. نەبوونی ڕووناکییـەکی باش و خلیسکاوی بوونی زەوی، هەنگاونان و ڕۆیشتنی دژوارو ئەستەمتر کردبـوو. بـە هـۆی بێدەنگی شەقامەوە ترسملێنیشتبوو. کاتێك پێنج شەقامم تێپەڕانـد، ڕوونـاکی ئوتۆمبێلێـك سەرنجی ڕاکێشام. بە بینینی ئوتۆمبێلەکەی باوکم گیانێکی نوێم پێبەخشرا. لێیپرسیم بۆچی تا ئەم کاتە لە قوتابخانە ماویتەتەوە ؟ منیش بۆم ڕوونکـردەوە کـە بـە هـۆی درێژبوونـەوەی قسەکانی (خانمی بەڕێوەبەر) و (ئاغای قودسی) ئەوەندە درەنگ هاتمەوە. گـوتی "دەتتـوانی تەلەفۆنێکت بکردبایەو ئێمەشت لە نیگەرانی ڕزگارکردبایە. دایکت لە من زیاتر نیگەرانبوو نـەوەك خوانـەکردە دیـسان تووشـی ڕووداوێـك بووبیـت ". داوای لێبوردنەکـەمی بـە زەردەخەنەیەك وەلاّمدایەوە.

ئەگەرچی توانیبووم ئەو ڕازی بکەم، بەلاّم دایکم ڕازی نەبوو. هەر بۆیە ناچار بووم سیر تـا پیازی ڕووداوەکەی بۆ باسبکەم. بە سەرسامییەکەوە گوێبیستی قسەکانم بو و کاتێك کۆتاییم بە قسەکانم هێنا، وەك دادوەرێك کە سەیری ناوچـاوانی تاوانبارێکـدەکات، تەماشـایکردم و پرسی "ئەمە چ ڕەفتارێکە تۆ ئەمساڵ لەم قوتابخانەیـە گرتووتەتـە بـەر؟ لەوانەیـە گـۆڕینی ژینگە کاری کردبێتەسەرت، تۆ ئیتر ئـەو کـچە سـەنگین و ڕەوشـت بـەرزەی پارسـاڵ نیـت. ڕەفتاری سووکی هەندێکیان کاریگەری لە سەر تۆ نەبووبێت؟ دەبێ خۆم بێم بۆ قوتابخانەو لـە

نزیکەوە ئاگاداری ڕەفتارو کردارەکانت بم ". گوتم "من هەمان کچی پارساڵم. ئەگەر تاوانێکم هەبوایە (خانمی بەڕێوەبەر) پشتیوانی لێنەدەکردم و داواشیلێنەدەکردم کە درێژە بەکارەکەم بدەم. لەوانەیە من هەڵەیەکم کردبێت، بەلام بڕوام پێبکە ئەو هەڵەیە بە ئەنقەست نەبووە. قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە وەك داگیرکەر و سنووربەزێنێك سەیری من دەکەن. مەگەر تاوانی منە کە ڕای (خانمی بەڕێوەبەر) و (ئاغای قودسی) ئەوە بووە من ئەم کارە لە ئەستۆ بگرم ؟ ". گوتی "کەواتە تۆ خۆت بە بێتاوان دەزانیت و تاوانەکان دەدەیتە پاڵ کچە رژد و چاوچنۆکەکان؟ ". نەمدەتوانی بە دڵنیاییەوە بڵێم کە بێتاوانم، هەر بۆیە بێدەنگ بووم و وەڵامم نەدایەوە.

ئەمجارەیان دایکم کەمێك هێمنانەتر قسەیکردو گوتی "کە کار گەیشتە ئێرە، باشتر وابوو کە پابەندی بیروراکەی خۆت بوویتایەو دەستت لەو کارە بکێشایەتەوە ". باوکم نەلایەنگری منی کردو نە مافیشی بەدایکم دا. گوتی "مرۆڤ لە هەموو کارێکدا دەبێ باش چاوو گوێ بکاتەوەو وریا بێت بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت، بەلام ئەگەر تووشیش بوو، هەوڵ بدات پەندو عیبرەتی لێوەرگرێت و جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە. پێشینان گوتەنی ((مرۆڤی ژیر لە یەك شوێندا دووجار مار پێوەینادات)). ئێستاش کۆتایی بەقسەکان بهێنن و خواردنەکە بێنن با بیخۆین ".

کاتی نووستن هات و چوومە سەر جێگاکەم. تازە پێڵووی چاوەکانم قورسایی خەوی لێنیشتبوو کە پەنجەرەکە بە توندی کرایەوەو کزەو سەرمایەك لەگەڵ بایەکی توند پەلاماری ژوورەکەی دام. هەستام پەنجەرەکە داخەم، بینیم کە کچێکی گەنج بە جلوبەرگێکی سپی و تاجەگوڵێکی نێرگزەوە لە تەنیشت جێگاکەی (مەرسدە) وەستاوەو بە زەردەخەنەوە سەیرمدەکات. پێموابوو هەڵەی چاوەکانمە. دووجار چاوم لێکنا و کردمەوە، بەلام ئەو هەر وەستابوو و سەیریدەکردم. هەستمکرد کە خوێن لە ناو دەمارەکانم بەستوویەتی. دەستم گرت بە پەنجەرەکەوەو پاشان بە قەرەوێڵی نووستنەکەم، بۆ ئەوەی بەرگری لە کەوتنە خوارەوەم بکەم. نەمدەتوانی هاوار بکەم. ئەو هەموو جموجوڵەکانی چاودێریدەکرد و بە بێ بچووکترین قسە تەنها بە ڕووما پێدەکەنی. لە جێگاکەی (مەرسدە) دوورکەوتەوەو لە پەنجەرەکەوە

سەیری دەرەوەی کرد و ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. کاتێـک رووەو مـن ئـاوڕی دایـەوە گـڕی تووڕەیی لـە چـاوانی دەبـاری. نیگـا سـاردەکەی بڕیـە چـاوانم و بـە هێواشـی لـە پەنجـەرە داخراوەکەوە چووە دەرەوە. ئەوەندەی نەمابوو لە ترسا ببوورێمەوە. هەوڵمدا هەستمە سـەرپێ و بزانم لەو پەنجەرە داخراوەوە چۆن رۆیشتەدەرەوە، لەو دیوی پەنجەرەکە جگە لـە تارمـایی و تاریکی هیچیتر نەبوو. سەیری دەستەکانی خۆمم کرد لە ترسا دەلەرزین. لەو جێگایە رامـام کە ئەو لێیوەستابوو. هەستمکرد بۆنی گوڵی نێرگز هەموو ژوورەکەمی داگیر کردووە. چراکەم داگیرساند هەموو شتێك وەك خۆی وابوو. لەبەر خۆمەوە گـوتم (لەوانەیـە تووشـی گومـان و ترس بووبم و ئەوەی بینیم تەنها وێناکردنی خەون و خەیاڵێك بووە ).

بەیانی کاتێك دایکم خەبەریکردمەوە هێشتا بۆنی گوڵی نێرگز دەهـات. کەوتمـەوە یـادی شەوی رابردوو. دەمویست قسە بکەم و رووداوەکە باسکەم، بەلاّم ترسـام بـە شـێتم بزانێـت. هەر کە ئەو رۆیشت، خێرا هەستام و لە هەمانشوێن وەستام کە ئەو دوێنێ شـەو وەسـتابوو" جگە لە پەنجەرە داخراوەکەی (ئاغای قودسی) هیـچی تـرم نـەدی. نـەخێر، خـەون و خـەیاڵ نەبوو، چونکە دایکیشم بۆنی گوڵی نێرگزەکەی کرد، بـەلاّم ئـەو کـێ بـوو و چـی لـە مـن دەویست ؟ بۆچی هیچی نەگوت ؟ بۆچی لەپڕ رووخساری پـڕ بـوو لـە رق و تـووڕەیی؟ بۆچـی هاتبوو و بۆچی رۆیشت ؟ بە هیچ شێوەو لۆژیکێك نەمدەتوانی خۆم رازیبکەم بەوەی کە ئـەو تەنها خەون و خەیاڵێك بووە. دان بەوەدا دەنێم کە زۆر خۆشمویستبوو. زەردەخەنەکەی گەرم و میهرەبانانە بو و تاجە گوڵینەکەش رووخساری وەك مانگ جوانتر کردبـوو. لەوانەیـە خـودی مانگیش بووبێت. چەند پرچێکی درێژو جـوانی هـەبوو. جلوبەرگـە سـپییەکەش، وەك تـازە بووکێکی جوانی لێکردبوو. دووبارە هاتنە ژوورەوەی دایکم منی لەو دنیایە هێنایـە دەرەوە. بە نیمچە تێخوڕینێك گوتی "بە تەمای رۆیشتن نیت ؟ ". هەوڵمـدا بـە هـەموو شـێوەیەك فەرامۆشیبکەم.

لەگەڵ دایکم بەرەو قوتابخانە کەوتینەڕێ، لە ڕێگا پێم گوت "ئەکرێ تکـات لێبکـەم لـە بارەی (ئاغای ئەدیبی) یەوە قسە نەکەیت ؟ چونکە کەس سـەبارەت بـە خوازبێنیەکـە هـیچ

Scanned with CamScanner

نازانێت ". دڵنیایکردمەوەو گوتی "مەسەلەی (ئاغای ئەدیبی) لەگەڵ ئەو قسەو قسەڵۆکانە کە بڵاویان کردۆتەوە جیاوازە و نابێ باسی ئەو بکەین ". کاتێك چووینە ناو قوتابخانەکەوە، بۆ یەکەمجار (مەریەم) لەگەڵ دایکم ئاشنا بوو. دایکم ئێمەی بەجێهێشت و خۆی چوو بۆ ژووری مامۆستایان.

(مەریەم) بە نیگەرانییەوە لێیپرسیم "دایکت بۆچی هاتووە؟ ئاشێ هەموو شتێکت بە دایکت گوتبێت؟". دەستیم گرت و گوتم "من هەمیشە هەموو ڕووداوێك بۆ باوکم و دایکم دەگێڕمەوە. ئێستاش دایکم هاتووە بۆ ئەوەی هۆسازی بڵاوکردنەوەی ئەو قسەیە بناسێت. من دەمەوێت کارێك بکەم کە پێموایە، دەبوایە ساڵانێك لەمەوپێش ئەنجام بدرابایە. ئەگەر تەنها جارێك بە توندی لەگەڵ ئەم کێشەیەدا ڕەفتاریان کردبایە، ئیتر کەس نەیدەوێرا درێژە بەو کارە پیس و چەپەڵانە بدات. لاموایە ئەمە دوایین جارە، هەرچەند حەزمنەدەکرد من قوربانی ئەو ڕووداوە بم، بەڵام خۆشحاڵم دەبمە هۆی ئەوەی کە هۆسازانی ئەو کارە ڕیسوا و سەرشۆڕ بکرێن ". گوتی "ناسینی ئەو کەسە لە نێوان ئەم هەموو قوتابییانە ئاسان نییە". گوتم "بۆ من و تۆ ئاسان نییە، بەڵام بۆ (خانمی بەڕێوەبەر) وانییە. ئەو قوتابییەکان بە باشی دەناسێت و دەتوانێت بە ئاسانی ئەو کەسە بدۆزێتەوە. لەوانەیە ئەو کەسەشی ناسیبێت، بەڵام لە بەر پاراستنی ئابڕووی، هیچ هەنگاوێکی نەنابێت ". بە جووڵاندنی سەری پشتگیری لە قسەکانم کرد.

بۆ هێنانی دەفتەری ئامادەبوونی قوتابیان ڕۆیشتم بۆ ژووری مامۆستایان. (خانمی بەڕێوەبەر) باسی ڕەفتاری قوتابییەکان لەگەڵ قوتابییە نوێکانی دەکرد. کاتێك ئەوێم بە جێهێشت، هاوکات زەنگیش لێدرا. کەمێك پاشتر ناوی چەند قوتابییەك لە بڵندگۆ خوێندرانەوە. یەکێکیان هاوپۆلی خۆم بوو.

ئەو هەر ئەو کەسە بوو کە، تا هەلێکی بۆ بڕەخسایە بە ئارایشتی پرچی و بۆیەکردنی نینۆکەکانی خەریك دەبوو. لە نزیك ڕێڕەوەکە تووشی یەك بووین و بە سەرسامییەوە سەیریکردم و دەستە بۆیەکراوەکانی لە گیرفانی یۆنیفۆرمەکەی شاردەوە و لە تەنیشتمەوە تێپەڕی. کاتی ئەو وانەیەش لە تەواوبووندا بوو، بەڵام ئەو نەگەڕایەوە. ئەوەندەی نەمابوو

زەنگ لێبدرێت کەچی ناوی سێ کەسیتر لە بڵندگۆوە خوێندرانەوەو دوابەدوای ئـەوەش بابـای قوتابخانە دەرگای پۆلی ئێمەی کردەوەو گوتی بـانگی منیـشیان کـردووە کـە بـڕۆم. دوایـین نموونەی وانەی ئەندازەشم لە دەفتەرەکـەم نووسـی و بـەرەو ژووری مامۆسـتایان بەڕێکـەوتم. دایکم دانیشتبوو و سەیری ئەوانی دەکرد. یەکێکیش لە بەردەم مێزەکەی (خانمی بەڕێوەبـەر) وەستابوو و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە. کاتێك چـوومەژوورەوە، (خـانمی بەڕێوەبـەر) بـە دەست ئیشارەتی بۆ کردم کە بچم لە تەنیشتیدا بوەستم. ئێمـە، هـەردووکمان لـە پـشتەوەی مێزەکە وەستابووین و بە باشـی دەمـانتوانی ڕووخـسارە ڕەنـگ بزرکاوەکانیـان ببیـنین. لـە نێوانیاندا ئەو دوو کچەم ناسییەوە کە لە پەڕتوکخانە پرسیاریان لێدەکردم. (خانمی بەڕێوەبەر) پرسیاری لە یەکێکیان دەکرد و ئەویش لە وەڵامی (خانمی بەڕێوەبەر) کە پرسی "تۆ هەر ئەو کەسەی کە لە پەڕتوکخانە (ئەفشار) ت بەوە تاوانبار کردبوو گوایە بە هۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە کە لەگەڵ من یان (ئاغای قودسی) دا هەیەتی، بۆ ئـەو کـارە هەڵبـژێردراوە؟". کەوتە منگەمنگ کردن. (خانمی بەڕێوەبەر) دووبارەیکردەوە "تۆ هەر ئەو کەسە نیت کە بـە (خانمی ئەفشار)ت گوت، هێشتا نەگەشتوویتەجێ، چۆن بوویت بە بەرپرسی پەڕتوکخانە؟ تـۆ گوتت یان نا؟ تۆ نەتگوتووە تا شتێك لە نێوانیاندا نەبێت، بەبێهۆ، قوتـابی نـوێ نابێـت بـە بـەرپرس؟ ". ئـەو نکـوڵیلێکرد و بـە گـوتنی (مـن نـەمگوتووە بڕوامپێبکـەن )، (خـانمی بەڕێوەبەر) ی ناچار کرد پرسیار لەو کچەی تر بکات کە لە پەڕتوکخانە لە گـەڵی بـوو. ئـەو کچەش نکولیلێکرد. (خانمی بەڕێوەبەر) ڕووی کردە من و گوتی "(ئەفشار) ! ئەم دووانە هەر ئەوانە نین کە ئەو هەموو پرسیارەیان لە تۆ کردبوو ؟ ". بە جووڵاندنی سـەرم پـشتگیریم لـە قسەکانی کرد.

(خانمی بەڕێوەبەر) ڕووی کردە ئەوان و گوتی "نکوڵیکردن بێهوودەیـە. ئەگـەر بتانـەوێت درێژە بەم کارانەتان بـدەن ناچـار دەبم بـاوك و دایکتـان بانگبکـەم بـۆ قوتابخانـە. تـا کـار نەگەیشتۆتە ئەوێ، خۆتان ڕاستییەکە بڵێن". یەکێکیان سەیری هاوڕێکەی تری کرد و گـوتی "بەڵێ ئێمە بووین، بەڵام مەبەستمان ئازاردانی ئەفشار نـەبوو. دەمانویست... ". (خـانمی

بەڕێوەبەر) قسەکانی پێبڕی و گوتی "بەڵکوو بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕان بۆ ئـەوەی قـسەو قسەلۆك لە بارەی (ئەفشار) ەوە بلاوکەنەوە. ئەوە کاری ئەمسالتان نییە، خۆتان دەزانـن کـە پارسالیش چیتانکرد. بڕۆنە ئەو لاوە بوەسـتن تـا بانگتاندەکـەم ". ئـەوان چـوونە ئـەولاوەو (خانمی بەڕێوەبەر) دووانی تری بانگکرد کە یەکێکیان (سەدری) هاوپۆلی خۆم بوو. کاتێك لە بەرامبەریەوە وەستان، (خـانمی بەڕێوەبـەر) بـە وردی سـەیریکردن و پرسـی "کامتـان ئـەو قسانەتان بلاوکردۆتەوە ؟ یان خۆتان بیلێن یان هـەردووکتان لـە قوتابخانـە دەردەکـەم. ئـەو کچەی کە لە تەنیشت (سەدری) بوو دەیویست پاکانە بۆ خۆی بکـات کـە (سـەدری) گـوتی "خانم درۆ دەکات. ڕۆژێك (ئەفشار) و (یەگانە) لە تەنیشت حانوت وەستابوون ئەم پێیگـوتم تا ئێستا سەرنجت داوە کە بۆچی (ئەفشار) و (یەگانە) لە تەنیشت حانوت دەوەستن ؟ من تـا ئەو ڕۆژە نەمزانیبوو. پرسیم بۆچی لەوێ دەوەستن ؟ پێکەنی و گوتی بۆ ئەوەی دلـی (ئاغـای قودسی) وەدەستبێنن. من سەرم سوڕما و پرسیم (ئاغای قودسی) بـۆ؟ دیـسان پێکـەنی و گوتی تۆ چەند ساوێلکەیت، مەگەر نازانی (ئاغای قودسی) ش چاوی لە دوای ئەوە و ئـەوی بۆ پاراستنی پەرتوکخانەکە هەڵبژاردووە. من (ئەفشار) م خۆشدەویست، چونکە هەم چاودێر بو و هەمیش هەر کاتێك پێویستم پێیبوایە، یارمەتییدەدام. یەکەمجار قایـل نـەبووم، بـەلام وردە وردە بڕوامکرد ".

(خانمی بەڕێوەبەر) پرسی "بۆچی بڕوات بە قسەکانی کرد؟ هیچ قسەیەکت لـە بارەیانـەوە بیستبوو، یان هیچ ڕەفتارێکت بەم دووانەوە دیبوو؟ ". بە سـەر بـە درۆی خـستەوەو گـوتی "نەخێر، هیچم نەبیستبوو، بەلام ئەو خۆشەویـستی و میهرەبانیـەی کـە (ئاغـای قودسـی) بەرامبەر (ئەفشار) هەیبوو وایلێکردم...".

(خانمی بەڕێوەبەر) پرسی "چ میهرەبانیەکت دیوە ؟ ". گوتی "جارێکیـان (ئەفـشار) لـە پۆل پێکەنی و (ئاغای قودسی) چاوپۆشی لەو هەڵەیەی کرد و هیچی پێنەگوت، بەلام ئەگەر قوتابییەکی تر بوایە، لە پۆل دەریدەکرد ". (خانمی بەڕێوەبەر) گـوتی "تـەنها لـە بـەر ئـەم لێبوردنەی (ئاغای قودسی)، تۆش دلنیابوویت کە قسەکانی هاوڕێکەت ڕاستە و دەسـتتکرد بە بلاوکردنەوەی ئەو قسەو قسەلۆکانە؟ مەگەر مامۆسـتاکانی تـریش بەرامبـەر (ئەفـشار)

Scanned with CamScanner

میهرەبان نین ؟ مەگەر (ئاغای یووسفی) ئەوی نەکردووە بە سەرپەرشتی تیپی تۆپی بالە؟ مەگەر (ئاغای نەوایی) بەرامبەر (ئەفشار) میهرەبان نییە کە تۆ تەنها لە بەر ئەوەی جارێك (ئاغای قودسی) هەڵدیەکی (ئەفشار) ی پشتگوێ خستووەو لە بەر چاوینەگرتووە، ئەو قسەوقسەڵۆکانەت بلاوکردۆتەوە؟ ئەویش لەبارەی هاورێییەك، کە خۆت گوتەنی هەمیشە یارمەتیدەرت بووە. ئایا لە رووت دێ سەیری رووخساری (ئەفشار) بکەیت؟ ".

(سەدری) بە شەرمەزارییەوە سەریداخست. (خانمی رێکخەر) روویکردە قوتابییەکانی تر و گوتی "کچەکان ئێوە تاکەی ژیر نابن؟ تاکەی دەتانەوێت درێژە بەم رەفتارە منداڵانەیەتان بدەن ؟ لە بیرتانە پارساڵیش بەم شێوەیە قسەتان لە بارەی (زەندی) یەوە بلاوکردەوە و ئەویش ناچاربوو کە لە نیوەی ساڵدا ئێرە بەجێبهێڵێت و بڕوات بۆ قوتابخانەیەکی تر؟ پارساڵ بەڵێنتاندا کە دەست لەوکارە چەپەڵەتان هەڵگرن، ئەوەتا ئەوساڵیش هەمان کارتان دووبارەکردەوە، بەڵام ئەوساڵ ئیتر بەڵێن بەس نییە. ئێمە ناچارین لەم قوتابخانەیە دەرتانکەین ". ئەوان دەستیان کرد بە گریان و دەپاڕانەوەو داوای لێبوردنیاندەکرد. (خانمی بەڕێوەبەر) بەبێ هیچ کاردانەوەیەك سەیریدەکردن. دایکم کە کەوتبووە ژێر کاریگەری گریانەکانیان، بە (خانمی بەڕێوەبەر) ی گوت کە لە تاوانەکانیان خۆش بێت. قوتابییەکانیش کە زانییان دایکم پشتگیریان لێدەکات، دەورەیان داو داوایان لێدەکرد کە زیاتر پێداگرێت بۆ ئەوەی لە تاوانەکانیان ببورن. (خانمی بەڕێوەبەر) بۆ رێزلێنان لە دایکم رازی بو و بە ئاماژەکردن بەوەی کە (دەرفەتێکی تریان دەداتێ) داوای لە (خانمی رێکخەر) کرد بەڵێنێکی تریان لە دەم وەرگرێت و پاشان بەرەلایان کات کە بڕۆن.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ١٩ ))

هەفتەیەکی خایاند تا ئەو کێشەیە دەنگۆی نەماو بارودۆخ ئاسایی بوویەوە. لەو ماوەیەدا نە من و نە (سەدری) ش باسی هیچ شتێکمان نـەکرد و وەڵامـی پرسـیارە جۆراوجۆرەکـانی قوتابیانمان نەدایەوە. وردە وردە هەموو شتێك ئاسایی بۆوەو من بە خەیاڵی ئاسوودە درێـژەم بەکارەکەم دەدا.

پێنج شەممان قوتابخانە نیوە دەوام بو و ئێمەش لە بەر ئـەوە خۆشـحاڵبووین. یـەکێك لـەم پێنج شەممانە کاتێك گەشتمە ماڵەوە، بینیم کە (شیدە) ش هاتووە. ئەو لە قسەکانیدا گوتی - بەیانیی ڕۆژی هەینی لە گەڵ (کەتایۆن) ئەچێت بۆ (ئابعـەلی) - و منیـشی داوەتکـرد. پرسـیم "دەتانـەوێ دووکەسـی بـڕۆن؟ ". زەردەخەنەیـەکی کـرد و گـوتی "نـەخێر، لەگـەڵ ماڵەوەیان. دوێنێ تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆ ڕۆژی هەینی من و تۆشی داوەت کرد. تـۆ دێـت وانیە ؟ ". گوتم "نەخێر ! ". بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردم و پرسی "بۆچی؟ ". گـوتم "لـە بەر دوو هۆ. یەکەمیان ئەوەیە کە (کەتایۆن) تۆی داوەت کردووە نـەك مـن، دووهەمیـشیان ئەوەیە کە من یاری (ئێسکی) خلیسکانێ نـازانم و هـاتنم بێهوودەیـە ". بـە دەنگـی بـەرز پێکەنی و گوتی "ئەمەیان هەر گرنگ نییە چونکە من و (کەتایۆن) یش هیچ کاممان نایزانین، بەڵام ئەوەیان کە دەڵێیت بۆچی (کەتایۆن) خۆی پێی نەگوتووی، چونکە وایدەزانی مـن و تـۆ ئەوەندە لە یەکەوە نزیکین کە هیچ جیاوازییەکی نییە چ بە خۆت بڵێت یان لە ڕێگای منـەوە داوەتت بکات. ئەگەر حەز ناکەی بێیت ئیتر بەهانە مـەگرە و بـە ڕاشـکاوی بڵـێ نایـەم ".

Scanned with CamScanner

دایکم گوتی "(مینا) هێشتا بە تەواوەتی چاکنەبۆتەوە. ئەوەتا خۆت دەیبینی هێشتا هەر ڕەنگی بزرکاوە. دەترسم بەم ڕۆیشتنەی بۆ (ئابعەلی) نەخۆشییەکەی سەرهەڵداتەوەو دیسان لە سەر جێگا بکەوێت ". (شیدە) گوتی "پووریّ گیان، ئەوە دەڵێی چی؟ بەپێچەوانەوە گۆڕینی ئاووهەوا بۆ (مینا) زۆریش بە سوودە. من بەڵێنتدەدەمیّ کە ئەم سەفەرە کورتە دەبیتە هۆی خۆشحاڵی (مینا )، تکایە ڕازی بە. (مینا) زۆر دەمێکە لە ماڵ نەچووەتە دەرەوە، ئەم سەیرانە بە دڵنیاییەوە سوودمەندە بۆی ".

بەڵگەکانی (شیدە) دایکمی ڕازی کرد. ئەو نیوەی کێشەکەی چارەسەرکردبوو و دڵنیاش بوو لەوەی کە دەتوانێت منیش ڕازیبکات. دەستیگرتم و گوتی "بە خۆشی دەیبەینە سەر، تکاتلێدەکەم، ڕازی بە ". گوتم "ئەگەر ئەوان هەموویان بێن، ئوتۆمبێلەکەیان پڕدەبێت و ئیتر جێگای من نابێتەوە " ڕێگاکەش زۆر نزیك نییە کە چرو پڕ دانیشین. ئەگەر دەبینی (کەتایۆن) منی داوەتکردووە تەنها لە بەر ئەوە بووە کە نەیویستووە من برەنجێم. تۆ لە لایەن منەوە سوپاسی (کەتایۆن) بکەو بە خەیاڵی ئاسوودە لە گەڵی بڕۆ ". پرسی "ئەگەر (کەتایۆن) هۆکاری نەهاتنەکەتی پرسی، چی پیّ بڵێم ؟ ". دایکم وەڵامی دایەوە "پێی بڵیّ سەرقاڵی وانەکانی بو و داوای لێبووردنی کرد ". گوتی "ئەگەر تۆ نەیەیت منیش ناڕۆم. من دەمویست هەرسێکمان پێکەوە بێن ". گوتم "بیانووەکەت پەسەند نییەو دەبیّ بڕۆیت. هەرچۆنێك بێت تۆ و (کەتایۆن) هاوتەمەنی یەکن و پێکەوە پەیوەندی دۆستایەتیتان بەرقەرارکردووە و هاتن یان نەهاتنی من نابیّ ببێتە کۆسپ لە بەردەم ئەو دۆستایەتییەتان ". (شیدە) کەمێك چووە ناو فیکرەوەو منیش بۆ ئەوەی کۆتایی بە گفتوگۆیەکە بێنم، باسەکەم گۆڕی بۆ لایەکی تر. پاشان جێم هێشتن و چوومە ژوورەکەم. بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن (شیدە) لە یەك دیداردا توانیبووی هاوڕێیەکی گیانی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، منی سەرقاڵ کردبوو. دەمویست چاوێك بە وانەکاندا بخشێنم کە هەمان بۆنە خۆشەکەم بیست. کەس لە بەرامبەرمەوە نەبوو، بەڵام کاتێك بۆ دواوە ئاوڕمدایەوە، هەمان کچم بینی بە هەمان جلوبەرگەوە کە لەلێواری تەختی نووستنەکەی (مەرسدە) دانیشتبوو و سەیریدەکردم.

هاتنەکەی چاوەڕواننەکراو بوو. دەلەرزیم، بەلأم ترسی جارانم نەبوو، چونکە ڕووخسارە پاك و بێگەردو جوانەکەی جێگای ترسی نەدەهێشتەوە. بە بوێرییەکەوە پرسیم "تۆ کێیت؟". لە باتی وەلأم زەردەخەنەیەکی کرد و شانی هەلتەکاند. پرسیم "چۆن هاتیتە ژوورەوە ؟ ". ئەمجارەش لە باتی وەلأم چاوی بڕییە پەنجەرەکەو تێی گەیاندم کە لە پەنجەرەوە هاتووە. پرسیم "چیت لە من دەوێ ؟ ". هەستا، لە بەردەم پەنجەرەکە وەستا و تەماشایدەکرد. منیش بە دوای ئەودا سەیری ئەو شوێنەم کرد کە ئەو چاوی تێبڕیبوو. بە پەژارەو کەسەرێکەوە سەیری پەنجەرەکەی (ئاغای قودسی) دەکرد. گوتم "لەو ژوورە بە دوای کەسێکدا دەگەڕێیت؟". نیگای لە سەر پەنجەرەکە لابرد و تەماشای ڕووخساری منی کرد و بە ئاهێکی کورت گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی. پرسیم "خۆشتدەوێ ؟ ". بە شێوەیەك سەیریکردم کە لە قسەکەی خۆم پەشیمان بوومەوە، دیسان بە سەر وەلأمی ئەرێی دایەوە. پرسیم "ئەویش تۆی خۆشدەوێت ؟ ". چەند جارێك سەری ڕاوەشاندو بە درۆیخستەوە. پرسیم "من ئێستا چ کارێکت بۆ ئەنجامبدەم ؟ ". جارێکیتر هەستاو ئاماژەی بۆ پەنجەرەکە کرد. لە بەرامبەر پەنجەرەکە چاوم بە کێوێکی سەرتاپا بەفرین کەوت، کە من و (ئاغای قودسی) لە سەر لوتکەکەی وەستابووین و سەیری ئەو خەلکانەمان دەکرد کە لە خوارەوە شەڕەبەفریان دەکرد. بە بێ ویست و ئیرادە پرسیم "تۆ حەز دەکەیت من بەیانی بڕۆم ؟ ". زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوانی و وەلأمی ئەرێی دایەوە. بە هەمانشێوە کە سەیری ئەو کێوە پڕ لە بەفرەمدەکرد گوتم "ڕازیت کە من جێگاکەی تۆ بگرمەوە ؟ ". ئاوڕمدایەوە بۆ ئەوەی هەلوێستی ببینم، بەلأم ئەو ڕۆیشتبو و کەسی لێنەبوو.

دەمەو ئێوارە، (شکوە خانم) و (کەتایۆن) هاتن بۆ مالمان. بە بینینیان خۆشحالبووم و بە گەرمی یەکترمان لە باوەش گرت. (کەتایۆن) هاتبوو بۆ مالی دایکی بۆ ئەوەی بەیانی زوو هەموویان پێکەوە بەڕێکەون. ئەو لە کاتی قسەکردندا سەفەرەکەی وەبیرهێنایەوە. داوای لێبوردنم کردو گوتم ناتوانم بێم. سەری سوڕماو پرسی "بۆچی ؟ بەیانی هەینییە، بۆچی ناتەوێ بێیت ؟ ئەگەر بتەوێ وانەکان بکەیت بە بیانوو ڕازی نابم ". پێکەنیم و گوتم "بڕوا بکە هەر لە بەر ئەوەیە کە ناتوانم لە گەلتان بێم". ڕووی گرژکرد و گوتی "لەوانەیە

باوەڕنەکەیت، بەڵام ئێمە زیاتر لە بەر تۆ ئەم سەیرانەمان سازداوە. چەند شەوێك لەمەو پێش لە ماڵەوە باسی تۆ هاتە ئاراوە کە تـۆ دوای ڕۆیـشتنی (مەرسـدە) و کـاك (فەرەیـدون) زۆر تەنها بوویت و حەزیش لە سەردانی خزم و دۆستەکانیشت ناکەیت. براکەم ڕای وابوو کـە تـۆ پێویستت بە ئاووهەوا گۆڕینێك هەیـە. منـیش پێـشنیازی چـوون بـۆ (ئابعـەلی) م کـرد و ئەوانیش پەسەندیانکرد. من بە تەلەفۆن بە (شیدە) م گوت. ئەو هیـچی پـێ نـەگوتی ؟ ". گوتم "بەڵێ باسی کرد و بووەمایەی خۆشحاڵیم، سوپاستاندەکەم کە لە بـیری منـدان، بـەڵام بەداخەوە ناتوانم لە خزمەتتاندا بم ". (کەتایۆن) بە پەشێویەکەوە ڕووی کردە دایکی و گوتی "دایکە دەزانی (مینا) سبەینێ لە گەڵمان نایەت ؟ ". (شکوە خانم) یش بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردم و پرسی "(مینا) گیان ! بۆچی ناڕۆیت ؟ خـۆ سـبەینێ هەینییـە ". (کـەتایۆن) بەڵگەو بیانووەکانی منی دووپات کردەوەو دایکیشم پشتگیریلێکردم و گوتی "هـەتا ئەگـەر وانەکانیشی نەبوایە نەیدەتوانی بێت، چونکە ئوتۆمبێلەکەتان تەنها جێگای خۆتان دەکاتەوەو (مینا) دەبێ بە سەربارتان ". (کەتایۆن) ئاهێکی درێژی هەڵکێـشاو گـوتی "ئـا... ئێـستا تێگەیشتم. کەواتە (مینا) لە بەر ئەمەیە کە نایەت، بەڵام هاوڕێی خۆم ! دەبێ ئەوە بزانیـت کە باوکم و دایکم نایەن. ئیتر هـەموو شـتێك ڕێکوپێکـەو جێگـای هـەمووومان دەبێتـەوە. دەمێنێتەوە سەر (کاوە) کە ئەویش ئوتۆمبێلەکە لێدەخوڕێت. من و تۆ و (شـیدە) لـە دواوە دادەنیشین و (کامەران) و (بەهرۆز) یش لـە پێـشەوە دادەنیـشن ". گـوتم "بەمـشێوەیە بـۆ پیاوەکان ناخۆش و دژوارە ". پێکەنی و گوتی "تۆ خـەمی ئـەوانت نـەبێ. ئـەوان بـەمجۆرە دانیشتنانە ڕاهاتوون. ئێستا ئیتر بەهانە مەگرەو ڕازیبە ". لە بەر ئەوەی بێدەنگ بـووم بـە خۆشحاڵیەوە چەپڵەیەکی لێداو گوتی "خۆشحاڵم کە ڕازی بوویت. بەیانی زوو، پێش هەڵاتنی خۆر بەڕێدەکەوین. پێویست ناکات هیچیش لە گەڵ خۆتدا بهێنیت تەنها جلی گەرم لە بەرکە ".

هەم خۆشحاڵ بووم و هەم گرفتاری دڵەڕاوکێ. ئەوەی کە ئەو کچە ویستبووی بـە کـرداری جێبەجێ دەکراو منیش نەمدەزانی کە لەوێ چی ڕوودەدات.

(کەتایۆن) بە دەربڕینی ئەوەی کە - حەز دەکات پەڕتوکخانەکەم ببینێت - هەستاو پێکەوە چوونە ژوورەکەم. هێشتا بۆنی گوڵە نێرگزەکە دەهات. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی "پەح پەح، چ بۆنێکە ! "و بە چاو بە دوای گوڵی نێرگزدا دەگەڕا، بەڵام لە بەر ئەوەی هیچی بەدینەکرد پرسی "بۆنی گوڵی نێرگز بەهاردەهێنێت ؟ ". ناچاربووم درۆ بکەم. کەمێك ڕەنگی ڕووخساری گۆڕاو گوتی "کچێك دەناسم کە ئەویش حەزی لە گوڵی نێرگز دەکرد، بەڵام بەداخەوە... ". گوتم "بۆچی بەداخەوە، چی بەسەرهات ؟ ". پەڕتوکێکی لە ڕەفەکە دەرهێناو گوتی "ئەو خونچە گوڵێك بوو کە پێش پشکوتن وەری ". لەبەرئەوەی سەرسامییەکەمی دی، بەردەوامبوو "ئەوان چەند ساڵێك لەمەو بەر لێرە ڕۆیشتن. ڕێك ئەو کاتەی کە من ڕۆیشتبوومە قۆناغی ئامادەیی. کاتێك ئەو مرد، ماڵەوەیان ئەو خانووەیان فرۆشت و ڕۆیشتن و ماڵێکی تر هاتە جێگایان، کە ئەوانیش چوون بۆ دەرەوەی وڵات، ئێوە هاتن ". حەزمکرد زانیاری زیاترم دەستکەوێت. پرسیم "ئەو ڕەنگ و ڕووخساری چۆن بوو ؟ ". سەیریکردم و گوتی "کچێکی جوان بوو. ڕووخسارێکی جوانی وەك مانگی هەبوو و چاوانیشی ڕەنگاوڕەنگ بوو ". پاشان زەردەخەنەیەکی کرد و بەردەوام بوو "ڕێك وەك چاوانی تۆ ". پرسیم "بۆچی مرد ؟ ". گوتی "نەخۆشییەکی پڕنهێنی و شاراوەی هەبوو کە دکتۆرەکانیش سەریانلەبەردەرنەدەکرد. کاتێك مرد، تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو. زۆر گەنج بوو. من زۆرخۆشدەویست و پاش مەرگی ئەو نەخۆشکەوتم ". پرسیم "ئەو هەر لەم ژوورەدا دەژیا؟". سەریسوڕماو گوتی "بەڵێ، بۆچی ؟ ". خۆم لە گێلی داو گوتم "هیچ، هەروا پرسیارمکرد. دەتوانم پرسیارێکی تایبەتیت لێبکەم ؟ ". لە لێوار تەختی نووستنەکەم دانیشت و گوتی "ئادەی بیپرسە ". پرسیم "لەگەڵ براکەت پەیوەندی خۆشەویستییان هەبوو ؟ ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "باش نازانم، بەڵام پێموایە هەیانبوو. ئەو کاتە (کاوە) پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. هەمیشەش یارمەتیدەدا. هەرگیز ئەو خۆشەویستییەیان ئاشکرانەکرد، بەڵام دیار بوو کە یەکیان خۆشدەویست. هەڵبەت کەسێك نەبوو کە ئەو کچەی خۆشنەوێت. هەروەکو پێمگوتی زۆر جوان و میهرەبان بو و هەمیشە خەندە لە سەر لێوانی بوو. ئەو خەندە هەمیشەییەش جوانییەکەی چەندهێندە کردبوو. بە هەرحاڵ، هەموو شتێك

کۆتایی هات و ئەو ئیتر بوونی نییە. دەتوانم ئەم پەڕتوکە بە ئەمانەت بەرم ؟ ". گـوتم "بـە دڵنیاییەوە. جارێکیتر سەیری پەڕتوکەکانی تری کرد و پەڕتوکێکی تـری هەڵبـژارد. کاتێـک ژوورەکەی بەجێدەهێشت، ئاهێکی هەڵکێشاو بە بێ قسە چووە دەرەوە.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ٢٠ ))

لەگەڵ دەنگی کاتژمێرەکە، (شیدە) لـە خـەو هەسـتا. منیـشی خەبـەر کـردەوەو گـوتی "هەستە خۆت ئامادەکە. ئێستا (کەتایۆن) دێت بە دواماندا و من و تـۆش هێـشتا خۆمـان ئامادەنەکردووە ". هێشتا خەو بەرینەدابووم. هەستام و پەشیمان بوومەوە لـەوەی کـە ئـەو داوەتەی (کەتایۆن) م پەسەندکردبوو. لە هەمانکاتیشدا دایکم بۆ بە خەبەرهێنانی ئێمە هاتە سەرەوە و گوتی "خێرا خۆتان ئامادەکەن و وەرن نـان و چاکەتان بخۆن ". (شـیدە) کـڵاو و دەستکێشەکەی خۆی هەڵگرت و زووتر لە من چووە دەرەوە. لە بـەردەم ئاوێنەکـە وەسـتام و قژم لە ژێر کڵاوەکەم دەشاردەوە، لە ناکاو تارمایی کچەکە لە سەرەوەی ئاوینەکە دەرکـەوت. دەستم هێزی تێدانەما و هـەردوو دەسـتم کـەوت بـە لا. ئـەو خێـرا بـەرەو ڕووم ڕایکـرد و کڵاوەکەی لە سەر سەرم ڕێك کرد و بە باشی داینا و لەگەڵ ئەوەشدا کە پێدەکەنی، بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە بەڕێکەوم.

بە خەواڵوویی و دوودڵی لە پلیکانەکان چوومە خوارەوە، ڕەنگم بزرکـابو و دەستەکانیـشم دەلەرزین. من لێینەدەترسام، بەڵام هەر کاتێك هەستم بە بوونی ئەو دەکرد، لەشم ناویستانە دەکەوتە لەرزین. دایکم وایزانی ڕەنگ بزرکانەکەم لەبەر بێخەوییەو تا خۆی ڕێکـی نەخـستم ڕازی نـەبوو. خـواردنێکی بـاش و خۆشـی دەرخـوارد دایـن و کاتێـك زەنگـی دەرگـا لێدرا،جانتایەکی پڕ لە میوەو چەرەزاتی دایە دەستم و (شیدە) ی ڕاسپارد کە بە باشی وریـام بێـت. (شـیدە) ڕوومـەتی ماچـکردو دڵنیـایکرد و چـووینە دەرەوە. هێـشتا سـەلام و ئەحواڵپرسیمان لەگەڵ هاوسەفەرەکانمان نـەکردبوو کـە دایکـم بەپەلـە دەرگاکـەی کـردەوە و

جانتایەکی تری دایە دەست (شیدە) و گوتی "ئەوەندەی نەمابوو لە بیریکەم، چەند ساندویچێکم بۆ دروستکردون کە بە کەلکی ڕێگاتان دێت ". (ئاغای قودسی) سوپاسی کرد و سەرکەوتین.

هەموومان پۆشاکی گەرمان لە بەر کردبوو. یەکەمجار (کەتایۆن) سەرکەوت و دوای ئەو (شیدە ). کاتێك منیش ویستم سەرکەوم لە ناکاو چاوم بە پەنجەرەی ژوورەکەی (مەسعود) کەوت کە لە پشتەوەی شووشە تاریکەکە سەیری ئێمەی دەکرد و دەستی بۆ ڕادەوەشاندین. لەگەڵ دەنگی (شیدە) کە گوتی (چاوەڕێی چیت ؟ سەرکەوە) کەوتمە خۆم و سەرکەوتم. (ئاغای قودسی) گەڕایەوە و دەرگاکەی لای منی تاقیکردەوە و پاش دڵنیابوون لە داخرانی، کەوتینەڕێ.

(کەتایۆن) کێشای بە سەرشانمدا و گوتی "بینیت جێگای هەمووومان بۆوە و کەسیش نارەحەت نییە؟". زەردەخەنەیەکم کرد. هەمووومان هێشتا هەر خەواڵوو بووین و بێدەنگی باڵی کێشابوو بە سەر هەمووانـدا. چرای ئوتۆمبێلەکە ڕێگاکەی ڕووناك دەکردەوە و بەرەوپێشەوە دەڕۆیشتین. کە لە شار دەرچووین، ئاسۆ بەرەو ڕووناکی دەچوو. هەوای ناو ئوتۆمبێلەکە زۆر گەرم و خۆش بوو و ئاوازێکی ئارامیش لە ڕادیۆکەوە دەبیسترا. ناویستانە چاوم لێك ناو فیکرم لەو کچە دەکردەوە. چیی لە من دەوێت ؟ بۆچی بەوجۆرە دێتە ژوورەوە ؟ ئایا منیش چارەنووسێکی وەك ئەوم دەبێت و ئەو دەیەوێت من بۆ مردن ئامادەبکات ؟ (شیدە) بە ئانیشك تێیکوتیم و ڕایچڵەکاندم. (ئاغای قودسی) لە ئاوێنەکەوە سەیری ئەوی کرد و گوتی "وازی لێبێنە با پشوو بدات ". (شیدە) پێکەنی و گوتی "دەمێکە نووستووە، هەتا لە سەر مێزی خواردنەکەش خەویلێکەوتبوو ". (کەتایۆن) گوتی "بە پێچەوانەی (مینا)، من دوێنێ شەو هەر خەوم لێنەکەوت. ڕاستییەکەی جۆش و خرۆشێکی زۆرم هەبوو. ساڵانێك بوو کە سەیرانێکی ئاوا دۆستانەم نەکردبوو ". (شیدە) ش درێژەی بە قسەکانی ئەودا، بەڵام من وام بە باشتر زانی کە بێدەنگ بم و تەنها گوێ بگرم. (بەهرۆز) بە بیستنی ناوی خواردن، پاش باوێشك دانێك ڕووی کردە (شیدە) و گوتی "خۆزگەم پێتان ئێوە

Scanned with CamScanner

چێشتتان خواردووە و ئێمەش لە برسان خەومانلێکەوتووە ". ساندڤیچەکانم بیرکەوتەوە و بە (شیدە)م گوت "خۆ ساندویچمان پێیە، دەریبێنە ! ". (شیدە) جانتاکەی کردەوەو یەکی ساندویچێکی دانێ. هەموویان خەویان زڕا و دەستیانکرد بە خواردن. (کامەران) ڕادیۆکەی کوژاندەوەو تەسجیلەکەی داگیرساند. ئەو شادییەی ئەوان، منیشی خۆشحالکرد و سستی و تەمبەڵیم فەرامۆشکرد. پاش ساندویچ، سەرەی چەرەزات هات و بە سەر هەموومانـدا دابەشکرا. (کامەران) سەری شۆخی لەگەڵ (شیدە) کردەوەو ئێمەیان سەرگەرمکرد. (بەهرۆز) کاسێتێکی تری لە داشبلی ئوتۆمبێلەکە دەرهێنا و لە (کاوە) ی پرسی "خۆ خراپ نییە؟ ". (ئاغای قودسی) تێگەیشت و سەیرێکی خێرای کاسێتەکەی کرد و گوتی "نازانم ". (بەهرۆز) بۆ تاقیکردنەوە کاسێتەکەی خستە سەر. کاسێتی شیعر بوو. لەگەڵ بیستنی دەنگی شاعیرەکە (کەتایۆن) گوتی "ئەمە کاسێتی منە، لە ناو ئوتۆمبێلەکەی تۆ چی دەکات ؟ ". (کاوە) پێکەنی و گوتی "نازانم ". (کامەران) گوتی "هی هەر کەسێك بێت کەی کێشەیە، وازبێنن با گوێی لێبگرین ".

ئەو قسەیە (کەتایۆن)ی بێدەنگکرد. من یەکێك لەو پارچە شیعرانەم لە بەر بو و بەبێ ئەوەی ئاگاملەدەوروپشتم بێت لەگەڵ شاعیرەکە دەمگوتەوە. (ئاغای قودسی) پرسی "ئەو شیعرەت لە بەرە؟". لە باتی من (شیدە) وەڵامی دایەوە و گوتی "هەموو شیعرەکانی ئەو شاعیرەی لەبەرە ". پێکەنیم و گوتم "زیادەڕەوی مەکە، تەنها یەك دووانێکم لە بەرە ". (شیدە) وەك نارەزایەتی دەربڕینێك گوتی "من گرەوت لەگەڵ دەکەم کە هەموو شیعرەکانی ئەو کاسێتەت لەبەرە ". (کامەران) پێکەنی و گوتی "کەواتە دەبێ (مینا خانم) هان بدەین لە پێشبڕکێی شیعرخوێندنەوە بەشداربیکات ". (کەتایۆن) گوتی "ئەم شیعرە بەم بەیانییە زووە و لە گەڵ ڕۆیشتنمان لە سەر ئەم جادەیە دەبیت بە بیرەوەری و لە یادماندا دەمێنێتەوە ". گوتم "دەبێ بیرەوەری ئەو ڕۆژە بنووسمەوە بۆ ئەوەی فەرامۆش نەکرێت ".

کاتێك گەیشتینەجێ، دونیا بەتەواوی ڕووناك بوو بۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەیانی زوو بوو، بەڵام زۆر بەناڕەحەت جێگایەکمان بۆ وەستاندنی ئوتۆمبێلەکە دۆزییەوە. هەتاو لە لوتکەی چیاوە سەری دەرهێنابو و تیشکە کەمڕەنگەکانی دەوەشاندە سەر زەوی. کاتێك لە

(تلسکی) بەکە سەرکەوتین دۆڵەکە لە ژێـر پێیمانـدا خـۆی دەنوانـد. پیاوەکـان لـە پێـشەوە دەڕۆیشتن و ئێمەش بە دوایاندا. ئەوان چـوونە سـەروەختی داری ئێـسکی و خلیـسکەکردن و ئێمەش، لە بەر ئەوەی نەماندەزانی، تەماشای ئەوانمان دەکـرد. پاشـان ئێمـەش خۆمـان بـە بەفرەکەوە خەریککرد و لە سەر بەفر، یاریمـان دەکـرد. مـن نقـومی تەماشـای یـاریکردنی منداڵێك بووم کە داری خلیسکەکەی زۆر لـە خـۆی گـەورەتر بـو و هەوڵیـدەدا بـە ڕەفتـارو جموجووڵە شیرینەکانی سەرنجی باوك و دایکـی ڕاکێـشێت. ناویـستانە بـەرەو لای ڕۆیـشتم و ڕوومەتیم ماچکرد. منداڵەکـە بەسەرسـامییەوە تەماشـایکردم و دایکیـشی سوپاسـیکردم. ویستم لەگەڵ ئەو خانمەدا سەری قسە بکەمەوە کە تۆپەڵە بەفرێك لە دواوە بەرسـەرمکەوت و منیش ناچاربووم ئاوڕ بدەمەوە. (کامەران) بوو، تۆپەڵە بـەفرێکی تـری دروسـت کردبـو و ئەمجارەیان گرتییە (کەتایۆن ). من و (کەتایۆن) بووینە هاوپەیمان و (کامەران) مان دایە بـەر تۆپەڵە بەفر. هەر لەو شەڕە بەفرەدا بوو کە تۆپەڵە بەفرێك بەر ڕووخسارم کەوت و خستمی و ڕووخسارم سڕ بوو. کاتێك بە هاوکاری (شیدە) هەستام، ئەو زریکاندی و ڕەنگی ڕووخـساری گۆڕا. لووتم خوێنێکی زۆری لێدەڕۆیشت. (شیدە) و (کەتایۆن) هەوڵیاندەدا خوێن بەربوونەکە ڕاگرن. (کامەران) یش خۆی گەیاندە ئێمەو کە خوێنەکەی بینی زۆر ترسا. هەمان خـانم کـە منداڵەکەیم ماچکردبوو وەك ڕێنماییەك گوتی "سەرت بۆ دواوە بەرزکەرەوەو کەمێك بەفر لە سەر سەرت دانێ". (کاوە) و (بەهرۆز) یش گەیشتن و ئەوانیش سـەرقاڵی دۆزینـەوەی ڕێگـا چارە بوون. دەست و ڕوخسارم غەرقی خوێن بوو. (کاوە) بن باڵی گرتم بۆ ئەوەی بمگەیەنێتـە نەخۆشخانە، بەلام من ڕازی نەبووم و ئەو گوتی "هیچ نییە، ئێستا خوێنەکەی دەوەستێت ". نازانم چەندی پێچوو تا خوێن بەربوونەکە وەسـتا. دەسـت و جلـەکانم خوێنـاوی بـوو و یـەك پاکەت کلینکیسیش بەکار هاتبوو. (کاوە) تورە بو و بە تورەییەوە لەگەڵ (کامەران) قـسەی کرد. حەزمنەدەکرد هەر لە سەرەتای هاتنمەوە ببمە مایەی گرژی و ئاڵۆزی. هێواش هێواش بەرێکەوتم بۆ ئەوەی دەست و ڕووخسارم بشۆم. (کاوە) لەگەڵمهات و بەوانی گوت "ئێوە لێرە بن. من خۆم (مینا خانم دەبەم "و نەیهێشت ئەوان بێن. کاتێك گەشتینە هوتێلەکە، منی تا

دەست شۆربیەکە ڕەوانەکرد و پاش ئەوەی کە ڕووخسارم شت، لە سەر کورسیەك داینیشاندم و گوتی "کەمێك دانیشە و ئەگەریش دەتوانیت چەند خولەکێکی تر سەرت بۆ دواوە بەرز کەرەوە بۆ ئەوەی خوێنەکە بە تەواوەتی بوەستێت ". فەرمانەکەیم بەجێگەیاند. ئەو دەسەسڕەکەی خۆیشی دامێ و گوتی "تێناگەم ئەم کارە چی بوو کە (کامەران) کردی ". ڕەفتاری ئەو لەگەڵ تەمەنیدا زۆر جیاوازی هەیە. شۆخییەکانی زۆر منداڵانەیە". گوتم "خۆت ناڕەحەت مەکە" هیچ ڕووینەداوەو کاك (کامەران) یش بێتاوانە. (شیدە) و (کەتایۆن) یش ئەم تۆپەڵە بەفرانەیان بەرکەوت، بەلاّم بەداخەوە لووتی من هەستیار بو و تووشی خوێنبەربوون بوو. دەکرێ تکات لێبکەم ئەم ڕووداوە فەرامۆشکەیت و ئەم ڕۆژە خۆش و پڕ بیرەوەرییە خراپ نەکەین؟ ". لە هەمانکاتدا کە دەسەسڕەکەی لە سەر لووتم لادەبرد گوتی "باشە، فەرامۆشیدەکەم، بەلاّم بەڵێنم بدەرێ وریای خۆت بیت ". پێکەنیم و گوتم "زۆر باشە، بەڵێندەدەم".

لە ڕێستورانتەکە چووینە دەرەوە. ئەو وریای من بوو نەوەك جارێکی تر بکەوم. گوتم "دوێنێ شەو خەوم دی کە من و تۆ لە سەر لوتکەی چیایەك وەستابووین و سەیری خلیسکانێ کردنی خەڵکانی ترماندەکرد". پێکەنی و گوتی "خۆزگە لە ڕاستیدا بووایە ". گوتم "لە ڕاستیشدا ڕوویدا، بەلاّم تۆ ئاگات لێنەبوو ". بەسەرسامییەکەوە لە بەردەمم وەستا و پرسی "لە کوێ ؟ ". گوتم "کاتێك لە (تلسکی) یەکە دادەبەزین بۆ ساتێك من و تۆ بە تەنها لە سەر لوتکەکە وەستابووین و ئەوانی تر کەمێك لەو لای ئێمەوە بوون ". گوتی "لەوانەیە ڕاستبکەیت " چونکە من ئاگاملێنەبوو. کەواتە دەبێ بڵێم خۆزگە منت ئاگاداری ئەو پێگەیەمان کردبایە ". پێکەنیم و گوتم "بۆ من لەو ڕووەوە گرنگ بوو کە خەوەکەم هاتبووە دی، بەلاّم بۆ تۆ بۆچی دەبێ گرنگبێت ؟ ". قسەکردنە گەرم و میهرەبانانەکەی ئاوێتەی تورەییبوو و گوتی "بۆ منیش گرنگنییە. لە بەرئەوەی تۆ ئاماژەتپێکرد منیش حەزمکرد بزانم ".

گەڕاینەوە بۆ شوێنی یاریکردنەکەو تێکەڵاوی ئەوانی تربووین. (کامەران) لە ئەوان نیگەرانتر و پەشۆکاوتر بوو. بۆ ئەوەی لەو نیگەرانییە دەریبێنم، پێکەنیم و گوتم "وادەزانی

Scanned with CamScanner

دۆراوم و منت شکست داوە" ئەگەر لووتم خوێنی بەر نەبوایە پێشانەدەدایت براوە کێیە ".
شێوازی قسەکردنەکەی من شادی و خۆشحاڵی بەوان بەخشی و زیاتر لە هەمووان (کامەران) ی خۆشحالکرد. دەستی (کەتایۆن) م گرت و بەردەوام بووم "ئێمە هاتووین بۆ خلیسکانێ کردن یان سەیری یەکتر بکەین ؟ ". (بەهرۆز) پشتگیری لە قسەکەم کرد و جارێکی تر هەمووما‌ن بەرێکەوتین. ڕووداوەکە زوو فەرامۆشکرا و نیوەڕۆ هەموومان ڕۆیشتین بۆ ڕێستورانت. سەیرانکەرە برسییەکان هەموویان پەلاماری ئەوێیان دابوو. لە ڕووخساری یەکبەیەکەیان خۆشحالّی و شادی دەبینرا. هەوای پاکی کوێستان خۆشحاڵی کردبوون و هەر کەسەو هەوڵی دەدا بە جۆرێك سوود لەو ڕۆژەو لەو هەوا پاکە وەربگرێت . هەر لە بەیانییەوە کە هاتم لە ڕەفتارو کرداری ئەو خەڵکانە ورد بوومەوە " جۆرە یەکڕیزی و یەکڕەنگییەك لە نێوانیاندا بەدیدەکراو پێداویستییەکانی هەر خێزانێك بە هۆی خێزانێکی ترەوە دابیندەکرا.

داواکردنی چەقۆیەك بۆ سپیکردنی میوەیەك، پێدانی شووشەیەك ئاوی گەرم بۆ دروستکردنی شیری منداڵێك، بانگهێشتکردن بۆ خواردنەوەی پیاڵەچایەك، هەموویان هێماگەلێکی بچووك بوون لە میهرەبانی و خۆشەویستی نێوان ئەو کەسانەی کە هاتبوون بۆ ئەو شوێنە.

هەموومان لە بیرمانکردبوو کە چیین و کێین و لە چ ئاستێکداین. تۆپەڵە بەفرەکەی من بەر سەری مامۆستا دەکەوت و مستێك بەفر دەکرا بە سەرو ڕوخساری پارێزەرێکدا، وەك بڵێی لەو ساتانەدا کات هێڵێکی سووری هێنابوو بە سەر پلەوپایەی گەشتیارەکانداو هەموویان منداڵانێکی شادو خۆشحاڵ بوون کە بەبێ گوێدانە کێشەکان هەوڵیاندەدا ئەو دەسکەوتانە بپارێزن و سوود لە جوانییەکانی سرووشت وەرگرن.

بە (شیدە) م گوت "چی دەبوو ئەگەر خەڵك هەمیشە ئاوا بوونایەو ئەم شادی و خۆشحاڵییە تەنها لە کاتی سەیران نەبوایە ؟ ". ئەویش پشتگیری قسەکەمی کرد و گوتی "تۆ ڕاستدەکەیت. هەستت بەوە کردووە ئەو کەسانەی کە دەچن بۆ سەیران ڕژدی و چاوچنۆکییەکانیان وەلاوە دەنێن ؟ ئەوان دەیانەوێت تەنها ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بوو‌بێت بە

دڵی خۆیان بڕین ". (کامەران) پرسی "ئەودووانەتان باسی چی دەکەن و چی دەچرپێنن بە گوێی یەکدا ؟ ". (شیدە) پێکەنی و گوتی "باسی ئەوەمانـدەکرد کـە چـەند خـۆش دەبـوو ئەگەر خەڵك هەمیشە شاد و خۆشحاڵ بوونایەو ئەم خۆشحاڵییە تـەنها لـە کـاتی سـەیراندا نەبوایە ". لە هەمانکاتدا ژن و پیاوێکی گەنج لە سەر مێزەکەی تەنیـشت ئێمـە دانیـشتن و (کامەران) یش درێژەی بە قسەکانی (شیدە) داو گوتی" هەروەها چـی دەبـوو ئەگـەر مـن و براکەشم ڕۆژێك وەك ئەم دووانە بهاتینایە بـۆ سـەیران؟ هـا... چـی دەبـوو ؟ ". شـێوازی قسەکردنەکەی ئەو، ئێمەی هێنایە پێکەنین. (کاوە) گوتی "برای خۆم! کێ دەبێ بە کۆسپ لە بەردەمتداو ناهێڵێت کە تۆ ژن بێنیت و لەگەڵ خانمەکەت بێیت بۆ سەیران؟ ها؟ ". لە بـاتی ئەو (شیدە) گوتی "لەوانەیە تا ئێستا عاشق نەبوویێت ". منیش خۆم تێهەڵقورتانـدو گـوتم "عەشق تاقە میوانێکە کە بەبێ داوەت دێتە ژوورەوە. تەنها ئەوەندەی دەوێت دەرگای ماڵی دڵی بۆ والابکەیت ". کامەران پرسی "ئەم میوانە داوەت نەکراوە لە ماڵی دڵی تۆدا جێگای خۆی کردۆتەوە؟ ". لە شەرما سوور بوومەوە و سەرمداخست. (کەتایۆن) وەك پشتگیری لـە من گوتی "خۆتان لە کاروباری تایبەتی خانمەکان هەڵمەقورتێنن. لە نێوان هەمووتاندا من و (بەهرۆز) و (شیدە) دەزانین عەشق چیەو چ چێژو خۆشییەکی هەیە ". (بەهرۆز) لەتە نانێکی هەڵگرت و گـوتی "سـەرەتاکەی جـوان و دڵڕفێنـە، بـەڵام کۆتاییەکـەی... ". پاشـان وەك نارەزایەتی چەند جارێك سەریراوەشاند. ئەمکارەی ئەویش بووە هۆی ئـەوەی کـە جـارێکیتر هـەمووومان پێبکـەنین. (کـەتایۆن) وەك نارەزایـەتی دەربڕینێـك پرسـی "مەبەسـتت لـە کۆتاییەکەی چی بوو؟ پەشیمانی؟ ". (بەهرۆز) بە هەمانحاڵەتی شـۆخییەوە گـوتی "نـەخێر، خانمی ئازیز، لەبەرئەوەی کە نامەوێت ئەم ڕۆژە خۆشەتان لێتالکەم، دەڵـێم زۆریـش ڕازیـم". من بەشێوازی قسەکردنەی ئەو ئەوەندە پێکەنیم کە فرمێسك لە چاوانم هاتـە خـوارەوە. لـە هەمانکاتدا گوتم "چ ڕازی بیت و چ نارازی، گرێدانی ژیانی هاوسەرێتی، پتەوکردنی عەشـقە ". (کەتایۆن) شانی هەڵتەکاندو گوتی "، بەڵام پیاوەکان ئەو عەشقە بە باشـتر دەزانـن کـە ژیانی هاوسەرێتی لێنەکەوێتەوە، چونکە لەبەرپرسیارێتی ژیان دەترسن". (کامـەران) گـوتی "لە بەرپرسیارێتی ناترسن، لە دەست کێشەکان ڕادەکەن. من پێموایە هەموو خۆشی و شادی

ژن وپیاوێك تەنها لە هەفتەی یەکەمدایە. لە هەفتەی دووەمەوە تراژیدیا دەستپێدەکات و پیاوە بەدبەختەکە دەبێ ڕووبەڕووی کێوێك لە کێشەو گرفتەکان ببێتەوە. ئاخر ئەمە ویژدانە کە بۆ شەوێك خۆشی دەبێ ساڵەهای ساڵ جەزرەبە بکێشی ؟ ". (بەهرۆز) گوتی "نەخێر ئەمە ویژدان نییە، بەڵام چار چییە ؟ دەبێ لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بگونجێین. ئەو بابەتەی کە زۆربەی خانمەکان دەرکی پێناکەن!". (شیدە) بە نارەزایەتییەکەوە گوتی "باشیش دەرکی پێدەکەین، بەڵام... ". بە هێنانی خواردن بۆ سەر مێزەکە قسەکەی (شیدە) ش نیوە ناتەواو مایەوە، (کامەران) گوتی "خوشکان و برایان! دادگا تا پاش نانخواردن دوادەخرێت. تکایە، تا سارد نەبۆتەوە، فەرموون".

لە کاتی نانخواردن (شیدە) تاقەتی نەبرد و گوتی "نازانم بۆچی پیاوەکان لەبەر ئەو کارانەی کە لە دەرەوەی ماڵ ئەنجامیدەدەن، ئەوەندە بە سەر ژنەکانیاندا منەتدەکەن. هەرچەند کە ژنانیش لە ماڵەوە هەر ئەو کارانە ئەنجامدەدەن و ئەزیەتیشیان دەبێت، بگرە زیاتر لە پیاوەکانیش ". (کەتایۆن) یش درێژەی بەقسەکانی ئەو داو گوتی "ئەی ژنە کارمەندەکان بۆ ناڵێیت ! ئەوان هەم لە دەرەوە کاردەکەن و هەم لە ماڵەوە. هێشتاش هەر پیاوەکان نارازین و ڕەخنەدەگرن ". (کاوە) پرسی "ڕەخنە لە چی دەگرن ؟ ". (کەتایۆن) شانی هەڵتەکاندو گوتی "لە هەموو شتێك " لە پاکوخاوێن نەبوونی ماڵەکە، لە خواردن، لە هەر شتێك کە بیانوویدات بە دەستیانەوە ". (کاوە) پێکەنی و گوتی "لەوانەیە ڕەخنەو بەهانەی پیاو بەجێ بێت. چونکە کاتێك پیاو بە ماندوویەتی دەگەڕێتەوە، حەزدەکات ماڵەکەی پاکوخاوێن بێت و بە ئاسوودەیی پشوویدات". (شیدە) گوتی "ئێمە ژنەکان خۆمان چاك دەزانین کە چۆن پاکوخاوێنی ماڵ بپارێزین و هۆکارەکانی ئاسایش و ئارامی وەدیبێنین، بەڵام دیسان ئێوە پیاوەکان قایل نابن و بەهانەی جۆراوجۆر دەگرن. ئێوە ئەوە فەرامۆشدەکەن کە هاوسەرەکەشتان لە بەیانییەوە تا ئێوارە کاردەکات و ئەزیەتی دەبیت. پێتانوایە کە ئەو لە ماڵەوە پشووی داوە و تەنها ئێوە زەحمەتتان کێشاوە ". (کاوە) پێکەنی و گوتی "بڕوا ناکەم هەموو پیاوەکان وابن". (شیدە) بە دڵنیاییەوە گوتی "ئەگەر هەموشیان وا نەبن، زۆربەیان

وان ". (بەهرۆز) گوتی "خراپی ئێوە، ژنان، ئەوەیە کە خواست و چاوەڕوانیتان زۆرە. ئێوە حەزدەکەن کە پیاو بە ڕاست و چەپدا بڕوات بڵێت - ئای ئازیزەکەم نازانی چەندم خۆشدەوێیت -، بەڵام پیاوی بەدبەخت ئەوەندە ماندوویە، توانای وەڵامدانەوەی سڵاویشی نییە ". شێوازی قسەکردنەکەی (بەهرۆز) دیسان ئێمەی هێنایە پێکەنین. (شیدە) گوتی "جا قەیدی چی دەکات ؟ با پیاویش هەندێك جار سوپاسی زەحمەتەکانی هاوسەرەکەی بکات و قسەیەکی خۆشی لەگەڵ بکات. ها ! قەیدی چی دەکات ؟ ". ئەمجارەیان (بەهرۆز) شانی هەڵتەکاند و گوتی "هەندێکجار دەربڕینی ڕستەیەکی جوان و خۆش خراپ نییە، بەڵام ئێوە ژنان نە بە هەندێك جار ڕازین و نە بە ڕستەیەکیش. ئاستی خواست و چاوەڕوانییەکان زۆر بەرزە ". (کەتایۆن) نارەزایەتی دەربڕی و گوتی "ئەمە ڕاست نییە، هەموو ژنێك ئاگاداری تواناکانی پیاوەکەیەتی و داوای شتێك ناکات کە لە توانای هاوسەرەکەی بەدەر بێت. ئێوە، پیاوەکان، ئەگەر بتانزانییبایە کە بە دەربڕینی ڕستەیەکی میهرەبانانە چ وەرچەرخانێك لە ژنەکانتاندا دروستدەکەن، سوێند دەخۆم کە زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر دەبوو. ژن پێیخۆشە جێی بایەخ و سەرنج بێت و هاوسەرەکەی وەك خزمەتکارێك تەماشای نەکات، بەڵکو وەك هاوسەرو هاوبەشێکی ژیان تەماشای بکات. ژن پێیخۆشە هەندێکجار هاوسەرەکەی بە دیارییەك، هەرچەند بچووکیش بێت، خۆشحاڵی بکات. ژن پێیخۆشە سوپاسی بکرێت و کارەکانی بەرز بنرخێندرێن. ئەمانە داواکاریی نابەجێ و نارەوان ؟ ". (کامەران) گوتی "نەخێر، زۆریش بەجێیە، بەڵام ئایا پیاو پێیخۆش نییە کە ژنەکەی خۆشیبوێت و بە میهرەبانی قسەی لەگەڵبکات و شەو، کە هاتەوە بۆ ماڵ، بە ڕستەیەکی کورتی (ماندوو نەبیت) پێشوازی لێبکرێت؟ ئایا پیاو پێیخۆش نییە هاوسەرەکەی لە کێشەکانی ئەو تێبگات و ئاستی خواست و چاوەڕوانییەکانی بە ڕادەی توانای پیاوەکەی بێت؟ ئایا پیاو پێیخۆش نییە هاوسەرەکەی لە باتی مینگەو بۆڵەو ڕەخنەگرتن و وەسفیکردنی خەڵکانی تر، لەگەڵ ئەو ژیانەی کە هەیەتی بگونجێت و ژیان شیرین بکات ؟ ئەمەش داواکاری پیاوەکانە. بەڕای من هەردووکیان دەبێ لەسەر هێڵێك بڕۆن و ڕێزی ڕەنج و زەحمەتەکانی یەکتر بگرن. ژیان کاتێك پڕ دەبێت لە خۆشبەختی کە ژن و پیاو لە یەك

Scanned with CamScanner

تێبگەن. کە لێکتێگەیشتنیش هەبێت، کێشەکان بە ئاسانی چارەسەردەبن،زۆر باش دەبوو ئەگەر رۆژێکیان بە ناوی رۆژی رێزلێنان تەرخانکردبایە ". ناویستانە گوتم "خۆزگەم بە هاوسەرەکەت. تۆ بەم شێوازی بیرکردنەوەیە هاوسەرەکەت خۆشبەختدەکەیت ". سوپاسی کردم و لە کاتی هەستان لە سەر مێزەکە گوتی "منیش، ئەمڕۆ، بە هۆی ئەو لێکتێگەیشتنەی کە لە نێوانماندا دروستبوو، سوپاسی هەمووتان دەکەم و هەمووتان بۆ خواردنەوەی چا میوانی منن ". (شیدە) و (کەتایۆن) چەپڵەیەکیان بۆ لێداو ئەویش لە پێشچاوی ئەو هەموو گەشتیارانە کڕنۆشی برد و ڕۆیشت بۆ ئەوەی چا بێنێت.

ڕێستورانتەکەمان بە جێهێشت. (ئاغای قودسی) لەگەڵ من ڕێی دەکرد. بە هێواشی لێی پرسیم "بۆچی وەڵامی پرسیارەکەی (کامەران) ت نەدایەوە. گوتم "لە بەر ئەوەی کە هێشتا دڵنیا نییم ". گوتی " بەڵام ئەو گەنجێکی باشە ". پرسیم "مەبەستت کێیە؟ ". گوتی "خۆت چاك دەزانیت ". سەیریم کرد، بەڵام ئەو سەری داخستبوو، گوتم "تۆ لەو بڕوایە دابووی کە وانەو خوێندن لە پێشەوەی هەموو شتێکە، بۆچی ئەمڕۆ بیروڕات گۆڕاوە ؟ ". گوتی "بیرو ڕام نەگۆڕاوە و هێشتاش لە سەر قسەی خۆمم کە خوێندن لە پێش شووکردنە، بەڵام بڕوا ناکەم ڕای تۆش وەك من وابێت " دەترسم نەتوانیت چاوەڕێبکەیت ". پرسیم "هیچ بەڵگەیەکت بۆ ئەم ترسە هەیە ؟ ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "چ بەڵگەیەك باشتر لە خۆشەویستی! ئەو خۆشەویستییەی کە لە نێوان تۆ و (ئاغای ئەدیبی) دا دروستبووە منی تووشی گومان و دوودڵی کردووە ". گوتم "ئەگەر پێت بڵێم کە زۆر هەڵەیت و لە دڵمدا هیچ خۆشەویستییەکم بەرامبەر ئەو نییە، بڕوام پێدەکەیت ؟ ". گوتی "، بەڵام ئەو زۆر هۆگری تۆیە. لەوانەیە وردەوردە ئەو خۆشەویستییە کاریکاتە سەر تۆ و بچێتەدڵتەوە ".

لە سەر بەرزایی گردێك وەستابووین و لە خوارەوەمان کەسانی تر بە ئامێرە جۆراوجۆرەکان خلیسکانێیان دەکرد. گوتم "دیسان دووبارە بۆوە ". بە سەرسوڕمانەوە پرسی "چی؟ ". گوتم "ئەوەی کە ئێمە هەردووکمان لە سەر بەرزاییەك وەستاوین و تەماشای خەڵك دەکەین، دەکرێت خەونێك دووجار بێتەدی؟ ". تەماشایکردم. لە قووڵایی چاوەکانی خۆشەویستییەکی

پاك و بێگەردی وەك بەفرە سپی یەكانی سەر لوتكەكەم بەدیدەكرد. گوتی "دەكرێت هەموو ڕۆژو هەموو خولەكێك ئەو خەوە بهێنینە دی. باشی و خراپییەكەی بە دەست خۆمانە، بەلام تۆ وەلامی منت نەدایەوە ؟ ". گوتم "تۆ مامۆستای منیت، بەلام مامۆستا، پێمخۆشە ئەم قسەیە لە قوتابییە باشەكەی خۆت وەرگری كە، عەشق و خۆشەویستی زۆر لەیەكەوە دوورن. ئێوە قوتابییەكانی خۆتانتان خۆشدەوێت و بەرامبەریان میهرەبانن، بەلام عاشقی ئەوان نین. هەروەها قوتابییەكانیش مامۆستاكانی خۆیانیان خۆشدەوێت، بەلام عاشقیان نین ". ئاوڕیدایەوەو ئاهێكی قووڵی هەڵكێشا و گوتی "چەند سادەو ساوێلكەیە ئەو مامۆستایەی كە پێیوایە تۆ عاشقی ئەویت ". گوتم "بەڵێ، سادەدڵەو ئەگەر سووكایەتی نەبێت دەبێ بڵێم كە بێعەقڵیشە. نازانم تۆ چۆن بڕوات بەوە كردووە كە من (ئاغای ئەدیبی) م خۆشدەوێت ؟ ". هەردوو دەستی خستە بن باڵی و هێواش گوتی "مەبەستی من ئەدیبی نەبوو ".

بە سەرسامییەوە سەیریم دەكرد، بەلام ئەو هێواش هێواش دوور كەوتەوەو بە خلیسكانێ لە سەر گردەكە چووە خوارەوە.

((بەشـــــــــــی ۲۱ ))

قسەکانی ئەو ئاگری ژێر خۆڵەمێشی دەروونمی گەشکردەوەو گڕی تێبەردا، بەڵام گومان و دوودڵی وەك کێوێکی پڕ لە بەفر ئەو گڕەی خامۆش کرد. لەگـەڵ (شـیدە) و (کـەتایۆن) لـە خوارەوەی گردەکە پیاسەماندەکرد. هەستکردن بە سەرما، ڕەنگی ڕووخساری گۆڕیبووم و دڵم شوێنێکی گەرم و بێدەنگی دەویست کە بتوانم پـشووی تێـدا بـدەم. بـە (کـەتایۆن) م گـوت "هەستبەماندوویێتی دەکەم. ئەگـەر جێتـانبهێڵم پێتـان ناخۆشـنییە ؟ ". (شـیدە) سـەیری ڕووخساری کردم و گوتی "ڕەنگیشت بزرکاوە، برۆ پـشوو بـدە ". بـەرەو لای ئوتۆمبێلەکـە بەڕێکەوتم و ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی)م لە نێوان ئەو هەموو ئوتۆمبێلە دۆزیەوە، بەڵام دەرگاکەی داخرابوو. هەر لەوێ وەستام و لە بـەر تیـشکی هەتاوەکـە خـۆمم گـەرمکردەوە. هێشتا چەند خولەکێك تێنەپەڕیبوو کە (ئاغای قودسی) لە پشتەوەی ئوتۆمبێلەکە دەرکەوت و لێیپرسـیم "مانـدووی؟". گـوتم "کـەمێك، ئەگـەر تۆزێـك پـشوویدەم، ماندوویێتیەکـەم دەرەوێتەوە ". دەرگای ئوتۆمبێلەکەی کردەوەو پاشان دەرگاکەی لای منیشی کردەوەو گوتی "لە پێشەوە دانیشە گەرمترە ". پاڵتۆکەم دەرهێناو لەباتی بـەتانی بـە کارمهێنـا. ئـەویش پاڵتۆکەی خۆی دەرهێناو گوتی "ئەمەش بگرە ". گـوتم "خـۆت سـەرمات دەبـێ ". بـەبێ ئەوەی سەیرمکات گوتی "شەرم مەکە وەریگرە، لە ژێر پاڵتۆکە چاکەتم لە بـەر کـردووە ". ئەوەی گوت و دەرگای ئوتۆمبێلەکەی داخست و ڕۆیشت.

ئەنگوستەکانی پێم لە سەرما سڕو سست بووبوون. هەردوو پاڵتۆکەم پێچا بە خۆمەوە و چاوملێکناو بیرم لەو ڕۆژە خۆشە دەکردەوە. دەمێك بوو کە خۆمم ئەوندە خۆشحاڵ نەدیبوو. هەستم بە ئاسوودەیی و بارسووکی دەکرد. گوتەکانی (ئاغای قودسی) و شێوازی سەیرکردنەکەی دەیتوانی چەند کاتژمێرێك بیرو مێشکم سەرقاڵکات. ئایا ئەو ئیرەیی بە (ئاغای ئەدیبی) یەوە دەبرد ؟ لە بیری ئەوەدا بووم کە ئەگەر (مەرسدە) بەم ڕووداوە بزانێت

- چ هەڵوێستێکی دەبێت - دەستمکرد بە پێکەنین و لە هەمانکاتدا خەوم لێکەوت.

لەگەڵ کرانەوەی دەرگای ئوتۆمبێلەکە خەبەرم بوویەوە. هەموویان ئامادەی ڕۆیشتن بوون، بەڵام ئەمجارەیان (شیدە) لە پێشەوە، لە تەنیشت مـن دانیشت. (کەتایۆن) و (بەهرۆز) و (کامەران) یش لە دواوە سەرکەوتن. (شیدە) هەر کە دانیشت گوتی "چاك پشووت دا ؟ "و لە هەمان کاتیشدا نیوەی پاڵتۆکەمی خستە سەر قاچی خۆی.

کاتێك بەڕێ کەوتین، هاوسەفەران هەموویان خەویان لێکەوت. (ئاغای قودسی) ش دەستیکرد بە باوێشك دان. بە هێواشی گوتم "ئەگەر لێخوڕینم بزانیبایە خۆم لێمدەخوری، بۆئەوەی جەنابیشت پشووبدەیت". بە زەردەخەنەوە سوپاسیکردم و گوتی "ماندوونیم ". گوتم "حەزدەکەم جادەکە کۆتایی نەبێت و هەر بەم شێوەیە بەرەو پێشەوە بڕۆین ". جارێکی تر زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "، بەڵام سەرەنجام دەبێ بگاتە شوێنێك ". گوتم "نازانم، حەزمدەکرد پیاو بوومایەو لە ناو دەشتێکدا لێمخوڕیبایە. من عاشقی لێخوڕینی سەر جادەم ". گوتی "کەواتە تۆش عاشقیت و لە باتی مرۆڤەکان، سرووشت و جادەت هەڵبژاردووە ". گوتم" بەڵام نەك عاشقی هەموو جادەیەك. من حەزم لە جادەی باکوورە کە تا چاو بڕدەکات گژو گیاو سەوزاییە" گوتی "تۆ دەبوایە لە باکووری وڵات ژیانت بە سەر بردبا". گوتم "لەوانەیە ڕۆژێك بێت و ئەوکارە بکەم. هەڵبەت لەگەڵ باوکم، چونکە ئەویش زۆر حەزی لە باکوورە. حەزدەکات لەوێ باخ و کێڵگەیەکی برنجی هەبێت ". گوتی "بیرۆکەیەکی باشە، بە مەرجێك لێی بێزارو ماندوو نەبیت و دڵت بۆ بیابان لێنەدات ". گوتم "لەوانەشە ! ". پێکەنی و گوتی "بێگومان بیریدەکەیت. من چاك دەتناسم. دڵی تۆ جوان پەسەندە ". گوتم "هەمووان حەزیان لەجوانییە. کارێکی خراپە ؟ ". گوتی "نەخێر، بەڵام... ". نەمهێشت

بەردەوامبێت، گوتم "ئەم (بەلاّم) انە هەر هەبوون و تەواویش نابن. من لە دەست هەرچی (بەلاّم) ە ماندوو بووم. خۆزگە کاسێتێکمان دەخستە سەر ". بە هێواشی گوتی "هەلاّتن ". گوتم "هەلاّتن؟ لە چی؟ ". سەیرێکیکردم و گوتی "لە لۆژیک، لە ڕاستی، لە خۆناسین، لە هەموو شتێك، بەلاّم چ سوودێکی هەیە ". پێکەنیم و گوتم "، بەلاّم بەداخەوە من لۆژیکم نییەو لە دەست خۆم ڕادەکەم. ئەگەر مەبەستی جەنابت ئەوەیە بەڵێ، من وام ". چاوم بە زەرفی چەرەزاتەکە کەوت و هەڵمگرت. کەمێك فستەق و گوڵەبەڕۆژەی تێدابوو. ناوکی هەندێك لە فستەقەکانم دەرهێناو دام پێی. گوتی "وامزانی لێم تۆراوی ". گوتم "جا دەوێرم ئیشی وا بکەم ؟ ". گوتی "بەلاّم زۆربەی کات من و تۆ ئاواین. یان هەر من خۆم وابیردەکەمەوە ؟ ". گوتم "جەنابت بە هەڵەدا ڕۆیشتووی. من دوژمنایەتیم لەگەڵ کەس نییە ". بە لالێوێکەوە پێکەنی و پرسی "ئەمڕۆ کاتێکی خۆشت بەسەربرد ؟ ". گوتم "زۆر خۆش بوو. لە بەر ئەوەی لەگەڵ جەنابت هاوسەفەر بووم زۆر خۆشحاڵم". گوتی "ئەگەر جارێکی تر داوەتت بکەین دێیت؟ ". یەکسەر گوتم "بەڵێ، لەگەڵ جەنابت تا ئەو سەری دنیاش دێم". گوتی "لەگەڵ من یان لەگەڵ هەموومان؟ ". تێگەیشتم کە بەبێ تێفیکرین قسەم کرد. گوتم "مەبەستم هەمووتان بوو ". فستەقێکم دایە. ڕەتیکردەوەو گوتی "خۆت بیخۆ. تۆ زیاتر پێویستیت پێیەتی. ئەگەر ئەو ڕووداوەی بەیانی نەبوایە، ڕۆژێکی زۆر خۆشدەبوو ". گوتم "ڕووداوێکی گرنگ نەبوو. بەڕای من ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خۆشبوو، بەلاّم خۆزگە باوك و دایکمانیش بهێنایە ". گوتی "بۆ جارێکی تر. تۆ زۆر هۆگری خێزانەکەتی". گوتم "هەموو کچەکان وان. باوك و دایك، بۆ کچ کۆڵەکەی، پشتن ". پرسی "تەنها بۆ کچەکان؟ ". گوتم "پەیوەندی کچەکان لە کوڕەکان زیاترە. کچەکان هەتا پاش شووکردنیش پەیوەندییان لەگەڵ باوك و دایکیان هەیە، بەلاّم ئەم پەیوەندییە لە پیاوەکاندا زۆر کەمترە". گوتی "من لە بەیانییەوە تائێستا لە قسەکانی تۆ وردبوومەتەوە. بە جۆرێك قسەدەکەیت، وەك بڵێی ساڵانێکی زۆر ژیاوی و ئەزموونێکی زۆرت لە ژیاندا هەیە ". پێکەنینم هات و گوتم "زۆر نەژیاوم، بەلاّم پەڕتوکی زۆرم خوێندۆتەوە ". دوو فستەق مابوویەوە، دەنکەکانیانم دەرهێناو

گوتم "یەکێکیان بۆ تۆ و ئەوی تریشیان بۆ من ". لە ڕووخسارم ڕاماو گوتی "کچێکی دادگەری، ئەم دادگەریەت هەمیشە بپارێزەو ماف بە مافدار بدە". گوتم "مەبەستت لەم قسەیە چییە؟ دەکرێ پێمبڵێیت؟". گوتی "مەبەستم ڕوون و ئاشکرایە. دەڵێم لە کاتی دادوەریدا سەیری ڕواڵەت مەکە، دەروون و ناخی مرۆڤەکان ببینە. چەند زۆرن ئەو ڕووخسارجوانانەی کە دەروونیان وەك ڕواڵەتیان جوان نییەو چەند زۆرن ئەوانەی کە ڕواڵەتیان ناشیرینە، بەڵام دەروون و ناخیان پڕ لە ئینسانیەت و جوانییە. دەرگای دڵت تەنها لە بەرجوانی لە ڕووی کەس مەکەرەوەو تا لە ناخی ئاگادار نەبوویت، خۆشەویستییەکەی مەخەرە دڵتەوە. ئێستا لە مەبەستەکەم تێگەیشتی؟ ". بەهۆشیاریەوە گوتم "بەڵێ، تێگەیشتم. ئێستا دەتوانم بڵێم کە ئەو قسانەی لە سەر گردەکە کردت لە ترسەوە سەرچاوەی گرتبوو. وانیە؟ ". سەریڕاوەشاند و پشتگیری لەقسەکانمکرد.

ئوتۆمبێلێك بە خێرایی بە تەنیشتماندا تێپەڕی کە بۆ ساتێك گومانم برد تووشی پێکدادان دەبین. گوتم "ئەو هەموو خێراییە بۆ چییە ؟ ". گوتی "بۆ چەند ساتێك زووتر گەیشتن ". گوتم "(کەتایۆن) لەو بڕوایەدایە کە -خەڵك لە بەر هەڵاتن لە کێشەکانی ژیان، دەچن بۆ سەیران- بەڵام ئایا ئەم خێراییە بۆ گەیشتن بەکێشەکانە؟". تەماشایکردم و گوتی "لەوانەیە ئەوان وەك ئێمە بیرنەکەنەوەو لە ڕاستییەکان ڕانەکەن و دەیانەوێت هەرچی زووترە ڕوویەڕووی کێشەکان ببنەوە بۆئەوەی لە ناوی بەرن. مرۆڤ هەرچەند کە بیەوێت گوێنەداتە کێشەکان و پشتگوێیانبخات، دیسان ناچاردەبیت ڕوویەڕووی ببێتەوە. گوتم "کەواتە تۆ بە خێرایی ڕازیت ". سەیرێکیکردم و گوتی "مەبەستم خێرایی لە لێخوڕین نەبوو ". سەرم جووڵاندو گوتم "لە مەبەستەکەت تێگەیشتم" ویستم شۆخی بکەم "و درێژەم پێداو گوتم "ئەم جۆرە لێخوڕینەی تۆ نیشانەی چیە؟". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "پەیڕەوی کردنی یاساو چێژ وەرگرتن لەو ساتانەی کە لەوانەیە دووبارە بوونەوەیان ئەستەم بێت و هەروەها من لەگەڵ خێراییدا نیم و کێشەو گرفتێکی ناخۆشیشم نییە کە بمەوێت هەرچی زووترە ڕوویەڕووی ببمەوە ". ئاهێکم هەڵکێشاو گوتم "خۆزگەم پێت، دەشێت پێت بڵێین مرۆڤی بێخەم و خەفەت ". گوتی "زۆربەی خەم و خەفەتەکان، ئێمە خۆمان دروستیاندەکەین. لەم دنیایە مرۆڤی بێ کێشە نییە

" ئەگەر کەمێك بیرکردنەوەو دووربینی هەبێت، کێشە دروستنابێت. ئەگەریش دروستببێت، زوو چارەسەردەکرێت". گوتم "دان بەوەدادەنێم کە جەنابت مرۆڤێکی گەشبینی". پێکەنی و گوتی "وە بە پێچەوانەی منەوە، تۆش کچێکی ڕەشبینی". سەیرێکرد. ئەویش چاوی بڕییە چاوەکانی من و گوتی "تووڕە مەبە، تاوانی من نییە. تاوانبار خۆت و نوسینەکانتن. ئەوڕۆژەت لە بیرە کە دوای کڕینی پەرتوکەکان گەڕاینەوە؟ ئەو ڕۆژە هەوڵمدا ئەم ڕەشبینیە کە بەرامبەر دنیاو مرۆڤەکان هەتە، لە بیرو مێشکت بیسڕمەوە ، بەلاّم تۆ چیتکرد؟ دیسانەوە لە سەر مەرگ نووسیت و ژیان و کۆششی مرۆڤەکانت وەلاوە نا. سوودی نییە، قسەکانی من کارتێناکات. هەڵبەت یەك دووانێك لە نووسینەکانت ڕەنگی شادی و کۆشش و بۆنی ژیانی بە خۆوەگرت، ئەوەش لەو کاتەوە کە باسی (ئاغای ئەدیبی) هاتەئاراوە ، بەلاّم بەداخەوە ئەوەش زۆر زوو ڕەنگی لە دەستداو تۆ گەڕایتەوە بۆ جێگای جارانت. تۆ هەتا بایەخ بەو بیرو ڕایانەی من نادەیت کە لە بارەی نووسینەکانت هەمن و هەر درێژە بەکاری خۆتدەدەیت. لە بەرئەوەیە کە دڵنیابووم تۆ کچێکی ڕەشبینی". گوتم "من بەرامبەر بە دونیا ڕەشبین نیم، ئەو شتەی کە من بەرەو ئەو ڕوانگەیە دەبات ڕەفتاری پەسەندنەکراوی مرۆڤەکانە. من هەموو مرۆڤەکان بە باش دەزانم و بە دوای کەموکوڕیەکانیان و ڕەخنەگرتن لێیان نیم و بە یەکچاو تەماشای هەموویان دەکەم، بەلاّم ڕەفتارو کردارەکانیان نائومێدم دەکەن و دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە من بە هەڵەدا ڕۆیشتوم و ڕاستیی دەروونیان ئەو شتە نەبووە کە من گومانم کردووە، بۆیە دڵخۆشیم بەرامبەر دنیا لەدەستدەدەم و لە باتی گونجان لەگەڵ ڕووناکی ڕواڵەتی خۆم لەگەڵ ئەو تاریکییە دەگونجێنم کە بەرقەرارە، چونکە کاتێك هەموو شتێك تاریك بێت، مرۆڤەکان و چیەتییەکانیشیان نقومی تاریکی دەبن".

گوتی "کەواتە لێکدانەوەکەی من هەڵە نەبو و تۆ لە ڕاستی هەڵدێیت. تۆ مرۆڤێکی ئایدیالیستی و حەزدەکەیت هەموو بوونەوەرەکان بەو جۆرە بن کە تۆ دەتەوێت و ئەگەر کردارێك بە پێچەوانەی خواست و ویستی تۆ ئەنجامبدرێت، لە باتی لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەو کردارەو شیکردنەوەی، دەستبەجێ پشتگوێیدەخەیت و هزرو مێشکت بەوەوە ماندووناکەیت

Scanned with CamScanner

کە بۆچی ئەو کردارە ئەنجامدرا ؟ هەندێك کات چاوەکانت پڕ لە میهرەبـانی و خۆشەویـستی دێنە پێش چاوم و هەندێکجاریش وەك بووکە شووشەیەکی ساردو بێگیان. ئەوەش دەزانم کـە کاتێك بە پێی خواست و ئارەزووەکانت کارێك ئەنجامدەدرێت بەمیهرەبانی و خۆشەویـستیەوە دەڕوانیتە هەموو شـتێك و کـاتێکیش کارێـك بەپێـچەوانەی خواسـتەکانت ئەنجامـدەدرێت، ساردو بێگیان دەبیت. ئەو کاتەیە کە دەبێ لێتبترسـن، چـونکە میهرەبـانی و خۆشەویـستی جێگاکەی خۆی پێشکەشی کینەو دووژمنایەتی کردووە ". گوتم "بەڵام ئەم حاڵەتە کاتییە". گوتی "بەداخەوە کاتی نییەو بەردەوامە، بـەڵام ئومێـدەوارم بـە تێپـەڕبوونی ڕۆژەکـان ئـەو ڕەفتارەش بگۆڕێت.

(کامەران) باوێشکێکی داو چاویکردەوەو کە خۆی جووڵاند، (بەهرۆز) یش خەبەری بـۆوە. (کامەران) سەیرێکی جادەکەی کرد و گوتی "ئەوەندەمان نەماوە بگەینەجێ ".

(شیدە) و (کەتایۆن) یش لە خەو هەستان. گوتم "خەوتاغۆش. هەمووتان چاك نووستن ". (کەتایۆن) گوتی "ئێمە هەموومان پشوومان دا جگە لە (کاوە) ". (شیدە) ش پشتگیری لە قسەکەی کرد، بەڵام (ئاغای قودسی) گوێی نەدایەو بە گوتنی ئەوەی کە (ئامادەیە جـارێکی تر ئەم ڕێگایە بپێوێت) ڕوویکردە من و گوتی "لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان واز لە وانەگوتنەوە بهێنم و ببم بە شوفێری دەشت و بیابان. هەڵبەت تەنها لە جادەی باکوور ئیشدەکەم ". گوتم "دڵنیابە منیش موسافیری هەمیشەیی تۆ دەبم ". (شیدە) گوتی "بۆ ئـەم سـەفەرە خۆشـە سوپاسی هەمووتان دەکەم. بە ڕاستی ڕۆژێکی خۆشبوو ". (کەتایۆن) گوتی "بۆ هـەموومان خۆشبوو، ئومێدەوارم جارێکی تر دووبارەبێتەوە ". منیش بە نائومێدییەوە گوتم "جـارێکی تر لە ئارادانییە ". (ئاغای قودسی) پێکەنی و گوتی "ڕەشبین مەبە! هەر کە بڕیار دەرچـێت و کارپێبکرێت، دووبارەدەبێتەوە ".

گەیشتینەجێ. (شیدە) خێرا دابەزی و زەنگی ماڵەوەی لێدا. بە سەرسوڕمانەوە بینیم کـە دەرگای ماڵی (ئاغای قودسی) کرایەوە و (ئاغای قودسی باوك) بـە هـەمووماني گـوت کـە بڕۆین بۆ ئەوێ. من هێشتا دانەبەزیبووم و (ئاغای قودسی) بە ئوتۆمبێلەکـە منیـشی بـردە حەوشەوە.

کاتێك دابەزین، (ئاغای قودسی باوك) گوتی "ئێستا منیش دەڵێم کە ڕۆژو شەوێکی خۆشم تێپەڕاندووە ". گەورەکانیش بەزم و ڕەزمێکیان بۆ خۆیان سازدابوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ئێمە هێمنی و ئارامیەکەیان تێکچوو. من گوتم "کەواتە ئێوەش تەنها نەماونەتەوە ". (ئاغای قودسی باوك) وەڵامی دامەوەو گوتی "ئێوە گەنجەکان پێتان وایە تەنها خۆتان دەزانن بڕۆن بۆ سەیران ، بەڵام ئێمە لە ئێوە زیرەکتر بووین و سەیرانمان هێنایە ماڵەوە ". لە ناو ماندوویەتی خۆمانخست بە سەر قەنەفەکاندا. دایکم گوتی "ئادەی باسیکەن، بزانم بە خۆشی بە سەرتانبردووە ؟ ". هەموومان ڕەزامەندی خۆمانمان ڕاگەیاند. (شکوە خانم) یش بە دەربڕینی خۆشحاڵی گوتی "(خانمی ئەفشار) ! سەیری (مینا) بکە چەند شاد و خۆشحاڵە! ئەم سەیرانە بۆ (مینا) زۆر بە سوود بووە "و چاوەڕێی وەڵامی دایکمی نەکرد و بەردەوام بوو "ئەگەر برسیتانە خواردنی زۆرمان هەیە". پیاوەکان برسێتی خۆیانیان ڕاگەیاند و لە سەر مێزی خواردن دانیشتن. (کەتایۆن) بۆ یارمەتیدان چووە ئاشپەزخانەکەوە. دایکم بە هێواشی گوتی "بینیت چەند خۆشبوو. ئەگەر نەڕۆیشتبای ئەم ڕۆژە خۆشەت لە کیسدەچوو". چاوم بە (ئاغای قودسی) کەوت کە لە بەرامبەرمەوە لە سەر مێزی خواردن دانیشتبوو و خۆشحاڵ دەهاتە پێشچاو. خۆشحاڵییەکەی ئەویش کاری کردە سەر من و تازە زانیم کە بە ڕاستی ڕۆژێکی خۆشم بە سەربردووە. کە خواردنەکە ئامادەبوو، (کەتایۆن) و (شیدە) ش پەیوەندیان بە پیاوەکانەوە کرد، بەڵام من نەڕۆیشتم و بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە خۆم خەریککرد. هەر لەو میانەدا دەستێك، قاپێکی بە ڕاسەرمەوە ڕاگرت و دەنگێکی ئاشنا و تێخوڕانەم بیست کە گوتی بیگرە. ئاوڕم دایەوە. قاپەکەم نەگرت و گوتم حەزی لێناکەم، بەڵام بە تووڕەیی سەیرکردنەکەی ئەو وای لێکردم ڕازی بم و خۆم بە دەستەوە بدەم. گوتی "کاتێك هەموومان برسیمان بێت، تۆش برسیتە. فەرموو و شەرم مەکە ". پاشان بە هێواشی گوتی "بە یەکسانی و دادگەریانە دابەش کراوە. سەیری قاپەکەی منیش بکە ". پێکەنینم بە دابەشبوونی خواردنەکە هات، ڕێك ئەوەندەی یەك بوون. گوتم

Scanned with CamScanner

"ئومێدەوارم ئەم دادگەرییە هەمووجارێك بە كاربهێنێت ". ئەویش پێكەنی و گوتی "قسەكەی خۆمم پێ دەڵێیتەوە؟".

ئەو نەگەڕایەوە سەر مێزەكەو هەر لە سەر قەنەفەكە خواردنەكەی خوارد. كە یەكەم كەوچكم برد بۆ دەمم ئارەزووی خواردنم بزوا و بە حەزێكی زۆرەوە هەموو خواردنەكەم خوارد. ئەویش لەگەڵ من خواردنەكەی تەواوكرد. هەستام بۆ ئەوەی قاپەكان بەرمەوە بۆ ئاشپەزخانە و ئەوەی ئەویشم هەلگرت، بەلام نەیهێشت ببەم. گوتم "دەمەوێت ڕەفتارێكی دادگەریانە ئەنجامبدەم. جەنابت هێنات منیش دەیبەمەوە ". چاو و لێوەكانی پێ دەكەنین. قایل بو و من قاپەكانم بردەوە بۆ ئاشپەزخانە. (كەتایۆن) و (شیدە) ش قاپەكانی تریان كۆكردەوە. (ئاغای قودسی) نەیهێشت (شیدە) ئیشبكات و خۆی یارمەتی من و (كەتایۆن) ی دا. ئەو ڕوویكردە من و (كەتایۆن) و پرسی "حەزتان لە چا نییە ؟ ". (كەتایۆن) بە سەرسوڕمانەوە گوتی "دەتەوێ چا لێنێیت ؟ ". گوتی "بەڵێ ". (كەتایۆن) بە منی گوت "چایەك (كاوە) لێینێت و تێیكات خواردنیشی خۆشە. برا تەمەڵەكەی من زیرەك بووە ". (كاوە) گوتی "یەكەمین هەنگاو بۆ ڕێزلێنان لە زەحمەت و ئەزیەتی خانمەكان" مەگەر ئێوە خانمەكان پێتان خۆشنییە پیاوەكان لە ماڵەوەش ئیشبكەن ؟ من دەمەوێت خۆمڕابهێنم ". گوتم "خۆزگەم بە هاوسەرەكەت ". (كەتایۆن) دای لە قاقای پێكەنین و گوتی "وا چاكتر نییە كە یەكەجار (كامەران) ناچاربكەیت خۆی ڕابهێنێت ؟ ". گوتم "كاتی خۆی هات، ئەویش خۆی فێردەكات نیگەران مەبە ". كاتێك ئەو بە سینییە چاییەكەوە ئاشپەزخانەكەی بەجێهێشت، (كەتایۆن) گوتی "پێمووایە میوانەكەی دڵی (كاوە) گەشتۆتەجێ. تۆ لەو بڕوایەدا نیت ؟ ". شانم هەڵتەكاند و گوتم "كەس سەر لەكاری پیاوەكان دەرناكات، لەوانەیە تۆ ڕاستبكەیت و لەوانەشە بیەوێت تەنها خۆی ڕابهێنێت ". گوتی "من براكانم چاك دەناسم. (كامەران) لەو جۆرە كەسانەیە كە زۆر زوو جێگای خۆی لە دڵی كەسانی تردەكاتەوە. ئەو بە هۆی ئەو ڕەفتارە گاڵتەجارییەی كە هەیەتی لایەنگری زۆری هەیە، بەلام (كاوە) بێدەنگ و ئارامەو بە ئاسانی كەس لە ناخ و دەروونی تێناگات. لاموایە ئەوە یەكەجارە لە ماڵەوە ئیشدەكات. نەك بڵێم ئەو مرۆڤێكی ملهوڕە، نەخێر، بەلام ڕەفتاری ئەو بەشێوەیەكە، كە

Scanned with CamScanner

بەبێخواست و ئیرادە هەستی دڵسۆزی مرۆڤ دەبزوێنێت و مرۆڤ بە دڵپاکییەکەوە ئیشی بۆ دەکات. ئەو تینووی میهرەبانی و خۆشەویستییەو بەباشی ڕێز لە خۆشەویستی دەگرێت، بەڵام زمانی دەربڕینی نییە. هەمیشە گوێگرێکی باش بووە و هیچ کاتێك لە بارەی هەست و سۆزی خۆیەوە لەگەڵ کەسدا قسەینەکردووە. خواوەند ئەوی بۆ فیداکاری و لەخۆبوردەیی دروستکردووە. من دەترسم ئەو عاشق بووبێت و بیەوێت بیشارێتەوە. بۆ ئەو زۆر دژوارە کە باسی هەست و سۆزی خۆی بکات، بەڵام لە ڕەفتارەکانی دەرك بە هەست و سۆزەکەی دەکرێت. بەداخەوە کە ئەو کۆمەڵگایە ئەو جۆرە کەسانە پەسەندناکات و زۆربەی کچەکان لایەنگری ئەو پیاوانەن کە هەست و سۆزەکانیان هەمیشە لە سەر زمانیانە ". (کەتایۆن) کەمێك بێدەنگ بو و چووە ناو فیکرەوە. گوتم "دەکرێت بە لێکدانەوە بزانین عاشقی کێیە ؟ ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "ئەگەر هەردووکیان یەك هەستیان هەبێت بەڵێ، دەکرێت لێکبدرێتەوە. هەندێکجار سەیرکردنێك، مانا و واتایەکی زیاتر لە دەربڕینی هەیە. ئەو شتەی کە بەسەیرکردن دەکرێت لێیتێبگەی، بە دەربڕین هەرگیز مومکین نییە ". گوتم "کەواتە دەبێ دوعای ئەوە بکەیت کە ئەو کچەی براکەت حەزی لێیەتی لە هەست و سۆزەکانی تێبگات و بە هۆی ڕەفتارەکانی پەی بە عەشقەکەی ببات ". ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو بە دانلێوی خوارەوەی گرت و سەری جووڵاند و پشتگیری لە گوتەکەم کرد. کاتێك لە ئاشپەزخانەکە چووینە دەرەوە، (کاوە) جگەرەی دەکێشا و سەیری تابلۆی ئەو کچە قەرەجەی دەکرد کە لە بەرامبەری بوو. (کەتایۆن) ئەوی لە ناو فیکرو خەیاڵ دەرهێناو گوتی "من و (مینا) لە میوانداریەکەی تۆ بێبەش بوین. چا بۆ ئێمەش دەهێنیت؟". (شکوە خانم) ویستی هەستێت، بەڵام (کەتایۆن) داینیشاند و گوتی "من حەزدەکەم براکەم چام بۆ بهێنێت ". (کاوە) بە لالێوێکەوە پێکەنی و بە پیاڵە خاڵییەکانەوە چوو بۆ ئاشپەزخانە. (کەتایۆن) یش لەگەڵی ڕۆیشت. هێنانی چاکە درێژەی خایاند، بەڵام کاتێك گەڕانەوە گۆناکانی (ئاغای قودسی) سوور هەڵگەڕابوو. پیاڵەیەك چای لە بەردەمم داناو بەگوتنی فەرموو، گەڕایەوە بۆ سەر جێگاکەی خۆی و (کەتایۆن) یش لە تەنیشتمەوە دانیشت. بە هێواشی گوتم "تەنها

Scanned with CamScanner

ئەتویست (ئاغای قودسی) ببەیتە ئاشپەزخانەکەوە ؟ ". گـوتی "نیـازی ئـازاردانیم نـەبوو، قسەی تایبەتیم لە گەڵی هەبوو".

ڕووخساری (ئاغای قودسی) وردەوردە ڕەنگی دەگۆڕاو خەم و خەفـەت جێیدەگرتـەوە. لـە بەر خۆمەوە گوتم - لەوانەیە هێنانی چا بۆ قوتابی، بۆ ئەو ناخۆش بێت و پێی شەرمەندەیی بێت - کەمێك پاشتر ئاماژەیەکم بۆ دایکم کرد کە بڕۆین. ئەویش ئاماژەی بۆ باوکم کـرد و هەرسێکمان هەستاین. هەستانی ئێمە ئەوی ڕاچڵەکاند و ڕووی کردە باوکم و پرسی "بۆ کوێ دەچن ؟ هێشتا سەرەتای شەوە ". باوکم گوتی "ئەزیەت کەمدەکەینەوە. هەم ئێوە مانـدوون و هەم ئێمەش ". گوتی "، بەڵام هەموومان بـە تـەواوی پـشووماندا، تکایـە بمێننـەوە ". (شیدە) خۆی هەڵقورتاندە ناو قسەکانەوەو گوتی "ئێمە پشوومانداوە نەك جەنابت. جـەنابت لە هەموومان مانـدووتری و ئاسـەواری ئـەم ماندوویەتییـەش بـە ڕووخـسارتەوە دیـارە ". دەیویست قسەبکات کە باوکم بۆ خواحافیزی دەستی درێژکرد و ئەویش بە ناچارییەوە دەستی باوکمی گووشی. کە لە ماڵی ئەوان چـووینە دەرەوە بـە گـوتنی (شـەوێکی شـاد) لـە یـەك جیابووینەوە.

یەکسەر چوومە ژوورەکەم بۆ ئەوەی وانەکانی بەیانی قوتابخانە ئامادە بکـەم، لـە هـەمان کاتدا چرای ژوورەکەی ئەویش داگیرسا. بەرناکەم ڕێکخست. هەم پـەردەی ژوورەکـەی مـن و هەم پەردەی ژوورەکەی ئەویش لادرابوویەوە. ویـستم پەردەکـە دادەمـەوە کەچـی گـیر بـو و هاوکات ئەویش ویستی پەردەی ژوورەکـەی داداتـەوە کـە ئـەویش گـیر بـو و دانەدرایـەوە. هەوڵدانی بێئاکام بووە هۆی ئەوەی کە هەردووکمان پێبکەنین و دەست لە کۆشش هەڵگرین و پەردەکانمان بە هەمان شێوە وازلێهێنا.

پەنام برد بۆ جێگاکەی خۆم و چاوم لێکنا، بەڵام بۆنی گوڵی نێرگزەکـە چـاوانمی کـردەوە. ئەوم بینی کە لەتەنیشت پەنجەرەکە وەستاوەو سەیری هەردوو ژوورەکە دەکـات. کاتێـك کـە زانی تەماشای دەکەم بەڕوومدا پێکەنی و ڕۆیشت. لە سەر جێگاکەم دانیشتم و سەیری ئـەو شوێنەم دەکرد کە ئەو لەوێ ونبو و نەما، بەڵام ئەو ئیتر نەهاتەوەو منیش چوومە ناو فیکرو خەیاڵەوەو خەوملێکەوت.

((بەشـــــــــی ٢٢ ))

بـەیانی رۆژی شـەممە، کـە دەچـووم بـۆ قوتابخانـە، کاتێـک لـە مـاڵ چـوومە دەرەوە، ئوتۆمبێلەکەی کاک (مەحمود) وەستابوو و (دایەخان) لێیدابەزی. رووومـەتیم ماچکرد و بـە خێرهـاتنمکرد. کـاک (مـەحمود) لێیپرسـیم "بـۆ قوتابخانـە دەچیت؟ ". گـوتم "بـەڵێ ". (دایەخان) دەرگای ئوتۆمبێلەکەی کردەوەو گوتی "سـەرکەوە ، (مـەحمود) دەتگەیـەنێت ". دەمویست ڕازینەبم، بەلام (دایەخان) پێیداگرت و سەریخستم و گوتی "شەرم مەکە (مەحمود) یش برای تۆیە. نابێ شەرم لە برا بکەیت ! ".

کاک (مەحمود) بەڕێکەوت. بە بێـدەنگی سـەیری شـەقامم دەکـرد. ئـەو بێدەنگییەکـەی شکاندو پرسـی "دەنگوباسـی موسـافیرەکانی هیندوسـتان؟ ". گـوتم "باشـن ، سـەلامتان لێدەکەن". بـە خەمبارییـەوە گـوتی "سـەلامەت بـن. بـۆ نـەورۆز ناگەڕێنـەوە ؟ ".گـوتم "بڕیاروایە، بەلام هێشتا بە تەواوەتی دیارنییە ". پرسی "(فەرەیدون) یش ئەوسـاڵ خوێنـدن تەواودەکات و دەگەڕێتەوە. (مەرسدە خانم) بە تەنها لـەوێ دەمێنێتـەوە؟ ". گـوتم "بـەڵێ، هەڵبەت منیش پەیوەندی پێوەدەکـەم و ئـەو بـە تـەنهایی نامێنێتـەوە ". بـە لالێوێکـەوە پێکەنی و گوتی "بەڵێ، ڕاستدەکەیت. فەرامۆشمکرد کە تۆش دەچیت، بـەلام لـەو بڕوایـەدا نیت کە دەکرێت لە زانکۆکانی ولاتی خۆشماندا بخـوێنن و بڕوانامـەوەرگرن ؟ ". پێکـەنیم و گوتم "بە دڵنیاییەوە دەکرێت، بەلام بەداخـەوە خوازیـار زۆرە و زانکۆکـەم. هـەموو سـاڵێک ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان لە زانکۆ وەرناگیرێن و دەمێننەوە بۆ نمونە وەک (مەرسـدە) کـە

ناچاردەبن کۆچ بکەن و بەختی خۆیان لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات تاقیبکەنەوە ". بە گوتنی (ڕاستدەکەیت) درێژەیپێدا و گوتی "دەمویست تکاتلێبکەم کە هەر کاتێک نامەت نووسی، سەلامی منیشیان پێڕاگەیەنیت. من هەر کاتێک تۆ دەبینم وەک ئەوە وایە کە (مەرسدە خانم) م دیبێت، بەلاّم خۆزگە یەکێکیشم لە هاوشێوەی (فەرەیدون) دەدۆزیەوەو کەمتر دڵتەنگ دەبووم ". پێکەنیم و گوتم "بەهار نزیکەو بەم زووانە بە دیداری یەکتر شاد دەبن ". لە نزیک قوتابخانە دابەزیم. کاتێک خواحافیزیم لێکرد گوتم "خۆ ئەمشەو لە ماڵی ئێمەیت، وانییە؟ ". سەری ڕاوەشاند و گوتی "بە ئومێدی خوا ".

دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کاک (مەحمود) م داخست. لە هەمانکاتدا ئۆتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی) ش هاتە حەوشەوە. بیرکردنەوە سەبارەت بە کاک (مەحمود) سەرقاڵیکردم. لە بەرخۆمەوە گوتم - ئایا ئەو (مەرسدە) ی خۆش دەوێت ؟ ئایا لاوازی و ڕەنگ بزرکاوییەکەی بە هۆی دووری (مەرسدە) وەیە ؟، بەلاّم (مەرسدە) ئەوی خۆشناوێت ! ئایا عەشقی کاک (مەحمود) بێئاکام دەمێنێتەوە ؟ - .

لەگەڵ بیستنی دەنگی (مەریەم) کە گوتی (هۆ کچێ ! ئەوە خەیاڵت لە کوێیە ؟) ڕاچڵەکام و سلاّومکرد. گوتی "هێشتا نەگەشتوویتەجێ دیسان چوویتە ناو فیکرو خەیاڵەوە. هیچ بووە ؟ ". گوتم "نەخێر، هیچ نەبووە ". گوتی "دوێنێ دوو جار تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەتان کرد، بەلاّم کەس وەلاّمی نەدامەوە. لە کوێ بووی؟". گوتم "ڕۆیشتبووم بۆ (ئابعەلی)". ڕووخساری گەشایەوەو گوتی "پەح پەح، خۆزگەم بەتۆ. منی بەدبەختیش دوێنێ بە تەنها لە ماڵەوە بووم و سەرقاڵی شیکارکردنی هاوکێشەیەکی ئەندازەیی بووم و سەرەنجامیش سەرنەکەوتم. تەلەفۆنم کرد، یارمەتیم بدەیت، بەلاّم تۆش لە ماڵ نەبوویت. ئەگەر دەکرێت تا زەنگ لێنەدراوە بۆم شیکار بکەیت". گوتم "ئەگەر بتەوێ، دەتوانی لە دەفتەرەکەی منەوە بینووسیتەوە". ڕازینەبو و گوتی "نووسین و تێنەگەیشتن بەکەڵک نایەت. حەزدەکەم باسیبکەیت و بۆم ڕوونکەیتەوە ". گوتم "هەر چۆنێک خۆت پێتباشە. کەواتە خێراکە، چونکە کاتی زۆرمان بە دەستەوە نییە ". پێکەوە ڕووەو پۆل ڕامانکرد و من بە پەلە دەفتەرەکەمم دەرهێناو دەستبەجێ دەستمکرد بە شیکارکردنی هاوکێشەکە. چەند

Scanned with CamScanner

قوتابییەکی تریش، کە هاوکێشەکەیان بە شیکارکراوی لە سەر تەختەڕەشەکە دی، بە خۆشحاڵییەوە دەستیانکرد بە نووسینەوەی. (سەدری) ش هاتە ژوورەوەو ئەحواڵپرسیمان لەگەڵ یەکتر کرد. بە نیسبەت قوتابییەکانەوە ڕەفتاری من و ئەو سەرنجڕاکێش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ کاممان ڕووداوەکەی ژووری مامۆستایانمان نەدرکاندبوو، بەڵام لە بەر ئەوەی هەموویان دەیازانی کە ئەوهۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو قسەوقسەڵۆکانە بووە، سەریان سوڕدەما کە من لە باتی ئەوەی گوێی نەدەمێ بۆچی بەو گەرموگوڕییەوە قسەی لەگەڵدەکەم.

لێمپرسی "تۆ ئەو هاوکێشەیەت شیکارکردووە؟ ". پێکەنی و گوتی "هیچیانم شیکارنەکردووە " چونکە سەرلەوانەی ئەندازەدەرناکەم ". یەکێك لە قوتابییەکان بە شۆخییەوە گوتی "لاموایە چاك سەرلەوانەکانی تر دەردەکەیت ". بە توڕەییەوە ئاوڕیدایەوە بۆ لای و بە گوتنی (تکایە بێدەنگبە) داوایلێکرد کە چیتری لەسەرنەڕوات. گوتم "توڕەمەبە، دانیشە تا بۆتی ڕوونکەمەوەو شیکاریکەم ". لە نیوەی نووسینەکەدا بووین کە زەنگلێدرا. قوتابییەکانی تریش هاتنەژوورەوەو بە پەلە دەفتەرەکانیان کردەوە. کاتی وانە دەستپێکردبوو. کاتێك بۆ شتنی دەستم لە پۆل چوومە دەرەوە مامۆستاکان دەچوونە پۆلەوە. دەستم شت و بۆ هێنانی دەفتەری ئامادەبوونی قوتابییان، چوومە ژووری مامۆستایانەوە. تەنها (ئاغای قودسی) و (خانمی فەسیحی) لەوێ مابوونەوە. سڵاو و بەیانی باشم لێکردن. (خانمی بەڕێوەبەر) وەڵامی سڵاوەکەمی دایەوەو پرسی "ئەمڕۆ درەنگ هاتی؟ ". خەریکی باسکردنی هۆکاری درەنگ هاتنەکەم بۆ (خانمی بەڕێەبەر) بووم کە ئەوان دووانی چوونە دەرەوە. (خانمی بەڕێوەبەر) بە خۆشحاڵییەوە گوتی "تۆ کچێکی باشی و لە بەرئەوەی کە یارمەتی هاوڕێکانت دەدەیت سوپاستدەکەم "و دەفتەری ئامادەبوونەکەی لەبەردەمم دانا. سوپاسمکرد و هاتمە دەرەوە. کەس لە ڕێڕەوەکە نەبوو. کە دەرگای پۆلم کردەوە بە بینینی (ئاغای قودسی) کە لە تەنیشت تەختەڕەشەکە وەستابوو، سەرمسوڕما، بەڵام ئەو بە لەسەرخۆیی وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە و پرسی "تۆ ئەم هاوکێشانەت شیکار

کردووە ؟ ". گوتم "بەڵێ". گوتی "فەرموو دانیشە ". هاوکات لە گەڵ سڕینەوەی تەختەڕەشەکە گوتی "مامۆستاکەتان مۆڵەتی وەرگرتووەو ڕۆیشتووە و لە باتی ئەو من ئەم وانەیە دەڵێمەوە ". (فروغی) لێیی پرسی "ئەی ئەدەبیات؟". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "نیگەرانی ئەدەبیات مەبە، ئەدەبیاتیش هەر خۆم دەیڵێمەوە "و لە (فروغی) پرسی "ئامادەبوونی قوتابیان تۆمارکراوە ؟ ". (فروغی) تەماشای منی کرد. زانیم کە لە کاتی وانەی بیرکاریشدا (فروغی) دەبێت بە چاودێر. گوتم "نەخێر "و دانیشتم. لە بەر خۆمەوە گوتم - ئەمڕۆ تەنها وانەیەك نەبێت، هەموو وانەکانی تر ئەومان لەگەڵە - . (ئاغای قودسی) لە سەر تەختەڕەشەکە وێنەی دەکێشاو هاوکێشەکەی دەنووسی. دەستیپاککردەوەو دەستیکرد بە باسکردنی هاوکێشەکە. تێگەیشتنی هاوکێشەکە بۆ قوتابییەکان زۆر ئاسان بوو بو و وەڵامی پرسیارەکانی (ئاغای قودسی) یاندەدایەوە. شوێنەواری ڕەزامەندی بە رووخساریەوە دیاربوو. وانەکە تەواو بوو، ڕوویکردە قوتابییەکان و گوتی "ئەگەر گیروگرفتێك هەیە، بیخەنەڕوو ".

(ئاغای قودسی) لەو کاتەدا تەماشای منی کرد و لە بەرئەوەی کە ڕووبەڕووی بێدەنگی قوتابییەکان بوویەوە، بە (فروغی) گوت "برۆ بە (خانمی فەسیحی) بڵێ من ئامادەم ". (فروغی) لە پۆل چووە دەرەوە و (ئاغای قودسی) ش هەنگاو بەرەو دواوەی پۆلەکە هات و لێیپرسیم "وانەی داهاتوو چیتان هەیە ؟". گوتم "خۆشنووسی ". پرسی "ئەی دوای ئەو ؟ ". گوتم "بیرکاری ". سەری ڕاوەشاند و لە هەمانکاتدا (فروغی) هاتەژوورەوەو خۆیگەیاندە (ئاغای قودسی) و گوتی "(خانمی فەسیحی) ئێستا دێت ". سوپاسی (فروغی) کرد و ئەو گەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی. (ئاغای قودسی) جارێکیتر ڕوویکردە من و گوتی "فەرامۆشی نەکەیت لە کاتی وانەی خۆشنوسی دەرگای پەرتووکخانەکە بکەیتەوە ". لە دەرگای پۆل دراو (ئاغای قودسی) بۆکردنەوەی دەرگاکە بەڕێکەوت و بەگوتنی (ئەگەر لە وانەکە تێناگەن، پرسیار لە (ئەفشار) بکەن) پۆلەکەی بەجێهێشت. یەکێك لە قوتابییەکان گوتی "خوا بە خێری تێپەڕاند. ئەگەر (ئەفشار) ئامادەی نەکردبایین ئابڕوومانەدەچوو ".

Scanned with CamScanner

یەکێکی تر گوتی "دەکرێت داوا لە (خانمی موتتەقی) بکەین کە لە کاتی وانەی خۆشنووسی (تەفشار) هاوکێشەکانمان بۆ شیکاربکات و تێمانبگەیەنێت؟ ". ئەوانیتریش ڕازیبوون.

لە کاتی وانەی خۆشنووسی (خانمی موتتەقی) ڕازیبو و منیش چوومە لای تەختەڕەشەکە بۆ وانەکەیان بۆ ڕوونبکەمەوە. (خانمی موتەقی) ش دەفتەری شیعرەکانی منی وەرگرت و دەستیکرد بە خوێندنەوەی. ئەو کاتژمێرەو کاتی پشوودانیش هەر بە شیکارکردنی هاوکێشەکان تێپەڕی و من فەرامۆشمکرد کە پەڕتوکخانەکە بکەمەوە. کە زەنگلێدرا، (مەریەم) گوتی "(تەفشار) ! فەرامۆشتکرد کە پەڕتوکخانەکە بکەیتەوە". خێرا دەستم پاککردەوەو گوتم "ئەیهاوار! ڕاستدەکەیت "و بە پەلە پۆلم بەجێهێشت. کردنەوەی پەڕتوکخانەکە سوودی نەبوو چونکە پۆلی شەشەمەکان ئەو کاتە کە ویستیان کەڵک لە پەڕتوکخانەکە وەرگرن من نەمکردەوە. بە هەرحاڵ ڕۆیشتمە سەرەوەو پەڕتوکخانەکەم کردەوە، لە بەر ئەوەی کە ئەگەر (ئاغای قودسی) سەرزەنشتیکردم، لە پەڕتوکخانەکە بم نەك لە پۆل. کەمێك چاوەڕێمکرد پاشان پەڕتوکخانەکەم داخست و چوومە خوارەوە. گومانم نەدەکرد کە هاتبێتەوە، چونکە قوتابییەکان دیبوویان کە لەگەڵ (خانمی فەسیحی) لە قوتابخانە ڕۆیشتووەتە دەرەوە، بەڵام ئەو لە پۆل بوو. مۆڵەتم لێوەرگرت کە دانیشم. لێی پرسیم "لە کوێ بووی ؟ ". گوتم "لە پەڕتوکخانە ". گوتی "بە بێ قوتابی پەڕتوکخانە سوودی نییە، چ کرابێتەوەو چ داخرابێت ". گوتم "بەڵێ ڕاستە ". دەنگی زەنگ نەیهێشت کە درێژە بە قسەکانم بدەم. گوتی "پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات قوتابییەکان بۆیان باسکردووم ". بە هێواشی گوتم "داوای لێبوردن دەکەم". ئیتر هیچی نەگوت و ئاماژەی بۆ تەختەڕەشەکە کرد و گوتی "ئێستا، کە لە تەنیشت تەختەڕەشەکە وەستاوی ئەم هاوکێشانە شیکار بکە ". ڕق و کین گەروومی گرتبوو، بەڵام هاوکێشەکانم شیکارکرد. دەمویست لە سەر جێگاکەم دانیشم کە گوتی "تەختەکەش بسڕەوە ". فەرمانەکەیم جێبەجێکرد. ئەو بەبێ گوێدانە من ڕووی کردە قوتابییەکان و گوتی "ئەم هاوکێشانە وەك یەك وان و لە شیکارکردنیاندا وردو وریا بن. وانەی داهاتوو تاقیکردنەوەی ئەم هاوکێشانەتان هەیە ".

Scanned with CamScanner

یەکێك مۆڵەتی خواست و پرسیاری کرد. (ئاغای قودسی) خۆی گەیاندە ئەو و وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە. ماندوو بووبووم. ماوەی سێ کاتژمێر دەبوو کە لە سەر تەختەڕەشەکە نموونەم بۆ قوتابییەکان شیکاردەکرد. قاچەکانم هێزیان تێدا نەمابوو، بەڵام ئەو بە بێ گوێدانە من بە وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەکانەوە خەریکبوو. زانیم کە وەك سزادانێك ئەوەندە منی لەوێ ڕاگرتووە و دەبێ هاوکێشەکان بنووسم و لاموایە قوتابییەکانیش هەستیان بەوە کردبو و بە دڵسۆزییەوە سەیریاندەکردم. کاتی وانەکە لە تەواوبووندا بوو، ئینجا پێی گوتم دانیشە. ئەوەندە لەو کردارەی تووڕەبووبووم کە حەزمدەکرد دەرگای پۆلەکەم کردبایەتەوەو ڕامکردبایە. کاتێك دانیشتم، (مەریەم) بە گوتنی (توڕە مەبەو پێشتناخۆش نەبێت، هەر ئەوەندە تێدەگات) دڵنەوایی نەدامەوە. گوتم "تۆڵەی لێدەکەمەوە. دەشیبینی ! ". ئەو ڕەفتارەی ئەو تووشی سەرسامی کردبووم. ئایا لەبەر نەکردنەوەی پەڕتوکخانەکە دەبوایە بەو شێوەیە سزابدرێم ؟

کاتی پشوودان (مەریەم) چوو بۆ حانوت چیپس بکڕێت. لەو ڕۆژە تاڵ و ناخۆشە بەدواوە ئیتر من نزیکی ئەو حانوتە نەبوومەوە. هەر کاتێکیش هەرچیمان ویستبایە، (مەریەم) بە تەنها دەڕۆیشت و دەیکڕی. یەکێك لە قوتابییەکان ڕووەو من ڕای کرد و گوتی "(ئاغای قودسی) لە بەردەم دەرگای پەڕتووکخانە وەستاوەو چاوەڕێیە. کلیلی پەڕتوکخانەکە بەرە و دەرگاکە بکەرەوە ". چیپسەکەی خۆمم دا بە (مەریەم) و بە ڕاکردن بەرەو پەڕتوکخانە بەڕێکەوتم. کاتێك لە پلیکانەکان سەرکەوتم، بینیم کە کارتۆنێکی لە سەردەست بوو. ویستم خێراکەم و بە پەلە بڕۆم، بەڵام پاشگەز بوومەوە ! کاتێك بینی کە من هێواش هێواش هەنگاو دەنێم و هەوڵ نادەم زووتر بیگەمێ، لە تاو توڕەیی چاوی نووقاند بۆ ئەوەی شێوازی ڕێکردنەکەم نەبینێت. کاتێك گەیشتمە لای، کلیلەکەم دەرهێناو دەرگاکەم کردەوە. جموجوڵە هێواش و لە سەرخۆکانی من وەڕەزی کردبوو. ماوەی نێوان دەرگای هۆڵەکە تا لای دەرگای پەڕتوکخانەکەشم هەر بە هێواشی بڕی، بەڵام ئەو خێرا خۆی گەیاندبووە لای دەرگای پەڕتوکخانەکەو چاوەڕێیدەکرد. کاتێك زانی بە ئەنقەست وادەکەم، بەتوڕەیی یەوە گوتی "خێراکە ! نابینی کارتۆنێکی قورسم پێیە؟ ". هیچ خۆم تێکنەداو بە هەمانشێوە دەرگای

Scanned with CamScanner

پەڕتوکخانەکەشم کردەوەو ئەو چووە ژوورەوە. ئەو شێوازی ڕەفتارەی من زۆر بە لاوە سەیر بو و پرسی "گوێت لێبوو چیمگوت؟ ". گوتم "بەڵێ، گوێم لێبوو. ئێستا دەتوانم بڕۆم؟". کارتۆنەکەی لە سەر مێزەکە داناو بە توڕەییەوە وەڵامی دامەوە "نەخێر، ناتوانی بڕۆیت ". لە تەنیشت دەرگاکە وەستام و هەر دوو دەستم خستە بن باڵم. ئەم کردارەشم ئەوەندەی تر توڕەیکرد و گوتی "مەبەستت لەم کردارانەت چییە؟ ". شانم هەڵتەکاندو گوتم "هیچ ماموستا. هیچ نییە ". بە دان لێوی گەست و سەری کارتۆنەکەی کردەوەو دوو پەڕتوکی دەرهێناو گوتی "ناوی ئەم پەڕتوکانە لە لیستەکەدا بنووسە! ". گوتم "بە سەر چاو ماموستا، هەرچی جەنابت بفەرموویت ماموستا ". لە ڕووخسارم ڕاماو گوتی "ئاگری تۆڵە سەندنەوە لە چاوانتدا بڵێسەی سەندووە، بەڵام کەی دادەمرکێتەوە، نازانم ". بە بێدەنگی وەستابووم. لێیپرسیم "یادداشتیان ناکەیت؟". لە سەر کورسییەکە دانیشتم و ناوی پەڕتوکەکانم لە لیستەکەدا نووسی.

بە بێدەنگی سەرقاڵی کارەکانمان بووین. کاتێك دوایین پەڕتوکیشی خستە ناو ڕەفەکەوە پرسی "هێمن بوویتەوە ؟ ". سەیریم نەکردو وەڵامی پرسیارەکەیم نەدایەوە. گوتی "ئەوە بێ ئەدەبییە ئەگەر کەسێك پرسیاری لێکردی و وەڵامی نەدەیتەوە ". دیسانەوە بێدەنگبووم. مستێکی کێشا بە سەر مێزەکەدا و گوتی "گوێت لێبوو چیمگوت ؟ ". بە ئارامی و لە سەر خۆیی گوتم "بەڵێ ماموستا ". لە ووشەی (ماموستا) زۆر توڕە بوو و گوتی "ئەوەندە مەڵێ، بەڵێ ماموستا، بەڵێ ماموستا، تێگەیشتی؟ ". گوتم "بەڵێ ماموستا ! ". لە سەر مێزەکە دانیشت و هەوڵیدەدا کەمێك هێمن ببێتەوە گوتی "من نازانم ئەو ڕەفتارەی تۆ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە "بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت کە من ماموستای تۆم و ڕێگەت پێنادەم بەم شێوەیە ڕەفتاربکەیت ". گوتم "بەڵێ ماموستا ". هەردوو دەستی خستە ناو یەك و لە ڕووخسارم ڕاماو گوتی "چونکە خۆت پێتخۆشە، منیش هیچ قسەیەکم نییەو بەو شێوەیە ڕەفتارت لەگەڵ دەکەم کە شایانی تۆیە. ئێستا دەتوانی بڕۆیت ". هەستام و گوتم "بە سەر چاو ماموستا ". سەری ڕووەو ئاسمان بەرز کردەوەو توڕەیی یەکەی خواردەوە.

Scanned with CamScanner

هێشتا لە پەرتووکخانەکە نەرۆیشتبورمە دەرەوە کە (ئاغای ئەدیبی) و (خانمی بەڕێوەبەر) هاتنە ناو هۆڵەکەوە. (خانمی بەڕێوەبەر) لێیپرسیم "نیشت تەواو بوو ؟ ". گوتم "بەڵێ ". (ئاغای ئەدیبی) بە ڕووما پێکەنی و پرسی "(ئاغای قودسی) لە کوێیە ؟ ". ئاماژەم بۆ پەرتوکخانەکە کرد. کاتێك ئەوان چوونە پەرتوکخانەکەوە، (ئاغای قودسی) لە پشتی مێزەوە دانیشتبو و سەیری دەرگاکەی دەکرد. (خانمی بەڕێوەبەر) بە ئیشارەت تێیگەیاندم کە بچمە ژوورەوەو دانیشم. بە شۆخییەوە لە (ئاغای قودسی) پرسی "لە ئیشوکاری سکرتێرەکەت ڕازیت ؟ ". (ئاغای قودسی) بە ئاخ هەڵکێشانێکەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی "دەبێ بڵێم نەخێر. چونکە (خانمی ئەفشار) دەرفەتی ئەوەی نییە ئیشوکاری پەرتوکخانەکە بەڕێوەبەرێت". (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی "لە ڕاستیدا (ئەفشار) ئیش و کاری زۆرە. هەم چاودێری پۆلە هەم یارمەتی قوتابییەکان دەدات و هەمیش پەرتوکخانەکە بەڕێوەدەبات ". (ئاغای ئەدیبی) پشتگیری لە قسەکانی کرد و گوتی "هاوکاری ئازیز، لەوانەیە تۆ لە ڕادە بەدەر چاوەڕێی ئیشوکار لەو بکەیت. وانییە؟ ". (ئاغای قودسی) سەری جوولاندو گوتەکەی ئەوی ڕەتکردەوە.

(خانمی بەڕێوەبەر) قسەکانی گۆڕی و گوتی "ئێمە هاتووین کە گوێ لە بیروڕاکانی تۆ بگرین ". (ئاغای قودسی) هەستاو گوتی "هەروەکو دەزانن، ژمارەی پەرتوکەکان زۆرەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر دەبێت و بە هەمان ڕێژەش ژمارەی خوێنەرانی پەرتوك لە زیادبووندایە، بەڵام بەداخەوە شوێنەکە بۆ خوێندنەوە گونجاونییە و پەرتوکخانەکە بچووکە. دەمویست پێشنیازی ئەوە بکەم کە بەشێك لە هۆڵەکە وا بەتاڵەو کەڵکی لێوەرناگیرێت، تەرخانیبکەین بۆ پەرتوکخانەکەو لێکیانبدەین ".

(خانمی بەڕێوەبەر) لە دیوارەکە ڕاماو گوتی "؛ بەڵام لابردنی ئەو دیوارە پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە و خۆشتان دەزانن کە ئەوەندە بودجەمان نییە ". (ئاغای قودسی) پشتگیری لە قسەکەی ئەو کرد و گوتی "ئێمە دەتوانین لە یارمەتی دارایی باوك و دایکی قوتابییەکان کەڵکوەرگرین ". (ئاغای ئەدیبی) ش وەك کارناسێکی بیناسازی چاوێکی خشاند بە دیوارەکەداو سەیرێکی هۆڵەکەشی کرد و گوتی "ئەگەر ئەم کارە بچێتە بواری

پراکتیکییەوە پەرتوکخانەیەکی گەورە و خۆشی لێدەردەچێت. دەکرێ دوو ریز رەفەی تریشی بۆ زیاد بکرێت ". (خانمی بەرێوەبەر) هەناسەیەکی هەلکێشاو گوتی "بەڵێ، زۆر خۆش دەبێت ، بەلاّم هەروەکو پێمگوتن، پێویستمان بە بودجەیە. بڕواناکەم قوتابییەکان هاوکاریمانبکەن ". (ئاغای قودسی) گوتی "خۆت بابەتی گەورەکردنی پەرتوکخانەکە لەگەڵ قوتابییەکان باسبکە. ئەگەر هاوکارییان کردین و پارەیەکی باش کۆکرایەوە، ئەوا دەستبەکاردەبین، دەنا وازیلێدێنین ". (خانمی بەرێوەبەر) ئەو قسەیەی پەسەندکرد و پاشان لەگەڵ (ئاغای ئەدیبی) پەرتوکخانەکەی بەجێهێشت. (ئاغای قودسی) ش لە کاتی چوونە دەرەوە پێیگوتم "دەتوانین ئەو بەشەی هۆڵ لابەین و لەگەڵ پەرتوکخانەکە لێکیبدەین. پانتایی پەرتوکخانەکە سێ مەتر زیاتر دەبیت. سێ بە سێ دەبیت بە نۆ مەتر و ئەوەش زۆرە. ئەگەر قوتابییەکان هاوکاریمانبکەن، پاش پشووی جەژن، پەرتوکخانەیەکی گەورەتر و ئامادەترمان دەبێت. وانیە ؟". گوتم "بەڵێ ماموستا ". - بەڵێ ماموستا - کەی من دیسان کاریتێکرد و گوتی "تۆ چەند رقهەلگری کچێ! وامزانی فەرامۆشتکردووە ". من هیچم نەگوت. بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "زۆر باشە... هەروا کەللەرەق بە. سەرەنجام دەردەکەوێت کە تۆ براوە دەبیت یان من، بەلاّم ئەوەشت لە بیرنەچێ کە بە باوکت دەڵێم و لای ئەو گلەییت لێدەکەم "و پێش من هۆڵەکەی بە جێهێشت و چاوەڕێی قفلکردنی دەرگاکەی نەکرد و لەپلیکانەکان چووە خوارەوە.

لە هەمانکاتدا، (خانمی بەرێوەبەر) قوتابییەکانی لە حەوشە کۆکردەوەو باسی گەورەکردنی پەرتوکخانەکەی بۆ کردن و منی ڕاسپارد کە پارەکان کۆبکەمەوە.

کۆکردنەوەی پارەکە یەکەمجار لە ئەندامانی پەرتوکخانە دەستپێیکردو پاشان لە قوتابییەکان. چەند ڕۆژێك تێپەڕی، بەلاّم ئەو بڕە پارە دیاریکراوە کۆنەکرابۆوە بۆ ئەوەی کارەکە دەستپێبکرێت.

شەوێك، (کامەران) بۆ سەردانی باوکم هاتبوو بۆ ماڵمان. ئەو لە سەر پێشنیاری باوکم هاتبوو، چونکە باوکم تووشی کێشەیەکی یاسایی هاتبو و داوای لە (کامەران) کرد کە ڕێگا

چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەو باوکمی ڕێنماییکرد و لە دەرفەتێك کە ڕەخسا لێی پرسیم "دەنگوباسی پەڕتوکخانە؟ ". منیش بابەتی پەڕتوکخانەکەم بۆ باسکرد و ئاماژەشم بەوە کرد کە هێشتا ئەو بڕە پارەیە کۆ نەکراوەتەوە. پرسی "تا ئێستا چەندتان کۆکردۆتەوە ؟ ". بە تەواوەتی بڕی پارەکەم نەدەزانی.هەروا بە مەزەندە ژمارەیەکم گوت. دیسان پرسی "باشە، چەند پارەتان کەمە؟ ". گوتم "زۆر ". پێکەنی و گوتی "بۆ نموونە، چەند؟ ". گوتم "دەتەوێ پارەمتیمان بدەیت؟ ". گوتی "لەوانەیە ". گوتم "کەواتە بڕە پارەیەکی زۆر دەڵێم ". گوتی "چییە، دەتەوێ تووشی هەڵچوونم کەیت ". ناچاربووم ژمارەیەك بڵێم. بە بێئەوەی هیچ شتێك بڵێت، چەکێکی پارەی دەرهێناو دایەدەستم. ئەوەندە خۆشحاڵبووم کە چەندجارێك سوپاسم کرد. ڕووخساری بە پێکەنین گەشایەوەو گوتی "ئەگەر بتزانیبایە ئەو خۆشحاڵیەت چەند گرنگ و پڕبایەخە بۆم، بێگومان تەنها نیوەی بڕە پارەکەت نەدەگوت ". گوتم "مەبەستت ئەوەیە کە خەڵەتاوم". دای لە قاقای پێکەنین و گوتی "شتێك لەو بابەتە ". گوتم "کەواتە بۆ جارێکیتر لە بیرمبێت کە بڕە پارەکە هەمووی بڵێم ". چەکی پارەکەم هەڵگرت و خستمە ناو دووتوێی پەڕتوکەکان.

چرای ژوورەکەی (ئاغای قودسی) داگیرساو لە ماوەیەکی کەم پەنجەرەکەش کرایەوە و دەنگی ژنێك هات کە دەیووت (دڵم بۆ ئەو کۆڵانە تەنگ بووە. زۆربەی شەوان بیرو خەیاڵم لای ئەو کۆڵانەیە). حەزمدەکرد بزانم کێیە. لە پەنجەرەکە نزیکبوومەوەو (ئاغای قودسی) م لە تەنیشت کچێکی جوان و دڵڕفێن بینی کە لە پەنجەرەکەوە نوشتابوویەوە و سەیری کۆڵانی دەکرد. (ئاغای قودسی) ڕۆیشتە دواوە و پێیگوت "ئەو کۆڵانە لەو گەڕەکەدا بێهاوتایە. لەو گەڕەکە کۆڵانێکی ئاوا تەنگەبەر و باریك دەستناکەوێت. ئێستا، کە دیدارت تازەکردەوە پەنجەرەکە داخە بۆ ئەوەی سەرمات نەبێ". کچەکە پەنجەرەکەی داخست و (ئاغای قودسی) پەردەکەی دادایەوە.

لەو ساتانەدا کە بەبێویست و ئیرادە لەو کچە ڕامابووم، تەنها ئەوەندە تێگەیشتم کە ئەو، هەم ڕووخسارێکی ئەفسانەیی و هەم دەنگێکی دڵنشین و لە ڕادەبەدەر سەرنجڕاکێشی هەیە. گومانبرد کە لەوانەیە کچە مامی (ئاغای قودسی) بێت " ئەو میوانەی کە (شکوە خانم)

چاو لە ڕێگای بوو. کاتێك ژوورەوەم بە جێهێشت و ڕۆیشتمە خوارەوە (کامەران) بـە نیـازی ڕۆیشتن بوو، حەزم دەکرد بمتوانیبایە هەندێك زانیاری لێوەرگرم، بەڵام ئەو هەستا خواحافیزی کرد و ڕۆیشت و منیش نەمتوانی پرسیاری لێبکەم.

بیرمکردەوە لەوانەیە دایکم ئەوی دیبێت و بتوانێـت وەڵامـی پرسـیارەکانم بداتـەوە. لـێم پرسی "تۆ میوانەکـەی (شـکوە خـانم) ت دیـوە؟ ". گـوتی "بـەڵێ. کـچێکی زۆر جوانـە. هەرچەند زۆربەی کچە تورکەکان جوانن، بەڵام ئەو شتێکی تـرە ". گـوتم "نـەمزانیبوو کـە خێزانی (ئاغای قودسی) تورکن ". گوتی "ئەوان تورك نین. ئامۆژنەکـەیان تورکـە و جـوانی ئەو کچەش لە دایکی دەچێ. ئەویش ژنێکی جوانە ". پرسیم "تۆ ئەوانت لە نزیکەوە بینـی ؟ ". گوتی "بەڵێ. ئەمڕۆ من لە ماڵی (شکوە خـانم) بـووم کـە ئـەوان هـاتن. خێزانێکـی میهرەبان و ڕووخۆشن. ئەوان حـەزیانکرد لەگـەڵ ئێمـەدا هاتووچۆ بەقەراربکـەن و منـیش ڕازیبووم ". کۆتایی شەویش کە چوومە ژوورەکەم ئـەوان هێـشتا هـەر لـە ژوورەوە بـوون و دەنگیان دەبیسترا. حەزمدەکرد ئەو کچە سپی پۆشـە دەرکەوتبایـەو ئـەو دووانـەی پێکـەوە بدیایە. هەموو بیرو هۆشم لای ئـەو کـچەبوو کـە تـازە هـاتبووە گـۆڕێ و بـە جوانییەکـەی دەیتوانی ڕەقترین دڵ نەرمکات. نقومی خەیاڵات بووم. لە فیکرو خەیاڵمدا کۆشکێکی بەرزم لەگەڵ خەونە شیرینەکانی لاوێتی دروستدەکرد. حەزمنەدەکرد ڕووبەڕووی ڕاستی ببمەوەو لـە دەستی هەڵـدەهاتم. خـۆم سـیناریۆیەکم ڕێکخـست و بـە پێـی خواسـت و ئـارەزووی خـۆم ئەکتەرەکانم هەڵبژاردو ڕۆڵەکانیشیانم دیاریکرد. ئەو شتەی کـە لـە ڕاسـتیدا ئەسـتەم بـو و نـەدەگونجا، لـە خـەون و خەیاڵـدا بـە هەسـتپێکراوی دەردەکـەوت و گـوڕوتینێکی باشـی پێدەبەخشیم. ویستانە ڕۆڵی سەرەکیم بە (ئاغای قودسی) دەدا و دەمکردە پاڵـەوان و ڕۆڵـی بەرامبەرەکەشیم دەدا بە خۆم و کاتێك لێیدەڕەنجام، ڕۆڵە سەرەکییەکەم لێدەستاندەوەو دەمدا بە (ئاغای ئەدیبی ). زۆربەی ئەکتـەرەکان قوتابیـانی قوتابخانـە بـوون و (فروغـی) ش وەك هەمیشە ڕۆڵی ڕکابەری منی دەبینی. بە درێژایی داستانەکە من و (فروغـی) بەرامبـەر بـە

یەکتر لە خەباتی بێوچاندا بووین و لە ئاکامدا من و پاڵەوانی پیاوی داستانەکە سەردەکەوتین.

لەو داستانەدا کە ئەو شەوە نووسیم، ڕۆڵی ڕکابەرم بەو کچە بەخشی کە تازە هاتبو و تەنها لەپەنجەرەکەوە ڕووخسارەجوانەکەیم دیبوو. ئەو لە داستانەکەدا نەدەکوژرا، هەتا ئازاریشی پێنەدەگەشت بەڵکو خۆی بە تێگەیشتن لەوەی کە لەم مەیدانەدا هیچ جێگایەکی نییە دەچووە دەرەوە. (کامەران) هەمیشە بە خۆشحاڵی و ڕووخۆشی دەمایەوەو تا کۆتایی داستانەکە ڕۆڵی هاوڕێیەکی فیداکاری دەنواندو هەندێکجاریش زیاتر میهرەبان دەبووم بەرامبەری و ڕێمپێدەدا کە جێگای پاڵەوانی داستانەکە بگرێتەوە. ئەو ڕۆڵە خەیاڵاویانە هەندێکجار لە ڕاستیدا ڕوویاندەدا و منیان تووشی سەرسوڕمان دەکرد. (ئاغای قودسی) بە درێژایی سیناریۆکە پیاوێکی توڕەو وشك و ساردبوو، هەندێکجاریش لە بەرکۆنترۆلکردنی ئەو، ناچاردەبووم چەندین جار نووسینەکە لە مێشکمدا بگۆڕم. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوکارە دژواربوو، بەڵام زۆربەی کات بەسەرکەوتوویی کۆتاییدەهات و من بەختەوەر دەبووم. لەو خەون و خەیاڵانەدا پاڵەوانەکان بە خواست و ویستی من دادەنیشتن، هەڵدەستان، قسەیاندەکرد و لە هەر شوێنێکدا کە پێویستی بکردبایە، بەبێ جەنگ و خوێنڕشتن دەچوونە دەرەوەو دەستیاندەکێشایەوە.

بیرمنایەت کە لە هیچکام لەو خەون و خیاڵانەدا شەڕو پێکدادان ڕوویدابێت. لە توڕەیی و جەنگ بێزاربووم. پاڵەوانانی سیناریۆکەی من، مرۆڤگەلێکی تێگەیشتو و پێگەیشتوو بوون، کە قسەکانی منیان پەسەند دەکرد و پەیڕەویان لەلۆژیکە دڵخوازەکەی من دەکرد.

لەو سیناریۆ نەگۆڕ و دووبارەیە ماندوو بووم و ویستم داستانێك بنووسم کە توڕەیی و شەڕوپێکدادانی تێدابێت. بیرمکردەوە کە لە کوێوە دەستپێبکەم و کام وەرز بۆ دەسپێکی داستانەکە هەڵبژێرم. وەك زۆربەی نووسینەکان بەهارم هەڵبژارد. وەرزی عاشقان و شەیدایان. پاڵەوانی داستان (ئاغای قودسی) بوو لەگەڵ تایبەتمەندییە ڕاستەقینەکانی خۆی و، منیش ڕۆڵی بەرامبەرەکەیم دەنواند.

هێنامە پێشچاوم کە من و ئەو لە ناو دارستان و باخێکی پڕ لە گوڵ و درەخت پیاسەدەکەین و هەردووکمان بە بێدەنگی سەیری جوانی چواردەورمان دەکەین. هەردووکمان یەکترمان خۆشدەوێت، بەڵام ئەوەندە بەفیز و لووتبەرزین ، ناتوانین هەست و سۆزەکانمان بدرکێنن. ئەو چاوەڕوانی دانپێدانانی منەو منیش چاوەڕێی هاتنەگۆی ئەوم. بە هەمان شێوە کە ڕێماندەکرد و ئاوازی باڵندەیەکی دەنگخۆش بەر گوێماندەکەوت، پێمگوت "ئێرە چەندجوانە، ڕێك وەك بەهەشت وایە! ". ئەو سەیری کردم و گوتی "جوانە، لە بەر ئەوەی کە تۆ پیاسەی تێدادەکەیت. ئەو گوڵ و گوڵزارە بەبێ تۆ بیابانێکی وشك و بێ بەرە ". گوتم "ئەو وەسفکردنەت بە نیشانەی چی لە قەڵەم بدەم و لێکی بدەمەوە؟ ". جارێکیتر سەیریکردم، بەڵام ئەمجارەیان ئەو گزنگەی پێشوو لە نیگاکەیدا نەبوو. بە هێواشی گوتی "تەنها بە نیشانەی وەسفکردنێك و هیچی تر ". ئەو بۆ ساتێك دانی پێدا نابوو و لە هەمانساتیشدا حاشایلێکردبوو.

لە کۆتایی دارستانەکە، (ئەدیبی) م بینی کە چاوەڕێیدەکردو چاو لەڕێگابوو. بە زەردەخەنەوە دەستی ڕووەو من درێژکرد و دەستمی بە دەستە گەرمەکەی گووشی و گوتی "دەمێکە لێرە چاوەڕوانی تۆم. تا ئێستا لە کوێ بووی؟ ". سەرمخستە سەرشانی و گوتم "بە پەلە بۆ بینینی تۆ دەهاتم".

ئەو وەسفکردنەم زۆر بەلاوە ناشیرین بو و لە مێشکمدا هێڵێکی سوورم هێنا بە سەریا، تا ئەو شوێنەی کە چاوەڕێی من بوو. دووبارە نووسیم - لە کۆتایی دارستانەکە، (ئەدیبی) و (کامەران) و کچە مامەکەی وەستابوون و چاولەڕێگای ئێمەبوون. کاتێك نزیکیان بووینەوە (ئاغای قودسی) دەستی کچە مامەکەی خستە ناو دەستی و (کامەران) و (ئەدیبی) ش دەستیان ڕووەو من درێژکرد. نەمدەزانی کام دەستەیان بخەمە ناودەستم، بەڵام لە هەمانکاتدا (مەرسدە) و (فروغی) هاتن و بوون بە هاوەڵانی (کامەران) و (ئەدیبی) و لە دارستانەکە چوونە دەرەوە. من بە تەنها وەستابووم و بەرامبەریشم بیابانێکی وشك و بێبەربوو. بەپەژارەو خەمبارییەوە چاوم بڕیبووە بیابانەکە، لە هەمانکاتدا کچە سپی پۆشەکە هات بۆ

Scanned with CamScanner

لام و گوتی "کاتی ڕۆیشتنە. تۆ بە تەنها ماویتەتەوەو ئەوان بەرەو چارەنووسی خۆیان ڕۆیشتن. تۆ لەم دنیایە چارەنووسێکی خۆش و شادت نابێت و وەك من لە هەرەتی لاوێتیدا دەمریت. وەرە هەرچی زووترە لە شوێنە نوێکەت نیشتەجێ بەو واز لەو دنیایە بێنە ". منیش بە نائومێدیەکەوە بووم بە هاوهەنگاوی و هەردووکمان لە ناو گۆڕە سارد و شێدارەکانمان سەرمان نایەوە- .

بە هۆی ئەو جۆرە کۆتاییە هەموو لەشم تەزی و سڕ بوو. بە دڵم نەبوو، چونکە بە بێ هیچ تێکۆشانێك ژیانم بە دەستەکانی مەرگ سپاردبو و ئەوەش ڕاست و دروست نەبوو. دەبوایە بمگۆڕیبایە. گەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لەگەڵ (ئاغای قودسی) لە دارستانەکە دەچووینە دەرەوە... - بەردەمم یاریگایەکی لێبوو کە پڕبوو لە هاندەرو بینەران. (ئاغای قودسی) و (ئەدیبی) م بینی کە وەك جەنگاوەرانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە سەر ئەسپێکەوە شمشێریان لەدەستبو و بەرامبەر یەك وەستابوون و ئامادەی پێکدادان بوون. کە ئەو حاڵەتەم هێنایە پێشچاوم دەستمکرد بە پێکەنین. لە بەرخۆمەوە گوتم ئەو پێکدادانە دووبارەیەو سەرنجڕاکێش نییە. ئەوان دەبێ بە شێوەیەك بەرامبەریەك شەڕبکەن، کە لە ڕاستیی سەردەم دوور نەبێت. واتە ئەوانم لە حاڵەتی (دوئێل) بە چەکەوە وێناکرد. لە ناکاو مێشکم وێنەی (ئاغای قودسی)یەکی دۆڕاوی خستەڕوو کە گوللەی (ئاغای ئەدیبی) دڵی پێکاوەو خەڵتانی خوێنەو بە سەر زەویدا دەتلێتەوە. لەو کاتەدا منیش بە سەریا نووشتاومەتەوەو گوێ لە دوایین ووشەکانی دەگرم کە دانبەعەشقی خۆیدادەنێت.

کە ئەم دیمەنم هێنایەپێشچاوم، دەستمکرد بە گریان. توانای بینینی مەرگی ئەوم نەبوو. بە هەراسانی هەستام و لە سەر جێگاکەم دانیشتم و ئەو وێنە تاڵەم بە فرمێسك لە مێشکم سڕیەوە. لە بەرخۆمەوە گوتم - ئەو دەبێ ساڵانێکی زۆر بە خۆشبەختی ژیان بەسەربەرێت. ئەو شایانی مردن نییە. من بە بێ ئەو توانای ژیانم نییە. هەتا ئەگەر منیشی نەوێت دیسان ناتوانم ئەو بە نابووتی و مردوویی بهێنمە پێشچاوی خۆم. ئەو خەیاڵاتە دەبێ بە شێوەیەکی جوان و دڵنشین کۆتایی پێبێت، هەتا ئەگەر من ڕۆڵیشی تێدا نەبینم -. ئەو بیرکردنەوەیە کەمێك ئارامیکردمەوە و وەك ڕاستییەك پەسەندمکرد. پاشان بە هێواشی چاوەکانم لێکنا و خەوێکی خۆشم لێکەوت.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ٢٣ ))

بـۆ هێنـانی دەفتـەری ئامـادەبوونی قوتابیـان چـووم بـۆ ژووری مامۆسـتایان. زۆربـەی مامۆستاکان هاتبوون و پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد.

کـاتی رۆیـشتنە دەرەوە، (خـانمی بەڕێوەبـەر) بـانگیکردم و گـوتی "(ئەفـشار) کـەمێك چاوەڕێکە ! ". پاشان بڕێك پارەی لە چەکمەجی مێزەکە دەرهێناو دای بە دەستمەوەو گـوتی "ئەو برە پارەیەش لە لیستەکە بنووسـە". پرسـیم "بـە نـاوی کێـوە یادداشـتی کـەم ؟ ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "پێویست ناکات، چونکە ئەو بڕەپارەیـە دیـاری مامۆسـتاکانە ". چەکی پارەکەی (کامەران) م بیر کەوتەوەو گوتم "براکەی (ئاغای قودسـی) ش چـەکێکی بۆ قوتابخانە نوسـیوە ". لـە ناکـاو هـەموویان چـاویان تێـبڕیم. (خـانمی بەڕێوەبـەر) پرسـی "مـەبەستت (ئاغای قودسی) خۆمانـە؟ ". گـوتم "بـەڵێ، هـەروەکوو دەزانـن ئێـمە لەگـەڵ ماڵەوەیان هاتووچۆمان هەیە. دوێنێ شەو براکەی (ئاغای قودسی) میوانی ئێمـە بـو و مـن گوتم کە بە نیازی گەورەکردنی پەڕتوکخانەی قوتابخانەکـەین و ئـەویش حـەزیکرد لـەم کـارە خێرەدا بەشدارییکات، هەر بۆیە چەکێکی نووسی و ئەگەر مۆڵـەتم بـدەیت دەڕۆم و دەیهێـنم ". رووخساری (خانمی بەڕێوەبەر) گەشایەوەو زەردەخەنەیەك کەوتە سەرلێوانی. هەر کـە بـە جووڵاندنی سـەری مۆڵەتیـدام، خێـرا چـوومە دەرەوە، ئـەوەك مامۆسـتاکان پرسـیاری تـرم لێبکەن. لە بەرئەوەی کە ئەو بابەتەم لە پێشچاوی هەموو مامۆستاکان باسکردبوو، لە خـۆم تورەبووم، چونکە کارێکی ژیرانە نەبوو. بۆ ساتێك بڕیارمـدا پـاش کۆتـایی وانەکـە چـەکی

پارەکە بەرم بۆ ژووری مامۆستایان، بەڵام لە بەر ئەوەی دەفتەری ئامادەبوونی قوتابییانم لەگەڵ خۆم نەهێنابوو، ناچاربووم بەچەکەکەوە بگەڕێمەوە بۆ ژووری مامۆستایان. ئەوجارەیان (ئاغای قودسی) لە بەردەم مێزی (خانمی بەڕێوەبەر) وەستابو و سەیری ناوی قوتابییەکان و بڕی پارەکانیانی دەکرد. من بە شەرمەزارییەکەوە چەکی پارەکەم لە بەردەم (خانمی بەڕێوەبەر) داناو دەفتەری ئامادەبوونی قوتابییانم هەلگرت. (خانمی بەڕێوەبەر) سەیرێکی چەکەکەی کرد و بە گوتنی (مەبلەغێکی زۆرە) ڕوویکردە من و گوتی "بۆ ئەوەی ئەوەندە مشووری پەرتوکخانەکەت خوارد سوپاستەدەکەم. هەر دەبێ خۆشت ئەزیەت بکێشی و بیکەی بەپارە و وردیکەیتەوە ". پاشان ڕوویکردە (ئاغای قودسی) و گوتی "ئەگەر ئەزیەت نییە (مینا) بەرە بۆ بانك تا ئەو چەکە وردکاتەوە. بەهەبوونی ئەو بڕەپارەیە، پێموایە، ئیتر پێویستمان بە یارمەتی قوتابییەکان نەبێت و دەتوانین دەستبەکاربین. جەنابت ئەو ئەزیەتەمان بۆ دەکێشی ؟ ". (ئاغای قودسی) ڕازی بو و چەکەکەی خستە ناو ئەو زەرفەی کە پارەکانی تێدا بو و گوتی "پاشدەوام دەڕۆین ". پاشان (خانمی بەڕێوەبەر) لێیپرسیم "ئێستا وانەی چیتان هەیە ؟ ". گوتم "وەرزش ". گوتی "تۆ وەرزش مەکەو بۆکۆکردنەوەی پەرتوکەکان یارمەتی (ئاغای قودسی) بدە. بابای قوتابخانەش یارمەتیتاندەدات ".

بەپێی فەرمانی (خانمی بەڕێوەبەر)، سەرەتا، دەفتەری ئامادەبوونی قوتابییانم بردە پۆلەوەو پاشان بەرەو پەرتووکخانە بەڕێکەوتم. (ئاغای قودسی) زووترلەمن هاتبوو. ژمارەیەکی زۆر کارتۆن دانرابون و (ئاغای قودسی) خەریکبوو هەندێك پەرتوکی دەخستە ناو یەکێك لە کارتۆنەکانەوە. کاتێك چوومەژوورەوە سلاّوەمکرد، بەڵام زۆر بە ساردی وەلاّمی سلاّوەکەمی دایەوە. بە ئاشکرا دیاربوو کە لە ئیشەکەی من تووڕەیە. پرسیم "من دەبێ چی بکەم؟ ". بە بێئەوەی تەماشامکات، ئیشارەتی بۆ پەرتوکەکان کرد و گوتی "هەر ڕیزێك بەجیا، پەرتوکەکانی دەربێنە و بیخە ناو کارتۆنەوە ". من ئەو ڕیزەیانم هەلبژارد کە لە پشتی ئەوەوە بو و دەستمکرد بە کۆکردنەوەی پەرتوکەکان. لە یەککاتدا پەرتوکەکانمان دەخستە ناوکارتۆنەکانەوە. سەیری ڕووخساریم کرد هێشتا تووڕە بوو. لە بەرخۆمەوە گوتم - ئەگەر بە کورتی داوایلێبوردنی لێبکەم، لەوانەیە بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی - . هەر بۆیە بە

هێواشی گوتم "داوای لێبوردندەکەم ". گوتی لێبوو، بەڵام خۆی تێکنەدا. پشتی لەمن بوو و هەندێك پەرتووکی تری هەڵگرت. دیسانەوە گوتم "(ئاغای قودسی )، داوای لێبوردندەکەم، خۆشم نەمزانی چیدەکەم ". بە ساردو سڕییەکەوە گوتی "تۆ هەمیشە کارەکانت بێویستانە ئەنجامدەدەیت، ئەمە شتێکی نوێ نییە ". گوتم "بەڵێ راستدەکەیت. لەوانەیە من شێتم و خۆم ئاگام لێنییە ". دەستی خستە سەر ئەو پەرتوکانەی کە لە سەر مێزەکە بوون و بە دوودڵی و گومانەوە سەیریکردم و گوتی "تۆ شێت نیت بەڵکوو کچێکی بێ هزرو هۆشی. پێش ئەوەی قسەیەك بکەیت ئەگەر کەمێك بیری لێبکەیتەوە، دەزانیت کە ئەو شتەی دەتەوێ بیڵێیت بەجێیە یان نابەجێیە ". گوتم "ڕاستدەکەیت، من هەڵە بووم " نەدەبوایە لە پێشچاوی ئەوانیتر باسی چەکی پارەکەی (کامەران) م بکردبایە. ژیرانەتر وا بوو کە لە ڕێگای جەنابتەوە بدرایە بەوان ". گوتی "دانە دەستی چەکەکە لە ڕێگای تۆوە یان منەوە گرنگ نەبوو بەڵکوو ناو هێنانی براکەم لە لای ئەو کەسانەی کە نایناسن نابەجێبوو. بیرتلەوە نەکردەوە کە ئەوان گومانیان لە بارەی ئێوەوە چۆن دەبێت ؟ بیرت لەوەنەکردەوە لەوانەیە ئەوان لە نێوان خۆیاندا بڵێن کە بۆچی براکەم چەکی پارەکەی بە من نەداوە، بەڵام داویەتە دەست تۆ ؟ هەرچەند درکاندت کە ئێمە پەیوەندی خێزانیمان هەیە، بەڵام دیسانەوە کردارەکەت منالآنە بوو. من ناڵێم کە ئەوان وا بیردەکەنەوە لە نێوان تۆ و براکەم پەیوەندیەکی تایبەتی هەیە، بەڵکو ئەوەم پێناخۆشە کە ئەوان وا بزانن لە نێوان من و براکەم ناکۆکی هەیە، بۆیە چەکی پارەکەی نەداوەتە دەست من. وا باشترنەبوو کە پێشتر ئەو بابەتەت لەگەڵ من باسکردایە، یان کاتێك بتبردبایە بۆ ژووری مامۆستایان کە کەسی لێنەبوایە؟ ". گوتم "بەڵێ من هەڵەبووم. بەداخەوە کاتێك زانیم تووشی هەڵە بووم کە کارلەکار ترازابوو ".

(ئاغای قودسی) هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی "هەڵبەت کاتێك کە بۆ هێنانی چەکی پارەکە ڕۆیشتیتە دەرەوە من بە جوانی هەموو شتێکم بۆ ڕوونکردنەوە، بەڵام ئەوەش بزانە کە من هەمیشە لە گەڵت نیم تا هەڵەکانت بۆ ڕاستکەمەوە. تۆ ئەمرۆ لە پێشچاوی ئەوان

کەسایەتی منت وردکرد و من بۆ یەکەمجار ناچار بووم کە باسی تۆ و خێزانەکەمان بکەم. تکاتلێدەکەم ئیتر ئەمکارە دووبارەنەکەیتەوە. نزیکی و تێکەڵی خێزانی هەردووکمان نابێ لێرە ببێتە جێی پرسیار. من و تۆ لەم قوتابخانەیە دەبێ وەك دوو بێگانەو نەناسراو لەگەڵ یەك رەفتاربکەین. لە مەبەستم تێگەیشتی؟ ".

نەمتوانی هیچ بڵێم، تەنها بە جووڵاندنی سەرم پشتگیریم لە قسەکانی کرد. قسەکانی (ئاغای قودسی) وەك کوتەکێك دەیکێشا بە سەرمداو منیش لە ژێر لێدانەکانیدا وردوخاش دەبووم. دەستم دەلەرزی و سەرم سوڕیدەخوارد و ئەوەندەی نەمابوو ببوورێمەوە. دەستمگرت بە رەفەکەوەو پشتم لەو کرد نەوەك ئاسەواری لاوازی و بێهێزی لە رووخسارم ببینێت. ئەو رق و کینەیە کە گەروومی گرتبوو نەیدەهێشت بە ئاسانی هەناسەبدەم. بە دژواری توانیم نەهێڵم فرمێسك لە چاوم بێتەخوارەوەو بە بێدەنگی خۆم بەکۆکردنەوەی پەرتوکەکانەوە خەریککرد. بۆ ئەوەی نیگاکانمان لێکنەئاڵێت و نەیبینم، پشتمتێدەکرد و کارەکانم ئەنجامدەدا. ئەویش بەبێدەنگی خەریکی ئیشکردن بوو.

لەگەڵ هاتنەژوورەوەی (خانمی بەڕێوەبەر) و (بابای قوتابخانە )، (ئاغای قودسی) دەستی لەکار هەڵگرت. (خانمی بەڕێوەبەر) بە شۆخییەوە گوتی "چاك بێدەنگی پەرتوکخانەکەتان پاراستووە ! من و بابا وامانزانی کەسی تیا نییە ". (ئاغای قودسی) گوتی "بە بێدەنگی، کارەکان خێراتر بەرەو پێشەوە دەچن". بابا یارمەتی (ئاغای قودسی) داو چەند کارتۆنێکی بەتاڵی لە سەر مێزەکە داناو ئەویش دەستبەکاربوو.

(خانمی بەڕێوەبەر) رووی کردە (ئاغای قودسی) و گوتی "بە تەلەفۆن لەگەڵ باوکی یەکێك لە قوتابییەکان کە بەڵێندەرە، قسەمکرد. لە دوو بەیانییەوە کرێکارەکانی دەستبەکاردەبن. ئەگەر کارەکان بە پێی بەرنامە بەڕێوەبچن، بۆ پاش جەژن دەبین بە خاوەن پەرتوکخانەیەکی گەورە ". (ئاغای قودسی) گوتی "من و (خانمی ئەفشار) ئەمرۆ پاش دەوام چەکی پارەکە وردەدەکەینەوە. هەڵبەت ئەگەر بانکیش داخرابوو، بەیانی پێش هاتنمان بۆ قوتابخانە دەرۆین و جێبەجێیدەکەین ". (خانمی بەڕێوەبەر) سوپاسیکرد. لە هەمانکاتدا

زەنگلێدراو من بەبێ ئەوەی مۆڵەت لە (ئاغای قودسی) وەرگرم پەرتووکخانەم بە جێهێشت و چوومە پۆلەوە.

کاتێک زەنگی کۆتایی لێدراو دەوام تەواو بوو، ئیتر من نەوەستام تا لەگەڵ (ئاغای قودسی) بڕۆم بۆ بانک و بە پەلە بەرەو ماڵ کەوتمە ڕێ. هەر کە گەیشتمە سەر شەقامی قوتابخانەکە، ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی) لە بەردەمم وەستاو دەنگیم بیست کە دەیگوت "سەرکەوە، دەبێ بڕۆین بۆ بانک ". شێوازی قسەکردنە فەرماناویەکەی، منی لە شوێنی خۆما چەقاند. دەرگای ئوتۆمبێلەکەی کردەوەو سەرکەوتم و ئەویش کەوتەڕێ. گوتم "پێویستی دەکرد کە من بێم؟ ". زۆر بە لە سەرخۆیی گوتی "نەخێر پێویستی نەدەکرد، بەڵام (خانمی بەڕێوەبەر) حەزیکرد کە تۆش لەوێ ئامادەبیت. هەرچۆنێک بێت ئەم چەکە هی تۆیە ". ئەو شێوازی قسەکردنە گاڵتەجارییەی تەواو تووڕەیکردم. نیمچە هاوارێکم کرد "تکایە واز بێنە. تۆ ئەمڕۆ تەواو منت سووک و ورد کرد. بەوەشەوە ناوەستی و دەتەوێ دیسان ئەشکەنجەم بدەیت؟". سەیرێکی خێرای کردم و گوتی "من نیازی ئازاردان و ئەشکەنجەی تۆم نەبوو، بۆ تووڕە بوویت؟". بەتووڕەیی یەوە گوتم "تۆ هەر چۆنێک خۆت حەزت لێیەتی ڕەفتاردەکەیت و چاوەڕێی ئەوەش دەکەیت کە کەس لەڕەفتارەکانت تووڕە نەبێت.من حەزناکەم لەگەڵ تۆ بێم بۆ بانک. تکایە بوەستە دادەبەزم ". کە منی بینی خەریکی کردنەوەی دەرگای ئوتۆمبێلەکە بووم، ڕایگرت و پرسی "چی بووە ؟ ". دەرگای ئوتۆمبێلەکەم کردەوەو گوتم "هیچ نەبووە، تەنها نامەوێ قسەت لەگەڵ بکەم، هەر ئەوەندە ". ئەوەم گوت و دابەزیم.

زۆر لە ماڵەوە دوور بووم. ناچار بووم چاوەڕێ کەم تا تەکسیەک بێت و بڕۆمەوە. ئوتۆمبێلەکەی هێنایە دواوە لە تەنیشتمەوە وەستاو شووشەکەی هێنایە خوارەوەو گوتی "سەرکەوە، دەتبەمەوە ". گوتم "خۆم دەتوانم بڕۆمەوە ". هەر بەو شێوازە گاڵتەجارییە گوتی "دەزانم، تۆ دەتوانی هەموو کارێک ئەنجام بدەیت ! بەڵام لەبەر ئەوەی کە من بەرپرسیارێتی هێنان و بردنی تۆم لە ئەستۆگرتووە ، دەبێ بە ساغ و سەلامەتی بتگەیەنە

مالەوە. ئەوەندە کەللەڕەق مەبەو سەرکەوە ". ناچاربووم دووبارە سەرکەوم و ئەویش پێچی کردەوەو بەرەو ماڵ کەوتەڕێ. هەردووکمان تووڕە بووین و هەوڵماندەدا تەماشای یەکتر نەکەین.

خێرایی ئوتۆمبێلەکە زۆربوو و ئەمەش بووە هۆی ترسانم. پێڵووی چاوەکانم لێکنا، بۆ ئەوەی ترسەکەم کەمکەمەوە. ئەویش کاتێك بینی کە ئەترسم خێرای یەکەی کەمکردەوە. منی لە بەدەم دەرگای مالەوەمان دابەزاندو سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و ئوتۆمبێلەکەی بردە بەردەم ماڵی خۆیان. زانیم کە ئیتر ناڕوات بۆ بانك.

دایکم هۆی دواکەوتنەکەمی لێپرسیم، لە کورتی بڕیەوەو گوتم ڕۆیشتین چەکی پارە ورد کەینەوە، بەڵام بانك داخرابوو و ئێمەش گەڕاینەوە. دایکم نامەیەکی (مەرسدە) ی بۆ هێنام و منیش ڕۆیشتمە ژوورەکەی خۆم.

کاتێك دەرگای ژوورەکەم کردەوە چرای ژوورەکەی ئەویش داگیرسابوو، لەو ساتەوەختەشدا بۆنی گوڵی نێرگز دەبیسترا. چرای ژوورەکەم داگیرساند و کچە سپی پۆشەکەم بینی کە لە سەر ئەژنۆ لە گۆشەی ژوورەکە دانیشتبوو. سەیرکردنەکەی زۆر خەماوی بوو. وا گومانم برد کە گریا بێت. ئیتر لە ئەو نەدەترسام. لیڤێکسەکەم لە سەر مێزەکە داناو لە سەر لێواری تەختی نووستنەکەم دانیشتم و لێمپرسی "بۆ لەوێ دانیشتووی؟ ". نیگا خەماوییەکەی تێبڕیم و لە بەرخۆیەوە ورتە ورتێکی کرد. گوتم "گوێم لە دەنگت نییە ". هەستاو لە بەردەمم وەستاو بە هێواشی پرسی "بۆچی؟ ". سەیریم کرد. وەڵامی زۆرم پێبوو بۆ (بۆچی) یەکەی، بەڵام نەمدەزانی کامەیان باس بکەم. تەنها گوتم "تاوانی خۆی بوو. ئەو من دەڕەنجێنێت و دەبێتە هۆی ئازارو ئەشکەنجەم. ئێمە لە یەکتر تێناگەین ". سەری بەم لاو ئەو لادا جوولاندو قسەکەی ڕەتکردمەوە. من درێژەم بە قسەکانداو گوتم "تۆ لە پەرتوکخانەکە نەبووی کە بتبینیبایە چۆن کەسایەتی منی بریندارکرد. ئەو پیاوێکی کەللەڕەق و منجڕەو دەیەوێت قسەکانی خۆی بە سەر مندا بسەپێنێت. پێیوایە من هێشتا منداڵم و ئەو سەرپەرشت و بە خێوکەری منە. ئەوەندە لێی بێزار بووم، حەز ناکەم ئیتر بیبینم. وادەزانێت کە من نازانم لەوەتەی کچە مامە جوانەکەی هاتووە، ئەو ئیتر (قودسی) یەکەی جاران نییە.

Scanned with CamScanner

ئەو پیاوانەی کە هەر رۆژەو عاشقی یەکێك دەبن، جێی متمانە نین. من دەمەوێت فەرامۆشیکەم و ناوی لە سەر لاپەڕەی دڵم بسڕمەوەو بە دڵنیاییشەوە ئەوکارە دەکەم. (ئاغای قودسی) ئیتر بۆ من بوونی نییە. تێدەگەی ؟ ئەگەریش ناچار بم ڕوویەڕووی ببمەوەو قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو ئیتر بۆ من (ئاغای قودسی) جاران نییە. بە هەمانشێوە کە من ئیتر بۆ ئەو (مینا) ی جاران نیم ". لەقووڵایی چاوم ڕاماو بە گوتنی (بە داخەوە) ون بوو و دیار نەما.

نامەکەی (مەرسدە) هەمووی پەندو ئامۆژگاری بوو. ئەو نووسیبووی :

خوشکەکەم ژێر بەو هەموو پەنجەرەکان لە سەر خۆت داخە. ئەگەر رۆژێك بێت و وانەو خوێندنەکەت تەواو ببێت، تیشکی مەعریفەت لە پەنجەرەکەتەوە دەدرەوشێت، بەلاّم تا ئەو کاتە هەموو پەنجەرەکان لە سەرخۆت داخە، چونکە لەوانەیە هەوری ڕەش بێت و هەتاوی دڵت داپۆشێت...

(مەرسدە) لەو مەدا دوورەوەش دەیتوانی ئایندەی من باشتر لە خۆم ببینێت. لەو ساتەوەختەدا تووشی کرژبوونێکی دەمارۆکی بووم و بۆ هەلاّتن لە دەست کێشەکان پەنام بۆ جێگاکەم برد. لە خۆم بێزاربوویوووم و دنیاو ژیان لە پێشچاوم ڕەنگیان گۆڕابو و لە ناوچووبوون. سستی و بێهێزی جێی خۆشی و شادی گرتەوە، پووچی چنگی خستە ناو ناخ و دەروونم و بە نائومێدی لە چاوەڕوانی کۆتایی ڕێگا دانیشتم. لەو رۆژە بەدواوە، من ئیتر (مینا) ی جاران نەبووم. وانەو قوتابخانە وەك کابووسێکیان لێهاتبوو کە دەبوایە رامکردبایە لەدەستی. حەزو ئارەزووم بەرامبەر وانەکان نەمابو و ناچاری جێگای گرتبوویەوە. لە شیکارکردنی هاوکێشەکان تەمەڵ بوو بووم.

رۆژێك (ئاغای قودسی) داوایلێکردم کە هاوکێشەیەك شیکار بکەم، شێوازەکەیم فەرامۆشکردبو و لەبەرامبەر پرسیارەکەی (ئاغای قودسی) کە گوتی (بۆچی شیکاری

Scanned with CamScanner

ناکەیت؟) بە شەمەزاریەوە سەرمداخست. لە بەر خۆمەوە گوتم - (مینا) زیرەك و چالاکەکەی جاران بە تەواوەتی ئاستی دابەزیوە و ئیتر لەوپەڕی زیرەکیدا نییە - قسەکانیم دەبیست، بەلام وەك بلێی لەم دنیایەدا نەبووم و لە شوێنێکیتر پیاسەمدەکرد. تۆزو غوباری هەستە نالۆژیکییەکان، ئاوێنەی هزرو ئەندێشەمی داپۆشیبو و مۆڵەتی بیرکردنەوەو بینینی ڕاستییەکانی نەدەدامێ. هاوارکردن و نەڕاندنە پڕلەتوڕەییەکەیم دەبیست، بەلام لەش و گیانم نەدەلەرزی.

لەوانەکانی تریش تەمبەڵ بوبووم، ئیتر خۆمم زۆر بە سووك دەهاتە پێشچاو. وەك ڕۆبۆتێکی بێ دڵ ڕێمدەکرد و قسەمدەکرد، بەلام بایەخم بە ماناو واتای قسەکانم نەدەدا. لە بەرامبەر پرسیاری مامۆستاکان کە هۆکارەکەیان دەپرسی، بێدەنگدەبووم و هیچم نەدەگوت. ئیتر لە هەموو شوێنێك باسی دابەزینی ئاستی من بوو لە ژووری مامۆستایان، لە ماڵەوە، لە نێوان خزم و ئاسراوەکان، کە هەموویان بە دڵسۆزییەوە هۆکارەکەیان دەردەبڕی و بەڵگەیان بۆ دەهێنایەوە. یەکێك دەیگوت گوشاری دەمارییە، یەکێکی تر دەیگوت مێشکی ماندووبووە، ئەویتر دەیگوت بیرو هۆشی دابەزیوەو هەر یەکەو بە شێوەیەك ڕای خۆی دەردەبڕی. دڵسوزی و مهرەبانییەکانیان تەنها لە بەر چاکبوونەوەی من بوو، بەلام بێسودبوو. خۆم بەهیچ شێوەیەك حەزم لە گۆڕان و وەرچەرخان نەبوو، تەنها چێژم لەو دۆخە بێئاگای یە وەردەگرت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی تاقیکردنەوەکانی کۆرسی دووهەم، نیگەرانی گۆڕا بۆ شپرزەیی و پشێوی و دایکم و باوکم بە پاڕانەوە داوایانلێدەکردم کە بێمەوە سەرخۆم و وەك جاران بەحەزو تامەزرۆییەوە وانەکانم بخوێنم.

ڕۆژێك دەمەوئێوارە پەرتوکی کیمیام هەلگرت و چاوێکم پێداخشاند. وەك بلێی بۆ یەکەمجارە دیومە و تەماشایدەکەم. هەمووشتێکم لە بارەی ترش و تفتەکان فەرامۆشکردبوو. پەنجەرەکەم کردەوەو پەرتوکەکەم فڕێ دایە کۆلانەوە. هەستم بە ئارامی و ئاسایش کرد و چوومە سەرجێگاکەم.

خەوالوو بووبووم و حەزملەخەودەکرد، چونکە خەو، بێئاگاییەکەمی زیاتردەکرد، چاوملێکدەنا بۆئەوەی سیناریۆیەکی نوێ لە مێشك و خەیاڵمدا دروستبکەم، بەلام ئەم

Scanned with CamScanner

سیناریۆیە لەگەڵ سیناریۆکانی تر جیاوازبوو. ئەوجارەیان ئاژەڵەکان لە باتی مرۆڤەکان رۆڵیان دەبینی " رێوی و مشکە کوێرە رۆڵی سەرەکییان دەبینی و مارو دووپشك رۆڵەکانی تریان لە ئەستۆگرتبوو. کوندەبەبووش بە دەنگە ناخۆش و ناسازەکەی گۆرانی دەچری و کاروانی ئاژەڵە درندەکانی جەنگەڵ، لەشکرەکەیان پێکدەهێنا. کۆتری سپیش بە باڵە شکاوەکەیەوە لە پەراوێزی نمایشەکە کەوتبو و کەس گوێی لە گوتە دڵنشینەکانی نەدەگرت و بایەخی نەدەدایە.

رێوی فێڵباز، زاناو ئەدیبی ئەو جەنگەڵە بو و مشکەکوێریش قوتابی ئەو بوو، مشکەکوێر بە چاوی بەستراوەوە فەرمانەکانی رێوی جێبەجێدەکرد،. خۆی و چارەنووسی بەدەستی رێوی سپاردبوو. ئەویەدبەختە هەتا لە کاتی خۆرە تاویشدا خۆی دەخستە مەترسییەوە بۆئەوەی فەرمانەکانی رێوی بەجێبگەیەنێت، بەڵام ئەو رۆژەی کە رێوی دڵی بە ماردا بوو بە خۆشەویستی و رێپیێدا کە لە دەوری گەردنی بئاڵێت، مشکەکوێر زانی کە ئیتر لە لای رێوی بایەخی نەماوە ، هەر بۆیە چووە ناو کونەکەی خۆی لە قووڵایی زەوی و گفت و بەڵێنی بە خۆیدا کە خۆی لە رووناکی هەتاو بپارێزیت و لێیدوورکەوێتەوە. ئەو تەنانەت گوێی بۆ گوتەکانی کۆتریش ڕانەدەگرت کە دەیگوت (خۆت لە شورەی تەنگی حەزو ئارەزوو رزگارکە) و بە دڵێکی شکاوەوە پەنای بۆ قووڵایی تاریکی خاك برد.

لە بەرخۆمەوە گوتم - بۆ ئاسوودە ژیان بە سەربردن، هیچ شوێنێك لە ژێری خاك باشترنییە. منیش وەك مشکەکوێرەکە دەبێ پەنا بۆ قووڵایی خاك بەرم - هەوڵمدا هەناسەم لە ناو سینەدا زیندانی کەم، بەڵکو بەمشێوەیە لە کۆتی ژیان رزگارمبێت، بەڵام درا لە دەرگای ژوورەکەم. لە بەرئەوەی کەناچاربووم درێژە بەژیان بدەم زۆر تورەبووم و بە تورەییەوە دەرگاکەم کردەوە. بڕوام نەدەکرد ئەو کەسەی کە لە پشتی دەرگاکە وەستاوە خوودی ئەو بێت. ئەو بە بەردەمدا هاتە ژوورەوەو پەرتوکی کیمیاکەی منی بەدەستەوە بو و پرسی "ئەوە پەرتوکی تۆیە ؟ ". وەڵامی بەڵێم دایەوە. پرسی "کەواتە لە کۆڵان چی دەکات؟ ". بەبێ خولقکردن لە سەرکورسییەکە دانیشت و کە بێدەنگییەکەی منی دی، جارێکیتر پرسیارەکەی

دووبارەکردەوەو سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد و بەردەوامبوو "خۆ پەنجەرەکەش داخراوە. باشە ئەو پەڕتوکە چۆن ڕۆیشتووەتە کۆلانەوە ؟ باوەڕپێکراویش نییە. کەواتە بە ئەنقەست فڕێتداوەتە کۆلانەوە، وانییە؟". بێدەنگییەکەی من توڕەیکرد و پرسی "بۆ وەلام نادەیتەوە ؟ ". شانم هەلتەکاندو هیچم نەگوت. هەر بەوتوڕەییەوە هەستاو بەرەوڕووم هات " شانی گرتم و بە هەر دوو دەستی بە قایمی لە سەرکورسیەکە دایینیشاندم و گوتی "کاتێك پرسیاردەکەم، دەبێ وەلام بییستم. ئەوەت نەزانیوە؟ ". بەبێویست گوتم "ئێرە قوتابخانە نییەو لێرە من قوتابی نیم. ئەوە نازانیت ؟ ئەگەریش نازانیت، ئیتر بزانە کە ئێرە مالی منەو تۆ بەبێ بانگهێشت هاتوویتە ژوورەوە. کەواتە مافی پرسیارو وەلامت نییە ". گوتی "بەپێچەوانەی گومانی جەنابت، من بەبانگهێشت و داوەت هاتووم. ئەگەر باوەڕیش ناکەیت، لە باوك و دایکت بپرسە. من لە سەر داوای ئەوان هاتووم. هاتووم بۆ ئەوەی هۆکاری ئەوکارە بزانم و تۆش دەبێ بزانیت تا هۆکارەکەی نەدۆزمەوە لێرە ناڕۆم. بە نیسبەت منەوە هەموو شوێنێك قوتابخانەیەو تۆش لەهەموو هەلومەرجێکدا قوتابی منیت. کەواتە کەللەڕەق مەبەو پێم بلێ بۆچی ئەو پەڕتوکەت فڕێداوەتە کۆلانەوە؟ ".

لەقاقای پێکەنینمدا و گوتم "زۆر پێکەنیناوییە کە مرۆڤ لە مالی خۆشیدا هەست بە ئاسوودەیی نەکات. مەگەر تۆ هەر ئەو کەسە نیت کە گوتت ناسراوی و ئاشنایەتی دوو خێزان نابێ لە قوتابخانە گیروگرفت دروستبکات ؟ ئەگەر تۆ دەربڕی ئەم گوتەیەیت، کەواتە ڕێم پێبدە منیش بلێم پەیوەندی قوتابی و مامۆستا نابێ لە مالەوە گیروگرفت دروستبکات. من پێمخۆشنییە قسەت لەگەل بکەم و تکاتلێدەکەم ژوورەکەم بەجێبهێلە ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "بە جێیدێلم، بەلام کاتێك کە وەلامی پرسیارەکەمم دەستکەوت. ئەگەر دەتەوێ هەرچی زووترە لە شەڕی من ڕزگارت بێت، وەلامی پرسیارەکەم بدەوە ". گوتم "ئەگەر وەلام نەدەمەوە ؟ ". شانی هەلتەکاند و گوتی "ناچار دەبێت بە درێژایی شەو تەحەمولم بکەیت و لەگەل من بە سەربەریت ". هەستام و گوتم "، بەلام من تەحەمولت ناکەم. تا هەر کاتێك پێتخۆشە لە سەر ئەم کورسیە دانیشەو چاوەڕێکە ". ویستم ژوورەکە بەجێبێلم، بەلام ئەو دەستپێشخەری کرد و دەرگاکەی قفلکرد و گەڕایەوە سەر جێگاکەی

خۆی دانیشت و گوتی "ئێستا دەتەوێ چی بکەیت ؟ ". چەند جارێك دەسکی دەرگاکەم ئەملاو ئەولا پێکرد، بەلاَم قفلدرابوو. گوتی "خۆت ماندوو مەکە. ئارامبە و دانیشەو وەلاَمی پرسیارەکانم بدەوە ". گوتم "چیت لە من دەوێت ؟ ". جارێکیتر شانی هەلتەکاند و گوتی "من هیچم ناوێت و بۆشم گرنگنییە کە تۆ لە بەرزایی ئاسمان بکەویتە خوارەوەو بچیتە ناو قولاَیی زەوییەوە. هەر وەکوو پێم گوتی من لە سەر داوای باوك و دایکت هاتووم بۆ ئێرەو لە بەرئەوەی کە بەلێنم داونەتێ هۆکاری ئەم بێزاریەی تۆ دەدۆزمەوە، لێرە دانیشتووم و دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە من لە هات و هاوار ناترسم و گریان و زاریش دلّم نەرمناکات. بۆیە دەوەم گوت تا بە خەیالّی ئاسوودە هەر کارێك پێتخۆشە ئەنجامیبدەیت ". گوتم "من شێت نیم ". بە گالّتەوە گوتی "بە ڕاست ؟ کەواتە بۆچی وەك شێت ڕەفتاردەکەیت ؟ ئەگەر هەستەکانت باش ئیشدەکات بۆچی لەبەرامبەر هاوکێشەیەکی ئاسانی ئەندازەیی واقت وڕدەمێنێت؟". گوتم "ئەوە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە ". هەستاو لە ناو ڕەفەی پەڕتوکەکان، پەڕتوکێکی دەرهێناو زۆر بە هێمنی گوتی "کەواتە دادەنیشم تا ئەو کاتەی کە دەرك بەوەبکەیت کە ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە منیشەوە هەیە ". بە توڕەییەوە پەڕتوکەکەم لە دەستی وەرگرت و گوتم "یان دەرگای ژوورەکە دەکەیتەوە یان لە پەنجەرەکەوە خۆم دەخەمە خوارەوە ". هەستاو پەنجەرەکەی کردەوەو گوتی "قسەی من یەکەو ناگۆڕێت. ئەگەر دەتەوێ خۆت بکوژیت ئارەزووی خۆتە. فەرموو ". پاشان سەری لە پەنجەرەکە بردە دەرەوە و گوتی "بەلاَم لە پێشدا پێت بلێم کە بەرزایی ئێرە کەمەو تەنها بریندارتدەکات. بۆ خۆکوشتن، دەبێ جێگایەکی باشترو گونجاوتر هەلبژێریت". خوێنم قولپیدەداو هێمنی و لە سەرخۆییەکەی ئەویش زیاتر ئەشکەنجەیدەدام. پەڕتووکەکەم بەرەو ڕووی فڕێداو گوتم "بۆ وازملێناهێنیت ؟ چیت لەمن دەوێت ؟ ". بەرەو ڕووم هات و جارێکی تر لە سەر کورسییەکە داینیشاندم و گوتی "خۆت باش دەزانی کە چیم لێتدەوێ.. ئێستا ئارامبەو وەلاَمی پرسیارەکانم بدەوە ".

تەواو ماندووبووم و خۆم بە دەستەوە داو وەك تاوانبارێك لە بەردەم دادوەر دانیشتم و سەرمداخست. ئەویش جگەرەیەکی بۆ خۆی داگیرساند و پاش کەمێك بێدەنگی، لێیپرسیم "ئێستا ئامادەیت وەلامی پرسیارەکانم بدەیتەوە ؟ ". گوتم "دەتەوێ چی بزانیت ؟ ". پێکەنی و گوتی "ئەوە دروستە. دەمەوێ بزانم بۆچی ئەوکارەت کرد و پەرتوکەکەت فڕێدایە کۆلانەوە؟ ". گوتم "لە بەرئەوەی کە سەرملێی دەرنەدەکرد ". گوتی "کەمێك ڕوونتر قسە بکە ! ". گوتم "هاوکێشەکان لە بیرو هۆشمدا نەماون و هەلهاتوون ". پرسی "تەنها لە وانەی کیمیا ئەو گیرو گرفتەت هەیە؟ ". گوتم "نەخێر، زۆربەی وانەکانم فەرامۆشکردووە. هەر پەرتوکێك دەکەمەوە هیچ لێیتێناگەم. لە هەرچی پەرتوك هەیە، بێزار بووم و ئیتر حەزناکەم درێژە بەخوێندن بدەم ". پرسی "ئەگەر حەز ناکەی بخوێنیت، دەتەوێ چی بکەیت ؟ ". تەماشایم کرد و گوتم "حەزم لە هیچ نییە. تەنها پێم خۆشە دانیشم و سەیر بکەم ".

لە ئاسمان دەنگی هەورە بزیسکەیەك هات و ماوەیەکی کەم دوای ئەوە باران دەستی بە بارین کرد. (ئاغای قودسی) هەستا پەنجەرەکەی داخست و گوتی "پێشتر تۆ بارانت خۆشدەویست. ئێستاش هەر خۆشتدەوێ؟ ". گوتم "خۆشەویستیم بەرامبەر بە هەموو شتێك لە دەستداوە و ئیتر نازانم چ شتێکم خۆشدەوێت و لە چ شتێکیش بێزارم ". گوتی "جلەکانت لە بەرکە و لەگەلّ مندا وەرە ! ". دەرگای ژوورەکەی کردەوەو تەلەفۆنی بۆ دایکی کرد و پێیگوت کە بە دایکم بلێت ئێمە بۆ ماوەی کاتژمێرێك دەچینە دەرەوە.

کاتێك ئوتۆمبێلەکەی هەلکرد و من سەرکەوتم، باران بە خوڕ دەباری. فلچەی ئوتۆمبێلەکەی خستە ئیش و کەوتەڕێ. هێواش هێواش شەقامەکانمان تێدەپەڕاند و منیش نقومی تەماشای شەقام بووم. بارینی باران لە ناو ڕووناکی شەقامەکان جوان و دلڕفێن بوو.

(ئاغای قودسی) منی بینی کە نقومی تەماشا بووم و گوتی "لامواییە خۆشەویستی بەرامبەربە بارانت فەرامۆشنەکردووە و هێشتاش ئەو لە هەتاو بە باشتر دەزانی. ڕۆژێك گوتت بارینی باران ژیان پڕبەردەکات. کەواتە ئێستاش هەر لەو بڕوایە دای ! پێتخۆشە کەمێك لە ژێر باران پیاسە بکەین ؟ ". گوتم "نەخێر، هەر لێرە کە دانیشتووم زۆر باشە ". گوتی "، بەلام من پێموایە تۆ دەبێ ئەم بارانە هەستپێبکەیت. لەتەڕبوون مەترسە ".

ئوتۆمبێلەکەی لە لایەکی شەقامەکە ڕاگرت و دابەزی. دەرگای لای منیشی کردەوە و یارمەتیدام کە دابەزم. پێکەوە کەوتینە ڕێ. گوتی "منیش دەمەوێت بڵێم باران تەمەڵی و سستی دەشوات و لەگەڵ خۆیدا دەیبات و لە جێگای ئەو خۆشی و شادی نیشتەجێدەکات. تۆ وا بیرناکەیتەوە ؟ ". گوتم "لەوانەیە وابێت، بەلام... ". قسەکەی پێبڕیم و گوتی "(، بەلام) ی ناوێت. من دەزانم ئێستا هەموو گیان و دەروونت پڕە لە شادی و جۆش و خرۆش و دەشزانم کە ئەو کچەی ئێستا لە گەڵ من پیاسەدەکات، کەسێکە، کە ژیان بەهەموو چاکەو خراپەکانیەوە پەسەند دەکات و خۆشیدەوێت و دەیەوێت ڕۆژێك هەموو ئەو تاریکی و تارماییانە کە لە نەزانی و خورافات سەرچاوە دەگرن، لە بەردەم مرۆڤ لادات و چاویان بە نووری زانست و دانایی ڕووناککاتەوە. من دەزانم ئەو کچەی کە لە ژێر ئەو بارانە، لافاو ئاسا هەنگاودەنێت، کچێکە، کە دڵێکی پاکی وەك ئەو بارانەو ڕۆحێکی پان و بەرینتر لە دەریای هەیە. من دەزانم ئەو کچەی کە ئامادەبووە لەگەڵ مامۆستا ڕووگرژو بێزراوەکەی خۆی لە ژێر ئەم بارانە پیاسە بکات، کچێکی بە سۆزو میهرەبان و دڵناسکە، کە بەرگەی بچووکترین ڕەخنە ناگرێت و تەحەمولی ناکات. من دەزانم کە قوتابییەکەم، ڕووناکی چاوەکانم، لێم زویر بووەو من بە دوژمنی خۆی دەزانیت، بەلام ڕێم پێبدە پێت بڵێم کە ئەم مامۆستا ڕووگرژو بێزراوەت، لە ڕادە بەدەر نیگەرانی قوتابییە بە نازو دڵناسکەکەی خۆیەتی و پێیخۆشە ئەویش بزانێت کە زۆرێك لە توڕەیی و بە گۆاچوونەکان لە ڕووی خۆشەویستی و میهرەبانییە. ئەگەر ئەو مامۆستایە قوتابییەکەی خۆش نەویستبایە بە ئاسانی هەڵەکانی پشتگوێدەخست. ئەگەر ئەو کچەی کە لەگەڵمدا هەنگاودەنێت و پیاسەدەکات بیزانیبایە زۆربەی شەوان، مامۆستاکەی لە بەر ئەو ڕەفتارەی کە بەرامبەر ئەو ئەنجامی داوە لەگەڵ خۆیدا کەوتۆتە مشتومڕەوەو خۆی سەرزەنشت کردووە، دڵی نەرم دەبوو بەرامبەری و دڵی بۆی دەسووتا. ئەگەر ئەو قوتابییە کەللەڕەق و منجڕە بزانێت کە مامۆستاکەی تەنها خوازیاری خۆشبەختی و بەختەوەری ئەوەو لە بەر خۆشبەختی ئەو ناچارە دەمی داخاو خۆشەویستی و هۆگریەکەی سەرکوت بکات، لێیتوڕە نەدەبو و ئەوی بە دوژمنی خۆی

نەدەزانی. ئەگەر بیزانیبایە کە مامۆستاکەی چ ئازارو ئەشکەنجەیەك تەحەمولدەکات و بە چ شێوەیەك خۆشەویستییەکەی لە ژێر گووشاری لۆژیك سەرکوتدەکات، نەتەنها لێی توڕەنەدەبوو، بەلکوو هەولێدەدا لە هەست و سۆزەکانی تێبگات و ببێت بە خەمخۆرو پشتیوانی، بەلام بەداخەوە ئەو نایەوێت ئەو خالانە بزانێت و بە تەنها سواری ئەسپی خۆی بووە و تاویدەدات. من لە بەرامبەر ئەو تاقە سواریە دەتوانم چی بکەم ؟ جگە لەوەی کە ڕاوەستم و سەیربکەم و ئەگەر جارویاریش لەمپەرێك لە بەردەمیدا بێت لایبەم و لە ناویبەرم ". بە لاچاوێکەوە سەیریکردم و بەردەوامبوو "منیش هەندێکجار وەك تۆ تووشی ئەو هەستە دەبم کە - ئەو هەموو هەولّ و تێکۆشانە بۆ چییەو من چیم دەستدەکەوێت؟ - بەلێ، منیش هەندێکجار وەك تۆ خوازیاری مەرگ دەبم و ڕوو لە ژیان وەردەگێڕم. هەندێکجار لەوپەڕی بێهیوایی و نا ئومێدیدام کە لە پڕ چاوانێکی هەلّماتینی ڕەنگاو ڕەنگ لە بەردەمدا دەردەکەوێت و ئەوچاوە هیواو ئومێدی دووبارە ژیانم پێدەبەخشێت و منیش خۆم بۆ هەولّدان و تێکۆشان ئامادەدەکەم. ئەوەتا دەیبینی، منیش کە مامۆستای تۆم هەندێکجار نائومێدی و بێهیوایی ڕوومتێدەکات. ئێستاش وەرە بگەڕێینەوە. پێموایە باران لەش و ڕۆحی هەردووکمانی پاککردۆتەوەو ئەوشتەی کە لە باران داوامانەدەکرد دەستمانکەوت ".

دانپێدانانەکانی (ئاغای قودسی) ئاگری تورەیی لە ناخمدا دامرکاند و لە ژێر ئەو بارانە هەستم بەگەرمایەکی دلنشین کرد. ئومێد و تێکۆشان جارێکیتر لە دەروونمدا زیندوو بۆوەو کاتێك گەڕاینەوە مالەوە ئیتر ئەو (مینا) دلناسك و بێزارە نەبووم. بڕیارم دا بە تەواوەتی خۆم بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆرسی دووهەم ئامادە بکەم.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ٢٤ ))

دوایین تاقیکردنـەوەمان، ئـەدەبیات بـوو و پـاش ئـەو پـشووی نـەورۆز دەسـتپێدەکرد. خۆشـحاڵییەك کـەش و هـەوای ماڵـەوەی داگیر کردبـوو و (شـیدە) و دایکـم بەمەبەسـتی پێشوازیکردن لـە (مەرسـدە) و (فەرەیـدون) خـەریکی ڕێکخـستنی ماڵـەوە بـوون. ئـەوان نەیانهێشت من ئیشبکەم و لەکارکردن بەخشیمیان و هانیاندام هـەموو فیکـرو خـەیاڵم لای تاقیکردنەوەکانم بێت و بیر لەهیچ شتێکیتر نەکەمەوە.

بەیانی کاتێك خۆم بۆڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و ئەنجامدانی دوایین تاقیکردنەوە ئامادە دەکرد، دایکـم لێیپرسـیم "دوایـین تاقیکردنەوەیـە؟ ". منـیش بەبـەڵێ وەڵـامم دایـەوەو ئـەویش هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشاو گوتی "شوکر بۆخوا بەخێر تێپـەڕی، زۆر نیگـەرانت بـووم. (ئاغـای قودسـی) بەڕاسـتی ئەزیـەتی زۆری کێـشا، تـا تـوانی ورەو هێـزی جارانـت بـۆ بگەڕێنێتەوە. ئومێدەوارم (یەهدا) ڕێزی لێبگرێت و خۆشبەختی بکات ".

هەموو گیانم کەوتە لەرزین پرسیم "بۆ ؟ ئـەو دووانـە نیـازی هاوسـەرێتییان هەیـە؟ ". دایکم خەریکبوو مێزی خواردنەکەی دە سڕی و خۆشبەختانە لەبەرئەوەی کە پشتی لەمن بوو ڕووخسارە ڕەنگبزرکاوەکەی منی نەدی و بـەردەوامبوو "هێـشتا بەتـەواوی دیارنیـە، بـەڵام دوێنێ (شکوە خانم) دەیگوت کـە مامـەیان باسـی لـە سـەر ئـەم مەسـەلەیە کـردووەو لـە بەرئەوەی کە (یەهدا) زۆر (کاوە) ی خۆشدەوێت، لەوانەیە زووتر لە (کامـەران) ژن بهێنێـت. هەرچۆنێك بێت لەم پشووی نەورۆزەدا ڕووندەبێتەوە ".

کە لە ماڵ هاتمە دەرەوە زۆر خەمبارو دڵتەنگ بووم. نەمدەتوانی بڕوا بە قسەکانی دایکم بکەم. بڕوام بەدانپێدانانەکانی (ئاغای قودسی) هەبو و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بە زووترین کات گوتەکانی دایکم فەرامۆشبکەم.

لە کاتی تاقیکردنەوەکە (مەریەم) لە سەر کورسی بەرامبەرمەوە دانیشتبوو. کاتێك کاغەزەکان دابەشکران، بە دەنگە زوڵاڵەکەی (ئاغای قودسی) (ئیملا) خوێندرایەوەو پاشان کاغەزی دارِشتنیش دابەشکرا. بۆ نووسینی دارِشتنەکە یەك کاتژمێر کاتیان دیاریکردبوو.

کاتێك خەریکی نوسین بووم بینیم کە (مەریەم) دانیشتووە و نانووسێت. بە هێواشی پرسیم "بۆچی نانوسیت ؟ ". کەمێك سەری هێنایە پێشەوەو گوتی "هیچ نازانم ". دڵم بۆی سووتاو دارِشتنەکەی خۆمم بە نیوە ناتەواوی بە جێهێشت و گوتم "بنووسە ". پاشان بە هێواشی دەستم کرد بە گوتنەوەی دارِشتن. هەرچی دەهات بە مێشکمدا من دەمگوت و ئەو دەینووسی. لە بەرئەوەی کە لە ڕووی نووسراو نەمدەخوێندەوە، هەندێکجار ناچار دەبووم ڕستەی پێشووی لێبپرسمەوەو ئەو دووبارە بۆی دەخوێندمەوە.

دەنگی ئێمە دووانی بێدەنگی پۆلەکەی تێکدا، بە شێوەیەك کە یەکێك لە مامۆستاکان بە گوتنی (وس بن) داوایلێکردین کە بێدەنگی هۆڵەکە بپارێزین. کەمێك چاوەڕێمکرد و دیسان دەستمکردەوە بە گوتنەوەی دارِشتنەکە. نەمزانی (ئاغای قودسی) لە ڕیزی کورسیەکان تێپەڕیوەو خۆی گەیاندۆتە کۆتایی هۆڵەکە، ئەو شوێنەی کە منی لێبوو. ئەوەندەی نەمابوو کە دارِشتنەکەی (مەریەم) کۆتایی پێبێت. کاتێك دوایین ڕستەشم پێ گوت پرسیم "چەند ڕستەیە؟ ". ژماردی و بە هێواشی گوتی "نۆزدە". گوتم "خۆشت ڕستەیەکی بۆ زیاد کە ". هێشتا قسەکەم تەواو نەبوو بوو کە دەنگێك چرپاندی بە گوێما "ئیتر بەسە خۆت بنووسە. کاتی زۆرت نەماوە ! ". لە ترسا هەستامە سەر پێ، وامزانی هەر ئێستا هێڵێکی سوور دەهێنێت بە سەر تاقیکردنەوەکەی هەردووکماندا. من بە درێژایی تاقیکردنەوەکان چەندجار ئەوم دیبوو کە قۆپی بەقوتابییەکانەوە گرتبوو و دەمزانی چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدەکات، بەڵام کاتێك بە هێمنی لە تەنیشت کورسیەکەمەوە تێپەڕی، لە سەر جێگاکەم دانیشتم و هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشاو کەمێك ئارام بومەوە و خێرا دەستمکرد بە نووسین.

خۆشبەختانە لەگەڵ کۆتایی هاتنی کات، دارشتنەکەی منیش تەواوبوو، بەڵام دەرفەتی دووبارە نووسینەوەو چاو پیاخشاندنەوەیم نەبوو.

(ئاغای قودسی) تاقیکردنەوەکانی کۆ دەکردەوە. کاتێك ئەوەی منی هەڵگرت گوتی "تۆ و (مەریەم) لە هۆڵ بمێننەوە". قوتابییەکان یەکلەدوای یەك، پاش تەواو کردنی تاقیکردنەوەکە، هۆڵەکەیان جێهێشت، بەڵام من و (مەریەم) لە سەر جێگاکەمان دانیشتبووین و هەتا نەماندەوێرا سەیری ڕووخساری یەکتریش بکەین. (ئاغای قودسی) لە پشتی مێز دانیشتبوو و کاغەزەکانی دەستە دەستە دادەنا و جگە لە ئێمە سیانی، کەسی تر لە هۆڵ نەمابوویەوە. ئەو پاش ڕیزکردنی کاغەزی تاقیکردنەوەکان سەیری من و (مریەم) ی کرد و ئیشارەتی داینێ کە نزیکی ببینەوە. من و (مەریەم) لە چاوەڕوانی سزادان لە بەردەم مێزەکەی وەستابووین. (ئاغای قودسی) تاقیکردنەوەکەی من و (مەریەم) ی بە جیا لەوانی تر دانابوو. یەکەمجار کاغەزی تاقیکردنەوەکەی (مەریەم) پاشان ئەوەی منی هەڵگرت و گوتی "ئەمە خەتی فارسیە یان خەتی بزماریە کە تۆ نووسیوتە ؟". چاوەڕێی وەڵامی نەکرد چونکە خۆی دەیزانی کە دەرفەتی دووبارە نووسینەوەو چاو پیا خشاندنم نەبوو. پاش خوێندنەوەی داڕشتنەکەی من سەیرێکی هەردووکمانی کرد و گوتی "پێش ئەوەی کە هێڵێکی سوور بهێنم بە سەر تاقیکردنەوەکانتاندا دەمەوێت بڵێم کە، (خانمی ئەفشار) ! تۆ بیرو هۆشێکی باشت هەیە چونکە بەبێ پێش نووسی، داڕشتنێکی تۆکمەو تەواوت بە (خانمی یەگانە) گوت تا بینووسێت. داڕشتنەکەی خۆشت تەواو و جوانەو منیش زۆرم پێناخۆشە کە ناچارم هێڵی سوور بهێنم بە سەریدا". (مەریەم) کەوت بە سەر دەست و قاچیا و بە پاڕانەوە گوتی "(ئاغای قودسی) ! هێڵی سوور بهێنە بە سەر داڕشتنەکەی مندا، بەڵام دەستکاری داڕشتنەکەی (ئەفشار) مەکە، تاوانی من بوو کە گوتم "داڕشتن نازانم و ئەو ناچاربوو کە یارمەتیم بدات و داڕشتنم پێ بڵێت". من گوتم "بەڵام من یەکەمجار پرسیارم کرد".

(ئاغای قودسی) زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "کەواتە دان بەوەدا دەنێن کە قۆپیتان کردووە ؟". هەردووکمان بێدەنگ بووین. (مەریەم) بە هێواشی گوتی "من تاوانبارم. تکاتلێدەکەم

Scanned with CamScanner

دەستکاری دارِشتنەکەی (ئەفشار) مەکە ". (ئاغای قودسی) پاندانەکەی هەڵگرت و گوتی "تۆ نەتدەزانی هەتا ئەگەر لە کاتی تاقیکردنەوەکە ئاگاداری قۆپی کردنەکەی ئێوە نەبوومایە لە کاتی خوێندنەوەی دارِشتنەکان دەمزانی کە ئەم دارِشتنە بە هۆی (ئەفشار) ەوە نووسراوە نەك تۆ؟ ". پاشان لە خوارەوەی کاغەزی تاقیکردنەوەکەی (مەریەم) نمرەیەکی پەنجای داناو گوتی "ئەمە تەنها لە بەر ئەزیەتدانی هاورِێکەتە. دەتوانی برِۆیت ". (مەریەم) بە بینینی نمرەی پەنجا رووخساری گەشایەوەو چەندین جار سوپاسی (ئاغای قودسی) کرد و هۆڵەکەی بەجێهێشت.

من و ئەو و کاغەزەکەی بەردەمی مابووینەوە. سەیریکردم و پرسی "ئێستا چی لەم کاغەزە بکەم؟ دەتوانی بڵێیت کە ئەم کارەشت بێئاگایانە ئەنجامداوەو بە دەستخۆت نەبوو ؟ ". گوتم "نەخێر ناتوانم وابڵێم ". پرسی "کەواتە دەتزانی کە چیدەکەیت و دەشتزانی ئەو کارەت یاساشکێنییە، وا نییە؟ ". گوتم "بەڵێ دەمزانی، بەڵام دڵم نەدەهات کە یارمەتی هاورِێکەم نەدەم ". بە لالێوێکەو پێکەنی گوتی "ئەوە یارمەتی نەبوو. بە پێچەوانەوە تۆ ئەوت گرفتارکرد. لەوانەیە ئەگەر بە بیرو هۆشی خۆی بینووسیبایە زیاتر لە پەنجای وەرگرتبایە. تۆ هەم زوڵمت لە خۆت کردو هەم لەویش ". پرسیم "ئێستا نمرەی سفر دادەنێیت؟ ". گوتی "دڵم نایەت نمرەی سفر بۆ ئەو دارِشتنە دانێم. ئەوەش بزانە کە ئەو نمرەیە لە بەردارِشتنەکە دائەنێم نەك لە بەر خوودی خۆت. تێگەیشتی؟ ". بە نیشانەی تێگەیشتن سەرمرِاوەشاند و ئەو بەبێ ئەوەی نمرە بۆ دارِشتنەکە دانێت کاغەزەکانی هەڵگرت و هەستا.

پرسیم "کەواتە چەندم هێنا ؟ ". لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرگای هۆڵەکەی دەکردەوە گوتی "دوایی دەزانیت. نەبوونی نمرە سزایەکە بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەو کردارە دووبارە نەکەیتەوە. بە هیوای کاتێکی خۆش ". لە هۆڵ چووە دەرەوەو دەیویست لە پلیکانەکان بچێتە خوارەوە، بەڵام پەشیمان بوویەوەو دووبارە گەرِایەوەو گوتی "لە بیرمکرد پەرِتوکخانەکە داخەم ". بە هەمان شێوە کە رووەو پەرِتوکخانەکە دەرِۆیشت بە دەنگی بەرز گوتی "نیگەران مەبە ! نمرەی کۆرسی یەکەمت دەتوانێت قەرەبووی ئەوە بکاتەوە ". دەرگای پەرِتوکخانەکەی قفلکرد

Scanned with CamScanner

و جارێکیتر کاغەزی تاقیکردنەوەکانی هەڵگرت و پرسی "ناتەوێ داوایلێبوردن بکـەیت؟ ".
کە بینی بێدەنگم گوتی "فیـزو لـووت بەرزیەکـەت ڕێتپێنـادات داوایلێبـوردن بکـەیت بـە هەمانشێوە کە ئەرکەکەی منیش ڕێم پێنادات چاوپۆشی لەم هەڵەیەی تۆ بکەم. خۆشحاڵم لە یەکتر تێدەگەین. خواحافیز ".

حەزمنەدەکرد بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. لە بەردەم فرۆشگاکان دەوەستام و سەیری شتەکانی ناو فرۆشـگام دەکـرد. قـسەکەی دایکـم وەك کاسـێتێك لـە گوێمـدا دووبـارە دەبوویـەوەو دەزرینگایەوە. تۆ بڵێی هاتنی (یەهدا) هۆکاری ئەو ڕەفتارەی بێـت ؟ تـۆ بڵێـی لـەم مـاوە کورتەدا خۆشەویستییەکەی فەرامۆشکردبێت؟

منداڵێك لەتەنیشتمەوە ترەقەیەکی کێشا بە زەویداو منیش هەڵپەڕیم. خاوەن فرۆشـگاکە هاتە دەرەوە و لە هەمانکاتدا کە جنێوێکی ئاراستەی منداڵەکەکرد لێی پرسیم "سەلامـەتی؟ ". سوپاسمکرد و بە گوتنی (باشم)، لەوێ دوورکەوتمەوە. سەرەی پاسەکە زۆر قەرەباڵغ بـوو و منیش بە پێ بەرەو ماڵ کەوتمەڕێ.

هەموو شتێك بۆ هاتنەوەی میوانەکان و دەسپێکی ساڵی تازە ئامـادە بـوو. حەزمـدەکرد ساڵی تازە بە خۆشی و شادی دەست پێبکەم، بەڵام بەبێ خواستی خۆم خەم و خەفەت لە سەر ڕووخسارم نیشت و خۆشی و شادی لێزەوت کردم. جلەکانم گۆڕی و چوومەخوارەوە. دایکم بە تەلەفۆن قـسەیدەکرد. کـە تەلـە فۆنەکـەی دانـا پێـی گـوتم "(کـەتایۆن) و (شـکوە خـانم) داوایانلێکردم بڕۆین بۆ ئەوێ ". پرسیم "شتێك ڕوویداوە؟ ". بەسەرسوڕمانەوە سەیریکردم و گوتی "نا، ئەوان ئاگریان داگیرساندووەو داوایان لە من و تۆش کردووە کە بە سەر ئاگرەکەدا باز بدەین ". تازە بیرمکەوتەوە کە شەوی چوارشەممە سوورییەو بە پێی داب و نەریتی دێرین دەبێ بە سەر ئاگردا باز بدەین، ویستم بەهانە بکرم، بەڵام دایکم دەسـتی ڕاکێشام و گـوتی "بیانو مەگرە، خۆ نـاڕۆین لـەوێ دایکـوتین، دەڕۆیـن و زوو دەگەڕێینـەوە". کـە لـە مـاڵ دەرچووین دەنگی پێکەنینی ئەوان لە کۆڵان دەبیسترا. لـە دەرگـا گەراجیەکـەوە ڕۆیـشتینە ژوورەوەو ئەوانیش هەموویان پێشوازییانلێکرد ین. (یەهدا) بلوزو پانتۆڵێکی سـپی لـە بـەر

کردبو و پرچیشی لە سەر شانی پەخشان کردبوو و سەیری بڵێسەی ئاگرەکەی دەکرد. (کەتایۆن) دەستیگرتم و گوتی "سەرەی تۆیە. ئێمە هەمووومان بەسەر ئاگرەکەدا بازمان داوە. خێراکە ". کاتێك بینی کە دوودڵم، خۆی بازیداو منیشی هاندا. بە ناچاری منیش بازمداو بە دوای منیشدا ئەوانیتر هاتن. پێڵاوە پاژنە بەرزەکەی (یەهدا) لە پڕ خلیسکاو ئەوەندەی نەمابوو بە سەریکەوێتە ناو ئاگرەکەوە. ئەگەر من لە کاتی خۆیدا شانم نەگرتبایە ئەو کارەساتە ڕووی دەدا.

دایکی (یەهدا) ڕەنگی تێکچو و زریکاندی. لەگەڵ دەنگی زریکانەکەی ئەو، (کامەران) و (کاوە) خۆیان گەیاندە حەوشەوە (کاوە) زووتر خۆی گەیاندە ئێمە و هۆکارەکەی پرسی. (شکوە خانم) بوو بە گوتەبێژو ڕووداوەکەی گێڕایەوە. (یەهدا) پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو و وا دەریدەبڕی گوایە بە هۆی ئەم ڕووداوەوە دووچاری زەبر بووە. (کەتایۆن) بە سوپاسەوە سەیرێکی کردم و بە براکەی گوت "شتێکی گرنگ نەبوو، شوکر بۆ خوا بە خێر تێپەڕی ". پاشان بەبێ گوێدانە ئەوانی تر نەوتی کرد بە سەر ئاگرەکەدا، کە خەریکبوو دەکوژایەوەو ئاگرەکە بڵێسەی سەند. ئینجا ڕووی کردە من و گوتی "(مینا) پێموایە ئەم ئاگرە بۆ من و تۆ دەمێنێتەوەو ئەوان ناوێرن بازیدەن بە سەرا. بە ناوی خوا دەستپێبکە "و خۆی بە گوتنی ئەو ڕستەیە بە سەر ئاگرەکەدا بازیدا. بۆ ئەوەی ئەو بە تەنها نەبێت منیش بازمدا، بەلام دوای من و ئەو ئیتر کەسی تر نەهات. (یەهدا) لەگەڵ دایکی و (کامەران) و (کاوە) چوونە ژوورەوەو کەمێك پاشتر دایکم و (شکوە خانم) یش پەیوەندیان بەوانەوە کرد.

کاتێك حەوش چۆڵ بوو (کەتایۆن) گوتی "خوا ئەم جەژنە بە خێر بگێڕێت ". پرسیم "جەژنیش هەر لێرەن؟". گوتی "وا دیارە. چەند شەو لەمەوپێش مامەم لە(ئەسفەهان) ەوە تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی منیش بۆ جەژن دێم بۆ ئەوێ ". پرسیم "مەگەر (یەهدا) لە (تەوریز) ناژی ؟ ". (کەتایۆن) وازی لە ئاگرەکە هێناو لە سەر پلیکانەکان منی لە تەنیشت خۆی دانیشاند و گوتی "بەڵێ وایە، بەلام مامەم بازرگانەو هەمیشە لە سەفەرو گەڕاندایە. ئەو بۆ هەموو شوێنێکی ئێران و دەرەوەی وڵات سەفەردەکات و ئێستاش لە (ئەسفەهان) سەریهەڵداوە و یەك دوو ڕۆژێتر دێت بۆ (تاران) ". گوتم "(یەهدا) کچێکی جوانە. بۆچی

(کامەران) داواییناکات؟ ". شانی هەڵتەکاندو گوتی "من هۆکارەکەی نازانم، بەلاّم ئەگەر ڕای منت دەوێ، بەهیچ شێوەیەك حەزناکەم ئەو ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێت بە براژنم. ئێستا نەتبینی کە ڕووداوێکی سادەی چەند گەورە کرد و خۆی چیلێکرد ؟ ڕۆژی سەیرانەکە، ئەو ڕووداوە کە بۆ تۆ ڕوویدا، ئەگەر ئەو لە جێی تۆ بوایە شتەکە گەورە دەبوو و کارمان دەگەیشتە ئیمێرجێنسی و نەخۆشخانە. ئەو بەرگەی هیچ سەختی و ناخۆشییەك ناگرێت ". گوتم "ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بە پێچەوانەی حەزو ئارەزووی تۆ بوو بە براژنت چیدەکەیت؟ ". جارێکی تر شانی هەڵتەکاتد و گوتی "هیچ، تەحەمولدەکەم، بەلاّم هەر لە ئێستاوە دەڵێم کە وەك براژن خۆشمناوێت ". دەستمگرت و گوتم "منیش هەر لە ئێستاوە دەڵێم کە تۆ دشێکی بە بیانوویت"و هەردووکمان پێکەنیین. لە هەمانکاتیشدا دایکم هاتە دەرەوەو منیش خواحافیزیم کرد و گەڕاینەوە ماڵەوە.

چاوەڕێی ئەوەمدەکرد کە لە دەمی (کەتایۆن) یش قسەکانی دایکم ببیستم، بەلاّم چونکە ئەو ئاماژەی بەو مەسەلەیە نەکرد، منیش خۆم ڕازیکرد بەوەی کە گوتەکەی دایکم لە ڕووی گومانەوە بووە و دوورە لە ڕاستی.

بەیانی زوو لە گەڵ (شیدە) بۆ پێشوازیکردن لە موسافیرەکان ڕۆیشتین بۆ فرۆکەخانە. ئەوان دوو کاتژمێر درەنگتر هاتن. بە بینینی ئازیزانم ئەوەندە خۆشحاڵبووم، ناتوانم باسیبکەم. (مەرسدە) م لە باوەشگرتبو و فرمێسکم دەڕشت. دەنگی گریان و پێکەنینمان سەرنجی هەموو ئامادە بووانی ڕاکێشا بو و سەیری ئێمەیان دەکرد. کاتێك هۆڵەکەمان بە جێهێشت باران دەستیپێکرد. لە ترسی تەڕ بوون، خێرا سواری ئۆتۆمبێل بووین و بەرەوماڵ کەوتینەڕێ. باوکم کە لە بەر چاکبوونەوەی من مەڕێکی نەزر کردبوو، ئەوڕۆژە قوربانی کرد. هەموو ئازیزانمان لەوێ کۆبوون. کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ساڵ دەگۆڕا و ساڵی نوێ دەستیپێدەکرد. (مەرسدە) و (فەرەیدون) خۆیان بۆ ساڵی نوێ ئامادەکردبوو. ئەو دیمەنەی قوربانیکردن و کرداری چاوەزاری دایکم سەرنجی (مەرسدە) ی ڕاکێشا و گوتی "لە

Scanned with CamScanner

هیندوستان قوربانیکردنی گا لـە پـێش چـاوی خـەڵك قەدەغەیـە. چـونکە هەنـدێکیان گـا دەپەرسن". من گوتم "لە خۆڕا هیندوستانیان ناو نەناوە ولاتی سەیرو سەمەرە ".

ئێمـە قـسەی زۆرمـان پێبـوو بـۆ یـەکتری بـاس بکـەین. بـچووکترین دەرفـەتێکمان دەستکەوتبایە، پێکەوە قسەماندەکرد. کاتێك هـەموومان لـە دەور سـفرەی (هـەفت سـین) دانیشتین، فرمێسك لە چاوانی دایکم و باوکم قەتیس مابو و لە بەرئەوەی کە لە کاتی هاتنی ساڵی نویٚ منداڵەکانیان لە لایان بوون و هەمووان پێکەوە بوون شوکری خوایان دەکرد.

پاش ڕاگەیاندنی هاتنی ساڵی نویٚ، (مەرسدە) و (فەرەیدون) ئـەو دیارییانـەی کـە بۆیـان هێنابووین پێشکەشیانکردین. من بە بینینی ئەو جلوبەرگە (ساری) یە پەمەییەی (مەرسدە) بۆی هێنابووم زۆر خۆشحاڵ بووم و جارێکیتر لە باوەشمگرت. (فەرەیدون) یـش سـینەرپێزێکی کەڵبەی فیلی کردە ملم کە زۆر گرانبەها بو و لەگەڵ جلە (ساری) یەکـە ڕێکدەکـەوت. ئـەو شەوە تا دەمەو بەیان دانیشتین و پێکەوە گفتوگۆماندەکرد.

(مەرسدە) لە سەر جێگاکەی خۆی ڕاکشا و گوتی "هیچ شوێنێك نابێـت بـە ئێـرە. ئێـرە شوێنێکی تـرە ". لـە سـەرجێگاکەمەوە خۆمگەیانـدە لای و پرسـیم "میوانـت نـاویٚ؟ ". کەمێك چووە ئەو لاوە و هەردووکمان لەسـەریەك تـەختی نووسـتن پاڵکـەوتین. وامزانـی زوو خەویٚ لێدەکەویٚت، بەڵام کاتێك لێیپرسیم (مینا تۆ خەوت نایەت؟) سەرمبەرزکردەوەو گـوتم "نا ! ". گوتی "حەزدەکەی باسی دراوسێکەی بەرامبەرم بۆبکـەیت؟". گـوتم "ئێـستا تـۆ ماندوویت و منیش قسەی زۆرم پێیە ". پێکەنی و گوتی "گوێمـدەدەرە ماندوویـەتی مـن و نەوشتانەم بۆ باسکە کە لە نامەکاندا نەتدەتوانی بینووسی". من ڕووداوەکانی شەش مانگی ڕابردووم وەك داستانێك بۆ گێڕایەوەو کاتێك قـسەکانم تـەواوکرد خۆرهـەڵاتبوو. (مەرسـدە) بەبێئەوەی چاولێکبنێت گوێی لە هەمووی گرت و باوێشکێکی داو گوتی "کەواتـە تـۆ ئـەم ماوەیە بێکارنەبوویت " خۆزگە منیش لێرە بوومایەو ئەو ڕووداوانـەم لـە نزیکـەوە دیتبـا". گوتم "ئەگەرچی تۆ لە گەڵمدانەبووی، بەڵام زۆربـەیکات تـۆم لـەلای خـۆم هەسـتپێدەکرد و هەندێککاتیش بیروڕای تۆم وەردەگرت و لە پێشـچاوی خـۆم وێنامـدەکرد کـە تـۆ چ ڕایـەك دەردەبڕی و منیش بەپێی ئەو ڕایەی تۆ ڕەفتارمدەکرد ". دەسـتی خـستەژێرسەری و گـوتی

Scanned with CamScanner

"منیش زۆربەی کات بیرم لای تۆ بو و دەمهێنایە پێش چاوی خۆم کە لەو کاتەدا بە چ کارێکەوە خەریکی. خۆزگە ئێمە لە یەکتر جیانەبووینایەتەوە". گوتم "تەنهایی تەنگییپێهەڵچنیوم. میهرەبانییەکانی (شیدە) و چواردەوریشم ناتوانێت لەو تەنهاییە رزگارمکات ". دەستیهێنا بە قژما و گوتی "ساڵی ناینده پێکەوەین. تەنها هەوڵبدە بە نمرەیەکی باش پۆلی شەشەکەت تەواوکەیت. ئێمە زۆر دڵنیانیین ". پرسیم "بۆ وا بیردەکەیتەوە کە من ناتوانم دەرچم؟ ". پێکەنی و گوتی "بێگومان شەشەکەت تەواودەکەیت. مەبەستم هاتنت بۆ هیندوستانە، چونکە تۆ ئەو هەموو داواکارەت هەیەو لەوانەیە شوویکەیت و خێزان پێکبێنیت". گوتم "یەکەمجار دەبێ تۆ شوویکەیت، دایکم گوتەنی - ئاش بە سەرە - ". جارێکیتر پێکەنی و گوتی "ئەوە چ تیۆرێکە؟ لەوانەیە من هەرگیز نەمەوێت شوو بکەم. خۆ نابێت تۆ لەبەرمن بە سەڵتی بمێنیتەوە". گوتم "بە هەرحاڵ، ئەوە بڕیاری من و دایکمە، بەڵام ئێستا کە باسی شووکردن هاتەئاراوە، ئەگەر داواکارێکی باشت بۆ هات ئامادەیت واز لە خوێندن بێنیت و شوو بکەیت". گوتی "من ئێستاش داواکارم هەیە، بەڵام خوێندن لە پێشترەو لەو بڕوایەدام کە یەکەمجار خوێندن، پاشان پیکهێنانی خێزان ". خۆشحاڵبووم و پرسیم "ئەو ئێرانییە ؟ ". گوتی "نەخێر، هیندیەکی موسڵمانەو ئوستادی خۆمەو فارسیەکی چاکیش دەزانێت و خێزانیشی لە دەوڵەمەندەکانی هیندوستانن. لەگەڵ (فەرەیدون) یشدا زۆر تێکەڵەو بە نیازە ئەم هاوینە سەفەرێکی ئێران بکات ". پرسیم "تۆش ئەوت خۆشدەوێت؟ ". دانیشت و چاوی بڕییە پەنجەرەکەو گوتی "ئەگەر پێتبڵێم هیچ هەستێکم بەرامبەری نییە، بڕوامپێدەکەیت؟ من لەوێ ئەوەندە سەرقاڵی وانەکانم کە دەرفەتی بیرکردنەوە لە عەشق و عاشقیم نییە. هەر وەکو بۆمنووسیت، دەبێ هەموو پەنجەرەکان لەسەر عەشق داخەیت، تائەوڕۆژەی کە خوێندن تەواودەکەیت ". منیش دانیشتم و وەك نارەزایەتی دەربڕینێك گوتم "تۆ ئیتر زۆر بیانوودەگریت. بەرای من، ئەگەر دەزانیت کە ئەو هەلومەرجی هاوسەرێکی باشی هەیە، دەبێ پەسەندیکەیت و رازیبیت. بە بڕوای من، ئەو دەتوانێت لەم بوارەدا یارمەتیتبدات. ئێستا پێمبڵێ، بزانم شکڵ

و رووخساری چۆنە، خۆزگە وێنەیەکیت لەگەڵ خۆتدا دەهێنا". سەیریکردم و گوتی "کاتێك کە ئەوم ناوێت، ئیتر بۆ دەبێ وێنەی لەگەڵ خۆم بێنم؟". ئاهێکی درێژم هەڵکێشا. سەری سوڕماو تەماشای ناوچەوانی کردم و پرسی "بۆ ئاه هەڵدەکێشی؟". گوتم "خۆزگە لە جێی تۆ بوومایەو ئەو ئوستادە هیندییە عاشقم دەبوو. ئەوکات منیش وەڵامی عەشقەکەیم دەدایەوەو هەرلەوێ دەژیام ". بەسەرسامی و ناباوەڕییەوە پرسی "ئەوە بەڕاستتە ؟ واتە تۆ ئامادەیت بۆ هەمیشە لەوێ بژیت؟ ". پێکەنیم و گوتم "بۆنا، مەگەر تۆ نالێیت کە ئەو هەم دەوڵەمەندەو هەمیش وەك خۆمان بە فارسی قسەدەکات؟ کەواتە مەودا ناتوانێت ببێ بە کۆسپ و لەمپەر. چونکە هەرکاتێك بیرتانبکردبایە، دەمتوانی بێم بۆ ئێران و بتانبینم. من ئەگەر بزانم هاوسەرەکەم بە ڕاستی منی خۆشدەوێت، ئامادەم، ئەگەر لەجەنگەڵەکانی ئامازۆنیشدا بێت، لە گەڵی بژیم " هیندوستان هەر زۆرئاسانترە".

دەستی خستە سەرشانم و گوتی "کەواتە تا هاوین چاوەڕێکە ! لەوانەیە کاتێك هات بۆ ئێرە، ڕای بگۆڕێت و تۆ هەڵبژێرێت ". گوتم "وای، قسەی وا مەکە، من هەرگیز داواکاری خوشکەکەم زەوتناکەم". دەستیکردە ملم و گوتی "، بەڵام من بە نیازێکی پاکەوە پێشکەشی تۆی دەکەم. چونکە هەر وەکو پێمگوتی، بەهیچ شێوەیەك خۆشەویستی ئەو لە دڵمدا نییە ". بەو دەمەو بەیانییە دڵم بۆ پیاوێك کەوتە لێدان کە هێشتا نەمدیبوو. (مەرسدە) کە بێدەنگییەکەمی دی گوتی "کەواتە ڕازی بوویت! ها؟ ". سەیرمکرد و هەردووکمان دەستمانکرد بەپێکەنین.

((بەشـــــــی ٢٥ ))

هەموویان لە سەر مێزی خواردن دانیشتبوون، من هاتمە ئاشپەزخانەکەو پەنجـەرەی رووەو حەوشم کردەوە. دەنگی نارەزایەتی دایکم بەرزبوویەوە و چاکەتەکەی پێچا بە خۆیەوە، بـەڵام ئەوانی تر قسەیاننەکرد و بگرە هەناسەیەکی قووڵیشیان هەڵکێشا بۆ ئـەوەی هـەوای پـاکی دەمەویەیان هەڵمژن. رووومکردە دایکم و بە جووڵاندنی سەرو لەش و دەسـتم، گـوتم "کـاتی ئەوە هاتووە کە بەهار لەگەڵ ژوورەکان ئاشتکەینەوە". دایکم لە وەڵامدا گـوتی "لـە بـاتی ئەو قسانە، وەرە دانیشە نان و چاکەت بخۆ، چونکە میوانمان دێت". لە وەڵامـی سـەیرکردنە پرسیاراوییەکەی من بەردەوام بو و گوتی "پێموایە ماڵی (ئاغای قودسی) بە نیازی سـەفەرن و دەیانەوێت پێش رۆیشتن، بۆ جەژنـە پـیرۆزە بـێن بـۆ ئێـرە. هـەروەها ئەیانـەوێت لەگـەڵ (فەرەیدون) و (مەرسدە) ش ئاشنا بن ".

بە فەرمانی دایکم خێرا نانەکەم خوارد و لەگەڵ (مەرسدە) بۆ گۆڕینی جلـەکانمان چـووینە سەرەوە.

بە (مەرسدە) م گوت "کەمێکی تر لەگەڵ ئوستادەکەی من ئاشنادەبیت و مۆڵەتی ئەوەت هەیە لەگەڵ ئوستادەکەی خۆت بـەراوردی بکـەیت و لـەو دووانـە یـەکێکیان هەڵبـژێریت". پێکەنی و گوتی"هەڵبژاردنی من چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە؟ تۆ دەبـێ سـەرێکی دڵـی خـۆت بدەیت و بزانیت کامەیان بـۆ ژیـانێکی هاوبەشـی دوورو درێـژ هەڵدەبـژێریت ". قـسەکەیم پەسەندکرد و گوتم "ڕاستدەکەیت، بەڵام پێمخۆشە بزانم ڕات لەبارەی (ئاغای قودسـی) یـەوە

چۆنە". لە هەمانکاتدا بیرۆکەیەك هات بە مێشکمداو گوتم "دێیت وەك جاران میوانەکان تووشی هەڵە بکەین؟ ". پرسی "مەبەستت چییە؟ ". گوتم "ئەوان تا ئێستا تۆیان نەدیوە، وانییە ؟ ". گوتی "بەڵێ وایە ". گوتم "پێمخۆشە کاتێك مـن و تـۆ دەبیـنن ڕووخساریان ببینم. ئەوە تاقیکردنەوەی (ئاغای قودسی) یە. ئەوە نـەبێ کـە نیگـای عاشـق بـە هەڵـەدا بچێت، بەلآم حەزدەکەم بزانم بە چاوپێکەوتنێك دەتوانێت لێکمـان جیاکاتـەوە ". کـەمێك تێفکـری و گـوتی "لەوانەیـە ئـەوان وا بـزانن کـە ئێمـە ویـستوومانە پێیـانڕابوێرین و لێمانبڕەنجێن". گوتم "نا، ئەوان خێزانێکی زۆرباشن و هەروەکو پێمگوتی، من مەبەستێکی تایبەتم هەیە. ئێستا ڕازیدەبیت؟ ". بـە جوولانـدنی سـەری، ڕەزامەنـدیی خـۆی ڕاگەیانـدو هەردووکمان جلوبەرگێکی یەکڕەنگمان لەبەرکرد و (مەرسدە) خـاڵێکی دەسـتکردی لـە لای لێوی دانا. لەبەردەم ئاوێنەکە وەستابووین، هیچ جیاوازییەکمان نەبوو.

لەگەڵ هاتنی میوانەکان، دڵـی هـەردووکمان کەوتەلێـدان و ئـەو جـارێکیتر داوایلێکـردم لەوکارە پەشیمانببینەوە، بەلآم کاتێك بینی کە من زۆر سوورم لەسەری، ئـیتر قـسەینەکرد. دەستمان خستەناو دەستی یەك و لە پلیکانەکان هاتینەخوارەوە. (کامەران) ڕێك لە بەرامبەر پلیکانەکان دانیشتبو و لەگەڵ باوکم قسەیدەکرد و یەکەم کەسیش بوو کـە چـاوی بـە مـن و (مەرسدە) کەوت. بە هێواشی بە (مەرسدە)م گوت "ئەوە (کامەران) ە و برای (کاوە) یـە". (کامەران) بە بینینی مـن و (مەرسـدە )، قـسەکانی بـەنیوە ناتـەواوی هێشتەوەو تەقوەی تەماشای ئێمە بوو ، لەگەڵ بێدەنگبوونی (کامەران )، ئەوانیتر زانییان کە شتێك ڕوویـداوە. (کاوە) ش سەیری پلیکانەکانی کرد و من و (مەرسدە) ی بینی. من وا خۆم پیـشاندا گوایـە یەکەمجارە ئەوان دەبیـنم. (مەرسـدە) م خـستە پێـشەوەو خـۆم هـەنگاوێك لـە دواوە بـووم. میوانەکان لەبەرئێمە هەستابوونەسەرپێ. (مەرسدە) دەستی درێژکرد و بە هێواشی سـەلامی کرد. (کامەران) دەستی گووشی و گوتی "(مینا خانم) ! خوشکەکەت زۆر لە تۆ دەچێت " . منیش تەوقەم لەگەڵ کرد و پیرۆزبایی سالی نوێم لێکرد. (کاوە) سەیرێکی (مەرسدە) ی کرد و پاشان چاوی بڕییە من و هەر کە (مەرسـدە) دەسـتی بـەرەو ڕووی درێـژ کـرد بـە گـوتنی (خۆشحالم بە ناسینتان) پیرۆزبایی سالی نـوێی لێکـرد. (کامـەران) بـە گومانـەوە سـەیری

Scanned with CamScanner

هەردووکمانی کرد و کاتێك (مەرسدە) ش بەوی گوت (منیش خۆشحاڵم) بە سەرسوڕمانەوە گوتی "واتە من بە هەڵەدا چووم؟ ".

(مەرسدە) ڕوومەتی (شکوە خانم) و (کەتایۆن )ی ماچ کرد و بە خێرهاتنی (ئاغای قودسی باوك) یشی کرد. باوکیشیان وەك (کامەران) تووشی هەڵە بو و بە گوتنی (ئا کوڕم، بە هەڵەدا نەڕۆیشتووی، ئەمە مینا خانمە) ئەحواڵپرسییەکی گەرمی لەگەڵ (مەرسدە) کرد. من هەوڵمدا وەك کەسێکی نامۆ ڕەفتار بکەم و هەر بۆیە زۆر بە ساردی ڕوومەتی (شکوە خانم) و (کەتایۆن) م ماچ کرد. دایك و کچیش بە خێرهاتنەوەی منیان کرد و منیش سوپاسمکردن و لێیانتێپەڕیم.

کاتێك هەردووکمان لە تەنیشت یەك دانیشتین، (کاوە) جارێکی تر سەیری ڕووخساری هەردووکمانی کرد و گوتی "بەداخەوە، دەبێ بڵێم هەمووتان بە هەڵەدا چوون. من ئەگەر قوتابییەکەم نەناسم، ئیتر بەکەڵکی چی دێم؟ ". (شکوە خانم) کە سەرسامبووبوو، ڕوویکردە دایکم و گوتی "سەرەنجام کامیان ڕاستدەکات؟ (کامەران) یان (کاوە)؟ ". دایکم پێکەنی و گوتی "ڕای کاك (کاوە) ڕاستە. هەر وەکو گوتی بە باشی قوتابییەکەی خۆی ناسی ". میوانەکان دایان لە قاقای پێکەنین. (فەرەیدون) گوتی "تاقیکردنەوەیەکی چاکی، بیرو هۆش بوو ". (کامەران) بە سەرسامی و سەرسوڕمانەوە گوتی "، بەلام برواکەن تا ئێستا بەم شێوەیە بە هەڵەدانەچووم ". (ئاغای قودسی باوك) یش پشتگیری لە قسەکەی کرد و بۆ ماوەیەك قسەو باسەکانیان لە مەڕ لێکچوونی من و (مەرسدە) بوو.

کاتێك بۆ کۆکردنەوەی پیاڵە چاکان هەستام، (مەرسدە) ش هەستا و بە دوای مندا هات بۆ ئاشپەزخانەکە. من پیاڵەکانم پڕلەچاکردبوو. (مەرسدە) بە پێکەنینەوە گوتی "(ئاغای قودسی) بە سەرکەوتوویی لەتاقیکردنەوەکە دەرچوو ". پرسیم "بە ڕای تۆ چۆن پیاوێکە؟ ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "تا ئێستا پیاوێکی خراپ نییە، بەلام ئەگەر پێتناخۆش نەبێت، دەبێ بڵێم کە ئوستادە هێندیەکەی من هەم خۆی و هەم براکەشی لەو جوانترن، بەلام شاعیر گوتەنی - ڕووخسار و ڕواڵەتی جوان مەرج نییە - ". گوتم "بەڵێ، گرنگ ئەوەیە

کە ڕەفتارو کرداری جوان بێت ". سینییەکەی لە دەست گرتم و گوتی "هیوادارم ڕەفتارو کرداریشی جوان بێت ".

کاتێك (مەرسدە) چایەکەی دادەنا، لە ناکاو پرچی کەوتە ناو پیاڵە چاکەی (ئاغای قودسی) یەوەو شەرمەزار بوو. (ئاغای قودسی) گوتی "دووەم جارە ئەمە ڕوودەدات. وا باشتر نییە کەمێك وریای پرچت بیت؟". شێوازی قسەکردنە فەرمانانەیەکەی ئەو، (مەرسدە) ی تووشی شۆك کرد و گوتی "داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئەمە یەکەمین هەڵەی منە". (کاوە) توند کێشای بە ناوچەوانی خۆیدا و گوتی "ئەی هاوار، سەرەنجام منیش تووشی هەڵە بووم. تکایە ببورە". جارێکیتر دەنگی پێکەنینی میوانەکان بەرزبوویەوە. لە هەمانکاتدا منیش چووم بۆلایان و گوتم "(مەرسدە) !، (ئاغای قودسی) هەمیشە بەم جۆرە لەگەڵ من قسەدەکات، تۆ نابێ لێیبڕەنجێیت". (ئاغای قودسی) بە شەرمەزارییەوە جارێکیتر داوای لێبوردنی لە (مەرسدە) کرد. (مەرسدە) ش پیاڵە چایەکەی ئەوی برد بۆ ئاشپەزخانە بیگۆڕێت. (ئاغای قودسی) بێدەنگبووبوو و گوێی لەقسەکانی دایکم دەگرت کە باسی بە هەڵەدا چوونی خزمانی دەکرد.

(کەتایۆن) پێیگوتم "(مینا) گیان ! بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، دەتوانی داوای یارمەتی لە (مەرسدە) بکەیت و ئەو لە باتی تۆدا بڕوات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان ". (مەرسدە) چای لە بەردەم (ئاغای قودسی) داناو ئەو بە هێواشی سوپاسیکرد. لە وەڵامی (کەتایۆن) دا گوتم "لە بەختی من چاودێرێکی وەك (ئاغای قودسی) م تووشدەبیت و لە خوێندن بێبەریدەکرێم ". (کامەران) بە لالێوێکەوە پێکەنی گوتی "ئەگەر چاودێرێکی بێ هۆشی وەك منت تووشبێت، سەردەکەویت". (کاوە) قسەکانی ئەوانی ڕەتکردەوەو بە گوتنی (مینا خانم پێویستی بە قۆپیەکردن نییە و خۆی بە باشی تاقیکردنەوەکانی ئەنجامدەدات) وای لە (مەرسدە) کرد کە بکەوێتە تاریفکردنی و گوتی "هەمیشە حەزمدەکرد مامۆستایەکی وەك جەنابتم هەبوایە، بۆ ئەوەی پشتگیری لێبکردمایەو پاڵپشتم بوایە ". (کاوە) پیاڵەکەی هەلگرت و سەیرێکی خێرای من و (مەرسدە) ی کرد و بە هەمان شێوازی پێشوو گوتی " بەڵام من پاڵپشتی لێناکەم، ڕاستییەکەی دەڵێم. خوشکەکەی تۆ قوتابی باش

و نموونه‌ی قوتابخانه‌که‌مانه‌و پیرۆزباییشت لێده‌که‌م بۆ ئه‌وه‌ی که خوشکێکی ئاوات هه‌یه". دایکم به (مه‌رسده)ی گوت "(ئاغای قودسی) بۆ (مینا) ته‌نها مامۆستا نییه" ئه‌و له‌م ماوه‌یه‌دا که دراوسێیان بووین، زۆر ئه‌زیه‌تی بۆ ئێمه کێشاوه. به ڕاستی وه‌ك برایه‌ك یارمه‌تی (مینا) ی داوه ". (فه‌رهیدون) یش سوپاسی کرد و کاتێك میوانه‌کان هه‌ستان، هیوای خواست که له‌و ماوه‌یه‌دا دیسان یه‌کتر ببینن. (شکوه خانم) گوتی "ئێمه به نیازی سه‌فه‌ر بووین، به‌ڵام به داخه‌وه کێشه‌یه‌ك بۆ هاوسه‌ره‌که‌ی (که‌تایۆن) هاته‌پێش و پاشگه‌زبووینه‌وه. که‌واته ده‌توانین دیسانه‌وه له‌گه‌ڵ یه‌ك بین و ئه‌گه‌ر پێتانخۆشبێت، ئێوه پیاوه‌کان به‌رنامه‌یه‌ك دارێژن بۆ ئه‌وه‌ی به باشترین شێوه که‌ڵك له‌و ڕۆژانی پشووه وه‌رگرین ". هه‌مووان ڕازیبوون و بڕیاردرا پیاوه گه‌نجه‌کان، به‌رنامه‌یه‌کی هه‌مه‌لایه‌نه داڕێژن.

هه‌موومان له حه‌وش بۆ خواحافیزی وه‌ستابووین که له ده‌رگا درا. کاتێك باوکم ده‌رگاکه‌ی کرده‌وه، (یه‌هدا) و دایکیمان بینی. باوکم داوایلێکردن بێنه ژووره‌وه. ئه‌وان یه‌که‌مجار نه‌هاتنه ژووره‌وه، به‌ڵام چونکه دایکم پێداگری کرد، هاتنه ژووره‌وه‌و له‌گه‌ڵ میوانه‌کان جارێکیتر له ناو هۆڵه‌که کۆبووینه‌وه. ئه‌مجاره‌یان جێگای دانیشتنی میوانه‌کان گۆڕابوو و (کاوه) له جێگای (کامه‌ران) دانیشتبوو.

(یه‌هدا) و دایکیشی له ده‌ستپێکی قسه‌کانیان باسی لێکچوونی من و (مه‌رسده) یان کرد. (ئاغای قودسی) بێده‌نگ بوو و (کامه‌ران) و (فه‌رهیدون) گوته‌بێژی کوڕه‌که بوون و له نێوان ژنه‌کانیشدا (یه‌هدا) قسه‌یده‌کرد. جارێکیتر میوانداری ده‌ستپێکرده‌وه و منیش چاییم ده‌گێڕا. (ئاغای قودسی) گوتی "ئه‌مڕۆ ئێوه‌مان زۆر ئه‌زیه‌تدا ". سه‌یرمکرد و گوتم "چ ئه‌زیه‌تێك؟ زۆرخۆشحاڵم که له‌گه‌ڵ جه‌نابت ئاشنابووم ". واقی وڕماو سه‌ر تا پێ سه‌یرێکی کردم و گوتی "دیسان به هه‌ڵه‌دا چووم؟ ". گوتم "ده‌بێ خۆت بیڵێیت ". سه‌ری جووڵانده‌و پشتگیری له قسه‌که‌مکرد و گوتی "یه‌کجار به هه‌ڵه‌دا چوون به‌سه. تۆ هه‌ر ئه‌و کچه که‌للەڕەق و منجڕه‌ی ئاماده‌یی نووری. ڕاستمگوت؟". که پێکه‌نینی له سه‌ر لێوم دی به ئاسووده‌یی پیاڵه‌که‌ی هه‌ڵگرت و هه‌ناسه‌یه‌کی ڕه‌حه‌تی هه‌ڵکێشا.

Scanned with CamScanner

بەهار جۆش و خرۆشێك لە ناخمدا دروستدەكات و هەر وەكوو سرووشت كە ڕەنگێكی نوێ بەخۆیــەوە دەگرێــت، وەرچــەرخانێكیش لــە منــدا ڕوودەدات. شــادی و خۆشــی لاوێتــی دەمگرێتەوەو مەرگ فەرامۆشدەكەم. ئارەزووی مەرگ و نابووتیی لەگەڵ پشكوتنی یەكـەمین خونچە لـە بـاخی دڵمـدا بـە خاكدەسـپێردرێت و جـۆش و خرۆشـی ژیـان لـە دەمارەكانمـدا قوڵپدەدات. هەستدەكەم دنیام خۆشدەوێت و هۆگریم. حەزدەكەم بانگەشەی ژیان بكـەم و بـە دەنگی بەرز مرۆڤە كپ و مات و نائومێدەكان لەودۆخەیان ڕزگاركەم. دەبێ هاواربكەم و بڵێم ئەی مرۆڤەكان! وەك كۆتری ئازاد و بێباك لە ئاسمانە شینەكەی پەروەردگاردا بەرزبفڕن و لـەو بەرزاییەوە سەیری ژیان بكەن. دەبێ بڵێم وەك ڕووبار ڕەوان بن و گۆرانی بـچڕن، دەبـێ بڵـێم وەك هەتاو بدرەوشێنەوەو گەرماببەخشن. دەبێ ئێوە عاشق بن و یەكترتان خۆشبوێت. دەبـێ كینەو دوژمنایەتی فەرامۆشكەن و دەستی میهرەبانی و دۆسـتایەتی بـە گـەرمی بگووشـن. دەبێ گوڵەكان لە ناو شوورەی گوڵخانەكان دەركـەن و باڵنـدەی عەشق لـە قەفـەزی زێـڕین ڕزگاركەن. ئێوە دەبێ ئازادبن، هەناسەبدەن و بە سەبەتەیەكی پڕلەخونـچەی خۆشەویـستی و میهرەبانی بەرەو دیداری دۆست بەڕێكەون.

دەبـێ خـەم و خەفـەت بەفەرامۆشـی بـسپێرین و سـەرلەنوێ بژیەینـەوە. دەبـێ پـەی بەمیهرەبانێتی درەختەپیرەكان بـەرین و لەسـێبەری لـق و پۆكانیـان بـۆ سـاتێك دانیـشین و ماندوویتیمان برەوێتەوە. لەوەرزی بەهاردا، دەبێ گولانی حەسرەت فڕێدەین و دەنگی ترپـەی ژیان لە بەهاردا ببیستین. دەبێ پەنجەرە بكەینەوەو جارێكیتر سـلاو لەهـەتاو بكـەین. دەبـێ بیرلەڕۆژەخۆشەكانی ئایندە بكەینەوەو تێبكۆشین. بەم جۆرە دەتوانین هەموو وەرزەكان بكەینە بەهار.

ئامادەبوونی (مەرسدە) دەبووە هۆی ئەوەی كە دایكم بە شادییەكی زیاترەوە كاریكـات و هەستبەماندوویتی نەكات. سێ ڕۆژ لە جەژن تێپەڕی و ئێمە لـەم ماوەیـەدا هـەر سـەرقاڵی بەرێكردنی میوانان بووین. ڕۆژی چوارەم و پێنجەم كەوتینەگەڕان و لە شەشەمین ڕۆژیشدا بۆ ماڵی (ئاغای قودسی) داوەتكراین. بۆ ڕێزلێنان لێیان و لەبەرئەو گوڵدانە گوڵەی كـە بۆیـان

هێنابوویان، ئێمەش چەپکە گوڵێکمان لەگەڵخۆماندابرد. (یەهدا) لە ڕۆژانی پێشتر جوانتربـو و پرچەڕازاوەکەشی دڵڕفێنتری کردبوو. هەڵبەت لە سەرەتای چوونەژوورەوەمان ئەو و (ئاغـای قودسی) لەوێ نەبوون، ئەوان پاش چەند خولەکێك پێکەوە لە پلیکانـەکان هاتنـە خـوارەوەو هاتنە ناو کۆڕی ئێمەوە. (شکوه خانم )، (شـیدە) ی بـە دایکـی (یەهـدا) ناسـاند و گـوتی "(شیدە خانم) هاوینی ئەمساڵ دەچێتە ناو قەفەزی زێڕینەوە. ئێمـە هـەموومان چـاوەڕوانی زەماوەندی (شیدە) و کاك (فەرەیدون) ین". دایکی (یەهدا) وەك بڵێی تـازە تێگەیـشتبێت، برۆ باریکەکانی بەرزکردەوە و بە وردی سـەیرێکی (شـیدە) و (فەرەیـدون) ی کـرد و پرسـی "(شیدە خانم) خزمی (ئاغای ئەفشار)ە ؟ ". ئەمجارەیان دایکم لە باتی (شکوه خانم) وەڵامی دایەوەو گوتی "بـەڵێ، (شـیدە) خوشـکەزای منـەو ئـەوان نزیکـەی دوو سـاڵە دەزگیرانـی یەکترن". (یەهدا) بە بیستنی ووشەی دوو ساڵ گوتی "وای دووساڵ چاوەڕوانی، چـەند زۆرە ! من ئەوەندە تەحەمولناکەم". (شیدە) ش لە بەر ئـەوەی کـە قـسەکەی (یەهـدا) جـۆرە لـە خۆبـاییبوونێکی لـە ناخیـدا درووسـتکردبو و شـانازییەخۆیەوەدەکرد، بـە سـەربەرزییەکەوە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "هەڵبەت دژوارە، بەڵام لە پێناو ژیانێکی خۆش و سەرکەوتوو، دەبێ مرۆڤ لەخۆبوردەیی هەبێت و من خۆشـحاڵم کـە لـەم بـوارەدا سـەرکەوتووم". وەسـف وتاریفکردنەکانی ئەوانیش لەخۆباییبوونەکەی ئەوی زیاتردەکرد. (کەتایۆن)، کە تـا ئەوکاتـە بێدەنگ بوو بە (شیدە) ی گوت "ئەو چاوەڕوانییەی تۆ شایانی ڕێـزە و مـن بـە پێـچەوانەی کچە مامەکەم لەو بڕوایـەدام کـە دوو سـاڵ چـاوەڕوانی لـە بەرامبـەر شـەش حـەوت سـاڵ ماوەیەکی کورتە. من یەکێك دەناسم کە بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی ئەو کەسەی کـە خۆشیدەوێت ئامادەیە ئەوەندە ساڵ چاوەڕێبکات و هەروەها ڕێبەخۆی نادات کە لەم ماوەیەدا دان بە عەشقەکەی خۆیدا بنێت، چونکە لەوەدەترسێت ئەوەك دەربڕینی عەشقەکەی ببێت بـە کۆسـپ و لەمپـەر لەبـەردەم پێـشکەوتن و بەرەوپێشـچوونی خۆشەویـستەکەی". (یەهـدا) ڕوویگرژکرد و گوتی" ئەوە (موجازەفە) یە، فیداکاری نییە. لەوانەیە لەو ماوەیەدا ئەو ژنـە

Scanned with CamScanner

یان ئەو پیاوە عاشقی یەکێکی تر ببێت و ئەو کەسەش کە تۆ باسی دەکەیت پێشینان گوتەنی - دەستی لە بنی هەمبانەکەوە دەرچێت ".

(مەرسدە) کە ئەو گفتوگۆیانە بێزاریانکردبوو، کەوتە باوێشکدان و لەبەرئەوەی کە ئەوانیتر پەی بە بێزاریەکەی نەبەن، هەستاو لە پشتی پەنجەرەکەوە سەیری دیمەنی حەوشەکەی دەکرد. (فەرەیدون) و (کامەران) یش لاساییەویان کردەوەو هەرسێکیان خەریکی سەیرکردن بوون و چەندخولەکێك پاشتر چوونە حەوشەوە. (کەتایۆن) و (یەهدا) ش وازیانلەقسەکردن هێناو (یەهدا) ش چووەدەرەوە.

دەنگی پێکەنینەکانیان وای لە من و (کەتایۆن) کرد کە بچینە لای پەنجەرەکەو سەیریانبکەین. شتێکی سەرنجڕاکێش نەدەبینرا. ئەوان لە تەنیشت باخچەکە وەستابوون و سەیری گوڵەکانیان دەکرد. وامگومانکرد کە (ئاغای قودسی) ش ژوورەوە بە جێدەهێڵێت و پەیوەندی بە (یەهدا )وە دەکات، بەڵام کاتێك ئاوڕمدایەوە بینیم کە لەگەڵ دایکی (یەهدا) سەرگەرمی قسەکردنە. (شکوە خانم) داوای لە(کەتایۆن) کرد کە چا بێنێت بۆ ئەوانەی کە لە ژوورەوە ماونەتەوەو منیش لەگەڵ (کەتایۆن) ڕۆیشتمە ئاشپەزخانەکەوە. (کەتایۆن) لە کاتی چاتێکردن گوتی "کچە مامەکەم بە جۆرێك پەروەردەکراوە کە هەموو شتێك بە ئاسانی وەدەستبێنێت و سەبرو قەراریان فێرنەکردووە. بینیت کە بە بیستنی وشەی دوو ساڵ چۆن ڕەنگی گۆڕا؟ دوو ساڵ چاوەڕوانی لای ئەو وەك سەدەیەك وایە. تەنها ئەو قسەیەی ڕاستبوو کە گوتی ناتوانم ئەو ماوەیە تەحەمول بکەم". گوتم "بەڵێ منیش ئاگاملێبوو. ناتوانم بڵێم کە هەبوونی سەبرو ئۆقرەیی چاکە یان خراپ، چونکە خۆشم هەندێکجار بێزاردەبم و توانا و هێزم لەدەستدەدەم. بە ڕای من، دەبێ یەکەمجار خۆت لە هەلومەرجێکی ئاوادا دانێیت و پاشان خۆت تاقی کەیتەوە". ئەویش پشتگیری لەقسەکەم کرد.

کاتێك گەڕاینەوە ژوورەوە، (ئاغای قودسی) لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستابو و دایکی (یەهدا) لەگەڵ دایکم و (شکوە خانم) قسەیدەکرد. (کەتایۆن) چای گێڕاو سینییەکەی گەڕاندەوە بۆ ئاشپەزخانە. لەهەمانکاتدا زەنگی تەلەفۆن لێیدا و (کەتایۆن)، کە لە تەلەفۆنەکەوە نزیك بوو، هەڵیگرت. (ئاغای قودسی) بینی کە من تەنهام بە پیاڵە چاکەی

Scanned with CamScanner

دەستییەوە، لە تەنیشتمەوە دانیشت و پرسی "تۆ بۆ ناچیتە ناو ئەو کۆڕەی حەوشەوە ؟ ".
گوتم "هەر ئێرە باشە، پێمخۆشە لەگەڵ (کەتایۆن) بم، تۆ بۆ ناچی؟ ". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "من ئێرە لە حەوش بە باشتر دەزانم ". بە توانجەوە گوتم " بەلام فەرامۆشی نەکەیت کە ئەو کۆڕە کچێکی تیایە بە هیچ شێوەیەك تاقەتی دووری نییەو لەوانەیە نەبوونی جەنابت بێزارو غەمگینی کات ". لە مەبەستەکەم تێگەیشت و بە گاڵتەپێکردنێکەوە گوتی "تۆش فەرامۆشی نەکەیت کە لە نێوان مامۆستاکان یەکێك هەیە سەبرو تاقەتی لێبڕاوەو ئەمشەو بە بیانووی دیداری من، دێت بۆ بینینی جەنابت. بەمەیان دەڵێی چی؟". بە سەرسوڕمانەوە سەیرمکرد و بێ ویستانە گوتم "زۆر بەداخەوە، پێمخۆشە تۆ پێی بڵێیت کە من بڕیاری خۆمم داوەو... ئەم هاوینی داهاتووە شوودەکەم ". بە هۆی ئەو شێوازی قسەکردنەی من ڕەنگی ڕووخساری گۆڕاو دەستی کەوتە لەرزین. بە دەنگێکی لەرزۆك، بەلام هێواش پرسی "دەتوانم بپرسم کە ئەو پیاوە خۆشبەختە کێیە؟ ". لەو ووشانەی کە بە بێ بیرکردنەوە دەرمبڕین، پەشیمانبوومەوە و بە دوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕام بۆ پینە کردنی ئەو قسانەم، بەلام لەو ساتەوەختەدا من لە تەنگانەدا بووم و بیرم لەئەنجامی قسەکەمنەکردەوە. کاتێك بینی کە من دوودڵم جارێکی تر پرسیارەکەی دووبارە کردەو منیش بە ناچاری گوتم "ئوستادێکی (مەرسدە) یەو خەڵکی هیندوستانە". لە چاوانی دەخوێندەوە کە پرسیاری زۆری هەیە، بەلام من ئەو دەرفەتەم نەدایەو لە لای هەستام و خۆمگەیاندەحەوش. کاتێك لە تەنیشت (مەرسدە) وەستام، هەموو گیانم دەلەرزی. (مەرسدە) سەیریکردم و پرسی "(مینا) چی بووە؟ بۆ ڕەنگت بزرکاوە ؟ چی ڕوویداوە ؟ ". لە باتی وەلامدانەوەی پرسیارە یەك لە دوای یەکەکانی گوتم "ئێوە بە نیازی ڕۆیشتن نین؟ ". گوتی "با، دەڕۆین، بەلام تۆ وەلامی منت نەدایەوە". چاوم بە پەنجەرەکە کەوت و ئەوم بینی کە سەیری ئێمەی دەکرد. دەستی (مەرسدە) م گرت و گوتم "لێرە ناتوانم بۆتی باسکەم. وەرە بڕۆینەوە ". ڕازییو و بە (فەرەیدون) و (شیدە) ی گوت "پێموایە کاتی ڕۆیشتنە. باشتر وایە بڕۆینە ژوورەوەو خواحافیزیبکەین ". قسەکەی (مەرسدە)، (کامەران) ی نیگەرانکرد و گوتی" بەلام بۆچی

ئاوازوو. مەگەر بڕیار نەبوو بۆ خواردنی ئێوارە لێرە بـن؟". (مەرسـدە) سـەیریکرد و گـوتی "من بێئاگام. پێموایە... ". (کامەران) نەیهێـشت (مەرسـدە) قـسەکەی تـەواوکات و بـە هەمانشێوە کە قۆڵی (فەرەیدون) ی گرتبوو گـوتی "مـن دڵنیـام (مەرسـدە خـانم) بەهەڵـدا چووە. من پێتاندەڵێم کە ئەمشەو بۆ ناخواردن میوانی ئێمەن". (فەرەیدون) یش قۆڵی ئەوی گرت و گوتی "هەر چۆنێك بێت، باشتر وایە بۆ دڵنیابوون بـچینە ژوورەوە. هـەواش ساردی کردووە و لەوانەیە خانمەکان سەرمایان ببێت". قسەکەی (فەرەیدون )، (کامەران) ی ڕازیکرد و هەموومان حەوشمان بەجێهێشت" هەر کە چووینە ژوورەوە (کامـەران) لـە دایکـی پرسـی. پرسیارەکەی ئەو (شکوە خانم) ی تووشی سەرسوڕمان کردو گوتی "بێگومـان لێـرەن " ئێـرە ماڵی خۆیانە".

(کامەران) ئاسوودە بو و خۆی خستە سەرقەنەفەکەو گوتی "(مەرسدە خانم) بـە خواردنـە فەقیرانەکەی ئێمە ڕازینابێت و دەیەوێت بڕوات ". گەورەکانیش کەوتنـە گفتوگـۆ کـردن لـە مەڕ ئەو بابەتەو سەرەنجام گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە بۆ خواردنی ئێوارە میوانی ئەوانین.

بۆ (مەرسدە) هیچ جیاوازییەکی نەبوو کە دانیشێت یان بڕوات، بەڵام بۆ مـن زۆر گـرنگ بـوو و حەزمـدەکرد، هەرچـی زووتـرە، ئـەوێ بـەجێبهێڵم و خـۆم لـە ژێـر سـەیرکردنە پرسیاراوییەکانی (ئاغـای قودسـی) ڕزگارکـەم. (ئاغـای قودسـی) ڕۆیـشت و لـە تەنیـشت (مـەرسـدە) دانیـشت و سـەری قـسەی کـردەوەو یەکـەمجار باسـی زانکـۆی کـرد و پاشـان ئوستادەکانی. دەمتوانی تێبگەم لەوەی کـە مەبەسـتی لـەو پرسـیارانە چییە. (مەرسـدە) وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوەو باسی ئوستادی ئەدەبیاتەکەی خۆیانی بۆ کرد و زانیاری تەواوی خستە بەر دەست (ئاغای قودسی) یەوە. کاتێك ئاماژەی بەو خاڵە کـرد کـە - ئـەو وەك خۆمان فارسی قسەدەکات - ، (ئاغای قودسی) هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێـشاوگوتی "ئاوا! زۆر حەزدەکەم لە نزیکەوە ببینم ". (مەرسدە) بە خۆشحاڵیەوە گوتی " ئەو هـاوین سەفەر دەکات بۆ ئێران و ئەگەر پێتخـۆش بێـت، دەتـوانم لەگـەڵ یـەك ئاشـناتان بکـەم ". (ئاغای قودسی) سەری ڕاوەشاندو بە ئامەزرۆییەوە ئەو داوەتەی پەسەندکرد و گوتی "ئەگەر ئەم کارە بکەی مەمنونت دەبم. ئەو ئوستادەی جەنابت لە ئێران خزم و کەسوکاری هەیە؟ ".

Scanned with CamScanner

(مەرسدە) سەری سوڕماو گوتی "نەخێر، ئەو بۆ دیداری ماڵی ئێمە دێت و هاوڕێیەکی نزیك و گیانی بە گیانی (فەرەیدون) ە. منیش لەو فەترەی مانەوەم لە هیندوستان توانیم لەگەڵ ماڵەوەیان ئاشنا بم و ئەویش حەزدەکات لە نزیکەوە لەگەڵ خزم و خێزانی ئێمە ئاشنا بێت". (ئاغای قودسی) بە توانجەوە گوتی "بۆچی ئەوتان لەو پشووی نەورۆزە لەگەڵ خۆتانا نەهێنا؟ پێتوانییە کە ئەودیدارە تازووتر ئەنجام بدرێت باشتر بێت؟". (مەرسدە) لە توانجەکانی ئەو تێنەگەشت و گوتی "ئەو خۆی پێشنیازی هاوینی کرد و ئێمەش ڕازی بووین. هەڵبەت لە پشووی هاویندا دەرفەتێکی زیاترمان هەیە کە سەرگەرمی کەین و لەگەڵ شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی ئێران ئاشنایبکەین".

بێدەنگیی (ئاغای قودسی)، (مەرسدە) شی بێدەنگکرد. (ئاغای قودسی) هەستاو چوو بۆ ئاشپەزخانەکە. منیش ئەو هەلەم قۆستەوەو لە تەنیشت (مەرسدە) دانیشتم و گوتم "(مەرسدە) ! (ئاغای ئەدیبی) ئەمشەو دێت بۆ ئێرە". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی "کەواتە ڕەنگ بزرکان و جۆش و خرۆشەکەت لە بەر ئەمە بوو. جا ئەمە دەسەپاچە بوونی ناوێ".

دەمویست بە جۆرێك تێیبگەیەنم کە زەنگلێدرا و (ئاغای قودسی) چوو دەرگا بکاتەوە. کاتێك لەگەڵ (ئاغای ئەدیبی) هاتە ژوورەوە دڵم بە خێرایی کەوتە لێدان. (مەرسدە) گوتی "چەند پیاوێکی سەرنجڕاکێشە!". (ئاغای ئەدیبی) ئەو شەوە لە نزیکەوە لەگەڵ خێزانی ئێمە ئاشنا بوو. ئەویش وەك ئەوانیتر لەلێکچوونی من و (مەرسدە) سەرسام بو و ئەنگوستی سەرسامی بەدانگەست. ئاگاملێبوو سەیری من و پاشان (مەرسدە) ی دەکرد و بە دوای جیاوازیدا دەگەڕا لە شکڵ و شێوازمان. هەروەکو پێشتر باسکرد، ئەو پیاوێکی ڕووخۆش و کەشخەیەو زوو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت و بە ئاسانی دەتوانێت لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندی بەرقەرار بکات.

(ئاغای ئەدیبی) بە جۆرێك لەو کۆڕەدا دەرکەوت کە سەرنجی دایکیشمی ڕاکێشاو باوکیشم بە نیشانەی خۆشەویستی و دۆستایەتی چەندجارێك دەستی خستە سەرشانی.

(ئەدیبی) ش کە زانی سەرنجی هەمووانی ڕاکێشاوە  بە ڕێزگرتنێکی زیاتر خۆی لە باوکم نزیکدەکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە کاتێك هەمووانی بۆ ڕۆژی سیانزە بەدەر بۆ باخەکەی خۆیان، لە کەرەج، داوەت کرد، یەکەم کەسێك کە بەرەوپیری داوەتەکەی چوو باوکم بوو. (ئاگام لێبوو کە (مەرسدە) کەوتۆتە ژێر کاریگەری سەنگینی و کەسایەتی ئەوەوەو زیاتر پێیخۆشە لەگەڵ ئەو قسە بکات تا (کامەران) و (کاوە ). ئەم حاڵەتەی (مەرسدە) بۆ من نوێ بوو، چونکە تائەوکاتە ئەوم بەوشێوەیە نەدیبوو. لە بەرخۆمەوە گوتم - ئەگەر (مەرسدە) نەیزانیبایە (ئەدیبی) منی خۆشدەوێت، ئەوی وەك دەزگیرانێکی باش بۆ خۆی هەڵدەبژارد - . ئەو بیرکردنەوە کتوپڕە وایلێکردم کە کارێك بکەم ئەو دووانە زیاتر لە یەك نزیککەمەوە. بۆ ئەومەبەستەش، لە دەرفەتێکدا کە بۆم ڕەخسا، ڕوومکردە (ئاغای ئەدیبی) و بە هێواشی گوتم "ئێمە بۆ ڕۆژی سیانزە بەدەر بۆ باخەکەی ئێوە داوەت کراوین. واتە تا ئەو ڕۆژە ئیتر جەنابتان نابینین؟". پرسیارەکەم ئەوی تووشی سەرسوڕمانێکی کتوپڕ کرد و پاش ئەوەی کە بۆ ساتێك بێدەنگ مایەوە، بەدەنگێکی لەرزۆك گوتی "مایەی شانازیە ئەگەر هەموو ڕۆژێك بە دیداری تۆ و خێزانەکەت ئاشنا بم". گوتم "ڕەفتاری تۆ لەگەڵ خێزانەکەی من بە جۆرێکە وادەزانم سەرنجیانت بۆ خۆت ڕاکێشاوە. ئاگات لێبوو خوشکەکەم چۆن گوێی بۆ قسەکانت ڕادەگرت ؟ ". زەردەخەنەیەکی کرد و سەیرێکی خێرای ئەوی کرد و گوتی "خوشکەکەت زۆر بەڕێزە و هەروەها منیش سوودێکی زۆرم لە قسەکانی ئەو وەرگرت ". گوتم "کەواتە ئەو هاودەمی و دۆستایەتیە درێژەپێبدەن. من دڵنیام لەگەڵ خوشکەکەم خاڵی تێڕوانینی هاوبەشی زۆرتان هەیە، کە دەتوانێت لە ئایندەدا بە سوود بێت بۆتان". (ئاغای ئەدیبی) لە مەبەستەکەم تێگەیشت و  لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆنای سوورهەڵگەڕا، سەریداخست و گوتی "دڵنیایت کە ئەم تێکەڵی و هاودەمییە بۆ تۆ پەشیمانی بە دوادا نایەت؟". پێکەنیم و لە کاتی هەستان لە لای ئەو گوتم "نەخێر، من دڵنیاتدەکەمەوەو هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم".

ئەو زەردەخەنەیەکی کرد و چووە ناو فیکرەوە. لە بەرئەوەی کە داواکارێکی باشم بۆ (مەرسدە) هەڵبژاردبوو خۆشحاڵبووم. (ئاغای قودسی) ئاگایلێبوو کە من و (ئاغای ئەدیبی)

پێکەوە قسەدەکەین و کاتێك لە لای هەستام، چاوم بە (ئاغای قودسی) کەوت کە لە تاو توڕەیی ڕەنگی ڕووخساری گۆڕابوو. کاتێك زانی من سەیریدەکەم، بە بێقسە ژوورەکەی بەجێهێشت و چووە سەرەوە.

(یەهدا) یەکەم کەس بوو کە زانی ئەو لە ژوورەوە نەماوەو بۆ دۆزینەوەی ئەو ژوورەکەی بەجێهێشت. (مەرسدە) و (کەتایۆن) و (شیدە) هەرسێکیان لە ئاشپەزخانە بوون و پێکەوە قسەیاندەکرد. کاتێك (شکوە خانم) فەرمانیدا مێزی خواردن ئامادە بکەین، هەر چوارمان دەستبەکاربووین. (شکوە خانم) کاتێك بینی (یەهدا) و (ئاغای قودسی) لەوێ نەماون، بە توڕەییەوە گوتی "ئەم کردارەیان بە هیچ شێوەیەك ڕاست و دروست نییە کە میوانەکان بەجێبهێڵن و خۆیان بڕۆن. (ئاغای ئەدیبی) هاوڕێیەتی" نازانم ئەوی بۆ بەجێهێشتووە ". (کەتایۆن) بە پەژارەوە چەند جارێك سەری ڕاوەشاند و گوتی "تا (یەهدا) لێرەیە ئەم ڕەفتارانەش چاوەڕوانکراوە. لە ماوەی ئەم یەك مانگە دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە (کاوە) هەناسەبدات ". حەزمنەدەکرد خۆم هەڵقورتێنمە ناو قسەکانیان، کاسەی زەڵاتەکەم هەڵگرت و ئاشپەزخانەکەم بەجێهێشت. کاتێك مێزی خواردن ئامادەکرا، (شکوە خانم) بانگی (یەهدا) و (ئاغای قودسی) کرد کە بێن خواردنەکەیان بخۆن. کاتێك ئەوان شانبەشانی یەکتر لە پلیکانەکان هاتنەخوارەوە، (شکوە خانم) ڕووی کردە (ئاغای قودسی) و گوتی "ئەمە شێوازی میواندارێتییە کە میوانەکەت بە تەنها جێبهێڵی و خۆت بڕۆیتە سەرەوە؟". (یەهدا) لە باتی ئەو وەڵامی دایەوەو گوتی "(کاوە) سەری دەئێشا. چووەسەرەوە کەمێك پشوو بدات ". (شکوە خانم) بە ناباوەڕییەوە گوتی "خواردنەکە ساردبوویەوە، خێراکەن".

لە سەر مێزی خواردنەکە من بە ئەنقەست (مەرسدە) و (ئەدیبی) م لە تەنیشت یەك دانا و خۆم لە نێوان دایکم و (شیدە) دانیشتم. ئەوان دووانیش ڕێك بەرامبەری من بوون. (ئاغای ئەدیبی) لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی لەو ماڵە میوان بوو، هەوڵیدەدا میوانداری لە (مەرسدە) بکات و ئەم کارەش منی زیاتر لە ئامانجەکەم نزیکدەکردەوە.

Scanned with CamScanner

ئەو شەوە میوانی دڵی (مەرسدە) گەیشتبووەجێ، من لەڕووخساری ئەو پەیم بەو ڕاستییەبردبوو. لەکاتی خواحافیزی، کاتێك (ئاغای ئەدیبی) داوایکرد کە لەگەڵ دایکی، بۆ ئاشنا بوون بێت بۆ ماڵمان، دایکم و باوکم هەردووکیان خۆشحاڵیی خۆیانیان دەربڕی و ئەویش بە شادییەکی زۆرەوە لە ئێمە جیابوویەوە.

دەمزانی (مەرسدە) کچێکە بە ئاسانی مرۆڤ ناتوانێت لە ناخ و فیکری تێبگات. هەر بۆیە، کاتێك خۆمانمان بۆنووستن ئامادەکرد، بە شۆخییەوە گوتم "(مەرسدە) وەرە با داواکارەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین ". بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردم و پرسی "مەبەستت چییە؟ ". لە لێوار تەختی نووستنەکەم دانیشتم و گوتم "ڕوون و ئاشکرایە. تۆ هیچ هەستێکت بەرامبەر ئوستادە هیندیەکەت نییە و منیش هیچ هەستێکم بەرامبەر (ئەدیبی) نییە. ئەگەر تۆ (ئەدیبی) بە پیاوێکی باش دەزانیت دەتوانین جێگای ئەو دووانە بگۆڕینەوە". بە جۆرێك دای لە قاقای پێکەنین کە منی سەرسامکرد و گوتی "خوشکە بێئەقڵەکەم، مەگەر پیاو شتومەکە ئاڵوگۆڕ بکرێت. ڕاستە کە (ئەدیبی) پیاوێکی باشەو تایبەتمەندی زۆری هەیە، بەڵام ئەوەت فەرامۆش کردووە کە ئەو تۆی خۆشدەوێت نەك من؟ ". گوتم "فەرامۆشم نەکردووە، بەڵام دەمویست بڵێم کە ئەو ئەمشەو تۆی لە من بە باشتر زانی. تۆ هەم لە من گەورەتری و هەم لە تەمەنی ئەو نزیکتری و هەروەها تایبەتمەندییەکی تری تۆ ئەوەیە کە خوێندنی قوتابخانەت تەواوکردووەو ئەو دەتوانێت یارمەتیت بدات، بەڵام ئەگەر من بمەوێت بگەمە ئەم ئاستەی ئێستای تۆ، دەبێ چەند ساڵێك ئەو لەچاوەڕوانیدا دانێم. من دڵنیام کە ئەو جوانی ڕوواڵەتی ناوێت و بە دوای کچێکدا دەگەڕێ کە بتوانێت خۆشبەختی کات. (ئەدیبی) خۆی دەزانیت کە من خۆشمناوێت ". پرسی" بەڵام ئەگەر ئوستادەکەی من هات و تۆ ئەوت خۆشنەویست چی؟". گوتم "ئەمە گرنگ نییە " چونکە خۆت دەزانی کە کێ بۆ من گرنگە. من ئەو پێشنیارەم کرد لە بەرئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان (ئاغای قودسی)، (یەهدا) ی هەڵبژارد، من دووچاری نائومێدی نەبم". (مەرسدە) جارێکی تر بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی "من سەر لەکارەکانی تۆ دەرناکەم. چییە، لەوانەیە وا بیر بکەیتەوە کە من دەمێنمەوەو دەبمە قەیرە کچ و کەس نایەت بۆ خوازبێنیم؟". دەستیم خستە ناو دەستم و

Scanned with CamScanner

گوتم "هەرگیز وا بیرمنەکردۆتەوەو ناشیکەم، بەلاّم ئەمشەو ئاگاملێبوو کە باش گوێت بۆ قسەکانی (ئاغای ئەدیبی) ڕاگرتبو و چێژت لە قسەکانی وەردەگرت. ئەگەر گومانەکەم ڕاستە، تکاتلێدەکەم خەمی منت نەبێ و ئەگەر داوایکردی پەسەندی کە ". دەستی گووشیم و سەیری ڕووخسارمی کرد و گوتی "کچە بچکۆلانەکە، ئەو بیرکردنەوە منداڵانەیە وەلانێ و پشوویدە". دەیویست هەستێت، دەستیم ڕاکێشاو گوتم "تا بەڵێنی ڕازی بوونتم نەدەیتێ خەوملێناکەوێت". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "زۆر باشە، بۆ ئەوەی خەوتلێبکەوێت، ڕازیدەبم ". هەناسەیەکی ڕەحەتم هەلکێشاو گوتم "ئۆخەی، خەیاڵم ئاسوودەبوو. هەرلەئێستاوە دەتوانم ئایندەی ئێوە لەپێشچاوم وێنابکەم. (ئەدیبی) مارەتدەکات و لە گەڵت دێت بۆ هیندوستان و کاتێك ئێوە هەردووکتان دەگەڕێنەوە، دوو کەسی هیندیمان بۆ زیاد دەبێت". خۆی خستە سەر جێگاکەی و باوێشکێکی داو گوتی "ئایندەیەکی جوانت وێناکردووە. شەوت شاد". لە بەرئەوەی کە سەرەنجام توانیم ڕازیبکەم، خۆشحاڵبووم و چوومە سەر جێگاکەم و بە ئاسوودەیی خەوتم.

((بەشـــــــــی ٢٦ ))

بۆ بەیانییەکەی، (دایـەخان) و کـاك (مـەحمود) هـاتن بـۆ مالّمـان و کێکێکـی گـەورەو چەپکەگولێکیان لەگـەلّ خۆیـان هێنـابوو. (فەرەیـدون) و (شـیدە) ش کـەمێك دوای ئـەوان هاتنەوە. ئامادەبوونی ئەوان، ئێمەی خستەوەیادی ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردو و فـەرامۆشمانکرد کە ڕابردوو تێپەڕیوەو ئێمە ئیتر دراوسێی یەکتر نین. (فەرەیدون) یش پاش ئـەو مـاوە دوورو درێژە، جارێکیتر لەگەلّ (مەحمود) دانیشت بۆ یـاری شـەترەنج و (دایـەخان) وەك سـەردەمی منداڵی پرچی من و (مەرسدە) ی داهێناو هۆنیـەوە. (دایـەخان) لـەو بڕوایەدایـە ئـەو قـژو پرچانەی کە ناهۆنرێنەوە زۆر زوو دووچاری مووخۆرە دەبن و هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئێمەی لە ژێردەستی خۆی دانیشاند، بۆ ئەوەی پرچـمان بهۆنێتـەوە. پرچـە نەرمـەکانی ئێمـە لـە ژێـر ئەنگوستەکانی ئەو هەلّدەهاتن و ئەمەش دەبووە هۆی توڕە بوونی ئەو پیرەژنە میهرەبانە. بە توڕەیی یەوە گوتی "ئەوە مووی مرۆڤە یان پشیلەیە؟". گوتم "(دایەخان) توڕەمەبە، ئەگـەر پێتخۆشبێت من و (مەرسدە) ئامادەین لە بنـەوە بیتاشـین". پێکـەنی و گـوتی "پێویـست بەوکارە ناکات. هیچ پیاوێك کچی کەچەلّی ناوێت. لە باتی تاشین کـەمێك ئەزیـەتی خۆتـان بدەن و هەموو شەوێك پرچتان بهۆننەوە، بۆ ئەوەی پێێڕابێت". دایکم گـوتی "ئەوسـەردەمە ئیتر کەس پرچی ناهۆنێتەوەو نایبەستێت. هەمووان هـەولّ دەدەن پرچێـکی نـەرم و سـافیان هەبێت". (دایەخان) ئاهێکی هەلّکێشاو گوتی "ڕاستدەکەیت، کاتی ئـەوە تێپـەڕیوە. هـەر ڕۆژەو شتێك دەبێ بە مۆدیل". (دایـەخان) پرچـی وەك سـەبەتەیەك لـە پـشتی سـەرمەوە

کۆکردەوەو گوتی "تەماشایکەن چەند جوان بوو. من دەڵێم هەموو شتێك ڕەسەنەکەی باشە. خوا خۆی باشتر دەزانیت کە هەر ڕووخسارێك چ قژو پرچێکی لێدێت. ئەو وێنەکێشێکی گەورەیە ". (فەرەیدون) دوایین ڕستەی ئەوی گوێ لێبوو و پرسی "کێ وێنەکێشێکی گەورەیە؟". (دایەخان) سەیرێکی من و پاشان (فەرەیدون) ی کرد و گوتی "خوا، بەڵام ئەو ئادەمیزادە ناشوکرانە دەستکاری وێنەی خوا دەکەن و کارەکە خرادەکەن. کچەکانی ئەمڕۆ دەیانەوێت بە ئارایشت خۆیان جوانکەن، کە نابن". قسەکانی ئەو هەموومانی کردە پێکەنین. (شیدە) کەوتە پشتگیریکردن لە کچانی سەردەم و گوتی"، بەڵام (دایەخان) فەرامۆشتکرد کاتێك کە خۆشت گەنج بوویت ئارایشتت کردووە. خەنەو وەسمەو پرچ هۆنینەوەی شەش مانگان هی ئەو سەردەمەیە". (دایەخان) تێڕاماو گوتی "بەڵێ، هی ئەو سەردەمەیە، بەڵام ئەو سەردەمە کچەکان مافی ئارایشتکردنیان نەبوو، تەنها ئەو ژنانەی بەمێرد بوون ئەو مافەیان هەبوو، بەڵام ئەم سەردەمە کچ و ژن لێکجیاناکرێنەوە. شەرم و حەیا لە ناوچووە ". دایکم زانی کە ئەگەر کۆتایی بەم قسانە نەهێنێت ناکۆکی لە نێوان (دایەخان) و (شیدە) دروستدەبیت، هەر بۆیە بابەتەکەی گۆڕی و گوتی "با واز لەو قسانە بێنین، پێمبڵێ بزانم بە نیازی کەی قۆڵ بۆ کاك (مەحمود) هەڵماڵیت؟". (دایەخان) سەیرێکی کاك (مەحمود) ی کرد و گوتی "من حەزدەکەم، بەڵام...". (شیدە) بە گاڵتەجاریەکەوە قسەکەی پێبڕی و گوتی " بەڵام کچی بە شەرم و حەیایان دەستناکەوێت ". لە باتی (دایەخان )، کاك (مەحمود) گوتی "داوای لێبوردن دەکەم مەبەستی دایکم هەموو کچەکان نەبوو. تاوانی منە کە هێشتا نەمتوانیوە بڕیار بدەم". (مەرسدە) گوتی "تۆ وەکوو برای ئێمە وایت. وەرەو لە گوێی ئەم خوشکەی خۆت بکە و ژن مەهێنە". دەنگی نارەزایەتی هەمووان بەرز بوویەوە. (مەحمود) سەیری (مەرسدە) ی کرد و گوتی "دەکرێت هۆکارەکەشی بڵێیت ؟ ". (مەرسدە) پرسی "مەگەر ئەم ژیانە ئێستا هەتە خراپە؟ بۆچی دەتەوێ کچی خەڵك تووشی دەردەسەری بکەیت؟". (دایەخان) پرسی "بۆ دەردەسەری ؟ مەگەر کچ شوو بکات تووشی دەردەسەری دەبێت؟". (مەرسدە) گوتی "ئەگەر ژیانی

هاوسەرێتی بەبێ بەرنامە بێت، بەڵێ ! تووشی دەردەسەری دەبن. بۆ پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش، دەبێ بەرنامەداڕشتنێکی ڕێکوپێك و دیاریکراو هەبێت". (دایەخان) پرسی "ئەوە مانای چییە؟". (مەرسدە) درێژەپێداو گوتی "واتە هەردووکیان بزانن کە چییان لە ژیان دەوێت و ئامانجیان چییە. تێرکردنی خواست و ئارەزووە جەستەییەکان و پێکهێنانی ئەو وەچەیەی کە بۆ ئایندەیان هیچ بەرنامەیەك دانەڕێژراوە، هەڵەیە. زۆربەی ئەو ژیانی هاوسەرێتییانە کە لە وڵاتی ئێمەدا پێکدێن، بێ بنەماو پرەنسیپە. دایکان و باوکان دڵ بەوە خۆشدەکەن کە ژنیان بۆ کوڕەکەیان هێناوە، یاخود کچەکەیان بە شووداوە، بەڵام بیرلە زۆر شتیتر ناکەنەوە زۆربەی ئەو کچ و کوڕانە فێرنەکراون و نازانن چۆن خێزانداری بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە کچ یان کوڕ، پێش ژیانی هاوسەرێتی، دەبێ ڕێنمایی بکرێت و بەزانیارییەکی تەواو ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنێت. بەڕێوەبردنی ژیان دژوارە. بە ڕای من، هەڵسوڕاندنی ژیان هونەری دەوێت، کە دەبێ فێربکرێن. سەردەمی کۆن، تازەبووکەکان دەکەوتنە ژێر چاودێری گەورەکان و کەڵکیان لە ئەزموونەکانی ئەوان وەردەگرت، بەڵام ئەم سەردەمە، کە زۆربەی کچەکان خوازیاری ژیانێکی سەربەخۆن، دەبێ پێش ژیانی هاوسەرێتی هێماو نیشانەکانی خێزانداری و شووداریان فێربکرێت بۆ ئەوەی لە نیوەی ڕێگا لەپێنەکەون و بمێننەوە. هەروەها ئەو کارانە دەبێ بۆ کوڕەکانیش ئەنجامبدرێت. کوڕێکی گەنج، کەدەیەوێت ژیانێکی نوێ پێکبهێنێت، دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەبێت و بزانێت کە دەبێ چۆن ژیان بەڕێوەبەرێت. هاودەمی و دۆستایەتی و چاوەڕوانییەکانی سەردەمی سەڵتی لەگەڵ سەردەمی خێزانداری تێکەڵنەکات و بزانێت سەردەمی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بە سەر چووە و ئێستا لە ماڵەوە هاوسەرێکی هەیە کە چاو لە ڕێگای ئەو دانیشتووە ".

(فەرەیدون) وەك نارەزایەتی دەربڕینێك گوتی "تۆ بە جۆرێك قسەدەکەیت، پێتوایە پیاو ئەسیرە و دەبێ لە کۆت و زنجیردا بێت". (مەرسدە) گوتی "بەڵێنەکانی ژیان ئەو کۆت و زنجیرانە دەکەنە قاچی مرۆڤەوە، بەڵام ئەمەیان وەك پەتێکی نادیارەو نابینرێت". دایکم گوتی "بە ڕای من، دەبێ پیاو و ژن لە یەك تێبگەن. ئەگەر ئەو تێگەیشتنە هەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرن بە خۆشبەختی ژیان بەسەردەبەن، ئەگەر پێچەوانەی ئەمەش بێت، ژیانیان

تووشی دۆڕان دەبێت و ئەگەر لێکجیانەبنەوە، هەردووکیان بە درێژایی تەمەنیان ژیانێکی تاڵ و ناخۆش تێدەپەڕێنن. کاك (مەحمود)! لە منی وەرگرەو هەوڵبدە لەگەڵ خانمەکەت لە یەك تێبگەن". کاك (مەحمود) بە دەنگێکی بەرزپێکەنی و گوتی "بە سەرچاو، قسەکانت دەخەمە سەرسەرم، بەلاّم لە پێشدا ئەوم بۆ بدۆزەرەوە. من قسەکانی (مەرسدە خانم) یش پەسەند دەکەم و هەر لەبەرئەو هۆیەشە کە تا ئێستا دەستپێشخەریم نەکردووە". (فەرەیدون) مۆرەیەکی شەترەنجی جوولاّند و ئەوی (کش و مات) کرد و لەگەڵ ئەوەشدا کە لە خۆشیدا چەپڵەی لێدەدا، گوتی "هاوڕێی ئازیز ! کش و مات بوویت. پێمووایە خانمەکان توانیویانە دەست و قاچت ببەستن". پاشان ڕوویکردە (دایەخان) و گوتی "(دایەخان) ! لە بەیانییەوە برۆ بۆ خوازبێنی. (مەحمود) ئامادەیە ". (دایەخان) سەری ڕووەو ئاسمان بەرزکردەوەو بە گوتنی (هەرچی خوا بیەوێت) کۆتایی بە گفتوگۆکان هێنا.

پاش نیوەڕۆ، (فەرەیدون) و (مەحمود) وەك ڕۆژانی نەوجوانی لە حەوش خەریکی یاری تۆپی پێ بوون. من و (مەرسدە) ش دانیشتبووین سەیری ئەوانمان دەکرد کە دایکم بانگیکردم و بە دەسەپاچەییەوە گوتی "ئێستا (ئاغای ئەدیبی) و دایکی دێن بۆ ئێرە. تۆ و (مەرسدە) برۆن ژووری پێشوازی ئامادەبکەن".

بە بیستنی ئەو هەواڵە، زۆر خۆشحاڵ بووم و زانیم کە (ئاغای ئەدیبی) گوتەکانی فەرامۆش نەکردووەو ئەمجارەیان لەگەڵ دایکی هاتووە بۆ ئەوەی بووکەکەی ببینێت. بانگی (مەرسدە) م کرد و گوتم "(مەرسدە) وەرە ئیشم پێتە ". کاتێك ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە گۆنای سوور هەڵگەڕاو پرسی "تۆ دەزانی بۆچی دەیانەوێت بێن بۆ ئێرە؟". خۆم لە گێلیدا و گوتم "چوزانم. پێمووایە خۆشەویستی باوکم و دایکم چووەتە دڵیەوەو پێیخۆشە لەگەڵ ئێمەدا پەیوەندی خێزانی بەرقەرار بکات ". (مەرسدە) شانی هەڵتەکاند و گوتی "بۆ هەر مەبەستێك بێت من بۆ بینینی دایکی نایەمە خوارەوە، تاقەتی ئەوەم نییە ئەویش بڵێت - وای ئێوە دووانی چەند لە یەك دەچن -. ". شێوازی قسەکردنەکەی ترساندمی و زانیم کە قسەکەی بەجێ دەگەیەنێت. هەر بۆیە بە دوای ڕێگا چارەیەك گەڕام بۆ ئەوەی لەو بڕیارە

پەشیمانی کەمەوە. بیرو هۆشم ئاڵۆز بوو و ڕێگا چارەیەکی گونجاوم نەدەدۆزیەوە. بڕیارەکەی (مەرسدە) لە مەڕ نەبینینی میوانەکان لە لایەك و ئامادە بوونی (مەحمود) و (دایەخان) یش لە لایەکی ترەوە کێشەکەمی زیاتر کردبوو. دەبوایە بەهەر شێوەیەك بێت خۆم و (مەحمود) لە ماڵەوە بڕۆیشتینایەتە دەرەوە بۆ ئەوەی (مەرسدە) ناچار بێت ڕووبەڕووی دایکی (ئەدیبی) ببێتەوە، بەلاّم بۆ ئەوەی کە چۆن بچینە دەرەوە هیچ ڕێگا چارەیەك بە مێشکمدا نەدەهات. چوومە حەوشەوە بۆ ئەوەی (فەرەیدون) یش ئاگادار کەمەوە. بە ڕێکەوت تۆپەکەی (فەرەیدون) کێشای بە سەرما. لە ناکاو بیرۆکەیەك وەك تیشك بە مێشکمدا تێپەڕی و وایلێکردم کە شین و زاری دەست پێبکەم. لە سەر چۆك دانیشتم و سەرم خستە نێوان هەر دوو دەستمەوەو کاتێك (فەرەیدون) و (مەحمود) بە پەرێشانیەوە خۆیان گەیاندە من شین و گریانەکەم زیاترکرد و سەرئێشەم کرد بە بیانوو. دەنگی من ئەوانی تریشی هێنایە حەوشەوە. دایکم بە پەشێوی سەری بەرزکردمەوەو چونکە لووتم خوێنی لێنەهاتبوو، خەیاڵی ئاسوودە بوو و گوتی "هیچ نەبووە، هێمن بە"، بەلاّم من دەستم خستە سەر ناوچەوانم و گوتم "لە تاو سەر ئێشە ناتوانم چاوم بکەمەوە فریام کەون ". (فەرەیدون) هەڵیستاندم و گوتی "ئەگەر ڕوومەتت بشۆیت و کەمێك پشوو بدەیت، باشتر دەبیت ، بەلاّم (مەحمود)، کە لە هەموان زیاتر ترسابوو، گوتی "بە ڕای من باشتر وایە بیکەیەنینە لای دکتۆرێك". دایکم گوتی "چەند خولەکێکی تر میوانمان دێت و (فەرەیدون) و باوکی دەبێ لە ماڵەوە بن ". (مەحمود) گوتی "من (مینا خانم) دەبەم بۆ دکتۆر ". (شیدە) ش گوتی "منیش لەگەڵی دەڕۆم ". لە بەرئەوەی کە پیلانەکەم سەری گرتبوو زۆر خۆشحاڵبووم، بەلاّم بۆ ئەوەی پیلانەکەم تێکنەچێت ناچار بووم دیسان دەستکەم بە شین و گریان. بە پەسەند کردنی ئەم پێشنیارە، من و (شیدە) و (مەحمود) ماڵەوەمان بە نیازی دکتۆر بە جێهێشت. لە دڵەوە خواخوام بوو کە دکتۆرە خێزانییەکەمان لەوێ نەبێت و سەفەریکردبێت.

کەمێك کە لە ماڵ دوور کەوتینەوە، شین و گریانەکەم فەرامۆش کرد و دەستم کرد بە پیلانگێڕان. (مەحمود) ئاگای لێمبو و گوتی "شوکر بۆ خوا دەڵێی سەرئێشەکەت نەماوە؟". ڕاچڵەکام و بە دەنگێکی نزم گوتم "تۆزێك باشترم. پێموایە بە هۆی گۆڕینی هەوا بێت ".

(شیدە) پشتگیری لە قسەکەم کرد و گوتی "بەڵێ، ئەو هەوا تازەیە تەندروستیتی باشترکرد. من پێموایە پرچیشت بکەیتەوە باشترە، چونکە پرچی تۆ بە بەستن و گرێدان ڕاتەهاتووە و لەوانەیە سەرئێشەکەت زیاتر لەبەرئەمە بێت ". (مەحمود) یش پشتگیری لە قسەکەی کرد و (شیدە) ش بە کردنەوەی پرچمەوە خەریکبوو. (مەحمود) گوتی "ئەگەر دەزانیت هەوای تازە تەندروستیت باشتردەکات، لە باتی دکتۆر با بڕۆین بۆ پارك و کەمێك هەوای تازە هەڵمژین؟". بە خۆشحاڵییەوە پێشنیازەکەیم پەسەندکرد و شوێنی مەبەستمان لە باتی دکتۆر گۆڕا بۆ پارك.

(مەحمود) ئۆتومبیلەکەی لە دەرەوەی پارك ڕاگرت و سێ کەسی چووینە ناو پارکەوە. سەرەتا لە سەر کورسیەك دانیشتین و پاشان هەرسێکمان دەستمانکرد بە پیاسەکردن. هەموو فیکرو خەیاڵم لای ماڵ بو و لەو بڕوایەدابووم کە تا ئێستا گەشتوونەتەجێ و ڕووبەڕووی (مەرسدە) بوونەتەوە. لە بەرامبەر پرسیارەکەی (مەحمود) کە پرسی (من میوانەکانتان دەناسم؟ گوتم "نەخێر، ئەو مامۆستایە لە قوتابخانەکەی من و (فەرەیدون) و باوکم دەناسێت ". گوتی "کەوتە لە ناسراوە نوێکانە". (شیدە) لە باتی من وەڵامی دایەوەو پاشان دەستیکرد بە وەسفکردن و باس کردنی چاکەکانی ئەو. (مەحمود) پرسی "تەمەنی چەند دەبێت؟". ئەوجارەیان من وڵامم دایەوەو گوتم "زۆر گەنجە. پێموایە هاوتەمەنی (فەرەیدون) بێت". (شیدە) گوتی "ئەو هەم گەنجەو هەم خوێندەواریشە. خێزانەکەشیان لە ناوداران و ناسراوانی ئەو کۆمەڵگایەن. (ئەدیبی) یەکان ناودارن. باوکی بازرگانەو نوێنەرایەتی ئامێرە دەنگییەکانی ژاپۆنی هەیە". (مەحمود) گوتی "بێگومان تاقانەشە؟". (شیدە) بە سەرسوڕمانەوە گوتی"بەڵێ، بەڵام تۆ لە کوێ دەزانی؟". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "زۆربەی سەرمایەدارەکان منداڵی زۆریان نییە". (شیدە) پشتگیریلێکرد و گوتی "(ئاغای ئەدیبی) پیشەی مامۆستایی هەڵبژاردووە، لە بەر ئەو هۆگری و خۆشەویستییەی کە بەرامبەر وانەگوتنەوە هەیەتی، دەنا لە ڕووی داراییەوە پشت بەو پیشەیە نابەستێت". (مەحمود) بە گوتنی (خۆزگەم پێی) بەردەوامبوو "من لەوبڕوایەدام کە شوێنی دانیشتنی

مرۆڤەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا هەیە. (ئاغای ئەفشار) تا لەو گەڕەکەی ئێمە بوو، ناسراوی وای نەبوو، بەڵام بەگۆڕینی شـوێنی نیـشتەجێبوونی، هەنـدێك دۆسـت و هاوڕێی وای دۆزیوەتـەوە کـە کاریگەرییـەکی زۆریـان لـە سـەر کـچەکانی هەیـە". تانـەو توانجەکانیم بیست، بەڵام هەردووکمان بێدەنگبووین و لە کاتی هەستان، گوتم "سەر ئێشەکەم باشتر بووە با بڕۆینەوە ". (شیدە) ش هەستاو (مـەحمود) یـش بـە دوامانـدا هـات. کـاتی گەڕانەوە هەرسێکمان بێدەنگ بووین و تا گەیشتینە ماڵەوەش، هیچ وشـەیەك لـە نێوانمانـدا ئاڵوگۆڕ نەکرا. لەبەردەم دەرگای ماڵەوەمان چاوم بە ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای ئەدیبی) کـەوت و دڵم کەوتەلێدان. (مەحمود) حەزیلێنەبوو بێتـە ژوورەوە و چـەندجارێك مـن و (شـیدە) ش داوامانلێکرد بێتەژوورەوە. لە کاتی چوونەژوورەوە، هەموو نیگاکـان سـەرنجی منیـان دەدا. (خانم و ئاغای ئەدیبی) بۆ ڕێزلێنانمان هەستانە سەرپێ و من بە هۆی (ئاغای ئەدیبی) یـەوە بە دایکی ناسرام. سەرسوڕمانەکەی بە نیسبەت منەوە ئاسایی بوو. لە بەر خۆمەوە گـوتم - هەر ئێستا دەستدەکات بە تاریفکردنم و دێت بە شـان و باڵمـدا و باسـی لێکـچوونی مـن و (مەرسدە) دەکات- ، بەڵام (خانمی ئەدیبی) هیچی نـەگوت و منـی لـە بیـستنی وەسـف و تـاریفکردن بێبەشـکرد. (شـیدە) وەڵامـی پرسـیارەکانی دایکمـی دایـەوەو بـە هـۆی ئـەو ڕوونکردنەوانە، میوانەکان تێگەیشتن کە من نەڕۆیشتووم بۆ لای دکتۆرو لە باتی ئەوە کەڵکم لە هەوای پاك و نوێی پارك وەرگرتووە.

لە دەرفەتێك، کە هاتە پێشەوە، (خانمی ئەدیبی) لێیپرسیم "تۆ گـەورەیت یـان (مەرسـدە خانم)؟". گوتم "(مەرسدە) هەم گەورەترەو هەم لەشیشی لە مـن پڕتـرو بـە هێزتـرە". لـەو دەستەواژەیە کە بەکارمهێنا سەریسوڕماو پرسی "مەبەستت چییە؟". گوتم "خوشکەکەم بـە پێچەوانەی منەوە تەندرووستییەکی باشی هەیە. من لە ڕوی شکڵ و شێواز لەو دەچم، بـەڵام بە داخەوە تەندرووستیم وەك ئەو بـاش نییـە. بەبـچووکترین لێـدان لەپێدەکـەوم. هـەر ئـەم زستانی ڕابردووە، لەگەڵ یەکـەم بەفربارینـدا ، کـەوتم و قاچـم ئـازاری پێگەشـت و هێـشتا چاکنەبۆتەوە" هەناسەشم سوار دەبێت". پاشان ڕوومکردە (ئاغای ئەدیبی) و گوتم "جـەنابت لە بیرتە کە من نزیکەی مانگێك لـە سـەر جێگـابووم و لـەژێر چاودێری پزیـشکدا بـووم.

ئەمڕۆش پێش ئەوەی جەنابتان تەشریف بێنن، تۆپێکی لاستیکی بە شێوەیەك تووشی سەرئێشەی کردم کە ناچاربووم بچمەلای پزیشك". (خانمی ئەدیبی) گوتی "بەلام شوکر بۆ خوا نەگەشتیتە لای پزیشك، باش بوویتەوە". گوتم "زۆر دڵنیانیم چونکە لەوانەیە دیسان ئێشەکەی دەستپێبکاتەوە. لەشم لاوازەو زوو نەخۆشدەکەوم، بەلام (مەرسدە)، بە پێچەوانەی من، کچێکی بە تواناتر و وەرزشکارە". (خانمی ئەدیبی) نەیهێشت درێژە بە قسەکانم بدەم و گوتی " بەلام تیشکی چاوانت دەربڕی ئەوەن کە تەندروستییەکی باش و تەواوت هەیە". بە پەلە گوتم "تیشکی چاوانم بە هۆی ئەو تۆپەیە کە کێشای بە سەرمدا، مەگەر تۆ نەتبیستووە کە گوتویانە - وا کێشام بە سەریا، تیشك لە چاوانی دەرچوو - ئەم تیشکەش بە هۆی ئەو لێدانەیە ". بەڵگە هێنانەوە منالانەکەی من بووە هۆی پێکەنینی و لە نێوان پێکەنینەکەش چەند جارێك دووپاتی کردەوە "تۆ چەند قسە خۆشی". بەبێنەوەی بمەوێت، سەرنجی (خانمی ئەدیبی) م بۆ لای خۆم ڕاکێشابو و ئەو بەڵگە هێنانەوەکەمی بۆ ئەوانی تریش گێڕایەوە. دایکم و (شیدە) لە ئاشپەزخانەکە بەبیستنی ئەم بابەتە دەستیانکردبەپێکەنین.

(مەحمود) و (فەرەیدون) لە دەرەوەی هۆڵەکە پێکەوە گفتوگۆیاندەکرد. ئەو بۆ ئاشنابوون لەگەڵ (خانم و ئاغای ئەدیبی) نەهاتبووە هۆڵەکەوە و (فەرەیدون) بۆئەوەی کە ئەو تەنها نەبێت هۆڵەکەی بەجێهێشتبوو.

(دایەخان) هاتە هۆڵەکەوە، بەلام چارشێوە ڕەشەکەی لە سەر کردبو و بە نیازی ڕۆیشتن بوو.

بە گەرمی خواحافیزی لە میوانەکان کرد و من و (مەرسدە) و دایکم تا بەردەم دەرگای حەوش ڕەوانەمانکرد. (دایەخان) هەردووکمانی ماچکرد و گوتی "تا (مەرسدە) نەڕۆیشتۆتەوە، ڕۆژێك وەرن بۆ ماڵمان "و دایکم پەسەندیکرد.

کە میوانەکان دەرۆیشتن، (شیدە) لەگەڵ (خانم و ئاغای ئەدیبی) تەنها مابوویەوە. (فەرەیدون) زووتر لە ئێمە خۆی گەیاندە میوانەکان و لە تەنیشت (ئاغای ئەدیبی) دانیشت. منیش، کە هێشتا وەك نەخۆش ڕەفتارم دەکرد، دانیشتم و (مەرسدە) ش جارێکیتر بە

هێنانی چا پێشوازی لە میوانەکان کرد. شکۆداری و سەنگینی (مەرسدە )، (خانمی ئەدیبی) خستبووە ژێر کاریگەرییەوە و بە باشی جیاوازی تەمەنمان بۆ ئەو ڕوون بوبۆوە، چونکە ئەو قسەکانی منی بە منداڵانە لە قەڵەمدابو و سەنگینی (مەرسدە) شی لە قاڵبی عەقڵ و گەورەیی دانابوو. هەستمکرد کە قسەکان ڕەنگ و بۆیەکی تری لە خۆ گرتووەو لەو تانەو توانجانەی کە لە نێوان دایکم و (خانمی ئەدیبی) ئاڵوگۆڕ دەبوو سەرم دەرنەدەهێنا، بەڵام حەزو تامەزرۆیی (خانمی ئەدیبی) لە مەڕ ئەوەی کە هەرچی زووترە هاوسەرەکەشی لەگەڵ خێزانی ئێمە ئاشنا ببێت، تەنها شتێك بوو کە هێزو توانای پێدەبەخشیم و دڵنیابوومەوە لەوەی کە (خانمی ئەدیبی )، (مەرسدە) ی پەسەندکردووە. وادەی ئەو ئاشنایەتییە بۆ ڕۆژی (سیانزەبەدەر)[8] دانرا. لە بەر ئەوەی کە پێشتر بە هۆی (ئاغای ئەدیبی) داوەت کرابووین، (خانمی ئەدیبی) چەند جار وەبیری هێنابنەوە کە فەرامۆشینەکەین. باوکم دڵنیایکردنەوە کە ئەو وادەیە فەرامۆشناکات. (خانمی ئەدیبی) داوای لە دایکم کرد کە لەگەڵی بچێت بۆ بینینی (شکوە خانم). بەجۆرە خۆی لە دایکم نزیکتر هەستپێکرد و بە گوتنی (ئەگەر ئەو شانازیەم پێببەخشیت و لەگەڵ شکوە خانم ئاشنام بکەیت سوپاسگوزارت دەبم) دایکمی لەگەڵ خۆی برد. لە کاتی ماڵاوایی، ڕوومەتی من و (مەرسدە) ی ماچکرد و لەڕووی میهرەبانییەوە دەستێکی هێنا بەسەر (مەرسدە) و بە گوتنی ووتەی دڵنشینی (بە ئومێدی دیدار) ئێمەی بەجێهێشت.

کە دەرگاکەم داخست لە (مەرسدە) م پرسی "چۆن ژنێك بوو؟". بە ڕەزامەندییەوە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "چۆن گومانمدەکرد بەهەمانشێوە بوو. هەر چۆنێك بێت (ئاغای ئەدیبی) لە داوێنی ژنێکی ئاوا گەورە بووە. (خانمی ئەدیبی) زمانی زۆر دەزانیت و لە زۆربەی سەفەرەکاندا لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچێتە دەرەوەی وڵات. چەند خۆشە کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی خوێندەوارو تێگەیشتوو هەڵسوکەوت بکات. مرۆڤ هەر کاتژمێرێك کە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە بە سەر بەرێت، شتێك فێردەبیت و ئەوەش خۆی لە خۆیدا جوانی و چاکەیە ".

---

[8] سیانزە بەدەر، فارسەکان ئەو ناوەیەن لە ڕۆژی سیانزەهەمی بەهارناوە و بۆ ماوەی سیانزە ڕۆژ دەیکەنە پشوو و سەیران.

پاشان نقورچێکی لە باسکم گرت و گوتی "من لە بیری چیدام و تۆش لە بیری چیدای. کچی بێ عەقڵ!". پێکەنیم و گوتم "، بەڵام من دەزانم کە بیروڕای من و تۆ یەکێکەو دەتەوێ خۆت لە گێلی بدەیت ". ئەو قسەیەم بووە هۆی ئەوەی کە (مەرسدە) دوامکەوێت و منیش لە دەستی هەڵاتم و خۆمکەیاندە هۆڵەکەوە. ڕاکردنی من و (مەرسدە) بووە هۆی سەرسوڕمانی باوکم و (فەرەیدون )،(شیدە)ش بەگوتنی(کەوتوونەتە بیری منالّی) وای لێکردین کە بوەستین. نەهاتنەوەی دایکم درێژەی خایاند و بە نیازی تەلەفۆنکردن بووین کە زەنگلێدراو (کامەران) هاتە ژوورەوە. (فەرەیدون) چوو بۆ پێشوازیکردنی، بەڵام ئەو نەهاتە ژوورەوەو هەر لەوێ لەگەڵ (فەرەیدون) قسەی دەکرد. کەمێك پاشتر (فەرەیدون) هاتە ژوورەوەو بە باوکمی گوت "(ئاغای قودسی) داوایلێکردووین کە خواردنی ئێوارە بەرین بۆ ئەوێ و پێکەوە بیخۆین، ئەوان دایکمیان بە بارمتە گرتووە". (شیدە) پرسی "(خانمی ئەدیبی) ش لەوێیە؟ ". (فەرەیدون) گوتی "نەخێر، ئەوان ڕۆیشتوون. ئەگەر ڕازین با بە (کامەران) بڵێم کە دێین". پاشان باوکم سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و گوتی "باشە دەڕۆین". (فەرەیدون) شەترەنجەکەی هەڵگرت و بە ئێمەی گوت "کەواتە زوو وەرن، ئەوان چاوەڕێن ".

ئەو و (کامەران) ماڵەوەیان بەجێهێشت و کەمێك پاشتر، باوکیشم ڕۆیشتە دەرەوە. بە (مەرسدە) م گوت "من تاقەتی بینینی (یەهدا) م نییە" ئەگەر ئەو کچە بێتام و لە خۆڕازییە بیەوێت قسەیەك بکات، ناچار دەبم وەڵامی بدەمەوە". (شیدە) دەستی خستە سەرشانم و گوتی "بۆ تۆ باش نییە کە لەگەڵ ئەو دەستبکەیت بە دەمەقاڵێکردن. فەرامۆشتکردووە کە ئەو کچە مامی مامۆستاکەتەو (ئاغای قودسی) ش ئەوی خۆشدەوێت ؟ ئەگەر ببێتە هۆی ڕەنجانی (یەهدا )، دڵنیابە کە (ئاغای قودسی) تۆڵەتلێدەکاتەوە. وازیلێبێنە. تۆ دەتوانی لەگەڵ من و (مەرسدە) و (شیدە) قسەبکەیت و ئەو پشتگوێ بخەیت ". (مەرسدە)ش پشتگیری لە قسەکەیکرد و هەرسێکمان چووینە ئاشپەزخانەکەوە، بۆ ئەوەی خواردنەکە ئامادەبکەین و بیبەین بۆ ماڵی (ئاغای قودسی).

## ((بەشـــــــــی ٢٧ ))

کاتێك زەنگمانلێدا، (کەتایۆن)، دەرگای بۆ کردینەوەو بـە گـوتنی (ڕێگاتـان ونکـردووە) داوایلێکردین بچینە ژوورەوە. (شـیدە) گـوتی "ئێمـە دوێنـێ شـەو لێـرە بـووین و هێـشتا شوێنپێمان لە سەر زەوی نەسڕاوەتەوە". قسەکردن و خولك کردنەکانیان (شکوە خانم) یـشی هێنایە دەرەوە و منیش کە مەنجەڵەکەم بە دەستەوە بوو و سەیری ئەوانمدەکرد، زووتـر لـەوان بەرەو ئاشپەزخانەکە کەوتمەڕێ، بۆ ئەوەی خۆم لە شـەڕی ئـەو مەنجەڵـە گەرمـە ڕزگارکـەم. (مەرسـدە) و (شـیدە) ش هـاتن و ئـەو قـاپ و دەفرانـەی کـە بـە دەسـتیانەوە بـوو لـە ئاشپەزخانەکە دایاننان و لەگەڵ (کەتایۆن) ڕۆیشتن بۆ لای ئەوانیتر. وەك دوێنێ شەو (ئاغای قودسی) و (یەهدا) دیار نەبوون، بەڵام ئەمجارەیان لە ماڵ نەبوون و بۆ شتکڕین و هـەواگۆڕین ڕۆیشتبوونەدەرەوە. (مەرسدە) ڕووەو من ئاوڕیدایەوە و سەیرێکی کردم" سەیر کردنێکـی بـە بەزەییانە. ئەو پێیوابوو بەبیستنی ئەو هەواڵە، من غەمگین بووم، بەڵام لەوکاتەدا بە هـیچ شێوەیەك هەستم بـە خـەم و خەفـەت نـەدەکرد و لـە ناخمـدا هێـشتا خۆشـحاڵی ئاییـندەی (مەرسدە) و (ئەدیبی) شەپۆلیدەداو باوەڕبەوەی کە ئەوان دووانـی، لـە ئایندەیـەکی نزیکـدا دەبنە هاوسەری یەکتر، منی تەواو شاد و خۆشحالکردبوو.

نزیکەی کاتژمێرێك دانیشتین، ئینجا ئەوان هاتنەوە. (یەهدا) زۆر شـادو خۆشـحاڵ بـوو ، تیشکی چاوانی دەربڕی ئەوە بوو کە کاتێکی خۆشی بـە سـەربردووە. (ئاغـای قودسـی) بـە

گەرمی تەوقەی لەگەڵ باوکم و (فەرەیدون) کردو، بەخێرهاتنی (شیدە) و (مەرسدە) ی کرد، بەلام گوێی نەدایە من و لەگەڵ ئەوانی تر کەوتە گفتوگۆ کردن و ئەحواڵپرسینیان.

(کەتایۆن) ئاگای لە ڕەفتارەکەی ئەو بو و سەیرێکی منی کرد و ئاخێکی هەلکێشا، بەلام کاتێك بینی کە من شادو خۆشحاڵم، ئیتر هیچی نەگووت. لە تەنیشتم دانیشت و هەوڵیدا هەڵەی براکەی قەرەبوو بکاتەوە. (مەرسدە) لە (کەتایۆن) ی پرسی "کاتێك (ئاغای ئەدیبی) هات بۆ ئێرە، (ئاغای قودسی) لە ماڵ نەبوو؟". (کەتایۆن) وەلامی دایەوەو گوتی "بەڵێ لە ماڵ بوو، (کاوە) و (یەهدا) کەمێك پاش ڕۆیشتنی ئەوان چوونە دەرەوە. (یەهدا) هەستی بە ماندوویەتی و بێتاقەتی دەکرد و حەزی لە - هەوا گۆڕین - بوو ". (مەرسدە) جارێکیتر پرسی "کەواتە جەنابی دەیزانی ئێمە دێین؟". (کەتایۆن) کەمێك چووە ناو فیکرەوەو گوتی "لاموایە پاش چوونە دەرەوەی ئەوان باوکم پێشنیاری کرد ئێوە بێن بۆ ئێرە. چاك نازانم چونکە ئەو کاتە لە ژوورەوە نەبووم".

دەمزانی کە (مەرسدە) لە دەربڕینی ئەو پرسیارانە مەبەستێکی هەیە و بۆ ئەوەی کۆتایی بەم پرسیارانە بێنم گوتم "جا قەی چی دەکات زانیبێتیان یان نەیانزانیبێت. خۆ ئێمە لە بەر ئەوان نەهاتووین بۆ ئێرە، بۆ بینینی ئەوانیش نەهاتووین. ئێمە ئێستا لە بەر خاتری (کەتایۆن) و (شکوە خانم)و (ئاغای قودسی باوك) لێرەین. ئایا پێچەوانەی ئەمەیە؟". (مەرسدە) پشتگیریلێکردم و (کەتایۆن) یش نووشتایەوەو ڕوومەتی ماچکردم و گوتی "من ئێوەم خۆشدەوێت و حەزدەکەم هەموو ڕۆژێك بتانبینم، ئەگەر لە بیرتانبێت، بڕیاروابوو ئەو ڕۆژانەی پشوو لەگەڵ یەك بەسەربەرین". گوتم "لە بیرمانەو هەر لەبەرئەوەشە کە خۆشحاڵم". (یەهدا) لە تەنیشت (ئاغای قودسی) دانیشتبو و کەم تا زۆر قسەکانمانیان دەبیست. لە (کەتایۆن) م پرسی "ئێوەش بۆ ڕۆژی سیانزە بەدەر داوەتکراون؟". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "بەڵێ، (خانمی ئەدیبی) هەموومانی داوەتکرد. زۆر ژنێکی ئێسك سووك و ڕەوشت بەرزە. من زۆر خۆشمویست". گوتم "دایك و کوڕ هەردووکیان ئێسك سووك و ڕەوشت بەرزن. پارەو سەروەت کاریگەری نەرێنی نەخستۆتە سەر ڕەفتاری

کۆمەڵایەتییان. ئەوەندە بە گەرم و گوڕی و میهرەبانی ڕەفتارەکەن، لە چینی دەوڵەمەند و سەرمایەدار ناچن". من ووشەکانم بە دەنگێکی بەرزتر دەردەبڕی " بە شێوەیەك کە ئەوانی تریش بەباشی گوێیانلێبێوو. (کامەران) پشتگوری لە قسەکەم کرد، بەڵام (یەهدا) بە ڕووگرژییەوە پرسی "بۆ؟ ئەوان لە چ چینێکن کە ئێمە وەك ئەوان نین و جیاوازین؟". ئەو ڕووی لە من کردبوو، بەڵام من ڕوومليێوەرگێڕاو لە بەرئەوەی کە هەم ئەو و هەم (ئاغای قودسی) لە بەرامبەرمەوە دانیشتبوون، بەبێ ئەوەی بمەوێت نیگام کەوتە سەر ڕووخساری (ئاغای قودسی) و لە چاوانی خوێندمەوە کە چاوەڕوانی وەڵامی منە. (مەرسدە) لە باتی من گوتی "هەر چۆنێك بێت ئەوان لە چینی سەرمایەدارانی ئەم وڵاتەن و دەبێ خو و ڕەفتاریان لەگەڵ ئێمە جیاواز بێت، بەڵام ڕەفتارەکانیان دەریبڕی ئەوە بوون کە - تازە پێگەیشتوو نین و ئەو سەروەتەیان لەپڕ دەستنەکەوتووە - و ماڵ و دارایی کاریگەری خراپی لە سەر ڕەفتارو کرداریان نەبووە". (کەتایۆن) یش دوای (مەرسدە) گوتی "فیزو خۆ بە گەورەزانین هی ئەو کەسانەیە کە تازە پێگەیشتوون. هی ئەو کەسانەیە کە تا دەستیان لە نان و ئاوێك گیردەبێت، خۆیان و ڕابردوویان فەرامۆشدەکەن و خۆیان واپیشاندەدەن گوایە - ئاردی ئاش نەدیتوون- بەڵام (خانم و ئاغای ئەدیبی) پیشانیاندا کە ڕەسەنن و خۆیانیان فەرامۆش نەکردووە". (یەهدا) بە کینە و ئیرەییەوە گوتی "ئێوە بە شێوەیەك باسی ئەوان دەکەن، ئەگەر یەکێك نەزانێ، وادەزانێت کە ئەوان لە جلەوداراني وڵاتن و لەسەرووی ئەوانەوە کەسیتر نییە". (کەتایۆن) بەرپەرچی دایەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕووی بۆ لای من و (مەرسدە) سوڕاند گوتی "لەوانەشە وابن و ئێمە ئاگامانلێنەبێت". (ئاغای قودسی) گوتی "زۆر جێی داخە کە دارایی و سەروەتی کەسانی تر ببێتە هۆی ڕق و کینەی ئێوان ئێوە. پێوەرێکی تر بۆ تاریفکردن و ڕێزلێنان بدۆزنەوەو کۆتایی بەم بابەتە بێنن".

(ئاغای قودسی) بە ئاشکرا پشتیوانی لە (یەهدا) کرد و بە درێژایی ئەو هەوڵیدا کە (یەهدا) هەستبەکەموکوڕی نەکات. (فەرەیدون) و (کامەران) خۆیانیان لەوانیتر جیاکردبۆوە و سەرقاڵی یاری شەترەنج بوون. (دایکی یەهدا) ش سەیری ئەو جلەی دەکرد کە کڕیبووی و (یەهدا) شی هاندەدا کە قوماشێکی لەو جۆرە لای بەرگدروو ڕاسپێرێت. من و (مەرسدە) و

(شیدە) تاقەتمان نەما و (کەتایۆن) داوایلێکردین کە سەیرێکی ژوورەکەی بکەین. کاتێک هەستاین، من بە ئاشکرا هەناسەیەکم هەڵکێشاو بە (کەتایۆن) م گوت "ئەوەندەی نەمابوو خەوملێبکەوێت. ئەگەر تۆ داواتت لێنەگێڕابایەنەوە بۆ بینینی ژوورەکەت، دیار نەبوو چی روویدەدا". بەبەردەم (ئاغای قودسی)دا ڕۆیشتین و من بەبێ گوێدانە ئەو تێپەڕیم. هێشتا لە پلیکانەکان سەر نەکەوتبووم کە (ئاغای قودسی) ماڵەوەی بەجێهێشت و چووە دەرەوە. (شیدە)ش گوتی "(ئاغای قودسی) ش بێزار بوو و لە ماڵ چووەدەرەوە". (کەتایۆن) پێکەنی و گوتی "چوو هەوایەك بگۆڕێت. زۆر ناخایەنێت و زوو دەگەڕێتەوە. لەوانەشە ڕۆیشتبێت جگەرەبکڕێت. لە دوێنێوە تائێستا ئەوە دووەم پاکەتە دەیکێشێت. پێموایە لە شتێك تووڕەیەو داخەکەی بە سەر جگەرەدا دەڕێژێت". گەیشتینە بەردەم دەرگای ژوورەکەو، ئەو لە پێشدا چووە ژوورەوە چراکەی داگیرساند. ژوورێکی گەورەو جوان بوو، دیوارەکەیان بە کاغەزی دیواری داپۆشیبو و چەند پۆستەرێکیش جوانتر و ڕازاوەتری کردبوو.

(کەتایۆن) داوایلێکردین دانیشین و گوتی "ئەم ژوورە لە کاتی سەڵتیمەوە تا ئێستا هەر بەم شێوەیە ماوەتەوەو دایکم دەستکاری نەکردووە". پاشان ئاماژەی بۆ پەڕتوکخانە بچووکەکەی کرد و ڕوویکردە من و گوتی "لە پەڕتوکخانەکەی تۆ بچووکترە و پەڕتوکەکانیشی لە پەڕتوکەکانی تۆ کەمترە ".

هیچ کامان ئاگاداری هاتنە ژوورەوەی (یەهدا) نەبووین. لە ناکاو بە گوتنی (من لە ژووری ئاوادا بێزارو بێتاقەت ئەبم) سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو کە بینی هەمووبان سەیریدەکەین گوتی "(کەتایۆن) ژوورەکەی منی دیوە هەم گەورەیەو هەمیش ڕووناکە. پەڕتوکخانەیەکی گەورەشم هەیە دەکرێ بگووترێت کە پلە یەکە ". (مەرسەدە) پرسی "حەزت لە پەڕتوك خوێندنەوەیە؟". شانی هەڵتەکاندو گوتی "من دەرفەتی خوێندنەوەم نییە، بەڵام ئەگەر ڕێککەوێت، بەڵێ، پێمخۆشە پەڕتوك بخوێنمەوە". (مەرسەدە) جارێکیتر پرسی "تۆ چ پیشەیەکت هەیە کە دەرفەتی پەڕتوك خوێندنەوەت نییە؟". (کەتایۆن) لە باتی ئەو وەڵامی دایەوەو گوتی "کچە مامەکەم کچێکی هونەرمەندەو لە

هەموو بوارە هونەرییەکاندا پسپۆڕی هەیە، ئەو بەتەواوەتی شارەزای مۆسیقاو گۆرانی و سەمایەو بەم زووانەش بڕیاروایە کە فێری (سەمای باڵێ) ببێت. وانییە کچە مامی ئازیز؟". (یەهدا) سەری جوولاند و گوتی "بەڵێ ". (شیدە) پرسی "چی لەبارەی هونەرەکانی ترەوە دەزانیت ؟ وەك : بەرگدروویین، وێنەکێشان، ئاشپەزی، گوڵسازی،... ". (یەهدا) بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی "ئەمانە کەی هونەرن، ئاشپەزیش هونەرە؟". (کەتایۆن) گوتی "ئەگەر ئاشپەزی نەزانیت، برسیت دەبێت و گۆرانی و گۆرانی گووتنت لە بیر دەچێ". (شیدە) ش گوتی "بۆ خانمە بێهونەرەکان". ئەو بە تووڕەییەوە تەماشای (شیدە)ی کرد و کە دەنگی پێی (ئاغای قودسی) لە ڕێڕەوەکە بیست، ژوورەکەی بەجێهێشت.

چەند خولەکێك پاشتر دەنگی تووڕەبوونی (ئاغای قودسی) بەرزبوویەوەو بانگی (کەتایۆن) ی کرد. (کەتایۆن) بە هەراسانی ڕووەو ژوورەکەی ئەو ڕایکرد و دەنگی ناڕەزایەتی (ئاغای قودسی) م بیست کە (کەتایۆن)ی سەرزەنشتدەکرد و دەیگووت بۆ گاڵتەتان بە (یەهدا) کردووە. (ئاغای قودسی) هەتا دەرفەتی قسەکردنیشی بە (کەتایۆن) نەدا. (شیدە) و (مەرسدە) ترسان و چوونە خوارەوە، بەڵام من لە ڕێڕەوەکە وەستام. (ئاغای قودسی) بە تەمابوو دەرگای ژوورەکە داخات، بەڵام کە منی دی لە داخستنی دەرگاکە دوودڵ مایەوە. بەهۆی تووڕەیی ڕووخساری سوور هەڵگەڕابو و قژە شێواوەکەی ناوچەوانی داپۆشیبوو. دەرگاکەی وەك خۆی بەجێهێشت و لە سەر کورسی دانیشت. دەرگاکە تەواو دانەخرابوو و من دەمتوانی لە کەلێنی دەرگاکەوە بیبینم، سەری خستبووە نێوان هەردوو دەستی و سەیری خوارەوەی دەکرد. ئەو بە دەست ئاماژەی بۆ دەرگاکە کردو بە (یەهدا) و (کەتایۆن) ی گوت "بڕۆن وازملێبێنن". (کەتایۆن) ڕق و کینە گەرووی گرتبو و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. پێموابوو کە (یەهدا) ش بە غەمگینی دەچێتە دەرەوە، بەڵام ئەو سەری بەرز کردبۆوە و بە فیزو لووت بەرزییەوە سەیرێکی کردم و زەردەخەنەیەکی ژەهراوی پێشکەشکردم و تێپەڕی.

حەزمدەکرد بمویرایە هەم لە (ئاغای قودسی) و هەم لە (یەهدا) ی لە خۆڕازیم دابایە. ئەو بە گۆشەنیگایەك توانیبووی (ئاغای قودسی) لە دژی خوشکەکەی هانبدات و کەسایەتی ئەو لە پێشچاوی ئێمە تێکبشکێنێت.

Scanned with CamScanner

ویستم پشتگوێیبخەم و تێپەڕم، بەڵام تاقەتم نەبرد. دەرگای ژوورەکەیم کردەوەو گوتم "زۆر بە داخەوە کە دەبینم مامۆستاکەم بووە بەگاڵتەجاری دەستی ژنێك". ئەمەم گوت و خێرا لە پلیکانەکان چوومە خوارەوە.

(کەتایۆن) و (مەرسدە) و (شیدە) لە ئاشپەزخانەبوون. (کەتایۆن) بە هێواشی دەگریا و (مەرسدە) و (شیدە) هەوڵیاندەدا هێوریکەنەوە. کاتێك چوومەژوورەوە، ڕەنگم لە ڕوو بڕابوو. دەمزانی کە بەو قسەیەم ئاینده‌ی خۆمم نابووتکردووە، بەڵام بەرگەی بینینی ورد بوونی کەسایەتی و لووت بەرزی (کەتایۆن) م نەدەگرت. (کەتایۆن) کە منی دی، بە هەنسك و گریانەوە پرسی "قسەشی بە تۆ گوت؟"هەوڵمدا پێیبکەنم. گوتم "نەخێر". ئەویش بە زۆر زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "داوایلێبوردن دەکەم کە ئەمشەوتان تێکچوو". (مەرسدە) دەستی گرت و گوتی "شتێکی ئەوتۆ ڕووینەداوە. زۆربەی خوشك و براکان دەمەقاڵێیان دەبێت. ئەوە هەر هیچ نییە. ئەگەر دەتەوێ شەوی ئێمە تێکنەچێت، ڕوومەتت بشۆو هەر گوێشی مەدەرێ. تۆ نابێ بهێڵیت ئەوانیتر پەی بە گریانەکەت بەرن، لەوانەیە کاریگەری بخاتە سەر (کامەران) و ناکۆکی لەنێوان دوویرا ڕوویدات. هەستەو ڕوومەتت بشۆ". لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی (شکوە خانم) و بینینی چاوە فرمێسکاوییەکانی (کەتایۆن) دەستیکێشا بە ڕووخساریاو بە هەراسانی پرسی "چی ڕوویداوە (کەتایۆن)؟ بۆ دەگریت؟". من و (مەرسدە) هەوڵماندا ڕازیبکەین کە کێشەیەکی ئەوتۆ ڕووینەداوە، بەڵام ڕازینەبوو، (کەتایۆن) ی گرت و ڕووەو خۆی سوڕاندی و گوتی "(کەتایۆن) ڕاستیم پێبڵێ، چی بووە! چی ڕوویداوە؟". (کەتایۆن) بە زەردەخەنەیەك نیگەرانییەکەی ئەوی نەهێشت و گوتی "بڕوا بکە شتێکی گرنگ نییە، کەوتمە یادی بیرەوەرییەکانی منداڵیم و دڵم تەنگبوو. هەر ئەوەبوو". (شکوە خانم) هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی "خەیاڵم ئاسوودە بوو، گوتم نەوەك (یەهدا) ڕەنجاندبیتی. زوو ڕوومەتت بشۆ تا (بەهرۆز) نەهاتووە، بەشکو سوورایی چاویشت نەمێنێت".

بۆ ئامادەکردنی مێزی خواردن یارمەتی (شکوە خانم) مان داو (ئاغای قودسی) بۆ ماوەیەکی کورت هاتە خوارەوەو بە بیانووی سەرئێشە داوایلێبووردنی کرد و بۆ پشوودان گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. هەموومان هەوڵماندا کە ئەو ڕووداوانە فەرامۆش کەین و ئەو ماوەیە کە ماوە بە خۆشی بە سەریبەرین. هەربۆیە (شیدە) نوکتەیەکی گێڕایەوەو بەم کارەشی پیاوەکانی هاندا ئەوانیش دەستپێبکەن. دەنگی قاقای هەموومان بەرزبوویەوە و بە ڕاستیش هەموو شتێکمان فەرامۆشکرد.

کاتی ماڵاوایی، (کەتایۆن) جارێکیتر داوای لێبووردنی لێکردین و ئێمەش ئەومان دڵنیاکردەوە کە هیچ هەورێك ناتوانێت ڕووخساری هەتاوی دۆستایەتیمان داپۆشێت. من لەگەڵ گوتنی (شەوت شاد) بە دەنگی بەرزپێمگوت "بەیانی دەتبینین و پێکەوە دەچین بۆ بازاڕ "پاشان چاوم لێداگرت و بە ئەنگووست ئاماژەم بۆ قاتی سەرەوە کرد. ئەویش لە مەبەستەکەم تێگەیشت و بە دەنگی بەرز گوتی "چاوەڕێتان دەکەم. شەو شاد ". لەگەڵ داخرانی دەرگا، بەرەو ماڵ کەوتینە ڕێ و (شیدە) ئەو شەوە لای ئێمە مایەوە و تا درەنگانێکی شەو ئێمە لە سەر کردارەکەی (ئاغای قودسی) دەدواین. (شیدە) و (مەرسدە) تەواو لێیبێزاربوویوون و ئەو وەك مرۆڤێکی ملهوڕ و لە خۆڕازی ناسرابو و ئەو شەوە بە دڵڕەنجانەوە خەویانلێکەوت. ئەو بەگژداچوونەی (ئاغای قودسی) بۆمن شتێکی نوێ بوو. بە دەیان و بە سەدان جار ئەوم لە کاتی توڕەبوون و بە گژاچوونی قوتابییەکانی دیبوو. ئەو شتەی کە بێتاقەتی کردبووم ئەوە بوو کە پیاوێك لە بەرخاتری کچێك، خوشکەکەی سووك کات و کەسایەتی تێکبشکێنێت. ئایا ئەو ئەوەندە عاشقی (یەهدا) بوو کە لەپێناو وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو ئامادەبوو خوشکە تاقانەکەی لە خۆی برەنجێنێت؟".

دەنگی کرانەوەی پەنجەرەکە خەویزڕاندم. لە سەر جێگاکەم هاتمە خوارەوە بۆ ئەوەی بزانم کێ بوو کە پەنجەرەکەی کردەوە. چرای ژوورەکەی (ئاغای قودسی) کوژابوویەوە، بەلام هەستمکرد یەکێك لەبەردەم پەنجەرەکەی وەستاوە و لە هەمانکاتیشدا پەنجەرەی ژوورەکەی خۆشم بەبێ ئەوەی کە خۆم ویستبێتم، کرایەوەو بایەك هاتە ژوورەوە. پێموابوو کە کچە نادیارو نەبینراوەکە دەردەکەوێت، بەلام چونکە هەستم بە بوونی نەکرد هەوڵمدا پەنجەرەکە

داخەم، لەپڕ هێزێك ڕووەو كۆلان پاڵی نام و ئەوەندەی نەمابوو بكەومە كۆلانەكەوە، بەڵام دەنگێك منی لە كەوتنە خوارەوە ڕاگرت و منیش كە تا ناو قەدم لە پەنجەرەكە ڕۆیشتبووە دەرەوە بەهەمان شێوە مامەوە. لەگەڵ داگیرسانی چرای هەردوو ژوورەكەو دەستێك كە بە قایمی ڕایكێشامە ژوورەوە، لە خۆ چووم، دەنگی بەرزی (ئاغای قودسی)، (مەرسدە) ی لەخەوهەستاندبوو و منی لە كەوتنە خوارەوە ڕزگار كردبوو. (مەرسدە) منی لە باوەش گرتبو و بەردەوام دووپاتیدەكردەوە (بۆ واتكرد؟). هیچ وەڵامێكم نەبوو. دەنگی (ئاغای قودسی) جارێكیتر بیسترا كە بانگی (مەرسدە) ی دەكرد و (مەرسدە) منی بەجێهێشت و چووە لای پەنجەرەكەوەو لەوەڵامی (ئاغای قودسی) كە لە ئەحواڵی منی دەپرسی گوتی (زۆر باشەو نیگەران مەبە). (مەرسدە) پەنجەرەكەی بە باشی داخست و جارێكیتر لەتەنیشتم دانیشت و سەیری چاوانی كردم و پرسی "دەتوانی قسەبكەیت؟". حەزمدەكرد قسەبكەم، بەڵام زمانم نەدەهاتە گۆ و توانای قسەكردنم نەبوو. كاتێك بە سەر تێمگەیاند كە ناتوانم قسە بكەم هەستاو پەرداخێك ئاوی هێناوكردی بە دەممەوە و ناچاریكردم قومێك بنۆشم و بە هێواشی گوتی "ئەگەر حەزتلێیە، بگری" بەڵام من هیچ بیانوویەكم بۆ گریان نەبوو. ئەو گێژو مات بووبوو و بە ناباوەڕییەوە سەیریدەكردم. دەمزانی كە ئەگەر بڵێم هێزێك دەیویست بمخاتە خوارەوە بڕواناكات. كەواتە چاوەڕێمكرد تا ئەوكاتەی كە توانیم قسەبكەم و پێیبڵێم كە بە دەمخەوەوە ڕێمكردووەو خۆشم نازانم بۆچی ئەو كارەم كردووە. گوتەكەم تا ڕادەیەك ڕازیكرد و منی گەڕاندەوە بۆ سەر جێگاكەم و خۆشی لە تەنیشتمەوە نووست. ئەوشەوە خەوی ناخۆشم دەبینی. خۆمم لە بیابانێكی بێ ئاوو گژوگیا بینی كە زۆر تینوویووم و بە دوای ئاودا دەگەڕام و هەر سەرابێكم دەبینی بە گومانی ئاو بەرەو ڕووی دەڕۆیشتم و دوایدەكەوتم. كاتێك لە تاو ماندوویێتی لە سەر لمە گەرمەكانی بیابان پاڵكەوتم، (ئاغای قودسی) بە مەشكەیەكی پڕلەئاوەوە بەرەوڕووم هات، دەمویست لێوە تینووەكەم بە ئاو تەڕكات، بەڵام لەو كاتەدا ڕەشەبایەك هەڵیكرد و ئەوی لەگەڵ خۆیدا برد.

بە هەراسانی چاومکردەوە، کاتێك خۆمم لە سەر جێگاو لە تەنیشت (مەرسدە) بینی، هەناسەیەکی ڕەحەتم هەلکێشا و جارێکیتر خەوملێکەوتەوە. ئەمجارەیان خەوم دی کە لە نزیك چالێکی قووڵ وەستاوم و سەیری بنی چاڵەکە دەکەم. لە ناکاو دەستێکی بە هێز فڕێم دەداتە ناو چاڵەکەوەو منیش بەزریکاندنێکەوە دەکەومە ناو چاڵەکەوە. لە دەنگی زریکاندنەکەی خۆم لە خەو ڕاچڵەکام. (مەرسدە) ش بەئاگاهات و بە نیگەرانی پرسی "تۆ ئەمشەو چیت لێهاتووە؟". کۆنترۆڵی خۆمم لە دەستداو دەستمکرد بەگریان و گوتم "نازانم بۆ ئەمشەو خەوی ناخۆش دەبینم؟". دەستە لەرزۆکەکەمی خستە ناو دەستی و جارێکیتر پەرداخە ئاوەکەی لە دەمم نزیککردەوەو گوتی "چۆڕێك بخۆرەوە، کەمێك باشترت دەکات". پاشان ویستی کە خەوەکەمی بۆ بگێڕمەوە.

کاتێك بیستی دەستی هێنا بە ڕووخسارماو گوتی "ئەمشەو تۆ لە ماڵی (ئاغای قودسی) ڕووبەڕووی دیمەنێك بوویتەوە کە هەرگیز گومانت نەدەکرد، بینینی ئەو دیمەنە کاری کردۆتە سەر مێشکت و بۆتە هۆی ئەوەی کە خەوی ناخۆش ببینیت. تۆ دەبێ ئەو دیمەنە فەرامۆشبکەیت و بیرلەشتی باش و خۆش بکەیتەوە". هەردووکمان ڕاکشاین، بەلاّم تا گزنگی بەیان بێداربووین. لەگەڵ هەلاّتنی خۆر پێڵووەکانم قورساییان لێنیشت و خەوملێکەوت.

کاتێك بە لاواندنەوەی دەستێکی میهرەبان چاوم هەلّێنا، دایکم و (مەرسدە) لە تەنیشت جێگاکەم دانیشتبوون و دایکم بە نیگەرانییەوە لەڕووخسارم ڕامابوو. (مەرسدە) دەستیهێنا بە قژماو بە گوتنی (نیوەڕۆت باش خوشکی ئازیز) تێیگەیاندم کە نیوەڕۆیەو من تا ئەو کاتە نووستووم. دایکم پرسی "تەدرووستیت باشە؟". سەیریمکرد و گوتم "بەڵێ باشم". گوتنی "دەتوانی دانیشی؟". هەستام و دانیشتم. دایکم پرسی "هیچ شوێنێکت نایەشێ؟". پرسیارەکانی ئەو وایلێکردم کە لە سەر تەختی نووستنەکەم بێمەخوارەوەو بلێم زۆر باشم و ساغ و سەلامەتم، بەلاّم سەیرکردنەکانی ئەوان دوانی تێکەڵی ناباوەڕی و دوودڵی بوو. کە لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە، (مەرسدە) قۆڵمی گرتبوو و باوکیشم لە هۆڵەکە بەنیگەرانییەوە چاوەڕێی ئێمەی دەکرد. زانیم (مەرسدە) ڕووداوەکەی شەوی ڕابردووی بۆ گێڕاونەتەوە. ئەوان

مەبەستیان لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو، وڵامێکیان دەستکەوێت کە ڕازییان بکات و دەیانویست بەڕاستی بزانن کە هۆکارەکەی چی بووە، بەڵام چونکە وەڵامێکیان نەدەبیست کە ڕازییانبکات ڕێگایتریان بۆ دەربڕینی پرسیارەکانیان دەگرتەبەر. دایکم نیگەرانی ئەوە بوو نەوەك ئەو تۆپەی کە کێشابووی بەسەرما پشێوی و کەموکورتی لە مێشکمدا دروستکردبێت و (مەرسدە) ش ئەوی بە (گووشارێکی دەماری)دەزانی و دەیویست پێیبڵێم کە ئایا ڕەفتارە میهرەبانانەکەی (ئاغای قودسی) بەرامبەر (یەهدا) من دووچاری نائومێدی و بێهیوایی کردووەو ویستوومە خۆم بکوژم؟ بەڵام کاتێك هەردووکیانم ڕازیکرد، تا ڕادەیەك ڕازیبوون کە تەنها خەوی ناخۆشم دیوەو لە ڕووی ویست و ئیرادە ئەو کارەم ئەنجامنەداوە. لێشاوی پرسیارەکانیان کۆتاییپێهات و خۆمگەیاندە حەوش و لە ژێر هەتاوی بەهاریدا جەستەمم گەرم کردەوە. بە باشی دەمزانی کە ڕووداوەکانی دوێنێ شەو نە خەو بووەو نە خەون و خەیاڵ، بەڵکو لە هۆشیارییەکی تەواو ڕوویاندابو و بە ڕاستی کەسێك یان هێزێك دەیویست من لە پەنجەرەکەوە فڕێداتەدەرەوە. ئایا ئەو کەسە کە دەیویست لە ناومبەرێت هەر ئەو کچە بوو؟ لەوانەیە لەبەرئەوەبوویێت کە بە ناشیرینی و ڕەقی لەگەڵ (ئاغای قودسی) قسەمکردبوو! بەڵام نەخێر" من و (ئاغای قودسی) زۆربەی کات لەگەڵ یەك مشتومڕمان هەیە و کەمجار ڕوودەدات کە وتەی یەکتر پەسەند بکەین. کەواتە ئەگەرلەبەرئەوە نەبوویێت، ئەی چی بووە؟ لەوانەیە من لەمپەرێك بم لە بەردەم خۆشبەختی (ئاغای قودسی) و (یەهدا) و ئەو کچەش دەیەوێت بە لەناوبردنی من ئەو لەمپەرەش لەبەردەم ڕێگایان لابات. بەڵێ دەبێ وابێت. ئەو کچە پڕکەین و نهێنییە لە من باشتر دەزانیت کە (ئاغای قودسی) تا چ ڕادەیەك (یەهدا) ی خۆشدەوێت و هۆگریتی و دەیەوێت ئەوان دووانی خۆشبەخت بن. چاوچنۆکی و ئیرەیی منیش وەك دڕکێك دەچەقێ پێیانداو و من دەبێ لە ژیانی ئەوان بچمە دەرەوە. ئەگەر بمەوێت زیندوو بمێنمەوەو بژیم، دەبێ خۆم لەودووانە دوورخەمەوەو ڕووبەڕوویان نەبمەوە. دەبێ ئەو بیرۆکەیە بخەمە بواری پراکتیکیەوەو بزانم ئایا لە دەست تۆڵەی ئەو کچە ڕزگارمدەبیت و پارێزراودەبم؟. (مەرسدە) لە تەنیشتمەوە دانیشت و پرسی "بیر لە چی

دەکەیتەوە؟". گوتم "با بزانم تاقەتی بیستنی چیرۆکێکت هەیە؟". بە جوولاندنی سەری ئامادەبوونی خۆی ڕاگەیاند. گوتم "با هەر لە سەرەتاوە بۆت باس بکەم. کورتە مێژوویەکی ئەم خانووە کە ئێستا تیایدا دەژین...

سەیری ڕووخساری (مەرسدە) م نەدەکرد و دەمویست قسەکانم بەبێ کاریگەریی سەیرکردن بێت. بەردەوامبووم و گوتم "پێش ئەوەی ئەو هاوڕێیەی (فەرەیدون) یان خۆمان ئەو خانووە بکڕین، خێزانێك لێرە نیشتەجێبوون کە کچێکی جوان و قەشەنگیان هەبووە و ناو (فانی) بووە. (فانی) هەر لەم ژوورەدا ژیاوە کە ئێستا من و تۆی تێداین. (ئاغای قودسی) ش هەر لە ژوورەکەی ئێستای خۆی ژیاوە. (فانی) و (ئاغای قودسی) یەکتریان خۆشویستووە. ئەگەرچی ئەو خۆشەویستییەیان نەدرکاندووە، بەڵام خوشکەکەی (ئاغای قودسی) لەو بڕوایەدایە کە ئەوان دووانی یەکتریان خۆشویستووە. (فانی) لە بەرەوپێشچوونی وانەکانی کەلکی لە (ئاغای قودسی) وەرگرتووەو لێکنزیکی ئەو دوو پەنجەرەیەش وایکردووە کە زیاتر هەست بە نزیکیی خۆشیانبکەن. تا ئەو کاتەی کە (فانی) لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەکی نادیارو کوشندە کۆچی دوایی دەکات. لاموایە چاوی (فانی) وەك چاوی خۆمان بووە و (ئاغای قودسی) پێیوابووە کە ڕەنگی چاوی ئەو هەڵماتین بووە. چەند ساڵێك لە مەرگی ئەو کچە تێپەڕی و خانووەکەش دەستبەدەست بوو تا گەیشتە ئێمە. شەوێك لە شەوان کە خۆمم بۆ نووستن ئامادەدەکرد کچێکی سپی پۆش، بە تاجە گوڵینەیەکی گوڵی نێرگزەوە لە پەنجەرەکە هاتە ژوورەوەو بەبێ ئەوەی وشەیەك لە دەمی بێتە دەرەوە تەنها بە ڕووما پێدەکەنی. ئەو لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستابو و هەندێکجار سەیری منی دەکردو، هەندێکجاریش پەنجەرەکەی (ئاغای قودسی) و، پاش ماوەیەکی کورت بەهەمان شێوە کە هاتبووە ژوورەوە، ڕۆیشتە دەرەوە. یەکەمجار پێموابوو تووشی خەیاڵات بووم، بەڵام بۆ بەیانییەکەی کاتێك دایکم هاتە ژوورەوە و گوتی (بۆنی گوڵی نێرگز دێت) ئەو قسەیەی دایکم تێیگەیاندم ئەو شتەی کە شەوی پێشوو دیومە خەون و خەیاڵ نەبووە. پاش ئەو شەوەش یەکدووجاری تر ئەو کچە هاتووە بۆ بینینم و دواینجاریش کە بینیم پێم گوت (ئاغای قودسی) هیچ بایەخێکی بۆ من نییە و دەمەوێت فەرامۆشیبکەم. ئەویش بە گوتنی

(بە داخەوە) ژوورەکەمی بەجێهێشت. پێموایە دوێنێ شەویش هەر ئەو بوو کە دەیویست لەناومبەرێت. چونکە وادەزانیت کە من لەمپەرێکم لە بەردەم خۆشبەختی دڵدارەکەی و (یەهدا ).

من پێم نەگوتی کە دوێنێ شەو کاتێك (ئاغای قودسی) بە سەر (کەتایۆن) دا هاواریکرد و (کەتایۆن) بە چاوەپڕ لە فرمێسکەکانی ژوورەکەی بەجێهێشت، چیمکرد. من چونکە توانای بینینی دڵتەنگی (کەتایۆن) م نەبوو، دەرگای ژوورەکەی (ئاغای قودسی) م کردەوەو پێمگوت کە بڕوام نەدەکرد مامۆستاکەم ببێت بەیەخسیرو گاڵتەجاری دەستی ژنێك. ئەوەم گوت و لە پلیکانەکان هاتمەخوارەوە. دەمزانی کە بەم کارەم کینەو ڕقم لێهەڵدەگرێت و ڕەفتاری لە گەڵمدا دەگۆڕێت، بەڵام گومانی ئەوم نەدەکرد کە ئەو کچە بیەوێت تۆڵەم لێبسەنێتەوە و لەناومبەرێت. دەزانم کە بڕوا بە قسەکانم ناکەیت، هەر لەبەرئەوەش بوو کە لەنامەکانمدا ئاماژەم پێنەکرد. ئێستاش دەزانم کە پێتوایە دووچاری گومان و خەیاڵ بووم. گرنگ نییە بۆم کە تۆ چۆن بیردەکەیتەوە، بەڵام من بیرم کردەوەو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر بمەوێت زیندووبمێنمەوەو بژیم، دەبێ خۆم لە (یەهدا) و (ئاغای قودسی) دوورخەمەوە و تێکەڵی ژیانی ئەوان نەبم. ئەو کچە یەکەمجار هەوڵیدا کە من و ئەو لە یەك نزیککاتەوە و ئێستاش ئەو کارە بۆ (یەهدا) ئەنجامدەدات. لەوانەشە هەر بەڕاستی من لەمپەرێك بم لە بەردەم خۆشبەختی ئەوان. تۆ وابیرناکەیتەوە؟".

(مەرسدە) هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی "قسەکانی تۆ ئاوێتەی ڕاستی و خەون و خەیاڵ بووە و تێگەیشتنی دژوارە. ئەگەر بمانەوێت هەموویان بە ڕاست لە قەڵەم بدەین، دەبێ بڵێم کە بڕیارێکی ژیرانەت داوەو دەبێ لێیان دوورکەویتەوە، بەڵام ئەگەر واوێنای بکەین کە ئەو شتانەی تۆ دیوتە تەنها خەون و خەیاڵ بووە، دەبێ بڵێم کە... ". نەمهێشت قسەکانی تەواو کات و گوتم "پێمخۆشە بڕوا بەقسەکانم بکەیت و تەنها بۆ جارێکیش بووبێت من بە مرۆڤێکی خەیاڵاوی و گوماناوی لە قەڵەم نەدەیت. ئەوەی کە من بۆم باسکردیت ڕاستییەکی پوخت و پەتی بوو. بڕوابکە خەون و خەیاڵ نەبوو. ئەو ڕۆژەش کە خێزانی (ئاغای قودسی)

من و (شیدە) یان داوەت کرد کە بڕۆین بۆ (ئابعەلی )، ئەو لە ژوورەکەم بوو. نازانی کـە بـە چ خۆشحالییەکەوە کلاوەکەی لە سەر کردم و منی بۆ ڕۆیـشتن ئامـادەکرد. دەمتـوانی دەرك بەوە بکەم کە ئەو خۆی لە جێگای من داناوەو جۆش و خرۆشەکەی لەوەو سەرچاوەی دەگـرت کە من دەبم بە هاوەڵی (ئاغـای قودسـی) و لـە بـاتی ئـەو لـە گەڵیـدا دەڕۆم. ئێـستا کـە بیردەکەمەوە، دەزانم ئەو زۆر کاری ئەنجامداو زۆر هەوڵیدا کە ئێمـە لـە یـەك نزیككاتـەوە، بەڵام بە داخەوە، بەو جۆرەی کە ئەو ویستی و حەزی لێبوو، ڕێکنەکـەوت و ئێمـە لـە بـاتی خۆشەویـستی و میهرەبـانی، ڕق و کینـەی یـەکترمان لـە دڵ هـەڵگرت ". (مەرسـدە) لـە بەرامبەرمەوە وەستاو پرسی "هەر بە ڕاستی لەو بێـزاری و ڕقـت لێیـەتی؟". سـەیرمکرد و گوتم "نازانم، بەڵام لەو کاتەدا هیچ هەستێکم بەرامبەر ئەو نییە. ئەگەریش ناچار بم لەنێوان ئەو و کەسێکی تر، یەکێکیان هەڵبژێرم، دڵنیـام کـە ئـەو هەڵنابـژێرم". (مەرسـدە) گـوتی "لەوانەیە هێشتا هەر لە کردارەکەی ئەو تورە بیت و هەر ئەو تورەبوونەش بۆتە هۆی ئـەوەی کە لێی بێزار بیت". بەلالێوێکەوە پێکەنیم و گوتم "نا، ئیشی دوێنـێ و چـەند ڕۆژی پێـشتر نییە. نازانم بۆچی لە دڵما هیچ خۆشەویستییەك بەرامبەر ئەو هەستپێناکەم. لەوانەیە لە ڕوو بڵێم کە ئەو لە هەموو پیاوەکان بە باشتر دەزانم، بەڵام بە هۆی ئـەم قـسەیەم دڵـم بـە هـیچ شێوەیەك ناورووژێت. ئێستا تەنها پێمخۆشە لێی دووركەومەوە بۆ ئەوەی زینـدوو بمێنمـەوە. تێدەگەی؟". لە بەردەم قاچم دانیشت و گوتی "تێدەگەم. تۆ دەترسی و ئەتـەوێ لـە دەسـتی هەڵبێیت، بەڵام من دەمەوێت پێتبڵێم کە ئەم ترسە بێهوودەیـە. چـەند ڕۆژ دەتـوانی خـۆتی لێبشاریتەوە؟ ها؟ ئەی کاتێك قوتابخانە کرایەوە دەتەوێ چی بکەیت؟ من دەڵـێم ڕووبـەڕووی بەرەوە، بەڵام کارێك مەکە لێت برەنجێت. لەوانەیە کاتێك ئەو و (یەهدا) بوون بـە هاوسـەری یەك ئەم خەون و خەیاڵە ناخۆشانەی تۆش لەناوبچێت و لە شەڕی ئەو کچە ڕزگارت بێت. من ئەگەر لە جێگای تۆ بم هەوڵ دەدەم هەرگیز نزیکی ئەو پەنجەرەیە نەبمەوەو کەمتر هاتووچۆی ماڵەوەیان بکەم. ئەگەر (کەتایۆن) یش بیرتدەکات و دڵی بۆت تەنگ دەبیت پێـی بڵـێ کـە ئەو بێت بۆ بینینی تۆ و تۆ مەڕۆ بۆ ماڵی ئەوان. ئێستا کە ڕاستیەکەت پێگوتم، منیش دان بەوەدا دەنێم کە دوێنێ شەو لە بۆنی گوڵی نێرگز لـە خـەو ڕاچڵەکام و لـە هەمانکاتیـشدا

دەنگی هاواری (ئاغای قودسی) شم بیست. ئێمە ئاگاداری ڕازونهێنیەکانی (مێتافیزیك) نین و نازانین لە پشتەوەی پەردە چ باسە، بەڵام ئەمە دەزانم کە ئەگەر ئەم قسانە بۆ کەسانی تر باسبکەین بە شێت لە قەڵەممان دەدەن. کەواتە ئەم ڕازو نهێنیە لە نێوان من و تۆ بە شاراوەیی دەمێنێتەوەو کەس لێی ئاگادار نابێت".

لە بەرئەوەی کە (مەرسدە) شتە شاراوەو نهێنییەکانی منی باسدەکرد، خۆشحاڵبووم و هەردووکمان بەڵێنماندا کە ئەم ڕووداوە وەك نهێنییەك لەنێوان خۆمان بمێنێتەوە.

دایکم هاتە سەرەوەو گوتی "(ئاغای قودسی) تەلەفۆنی کرد و ئەحواڵی تۆی دەپرسی". من و (مەرسدە) سەیری یەکترمانکرد. (مەرسدە) پرسی "خۆ بە تەما نییە بێت بۆ ئێرە؟". دایکم گوتی "نا، هیچی نەگوت". (مەرسدە) گوتی "ئەو باشتر! چونکە من و (مینا) بۆ شتکڕین دەمانەوێت بچینە دەرەوە". کاتێك دایکم ئێمەی بە تەنها جێهێشت، گوتی "هەستە بڕۆینە دەرەوە کەمێك پیاسە بکەین و منیش هەندێك شتم دەوێت بیکڕین ".

((بەشـــــــی ٢٨ ))

شەقام چۆڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە دە ڕۆژ لە ڕۆژانی پشوو تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا دوکانەکان زۆربەیان داخرابوون و خەڵکێکی کەمیش بەر چاو دەکەوتن. من و (مەرسدە) تا شەقامی ئامادەییەکە ڕۆیشتین و ئەو لە نزیکەوە قوتابخانەکەی بینی. دەرگای قوتابخانەکە داخرابوو. لە (مەرسدە) م پرسی "حەزدەکەیت ناوەوەی قوتابخانەکە ببینیت؟". ئەو سەیرێکی دەرگا داخراوەکەی کرد و گوتی "، بەڵام دەرگاکە داخراوەو لەوانەیە مۆڵەتی چوونە ژوورەوەمان نەدەنێ ". گوتم "تاقیکردنەوەی زیانی نییە ". زەنگم لێداو پاش چەند خولەکێك دەرگا کرایەوەو جەستە لاوازەکەی (بابای قوتابخانە) دەرکەوت. هەردووکمان سڵاومان کرد. بابا منی ناسی. گوتم "لێرەوە تێدەپەڕیم، بڕیارمدا ساڵی نوێت لێ پیرۆزبکەم ". لە خۆشحاڵیدا ڕووخساری گەشایەوەو داوایلێکردین کە بچینە ژوورەوە. (مەرسدە) سەر تاپێی بوو بەچاو و تەماشای هەموو شوێنێکی حەوشەکەی کرد. بابا داوایلێکردین بچینە ژوورەکەی و قاپێکی بچووکی شیرینی و چوکلێتی لە بەردەمان دانا. میوانداریتییە سادەو گەرمەکەی ئەو من و (مەرسدە) ی خستە ژێر کاریگەرییەوە. (مەرسدە) داوای لێبووردنی لێکرد کە بە دەستی بەتاڵ هاتووە بۆ بینینی. بابا بە نەرمی و میهرەبانی ڕێزی لە پۆزشەکەی ئەو گرت و گوتی "هەر ئەوەندە کە لە بیری مندا بوون و هاتوون بۆ بینینی من، زۆر پڕبایەخەو لە هەموو دیارییەك بە نرختره". بابا داوایلێکردین کە شیرینی بخۆین و لە هەمان کاتیشدا گوتی "ئێوە دووانی زۆر لە یەك دەچن، دووانەن؟". پێکەنین و من گوتم

"(مەرسدە) لە من گەورەترەو لە هیندوستان دەخوێنێت ". بابا گوێی دەگرت و سەری ڕادەوەشاند. پاش ڕوونکردنەوەکانی من، گوتی "کەواتە خوشکەکەت لەم ئامادەییە نەیخوێندووە؟". گوتم "نەخێر". پرسی "پێی خۆشە پۆلەکانی ئێرە ببینێت؟". ئەمەش ڕێك ئەو شتە بوو کە من و (مەرسدە) دەمانویست، کاتێك حەزو ئامەزرۆیی ئێمەی دی، دەستە کلیلێکی هەڵگرت و گوتی "کەوتە لەگەڵم وەرن با پیشانتان بدەم".

هەردووکمان دوای کەوتین. بابا لە قاتی یەکەم و تەلارە نوێیەکەوە دەستیپێکرد. لە کۆتایی ڕێڕەوەکە دەرگای ژووری مامۆستایانی کردەوەو (مەرسدە) لە نزیکەوە ئەوێی بینی. پاشان لە پلیکانەکان چووینە سەرەوەو لە قاتی دووهەمیش هۆڵی تاقیکردنەوەکان و پەڕتوکخانەکەی بینی.

کاتژمێرێك تیپەڕی و (مەرسدە) هەموو شوێنەکانی قوتابخانەی لە نزیکەوە بینی. کاتێك دووبارە هاتینە حەوشەوە حانوتەکەم پیشان دا و گوتم "ئەمەش حانوتی قوتابخانەیە ". پاشان بە هێواشی و بە جۆرێك کە بابا گوێی لێ نەبێت گوتم "لە حانوتەکەوە سەیری ژووری مامۆستایان بکە". (مەرسدە) ئەو کارەی ئەنجامدا. گوتم "ئەو کورسییەی بەرامبەر دەبینیت؟". سەری لەقاند، واتە بەڵێ. گوتم "ئەوە کورسی (ئاغای قودسی) یە. زۆربەی کات لە سەر ئەو کورسیە دادەنیشێت". (مەرسدە) گوتی "لەوێشەوە ئاوا باش دەتوانێت ئێرە ببینێت؟". گوتم "بەداخەوە بەڵێ. من تا ماوەیەك لەمەو پێش ئاگاداری ئەوە نەبووم و زۆربەی کات لەگەڵ (مەریەم) لێرە دەوەستاین و پیراشکیمان دەخوارد، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە ئەو قسەو قسەڵۆکانە بڵاوبوونەوە، ئیتر ئەم کارەمان دووبارەنەکردەوە". گوتی "کارێکی ژیرانەتان کردووە".

بابا جارێکی تر داوایلێکردین کە بچینە ژوورەوەو (مەرسدە) بە گوتنی (ئیتر ئەزیەتت نادەین) دەستیکردە ناو جانتاکەی و بڕێك پارەی دەرهێناو بە بابای گوت "ئەمە دیارییەکی نەشیاوە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئێمە دەرفەتی ئامادەکردنی کادۆمان نەبوو".

Scanned with CamScanner

بابا سەرەتا وەرینەگرت ، بەلاّم پاشان بە هۆی پێداگری من و (مەرسدە) پەسەندی کردو تا بەردەم دەرگا ڕەوانەی کردین و ئێمە لەو جیا بووینەوە.

کە شەقامی قوتابخانەکەمان تێپەڕاند، (مەرسدە) گوتی "قوتابخانەیەکی گەورەو خۆشەو هەموو شتێکی تێدایە". پشتگیریم لە قسەکەی کرد. ئەو درێژەیپێدا و گوتی"ئەو ڕووداوانەی کە لە قۆناغی ئامادەیی ڕوودەدات وەك بیرەوەرییەك لە ناو هزرو مێشکدا دەمێنێتەوە. من لە قۆناغی ئامادەیی بیرەوەری زۆرم هەیەو هەندێکجار دەکەومە بیرکردنەوەیان. (ئاغای گەنجی) ت لە بیرە کە کاتی قسەکردن زمانی دەردەهێنا؟ ئەم کردارەی ئەو چەند ئێمەی دەهێنایە پێکەنین. گوتە هەمیشەییەکەیم لە یادە، کاتێك لە بەرامبەرمان دەوەستاو ئەیووت - قوتابیانی ئازیز ! بەیانیتان باش- و لە هەمان کاتیشدا زمانی دەردەهێناو بە لێوی سەرەوەیدا دەهێنا. ئەو دیمەنەش دەبووە هۆی پێکەنینمان".

ئەم بیرەوەرییەی (مەرسدە) منی خستەوە یادی ئەو ڕۆژەی کە (ئاغای قودسی) مان لە حاڵەتی نێرگەلە کێشان وێناکردبوو. کاتێك ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە پێکەنی و گوتی "بەم قسانەت من لەگەڵ ڕاستییەك ئاشنا دەکەیت! ئەویش ئەوەیە کە دەزانم (ئاغای قودسی) لەم ماوەیەدا چەندێك ڕەنج و ئازاری لە دەست تۆ چەشتووە و ئەو کچەش مافی خۆیەتی کە لێت بڕەنجێت. ئەگەر لێم نارەنجێیت دەبێ بڵێم کە تۆ کەڵکی خراپت لە خۆشەویستی و میهرەبانییەکەی ئەو وەرگرتووە. منیش ئەگەر لە جیاتیئەو بوومایە هەمان کارمدەکرد کە ئەو ئەنجامیدا. تۆ لە باتی ئەوەی بیانوو نەدەیت بە دەستییەوە کە ڕووی بکرێتەوە لە گەڵتدا، بە پێچەوانەوە کارێکت کرد کە ئەو بە ناچاری بەرامبەر بە تۆ سەختکار بێت و ئازارت بدات. ئەوەش بزانە کە ئەم ماوەیە ڕەفتاری تۆ ڕاست و دروست نەبووە". گوتم "دەزانم، بەلاّم لەوانەیە بڕوام پێنەکەیت کە زۆرێك لە ڕەفتارەکانم بەبێ ناویستانە بووەو من بەبێ ئەوەی کە خۆم بمەوێت کارێکم ئەنجامدەدا کە نەدەبوو ئەنجامی بدەم". پاشان باسی چەکی پارەکەم بۆ گێڕایەوەو ئەویش هەر ئەو قسانەی دووبارە کردەوە کە پێشتر (ئاغای قودسی) ش کردبووی.

Scanned with CamScanner

چوونە نـاو یـەك دوو فرۆشـگاو (مەرسـدە) هەنـدێك شـتی کـڕی. کاتێـك بـەرەو مـاڵ کەوتینەڕێ، نیوەڕۆ بوو. ئێوارە (کەتایۆن) تەلەفۆنی کرد و پرسی (لە ماڵن؟) دایکـم قسـەی لەگەڵ دەکرد و دڵنیایکردەوە کە ئێمە بەنیازی هیچ شوێنێك نـین. (کـەتایۆن) بـە دایکمـی گوت کە (کامەران) ئاپارات[١]ی هێناوە و چەند فیلمێکیشی لە گەڵە کە پێمانخۆشـە پێکـەوە تەماشایکەین و داوایلێکردین کە بچین بۆ ماڵیان، بەڵام دایکـم ڕازی نـەبو و پێیـداگرت لـە سەر ئەوەی کە ئەوان بێن بۆ ماڵی ئێمەو ئەویش ڕازی بوو. لەم هاتووچۆیە کە هەموو ڕۆژێك ئەنجام دەدرا، بێزار بووبووم و لە بەرئەوەی کـە بڕیـارم دابـوو ڕووبـەڕووی (ئاغـای قودسـی) نەبمەوە زیاتر توڕەبووم. بە شێوەیەك کە ئەو بێزاریەم بووە هۆی توڕە بـوونی دایکـم و گـوتی "ئەگەر پێتناخۆشە، ئەتوانی لە ژوورەکەت دانیشی و نەیەیتە خوارەوە". (مەرسدە) لە حاڵی من تێگەیشت، لەتەنیشتم دانیشت و گوتی "تۆ دەتوانی لە ئەمشەوەوە پیلانەکەت جێبەجێ بکەیت و خۆت تاقی کەیتەوە. دەبێ هەوڵ بدەیت کە ئەمشەو زۆر بە فەرمی لەگەڵ (یەهدا) و (ئاغای قودسی) ڕەفتار بکەیت و هەر گوێشیان نـەدەیتێ. ئەگـەر ئەمـشەو سـەرکەوتی، بزانە کە ڕۆژانی تریش سەردەکەویت. ئێستاش تا دایکم هەستی بە هیچ نەکردووە هەستە با یارمەتی بدەین".

کاتژمێر نزیکی چوار بوو کە میوانەکان هاتن. (کامەران) ئاپاراتی بەدەستەوە بـو و هـەر لەگـەڵ هاتنـەژوورەوەیان وەك مـاڵی خۆیـان جێگـای مۆبێلـەکانیان گـۆڕی و پـەردەی ئاپاراتەکەیان لە سەر دیوار هەڵواسی. (یەهدا ) و دایکـی نـەهاتبوون و (شـکوە خـانم) لـە بارەی هۆکاری نەهاتنەکەیان گوتی (دایچ و کچ ڕۆیشتوون بۆ جەژنی لە دایکبوونی یەکێك لە هاوڕێکانیان). ئەو قسەیە خەیاڵی ئاسوودەکردم و بەبێ گوێدانە (ئاغای قودسی) لە تەنیشت (مەرسدە) دانیشتم و سەیری (کامەران) و (کەتایۆن) م دەکرد کە خـەریکی ئامـادە کردنـی ئاپارات بوون.

---

[١] ئامێرێکە بۆ پیشاندانی فیلم بەکاردەهێنرێت.و.ك.

Scanned with CamScanner

کاتێك ئاپاراتەکە ئامادە بوو، (کامەران) پەردەی هۆڵەکەی دادایەوەو هەموو چراکانی کوژاندەوەو ژوورەکە تاریك بو و بە گوتنی (ئامادە بن) هەموومانی بۆ سەیر کردنی فیلم داوەتکرد. یەکەم فیلم، کۆمیدییەکی میوزیکاڵ بوو کە سێ کاتژمێری خایاند. پێمواببوو کە بە بینینی ماندوو و بێزار دەبم، بەڵام کاتێك فیلمەکە پیشاندرا سەرنجی ڕاکێشام. لە کاتی سەیرکردنی فیلمەکە جارێکیتر بە ڕێکەوت لە ژێر ڕووناکی ئاپاراتەکە چاوم بە (ئاغای قودسی) کەوت کە لە باتی پەردەی فیلمەکە سەری داخستبو و چووبووە ناو فیکرەوە. لەو پشوودانەی کە بە هۆی پچڕانی فیلمەکە پێشهات، باوکم داوای چای کرد. من و (مەرسدە) چووینە ئاشپەزخانەوە. (مەرسدە) گوتی "ئاگات لە (ئاغای قودسی) بوو؟ ئەو هەر سەیری پەردەکەی نەدەکرد و بە درێژایی ئەو ماوەیە چوو بووە ناو فیکرەوە". گوتم "بەڵێ، جارێك بینیم و ئاگاملێبوو. لەوانەیە دڵی بۆ (یەهدا) تەنگ بوو بێت، چونکە عاشقان بەرگەی دووری مەعشوقەکەیان ناگرن". پێکەنی و گوتی "بە چاو بەستراوی شتە نهێنی و نادیارەکانیش دەبینیت ". دەنگی (کامەران) هات کە بانگی کردین. سینیەکەم هەڵگرت و پێکەوە ڕۆیشتین بۆ هۆڵەکە.

کاتێك چاکەیەم لە بەردەم (ئاغای قودسی) دادەنا، ناویستانە گوتم "زۆر مەچۆ ناو فیکرەوە! زوو دەگەڕێتەوە". شەپۆلێکی توڕەیی ڕووخساری داپۆشی و لە کاتێکدا کە سەیری پیاڵەکەی دەکرد گوتی "هەرچی دەڵێیت بیڵێ، سەرەی منیش دێت". کاتێك فیلمەکە دووبارە پیشاندرا ئەو ئیتر لە ناو فیکرو خەیاڵدا نەبوو و سەیری پەردەی فیلمەکەی دەکرد.

فیلمی (خاتوونە جوانەکەی من) بە ئەنجامێکی خۆش کۆتایی هات و (کامەران) چراکانی داگیرساند بۆ ئەوەی بینەران کەمێك پشوو بدەن. لەو ماوەیەدا دایکم و (مەرسدە) سەرقاڵی میواندارێتی بوون. من لەبەر ئەوەی کە چاوم بەو نەکەوێت، بە شێوەیەك دانیشتم کە بتوانم (کەتایۆن) ببینم و لەگەڵ ئەو قسەبکەم. (ئاغای قودسی) هەستاو بانگی (مەرسدە) ی کرد و بۆ ماوەیەك ئەوان دووانی لە تەنیشت دەرگای هۆڵەکەوە بە گفتوگۆ کردنەوە خەریك بوون. حەزم دەکرد هەرچی زووترە ئاگاداری قسەکانیان بم، بەڵام دەمزانی کە تا پاش ڕۆیشتنی ئەوان دەبێ چاوەڕێکەم. لە (کەتایۆن) م پرسی "لەگەڵ (کاوە) ئاشت بوویتەوە؟". پێکەنی و

گوتی "هەر دوێنێ شەو ئاشت بووینەوە. هاتە ئلشپەزخانەکەو داوایلێبووردنی لێکردم. من پێم گوتبووی کە (کاوە) لە شتێك بێزار بوو. ئەو دانی بەودا نا کە دڵی پڕ بووەو ناویستانە هاواری کردووە بە سەرمدا. داوایلێبووردنی لێکردم و منیش بەخشیم". خۆشحاڵبووم و گوتم "منیش زانیم دۆخێکی ئاسایی نییە. براکان، نە خۆشەویستییان دیارە و نە دوژمنایەتییان، ئەو شتەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەوان خوشکەکانیان ئەوەندەی گیانی خۆیان خۆش دەوێت. پێموایە هەر ئەوەش گرنگە. نابێ ئەو شتە بچووکانەیان لێبگرین". پەسەندی کرد و گوتی "ئەو شتەی کە منی نیگەران کردووە ئەو کاریگەرییە کە (یەهدا) لە سەر ئەو هەیەتی. ئەم کچە (کاوە) ی تەلیسم کردووەو هەر کارێکی بوێت (کاوە) بۆی ئەنجامدەدات ". پێکەنیم و گوتم "عەشقی (یەهدا) یە کە براکەتی تەلیسم کردووە، نەك شتێکی تر". کێشای بە سەر دەستماو گوتی " بەڵام من دەزانم کە براکەم (یەهدا) ی خۆش ناوێت!". گوتم "لە من وەرگرەو هەرگیز لەم بوارانەدا بە دڵنیاییەوە بڕیار مەدە. تەنها لە ساتێکدا زۆرێك لە دوژمنایەتییەکان دەگۆڕێن بۆ دۆستایەتی و زۆرێك لە دۆستایەتیەکانیش دەگۆڕێن بۆ دوژمنایەتی. پیاوان بە زۆری ناتوانن لە سەر هەستێك سەقامگیر بن. لەوانەیە براکەت تا ماوەیەك لەمەو پێش کچێکی تری خۆش ویستبێت، بەڵام بوونی (یەهدا) لەماڵەوەتان بووبێتە هۆی ئەوەی کە واز لە کچە بهێنێت و دڵ بە (یەهدا) بدات ".

بە دانیشتنی (ئاغای قودسی) و هاتنی (مەرسدە) بۆ لای ئێمە، گفتوگۆی من و (کەتایۆن) یش نیوە ناتەواو مایەوە. من توێکی میوەم بۆ گرتەوەو دام پێی. کاتژمێر هەشت فیلمی دووهەم دەستی پێکرد و بینەران بۆ سەیرکردن دانیشتن. زۆر حەزم لە سەیری ئەو فیلمە نەبوو. باوکم بۆ نوێژ کردن هەستاو منیش تا ئاشپەزخانەکە هاوەڵیم کرد. باوکم لێی پرسیم "چێشتمان زۆرە کە نەهێڵین بڕۆنەوە؟". من سەری مەنجەڵەکەم هەڵدایەوەو گوتم "پێموایە زۆر نەبێت. ئەگەر تۆ زۆر سوور نەبی لە سەری ئەوانیش دانانیشن". باوکم ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی کردم و گوتی "هەروا بهێڵین بە برسێتی لێرە بڕۆن؟ مەگەر ئێمە دوێنێ شەو میوانی ئەوان نەبووین؟". شانم هەڵتەکاند و گوتم "با، بووین، بەڵام خواردنەکەمان

لەگەڵ خۆماندا برد". باوکم قژڵی هەڵماڵی و گوتی "هیچ جیاوازیەکی نییە". دایکیشم هات. باوکم هەندێك فەرمانی بۆ دروستکردنی خواردنی ئێوارە دەرکرد و خۆی چوو نوێژەکەی بکات.

فیلمی دووهەمیش دوو کاتژمێر بینەرانی سەرگەرم کرد و پاش کۆتایی هاتنی هەموو چراکان داگیرسان.

میوانەکان هەستان بڕۆن، بەڵام دایکم و باوکم ئەوانیان دانیشاند و ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی کە (ئاغای قودسی) ئەزیەتی هێنانی خواردنەکەی خۆیان بکێشێت و پێکەوە خواردنەکە بخۆین. (کامەران) خەریکی کۆکردنەوەی ئاپاراتەکە بوو. باوکم بە منی گوت "(مینا) یارمەتی (ئاغای قودسی) بدە !". (کەتایۆن) و (مەرسدە) ڕۆیشتبوونە ئاشپەزخانەو دایکم بەردەستیەکانی کۆ دەکردەوە. حەزم نەدەکرد لەگەڵی بێم و بڕۆم و قسە بکەم. باوکم کاتێك بینی من دوودڵم، جارێکی تر دووبارەی کردەوەو بە ناچاری لە گەڵیدا بەڕێکەوتم.

کە چووینە ناو حەوشەوە، (ئاغای قودسی) هەناسەیەکی قووڵی هەلکێشاو گوتی "هەوایەکی خۆشە. دەزانی حەز ئەکەم لەم هەوا خۆش و دڵگیرەدا چی بکەم ؟". من وەڵامم نەدایەوە. ئەو بەردەوام بوو "حەزدەکەم تواناو هێزی ئەوەم هەبێت ئەو داخەی کە چەند ڕۆژێکە لە دڵمدایە بیڕێژم بە سەر ئەو کەسەی کە منی کردۆتە گەمەو گاڵتەی دەستی خۆی و لە ناڕەحەتی ڕزگارم بێت". گوتم "ئەوە هەر هیچ نییە بۆ تۆ، دەتوانی بە هاوارکردن داخی دڵت بڕێژی". گوتی "بە هاوارکردن ئاسوودە نابم. دەبێ شەپازلەیەکی پیابکێشم بۆ ئەوەی ئیتر نەوێرێت من بە گاڵتەجار ناو بەرێت". گوتم "نازانم مەبەستت کێیە، بەڵام ئەوە دەزانم کە قسەی ڕاست هەمیشە تاڵە و تۆ بە بیستنی قسەی ڕاست تێکدەچیت و توڕەدەبیت". دەرگای حەوشی کردەوەو هەردووکمان لە ماڵ چووینە دەرەوە. کۆڵان چۆڵ و بێدەنگ بوو. دەنگی قاچی ئێمە بێدەنگی شەوی دەشکاند. کە چووینە کۆڵانەوە گوتی "وانەی ئەخلاق دەڵێیتەوە یان ناخ و دەروونم شی دەکەیتەوە؟". گوتم "هیچ کامیان. من نە مامۆستام و نە دکتۆرم". لە بەردەم دەرگای ماڵەوەیان وەستاو گوتی "بەڵێ، تۆ نە مامۆستایت و نە

دکتۆر. ڕێمپێبدە با پێتبڵێم کە تۆ چیت. تۆ کچێکی بێتام و بە نازی، کچێك کە ڕاستییەکان بە پێچەوانەوە دەخاتە ڕوو و هەموو شتێك لە بەرژەوەندی خۆی تەواودەکات. تۆ کە بەم ئاسانییە تۆمەت دەدەیتە پاڵ کەسانیتر، بۆچی ناوێریت بوەستیت و وەڵام ببیستیت؟ (ئاغای ئەدیبی) و کاك (مەحمود) ئەگەر بیانزانیبایە تۆ چ مارێکی خۆش خەت و خاڵی، هەرگیز عاشقت نەدەبوون. من هەر لە ئێستاوە دڵم بۆ ئەو نوستادە هیندییەی خوشکەکەت دەسووتێ کە دەیەوێت خۆی لە داوی تۆ دیل و گرفتار بکات". چرای ڕێڕەوەکەی داگیرساندو چاوەڕێی وەڵامی نەکرد و چووە ئاشپەزخانەکەوە. منیش دوایکەوتم. سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوەو سەیرێکی کرد و پاشان پێیگوتم "ئەو زەمبیلەم بدەرێ!". زەمبیلەکەم دایە دەستی و پارچەیەکی لە بنی داناو مەنجەڵی چێشتەکەی خستە ناوی و سەبەتەیەك سەوزەی لەسەردانا. پاشان دەسکی زەمبیلەکەی تاقیکردەوەو گوتی "دەرگای بەفرەگرەکە بکەرەوەو سفرەی نانەکە دەربێنە". فەرمانەکانیم یەك لە دوای یەك جێبەجێکرد. (ئاغای قودسی) سەیرێکی تری ناو ئاشپەزخانەکەی کرد، نەوەك شتێکی فەرامۆشکردبێت. کاتێك چرای ئاشپەزخانەکەم کوژاندەوە گوتی "بە نەفرەت بێت. زۆرم حەز لەم خواردنەی ئەمشەوە، بەڵام ئیشتیهای خواردنم نییە". گوتم "ئەو بێ ئیشتیهاییەت لە بەر شتێکیترە " پەیوەندی بە قسەی دوێنێ شەوی منەوە نییە. تکایە من تاوانبار مەکە ". پرسی "بەڕای تۆ لە بەر چیە؟". گوتم "لە بەر ئەو کەسەیە کە بە تەنها جێی هێشتوویت و ڕۆیشتووە بۆ میوانی و جەژنی لەدایکبوون ". بە توڕەییەوە سەیریکردم و گوتی "ڕاستیان گوتووە کە ژن عەقڵی ناتەواوە. ئەگەر ژن عەقڵێکی تەواوی هەبوایە دەیتوانی بە درووستی دادوەری بکات ". ویستم چرای ڕێڕەوەکە بکوژێنمەوە نەیهێشت و گوتی "داگیرسابێت باشترە ". لە ماڵ هاتینە دەرەوە. گوتم "هاتنی من بێهوودە بوو. تۆ بە تەنهاش دەتتوانی خواردنەکە بهێنیت ". گوتی "، بەڵام بوویتە هۆی ئەوەی کە من کەمێك ئاسوودەو ئارام بم". گوتم "ئەگەر پێتخۆشە دەتوانی هاواریش بکەیت بەسەرمدا بۆ ئەوەی ئاسوودەتریش ببیت و خواردنەکە بە ئیشتیها نۆشی گیان بکەیت ". گوتی "ئەو کات دەبمە هۆی ئەوەی کە تۆ بە دەم خەوەوە ڕێ

بکەیت و لە پەنجەرەکە بکەویتە خوارەوە". لە سەر کۆڵانەکە کەمێك وەستام و گوتم "قسە و تورەیی تۆ بە هیچ شێوەیەك کاریگەری لە سەر من نابێت. ئەگەر وا بووایە، دەبوایە زووتر لەوە لە پەنجەرەکەوە بکەوتبامایە خوارەوەو مردبام". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "قسە دووبارە کراوەکان دووبارە مەکەرەوە. من خۆم دەزانم کە قسەی من کاریگەری لە سەر تۆ نییە" هەر لەبەرئەمەشە کە زۆر لە گەڵت نادوێم. ئێستا ڕازی بوویت؟". دەرگای حەوشم کردەوەو گوتم "بەڵێ ڕازی بووم و پێش ئەوەی بچینە ژوورەوە ڕێم پێبدە ئەوەشت پێ بڵێم کە من خۆم بۆ ئەو دەرئەنجامانەی کە بەڕێوەیە ئامادە کردووە و دەزانم کە لە تۆڵەی جەنابت ڕزگارم نابێت". بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی "کەواتە کڵاو ئاسن و جل و بەرگی شەڕ لە بەرکەو ئامادە بە! چونکە من خۆمم بۆ تۆڵەیەکی سەخت و دژوار ئامادە کردووە". سەیرێکی خێرای ڕووخسارمی کردو گوتی "ئێستا ئیتر دڵنیابووم کە ژن عەقڵی ناتەواوەو ئەگەر هەموو ژنەکانیش وا نەبن تۆ وایت!".

لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان، (مەرسدە) هاتە پێشەوەو سەرەتا سەیرێکی من و پاشان سەیری (ئاغای قودسی) کرد و کاتێك بینی هەردووکمان ئارام و لە سەر خۆین، خەیاڵی ئاسوودە بوو و زەمبیلەکەی لەدەستی (ئاغای قودسی) وەرگرت. منیش بە دوای (مەرسدە) بەرەو ئاشپەزخانە بەڕێکەوتم. (مەرسدە) لێیپرسیم "مەگەر بڕیار وانەبوو کە قسەی لەگەڵ نەکەیت؟". گوتم "باوکم گوتی کە یارمەتی بدەم". پرسی "خۆ کارێکی وەهات ئەنجامنەدا تورە بێت؟". پێکەنیم و گوتم "ئەمشەو تۆ دەبێ بە تەواوەتی وریای من بیت چونکە لەوانەیە لە خەودا بکوژرێم". پرسی "مەبەستت چیە؟". گوتم "ئەو بە نیازە تۆڵەیەکی سەختم لێبکاتەوە. لەوانەیە لە باتی ئەو بریکارەکەی ئەو کارە ئەنجامبدات". لەگەڵ هاتنەژوورەوەی (کەتایۆن) قسەی من و (مەرسدە) بە نیوە ناتەواوی مایەوە. لە سەر مێزی خواردن، (ئاغای قودسی) بە هیچ شێوەیەك سەیری منی نەدەکرد و خۆی گوتەنی ئەو خواردنەی کە حەزی لێیبوو، بە کەوچك یاری پێدەکرد. پاش نانخواردن (شکوە خانم) قسەکردنەکەی بەرەو وادەی ڕۆژی سیانزەبەدەر برد. باوکم گوتی "ئێمە بەیانی دەڕۆین بۆ ماڵی کاك (مەحمود)". قسەکەی باوکم وایکرد کە (ئاغای قودسی) سەیری من بکات.

Scanned with CamScanner

منیش وەك كەسانی زۆربلێ و چەنەباز دەستمکرد بە وەسف کردن و تـاریف کردنـی ئـەوان. ئەوەندە باسی چاکەو میهرەبانی ئەوانم کرد کە (کامەران) پرسی "کاك (مـەحمود) خوشـکی هەیە؟". باوکم پێکەنی و گوتی "بەداخەوە، نەخێر، ئەو تاقانەیەو نە برای هەیەو نە خوشـك ". (کامەران) بەلاڵیێوێکەوە پێکەنی و گوتی "بە داخەوە "و پاشان بێدەنگ بوو. نیگا پڕ لە توڕەییەکانی (مەرسدە) وایلێکردم کە درێژە بە قسە نەدەم و زانیم کە زۆر چەنەبازیم کردووەو دەرفەتی قسەکردنم بەوانیتر نەداوە. کاتێك میوەم دایە کە بیخـوات بـە گـوتنی (مـەمنونم) ڕەتیکردەوە. لەگەڵ لێدانی زەنگ، (مەرسدە) چـوو دەرگاکـە بکاتـەوە. (یەهـدا) و دایکـی هاتنە ژوورەوە. دایکم پێشوازیلێکردن و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە. (یەهـدا) جلێکـی شـینی ئاسمانی لە بەر بوو کە جوانییەکی زیاتری پێبەخشیبوو. ئەو لە تەنیـشت (ئاغـای قودسـی) جێگایەکی دۆزیەوەو دانیشت. منیش لە بەرئەوەی کـە ڕووبـەڕووی ئـەو نەبـەوە پـەنام بـۆ ئاشپەزخانە برد و (مەرسدە) کاری میواندارێتی لە ئەستۆ گرت. خۆم بە ئیشەوە سەرقاڵکرد و تا ئەو کاتەی کە ئـەوان لـەوێ بـوون لـە ئاشـپەزخانە نەهاتمـە دەرەوە. تـەنها لـە کـاتی خواحافیزی هاتمە دەرەوە و تا لای دەرگا لەگەڵیان چووم. دەنگی میوانەکانم بیستبوو، بـەڵام نەمزانیبوو کە باس لە چ بابەتێك دەکەن. پاش ڕۆیشتنیان، (مەرسدە) بە پەلە خۆە گەیانـدە ئاشپەزخانەو پێی گوتم "ئاسوودە بوویت. بڕوا ناکەم ئیتر تۆڵە سـەندنەوە ڕوو بـدات". کـە منی بە سەرسامی دی بەردەوام بـوو "ئەمـشەو (یەهـدا) دەزگیرانـی خـۆی لەگـەڵ (کـاوە) ڕاگەیاند". خۆمم خست بە سەر کورسیەکەدا و پرسیم "چۆن؟". لە تەنیشتم دانیشت و گوتم "زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو. بە شێوەیەك کە هەموومان واقمان وڕما". گوتم "بۆم باسـکە ". گوتی "کاتێك هاتن، (دایکی یەهدا) دەستی کرد بە باس کردنی جـەژنی لـە دایکبوونەکـەو ئەوەی کە لەوێ داواکارێك بۆ (یەهدا) پەیدا بووە، بەڵام ئـەو داواکارەکـەی ڕەت کردۆتـەوەو گوتوویەتی کە دەزگیرانی کوڕە مامەکەیەتی. پاشان (یەهدا) ڕووی کردە (ئاغای قودسـی) و گوتی :" من ئیتر تەحەمولم نەکرد و بەهەموانم گوت کە مـن و تـۆ دەزگیرانـی یـەکترین". (شـکوە خـانم) ی بەدبـەختیش ئەوەنـدەی نـەمابوو ببورێتـەوەو (ئاغـای قودسـی بـاوك) و

(کامەران) یش بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد. کاتێك دایکم گوتی (پیرۆزە)، (یەهدا) سوپاسی کرد و هەستاو ڕوومەتی (شکوە خانم) و (کەتایۆن) ی ماچکرد و پاشان خۆی خستە باوەشی مامی و ئەویشی ماچکرد. (کامەران) یش پیرۆزبایی لە (کاوە) و (یەهدا) کرد و کار تەواو بوو".

پرسیم "(ئاغای قودسی) چییەکرد ؟ ". (مەرسدە) گوتی "ئەم ڕاگەیاندنە لە ناکاوە ئەویشی تووشی سەرسوڕمان کردبوو. پێمواییە حەزینەدەکرد بەم شێوەیە ئەوانی تر بیانزانیبایە. وا دیاربوو کە ئەوان بەنیازبوون لە کاتێکی گونجاوتر ئەو بابەتە بدرکێنن، بەلاّم (یەهدا) تاقەتی نەبرد و پەردەی لە سەر ئەو نهێنیە هەلّمالّی. ئێستا منیش وەك تۆ گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو دووانە بۆ یەك دانراون و تۆ دەبێ خۆت لەوان دوور خەیتەوەو لە ژیانیان بچیتە دەرەوە ". هەستم کرد کە هەموو گیانم وەك کێوێکی سەهۆلینی لێهاتووە و ئەوەندەی نەماوە لەشم بیبەستێت. ڕەنگم لە ڕوو بڕاو دانەکانم لێکیان دەدا. (مەرسدە) هەستی بە گۆڕانە کتوپڕەکەی من کرد و کورسیەکەی هێنایە لای من و گوتی "چی بووە؟ مەگەر نەتگوت کە خۆتت بۆ ڕۆژێکی وا ئامادە کردووە؟ ئیتر بۆ ڕەنگت گۆڕا؟ ". بۆ جلەوگیریکردن لە خراپتربوونی تەندرووستیم، هەولّمدا هەستم و بڕۆم بە ڕێوە، ئەو نیگەران بو و نەفرەتی لە خۆی دەکرد کە بۆچی ئەو بابەتەی لای من باس کردووە. بە دەستێکی لەرزۆك ئاوی گەرمم بۆ خۆم تێکرد و پیالّەکەم بە هەردوو دەستم گرت، نەوەك لە دەستم بکەوێت. ئاوە گەرمەکە لێکدانی دانەکانی لابردو هەستم کرد کە خوێن جارێکیتر لە ناو دەمارەکانم کەوتەوە هاتووچۆ کردن. (مەرسدە) یارمەتیدام تا لە پلیکانەکان سەرکەوم و خۆم بگەیەنمە ژوورەکەم. نەغەمگین بووم و نە خۆشحالّ. ئەو کاریگەرییە کتوپڕە، بەنیسبەت خۆشمەوە سەرسوڕهێنەر بوو. (مەرسدە) منی لە سەر جێگاکەم دانیشاند و خۆی خێرا چووە خوارەوەو بە پەرداخێك ئاوی گەرم گەڕایەوەو گوتی "ببورە ! نەدەبوو لەپڕ ئەو بابەتەم بۆ باسکردبایت. بڕوابکە تەنها دەمویست تۆ لە خەیالّی ئەو کچە پووچ و بێمانایە ڕزگارکەم و دلّنیاتکەمەوە کە ئیتر ئەو نایەت بۆ لات". دەستیم گرت و گوتم "دەزانم کە نیازی کاری

چاکەت هەبوو. بڕوابکە من لە خەم و خەفەت واملێنەهات، لەوانەیە وەك ئەوانی تر تووشی شۆك بووبم. ئێستا تەندرووستیم هێواش هێواش باشتر دەبێت، خەفەت مەخۆ".

تا ئەوکاتەی کە تەواو دۆخم ئاسایی بۆوە، (مەرسدە) لە لام دانیشتبوو و چاودێریدەکردم. کاتێك دڵنیامکردەوە کە ئیتر لەشم لە لەرزین کەوتووە و بە تەواوەتی چاك بوومەتەوە، هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشاو شوکری خوای کرد.

دەمدەمی میزاج بوون، خەسڵەتێکی ناشیرینە کە بەداخەوە من دووچاریمی. ساتێك ئارام و قەرارم هەیەو کەمێك پاشتر دەستدەکەم بە جموجووڵ و شلۆقی کردن. ساتێك لۆژیکیانە بیر دەکەمەوەو کەمێك پاشتر دەکەومە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزەوەو فیکری جۆراجۆر ئەکەم. هەرچەند کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانیتر هەوڵ دەدەم ئەم خەسڵەتە سەرکوتکەم، بەڵام ئەو کردارانەی کە من زۆربەی کات ئەنجامیاندەدەم بە جوانی ئەم دژیەکییە دەردەخات. هەر کاتێك هەوڵمداوە کە کچێکی بێدەنگ و سەنگین بم، شتێك هاتووەتەپێش و گۆڕاوم بۆ کچێکی شلۆق و پڕ جموجووڵ و ئەو کاتەی کە پێویستە پڕ جموجووڵ بم بێدەنگ و ماتم و دادەنیشم سەیری ئەوانیتردەکەم. دایکم گوتەنی، من هێشتا کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی خۆمم نەدۆزیوەتەوەو لە نێوان دوو کەسایەتیدا سەرگەردانم.

دەبوایە هەواڵی هاوسەرێتی یان دەزگیرانیی (ئاغای قودسی) کچێکی گۆشەگیرو خەمۆکی لێدروستکردباماية، بەڵام لە ڕۆژی پاشتریەوە بووم بە کچێکی شلۆق و پڕ جموجووڵ، کە پێدەکەنیم و ئەوانیتریشم دەهێنایە پێکەنین. بە شێوەیەك کە (دایەخان) و کاك (مەحمود) سەریان سوڕمابو و هۆکاری ئەم هەموو خۆشحاڵیەمیان لە دایکم پرسی. دایکیشم خۆی بۆ ئەم ڕەفتارەی من هیچ هۆکارێکی نەدەدۆزیەوە. ناچار بوو بڵێت بینینی خانووە کۆنەکەمان و هاتن بۆ گەڕەکی جاران بۆتە هۆی ئەو هەموو شادی و خۆشحاڵییە. لەگەڵ (مەرسدە) و دایکم چووین بۆ دیداری دراوسێ کۆنەکانمان و پاشان ماوەیەك لەسەریان دانیشتین و لەو سەرەوە سەیری چواردەورمان دەکرد.

Scanned with CamScanner

بە (مەرسدە) م گوت "چەند خۆش دەبوو هەرگیز گەورە نەبووینایەو هەر بە منداڵی بمابایینەوە". سەیریکردم و گوتی "بەڕاستی بیرەوەری خۆشمان لەو سەردەمە هەیە! لە یادتە لەگەڵ منداڵانی گەڕەك وەك کوڕەکان هەلوکێنمان دەکرد و پاشان دەچووین لە دووکانەکەی کاك (سەید) دۆیەکی ساردمان دەکڕی و دەمانخوارد؟". گوتم "لە یادمەو فەرامۆشمنەکردووە کە باوکم بە زللەیەك من و تۆی ڕەوانەی ماڵەوەدەکرد و تۆی لە من زیاتر دەترساند و دەیگوت - تۆ لە (مینا) گەورەتری، هەر کارێك تۆ ئەنجامی بدەیت ئەویش ئەیکات-".

(مەرسدە) پێکەنی و گوتی "چاوەڕێکردنی لێدانەکە لە خوودی لێدانەکە زیاتر ترسی هەبوو. لە بیرمە کاتێك چوومە پۆلی چوارەوە ئیتر ڕۆیشتنە کۆڵان و یاریکردنم لەگەڵ منداڵەکان لێقەدەغە کرا، بەڵام تۆ لە من زیاتر کەلکت لە منداڵیت وەرگرت". کاك (مەحمود) بە سینیەك چاوە هاتە سەربان و گوتی "باوکتان ڕۆیشتووە بۆ بینینی دوکاندارەکانی گەڕەك و منیش چام بۆهێنان تا نۆشی گیانی کەن". سوپاسمان کرد و ئەویش لە تەنیشتمان دانیشت. من و (مەرسدە) چامان دەخوارد کە یەکێك لە پەنجەرەکانی ماڵە کۆنەکەمان کرایەوەو کچێك قوماشێکی دەرهێناو تەکاندی. بە بینینی ئێمە خێرا سەری بردە ژوورەوەو پەنجەرەکەی داخست. (مەرسدە) پرسی "کچە یان شووی کردووە؟". (مەحمود) بەبێ ئەوەی سەیری (مەرسدە) بکات گوتی "هێشتا شووی نەکردووە، ئەمساڵ پۆلی شەشی تەواو کردووە". پێکەنیم و گوتم "برای ئازیز! ساڵی ڕابردوو شەشی تەواو کردووە، ئەمساڵ هێشتا کۆتایی نەهاتووە". پێکەنی و پشتگیری لە قسەکەم کرد. (مەرسدە) گوتی "کچێکی باش دیارە. بۆ ئەو هەڵنابژێریت؟". (مەحمود) گوتی "مەگەر تۆ نازانیت کە دەبێ بە فیکرو بەرنامە ژیانی هاوسەرێتی پێکبێنیت؟ منیش دەمەوێت گوتەکەی تۆ جێبەجێ کەم". من گوتم "، بەڵام ئیتر دەرفەتی بیرکردنەوە تێپەڕیوە و تۆ دەبێ دەستبەکار بیت". بە گوتنی (بزانم چۆن دەبیت) هەستا. من و (مەرسدە) ش هەستاین. (مەرسدە) سەیرێکی تری پەنجەرەکەی کرد و گوتی "ئەگەر بە ڕاستی گوتەکانی من جێبەجێدەکەیت، کەواتە ئەوەش لە گوێ بگرە و ئەو شتەی کە پێتدەڵێم کاریپێبکە. من پێتدەڵێم کە هەرچی زووترە (دایەخان) بنێرە بۆ خوازبێنی ئەم کچەو خۆت لەتەنهایی ڕزگاربکە! پەسەندی دەکەیت؟". (مەحمود)

دای لە قاقای پێکەنین و گوتی "ئەم هەموو پەلەیە بۆچییە؟". (مەرسدە) گوتی "پێمخۆشە هاوکات لەگەڵ (فەرەیدون) تۆش ژیانی هاوسەرێتی پێکبێنیت و خەیاڵی ئێمەش ئاسوودەبکەیت". (مەحمود) سەیری (مەرسدە) ی کرد و پرسی "بۆ ؟ ئێوەش نیگەرانی منن؟". (مەرسدە) ڕووی گرژکرد و گوتی "مەگەر تۆ هیچ جیاوازیەکت لەگەڵ (فەرەیدون) هەیە؟ ئێمە تۆمان وەك (فەرەیدون) خۆشدەوێت و پێمانخۆشە هەرچی زووترە ژن بهێنیت". گۆناکانی (مەحمود) سوورهەڵگەڕاو گوتی "من شانازی بە هەبوونی خوشکانی دڵسۆزی وەك ئێوەوە دەکەم". (مەرسدە) گوتی "لە باتی ئەو قسانە کار بەقسەکانم بکەو ئاسوودەمان کە".

کاتێك چووینە خوارەوە، باوکم هێشتا نەهاتبۆوە. چەند خولەکێك پاشتر (فەرەیدون) و (شیدە) هاتنە ژوورەوە. هەموومان کۆبووینەوەو دیسان من دەستم کرد بە زۆر بلێیی و گوتم "کچێکی باشمان بۆ کاك (مەحمود) هەڵبژاردووە. (دایەخان) دەبێ پاش ڕۆژی سیانزە بەدەر بڕوات بۆ خوازبێنی". (دایەخان) سەری سوڕماو گوتی "هەموو خەڵك دەڕۆنە بەر دەرگاو خوازبێنی کچ ئەکەن، ئێوە هەر لە سەربانەوە کچتان بۆ (مەحمود) دۆزیوەتەوە". (مەرسدە) گوتی "لەوانەیە بەخت و شانس هاوەڵی ئێمە بێت، کە هەر بەئاسمانەوە کچێکمان بۆ کاك (مەحمود) دۆزیوەتەوە؟". دایکم پرسی "باشە ئەو کێیە؟". گوتم "کچی دراوسێیە. ئەوەی کە لە ماڵە کۆنەکەی خۆمان دەژی. کاك (مەحمود) دەڵێت پارساڵ پۆلی شەشەمی تەواوکردووە". (دایەخان) تازە تێگەیشت و گوتی "ئا... مەبەستتان (نەییرە) یە؟ ئێوە ئەوتان لە کوێ دی؟". من ڕووداوەکەم گێڕایەوەو پاشان (دایەخان) گوتی "ئەوان خێزانێکی باش و ئایینین. زۆر لەگەڵ ئێمەش تێکەڵن. من دەزانم ئەگەر بڕۆم بۆ خوازبێنی (نەییرە) ڕەتیناکەنەوە. لە هەموو ڕوویەکەوە باشن و لەگەڵ ئێمە دەگونجێن". دایکم بە گوتنی (پیرۆزە) وای لە (فەرەیدون) کرد کە ڕووخساری (مەحمود) ماچ کات و پیرۆزبایی لێبکات. باوکیشم کاتێك ئاگادار بوو بە (مەحمود) ی گوت "هەر ڕۆژێك هەڵبژێریت ئێمە هەموومان

دێن و دەچن بۆ خوازبێنی". (مەحمود) سوپاسی کرد و (دایەخان) بە گوتنی (خوا سایەتان لە سەر ئێمە کەم نەکات) لە خوازبێنیکردن دڵنیایکردینەوە.

منیش بە خۆمم گوت کە ساڵێکی خۆشمان لە پێشەو هەمووان ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەن. چەند خۆش دەبوو ئەگەر پێش ڕۆیشتنی (مەرسەدە)، (ئاغای ئەدیبی) بهاتبایە بۆ خوازبێنیکردنی.

## ((بەشـــــــــی ٢٩ ))

تەلەفۆن کردنی (خانمی ئەدیبی) بۆ دایکم بۆ وەبیرهێنانەوەی بەیانی بـوو کـە چـاوەڕوانی ئێمەن. دایکم بەسوپاسـەوە دەربـڕی کـە خـۆی بـۆ دیـداری ئـەوان ئامـادەکردووە. پاشـان روویکردە ئێمەو گوتی "چەند ژنێکی ڕێکوپێکە! قسەکانی وەك سیحرو جادو وایە بـۆ سـەر مرۆڤ. تۆنی دەنگیشی زۆر خۆشە. تەلەفۆنی کرد کە وادەی بـەیانیمان وەبیربهێنێتـەوە. مـن هەر لە ئێستاوە دڵم بۆ بینینی تەنگ بووە". هەموومان پێکەنین. دایکم رووی گرژ کـردەوە پرسی "چییە؟ بۆ پێدەکەنن؟ منیش ناتوانم یەکیکم خۆشبویت؟". باوکم گوتی "خانم تـوڕە مەبە، تۆ مافی خۆتەو دەتوانی لە باتی یەکێك چەند کەسێکت خۆش بوێـت" ئێمـە ئیرەییـت پێنابـەین". دایکـم گوتەکـەی بـاوکمی وەك گاڵتـەکردن لێکدایـەوەو بـە تۆرانـەوە بـەرەو ئاشپەزخانەکە ڕۆیشت.

(فەرەیدون) بە بـاوکمی گـوت "سـەرەی تۆیـە". بـاوکم پرسـی "مەبەسـتت چیە؟".

(فەرەیدون) پێکەنی و گوتی "ئەم ڕۆژانی جەژنە هەر کەسەو بە جۆرێك گەیشتۆتە ئامـانجی دڵی خۆی، جگە لە تۆو دایکم و من. پێموایە کاتی ئـەوە هـاتووە کـە تـۆش بـەجۆرێك بـە ئامانجی دڵی خۆت بگەیت". دەنگی قاقای پێکەنیمان بەرز بوویـەوە و لـە هەمانکاتیـشدا دەنگی تەلەفۆنەکە لەگەڵ پێکەنینـەکانمان تێکـەڵبوو. دایکـم خـۆی گەیانـدە تەلەفونەکـەو بەدەست ئاماژەی بۆ کردین کە بێدەنگ بین. (کامەران) بوو و (فەرەیدون)ی دەویست. کاتێك قسەکردنی ئەوان دووانی تەواو بوو، (فەرەیدون) گوتی "بڕیار درا بەیانی زوو بڕۆین بۆ ئەوەی

تووشی ترافیك و قەرەباڵغی نەبین. ئوتۆمبێلی (ئاغای قودسی) لە پێشەوە دەڕوات و ئێمەش بەدوایدا". (مەرسدە) پرسی "دەزگیرانەکانی دوێنێ شەویش دێن؟". (فەرەیدون) گوتی "ئەمەم نەپرسی ، بەلاّم مەگەر(ئاغای ئەدیبی) هاوکاری (کاوە) نییە؟". من گوتم "بەڵێ" و (فەرەیدون) بەردەوام بوو "ئەگەروایە، کەواتە ئەو لە هەموومان لەپێشترە ". بەهێواشی بە (مەرسدە) م گوت "دەبێ خۆم بۆ بینینی نمایشێکی ڕۆمانتیك ئامادەبکەم".

(مەرسدە) پێیگوتم کە بەیانی لە بەرامبەر هەر جۆرە پێشهاتێك لەسەرخۆیی و هێمنی خۆم بپارێزم و چەنەبازیش نەکەم.

شەو بەبێ هیچ ڕووداوێك کۆتایی هات و بەیانی زوو خێزانی (ئاغای قودسی) هاتن بە شوێنماندا. (بەهرۆز)ی شووی (کەتایۆن) یش ئوتۆمبێلەکەی خۆی هێنابوو و (کەتایۆن) و دایك و باوکی لەگەڵ ئەو سەرکەوتن.

لە ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی) شدا، (کامەران) و (یەهدا) و دایکی دانیشتبوون. لە سەرەتای ڕێگا، ئێمە لە دوای ئوتۆمبێلەکەی (بەهرۆز)ەوە دەڕۆیشتین و (ئاغای قودسی) لە پێشەوەی هەموومان بوو. کە لە شار دەرچووین ئێمە چووینە پشتەوەی ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی )، کاتێك نزیکیان بووینەوە من و (مەرسدە) بینیمان کە (یەهدا) سەری خستۆتە سەر شانی (ئاغای قودسی) و خەویلێکەوتووە. بە بینینی ئەم دیمەنە هەردووکمان زەردەخەنەیەکمان کرد. من هێواش گوتم "نمایش دەستیپێکرد ". دایکم گوێی لێبوو و بە ناڕەزایەتییەوە گوتی "ئەگەر بتانەوێت ڕەفتاری منداڵانە بگرنە بەرو ساختەچێتی دەستپێبکەن، پێم بڵێن تا هەر لێرەوە بگەڕێینەوە. من تاقەتی قسەی زل کردن و قسەی زل بیستنم نییە ". باوکیشم پشتگیری لە قسەکەی کردو ئێمە بێدەنگ بووین. گۆڕەپانی (کەرەج)مان تێپەڕاندو ڕێگای (چالوس) مان گرتەبەر. هەوای پاکی دەمەویەیانمان بەهەناسەیەکی قووڵ هەڵمژی.

پێش ئەوەی بگەینە بەنداوەکە، ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی) چووە ناو باخێکی گەورەوە. ئوتۆمبێلەکەی ئێمە و (بەهرۆز) یش چوونە ژوورەوەو لەسەر جادەیەکی خاکی بەڕێ کەوتین" مەودایەکی کەمان بڕی و ڤیلایەك لەبەردەمماندا دەرکەوت کە پیاوێکی بەتەمەن و

(ئاغای ئەدیبی) بۆ پێشوازیکردنمان هاتنەدەرەوە. (ئاغای ئەدیبی) ئێمەو باوکی بە یەك ناساند. ئەو لە باوکم و (ئاغای قودسی باوك) گەنجتر بوو و تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ بوو. ڕەفتارە گەرم و گوڕەکەی ئەویش وەك (ئاغای ئەدیبی) کاریگەری خستە سەر ئەوانی ترو زۆر زوو پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوانیاندا بەرقەراربوو. (خانمی ئەدیبی) یش لەکاتی چوونە ژوورەوەمان بۆ ناو ڤێلاکە پێشوازیەکی گەرمی لێکردین. هەرچەند کە جلوبەرگێکی سادەی لەبەربوو، بەلاّم ڕەوشت بەرزییەکەی، هەمووانی خستە ژێر کاریگەرییەوە. ئەو لە تەنیشت دایکم و (شکوە خانم) دانیشت و بەخێرهاتنی هەموانی کرد. چەند خولەکێك پاشتر، خانمێکی بەتەمەن بە سینییەك کاکاوەوە هاتە ژوورەوەو پاش بەخێرهاتن و پیرۆزبایی ساڵی نوێ، ئەرکی میواندارێتیی لە ئەستۆ گرت. (ئاغای ئەدیبی) ش یارمەتی دەداو هەوڵی دەدا بە باشترین شێواز میواندارێتی لە میوانەکان بکات.

کاتێك ماندوێتیمان دەرچوو، باوکی (ئاغای ئەدیبی) پێشنیاری کرد بڕۆین بۆ سەیری گوڵخانەکەیان. ئەم پێشنیارە پەسەندکراو هەمووومان ڤێلاکەمان بەجێهێشت و چووینە دەرەوە. باوکان لە پێشەوە بوون و دایکان لەدوایئەوان ڕێیاندەکرد. لەکاتی ڕۆیشتن (ئاغای ئەدیبی) لەگەڵ هاوکارەکەی هاوهەنگاو بوو، بەلاّم کاتێك (یەهدا) چوو بۆ لایان (ئاغای ئەدیبی) کەم کەم لێیاندوورکەوتەوەو لە تەنیشت ئێمە، کچەکان، ڕێیدەکرد. ئەو بە (مەرسدە)ی گوت "دایکم ئەوەندە تۆو خێزانەکەتی خۆشویستووەو لای باوکم تاریفی ئێوەی کردووە کە باوکم بە نیازبوو دەستپێشخەری بکات و بێت بۆ بینینی باوك". (مەرسدە) گوتی "زۆر سوپاسی دەکەم، ئەمە لە چاکەی خۆیەتی. هەمیشە مرۆڤە باشەکان هەموو خەڵك بەباش دەزانن و ئەوەش جێی سەرسوڕمان نییە کە دایکت تاریفی ئێمەی کردووە، چونکە بەڕاستی دایکی جەنابت ژنێکی باش و ڕەوشت بەرزە". (ئاغای ئەدیبی) ش سوپاسی کرد و بەگوتنی(هیوادارم هەمووتان ڕۆژێکی خۆش بەسەربەرن) لە ئێمە دوورکەوتەوەو چوو بۆ لای (فەرەیدون) و (کامەران).

Scanned with CamScanner

گوڵخانەکەیان زۆر جوان بو و هەموو جۆرە گوڵێکی تێدا دەستدەکەوت. باوکی (ئاغای ئەدیبی) باسی گوڵەکان و شێوازی پەروەردە کردنیانی دەکرد بۆ باوکم (ئاغای قودسی باوك). میوانەکان پاش سەیرکردنی گوڵەکان، لە گوڵخانەکە چوونە دەرەوەو هەرکەسەو بۆ سەیرکردن بەلایەکدا چوو. من و (مەرسدە) ش بڕیارماندا سەرێك لە کۆتایی باخەکە بدەین.

لە کۆتایی باخەکە پارچە زەوییەکی تەختمان بینی کە تۆڕێکی یاری باڵەی تێدابوو. (مەرسدە) سەیرێکی دەوروپشتی کرد، ئەو بەدوای تۆپدا دەگەڕا کە پێکەوە یاری بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆپی لێنەبوو خۆمانمان گەیاندە ناو درەختەکان و لە قەراخ جۆگە ئاوێك دانیشتن و تۆزێك حەساینەوە. هەستمکرد کە (مەرسدە) زۆر دڵی لەوێ چووە. ڕووخساری گەشابوویەوە و چاوی دەدرەوشایەوە.

دەنگی هەندێك کەس کە نزیکمان دەبوونەوە وایلێکردین کە هەستین. کوڕە گەنجەکانمان بینی کە نزیکی زەوی یاریەکە دەبوونەوەو (فەرەیدون) تۆپێکی باڵەی بەدەستەوە بوو. دوای ئەوان (کەتایۆن)و (شیدە)و (یەهدا) ش هاتن. (کەتایۆن) من و (مەرسدە)ی بینی و بە ڕاوەشاندنی دەست ڕووەو ئێمەهات. کاتێك گەیشتە لای ئێمە پێشنیاری کرد کە لەگەڵ پیاوەکان یاری بکەین. من و (مەرسدە) سەیری یەکترمان کردو و لەبەر ئەوەی کە (کەتایۆن)و (شیدە) زۆر سووربوون لەسەری، ئێمەش ڕازی بووین و چووین بۆ لای پیاوەکان. بووین بەدوو گروپ و هەر گروپێك لایەکی زەویەکەی هەڵبژارد. (شیدە)و (مەرسدە) چوونە گروپی (ئاغای ئەدیبی) و (یەهدا) و (کەتایۆن) یش چوونە گروپی(ئاغای قودسی) یەوە. من یاریم نەکرد وەك ناوبژیوان چاودێری یاریەکەم کرد. لەگەڵ ڕاگەیاندنی من، (فەرەیدون) سێرفی لێداو یاری دەستپێکرد. هەرچەندە کە من لەناو یارییەکە نەبووم، بەڵام وەك ئەوان خۆشحاڵبووم و لەهەمویان زیاتر (ئاغای ئەدیبی) و (مەرسدە)م هان دەدا. یارییەکە لە بەرژەوەندی گروپی (ئاغای ئەدیبی) کۆتایی هات و یاریچییە ماندووەکان لە قەراخ جوگەلەی ئاوەکە دانیشتن و ماندوویەتییان ڕەویەوە.

ئاگامان لەوانیتر نەمابوو. کاتێك باش حەساینەوە بەرەو ڤێلاکە بەڕێکەوتین. جگە لە کارەکەرەکە کەسیتری لێنەبوو. هەرکە ڕۆیشینە ژوورەوە، هەموومان هەستمان بەتینوێتی

Scanned with CamScanner

کرد. چاوەڕێی هێنانی ئاومان نەکردو خۆمان ڕۆیشتین بۆ ئاشپەزخانەکە. کۆبوونەوەی میوانەکان لە ئاشپەزخانە بووە هۆی سەرسوڕمان و دەسەپاچەیی کارکەرەکە،و (ئاغای ئەدیبی) کە بە بینینی ئەم دیمەنە زۆر خۆشحاڵببوو. گۆزەی ئاوەکەی بەرز کردەوەو بانگی هەموومانی کرد بۆ ئاو خواردن. دەنگی پێکەنین و شادی ئێمە ڤێلاکەی داگیر کردبو و بۆنی خۆشی چێشتەکەش برسێتی خستەوە یادمان. سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد هێشتا زۆری مابوو بۆ نیوەڕۆ. (فەرەیدون) یەکەم کەس بوو کە دەستی بۆ شیرنییەکانی سەر مێزەکە درێژکرد و ئەوانی تریش لاساییان کردەوە. (ئاغای ئەدیبی) بەم پرسیارەی کە (کێ ئامادەیە یاری شەترەنج بکات) پیاوەکانی بەدەوری مێزەکەدا کۆکردەوە. (فەرەیدون) و (ئاغای ئەدیبی) بەرامبەر یەك، و (کامەران) و (بەهرۆز)یش بەرامبەر یەك دانیشتن. من مۆڵەتم لە (ئاغای ئەدیبی) وەرگرت کە سەرێکی پەڕتوکخانەکەی بدەم. ئەویش بەگوتنی (ئێرەماڵی خۆتانە) ڕێپێیدام. بەتەنها چوومە پەڕتوکخانەکەوە. باشترین پەڕتوکیان لەوێ کۆکردبۆوە و منیش بەبێ ئەوەی دەستکاری پەڕتوکێك بکەم سەردانی هەموو ڕەفەکانم کرد.

کاتێك چوومە دەرەوە کچەکانم نەدی. (ئاغای قودسی) بەتەنها دانیشتبو و سەیری ئەوانیتری دەکرد. پێمگوت "(ئاغای قودسی) وەرە سەیری پەڕتوکخانەکە بکە". ڕازی بو و جارێکیتر لەگەڵ ئەو چوومە ناو پەڕتوکخانەکەوە. (ئاغای قودسی) بە بینینی ئەو کۆمەڵە پەڕتوکە ساتێك وەستاو سەیرێکی چواردەوری کرد.

من خۆشحاڵی و تامەزرۆیی یەکی زۆرم لە چاوانی دی کە بەهۆی بینینی ئەو هەموو پەڕتوکە ڕووی تێکردبو و گوتم "جوان نییە؟". سەیریکردم و گوتی "خۆزگەم پێت". پرسیم "بۆچی خۆزگەت بەمن؟خۆ من خاوەنی ئەم پەڕتوکخانەیە نیم". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی "بەم زووانە دەبیت، کەمیك سەبرت هەبێ". لە مەبەستەکەی تێگەیشتم و گوتم "من سەبرم هەیە وەك تۆ بزێو نیم". جارێکیتر بە گاڵتەوە زەردەخەیەکی کرد و گوتی "ئاینەدە هەموو شتێك ڕووندەکاتەوە ". گوتم "لەم بارەیەوە منیش لەگەڵت هاوبیرم". سەیریکردم و پرسی "هەر بە ڕاستی دەتەوێ پێلەقە لە بەختی خۆت بدەیت و ئەو هەموو نازو خۆشییە

پشتگوێ بخەیت ". گوتم "ئەمانە هی من نییەو هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بۆ مـن دانـەنراوە. من ئەپەیوەندیم بەو پەڕتوکخانەیەوە هەیەو نە بەو باخەشـەوە" جێگـای مـن شـوێنێکیترەو خۆت دەزانیت ئەوێ کوێیە". پرسی "مەبەستت هیندوستانە ". پێکـەنیم و گـوتم "نـەخێر، مەبەستم زانکۆیە". پرسی "کەواتە ڕات گۆڕیوە؟ لە بیرمە کە چەند ڕۆژێـك لەمـەو پـێش دەتگـوت - ئـەم هاوینـە شـوو دەکـەم -". گـوتم "بـەڵێ گـوتم. ئـەوە لەکاتیکدایـە کـە لەتاقیکردنەوەی (کۆنکور) دەرنەچم و بـەختی خـۆم لـە هیندوسـتان تاقیکەمـەوە". گـوتی "کەواتە هێشتا ئومێدێك هەیە و تۆ بڕیاری کۆتاییـت نـەداوە". پرسـیم "ئومێـدت بەچـی هەیە؟". زەردەخەنەیەکی کردو وەڵامـی دایـەوە "ئۆمێـد بـەوەی کەهێـشتا هـۆگری وانـەو پەڕتوك بیت و بتەوێ درێژە بە خوێنـدن بـدەیت". گـوتم "لەبیرمنایـە گـوتبێتم بـە نیـازی دەستهەلگرتنم لەخوێندن. تۆ قسەی وات لەمن بیستووە؟". سـەیری چـاوانی کـرد و گـوتی "پێویستی بە دەربڕین نەبوو، چونکە بەدڵنیایی قەسەکردنت لەمەڕ شووکردن، بیسـەری بـەم جۆرە تێدەگەیاند. سەرەڕای ئەوەش هەبوونی ئەو داواکارانەی کە لـە دەوروپـشتتن گومـان و دوودڵی دەگۆڕێت بۆ دڵنیایی". پێکەنیم و گوتم " بـەلام پێویـستە بڵـێم دیـسان بەهەڵـەدا چوویت و من بە نیازی وازهێنان نیم لە خوێندن". پـشتیتێکردم و گـوتی " بـەلام هەسـتی شەشەمم دەڵێت کە ئەمرۆ لەم ماڵە بابەتی خوازبێنی دەخرێتەڕو و ماڵەوەشتان ڕازیـدەبن". گوتم "لەوانەیە هەستی شەشەمی تـۆ ڕاسـتبکات و خـوازبێنی ئەنجامبـدرێت. قەیـدی چـی دەکات کە ئەم بابەتە لەباتی ماڵی خۆمان لێرە بخرێتەڕوو". شانی هەڵتەکاندو گـوتی "مـن نەمگوتووە قەیدی دەکات بـەڵکو مەبەسـتم ئـەوە بـوو کـە سـەرەنجام تـۆش ڕازیـدەبیت". پێکەنینەکەی من بووە هۆی ئەوەی کە ڕاسـتەوخۆ سـەیری ناوچـەوانم بکـات و پرسـی "بـۆ پێدەکەنیت؟". گوتم "هۆکاری پێکەنینەکەی من ئەو بەهەڵەداچوونەی جەنابتـە. مـن ڕازی بووم بەوەی لەوانەیە ئەمڕۆ لەم ماڵە خوازبێنی یەك ڕوویدات، بەلام دڵنیاتدەکەمەوە کە ئـەو خوازبێنییـە لـەمن نییـەو لەوانەیـە خوشـکەکەم هەڵبـژێردرێت". بەدوودڵییـەوە دیـسان سەیریکردم و گوتی "مەبەستت ئەوەیە کە (ئەدیبی )، (مەرسـدە خـانم)ی هەڵبـژاردووە؟". زەردەخەنەیەکم کرد و گوتم "بەڵێ و، من خۆم ئەوم بۆ ئەم کارە هاندا. ئەوان دووانی لەگـەڵ

یەکتر دەگونجێن و ئەگەر ئەوە سەربگرێت ژیانێکی خۆش دەستپێدەکەن. تۆ لەو بڕوایەدا نیت؟". دەستی خستە سەر ناوچەوانی و گوتی "من داوای لێبوردنێک قەرزاری تۆم. پێموابوو کە تۆ حەزت لە ژیانی هاوسەرێتیەو ئیتر بایەخ بە وانە و خوێندن نادەیت ". دەسکی دەرگاکەم گرت و لە هەمانکاتدا کە دەمکردەوە گوتم "زۆر ئاساییە، تۆ هەمیشە سەبارەت بەمن زوو بڕیارت داوە و ئەوەش لەسەر ئەوانیتر "و لە پەرتووکخانەکە چوومە دەرەوە.

بۆچی- ئەوم بۆ بینینی پەرتوکخانەکە داوەت کردبوو - نازانم. پێموایە حەزمدەکرد هێشتا ئەو هەر هی من بێت و دڵ بەوە خۆشکەم کە وەك جاران ئازیزو خۆشەویستی ئەوم. خۆمم ڕازی کردبوو بەوەی کە هەواڵی دەزگیرانی ئەو و (یەهدا) هیچ پەرێشانییەکی لە ناخمدا دروستنەکردووە و هەر ئەو خۆ ڕازیکردنەش، لەناخەوە نابووتی کردبووم. پێموابوو کە ئەو ڕووداوە وەك داستانێکی کۆنە لەبیرم دەچێتەوە، بەڵام ئەو برینەی کە لە دڵمدا درووستببوو ئێسقانیشی دەسووتاندم و توانای درکاندنیشم نەبوو. لەنێوان زیندوو مانەوەوە و تەحەمولکردنی ئەشکەنجە، ئەشکەنجەم هەڵبژاردبوو. ئەو سەبرو تەحەمولەش وایدەکرد کە زیندوو بمێنمەوە، هەرچەند کەتەنها هەناسەدان بوو.

بڕوام بەوە نەدەکرد کە بەمجۆرە هۆگری ژیان بم. من کە مەرگ و نەبوونم لەگەڵ خوێنی خۆمدا تێکەڵکردبو و، بڕوام بەوە کردبوو کە لە ڕەگەزی مرۆڤ نیم و ڕەگ و ڕیشەم لە مەرگە، لەتۆڵەی کچێکی نادیار دەترسام و هۆگری ژیان بوو بووم. دڵنیایی خۆمم لەدەستدابوو. ئەو دڵنیاییەی کە عەشقی بێناکام، مەیل و ئارەزووی ژیان لەمرۆڤ زەوتدەکات و مرۆڤ خۆی بەدەست مەرگەوە دەدات. ئایا بە پێی پێویست ئەوم خۆشناوێت کە ئامادە نیم خۆم بەدەست مەرگەوە بدەم؟ ئایا ئەو بڵێسەی ئاگرە کە هەموو گیانم دەسووتێنێت، عەشق نییە؟ ئەگەر عەشق نییە، کەواتە دەبێ چ ناوێکی لێ بنێم ؟ تووشی چ دەردێك بووم؟ بۆچی پێمخۆشە بۆ ماوەیەکی زۆر لە گۆشەیەك دانیشم و تەنها بیر لەو بکەمەوە؟ بۆچی ناوی ئەو وەك زایەڵەیەکی خۆشی مۆسیقا بووەبە هێورکەرەوەو ئارامبەخشی من؟ ئەو فێریکردم کە

Scanned with CamScanner

ژیانم خۆشبوێت و هەست و سۆزی ژیانی لە ناخمدا دروستکردو لـە تـەنهایی و پەرێـشانحاڵی ڕزگاریکردم.بەڵام ئێستا لەنێوان هەڵبژاردندا سەرگەردانم. پێدەکەنم، بـەڵام نـاخم دەگرییـەت. قسەدەکەم، بەڵام ئاگاداری چەمك و واتای قسەکانی خۆم نیم. ئێرەییەکی ئێش و ئازاربەخش چنگدەخاتە ناو ڕۆحمەوەو من بەخسیری بێرو هـزرە ئەهریمەنییـەکان دەکـات و بڕیـاردەدەم، بەهەر شێوەیەك بوویێت، ئەو لەو نمایشە دەرکەم. پێـنج خولـەك قـسەکردن لەگـەڵ (ئاغـای قودسی) و زەوتکردنی لە (یەهدا) من ڕازیدەکات. پێمخۆشـبوو (یەهـدا) بیزانیبایـە مـن داشێکم هێشتا لەسەر لاپەڕەی شـەترەنجی ژیـانی خۆشەویـستەکەی لانەچـووم و ئەگـەریش بمەوێت دەتوانم کش و ماتی کەم. ئەم خۆشباوەڕیانە، ئەگەرچی ماوەکەی کورتـە، بـەڵام بـۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکەی ئارام و هێورم دەکاتەوە.

دەنگی پێکەنینی پیاوەکان دەبیستم. پێموایە کە ئەو سـەیرانە زۆر بێمانـاو بێناوەرۆکـە. لەبەرامبەرمەوە درەختەکان شـکۆفەیان کـردووە و لەگـەڵ هـەڵکردنی شـنەبایەکی بـەهاری ئاهەنگی لەدایکبوونی خۆیان دەگێڕن.

لەگەڵ دەنگێك کە پرسـی (بـۆ بەتـەنها دانیـشتووی؟) ڕانەچڵەکێم و (ئاغـای ئـەدیبی) دەبینم. لـە تەنیـشتمەوە دادەنـشێت و جـارێکیتر پرسـیارەکەی دووبـارە دەکاتـەوە. دەڵـێم (ڕازاوەیی و جـوانی باخەکـە منـی جـادویلێکردووم). پێدەکـەنێت و دەڵێـت (بـەهار وەرزی عاشقانە) گوتم "بەڵام من عاشقم نیم". گوتی "خۆ شاعیریت!". گوتم "نـەخێر، شـاعیریش نیم، بەڵام حەزم لە شیعرە". پێکەنی و گـوتی "چـاوی جـوان دنیـاش بـەجوان دەبینێـت". بایەخم بەوەسفکردنەکەی نەداو پرسیم "ئەوانیتر لە کوێن؟". چاوی بڕییە تەلارەکـەو گـوتی "مەبەستت پیاوانە یـان خانمـان؟". گـوتم "هـەموویان ". گـوتی "خانمـەکان هێشتا هـەر خەریکی پیاسەکردنن، بەڵام پیاوەکان ڕۆیشتوونەتە ماڵەوە ". گـوتم "ڕۆژەخۆشـەکان چـەند زوو تێدەپـەڕن! لـە یـەك دوو ڕۆژی تـرەوە دیـسان دەبـێ بـچینەوە قـاڵبی جـاران و لەگـەڵ دووبارەبوونەوەی ڕۆژەکان بگونجێین". زەردەخەنەیەکی کرد و پرسی "دوو ڕۆژی تـر دەڕۆن؟". خۆشحاڵبووم کە لە مەبەستەکەم تێگەیشت و بەسەر وەڵامی بـەڵێم دایـەوە. بـەردەوام بـوو "تەمەنی بەهار کورتەو لەگەڵ هاتنی هاوین دیسان پێکەوەدەبین ". بەلاڵێوێکەوە پێکەنیم و

ئەویش بینی. پرسی "ئایا ناگەڕێنەوە؟ ". گوتم "با، دەگەڕێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو میوانەی کە بۆ هەمیشە (مەرسدە) لە من دوور دەخاتەوە ". ئەمجارەیان سەیرکردنەکەی دەربڕی ئـەوە بوو کە لەمەبەستم تێنەگەیشتووە. گوتم "لەوانەیە ئەو بۆ هەمیشە لە هیندوستان بمێنێتەوەو شوو بەو ئوستادە هیندیە بکات" چـەند پێمخۆشـبوو ئـەو هاوسـەرێکی ئێرانـی هـەبێت". بەئاشکرا بینیم کە ڕەنگی ڕووخساری گـۆڕاو لێـوی کەوتـە لـەرزین. گـوتی "مـن ئـەوەم نەزانیوە". گوتم "کـەس نازانێـت جگـە لـەمن و خـۆی ". پرسـی "خوشکەکەشـت ئـەوی خۆشدەوێت؟".گوتم "نەخێر خوشکەکەم ئەوەندە بڕوای بە عەشقی پـێش هاوسـەرێتی نییـە. ئەو لەو بڕوایە دایە کە عەشق پاش ژیانی هاوسەرێتیش دروستدەبێت. ئەو پێوەرێکی تایبەت بە خۆی هەیەو پابەندیشیەتی".

(ئاغا ئەدیبی) کەمێك چووە ناو فیکرەوەو پاشان سەیری ناوچەوانی کردم و بە ڕاشـکاوی گوتی "، بـەڵام مـن ئـەوم خۆشـدەوێت. دەمانویـست داوایبکـەین ". گـوتم "تـۆ تووشـی هەستێکی خێراو زووتێپەڕبوویت " ئەگەر بەڕاستی هەستت بە خۆشەویـستی بەرامبـەر ئـەو بکردبایە، ئەم چەند ڕۆژەی کە ماوە لەکیسی خۆتت نەدەداو پێشینان گوتەنی - نەتدەهێشت باڵندە لە قەفەز بفڕێت-". پرسی "تۆ لەو بڕوایەدای کە وەڵامـی بـەڵێم دەداتـەوە؟". شـانم هەڵتەکاندو گوتم "دڵنیا نیم، بەڵام تا تاقینەکەیتەوە، دیارنابێت".

هەستاو لەگەڵ ئەوەشدا کە شەرواڵەکەی دەتەکاند گوتی "بەڵێ تۆ ڕاستدەکەیت". ئەمەی گوت و منی بەتەنها بەجێهێشت. پێکەنینمهات بەوەی کە واملێکردبوو ئەوەندە پەلەبکات. لەهەمان شوێن مامەوەو چاوەڕێمکرد تا ئەوانی تریش هاتن و لەگەڵ ئەوان چوومە ژوورەوە.

مێزی خواردن ئامادە بو و میوانەکان بانگکرانـە سـەرمێزی خـواردن. ڕەفتـاری (ئاغـای ئەدیبی) نیگەرانی و پەشۆکاوی پێوە دیاربو و بە باشی لە جموجووڵەکانی دیار بوو کـە ئـیتر ئەو پیاوەی نیو کاتژمێر لەوەو پێش نـەبوو. لەبـەر ئـەو تەڵەکەبازییـە کـە ئـەنجامم دابـوو شەرمەزاربووم. (خانمی ئەدیبی) ش چووبووە ناو فیکرەوە. نەمدەویست ئەوان بزانن کـە مـن پـەیم بـە نیگەرانییەکـەیان بـردووە. (کامـەران) لـە تەنیـشتمەوە دانیـشتبوو و لەگـەڵ

ئاخواردنەکەش گفتوگۆم لەگەڵدەکرد. ڕەفتارە عاشقانەکەی (یەهدا) کە دەیویست بەزۆر کوتە گۆشتێك بخاتە دەمی (ئاغای قودسی)یەوە، من و (مەرسدە) ی خستە پێکەنین و سەیرێکی (شیدە )م کرد.

ڕەفتارە دوور لە ئەدەبەکانی (یەهدا) مێشکی ئاڵۆزکردم و لە خۆم بێزاربووم کە هاوڕەگەزی ئەوم.لە بەرئەوەی کە ئەو بە بێ ترس لە پێشچاوی گەورەکان بەرامبەر (ئاغای قودسی) خۆشەویستی دەنواند و ڕێزی ئەوانی نەدەگرت، ئارەقی شەرم لە سەر ناوچەوانم نیشت و ئەوم لەگەڵ (شیدە) بەراورد کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە (شیدە) و (فەرەیدون) شێت و شەیدای یەك بوون، بەڵام هەرگیز دیمەنی وام بەوانەوە نەدیبوو. (فەرەیدون) ژێرەوژێر سەیرێکی (شیدە )ی کرد و ئەویش بەشەرمەوە سەریداخست. دەمبینی کە مامۆستای ئەخلاقم چۆن لە پلەو پایەی بەرزی ئەدەب و ئەخلاقەوە دەکەوێتە خوارەوەو چاوپۆشی لە ڕەفتارە ناشایستەکانی (یەهدا) دەکات. ئەو زەردەخەنە واتادارەی کە لە نێوان (خانم و ئاغای ئەدیبی) ئاڵوگۆڕ بوو، تێیگەیاندم کە ئەم ڕەفتارە بەنیسبەت ئەوانیشەوە نوێیەو پەسەندی ناکەن. (ئاغای قودسی) چنگاڵەکەی لەدەست (یەهدا) وەرگرت و خۆی کردی بەدەمی خۆیەوە و (کامەران) بە هێواشی گوتی "بەدبەخت براکەم!".

کاتێك مێزی خواردنم بەجێهێشت، لە تەنیشت (کەتایۆن) و (مەرسدە) دانیشتم. (کەتایۆن) هەوڵیدەدا تووڕەییەکەی بشارێتەوە. ئاهێکی هەڵکێشاو ڕوویکردە من و گوتی "بینیت کە چۆن ئابڕوومانی برد؟". لەباتی من، (مەرسدە) هێوری کردەوەو گوتی "خۆت ناڕەحەت مەکە. ئەو یاری بە ئابڕووی خۆی دەکات و خۆی سووکدەکات. ئەگەر پێتناخۆش نەبێت، دەبێ بڵێم کە تاوانبار ئەو نییە، تاوانی دایکێتی کە کچەکەی باش پەروەردە نەکردووە". (کەتایۆن)، وەك پشتگیریکردن، سەری ڕاوەشاندو بە گوتنی (خۆزگە ئەوانمان نەهێنایە) ڕوویکردە دایکی و قسەکانی بەرەو لایەکیتر برد.

هەورێکی ڕەش و باراناوی ئاسمانی داپۆشی و بەدوایدا ڕەشەبایەك هەڵیکرد. ئەوانەی کە خۆیان بۆ چوونە دەرەوە ئامادە کردبوو، بەداخ و پەژارەیەکەوە سەیری هەتاویان کرد کە ئە سیری باو بۆران ببو و گەڕانەوە بۆ جێگای خۆیان. (ئاغای ئەدیبی) هەوڵیدا هەر لە ماڵەوە

میوانەکان سەرگەرمکات. گەورەکان ڕۆیشتن پشوویەك بدەن و گەنجەکانیش بـە یاریکردنـەوە سەرقاڵ بوون. (خانمی ئەدیبی) و دایکـم و (شـکوەخانم) بـۆ پـشوودان چـوونە ژوورێکـەوە و (دایکی یەهدا) وای بە باش زانی کە خـۆی بـە تەماشـاکردنی ئـەلبوومی خێزانـی (ئاغـای ئەدیبی) سەرگەرمکات.

(ئاغای قودسی) مۆڵەتی خواست و هەر لەوێ لەسەر مۆبیلێك ڕاکشا. ئەو مۆبیلەی کـە من لەسەری دانیشبووم بەرامبەر ئەو بو و بەباشی دەمبینی کە (ئاغـای قودسـی) لـەباتی ئەوەی کە بخەوێت، چووەتە ناو فیکرەوە. ئەم فیکـرەی کـە- ئایـا ئـەمڕۆ خـوازبێنی ئـەنجام دەدرێت یان نا؟- منی بە خۆیـەوە سـەرقاڵکردبو و حەزمـدەکرد تـا ڕۆژ کۆتـایی نـەهاتووە زەمینەی ئەو خوازبێنییە فەراهەم ببێت. ئەگەر (ئاغـای ئـەدیبی) بیتوانیبایـە ڕەزامەنـدی (مەرسدە) وەرگرێت دەمتوانی هیـوادارم کـە (مەرسـدە) پـاش تـەواوبوونی خوێندنەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئەگەر ئەو بڕۆیشتبایە ئـەو هیوایـەم لەدەستدەدا. بـاران بـارین جۆش و خرۆشی میوانەکانی لە ناو بردبو و شوێنەواری ماندوویێتی و ژاکاوی بـە ڕووخساری هەموویانەوە دەبینرا. دەنگی ئەو مۆسیقا ئارامەی کـە دەبیسترا هـەمووانی بردبـووە نـاو فیکرەوەو جاربەجار دەنگی شـەترەنجوانەکان تیکـەڵی مۆسـیقایەکە دەبـوو. (مەرسـدە) لـە تەنیشت پەنجەرەکە وەستابو و سەیری باران بارینەکەی دەکرد. کاتێك (ئاغای ئەدیبی) چـوو بۆ لای و لەگەڵیدا کەوتە قـسەکردن دەمزانـی کـە قـسەکانیان سـەبارەت بـە چ بابەتێکـە. (دایکی یەهدا) ئەلبومەکەی لەسەر مێز داناو چوو بۆ لای پشوودەرەکان. بۆهەلاتن لەدەست تـەنهایی منـیش دانیـشتم تەماشـای ئەلبوومەکـەم کـرد. لـە هـەموو وێنەکانـدا بـەدوای ڕووخساری (ئاغای ئەدیبی) دا دەگەڕام. (ئاغـای قودسـی) هەسـتاو دانیـشت و چـاوی بـە (مەرسدە) و (ئاغای ئەدیبی) کەوت و پاشان سەیری منی کرد و بـە لالێویێکـەوە پێکـەنی. (یەهدا) ش ئاگای لێبوو کە ئەو هەستاو گوتی "حەزت لە چـا نییـە؟". (ئاغـای قودسـی) بەسەر وەڵامی نەخێری دایەوە و دەستی بەرەو من درێژ کرد بۆ وەرگرتنـی ئەلبومەکـە و بـە هێواشـی گـوتی "پێموایـە سـەرکەوتیت". لـەباتی وەڵامدانـەوە زەردەخەنەیـەکم کـردو

ئەلبومەکەم دایە. (کامەران) توانیبووی لـە (فەرەیـدون) بباتـەوە. (شـیدە) و (کـەتایۆن) و (بەهرۆز) یش وازیان لە یاری هێناو بەراگەیاندنی (کێ ئامادەیە بچێتە دەرەوە) هـەموانیان بۆ چوونەدەرەوە داوەتکرد.

(ئاغای ئەدیبی) لەگەڵ (مەرسدە) قسەکانی تەواو کردبـو و کاتێـك هـات بـۆ لای ئێمـە ڕووخساری ئەو گەشایەوەو خۆشی و شادی لێدەباری. دڵ و گیانم دەلـەرزی و خۆشـحاڵبوونی ئەو کاری کردبووە سەرمنیش. بەپەلە خۆمگەیاندە (مەرسدە) و سەیری ڕووخساریم کرد. ئەو هێشتا هەر سەیری نمـەی بـارانی دەکـرد. دەسـتیمگرت و سـەیری ڕووخـسارمی کـرد، لـە ڕووخساری هیچم نەخوێندەوە. لێوی بۆ قـسەکردن کـردەوەو گـوتی "وەرە برۆینـە دەرەوە". هەردووکمان بەبێ گوێدانە باران لە بیناکە چووینە دەرەوە.

(مەرسدە) بەبێ پێشەکی گوتی "(ئاغای ئەدیبی) خـوازبێنی لێکـردم ". بـەگوتنی ئـەو قسەیە لە ڕووخسارم ڕاماو لەبەر ئەوەی کە ئاسەواری سەرسوڕمانی تیادا بەدینەکرد، پرسـی "تێگەیشتی چیمگوت؟". گوتم "بەڵێ، (ئاغای ئەدیبی) خوازبێنی لەتۆ کردووە، باشـە تـۆ چیت پێگوت ؟ ". لەباتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی مـن درێـژەی بـە قـسەکانیداو گـوتی "ئەو ڕازییە کەمن درێژە بەخوێندنەکەم بدەم" هەتا خۆشی ئامادەیە کە لەگـەڵم بێـت. مـن پێمگوت کە دەبێ باوکم و دایکم ڕازیبن". پرسیم "ڕای خۆت چۆنە؟ ئـەو بـەپیاوێکی بـاش دەزانیت؟". گوتی "بەڕواڵەت ناکرێت کەبڵێم چۆنە، تۆو باوکم و دایکم زیاتر لـەمن ئـەوتان دیوەو باشتر دەیناسن. ئەگەر نەمەوێت بەپێی ڕواڵەتی ڕایخۆم دەربڕم دەبێ بڵـێم بـەڵێ ئـەوم پەسەند کردووە،بەڵام دیسان دوا بڕیار لای دایکم و باوکمە. من ملکەچی ڕای ئەوانم". گـوتم "من پیرۆزباییت لێدەکەم و دەزانم کە باوکم و دایکیشم ڕازین. ئـەوان زۆر ڕێـز لـە (ئاغـای ئـەدیبی) و خێزانەکـەی دەگـرن و خۆشـیاندەوێت". سـەیری ڕووخـسارمی کـردو پرسـی "پێتناخۆش نەبوو کە (ئاغای ئەدیبی) خوازبێنی منی کـرد؟ هەرچـەند کـە بـۆی باسـکردم هۆکاری ئەو خوازبێنیە تـۆ بوویـت و تـۆ ئـەوت هانـداوە، بـەڵام حـەز دەکـەم بەڕاشـکاوی پێمبڵێیت ئەگەر پەشیمانی، من ڕەتیدەکەمەوە". دەستیم گرت و گـوتم "ئـەوە چ قـسەیەکە دەیکەیت؟ گوتەکانی (ئاغای ئـەدیبی) ڕاسـتە و مـن هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـەوە تـۆم بـە

Scanned with CamScanner

شایستەی ئەو زانی و لەبەرئەوەش پێشنیارم کرد کە (ئاغای ئەدیبی) داوای تـۆ بکـات. تـۆ چاك دەزانیت کە من هیچ خۆشەویستییەکم بەرامبەر بە ئەو لەدڵدانییە. دڵنیاتدەکەمە کـە هیچ کاتێك پەشیمان نابەوە". (مەرسدە) هەناسـەیەکی هەڵکێشاو گـوتی "پێموایـە یـەك کاتژمێری تر ئەم بابەتە بەهۆی باوکیەوە ڕابگەیەندرێت، بەڵام دیسان دەڵـێم کـە ئەگـەر تـۆ ناتەوێت، ئەوان وەڵامی بـەڵێ لـە مـن نابیـستن". گـوتم "ئەوەنـدە منـداڵ مەبـەو ڕازییـە !خۆشبەختی تۆ خۆشبەختی منە، بڕوابکە".

((بەشـــــــــــی ٣٠))

باران تەواو بوو و جگە لە کوڕەکان، ئێمە هەموومان چووینە دەرەوە و لـە نـاو باخەکـە پـەرت و بلاوبووینـەوە. سـەیرێکی کاتژمێرەکـەم کـرد، نزیـک چـواری دوای نیـوەڕۆ بـوو. هەردووکمان دڵەڕاوکێمان بو و بە بێدەنگی پیاسـەماندەکرد. هـەتا کاتێـک میوانـەکان بـۆ خواردنی عەسرانە داوەت کران من و (مەرسدە) دوایین کەس بـووین کـە چـووینە ژوورەوە. (خانمی ئەدیبی) بە چاوی کڕیار سەیری (مەرسدە) ی دەکـرد و زەردەخەنەکـەی سـەر لێـوی نیشانەی ڕەزامەنـدیی بـوو. زانـیم کـە (ئاغـای ئـەدیبی) ڕازیبوونەکـەی (مەرسـدە)ی بـۆ گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەو تا ئەو کاتەی کە هاوسەرەکەی بابـەتی خوازبێنییەکـەی نەخستە ڕوو خۆشحاڵی خۆی دەرنەبڕی. باوکم لەبەرامبەر داواکاریەکەی ئەوان بۆ ساتێك چووە ناو فکرەوە و پاشان باسی خوێندنی (مەرسدە) ی کرد. ئەوان باوکمیان دڵنیا کردەوە کە ئەم هاوسەرێتیە بچووکترین زیانی بۆ خوێندنی (مەرسدە) نابێت و (ئـەدیبی) خـۆی وەکـو هاوسـەر لەگـەڵی دەچێت. باوکم گوتی ئەگەر (مەرسـدە) خـۆی ڕازی بێـت، منـیش ڕازیـم و کاتێـك ئـەویش وەڵامی بەڵێی دایەوە، دەنگی شادی و پیرۆزبایی میوانـەکان بـەرزبۆوە. وادەی ئاهـەنگ و بۆنەی دەزگیرانی و هاوسەرێتی بۆ یەکەم مانگی هاوین دانرا و (خانمی ئـەدیبی) ش ئەڵقـەی بوکێنییەکەی خۆی کردە پەنجەی (مەرسدە) و بەو کارەی وادەی ئەو ڕۆژەی چەسپاند. بـاوکی (ئاغای ئەدیبی) ش چووە ژوورەکەی خـۆی و بـە سـینەڕێزێکی بـەردی فـیروزە گەڕایـەوە و پیشانی باوکمی داو گوتی ئەو سینەڕێزە، بە ڕەحمەت بێت، هی دایکمە کە بە ئەمانەت لای.

ئێمەی دانا بوو بۆ ئەوەی ڕۆژێك بێت و پێشکەشی هاوسەرەکەی (سامان) ی بکەین، منیش، بە روخسەتی جەنابت، ئەو ئەمانەتە بەخاوەنەکەی دەسپێرم.

بەروخسەتی باوکم سینەرێزەکە کرایە ملی (مەرسدە) و بـە چـەقەنەلێدان و چـەپڵەڕێزانی میوانەکان، دەزگیرانیەکە بووە فەرمی. باوکم ڕوومـەتی (سـامان) ی ماچکرد و دایکیـشم پیرۆزبایی لێکرد. (فەرەیدون)، کە بەتەواوەتی پەشـۆکابوو، دەسـتی (سـامانی) بـە گـەرمی گوشی و ڕوومەتی ماچکرد. ئەوانیتریش پیرۆزباییان لە (مەرسدە و سامان) کـرد. دەزگیرانـە گەنجەکان شیرینییان دابەشکرد. ئەو شەوە بـە بۆنـەی دەزگیرانـی (سـامان و مەرسـدە) بـۆ خواردنی ئێوارەش میوانی (ئاغای ئەدیبی باوك) بووین و کاتێك ئەوێمان بەجێهێشت نیوە شەو بوو.

کاتی گەڕانەوە من لە ناو ئۆتۆمبیلەکە خەوملێکەوت و دەتوانم بڵێم کەپاش گەڕانـەوەی (مەرسدە) ئەوە یەکەمین جارم بوو کە بە ئارامی و ئاسوودەیی چاوم لێکنا و خەوتم. کاتێـك دایکم وەئاگای هێنام تا ئۆتۆمبیلەکە دابەزم بە بینینی ماڵ و ئۆتۆمبیل بیرمکەوتەوە کـە بەدرێژایی ڕێگا مـن نووسـتووم. بـە هاوکـاری (مەرسـدە) چـوومە ژوورەکـەم و هـەر بـە جلەکانمەوە چوومە سەر جێگاکەم. بۆ بەیانیەکەی دایکم وئاگای هێنام کە بڕۆم بۆ قوتابخانـە. هەستم بە ماندوویێتی دەکرد، بەڵام بەناچاری هەستام و خێرا خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد.

هاوکات لەگەڵ چوونە دەرەوەی من لـە ماڵـەوە (ئاغـای قودسـی) ش بـەرەو قوتابخانـە دەڕۆیشت، ئەو ئۆتۆمبیلەکەی لە بەردەمم ڕاگرت و داوایکـرد کـە بمگەیەنێتـە قوتابخانـە. چونکە زۆر درەنگ بوو، ڕازیبووم و لە بەرامبـەر پرسـیارەکەی کـە پرسـی (خـەوت دێـت؟) گوتم "بەڵێ، هێشتا هەست بە ماندوویێتی دەکەم". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی "تـۆ دوێنـێ شەو بەدرێژایی ڕێگا خەوت لێکەوتبوو، ئێستاش هەر خەوت دێت؟". گوتم "بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بخەوم، ئەگەریش بمەوێت ناتوانم چونکە فەرامۆشم نەکردووە کە تۆ چ بەڵایەکم بەسـەر دێنی". دای لە قاقای پێکەنین و گوتی "من کـە نایەتـەوە بـیرم هـیچ بەڵایـەکم بەسـەر تـۆ هێنابێت، بەڵام ترسان لەبەڵا، ئەویش بۆ خۆی ترسێکە. من ئەگەر لە جێگای تـۆ بوومایـە،

کاتی پشوودانی نێوان وانەکان دەچوومە پەرتووکخانە و پشووم دەدا". گوتم"زۆر سوپاسی ڕێنماییەکەت دەکەم، لەوانەشە هەر وابکەم".

ئوتۆمبیلەکەی لە نزیك قوتابخانەکە وەستاندو گوتی"داوایلێبووردن دەکەم کە ناچارم لێرە دابەزێنم. حەزناکەم پێکەوە بچینە ناو قوتابخانە". منیش قسەکەیم بەلاوە جوان بو و دابەزیم.

(مەریەم) لە حەوش پیاسەی دەکردو چاوەڕوانی من بوو. کاتێك منی بینی چوومە ژوورەوە بەرەو ڕووم ڕایکرد و بەتوندی یەکترمان لە ئامێزگرت و ڕوومەتی یەکترمان ماچکرد. ئەو چەند ڕۆژ دوورییە بۆ (مەریەم) زۆر بە ئازار بوون، چونکە ئەو کچی گەورەی ماڵ بوو و هاودەمێکی بۆ ڕۆژانی پشوو نەبوو، ئیمە قسەی زۆرمان پێبوو بۆ گوتن. بەبینینی (مەریەم) خەوم فەرامۆش کرد. کاتێك هەردووکمان چووینە ژوورەوە، لەلایەن هەندێك لە قوتابییەکان بە گەرمی پێشوازیم لێکرا و لەگەڵ ئەوانیشدا دیدارم نوێکردەوە.

لەگەڵ لێدانی زەنگ، ئیتر دەرفەتی قسەکردنمان نەما و منیش بەپێی بەرنامە بۆ هێنانی پەڕاوی ئامادەبوونی قوتابیان چوومە ژووری مامۆستایانەوە. ئامادەبوونی (ئاغای ئەدیبی) لە تەنیشت (ئاغای قودسی) منی دەستەپاچەکرد و کە سڵاوم لە (ئاغای ئەدیبی) کرد، جارێکی تریش سڵاوم لە (ئاغای قودسی) کردەوە. ئەو پێکەنینی هات، بەڵام وەسەرخۆی نەهێنا و وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە. (خانمی بەڕێوەبەر) سەبارەت بە ڕۆژانی پشوو پرسیاری لێکردم، کە ئایا ئەم ماوەیەم بەخۆشی بەسەر بردووە یان نا؟. لە وەڵامی ئەودا بە گوتنی (زۆر خۆش بوو، سوپاستدەکەم) پەڕاوی (حوزوروغیاب)م هەڵگرت و ئەوێم بە جێهێشت. ئا ئەوکاتە پێشبینی ئەوەمنەکردبوو کە لە قوتابخانە دەبێ چۆن لەگەڵ (ئاغای ئەدیبی) ڕەفتار بکەم. ئایا دەبێ وەك جاران سەیری بکەم یان وەك تاکێکی خێزانی خۆم؟ کە ژووری مامۆستایانم بە جێهێشت، هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا و لە بەرئەوەی کە لەبارەی ئێمەوە قسەو قسەلۆك بڵاو نەکەنەوە بڕیارمدا لەگەڵ (ئاغای ئەدیبی) وەك جاران ڕەفتاربکەم، بەڵام ئەم ڕازەم بۆ (مەریەم) درکاند و ئەویش لە خۆشحاڵیدا هەڵپەڕی و داوایلێکردم کە هەموو ڕووداوەکەی بۆ باسبکەم. کاتێك بەڵێنم پێدا کە بۆی باسبکەم،

Scanned with CamScanner

کەمێك ئارامبۆوە، بەڵام هەر بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی گێڕانەوەی ڕووداوەکە بوو. کاتژمێرێکمان بەبێ ئامادەبوونی مامۆستای زانست تێپەڕاند و لەو کاتژمێرەدا ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە ناچاربووم هەندێکی سانسۆر بکەم و باسی خوازبێنی (ئاغای ئەدیبی)م نەکرد لەخۆم. ڕووداوەکەم بەشێوەیەك بۆ (مەریەم) گێڕایەوە کە ئەو واتێگەیشت کە ئاشنابوونی (مەرسدە) لەگەڵ (ئاغای ئەدیبی) بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوبوو لەماڵی (ئاغای قودسی) و هەر ئەو ڕۆژەش (ئاغای ئەدیبی)، (مەرسدە)ی پەسەند کردووە و پاشان هاتووە بۆ خوازبێنیکردنی. (مەریەم) بەگوتنی (هیوادارم هەردووکیان خۆشبەخت بن) ڕازی بوو.

کاتی پشودان دەمویست (مەریەم) بکەم بە میوانی خۆم و هەندێك شتی بۆ بکڕم، بەڵام یەکێك لە قوتابیەکانی قۆناغی یەکەم لێمان نزیکبۆوە و بەنازناوەکەم بانگی کردم. وەستاین.پێموابوو پەڕتووکی دەوێ. پرسیم"پەڕتووکت دەوێ؟". ڕووخسارە سپییەکەی گەشایەوە و بەگوتنی (نا)، ئێمەی تووشی سەرسوڕمان کرد. پرسیم"چ ئیشێکت بەمنە؟". سەری داخست و گوتی"کەمێك ئیشم بەخۆت هەیە". تێگەیشتم کە هەبوونی (مەریەم) ناهێڵێت کە ئەو داواکاریەکەی بخاتە ڕوو. قۆڵیم گرت و بە (مەریەم) م گوت"تا تۆ بگەیتە حانوتەکە منیش دێم". کە (مەریەم) لەئێمە دوورکەوتەوە جارێکیتر لێمپرسی و گوتم"ئێستا پێم بڵێ بزانم چ ئیشێکت بەمنە". نیگای بڕییە ڕووخسارم و گوتی"من زۆر تۆم خۆشدەوێت. پێمخۆشە وێنەیەکی خۆتم بدەیتێ". قسەکەی ئەو منی لە شوێنی خۆم چەقاند و گوتم"وێنەی منت بۆچیە؟". جارێکیتر بە شەرمەوە سەیریکردم و گوتی"باوکم وێنەکێشە، پێمخۆشە لە ڕووی وێنەکەی تۆ تابلۆیەك بکێشێت". پێکەنیم و گوتم"من وێنەم نییە کە بیدەم بەتۆ، پاشان دروست نییە کە باوکی تۆ وێنەی ڕووخساری من بکێشێت. بۆچی دەتەوێ وێنەی منت هەبێت؟". هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی"من تۆم زۆر خۆشدەوێت. کاتێك دەتبینم لە گۆشەیەك بۆ خۆم دەوەستم وتەنها سەیری تۆ دەکەم". شێوازی قسەکردنە ڕاستگۆیانەکەی هەموو گیانی لەرزاند. دەستیم خستە ناو دەستم و گوتم"زۆر سوپاست

دەکەم کە منت خۆشدەوێت. دەتوانم بپرسم ناوت چییە؟". گوتی"(وەردە) پرسیم"ئەمە چ جۆرە ناوێکە؟". زەردەخەنەیەکی‌کرد و گوتی"واتە گوڵ". ئینجا بیرمکەوتەوە کە (وەردە) وشەیەکی عەرەبییەو بە مانای گول دێت. پرسیم"تۆ عەرەبی؟". جارێکیتر پێکەنی و گوتی"ئێمە ئێرانین، بەلاّم لە ئێراق ژیاوین. دایکم عەرەب بو و باوکیشم ئێرانی. کاتێک ئاوارەی ئێران بووین، دایکم لە خەفەتدا مرد. من و براکەم لەگەڵ باوکم و داپیرەمدا ئێستا لێرە دەژین". پرسیم"دایکت لەمن دەچوو؟". بە جوولاندی سەری وەلاّمی نەرێی دایەوە. پرسیم"چەند ساڵە هەتوونەتە ئێران؟". کەمێك بیریکردەوەو گوتی"لەو کاتەوە کە براکەم لەدایکبوو". پرسیم"ئەو تەمەنی چەند دەبێ؟". گوتی"شەش ساڵان". گوتم"دایکت لێرە مرد یان لە ئێراق؟". خەم و پەژارەیەك ڕووخساری داپۆشی و گوتی"لە ئێران مرد. کاتێک (ئەحەد) لەدایکبوو، ئەویش مرد".

ناویستانە حەزم دەکرد زیاتر لە بارەی ژیانی (وەردە) وە بزانم و بە پرسیارەکان ماندوومکرد. کاتێك کە پرسیم"باوکت تەنها کاری وێنە کێشان دەکات؟". پێکەنی و گوتی"ئەو فرۆشگاشی هەیەو تابلۆ دەفرۆشێت". نازانم چۆن لە پرسیارەکەم تێگەیشت کە بەدوای قسەکردنەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە"ئێمە هەژار نین و ژیانێکی خۆشمان هەیە". دەستیمگرت و گوتم"ئازیزەکەم! من مەبەستم ئەوە نەبوو کە تۆو خێزانەکەت هەژارن، بە پێچەوانەوە گومانم برد کە ئێوە زۆریش دەوڵەمەند بن". سەریداخست و پرسی"ئەگەر ئێمە دەوڵەمەند بووینایە تۆ وێنەکەی خۆتت دەدایێ؟". نەمدەزانی چۆن تێیبگەیەنم کە باشنییە من وێنەی خۆمی بدەمێ. گوتم"وێنەپێدان هیچ پەیوەندییەکی بەسەروەت و سامانەوە نییە. من خۆشحاڵم بەوەی کە دەبینم کچێکی باشی وەك تۆ، منی خۆشدەوێت، بەلاّم بەداخەوە کە ناتوانم وێنەی خۆمت بدەمێ. دەزانی ئەگەر دایك و باوکم بزانن کە من وێنەی خۆمم بە کەسێك داوە چیملێدەکەن؟ تۆ کچێکی منداڵ و بچووك نیت کە لە مەبەستم تێنەگەیت. پێتخۆشە کە ماڵەوەمان لەمن توڕەبن و قسەم پێبڵێن؟". چەند جارێك سەری بە نیشانەی نەخێر بەرزکردەوەو گوتی"ئەمڕۆ بە باوکم دەڵێم کە تابلۆکەی تۆ نەکێشێت. ئەو هەموو ڕووخساری کێشاوی جگە لە چاوەکانت". بە سەرسوڕمانەوە پرسیم"باوکت منی دیوە؟".

دیسان سەری ڕاوەشاندو گوتی"نەخێر، مـن بـۆم باسـکردووە و هەرچـی کـەمن گوتوومـە و باسمکردووە ئەویش کێشاویێتی.کاتێـك دەیویـست چـاوەکانت بکێـشێت پێمگـوت کـە تـۆ چاوانێکی گەورە و جوانت هەیە. پرسی - ڕەنگی چاوانی چـۆنە - مـن نـەمتوانی وڵامـی بدەمەوە، چونکە نازانم چاوانی تۆ چ ڕەنگێکە". لەبەرخۆمەوە گوتم باوکی (وەردە) ناتوانێت بە خەیاڵی وێنەی من بکێشێت و بۆ ئەوەی ڕزگارم بێت لە دەستی گوتم"ڕەنگـی چـاوی مـن هەڵماتینـە. ئێـستا تێگەیـشتی؟". (وەردە) بـە خۆشـحاڵییەوە هـەر دوو دەسـتی لێکـداو گوتی"بەڵێ تێگەیشتم. کەواتە تۆ ڕێگەی پێدەدەی تابلۆکـە تـەواوبکات؟". دەسـتم خـستە سەر شانی و گوتم"بێگومان دەتوانێت". پرسی"تۆ ڕێگەم پێدەدەیت کە هەموو ڕۆژێك گوڵت بۆ بهێنم؟". پێکەنیم و گوتم"ئەگەر بە پارە نەیکڕیت دەتوانی". ئەوەندە خۆشحاڵ بوو بـوو، هەڵپەڕی و گوتی"خانووەکەمان پڕە لە گوڵ. من گوڵ ناکڕم". پرسیم"ئـیتر ئیـشت بـە مـن نییە؟". سەری داخست و گوتی"تەنها یەك داواکاریم هەیە". گوتم"بیڵێ". گوتی"حەزدەکەم ڕوومەتت ماچکەم". ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەو بەرامبەر بـە مـن هـەر دوو چـاوەی پڕلەفرمێسك کرد. نووشتامەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێگەم پێدا ڕوومەتم ماچـکات، منـیش ئەوم ماچکرد و وەك منداڵ بە شادی و خۆشـحاڵییەوە ڕایکـرد. سـاتێك وەسـتام و سـەیری ڕاکردنەکەیکرد و خۆشەویستییەکەی وەك منداڵێکی قۆناغی سەرەتایی وابوو. کـاتی پـشوو تەواو بو و زەنگلێدرا. (مەریەم) بە ڕووگرژییەکەوە لە حانوتەکە دوور کەوتەوەو پرسی"خۆت دەزانی چیدەکەیت؟". گوتم"خەریکبووم دڵی ناسـکی کـچێکی بـچکۆلانەم وەدەسـتدەهێنا. چێژی ئەو کارە لە چیپس خواردنەکە زیـاتر بـوو". لـە مەبەسـتم تێنەگەیـشت و ناچاربووم هەموو ڕووداوەکەی بۆ باسبکەم. کاتێك ڕووداوەکەی زانی گوتی"ڕاستت کرد، بایـەخی ئـەو کارە لە خواردنەکە زیاتر بوو". گوتم"ئەگەر پێناکەنیت دەبێ بڵێم کـە منـیش حـەزم لـەوەو هەستدەکەم خۆشمدەوێت". (مەریەم) بە من و هەسـت و سـۆزەکەم پێکـەنی و هـەردووکمان بەرەو پۆل کەوتینەڕێ.

ئەو کاتژمێرەو کاتژمێری دواتریش لە چاودێریبوون ڕزگارم بو و بەپێی بەرنامـەی (ئاغـای قودسی)، (فروغی) بەرپرسیارێتی پۆلی لە ئەستۆ بوو. کاتێك کـە (ئاغـای قودسـی) هاتـە ژوورەوەو (فروغی) مۆڵەتی دانیشتنی خواست، (ئاغای قودسی) ئـەحواڵی براکـەی پرسـی و هەروەها لە بارەی چۆنێتی بەسەربردنی ڕۆژانی پـشوو پرسـیاری لێکـرد. (فروغـی) وەلامـی یەکبەیەکەی پرسیارەکانی دایەوەو لەگەڵ ئەوەشدا وەبیریهێنایەوە کە ئـەو وانەیـە باسـێکی ئازاد لە بارەی پەیوەندی قوتابی و مامۆستامان هەیـە. ئـەوەی گـوت و دانیـشت. (ئاغـای قودسی) ڕوویکردە قوتابییەکان و گـوتی"زۆر باشـە، سـەرەتا ئێـوە بڵـێن کـە خوازیـاری چ پەیوەندییەکن و پێتانخۆشە مامۆستاکان چۆن ڕەفتارتان لەگەڵ بکەن؟ من یەکەمجار گـوێ لـە بیروڕای ئێوە دەگرم و پاشان لە لایەن مامۆستاکانەوە وەلامی پرسیارەکانتان

دەدەمەوە. با بزانین کێ یەکەمجار دەستپێدەکات". چەند قوتابییەك دەستیان بـەرزکردبۆوە و (ئاغای قودسی) یەکێکیانی هەستاندو ئەو بیروڕای خۆی دەربـڕی. پاشـان ئـەوانی تـریش بیروڕای خۆیانیان دەربڕی و لە ماوەیەکی کەمدا پۆلەکـە شـلەژا. نـاکۆکی کـەوتبووە نێـوان قوتابییەکانەوەو هەندێك لەو بڕوایەدابوون کە مامۆستا دەبـێ بەسـام بێـت و بەرامبـەر بـە قوتابییەکان سەختکار بێت و هەندێکیتریش ئـەو ڕەفتارەیـان پەسـەندنەدەکرد. دەنگـی دوو گروپی ڕازی و ناڕازی ئاوێتەی یەك بو و بوو بە گەرەلاوژە. (ئاغای قودسی) بە کێشانە سـەر مێزەکەدا، پۆلی ئارامکردەوەو گوتی"ئەو هۆکار و بەڵگانەی کە هەر دوو گروپ دەریـانبڕی، سەرنجڕاکێش بوون و هەموومان بیستمانن. ئێستا دەبـێ ئـەو قـسانە لێکبدەینـەوەو بـزانین سەرەنجام کام یەك لەم ڕێگایانە ڕاست و دروستە". (ئاغای قودسی) نموونەیەك لـە وتـەکانی هەر دوو گروپی لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسی و بـە بەڵگـە سـەلماندی کـە بـۆ بـەڕێوەبردنی هەموو کارێك لەگەڵ دۆستایەتی و تێگەیشتن و متمانـە، کـەمێك سـەختکاری و تونـدیش پێویـستە بـۆ ئـەوەی بـەڕێوەبردنی کارەکـان بـە هەرەمـەکێتی ئەنجامنـەدرێت و هـەموان بەباشترین شێوە ئەرکەکانی‌خۆیان بەجێبگەیـەنن.(ئاغـای قودسـی) ترسـی لەسـەختکاری و توندی جیاکردەوەو ڕەهەندێکی تری پێبەخشی. لەسەر بنەمای گوتەکـەی ئـەو، بـۆ گەیـشتن بـەئامانج، پێویـستە کارەکـان بـە باشـی و دروسـتی ئەنجامبـدرێت و بۆئـەوەی لـەوکارەدا

سەرکەوین هەندێکجار پێویستە مامۆستا بەتوڕەییەوە ڕەفتاربکات. بەڕای ئەو، مامۆستا سەرکاروانی پۆلەو قوتابییەکان ڕێبوارانی ئەو کاروانەن و دەبێ گوێ بۆ فرمانی سەرکاروان ڕاگرن بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی بگەنە شوێنی مەبەست.

کە زەنگ لێدرا، هەمووان بەخێرایی لە پۆل چوونەدەرەوە. هەموو قوتابییەکان دەیانزانی کە لەو کاتژمێرە یارییەکی تۆپی بالە لەنێوان مامۆستا پیاوەکان ئەنجامدەدرێ و دەیانویست خۆیان بۆ بینینی یارییەکە ئامادەبکەن. لەکاتی یاریەکە، من لە ڕیزی هاندەرانی گروپی (ئاغای ئەدیبی) بووم. ئەو ئیتر بۆ من وەك مامۆستایەك نەبوو، بەڵکوو وەك ئەندامێکی خێزانی خۆم سەیرمدەکرد. (ئاغای قوسی) لە گروپی بەرامبەر (ئاغای ئەدیبی) بو و جارێکیش سێرڤێکی (ئاغای قودسی) کێشای بەسەر سینگماو ئەوەندەی نەمابوو بمخاتە زەوی. کاتێك یاریەکە بە بردنەوەی گروپی (ئاغای قودسی) کۆتاییهات و هەمووان چوونەپۆلەوە، من لەبەردەم دەرگای پۆل وەستا بووم و لەگەڵ چاودێری یەکێك لە پۆلەکان مشتومڕمان بوو لەسەرئەوەی کە بردنەوە مافی (ئاغای قودسی) بوو یان (ئاغای ئەدیبی). هەردووکمان هاوبیر بووین و بردنەوەمان بەمافی گروپی (ئاغای ئەدیبی) دەزانی و شانس و بەختمان دایەپاڵ (ئاغای قودسی) نەك باش یاریکردن. بەدەنگی بەرز قسەماندەکردو دیسان وەکو جاران من دەستم کردبوو بە زۆربلێیی و چەنەبازی. کە دەنگی (ئاغای قودسی) هات و گوتی"ئەگەر شیکردنەوە وەرزشیەکەتان تەواوبووە بگەڕێنەوە پۆلەکانتان". من و هاوڕێکەم بەشەرمەزارییەوە سەرمانداخست و هەریەکەمان چوینە پۆلی خۆمان. (فروغی) پۆلی ئارامکردبۆوە و لەگەڵ چوونە ژوورەوەی من و (ئاغای قودسی) قوتابییەکان هەستانەسەرپێ. کاتێك دانیشتم (ئاغای قودسی) گوتی"بگەڕێرەوە وەڵامی پرسیار بدەرەوە". نازانم چەندێك لە وتووێژەکانی ئێمەی بیستبوو، بەڵام لە ڕوخساری وا دەردەکەوت کە توڕەیەو خۆی بۆتۆڵەسەندنەوە ئامادەکردووە.وەڵامی پرسیارەکانی مێژووی ئەدبیاتی پێش ڕۆژانی پشووم دایەوە، بەڵام (ئاغای قودسی) بەوەشەوە نەوەستا و پرسیاری وانەکانی تریشی لێکردم. کەوەڵامی ئەوانیشم دایەوە بە لالێوێکەوە پێکەنی و پرسی"ئامادەیت کە لەسەرەتای

پەرتووك پرسیارت لێبكەم؟". دەمزانی كە بە دوای بیانوویەكدا دەگەڕێ و هەرئەوەندە بەسە كەبڵێم ئامادەنیم و دەست كات بەسەرزەنشتكردنم. پێم لەجەرگی خۆم نـا و گـوتم"بپرسـە". لاپەڕەی پەرتووكی هەڵدایەوە و لەسەرەتای پەرتووك پرسـیاری كـرد. وەڵامـی پرسـیارەكانم دایەوە بەڵام نەك بەدڵنیایی. دەمبینی كە هاوڕێكانم تووشی دڵەڕاوكێ بوون و لەوە دەترسـن نەوەك من نەتوانم وەڵامی پرسـیارەكانی بدەمـەوە. تـا كۆتـایی وانەكـە هاوەڵێیـان كـردم. (ئاغای قودسی) پێنج پرسیاری لەمن كردبو و كاتێـك پەرتووكەكـەی داخسـت بـەبێ هـیچ رادەربڕینێك تەنها بەگوتنی (فەرموو) ڕێگەی پێدام دانیشم. لەهەمانكاتیـشدا زەنگلێـدرا و (مەریەم) بە گوتنی (زۆرباش بوو كە نیو كاتژمێر لـە پـۆل بـووین دەنـا دیـار نـەبوو لـە چ وانەیەكیتر پرسیاریدەكرد) لیڤێكسەكەی هەڵگرت. گوتم"ئەو بینـی كـەمن هانـدەری تیپـی (ئاغای ئەدیبی) بووم و دەیویست بەو كارەی تۆڵەم لێبكاتەوە". هەردووكمان بەدەنگی بەرز پێكەنین و (مەریەم) گوتی"خۆشبەختانە تیرەكەی بەر بەرد كەوت و سەرنەكەوت".

((بەشـــــــــــی ٣١))

رۆژی پانزەهەمی نەورۆز، جارێکی تر (مەرسدە) و (فەرەیدون) مان بەرێکرد. ئەمجارەیان خێزانی (ئاغای ئەدیبی) ش زیاد بوویوون و هەر یەکەیان دیارییەکیان بۆ (مەرسدە) هێنابوو. لەکاتی جیابوونەوە، بینیم کە (مەرسدە) بە خەم و خەفەتێکی زیاتر لەجاری پێشوو دەکەوێتەرێ، لەبەرخۆمەوە گوتم کە ئەو دڵی لە ئێران بە جێهێشتووە و بە جەستەیەکی بێ دڵ بەرێدەکەوێت.

کۆتایی مانگی نەورۆز بڕوانامەی کۆرسی دووهەمیان داینێ و بە سەرسوڕمانەوە بینیم کە (ئاغای قودسی) نمرەی سەدی بۆ دارشتنەکەم داناوە. ئەوەندە خۆشحاڵبووم کە بڕوانامەکەم ماچکرد و بۆئەوەی کە سوپاسی بکەم لە تەنیشت پلێکانەکان وەستام تا لەکاتی چوونە سەرەوە بیبینم. کاتێك گوتم (ئاغای قودسی سوپاست دەکەم) تەنها سەیری کردم و بەلا لێوێکەوە پێکەنی و ڕۆیشت. زانیم بۆ ئەو کارەی کە ئەنجامی داوە چاوەڕێی سوپاسی نەدەکرد و بۆی گرنگ نەبوو کە سوپاسی بکەم یان نەیکەم. سەیری پشتەوەی بڕوانامەکەمکرد دەستخەتی (خانمی بەڕێوەبەر) م بینی کە دیسان لە بەر بە یەکەم دەرچوونم سوپاسی کردبووم. لە خۆشیدا دەستمکرد بە گریان و چەندینجار ڕوومەتی (مەریەم) م ماچ کرد. (مەریەم) بڕوانامەکەمی گرت و سەیرێکیکرد و پاشان بە دەنگی بەرز گوتی "قوتابییەکان گوێ بگرن! ئەم کۆرسەش پۆلەکەی ئێمە براوەیە. (مینا) بە یەکەم دەرچوو". دەنگی هاتوهاواری قوتابییەکان بەرزبۆوە و بڕوانامەکەم دەستبەدەست دەگەڕا.

کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵ لە خۆشحاڵیدا نەمدەزانی چیبکەم. ئەوەندە خێرا دەچووم و نقومی بیرکردنەوە بووم کە دەنگی (وەردە) م نەبیست بانگی دەکردم. جارێکیتر بانگیکردم. وەناگاهاتم و ئاوڕمدایەوە. (وەردە) بە دوامدا ڕایدەکرد. وەستام تا گەیشتە لام هەناسە بڕکێی بوو. کەمێك چاوەڕێیکرد تاتوانی بێتەگۆ و قسەبکات. پرسیم"چی بووە؟ ئیشت پێمە؟". دەستی گرتم و گوتی"تۆ لەبەردەم ماڵی ئێمە تێپەڕیت، حەزمکرد ماڵەوەمانت پێپیشانبدەم". پێکەوە کەوتینە ڕێ. دیسان بەڕێگای خۆمدا گەڕامەوە و ماوەیەك ڕۆییشتین، لەبەردەم خانوویەك کە لە بەرد هەڵچنرابوو، وەستاو بە ئەنگوست ئاماژەی بۆکرد و گوتی"ئێرەیە. ئەکرێت داواتلێبکەم لەگەڵ داپیرەم و براکەم ئاشنابیت؟". گوتم"من زۆر پەلەمە، ئەگەر بکرێت با بۆ ڕۆژێکیتر بێت". بەلام ئەو پێیداگرت و گوتی"زۆر ناخایەنێت تەنها یەك خولەك. پێمخۆشە داپیرەم و (ئەحەد) تۆ ببینن و بزوابکەن کە من هاوڕێیەکی وەك تۆم هەیە". ڕازیبووم و، ئەو خێرا چووە ژوورەوەو ماوەیەك پاشتر لەگەڵ خانمێکی بەتەمەن، کە منداڵێکی بچووکی بە دەستەوە بوو، هاتن و (وەردە) منی بە داپیرەی ناساند و گوتی"داپیرە ئەمە (ئەفشار) ە". پاشان ڕوویکردە من و گوتی"ئەمەش (ئەحەد)ی برامە". سەلامی ئەو خانمەم کردو ئەویش بە زاراوەی عەرەبی وەلامی دامەوە و داوایلێکردم بچمە ژوورەوە. داوایلێبووردنم لێکرد و پێمگوت کە (من هاوڕێی (وەردە) م و خۆشمدەوێت). ڕووخساری داپیرە گەشایەوە و بە هەمان زاراوە خۆشە گوتی"(وەردە) هەمیشە باسی تۆ دەکات. ئەو کچە ئەوەندە تۆی خۆشدەوێت هەتا کاتی نووستنیش لە دوورەوە شەو شادت پێدەڵێت". (وەردە) سیخورمەیەکی کوتایە داپیرەی و ئەویش، وەك بڵێی شتێکی وەبیرهاتبێتەوە، گوتی"(وەردە) پێیخۆشە تۆ لە جەژنی لەدایکبوونەکەی بەشداریبکەیت، ئاخر ئێمە خزمی زۆرمان لە ئێران نییە. (وەردە) دەیەوێت هەر چۆنێك بێت تۆ لەجەژنی لەدایکبوونەکەی بەشداریبکەیت. داوەتەکەی پەسەند دەکەیت؟". پێکەنیم و گوتم "بەخۆشحاڵییەوە، بەلام نازانم چ ڕۆژێکە". لە باتی داپیرە، (وەردە) گوتی"ڕۆژی سێی گوڵان. هەموو ساڵێك بەم چوارکەسەوە جەژندەگێڕین. زۆرخۆشحاڵم کە ئەمساڵ دەبین بە

پێنج کەس. تۆ بەڵێنت دامێ کەدێیت. فەرامۆشی نەکەیت". گوتم"دڵنیابە فەرامۆشی ناکەم و دێم". داپیرەش سوپاسیکردم و من خواحافیزیم کردو رۆیشتم.

ئەوکاتانەی لە کیسم چوو بوو بە هەنگاوی خێراتر قەرەبووم کردەوە و کاتێك گەیشتمە ماڵەوە تووشی هەناسەبڕکێ بووبووم. بڕوانامەکەم بە شانازییەوە لە بەردەم دایکم دانا و خۆم وەستام و سەیرمکرد. دایکم دەستیکرد بە خوێندنەوەی و کاتێك هەمووی خوێندەوە، گوتم"تکایە پشتەوەشی بخوێنەرەوە". دایکم نووسینەکەی (خانمی‌بەڕێوەبەر)ی خوێندەوە و ڕووخساری وەك گوڵ گەشایەوە. لە باوەشی گرتم و پیرۆزبایلێکردم و گوتی ئەم کۆرسە ئومێدی ئەوەم نەبوو کە بە یەکەم دەرچیت.نەخۆشی و دواتریش بێزار بوون ودڵساردی بەرامبەر بەخوێندن، ئەوانە منیان نائومێد کردبوو. دایکم گوتی"شایانی ئەوەیت کە هەرشتێکت بوێت لەمن وباوکت داوابیکەیت". رۆژی لەدایکبوونی (وەردە) م بیرکەوتەوە و گوتم"دیارییەکم دەوێت بۆ کچێکی دوانزە ساڵانی بچووك". دایکم بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردم. دانیشتم و هەموو رووداوەکەی (وەردە) م بۆ گێڕایەوە و لەکۆتایشدا ئاماژەم بە داوەتەکەی ئەو داپیرەیکرد و گوتم"بۆ جەژنی لەدایکبوونەکەی دیارییەکم دەوێت کە خۆشحاڵیکات". دایکم ڕازیبوو کە بڕۆم بۆ ئەوێ و خۆی پێشنیاریکرد کە هەرکارێك بۆ (وەردە) پێویستە ئەنجامی بدەم.

شەو، باوکیشم بڕوانامەکەمی بینی و لێیپرسیم"پێمبڵێ بزانم چیت دەوێ بۆتبکڕم؟". گوتم"کادۆیەکم دەوێت بۆ کچێکی بچووك". ئەمجارەیان دایکم بۆی روون کردەوە و هاوڕێ بچووکەکەی من بەبێ ئەوەی بینرابێت، بوو بە خۆشەویستی خێزانەکەم و باوکم و دایکم دڵیان بۆیدەسووتا.

رۆژی سێهەمی گوڵان خۆمم بۆ ڕۆیشتن بۆ ماڵی (وەردە) ئامادەکرد و خۆشبەختانە رۆژی پێنج شەممەبوو و کاتی زۆرم بەدەستەوە بوو. کاتێك گەیشتمە ماڵیان زەنگملێدا و چاوەڕێم کرد، بەڵام زۆری نەخایاند یەکسەر دەرگا کرایەوە. (وەردە) خۆی دەرگای کردەوە و ئەوەندە

بە شادومانی پێشوازیلێکردم هەستمکرد کە چاولەرێگای مـن بـووە. ڕوومـەتیم ماچـکردو پیرۆزبایی لەدایکبوونیم لێکرد. داپیری بۆ پێشوازیکردن هات و داوایلێکردم برۆمە ژوورەوە.

قژە لوولەکانی (ئەحمەد) جوانی و پاکییەکی زیاتری بە ڕووخساری دەبەخشی. لەگەڵ داپیرە چوومە ژوورەوە و هەندێك كاغەزی ڕەنگ کراو و میزلدان بە سەلیقەیەکی تایبەت ژوورەوەی ڕازاندبۆوە، داپیرە بە باوکی (وەردە) ی ڕاگەیاندبوو کە من هاتووم و پیاوێکی نیمـچەگەنج و لەش باریکی گـەنمڕەنگ کـە چاویـشی زۆر گـەورە نـەبوو، هاتـە ژوورەوە و لەگـەڵ یەکـدا ئاشنابووین. (ئاغای ئاتریان) لەبەرئەوەی کە داوەتی کچەکەیم پەسەند کردبوو و ڕۆیشتبووم، سوپاسیکردم. ئەو باشتر لە داپیرە بە فارسی قسەیدەکرد. کەچەند خولەکێك لەو ئاشنایەتییە تێپەڕی (ئاغای ئاتریان) بەگوتنی (کچەکەم ناحـەق نـەبوو کـە نـەتوانێت وەسـفی ڕەنگـی چاوانت بکات) بەردەوامبوو"من بەپێی ئەو وەسـف و باسـانەی کـە (وەردە) لـەبارەی تـۆوە دەیکردن وێنەیەکم کێشاوە بەڵام بە بینینی خـۆت، دەبـێ دانبـەوەدابنێم کـە تـۆ زۆر لـەوە جوانتری کەمن لەخەیاڵمدا وێنامـدەکرد و ئەمـشەو بـە بینینـی خـۆت دەبـێ ئـەو وێنەیـە بگۆڕم". سوپاسمکرد و داپیرە پێشنیاریکرد وێنەیەکی یادگاریان لەگەڵ بگرم.

جەژنێکی سادە و ساکار، بەڵام گەرم و گیانیبەگیانی بوو. وێنەی زۆرمان گـرت و کاتێـك داپیرە بۆی باسکردم لەگەڵ تێپەڕبوونی شەش ساڵ لەم وڵاتـە هێـشتا هـەر خـۆی بـە نـامۆ دەزانێت و ناسراوی بۆخۆی نەدۆزیوەتەوە، داواملێکرد بێت بۆ ماڵی ئێمە و لەگـەڵ دایکمـدا ئاشنا بێت. تیشکی ڕەزامەندیم لەچاوانیدا بەدیکرد و سـەیری ڕووخـساری کوڕەکـەیکرد و چاوەڕێی وەڵامی کرد.

(ئاغای ئاتریان) زەردەخەنەیەکی کردو ئەو داوەتـەی پەسـەندکرد. مـن پێـشنیاری ڕۆژی هەینیمکرد بۆئەوەی جگە لەدایکم، باوکیشم لەماڵەوەبێت و (ئاغـای ئاتریـان) یـش لەگـەڵ باوکمدا ئاشنا بێت. کەوادەی ئەو ڕۆژە دانرا، هەمووەمان بەدەوری مێزی خواردن کۆبووینـەوە و من بۆ یەکەمجار خواردنێکی عەرەبیم خوارد کە زۆر بەلەزەت بوو. لـەکاتی گەڕانـەوەم بـۆ ماڵەوە، داپیرە لەتە کێکێکی دامێ کە بیبەم بۆ دایکم و باوکم. (ئاغای ئاتریان) یش منـی گەیاندەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی هەم بەتەنها نەڕۆمەوە وهەم شارەزای ماڵـەوەشمان بێـت. لـەناو

ئۆتۆمبیلەکە، ئەو جارێکیتر لە بەر ئەوەی کە داوەتی کچەکەیم پەسەند کردبو و ڕۆیشتبووم بۆ جەژنی لەدایکبوونەکەی، سوپاسیکردم. ماڵەوامانم پیشانداو داواملێکرد بێتە ژوورەوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە و وەبیریهێنایەوە کە بەیانی دێن و خواحافیزیکرد و ڕۆیشت. بەهۆی ئەو باس و تاریفانەی کە لە بارەی ئەوانەوە کردم دایکم و باوکم خۆشحاڵی خۆیانیان دەربڕی کە لەگەڵیان ئاشنا بن. دایکم پرسی"بۆ نیوەڕۆ دێن یان ئێوارە؟". گوتم"هیچ کامیان، پاش نیوەڕۆ دێن و بۆ خواردنی ئێوارەش نامێننەوە". باوکم پێشنیاریکرد بۆ خواردنی ئێوارە نەهێڵین بڕۆنەوە. من و دایکم پێشنیارەکەیان پەسەندکرد.

بەیانی ڕۆژی هەینی، من خەریکی ئامادەکردنی وانەکانم بووم و دایکم بەتەنها پێشەکییەکانی خواردنی ئامادەدەکرد. پاش نیوەڕۆ هەرسێکمان لە چاوەڕوانی دانیشتین و هەر کە زەنگلێدرا من خێراچووم بۆ پێشوازیکردنیان و باوکم و دایکم لەگەڵیان ئاشنا بوون.

قسەکانی (ئاغای ئائریان) زیاتر لەمەڕ سیاسەت و فەرمانڕەوایی سەر عێراق بوو و داپیرە و دایکم باسی شتێکیتریان دەکرد. داپیرە باسی لە دووری وولاتەکەی خۆی دەکرد. دایکم گوێگر بو و ئەویش بیژەر. منیش سەرقاڵی میوانداریتی بووم و (وەردە) ش یارمەتی دەدام. کاتێك لەلای ئەوان دانیشتین، داپیرە باسی چاکە و ڕفتارە باشەکانی بووکە جوانە مەرگەکەی دەکرد و دەیگوت ئەو کاتێك مرد تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو. خەموخەفەتم لە سیمای هەردووکیان بینی و بەئاشکرا دیاربوو کە دایکم بەسەختی بەرگری لە هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانی دەکرد. (ئاغای ئائریان) ئاگای لە خەم و خەفەتەکەی دایکم بو و بە دایکی گوت"دایکە ڕابردوو تێپەڕیوە. تۆ (خانمی ئەفشار) ت خەفەتبارکرد". داپیرە داوایلێبووردنیکرد و ئیتر قسەی نەکرد. دایکم میوەی بۆ ئامادەکردبو و بە گوتنی (خواوەند بەندەکانی تاقیدەکاتەوە و تۆش دەبێ سەبرت هەبێت و بەرگە بگریت) خۆی بەهاوبەشی خەمی زانی.

(ئاغای ئائریان) ڕووی کردە من و گوتی"دوێنێ شەو تا دەمەو بەیان نیشم لەسەر وێنەکەی تۆکرد و بە تەمام پاش تەواو بوونی پێشکەشتبکەم". سوپاسمکرد و گوتم"بەلام

ئەو تابلۆیە هی (وەردە) یە". داپیرە ڕوویگرژ کردەوە و گوتی"ئەوە کەی کێشەیە، (تائریان) یەکێکیتر بۆ وەردە دەکێشێت". باوکم لێیپرسی"ئیشی جەنابت وێنە کێشانە؟". زەردەخەنەیەکی‌کرد و گوتی"نەخێر، من کاری کڕین و فرۆشتنی تابلۆ دەکەم و هەندێکجاریش بۆ سەر گەرمی وێنە دەکێشم". باوکم جارێکیتر لێیپرسی"ئایا دەرامەتی ئەو کارە بەشی هەڵسوڕانی ژیانتان دەکات". (ئاغای تائریان) زەردەخەنەکەی دووبارە کردەوە و بە گوتنی - زۆربەی ئەو تابلۆیانەی کە دەیکڕێت و دەیفرۆشێت شوێنەواری کۆنە و خۆی زۆر بە ئەزموونە و لەم کارەشدا پسپۆڕە - باوکمی دڵنیاکردەوە. ئەو لەکاتی قسەکانیشیدا ئاماژەی بەزانیاریەکانی خۆی کردو ئێمە زانیمان کە بڕوانامەی ماجستێری ئەم کارەی لە فەڕەنسا وەرگرتووە و پاشان بۆ ژنهێنان گەڕاوەتەوە بۆ ئێراق، شێوازی قسەکردنەکەی و ئەو زانیارییە فراوانەی کە لەبارەی سیاسەتەوە هەیبوو سەرنجی باوکمی ڕاکێشا.

کاتێك (ئاغای تائریان) ڕوویکردە دایکی کە بۆ ڕۆیشتن خۆی ئامادەبکات، باوکم دەستیگرت و گوتی"ناهێڵم بڕۆن"و بەگوتنی ئەوەی کە (حەزدەکات زیاتر کەڵك لە قسەکانی ئەو وەربگرێت) داوای لە (ئاغای تائریان)کرد بمێننەوە.

داپیرە منی بینی کە زۆرم حەز لە چارشێوەکەی سەرێتی و بە گوتنی (حەزدەکەیت چارشێوێکی عەرەبیت بۆ بدرووم) خۆشحاڵیەکەمی زیاترکرد. شێوازی قسەکردنەکەی داپیرە زۆر عەرەبییەکی خەست بو و ئەوجۆرە قسەکردنە بە نیسبەت هەموومانەوە نوێ بوو. سەرمسوڕما کە بۆچی (وەردە) وەکوو داپیرەی قسەناکات! هەرچەندە ئەگەر ورد بوومایەتەوە دەمتوانی تێبگەم لەوەی کە ئەویش هەندێك ووشە بە عەرەبی دەردەبڕێت، بەڵام (وەردە) و (ئاغای تائریان) لە (ئەحەد) و داپیرە باشتر دەیانتوانی بە فارسی قسەبکەن. کاتی خواردنی ئێوارە، (وەردە) لە تەنیشتمەوە دانیشتبو و من بەبێ ویست و ئیرادە لە (ئاغای تائریان) م پرسی"(وەردە) تەمەنی چەندە؟". (ئاغای تائریان) سەیریکردم و بە گوتنی (دەساڵ) زیاتر تووشی سەرسوڕمانی کردم. گوتم"شەوی جەژنی لەدایکبوونی (وەردە) من بینیم کە جەنابت نۆ مۆمت کوژاندەوە پێموابوو مۆمتان کەمهێناوە. هەروەها بەردەوامبووم"چۆن دەبێ (وەردە) نۆ ساڵی بێت و لە ئامادەیی ناونووس کرابێت". (ئاغای تائریان) ڕوونیکردەوە

کە"وەردە دوو سالّی بە سالّێك بڕیوە و لەبەر زیرەکی و هۆشیارییەکەی مۆڵەتیپێدراوە کە لەتەمەنی دە سالاّن بچێتە قۆناغی ئامادەییەوە". دواى قسەکانی (ئاغای تائریان) یش داپیرە گوتی "دایکی (وەردە) ژنێکی خوێندەوار بوو. کاتێك زانی کە کچەکەی مێشکێکی باش و هۆشێکی زۆری هەیە، دەستیکرد بەفێرکردن و ڕاهێنانی. (وەردە) لە تەمەنی پێنج سالّی چووە قوتابخانەوە و بە سالّێك دوو پۆلی تەواو کرد". دایکم پرسی"بۆ (وەردە) دژوار نەبوو کە دوو زمان پێکەوە فێربێت یان کاتێك لە ئێران چووە قوتابخانە دووچاری کێشە و گیر گرفت نەبوو؟". (ئاغای تائریان) گوتی"نەخێر، دایکی (وەردە) عێراقی بوو، بەلاّم من بە هەردوو زمان قسەم لەگەلّدەکرد و کچەکەم زمانی فارسیش وەکو زمانی دایکی فێربووە".

هەندێك زەلاّتەم دایە (وەردە) و ئەویش بە زەردەخەنە وەریگرت. ئەو شەوە لەگەلّ ئەواندا شەوێکی خۆشمان تێپەڕاند. (ئەحەد) لە باوەشی من خەویلێکەوت و حەزمنەدەکرد داییبنێم و کاتێك دایکم گوتی کە لەسەر تەختەکە بیخەوێنم، ڕازینەبووم و بەهەمان شێوە لەباوەشم دامنا. هەناسە گەرموڕێك و پێکەکانی هەست و سۆزێکی تایبەتی لە ناخمدا دروستکردبو و ناویستانە بەرامبەر بە ئەو هەستم بە بەرپرسیارێتی دەکرد و ئەوم وەك منداڵێکی بێ پەنا لە باوەشمدا دەگوشی. پێمخۆشبوو لە لای خۆم بیهێڵمەوە و وەك دایکێك چاودێرییبکەم. کۆتایی شەو، میوانەکان بە نیازی ڕۆیشتن بوون و (ئاغای تائریان) دەستی بۆ گرتنی (ئەحەد) درێژکرد، سەیری ڕووخسارێکرد و بەبێ ئەوەی قسە بکەم و بێمە گۆ ویستم کە (ئەحەد) م لێجیانەکاتەوە و ئەویش تێگەیشت و دەستی کێشایەوە دواوە. دەمزانی کە ناتوانم ئەم کوڕە جوانە نووستووە لە لای خۆم دانێم و هەستام و لەگەلّ گوتنی (من دەیهێنم) کەوتمەڕێ. دایکم نیگەران بوو نەوەك منداڵەکەم لەدەستبکەوێت، بەلاّم کاتێك بینی بە چ شێوەیەك ئەو منداڵە بێدەنگەم بە سینگمەوە گوشیوە، ئارامیگرت و ئیتر هیچی نەگوت. (ئاغای تائریان) دەرگای ئوتومبیلەکەی کردەوە و داپیرە و (وەردە) سەرکەوتن و جارێکیتر دەستی بۆ گرتنی (ئەحەد) درێژکرد و من ئەمجارەیان بەبێ بەرگری (ئەحەد) م خستە سەردەستی. ئەویش منداڵەکەی گرت و پاشان خستیە باوەشی داپیرە. باوکم داوایلێکردن کە درێژە بەم

دۆستایەتییە بدەن و دیسانەوە بێن بۆ بینینمان. دایەش بە خۆشحاڵییەوە پەسەندی کرد. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن دایکم گوتی"ئەو منداڵانە چەند نازدار و بەئەدەب بوون. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە ئەو منداڵانە بەبێ دایک بەم باشییە پەروەردەکرابن". باوکم پشتگیری لە قسەکەیکرد و بە گوتنی (ئەم کارە بۆ پیاوێکی خوێنەواری وەك ئەو هیچ ئەستەم نییە) چووینە ژوورەوەو دەرگامان داخست.

چەند ڕۆژێک پاشتر (ئاغای تائریان) و (وەردە) هاتن بۆ بینینمان. ئەوان ئەمجارە تابلۆیەکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. ئەو وێنەیەکی گەورەی ڕووخساری منی کێشابو و لە نێوان پرچیشمدا خونچە گوڵێکی زەردی دانابوو. تابلۆکە ئەوەندە جوان بوو کە ڕووبەڕووی پیاهەڵدان و تاریفکردنی دایکم و باوکم بۆوە، ئەو چوارچێوە جوانەی کە بۆی هەڵبژاردبوو جوانییەکەی چەندهێندە کردبوو. ئەوان ماوەیەك دانیشتن و من لەگەڵ (وەردە) چوومە ژوورەکەم و ئەو لە نزیکەوە ژوورەکەی بینی. (وەردە) ئاماژەی بەو وێنەیەی من و (مەرسدە)کرد کە پێکەوە گرتبوومان و لەناو چوارچێوەیەکی بچووك لەسەر مێزی تەنیشت جێگاکەم دامنابوو پرسی"بۆچی تۆ دوو وێنەت گرتووە؟". دەستمکرد بەپێکەنین و گوتم"دوو وێنە نییە. یەکێکیان منم و ئەوی تریشیان خوشکەکەمە". سەریسوڕماو بەناباوەڕییەکەوە پرسی "واتە تۆ و خوشکەکەت لەیەکدەچن؟". لەبەرئەوەی پشتگیریم لە وتەکەیکرد هەڵیگرت و گوتی"دەکرێت پیشانی باوکیشمی بدەم؟". ڕازیبووم و هەردووکمان چووینە خوارەوە. (وەردە) ڕایکرد بۆ لای باوکی و بە گوتنی (سەیرکە) قسەکانی پێبڕی، وێنەکەی دایە دەست باوکی و گوتی"(مینا خانم) دووانەیە؟". وەڵامەکانی ڕابردوو دووبارە بوونەوە و ئەویش بە دەربڕینی (لێکچوونێکی بێ پێشینەیە) وێنەکەی دایە دەست (وەردە) و ئەویش جارێکیتر سەیریکرد. پرسیم "وێنەکانی جەژنی لەدایکبوونەکەت نەشتۆتەوە؟". (ئاغای تائریان) وەڵامی دامەوە و گوتی"دوو ڕۆژی تر ئامادە دەبێت. دەمویست داوا لە (ئاغای ئەفشار) بکەم ئەگەر بۆ بیغینی وێنەکانیش بوو بێت گەورەمان کات و بێت بۆ ماڵەوەمان". باوکم پێکەنی و گوتی"بۆچی تەنها لەبەر وێنەکان؟ ئێمە لەبەر جەنابت و خێزانەکەتان دێین". (ئاغای تائریان) گوتی"ڕۆژی پێنج شەممە ئەو شانازییەمان پێببەخشن"و

داوەتیکردین. باوکم سەیری دایکمیکرد و دایکیشم ڕازی بوو. ئەم شەپۆلی نوێی ئاشنایەتی و خۆشەویستییەکە بەرامبەر (وەردە) و (ئەحمد) هـەمبوو، منـی لـە (ئاغـای قودسـی) و (یەهدا) بێئاگا کردبوو، هەتا لە دایکیشم هـەواڵی ئـەوانم نەدەپرسـی. هاتووچۆی (ئاغـای ئەدیبی) بۆ ماڵی ئێمە پاش ڕۆیشتنی (مەرسدە) زیاتر بوویو و ئەو بە ئەرکی خـۆی دەزانـی کە بەهۆی نەبوونی (فەرەیدون) و (مەرسدە) سەردانی دایکـم و بـاوکم بکـات و چـاودێرییان بکات. هەموو جارێك دەمەقاڵێیەکی کورت لە نێوان من و ئەو ڕووی ئەداو من هەمیشە بە بیانووی وانەکان دەچوومە ژوورەکەم و تێکەڵی گفتوگۆکانیان نـەدەبووم. (ئاغـای ئـەدیبی) ئاگـاداری ئاشـنایەتی ئێمـە لەگـەڵ (ئاغـای ئاتریـان) بـوو بـوو و زۆر تـاریفی کـاری وێنەکێشانەکەی ئەوی دەکرد.

کاتی پشوو لە قوتابخانە ئیتر من و (مەریەم) یش تەنها نەبووین و (وەردە) ش پەیوەنـدی بە ئێمەوەکرد و سێ کەسی دەچووین لە حانوت شتمان دەکـڕی. پـەیتا پـەیتا خۆشەویـستی (وەردە) بە شێوەیەك چووبووە ناو دڵمەوە کە ئەگەر لەکاتی پشوو ئەو نەهاتبایەتـە بـەردەم پۆلەکەی ئێمە و چاوەڕێی نەکردمایە من دەچوومە بەردەم پۆلەکەی ئـەو و لەگـەڵ خـۆم دەهێنا و لەو دەرفەتانەی کە ڕێکدەکەوت هەواڵی داپیرەو (ئەحـەد) م لێدەپرسـی و ئـەویش باسی ڕووداوەکانی بۆ دەکردم.

((بەشـــــــــــی ٣٢))

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی تاقیکردنـەوەکانی سـەری سـاڵ زیـاتر بایـەخم دەدایـە (وەردە) و بەرامبــەر بەســەرکەوتنی ئــەو هەسـتم بــە بەرپرسـیارێتی دەکـرد. کاتێـك پـاش هـەر تاقیکردنەوەیەك بە شادومانی دەهاتە لام و پێیڕادەگەیاندم کـە بەباشـی وەڵامـی داوەتـەوە خەیاڵم ئاسودە دەبوو. تاقیکردنەوەی کیمیای من هاوکات بوو لەگەڵ دوایـین تاقیکردنـەوەی ئەو کە ئەدەبیات بوو. (وەردە) م بردە پەڕتووکخانەکەو هەوڵمدا لـەو دەرفەتـەی کـە مـاوە چـەند پێـشەکییەکی جـوانی فێرکـەم. کاتێـك دڵنیـابووم کـە فێربـووە ڕێگـەم پێـدا کـە پەڕتووکخانەکە بە جێبهێڵێت و کاتێـك ئـەو چـووە دەرەوە منـیش دەرگـای پەڕتووکخانـەم داخست و بەرێکەوتم. قوتابییـەکان لـە بـەردەم هـۆڵی تاقیکردنـەوەکان کـۆ بـوو بوونـەوەو چاوەڕێیان دەکرد تاوەکوو مۆڵـەتیان بـدرێتێ و بـچنە ژوورەوە. لەگـەڵ گەیـشتنی (ئاغـای قودسی) هەمووان چوونە هۆڵەکەوە و منیش دوایین ڕاسپاردەکانم بە (وەردە) گوت و کردمـە ژوورەوە. (ئاغای قودسی) ئاگاداری پەیوەندی مـن و (وەردە) بـوو و گـوتی"هـاوڕێی نوێـت دۆزیوەتەوە ! پیرۆزە". زەردەخەنەیەکم کـرد و ئـەو بـەردەوام بـوو"قوتـابی زیـرەك هـاوڕێی زیرەکیش بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. (ئاتریان) یش وەك تۆقوتابیەکی لە ڕادەبەدەر زیرەکە، بەڵام لەوە تێناگەم کە چی شتێك بۆتە هۆی ئاشنایەتی ئێوە دووانی؟ نزیکەی دوومانگە کە گروپە دووکەسیەکەی ئێوە گۆڕاوە بۆ سێ کەس و مـن هەسـتم بـەو میهرەبـانی و خۆشەویـستییە کردووە کە بەرامبەر (ئاتریان) هەتە و هەروەها ئـەو هۆگریـەی کـە ئـەو بەرامبـەر بـە تـۆ

دەریدەبڕێت. ئەم دۆستایەتییە بە شێوەیەك سەرقاڵی کردووی کەکەسانی ترت فەرامۆشکردووە و هەتا هەواڵیشمان ناپرسیت؟". گوتم"دۆستایەتی یەك لایەنە چ سودێکی هەیە؟ ئەگەر دەبینیت کە من (وەردە) م خۆشدەوێت لەبەرئەوەیە کە ئەویش منی خۆشدەوێت و دۆستایەتی و خۆشەویستیەکەمان یەك لایەنە نییە". پرسی"دۆستایەتی کەسانی تر یەك لایەنەو تەنهالەلایەن تۆوە بووە؟". سەرم ڕاوەشاند و پشتگیریم لە قسەکەی کرد. بەلالێوێکەوە پێکەنی و گوتی"بەلام من پێتدەلێم کە کەسانی تر هێشتاش هەر خۆشیاندەوێیت بەلام ئەو ساردوسڕییەی کە تۆ پیشانیدەدەیت ڕێگە نادات کە ئەوان خۆشەویستییەکەیان دەربڕن". (ئاغای قودسی) سەیرێکی کاتژمێرەکەیکرد و چاوەڕوانی وەلامی نەکرد و بە گوتنی (ببورە) چووە هۆڵی تاقیکردنەوەکانەوە. لەبەرئەوەی کە دۆستایەتی ئێمە بووبووە جێی پرسیار بۆ (ئاغای قودسی) خۆشحاڵبووم و بڕیارمدا ئەو لەحاڵەتی دوودڵیدا بهێڵمەوە. پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەی (وەردە) سەرەی من هات و لە بەردەم دەرگای هۆڵەکە هەموومان کۆ بووینەوەو من وەلامی هەندێك لە قوتابییەکانم دەدایەوە کە پرسیاریان لێدەکردم و کێشەیان هەبوو. لەگەڵ هاتنەدەرەوەی (وەردە) هێنامە لایەکەوە و لە بارەی بابەتی داڕشتنەکە پرسیارملێکرد. (وەردە) پێشنووسەکەی دامێ و من بە پەلە خوێندمەوە. بابەتی داڕشتنەکەی ئەمە بوو (چۆن دەتوانن هاوڕێ بدۆزینەوەو هاوڕێی باش دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێت؟). بە خوێندنەوەی نووسینەکەی (وەردە) تێگەیشتم کە ئەو، منی بە هاوڕێی خۆی زانیوە و ناوی منی بردووە. کاتێك (ئاغای قودسی) هۆڵەکەی بە جێهێشت و هاتەدەرەوە چوومە لای و گوتم"(تائریان) داڕشتنێکی باشی نووسیوە". پرسی"خۆ یارمەتیت نەدابوو؟". گوتم"بێگومان یارمەتیم دابوو". زەردەخەنەیەکی واتاداریکرد و گوتی"کەواتە نمرەی لێکەمدەکرێتەوە". گوتم"ئەمجارەیان ئیتر ناتوانیت نمرەی کەم دانێیت چونکە بە بیرو هزری خۆی داڕشتنی نووسیوە". هەمان زەردەخنەی دووبارەکردەوە و گوتی"خۆ نمرەی تۆ کەم نەکرابوو، کرابوو؟".گوتم"نەخێر، کەمنەکرابوو". گوتی"کەواتە بزانە هەرکەسێك نمرەی شیاوی خۆی وەردەگرێت و بێهودە نیگەرانی (تائریان)

Scanned with CamScanner

مەبە". پێکەنیم و گوتم"نیگەران نیم، تەنها دڵەڕاوکێمە". وەستاو بە سەرسوڕمانەوە تەماشایکردم و گوتی"دەتەوێ چی بڵێیت؟ مەبەستت چیە؟". گوتم"ڕاستییەکەی، دەمەوێت بزانم چ نمرەیەك بۆ دارشتنەکەی ئەو دادەنێیت، هەرئەوەندە". ئاماژەی بۆ هۆڵەکەکرد و گوتی"بڕۆ ژوورەوە و تەنها بیر لە تاقیکردنەوەی خۆت بکەرەوە ئەو هەرچی نووسیبێت نمرەی خۆی وەرئەگرێت. ڕاکە، ئابینی هەموو قوتابیەکان چوونەتە ژوورەوە". زانیم کە داواکاریەکەمی ڕەت کردۆتەوە و بە نیاز نییە داڕشتنەکەی (تانریان) بخوێنێتەوە و نمرەی بۆ دانێت. سەرم داخست و چوومە ژوورەوە. مامۆستاکانی تر بە شێوەیەکی ڕێك و پێك وەستابوون و چاودێری قوتابییەکانیان دەکرد. کاتێك چوومە ژوورەوە، (ئاغای ئەدیبی) بە گوتنی (خێرابە) داوایلێکردم کە دانیشم. پرسیارەکانم یەکە لە دوای یەك ئەخوێندەوە و وەلامم ئەدانەوە. سەرقاڵی وەڵامدانەوەی دوایین پرسیار بووم کە هەستمکرد (ئاغای قودسی) لە تەنیشتمەوە وەستاوە. سەرمبەرزکردەوە و بینیم کە تەماشای پەڕاوەکەم دەکات. دەستمکرد بەنووسین و کاتێك تەواوبووم، ئەو بەگوتنی (پەلە مەکە و جارێکی تر پێیدابچۆرەوە) وایلێکردم کە دانیشم و چاوێکیتریان پێدابخشێنمەوە. بە سەرسوڕمانەوە بینیم کە پرسیاری سێهەمم جێهێشتووە. وەلامی ئەویشم نووسی و ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد.

لە کورسییەکەم دوورکەوتەوە. کات کۆتاییهات و منیش دوایین کەس بووم کە تاقیکردنەوەکەم تەواوکرد و هەستام. ئەو و (ئاغای ئەدیبی) پەڕاوی وەلامەکانیسان ڕێکدەخست. پەڕاوەکەی دایە دەست (ئاغای ئەدیبی) و ئەویش پرسی"تاقیکردنەوەکە چۆن بوو؟". گوتم"زۆر گران بوو. ئەگەر (ئاغای قودسی) یارمەتی نەدامایە پرسیارێکی بیست نمرەییم لە کیسدەچوو". (ئاغای قودسی) سەریداخست و بە گوتنی (تۆمەتی قۆپیکردن مەدەپاڵم) خەریکی نیشوکاری خۆی بوو. (ئاغای ئەدیبی) دای لەقاقای پێکەنین و گوتی"هاوکاری ئەزیز، ئەو بابەتە هەر لە نێوان خۆماندا دەمێنێتەوە و ناچێتە دەرەوە. من بەوانی تر ناڵێم کە (ئاغای قودسی) وەلامی پرسیاری قوتابییەکەی (ڕووناکی چاوەکانی) داوەتەوە". (ئاغای قودسی) ناچاربوو هەموو شتێکی بۆ ڕوونکاتەوەو بڵێت کە تەنها منی

Scanned with CamScanner

هانداوە بۆ ئەوەی دانیشم و چاوێکی پێدا بخشێنمەوە. کارێك کە بۆ هەموو قوتابییەکانی تریش ئەنجامیداوە. (ئاغای ئەدیبی) قایل بو و هەرسێکمان هۆڵەکەمان بەجێهێشت.

(وەردە) چاوەڕوانی منی دەکرد. کاتێك لێمپرسی (بۆچی نەڕۆیشتوویتەوە؟) گوتی "دەمویست بزانم چۆن وڵامی تاقیکردنەوەکەت داوەتەوە؟". (ئاغای قودسی) قسەکەی ئەوی بیست و گوتی "وڵامدانەوەکەی (خانمی ئەفشار) وەك داڕشتنەکەی تۆ باش بوو". ئەم قسەیەی (ئاغای قودسی)، (وەردە)ی خۆشحالکردو گوتی "وەرە بڕۆین تەلەفۆن بکەین بۆ باوکم و پێیبلێین کە هەردووکمان سەرکەوتووین". (وەردە) لە گەڵ مندا هاتە پۆلەوە بۆ ئەوەی لیڤێکسەکەم هەلگرم و پێکەوە لە قوتابخانە بچینەدەرەوە. (ئاغای قودسی) و (ئەدیبی)ش لە هۆڵەکە چوونە دەرەوەو لەحەوش بەیەکگەیشتین. (ئاغای ئەدیبی) بە گوتنی (خانمی ئەفشارلفەرامۆشکرد پێت بڵێم زۆر سەلام لەمەرسدە خانم بکە) منی لە شوێنی خۆمدا چەقاند. ئەو هەروەها لە گەڵ گلەییکردن لەدەست فەرامۆشکاریەکانی خۆی بەردەوامبوو "من دوێنێ شەو لەگەڵ کاك (فەرەیدون) و (مەرسدە خانم) قسەمکرد. ئەحواڵیان باشەو تاقیکردنەوەکانی ئەوانیش هەفتەی داهاتوو کۆتایی پێدێت". من وەستام تا قسەکانی تەواوبکات. (ئاغای قودسی) ش وەستابو و گوێی لە گفتوگۆکانی ئێمە ڕادەگرت. (ئاغای ئەدیبی) درێژەپێیداو گوتی "(مەرسدە خانم) سەبارەت بە تاقیکردنەوەکانت پرسیاری لێکردم و پێمگوت کە تۆش سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانتی". پرسیم "(مەرسدە) نەیگوت کەی دەگەڕێتەوە؟". (ئاغای ئەدیبی) گوتی "من پرسیم، بەلام ئەو کاتێکی دیارینەکرد، بەلام پێموایە پاش تاقیکردنەوەکان، کە پێنجی پووشپەڕ تەواو دەبن بەڕێدەکەون و ئومێدەوارم ڕۆژی شەش و حەوتی پووشپەڕ لێرە بن. هەروەها (مەرسدە خانم) گوتی کە پێتڕاگەیەنم چاوەڕوانی میوانەکەیان بیت". هەرسێکمان دەمانزانی کە میوانی (مەرسدە) و (فەرەیدون) کێیە. (ئاغای ئەدیبی) لەپێشچاوی (ئاغای قودسی) بەڕاشکاوی گوتی "ئێوە جووتە خوشك داواکارەکانتان ئاڵوگۆڕ کردووە، وانییە؟". بە هۆی پرسیارەکەیەوە سوور هەڵگەڕام و گوتم "بە هەڵەدا ڕۆیشتووی ئەو تەنها میوانی ئێمەیەو

بەس، نەك داواكار". (ئاغای قودسی) زەردەخەنەیەكی پڕنهێنی كرد. (ئاغای ئەدیبی) پرسی "بەیانی پێنج شەممەیە، دەچی بۆ هیچ شوێنێك؟". گوتم "بەڵێ، دەمانەوێت بڕۆین بۆ ماڵی (ئاغای تائریان)". گوتی "ئا... تۆ ئەوەندە كە هاتووچۆی ماڵی (ئاغای تائریان) دەكەیت كەمتر دەرفەتتدەبێت سەردانی ئێمە بكەیت". گوتم "خۆشەویستی (وەردە) بۆتە هۆی ئەو هاتووچۆیەو ئەگەر تۆش پێتخۆشە لە گەڵمان وەرە". سوپاسییكرد و بە گوتنی - تەلەفۆن بۆ دایكمدەكات - خواحافیزیكرد و لەگەڵ (ئاغای قودسی) بەڕێكەوت.

(وەردە) بۆ یەكەمجار زانی كە (ئاغای ئەدیبی) بەم زووانە دەبێت بە هاوسەری خوشكەكەم و بەسەرسوڕمانەوە گوتی "ئەو مامۆستایەكی باشەو لە خوشكەكەت دەوەشێتەوە". بەڵگەهێنانەوەكەی منی هێنایە پێكەنین و پێكەوە قوتابخانەمان جێهێشت.

دیداری باوكم و (ئاغای تائریان) پەیوەندییەكی پتەوی لە نێوانیاندا دروستكرد، بەشێوەیەك كە جیاوازی تەمەنی نێوان باوكم و ئەو نەدەبینراو بوون بە هاودەمێكی باش بۆ یەكتر. من جارێكیان پێمخۆشبوو ئەو چارشێوە لەسەركەم كە داپیرێ (وەردە) بۆی دووریبووم و لە ماڵ بچمەدەرەوە، بەڵام دایكم ناڕازی بو و نەیهێشت. كاتێك ئامادەی ڕۆیشتن بووین، جارێكیتر داواملەدایكمكرد و ئەویش ڕازی بوو.

چارشێوە عەرەبییەكەم لەسەركرد و لەگەڵ باوكم و دایكم بەڕێكەوتین. كاتێك زەنگمان لێدا، ئەوان هەموویان هاتن بۆ پێشوازیمان. داپیرە كە منی دی، زۆر خۆشحاڵبو و ناوچەوانی ماچكردم. ئەوشەوە هەر بەو چارشێوەوە ڕێمدەكرد و چێشتم دەخواردو ئامادەنەبووم لە خۆمی دوورخەمەوە. تاریفكردنەكانی داپیرە و (ئاغای تائریان) زیاتر هانیدەدام كە لەخۆمی دوورنەخەمەوە. دەمویست لەگەڵ لەسەركردنی ئەو چارشێوە وەك خانمێكی سەنگین و ڕەوشتبەرز ڕەفتاربكەم، بەڵام بەدبەختانە كەسایەتی دووهەمم دەركەوت و ئەوشەوە بووم بە بوونەوەرێكی شلۆق و پڕ جموجوڵ.

سەیركردنەكانی (ئاغای تائریان) وەك سەیركردنی هونەرمەندێك وابوو كە لە مۆدیلی وێنەكێشانەكەی ڕابمێنێت. ئەو بچووكترین جموجووڵەكانمی دەخستە ژێر چاودێرییەوەو لە بارەی یەكبەیەكەی كردارەكانم دەیتوانی بیروڕایەك دەربڕێت. ئەو جموجووڵ و جۆش و خرۆشەكانمی لە بیری خواست و ئارەزووی گەنجێتی لە قەڵەمدەداو گوتی "ڕەفتاری تۆ

کارێگەری خستۆتە سەر من و منیش خۆم بە گەنج دەزانم". دایکم بە گوتنی (تۆ هێشتا هەر گەنجیت)، (ئاغای تائریان) ی خۆشحاڵکرد و گوتی"لەپاش مەرگی هاوسەرەکەم هەرگیز هەستی وامنەبووە و لەو بڕوایەشدا نەبووم کە ڕۆژێک هەستبکەم کە گەنجم، بەڵام پێکەنینەکانی (مینا خانم) و ئەو جۆش و خرۆشانەی کە لە ڕەفتارەکانی دەبینرێت ڕووناکی و گەرما بەم ماڵە سارد و خەماوییەی ئێمە دەبەخشێت و من خۆشحاڵم کە دەبینم خێزانەکەم بە بینینی ئێوە و میهرەبانیەکانتان هەست بە خۆشحاڵی و ئاسوودەیی دەکەن. دایکم لەو شەوەوە کە لەگەڵ ئێوە ئاشنابووە خۆشەویستی و میهرەبانی ئێوە چووەتە دڵیەوەو ئێوە بوون بەویردی زمانی. من شوکری خوادەکەم کە ئێمەی لەگەڵ ئێوە ئاشناکرد و هەر داواش لە خۆی دەکەم کە ئەم دۆستایەتییە بپارێزێت و ئێمە ڕۆژلەدوای ڕۆژ لە یەکتر نزیکبینەوە".

باوکم پشتگیری لەقسەکەیکرد و بە گوتنی (بە ئومێدی خوا) بەردەوامبوو"ئێمەش خۆشحاڵین کەلەگەڵ ئێوە ئاشنابووین و (مینا) ش ئێوەی خۆشدەوێت، بە تایبەت (وەردە) کە هەموو ڕۆژێك لە قوتابخانە دەیبینێت. (مینا) لە بەرئەوەی کە خوشکێکی بچووکتر لە خۆی دۆزیوەتەوە زۆر خۆشحاڵ و شادومانە". ووشەی - خوشك - کەمێك (ئاغای تائریان) ی بردە ناو فکرەوەو بە ئاهێکی کورت پشتگیری لە قسەکەی باوکم کرد.

من زۆر هۆگری ئەوان بووم و لە ڕادەبەدەر ڕێزی (ئاغای تائریان)م دەگرت. ئەو، هەم پیاوێکی هونەرمەند بو و هەم باوکێکی نمونە. خۆشەویستییە پاك و بێگەردەکەی ئەو بەرامبەر بە منداڵەکانی، جێگا خاڵییەکەی دایکیانی پڕکردبۆوەو ئەو کارەی شایانی ڕێزلێنان بوو. داپیرە گوتی کە زۆربەی بەرپرسیارێتی کوڕەزاکانی لە ئەستۆی خودی (ئاغای تائریان) بووەو ئەو هەست بەماندوێتی ناکات.

ئەو نیوەڕۆ و ئێوارە لەلای منداڵەکانی بو و بۆ پڕکردنەوەو نەهێشتنی پێداویستییەکانیان تێدەکۆشا. (ئاغای تائریان) یەکێك لە وێنەکانی جەژنی لە دایکبوونەکەی (وەردە) ی پیشانی باوکم دا کە من دانیشتبووم و (ئەحەد) و (وەردە) ش گۆناکانیان ماچ دەکرد و گوتی بە نیازە تابلۆیەکی گەورەی ئەو وێنەیە بکێشێت و لە ژوورەکەی هەڵیواسێت. کاتێك باوکم ڕەزامەندی خۆی دەربڕی دەستی باوکمی بە گەرمی گووشی و زۆر سوپاسی کرد.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ٣٣))

لەگەڵ کۆتاییهاتنی قوتابخانەو هاتنی ڕۆژانی پشوو، بڕیارمدا زیاتر هاتووچۆی ئەو خێزانە بکەم و ئەو کاتانەی کە بێنیشم، لەگەڵ ئەوان بە سەریبەرم، بەڵام بە هاتنەوەی (مەرسـدە) و (فەرەیدون) و ئوستادەکەیان ئەو بەرنامەیە تێکچو و زۆربـەی کاتـەکانم لەگـەڵ ماڵـەوەمان بەسەربرد.

ئوستاد، پیاوێکی کەشخە و قۆز بو و بە هەمانشێوە کە (مەرسدە) باسی کردبوو، وەکـو ئێمە بەفارسی قسەی دەکرد، بەڵام لە زاراوەکەی دیار بوو کە هیندییە. ئەو لەگـەڵ (ئاغـای ئەدیبی) ئاشنابو و پیرۆزبایی دەزگیرانییەکەی لێکرد. کاتێك ئەو قسەی دەکرد، مـن نـوقمی تەماشاکردنی دەبووم و لەبەر ئەوەی کە بە بێ گتکردن و گیروگرفت بە فارسـی قـسەیدەکرد، چێژم لێوەردەگرت.

کە چەندڕۆژێك دوای هاتنی ئەوان تێپەڕیبوو، شەوێك خێزانی (ئاغای قودسی) هاتن بـۆ دیدارمان و هەموویان لە نزیکەوە لەگەڵ ئوستاد ئاشنابوون. ئەو لە کاتی سوپاسـکردن هـەر دوو ناولەپی دەخستەسەر یەك و نزیکی ناوچەوانی دەکردەوە، ئینجا ووشەی (مەمنون) ی بە کاردەهێنا.

ئەو، پێشتر جارێك، بۆ بەشداریکردن لە فستیڤاڵی هونەر، هاتبوو بۆ ئێران و لە نزیکـەوە شاری شیرازی دیبوو، بەڵام لەو گەشتویدا دەیویست سـەردانی ناوچـەکانی بـاکووری وڵات و مۆزەخانەکان بکات و، پاشان بچێت بۆ مەشهەد. پێشتر بەرنامەی داڕشتبو و وایدانابوو کـە

Scanned with CamScanner

تا کۆتایی مانگی پووشپەڕ دەتوانێت هەموو شوێنێکی ئێران ببینێت. کاتێک باسی بەرنامەکەی خۆی دەکرد (ئاغای قودسی) لەبەرخۆیەوە گوتی -ئەگەر وابێت، لەوانەیە مانگی گەلاوێژی بۆ خوازبێنی و هاوسەرێتی هەڵبژاردبێت-. لەبەرامبەر ڕووگرژییەکەی من، بە لالێوێکەوە پێکەنی و ڕووی‌لێوەرگێرام و سەیری ئوستادی کرد.

بەرنامەی (مەرسدە) و (ئاغای ئەدیبی) کە بۆ ڕۆژی شانزەهەمی پووشپەڕ پێشبینی کرابوو، هەندێك گۆڕانکاری لە بەرنامەی ئوستاددا دروستکرد و ناچار بوو بەرنامەکەی بگۆڕێت. (فەرەیدون) بەرنامەکەی بە شێوەیەك ڕێکخستبوو کە ئوستاد سەرەتا لە تاران سەردانی هەموو مۆزەخانەکان و شوێنە گرنگەکان بکات و پاش ئاهەنگی هاوسەرێتییەکەی خوی بەرێبکەون بۆ شوێنەکانیتر. هەمووان ڕەزامەندی خۆیانیان بەرامبەر بەم بەرنامەیە دەربڕی و بۆ بەیانییەکەی من ڕاسپێردرام کە ئوستاد ببەم بۆ پارك و مۆزەخانەکان. (فەرەیدون) و (مەرسدە) ش توانییان پێشەکییەکانی کارەکەی خۆیان فەراهەمبکەن.

کە ڕۆژدەبۆوە، هەردووکمان پاش خواردنی بەیانیان- بەپێی بەرنامەکەی (فەرەیدون)- بەرێدەکەوتین و نیوەڕۆ دەگەڕاینەوە. پاش نیوەڕۆش، کاتژمێر چوار، لە ماڵ دەردەچووین و تا کاتژمێر هەشت لە ناوشار دەمگەڕاند. ئەو ئوتۆمبێلێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە کاتی بەفێڕۆچووی کەمدەکردەوە. پیاوێکی بێدەنگ و هێمن بو و باشی گوێی بۆ ڕوونکردنەوەکانی من ڕادەگرت کە وەك ڕێنماییکارێك دەرمدەبڕین.

سەردانی مۆزەخانەکان ئەو هەلەشی بۆ خۆم ڕەخساند کە لە نزیکەوە شوێنەوارەکۆنەکان ببینم. لەبەرئەوەی کە ئوستاد زمانی ئێمەی دەزانی لە زۆربەی ئەو سەردانانەدا ڕوونکردنەوەی لەسەر شوێنەوارەکان دەدا و من گوێمدەگرت. شەوێك بردم بۆ شانۆگەری و لەوێشەوە چووین بۆ پارکی لۆنا و پێکەوە سواری بەرزترین چەرخ و فەلەك بووین، ئەو زیاتر نیگەرانی من بو و چەندجارێك جەختی کردەوە کە خۆم توندبگرم. کاتی گەڕانەوە، هەستم بە ماندووێتییەکی لەڕادەبەدەر دەکرد. ئوستاد هەستی بە ماندوویەتییەکەمکرد و گوتی "ئەگەر پێتخۆشبێت بەیانی پشوو دەدەین و منیش خەریکی یادداشتکردنی ئەو شتانە دەبم کە

بینیومن". پێشنیازەکەیم پەسەندکرد و بەیانییەکەی لە ماڵەوە ماینەوە. ئوستاد لە ژوورەکەی (فەرەیدون) دانیشتبوو، یاداشتی دەنووسی و منیش یارمەتی دایکم دەدا.

کاتژمێر نزیکی دە بوو، دایکم گوتی"(مینا) پیاڵەیەك چا بەرە بۆ ئوستاد. ئەو بە بێ (فەرەیدون) هەست بە تەنهایی و نامۆیی دەکات". پیاڵەیەك چام لەگەڵ چەند پارچە پسکیتێك بردە سەرەوە و بینیم کە سەرقاڵی نووسینە. کاتێك پرسیم (دەتوانم بێمە ژوورەوە؟) سەری بەرزکردەوەو بەرووخۆشییەوە داوایلێکردم کە بچمە ژوورەوە. چا و پسکیتەکەم لەسەر مێزەکە داناو ناویستانە دانیشتم و پرسیم"تا کوێت نووسیوە؟". زەردەخەنەیەکیکرد و گوتی"گەیشتوومەتە مۆزەخانەی مرۆڤناسی". گوتم"چایەکەت سارد دەبێتەوە، بیخۆوە". گوتی"تۆ و خێزانەکەت شەرمەزارم دەکەن و قەرزداری ئێوەم و داوایلێبوردن دەکەم، بووم بە بارگرانی بۆتان". گوتم"نەخێر، بەپێچەوانەوە، ئێمە شەرمەزاری ئێوەین کە (مەرسدە) و (فەرەیدون) لە وڵاتی ئێوە بوون بەسەرئێشەی جەنابتان. (مەرسدە) بۆی باسکردووین کە جەنابت و خێزانەکەتان بەرامبەر ئەوان چەند میهرەبان بوون. ئێمە دەبێ شەرمەزاری میهرەبانی ئێوەبین". گۆنای سوورهەڵگەڕاو گوتی"خێزانەکەمان زۆر هۆگری (فەرەیدون) و (مەرسدە خانم)ن. ئێمە ئەوان لە خۆماندەزانین". گوتم"کەواتە ئەوەش پەسەندبکە کە ئێمەش جەنابت لە خۆماندەزانین". سوپاسیکردم و پاشان پرسی"بۆ ئەو ڕۆژانی پشووە چ بەرنامەیەکت داڕشتووە؟". شانم هەڵتەکاند و گوتم"هیچ". بە سەرسوڕمانەوە پرسی"هیچ؟ واتە تۆ هیچ بەرنامەیەکت نییە؟". گوتم"هەر وەکو دەزانیت، (مەرسدە) و (فەرەیدون) سەرقاڵی ژیانی هاوسەرێتین و بڕواناکەم ئیتر دەرفەتم هەبێت". سەری ڕاوەشاند و پشتگیری لە قسەکەمکرد و گوتی"تۆش لە گەڵمان دێیت بۆ باکووری وڵات؟". گوتم"بڕواناکەم، چونکە بە ڕۆیشتنی ئێوە، دایکم بەتەنها دەمێنێتەوەو من دەبێ لەلای بم". بە گوتنی (بە داخەوە) پیاڵە چاکەی خواردەوە. لەکاتی هەڵگرتنی پیاڵەکە گوتم"ئەگەر کارەکەت تەواوبووە و ئیشت نەماوە، وەرە خوارەوە تا ئەلبوومی وێنەکانی خۆمانت پیشانبدەم". هەستاو پەڕاوەکەی داخست و لەگەڵم هاتەخوارەوە. هەموو

Scanned with CamScanner

ئەلبومەکانم کۆکردەوەو لە تەنیشتی دانیشتم و یەك بە یەك وێنەکانم پیشاندەدا و کەسەکانم پێدەناساند، ئەویش تەماشایدەکرد و هەندێك پرسیاریشی دەکرد و منیش وەلامدەدایەوە.

ئەو سەرقاڵی سەیرکردنی ئەلبوم بوو کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا. داوای لێبووردنمکرد و تەلەفۆنەکەم هەلگرت. بە بیستنی دەنگی (ئاغای تائریان) زۆر دڵخۆشبووم و ئەحواڵپرسییەکی گەرمم لەگەڵ کرد. ئەو گلەیی ئەوەی لێکردم کە بۆچی ئیتر ناچم بۆ بینینیان و منیش هەموو شتێکم بۆ روونکردەوە. کتوپڕ بیرملەوە کردەوە کە ئوستاد بەرم بۆ پێشانگاکەی ئەو و کاتێك ئەمەم درکاند (ئاغای تائریان) بەرووخۆشییەوە پەسەندیکردو وادەی پاشنیوەڕۆی هەمانرۆژمان دانا و ئەو بە گوتنی (سلاو لە باوك و دایکت بکە) تەلەفۆنەکەی داخست. بە ئوستادم گوت"پێتخۆشە سەردانی پێشانگای تابلۆ بەنرخەکان بکەیت؟". زۆر خۆشحاڵبو و گوتم"پاشنیوەرۆی ئەمرۆ دەچین بۆ ئەو پێشانگایە".

کاتی خواردنی نیوەڕۆ بەرنامەکەم باسکرد و (فەرەیدون) پەسەندیکرد و من و ئوستاد لە کاتی دیاریکراو رۆیشتین بۆ پێشانگا. (ئاغای تائریان) پێشوازیەکی گەرمی لێکردین و پاش پێشوازیکردن، دەستمانکرد بە سەیرکردنی تابلۆکان. روونکردنەوەکانی (ئاغای تائریان) لە مەڕ هەر تابلۆیەك، ئوستادی تووشی سەرسوڕمان دەکرد و کاتێك ئاگاداری نرخی تابلۆکان دەبوو، زیاتر سەری سوڕدەما. لە کۆتاییدا (ئاغای تائریان) تەپڵەکێکی جگەرەی بە دیاری دایە ئوستاد و باوەشێنێکی چینیشی پێشکەشی منکرد و ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە بەرەوماڵ کەوتینەڕێ.

باوکم کاتێك تەپڵەکەکەی بینی بە جوانی سەیریکرد و گوتی"پێدەچێت نرخەکەی زۆر گران بێت"و ئوستاد پشتگیری لە قسەکەی کرد.

کارتەکانی داوەت نووسران و شتکڕینی بووك و زاواکان کۆتاییهات و بە درێژایی ئەو ماوەیەش من و ئوستاد سەرقاڵی ئیشی خۆمان بووین. ئەو هەموو شەوێك راپۆرتێکی تەواوی دیدارەکانی پێشکەشی (فەرەیدون) دەکرد و ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەو بەرپرسیارێتییەی خستبووە سەرشانی من شەرمەزاری خۆی دەردەبڕی.

سەرەنجام ڕۆژی دیاریکراو هات و بووك و زاواکان خۆیان ئامادەی ئاهەنگ گێڕان کرد. من ئەو ڕۆژە ئوستادم بە جێهێشت و لەگەڵ خوشکەکەم و (شیدە) ڕۆیشتم بۆ ئارایشتگا. کاتێك گەڕاینەوە ڕووبەڕووی میوانێکی زۆر بووینەوە و (ئاغای ئەدیبی) و (فەرەیدون) هەردووکیان نیگەران بوون نەوەك بە باشی و ڕێکوپێکی پێشوازی لە میوانەکان نەکرێت. ئامادەبوونی خێزانی (ئاغای قودسی) لەوێ ئارامییەك بوو بۆ ئەوان و لەگەڵ گەیشتنی (مەحمود) و (دایەخان)، (فەرەیدون) هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا.

پاش بەجێ گەیاندنی کرداری فەرمی و شەرعی مارەبڕین، هەست و سۆز و جۆش و خرۆشی میوانەکان دەرکەوت و دەنگی میوزیك شووشەکانی ماڵەوەی دەهەژاند. هەموویان ئاوێتەی یەك بوون و ئاشپەزخانە و هۆڵەکەش پڕ بوون لەخەڵك. دەمەو ئێوارە میوانەکان ڕۆیشتنە حەوش و لە پشتی ئەو مێزانە دانیشتن کە لەوێ ئامادەکرابوون و جارێکیتر میوانداری دەستیپێکرد. سەرم لەبەر ئەوهەموو دەنگەدەنگ و هات و هاوارە خەریك بوو شەقی دەبرد و بۆ ڕزگاربوونم لەوێ بە دوای شوێنێکی هێمن و ئارامدا دەگەڕام، بەڵام ڕووم لە هەرکوێ دەکرد، جێگایەکی چۆڵم دەستنەدەکەوت. ئەوەندە (مینا مینا) م بیستبو و لە ئیشکردن ماندوو بووبووم، ژانەسەرم گرت. پەنجەکانی پێم دەسووتانەوەو لە تاو ئێش و ئازار پێلاوەکانم لە پێکانم کردنەوە. ئوستاد بینیمی و ئاماژەی بۆ کردم کە دوای کەوم. لە پلێکانەکان چووینە سەرەوە و ئوستاد جانتاکەی کردەوەو جووتێك نەعلی دەرهێناو دایە دەستم و گوتی"ئەوانە لەپێ کە". نەعلێکی زۆر جوان بوون! وەرمگرتن و سوپاسمکرد. کاتێك دەڕۆیشتمە دەرەوە، گوتم"هەوڵدەدەم خرایان نەکەم تا بتوانیت دووبارە بیگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکەی". پێکەنی و گوتی"نیگەران مەبە، من ئەوانەم بۆ تۆ هینابوو، بەڵام شەرمم دەکرد پێشکەشتی کەم". گوتم"زۆر جوانە و ئەگەر نەتدابامایە کەم میهرییت دەکرد". پێکەنی و گوتی"خۆشحاڵم کە بە دڵت بوون".

(ئاغای قودسی) کاروبارەکانی لە ئەستۆ گرتبو و (کامەران) و (بەهرۆز) و (مەحمود) و چەند دۆست و هاوڕێیەکی (ئاغای ئەدیبی) فەرمانەکانی ئەویان جێبەجێ دەکرد. کاتی خۆرئاوابوون (ئاغای ئاتریان) هاتەژوورەوە، بەڵام بە تەنها. ڕۆیشتم بۆ پێشوازیکردنی و

Scanned with CamScanner

لێمپرسی "بۆچی ئەوانی ترت نەهێناوە؟". بەشەرمەزارییەکەوە گوتی "(ئەحەد) تەندروستیی باش نەبو و دایکیشم ناچاربوو چاودێریبکات". ئەو لەگەڵ (فەرەیدون) و (ئاغای ئەدیبی) ناشنابوو. ئەوم لە تەنیشت ئوستاد دانیشاند و لەو کۆڕو کۆمەڵە تەنها ئەوان دووانی نامۆ بوون. بە (ئاغای قودسی) م گوت "تکایە پێیان بڵێ شەربەتێك بۆ (ئاغای تائریان) بێنن". بە تورەییەوە تێیڕوانیم و گوتی "تکایە فەرمان دەرمەکە، ئێمە خۆمان دەزانین چۆن میواندارێتی بکەین". هیچم نەگوت و خۆم شەربەتەکەم هێنا. کاتێك لە تەنیشتی دانیشتم، گوتی "ناحەقت ناگرین ئەگەر ئێمەت فەرامۆش کردبێت، بە ڕاستی زۆر سەرقاڵن". ئوستاد سەیرێکی ئەو خەڵکەیکرد و گوتی "بە ڕاستی قەلرەباڵخە و (مینا خانم) زۆر ماندووبووە". کاتێك باوکم هات بۆبەخێرهێنانی، من هەستام و ئەو لە جێگاکەی من دانیشت. (مەحمود) بە پەرداخێك شەربەتەوە نزیکبۆوەو کاتێك شەربەتی لە بەردەم (ئاغای تائریان) بینی، پرسی "کەواتە شەربەت بۆ کێ بوو؟". پەرداخەکەم لێوەرگرت و گوتم "بۆ منە". پێکەنی و گوتی "جا کێ باشتر لە تۆ". گوتم "هەر تۆ وادەڵێیت. تۆش ماندووبوویت و بە ئومێدی خوا لە زەماوەندەکەت قەرەبووی دەکەینەوە". دیسان پێکەنی و گوتی "ئێمە بەخت و شانسی وامان نییە" و سینییەکەی بەبەتاڵی گەڕاندەوە.

(ئاغای قودسی) هاتە هۆڵەکەوەو پەرداخەکەی لە دەستی من دی و گوتی "میوانەکەت شەربەت نەوشی گیان ناکات؟". گوتم "با...چۆن؟ بەڵام نەك هەموو شەربەتێك. من خۆم بۆم برد". توانجەکەمی پشتگوێخست و ڕۆیشت بۆ ئەوەی لەگەڵ (فەرەیدون) ڕاوێژبکات.

کاتژمێر نۆی شەو، میوە و شیرینییەکان لەسەرمێزەکان هەڵگیران و جێگاکانیان بە بەلەمی خواردن پڕبۆوە. من و ئوستاد و (ئاغای تائریان) سووچێکمان بۆ خۆمان دۆزیەوەو بە پێوە خواردنەکەمان خوارد. ئەمزانی کە ئەو دووانە لە ڕوویاننانیەت میواندارێتی لە خۆیانبکەن و لەلایەکی تریشەوە هەموو جارێك (فەرەیدون) و (مەرسەدە) داوایانلێدەکردم میواندارێتی لە ئوستاد بکەم و هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاگام لەوانیتر نەمێنێت و

هەموو کاتیشم بە میوانداریتیکردن لە ئەو و (ئاغای تائریان) بەسەربرد. تا درەنگانێکی شەو میوانەکان هەر لە گەڵمان بوون و ئەوکات پەیتاپەیتا خواحافیزییانکرد و ڕۆیشتن.

پاش ڕۆیشتنی هەموو میوانەکان، ژمارەیەکی کەمیان مابوونەوە، کە خێزانی (ئاغای قودسی) و (مەحمود) بەشێك بوون لەوان. (ئاغای تائریان) زووتر لە هەمووان ڕۆیشتبوو. کاتێك بینیم ماڵەوە لەبێگانەکان چۆڵ بووە، خۆم خست بە سەر مۆبڵەکاندا و بە (دایەخان) م گوت"بە هیچ شێوەیەك ناتوانم لەسەر قاچ خۆم ڕاگرم". (دایەخان) گوتی"تۆ ماندوویت دەبێ پشوویدەیت". لە سیمای یەکە بە یەکەی پاشماوەی میوانەکان شوێنەواری ماندوویێتیم دەبینی. (مەرسدە) و (شیدە) زیاتر لەهەمووان ماندووبوون، چونکە ئەوان لە ناو جلوبەرگی بووکێنیدا هەستیان بەئاسوودەیی نەدەکرد. درەنگانێکی شەو ئێمەو میوانەکان لەگەڵ بووك سواری ئوتۆمبێل بووین و (شیدە) و (فەرەیدون) مان تا ماڵی پورم ڕەوانەکرد. پاش گەیاندنە جێی (شیدە)، (فەرەیدون) دەیویست لە گەڵمان بگەڕێتەوە، بەڵام دایکم نەیهێشت و پێیگوت کە دەبێ لە ماڵی باوك و دایکی بووك بمێنێتەوەو ئێمە گەڕاینەوە. خێزانی (ئاغای قودسی) ش ئێمەیان بە جێهێشت و ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئێمە مابووینەوە و ماڵێکی شپرزەو پیس و پەرش و بڵاو. (مەرسدە) جلەکانی گۆڕیبو و لەگەڵ (سامان) خەریکی کۆکردنەوەی دەفرەکان بوو. من و دایکم نەمانهێشت ئەو ئیش بکات و خۆمان خەریك بووین. ئوستاد هات بۆ یارمەتیدانی ئێمەو لەگەڵ (مەحمود) و (دایەخان) هەر یەکەیان ئیشێکیان لە ئەستۆ گرت. ئێمە پێکەنینمان بە ئوستاد دەهات کە ئەویش وەك ئێمە خەریکی ئیشکردن بوو. ئەو لە وەڵامی باوکم کە پێیدەگوت دانیشێت و تەنها سەیربکات گوتی"ئەگەر نەهێڵن منیش ئیشبکەم، دڵنیا دەبم کە من لەخۆتان نازانن". وتەکەی بووە هۆی ئەوەی کە ئیتر باوکم هیچ نەڵێت و ئەویش بە خەیاڵی ئاسوودە ئیش بکات.

تاوەکوو دوو ڕۆژ پاشتر هێشتا هەر هەستمان بە ماندوویێتی دەکرد و حەزمان لەهیچ چالاکییەك نەبوو. کاتێك زاواو بووکە گەنجەکان خۆیانیان بۆ سەفەر ئامادە دەکرد، ئوستاد لە لایەن کۆمەڵێك لەئوستادانی زانکۆی تارانەوە داوەتکرا کە لە گەڵیان بچێت بۆ ئیسفەهان. ئەو داوەتە ئوستادی خۆشحاڵکرد و سەفەری باکووری وڵاتیش دواخرا. ئەوان بە

ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای ئەدیبی) بەڕێکەوتن و ئوستادیش لەگەڵ ئوستادانی زانکۆی تاران بەرەو ئیسفەهان کەوتەڕێ.

هەفتەیەك لە سەفەرەکەیان تێپەڕیبو و منیش زۆر بێزارو بێتاقەت بوبووم. دایکم پێشنیاریکرد بڕۆم بۆ بینینی دایکی (ئاغای تائریان). کاتێك ڕۆیشتم بۆ ئەوێ (وەردە) هەر کە منی دی هەر دوو چاوی پڕبوون لەفرمێسك و لەبەرامبەر ئەو پرسیارە کە کردم (بۆچی تەلەفۆنێکم بۆ ناکەیت؟) گوتی"باوکم ڕێگەم پێنادات. ئەو دەڵێت کە تۆ ئیش و کارت زۆرەو دەرفەتی قسە کردنت نییە لەگەڵ من".

داپیرە ئێمەی لە تەنیشت خۆی دانیشاند و پاش پیرۆزبایی، ئەحواڵی پرسیم و پرسیاری بووك و زاواکانی لێکردم. هەموو ڕووداوەکانم بۆ باسکرد و گوتم کە بە ڕاستی جێگای ئەو و (وەردە) خاڵیبوو. تاریفکردنەکانی من، خۆشحاڵیکرد و تا ئامادەبوونی خواردن خۆمم لەگەڵ (ئەحەد) و (وەردە) سەرگەرمکرد و بەڵێنمپێدان پاشنیوەڕۆ لەگەڵ خۆمدا بیانبەم بۆ گەڕان.

نیوەڕۆ (ئاغای تائریان) هاتەوەو بە بینینی من خۆشحاڵبوو. (وەردە) پێیڕاگەیاند کە بڕیارماندواە پاشنیوەڕۆ بچین بۆ گەڕان و پیاسەکردن. (ئاغای تائریان) بە گوتنی (منداڵەکان ئەزیەتت دەدەن) دەیویست پاشگەزمانکاتەوە، بەڵام کاتێك تامەزرۆیی خۆمم ڕاگەیاند، بێدەنگبو و پاشان گوتی"زۆرباشە، بەڵام بەو مەرجەی کە خۆم بتانگەیەنمە پارك و هەر خۆشم بتانهێنمەوە". ڕازیبووم و پاشنیوەڕۆ لەگەڵ منداڵەکان چووم بۆ پارك. (ئاغای تائریان) ئێمەی گەیاندە پارکێکی نزیك پێشانگاکەی خۆی و پاش ئەوەی کە دڵنیابوو ئێمە ئاسوودەین، خۆی ڕۆیشت بۆ پێشانگاکەی. منیش منداڵەکانم بەهەموو جۆرە یارییەك سەرگەرمدەکرد و چاودێریمدەکردن.

دەمەو ئێوارە (ئاغای تائریان) بۆ گەڕاندنەوەی ئێمە هاتەوەو هەمووماں بە ساغ و سەلامەتی بەڕێکەوتین. (ئەحەد) بە زمانە شیرینەکەی باسی یارییەکانی دەکرد بۆ باوکی و لەبەرئەوەی کە ماندوو بوبوو لە باوەشمدا خەویلێکەوت. من سەیری منداڵەکانمکرد و گوتم"(ئەحەد) زۆرجوانە، ئەو لەدایکی دەچێت؟". (ئاغای تائریان) تەماشایکردم و

گوتی"بەڵێ قژو پێستە سپییەکەی لەدایکییەوە بۆماوەتەوە". پرسیم"تۆ ناتـەوێ جـارێکیتر ژن بێنیت؟". پرسی"تۆ کەست بۆ من دەستنیشان کردووە؟". گوتم"نـەخێر، بـەڵام پێموایـە ئەگەر ژن بهێنیت بۆ منداڵەکان باشترە. خۆت وابیرناکەیتـەوە؟". پێکـەنی و گـوتی"بـەڵێ، بەڵام دەبێ دایکی ئایندەیان بە ویست و خواستی خۆیان بێت و خۆشیانبوێت"و لەبەرئـەوەی کە سەرسوڕمانی منی دی، گوتی"بۆ سەرت سوڕماوە؟ من ئەو مافە بەمنداڵەکانم دەبەخشم کە دایکی ئایندەی خۆیان هەڵبژێرن". پرسـیم"ئەگـەر ئـەو کارەیـان نـەکرد؟". پێکـەنی و گوتی"ئەوەندە چاوەڕێدەکەم، تا سەرەنجام هاوسەرێك بدۆزمەوە کە ئـەوان خۆشـیان بوێـت". گوتم"بەڵام ئەوە دروست نییە. ئەوان هێشتا زۆر منداڵن و ناتوانن تێبگـەن لـەوەی کـە کـێ باشە یان کێ خراپە. تۆ هەڵبژاردنەکـەی خـۆت ئەنجامبـدە و دڵنیابـە کـە ئـەوانیش لەگـەڵ هاوسەرەکەت ڕادێن و هۆگری دەبن". جـارێکیتر پێکـەنی و گـوتی"مـن منداڵـەکانم چـاك دەناسم و دەزانم کە ئەوان لەمناڵانیتر جیـاوازن. ئـەوان زۆر هوشـیار و زیـرەکن و لـە خـۆڕا کەسیان خۆشناوێت. سەرم سوڕدەمێنێت کە تۆیـان خـۆش دەوێـت و هـۆگرتن. ئـەو شـەوی ئاهەنگ گێڕانەکە لەماڵی ئێوە گەڕامەوە، دەزانی (ئەحەد) چیی پێگـوتم؟". پرسـیم"چـیی گوت؟". (ئاغای تائریان) سەیرێکی خێرای منیکرد و گـوتی"(ئەحـەد) لێیپرسـیم باوکـە زەماوەندەکە خۆشبوو؟ گوتم بەڵێ خۆش بوو. پاشان پرسی ئەگـەر مـن نـەخۆش نەبوومایـە دەزانی چیمدەکرد؟ پرسیم چیتدەکرد؟ گوتی من داوام لە (مینا) دەکرد ببێت بەدایکم و جلی بووکێنی لەبەرکات و لەگەڵ تۆ بێتـەوە بـۆ مـاڵ. ئـەو قـسەیە لـە منـداڵێکی وەکـو ئـەو نەدەوەشایەوە". پرسیم"هەر بەڕاسـت وایگـوت؟". پێکـەنی و گـوتی"ئێـستا دەزانـی کـە پەسـەندکردنی دژوارە؟ ئـەو دوو منداڵـە هەنـدێکجار قـسەی وادەکـەن خۆشـم سـەرم سوڕدەمێنێت". پرسیم"ئەی تۆ چیت پێگوت؟ چۆن ڕازیتکرد؟". جارێکیتر تەماشـایکردم و گوتی"ڕازیمنەکرد، چونکە نەم دەزانی چۆن ڕازیبکەم، تەنها گوتم (مینا خـانم) هـەردووکتانی خۆشدەوێت و دەیەوێت هاوڕێی ئێوە بێت، نەك دایکتان، بەڵام (ئەحەد) زەردەخەنەیـەکیکرد و گوتی - من دەزانم کە ئەو دەبێت بە دایکم - و خەویلێکەوت".

(وەردە) بە خامۆشی و بێدەنگی سەیری شەقامی دەکرد. گوتم"من منداڵەکانم خۆشدەوێت و پێمخۆشە لە گەڵیان بم، بەڵام ئەگەر بزانم ئەم دیدارانەی من بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر ئەوان دەبێت و خووم پێوەدەگرن کارێکی وا دەکەم کەمتر بیانبینم". قسەکەم (وەردە) ی ڕاچڵەکاند و بە پاڕانەوەوە سەیرێکی کردم و گوتی"نا، ئەم کارە مەکە. من بەڵێنت دەدەمێ (ئەحەد) ڕازیکەم و ئەو ئیتر وەك دایك سەیری تۆ نەکات. باوکم دەزانێت کە (ئەحەد) بەقسەم دەکات. وانییە باوکە؟". (ئاغای تاتریان) پشتگیری لە قسەکەیکرد و منیش بەڵێنمدا کە وەك جاران سەردانیان بکەم.

کاتێك گەیشتینە ماڵەوەیان، ئەمویست لێیان جیابمەوە، بەڵام (ئەحەد) دەستی لە ملم گرێدابو و بەگوتنی دایە دایە سەری خستبووە سەر سینگم. بڕیارمدا لەسەر جێگاکەی بیخەوێنم، پاشان بڕۆم. (وەردە) لە پێشدا ڕۆیشت و دەرگای ژووری نووستنەکەیانی کردەوەو (ئەحەد) م خستە سەر جێگاکەی و بەڵێنمدایە کە لەلای دەمێنمەوە، ئەویش دەستمی خستە ناو دەستی و خەویلێکەوت.

کاتێك لێیان جیابوومەوە بڕیارمدا کەمتر بڕۆم بۆ بینینیان، بۆ ئەوەی وردە وردە ئەم خۆشەویستییە کەمڕەنگتر ببێتەوە.

((بەشـــــــی ٣٤))

بۆ ڕزگاربوون لەدەست تەنهایی، جارێکیتر ڕۆیشتم بۆ پێشانگاکەی (ئاغای تائریان)، بەلاَم ئەمجارەیان بە تەنها و بەبێ ئوستاد.

بینینی تابلۆکان جۆرە هەستێکیان پێبەخشیم و سەرنجیان ڕاکێشام. جاری پێشوو، کە لەگەڵ ئوستاد بۆ بینینی تابلۆی وێنەکێشە گەورەکان ڕۆیشتبووم، نەمتوانی بە باشی هەموویان ببینم، بەلاَم ئەمجارەیان توانیم بە خەیاڵی ئاسوودە سەیریان بکەم. (ئاغای تائریان) کاتێك بینی من زۆر تامەزرۆی دووبارە بینینی تابلۆکانم، بە بێ ئەوەی هاوەڵیم بکات، لێمگەڕا بە بێدەنگی بە سەیرکردنیانەوە خەریك بم.

یەکێك لە تابلۆکان بینایەکی کۆنی پیشاندەدا کە ڕێڕەوێکی تەنگ و تاریك و پێچاوپێچی هەبوو. هەستمکرد پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەو بینایەدا هەیە و پێشتر لە شوێنێکی تر دیومە. بیناکە نە لەکۆشك دەچوو نە لەخانوو، زیاتر لە قەلاَیەکی چۆڵ و وێرانە دەچوو. دەوروپشتی قەلاَکە تاریك بو و ڕووناکییە کەمەکەی مانگیش دیمەنەکەی خەیالاَوی و ترسناکتر کردبوو. یەکەمین تاق شێوازێکی کەوانەیی و زۆر درێژی هەبوو کە تا نزیك قەلاَکە درێژ دەبۆوەو وەك ڕێڕەوێکی سەرداپۆشراوی لێکردبوو. پێموابوو ئەگەر بێت و دەستی لێبدەم، لەوانەیە کۆڵەکە گەچینە کۆنەکانی بە هۆی بەرکەوتنی دەستمەوە بڕووخێن. بەوردی چاومبڕییە یەکێك لە کۆڵەکەکان و ڕووخساری کچێکم بەدیکرد کە بەنائومێدی و بێهیوایی دەینواڕییە تاریکی دەشتەکە. ئەوەندە نقومی تەماشابووم کە پێموابوو کچەکە نیگای لەسەر دەشتەکە

لابردووەو سەیری من دەکات. وەك بڵێی داوایلێدەکردم ببم بە میوانی ئەو قەڵا چۆڵ و وێرانەیە. وامهەستکرد شنەبایەکی فێنك لە دەشتەکەوە رووەو من هەڵیکرد و منیش، کە ماندووی ڕێگایەکی دووروودرێژم بە ئومێدی دۆزینەوەی پەنایەك بۆ پشوودان گەیشتوومەتە ئەوێ. خۆم گەیاندە ژێری یەکەمین تاق و قاچم هەستی بە تەختەفەرشی دالانەکە کرد. بە ماندوویتی و پەرێشانی ئەو ڕێگا تاریکەم تێپەڕاند و خۆمگەیاندە قەلاکە. کەش و هەوا ئارامبۆوەو ئیتر شنەباکەش نەما. دەستمبردە پێشەوە کە لە دەرگاکە بدەم، بەلام لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکە دەستم بە ئاسمانەوە بە بێ جوولە مایەوە. بە ترسەوە چوومە ژوورەوە. ناوەوەی قەلاکە تاریك و ترسناك بو و هیچ ڕووناکییەك نەدەبینرا. بانگمکرد (کەس لێرە نییە؟) دەنگم لە ناو قەلاکە زرینگایەوە و لەو تاریکییەدا شتێك بە خێرایی بەبەردەمدا تێپەڕی. ترس هەموو گیانی داگیرکردبوو و ئەمجارەیان بانگکردنەکەم شێوازی پاڕانەوەی بە خۆوەگرت. کاتێك بە نائومێدییەوە هاوارمکرد (کەس لێرە نیە؟) دەنگی کرانەوەی دەرگایەکم بیست و هاوکات ڕووناکییەکی کەمی چرایەکی بچووکم بەدیکرد. لە ناو ئەو ڕووناکییە کەمەدا ژنێکم بینی کە بەژن و بالایەکی بەرزو لاوازی هەبو و پرچەلوولەکانی لەسەرشانی پەخشان کردبو و جلێکی درێژی نووستنی لە بەربوو وەك بڵێی لە خەو هەڵمستاندبێت. بە چراکەوە لێم نزیکبۆوە و کاتێك لەبەردەممدا وەستا، بەهێواشی پرسی (چیتدەوێ؟). گوتم (ڕێبوارێکم لە ڕێگای دوورەوە هاتووم و بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێم تیایدا بحەسێمەوە). زەردەخەنەیەکی کردو گوتی (دوامکەوە). منیش دوایکەوتم و لەگەڵیدا چوومە ناو ڕێڕەوێکی درێژەوەو ئەمبەرەوبەری ڕێڕەوەکە هەندێك ژووری تێدابوو کە هەر یەکەو دەرگایەکی بچووکیان هەبوو و هەرهەمووشیان بە قفڵێکی گەورە داخرابوون. هێشتا نەگەیشتبووینە کۆتایی ڕێڕەوەکە کە دەرگای ژوورێکی بچووکی کردەوەو بەدەست ئاماژەیکرد بچمە ژوورەوە. بۆنی شێ و هەوای خنکێنەری ژوورەکە هەناسەی بڕیبووم و لە ناکاو چرای دەست ژنەکە کوژایەوە. ئەو چووە ژوورەوەو منیش لەوتاریکییەدا تەنها کراسە سپییەکەیم دەبینی. پێیگوتم (وەرە ژوورەوەو دوای خۆت دەرگاکە داخە). ناویستانە

فەرمانەکەیم جێبەجێکرد و دەرگاکەم داخست. لەپڕ شەپۆلی هەوایەکی تازە کێشای بەڕووخسارمداو توانیم هەناسە هەڵکێشم. کە چاوم لەگەڵ تاریکییەکە ڕاهات، ئەوم دی کە لە تەنیشت پەنجەرەیەکی بچکۆلانە دانیشتبوو، بەرەوڕووی ڕۆیشتم. واگومانمبرد پێشتر ئەوم لە شوێنێك دیبێت و لەگەڵ شێوازی نیگاکانی ئاشنام. گوتی (لێرە هیچ خواردنێك نییە بۆتی بهێنم، بەڵام دەتوانی تا پێش هەڵاتنی خۆر لێرە بمێنیتەوەو پاشان دەبێ ئێرە جێبهێڵیت). شێوازی قسەکردنەکەی هێمنانە، بەڵام بە هێز بوو. گوتم (برسیم نییە، هەرئەوەندە کە بتوانم کەمێك پشوو بدەم بەسە). گوتی (تۆ ڕێگایەکی دووردرێژت بڕیوە و ماندوویت، داوایلێبوردن دەکەم کە ناتوانم هیچ کارێکت بۆ ئەنجامبدەم). گوتم (خۆت سەخڵەت مەکە، هەر ئەوەندە کە ڕێگەتپێدام ئەمشەو لێرە بمێنمەوە زۆر سوپاستدەکەم). زەردەخەنەیەکیکرد و ئاماژەی بۆ تەختێکی نووستنی ڕزیوکرد و گوتی (دەتوانی لێرە پشوویدەیت. کۆڵەبارەکەت دانێ و ئۆقرەبگرە). کۆڵەبارەکەم دانا و، تا بتوانم کەڵك لەهەوایەکی زیاتر وەرگرم، خۆم لە پەنجەرە بچکۆلانەکە نزیککردەوە. تیشکی مانگ ئەوناوەی ڕووناککردبۆوە و چاوم بەهەندێك گۆڕ کەوت کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە ڕیزی یەکدابوون. بە بینینی گۆڕەکان لەشم کەوتەلەرزین. ژنەکە بینیمی و گوتی (لە چی دەترسیت؟) سەیریمکرد و پرسیم (ئێرە گۆڕستانە؟) دووبارە زەردەخەنەیەکیکرد و گوتی (ئێرە دوایین مەنزڵە. هەموو ڕێبوارەکان کاتێك ماندوودەبن ڕوو دەکەنە ئێرە و بۆ خۆیان پشوو دەدەن. ئێرە شوێنی حەسانەوەی هەتا هەتاییە). هەستمکرد هێزم نامێنێت و دەست و قاچیشم توانای خۆیان لە دەستدەدەن. گوتم (زۆر ماندووم، پێموایە پێویستیم بەخەوێکی دوورو درێژە). پرسی (حەزناکەیت بەیانی سەیری هەڵاتنی خۆر بکەیت و یەکەمین تیشکی هەتاو ببینیت کە لە لوتکەی شاخەوە دەردەکەوێت؟). سەیرێکی تری دیمەنی گۆڕستانەکەمکرد و گوتم (من زۆرجار سەیری هەڵاتنی خۆرم کردووەو ئەوەندەم بۆم گرنگ نییە. من حەڤدە بەهارم بەڕێکردووەو وادەزانم بەهاریش ئیتر ئەو خۆشی و جوانییەی خۆی لەدەستداوە). زەردەخەنەیەکیکرد و گوتی (بەڵام هێشتا لەشی تۆ بۆنی بەهاری لێدێت و تیشکی چاوانت چراکەی کوژاندەوەو تۆ بەڕووناکی چاوەکانت ڕێگاکەت ناسی و دۆزیتەوە.

شانەکانت ئەوەندە هێزیان هەیە، دەتـوانن بەرگـەی کۆڵەبارەکـەت بگـرن و دەستەکانیـشت دەتوانن بەرگەی قورسایی منداڵێکی شەش ساڵان بگرن. گـوێ لەلێـدانی دڵـت بگـرە! ئـەو پێتدەڵێ کە ئامادەیە ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەو لێدانەی بـەردەوامبێت. ئـەو دەنگـە خـۆش نییە؟ ژوورەکانی تری ئێرە ڕێبوارانێکی لێیە کە دەیانەوێت درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام ناتوانن و ئێمە بۆ جڵەوگیری لە هەڵاتن و ڕاکردنی ئەوان قفڵێکی گەورەمان لە دەرگای ژوورەکانیـان داوە. لێرە جگە لە داخ و خەم و خەفەت بۆ ڕابردوو هیچ شـتێکیتر لـە چاوەڕوانیتدا نییـە. ئێستاش دوابڕیار لای خۆتە کە بمێنیتەوە یان بەو ڕێگایەدا کە هـاتووی بگەڕێیتـەوە، بـەڵام ئەوەشت بیرنەچێت کە دەبێ پێش دەرکەوتنی یەکەمین تیشکی هەتاو ئێرەت جێهێـشتبێت). ئەو وەکو - با - لە ژوورەکە چووە دەرەوەو منی لـە نێـوان دوو ڕێـانی ڕۆیـشتن و مانـەوە بەتەنها جێهێشت. ساتێك وەستام و گوێمگرت هەندێك دەنگی نزم لە کۆتایی داڵان بـەرگوێ دەکەوت. کۆڵە پشتەکەم هەڵگرت و لەژوورەکە چوومە دەرەوە. بە بەردەم هـەر دەرگایەکـدا تێدەپەڕیم دەنگی پاڕانەوەی یەکێکم دەبیست کە داوای کردنەوەی دەرگاکەی دەکرد. لە نێوان هـەموو دەرگـا قفڵدراوەکانـدت، دەرگایـەکی نیمـچەکراوەم بەرچـاوکەوت، بەپێـچەوانەی دەرگاکانی تر، قفڵی نەبوو. بە هێواشی لێیتێپەڕیم، بـەڵام بـۆنێکی خـۆش، کـە لـەناو ئـەو هەواخنکێنەرەدا جیادەکرایەوە، منی لە ڕۆیـشتن ڕاگـرت و بـووە هـۆی ئـەوەی هـەنگاوێك بچمەدواوەو لە دەرگا نیمچە کراوەکە سەیرێکی ناو ژوورەکە بکەم. چاوم بـە کـچێك کـەوت خەریکی پێکەوە بەستنی هەندێك گوڵی نێرگز بوو کە دەیکرد بە تاجە گوڵینە. ئەو هەسـتی بەبوونی منکرد و لە ڕووخسارم ڕاما. هێز و توانای جموجـوڵم نـەبوو. بـەرەو ڕووم هـات و کاتێك هاتەبەردەمم، تەماشایکردم و گوتی (بە خێرهاتی! بۆ نایەیتە ژوورەوە؟) دوودڵـی لـە نیگاکانم خوێندەوەو گوتی (ژوورەکەی من قفڵی نییە و هەر کاتێك بتەوێ دەتـوانی بڕۆیـت. وەرە ژوورەوە). ئەو منی تا نزیك ئەو شوێنە برد کە لێیدانیشتبو و کۆڵەپشتەکەی لێوەرگرتم و گوتی (لێرە بە ئاسوودەیی دانیشە، دەمێـك بـوو بـەدوای هاودەمێکـدا دەگـەڕام. تـۆش حەزدەکەیت تاجە گوڵینەیـەکی ئـاوات هـەبێ؟). پاشـان بێئـەوەی چـاوەڕێی وەڵام بکـات،

سەبەتەیەکی پڕ لە گوڵی نێرگزی لە بەردەمم داناو گوتی (دەست پێبکـە). گـوتم (مـن تـۆم پێشتر دیـوە. تـۆ هـەر ئـەو کەسـە نیـت کـە چـەند جارێـک هاتیـت بـۆ بینیـنم؟). زەردەخەنەیەکی‌کرد و گوتی (بەڵێ من ئەوم و تۆش هەمان کچیت کە دڵی دڵدارەکەی منـت داگیر کردووە). گوتم (بەڵام تۆ بە هەڵەدا ڕۆیشتووی، دڵی دڵدارەکەی تۆ لـە ژێـر دەسـەڵاتی کچێکیتر دایە). بە تووڕەییەوە تێیڕوانینم و گوتی (من هەرگیز تووشی هەڵە نابم. مـن و ئـەو یەکترمان خۆشدەویست و دەمانویست پاش تەواوکردنی خوێندنەکەمان، ژیـانی هاوسـەرێتی گرێبدەین، کەچی داسی مەرگ منی لەو جیاکردەوە، بـەڵام عەشـق نەیهێشـت منـیش وەك کەسانیتر لە ژوورێکدا زیندانی بکرێم. مـن ئـازاد و سەربەسـتم، چـونکە هێـشتا عەشـق و خۆشەویستیم لەدەستنەداوە. کاتێك تۆ ڕۆیشتیتە ژوورەکەی من و ئەو تۆی لەوێ بینی یادی من لە ناخ و دەروونیدا زیندووبۆوە. بڕیارمدا خۆشـبەختی کـەم و بـە خۆشـبەختبوونی ئـەو خۆشم ئۆقرە بگرم، بەڵام تۆ دەبیتە هۆی ئازار و ئەشـکەنجەی دڵدارەکـەم، کارێـك کـە مـن هەرگیز نەمتوانی ئەنجامیبدەم. تۆ هەندێککار دەکەیت کە مـن هـەرگیز نەمـدەکرد، هـەتا ئەگەر زیندووش بوومایە. تۆ ئەزیەتی دەدەیت و کارێك دەکـەیت کـە ئـەو پێیوایـە ئەگـەر منیش زیندووبوومایە بەهەمانشێوە ڕەفتارمدەکرد. تۆ بە کردارەکانت منیـشت سـووککرد. چەندینجار ویستم ڕێگە لەوکارانـەت بگـرم، بـەڵام نـەکرا، کـاتێکیش نـەکرا بڕیارمـدا لـە ناوتبەرم، چونکە ئەگەر زیندوونەبیت، ناوی من خراپ ناکەیت و تاهـەتا هەتایـە لـە هـزرو هۆشـی دڵدارەکەمـدا دەمێنمـەوە. تـۆ هـی ئێرەیـت و دەبـێ لێـرە بمێنیتـەوە). شـێوازی قسەکردنەکەی هەناومی هەژاند. ویستم هەستم، بەڵام هێـزم تێدانـەبوو. ئـەو هەسـتیکرد و بەلالێوێکەوە پێکەنی و گوتی (تۆ بـە ویـست و ئـارەزووی خـۆت هاتیـت بـۆ ئێـرە، بـەڵام ڕۆیشتننت بەویستی خۆت نییە). هاوارمکرد و گوتم (نەخێر من دەبێ بگەڕێمەوە. من دەبـێ پێش هەڵاتنی خۆر ئێرە جێبهێڵم)، بەڵام ئەو پێکەنی و گوتی (بە بێهوودە هاوارمەکە کـەس دەنگت نابیسێت. ئۆقرەبگرە و لەسەر کارەکەت بەردەوامبە). جارێکیتر هـاوارمکرد و داوای یارمەتیم کرد. دەرگای ژوورەکە کرایەوە و هەمان ژن لە بەردەم دەرگاکە دەرکـەوت و پرسـی (بۆچی هێشتا هەر لێرەیت؟) گوتم (دەمـەوێت بـڕۆم)، بـەڵام ئـەم کـچە ناهێڵێـت). کـچەکە

Scanned with CamScanner

جارێکیتر دای لە قاقای پێکەنین و گوتی (نەخێر ئەو دەبێ لێرە بمێنێتەوە. ئەگەر بڕوات، ناوی من لە لاپەڕەی هزرو مێشکی دڵدارەکەم دەسڕێتەوە). ژنەکە خۆی گەیاندە ئەو و شانی گرت و بە توندی ڕایوەشاند و گوتی (بەلام ئەو دەبێ بگەڕێتەوە. فەرامۆشتکردووە کە منداڵەکانی من دەویان خۆشدەوێت و کوڕەکەم پێی دەڵێت دایکە؟ ئەو دەبێ بگەڕێتەوە، چونکە هیوا و ئومێدی منداڵەکانمە و من ناهێڵم ئەو لە لای خۆت گلدەیتەوە. ئەو کچە هەرچەند کە ناوی تۆ لە هزرو هۆشی دڵدارەکەت دەسڕێتەوە، بەلام لەهەمانکاتیشدا دەبێتەهۆی ئەوەی کە منداڵەکانم یادی من و ناوی من فەرامۆشنەکەن. ئەو هەر کاتێک بە میهرەبانی لەگەڵیان دەجوولێتەوە، من خۆشحاڵدەکات و من لەم شوێنە دوور لە ژیانە ئۆقرەدەگرم. تکاتلێدەکەم لێیگەڕێ بابڕوات). بەلام کچەکە ڕووی لە ژنەکە وەرگێڕاو گوتی (نەخێر ئەو دەبێ بمێنێتەوە، من چەند ساڵە چاوەڕێدەکەم و بە ئومێدی ڕۆژێک بووم کە دڵدارەکەم بە خۆشبەختی ببینم. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەو کچە جارێکیتر کارەکان و هەڵەکانی ڕابردوو دووبارەدەبنەوەو ڕۆژو شەوی عەشقم تاریك و خەماویتر دەبێت. ئەو نازانێت چی لە جەستەو ڕۆحی (کاوە) ی من دەکات. ئەو کچە دڵی لە سینەدا نییە تا منداڵەکانی تۆی خۆشبوێت و بەرامبەریان میهرەبان بێت). ژنەکە سەری ڕاوەشاندو گوتی (تۆ زۆر هەڵەیت! من بینیم کە چۆن منداڵەکەمی لە باوەشگرت تا خەویلێکەوت و چۆن دەستیهێنا بەسەر کچەکەمدا و دەیلاواندەوە. من بینیم کە چۆن دڵە غەمگینەکەی منداڵەکانمی لە شەوی لەدایکبوونی کچەکەمدا شادکرد. تۆ ناتوانی من ڕازیکەیت بەوەی کە ئەو دڵی لە سینەدا نییە. وەرەو لەبەرخاتری هەست و سۆزی دایکایەتی من چاوپۆشی لە هەڵەکەی بکەو ڕێگەی پێبدە ژوورەکەت جێبهێڵێت. تۆش دەزانیت کە من چەند ساڵێکە چاوەڕێدەکەم، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی کە خۆشبەختی هاوسەرەکەم ببینم و هەست بەوە بکەم کە خێزانەکەم بە خۆشبەختی دەژین. منیش پێمخۆشە ئۆقرەبگرم و بەئاسوودەیی بخەوم. ئەگەر تۆ نەهێڵیت ئەو کچە بڕوات هیچ کامان ئۆقرەناگرین). گوتم (من کاوەم خۆشدەوێت بەهەمانشێوە کە تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆشتویستووە، بەلام کاتێك ئەو عەشقی منی ناوێت و کچێکیتر هەڵدەبژێرێت من چی

بکەم؟ ئایا چاوەڕێی ئەوەدەکەی لەبەردەمیدا کڕنوشبەرم و سوالی عەشقی لێبکەم؟ من ئەگەر ناچاربم لێرەش بێنمەوە هەرگیز ئەوکارە ناکەم). سەیرێکی کردم و گوتی (تۆ درۆ دەکەیت، هەرگیز بە ڕاستی ئەوت خۆشنەویستووە. عەشق بووە بە گەمەو گاڵتەی دەستی تۆ و هەر ڕۆژەو بە یەکێکی دەسپێریت ڕۆژێك کاوە، ڕۆژێکی تر ئوستادی هیندی! تۆ عەشقت کردووە بە هۆکارێك بۆ ئەشکەنجەو ئازاردانی ئەو. نەخێر تۆ مافی ئەوەت نییە لێرە بچیتەدەرەوە. کاتێك تۆ نەبیت ئەو خۆشبەخت دەبێت، من دەزانم). گوتم (تۆ زۆر هەڵەیت، من دەڵێم هەتا ئەگەر ووتەکانی تۆ ڕاست بێت و ئەو بە ڕاستی منی خۆشبوێت، بە مەرگی من، ئەو تووشی کۆست کەوتنێك دەکەیت کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە. مەرگی تۆ بووە هۆی ئەوەی کە ئەو ببێت بەبوونەوەرێکی تورە و توندوتیژ، بەلام مەرگی من بە تەواوەتی نابووتی دەکات. هەرچەند کە من دەیرەنجێنم، بەلام دەزانێت و دەبینێت کە زیندووم و هەناسە دەدەم. ئەو دەتوانێت بە هەر شێوەیەك کە خۆی حەزی لێیەتی پەروەردەم بکات و منیش ئومێدی ڕۆژانێکی ڕووناکی پێدەبەخشم. ئەو چێژ لەبەربەرەکانێکردنی من وەردەگرێت، نابینیت هەر کاتێك ڕووبەڕووی یەکتر دەبینەوە دەستدەکەین بەدەمەقاڵێ و مشتومڕ؟ (کاوە) کچانی ملکەچی خۆشناوێت و ئەگەر تۆ زیندوو بوویتایەو کچێکی ملکەچت لێدەرچوویایە، دڵنیام کە زۆر زوو عەشقی ئەوت لە دەستدەدا. ئەو ئەگەر منی دەوێت تەنها لەبەرئەوەیە کە من لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی ئەو خێرا خۆم بە دەستەوەنادەم. تۆ ئەگەر بەڕاستی ئەوت خۆشدەوێت، دەبێ ڕێگەبدەیت کە من بگەڕێمەوەو درێژەبە بەربەرەکانێکردنەکەم بدەم. (کاوە) لە کۆتاییشدا هەر بۆ من دەبێت، بەلام نەك بەپاڕانەوە و گوێڕایەڵی و خۆبەدەستەوەدان، بەلکوو کارێکدەکەم دڵنیابێت کە لەبەربەرەکانێ کردنەکە منی شکست داوە. لە مەبەستەکەم تێدەگەیت؟). بە دوودڵییەوە سەیریکردم و پرسی (هەر بەڕاست نیازی ئەشکەنجەدانی ئەوت نییەو ناتەوێ گاڵتە بە عەشقی ئەو بکەیت؟). پێکەنیم و گوتم (من بەبێ عەشقی ئەو زیندوو نابم). کچەکە سەری داخست و بە دەست ئاماژەی بۆ دەرگاکەکرد کە بچمە دەرەوە. هەستام و ئەو کچە کۆڵە پشتەکمی

هەلگرت و دای بە دەستمەوەو بە گوتنی (ژیان جوانە، بە میهرەبان بوون بەرامبەر کەسانیتر جوانتری کە) بە دوامدا دەرگاکەی داخست.

لە دەنگی داخرانی دەرگاکە ڕاچڵەکام. (ئاغای تائریان) بە پیاڵە چایەکەوە بەرەوڕووم هات و پرسی"لەناو ئەم تابلۆیە چیت بینی کە ئەوەندە سەرنجی ڕاکێشایت؟ نزیکەی کاتژمێرێك دەبێت بێدەنگ و جوولە لەبەردەم ئەو تابلۆیە وەستاوی و تەماشایدەکەیت". زەردەخەنەیەکمکرد و گوتم"ئەو تابلۆیە ورەو تینێکی زیاترم پێدەبەخشێت کە ئومێدم بە ژیان هەبێت و هەستدەکەم من و ژیان و ئەم دنیایە پێکەوە بەستراوینەتەوە". زەردەخەنەیەکیکرد و گوتی "ئەگەر ئەم تابلۆی - هەتایی- یە بەم جۆرە سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە کە وابێ لە بەرامبەر ئەم تابلۆیەیان چیت لێدێت؟". بە ئەنگوست ئاماژەی بۆ تابلۆیەکیترکرد کە وێنەی سرووشت بوو. گوتم"تیایدا نقوم دەبم و چێژ لەهەموو ساتێکی وەردەگرم". دای لی قاقای پێکەنین و گوتی"هەر دەبێ وابکەیت. کچێکی شادومانی وەك تۆ جگە لەوە چاوەڕێی هیچیتری لێناکرێت".

کاتێك گەڕامەوە دوایین بڕیاری خۆمم دابوو. دەبوایە لە باتی (کاوە) بەربەرەکانیم لەگەڵ (یەهدا) بکردبایەو ئەوم لە ژیانی خۆمان دووربخستبایەوە. عەشق و خۆشەویستی (ئاغای قودسی) نابێت لەژێر گوشاری گومان و دوودڵییەکان بنێژرێت. کە چوومە ژوورەکەم دەنگیم بیست کە خەریکی وانەگوتنەوە بوو. ساتێك گوێم بۆ ئاوازی دەنگی هەڵخست ئینجا جلەکانم گۆڕی و چوومە خوارەوە. دایکم لە ئاشپەزخانە خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو. لەسەرکورسی دانیشتم و گوتم"دایکە دەزانی من دەبێ بەرنامەیەك بۆ هاوین دابڕێژم. بە نیازی خوێندنم". سەیریکردم و گوتی"تۆ تازە خوێندنت تەواو کردووە، لێگەڕێ با مێشکت کەمێك پشوویدات"؛ پێکەنیم و گوتم"دەرفەتی زۆر هەیە بۆ پشوودانی مێشك. کاتێك بۆ هەتا هەتایە خەوملێکەوت مێشکیشم پشوودەدات". بەسەرسوڕمانەوە سەیریکردم و پرسی"ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ دیسان داوێتی لە کەللەت و قسەی بێسەروبەر دەکەیت". گوتم"بە پێچەوانەوە زۆر هۆشیارم و دەزانم چی دەڵێم. ئەگەر ڕێگەم پێبدەیت

دەمەوێ بە درێژایی هاوین وانە بخوێنم و لەگەڵ قوتابییە کەوتووەکانی پۆلی شەش تاقیکردنەوە بکەم. لەوانەیە بتوانم ئەم هاوینە شەشەکەم تەواو کەم و (دیپلۆم) وەرگرم و مانگی ڕەزبەر لەگەڵ (مەرسدە) و (فەرەیدون) بەڕێکەوم". دایکم پێکەنی و گوتی"ئەو ڕۆیشتن بۆ هیندوستانەش تۆی تووشی ورێنە کردووە و ئارام و قەراری لێبڕیوی. ئەگەر دەزانی سەردەکەویت من ڕازیم و هەر ئیشێك کە پێویستە ئەنجامی بدە". هەستام ڕوومەتیم ماچکرد و گوتم"بۆ دەستپێکردن دەبێ داوا لە (ئاغای قودسی) بکەم کە وانەم پێبڵێت". دایکم گوتی"ئەو تازەیە چەند قوتابییەکی وەرگرتووەو تۆش دەتوانی لەگەڵ ئەوان وانە بخوێنی". گوتم"دەزانم، دەنگیانم لە ژوورەکەم بیست. تۆ داوا لە (ئاغای قودسی) دەکەیت یان خۆم پێیبڵێم". دایکم شانی هەڵتەکاند و گوتی"جیاوازیەکی وای نییە، بەڵام باشتروایە خۆت داوایلێبکەیت، چونکە حەزناکەم بکەوێتە ناو شەرمەوە. ئەگەر نەیەوێت وانەت پێبڵێتەوە، بەڕاشکاوی بە خۆت دەڵێت". ڕازیبووم و گەڕامەوە سەرێ دەمویست بزانم ئایا وانەگوتنەوە کۆتایی هاتووە یان نا، هیچ دەنگێك نەدەهات. تەلەفۆنم هەڵگرت و ژمارەی ماڵەوەیانم لێدا (شکوە خانم) هەڵیگرت. پاش سلاو و ئەحواڵپرسین، پرسیم"(ئاغای قودسی) لە ماڵە؟". پرسی"مەبەستت (کاوە)یە؟". گوتم"بەڵێ". گوتی"بەڵێ لە ماڵە، کەمێك چاوەڕێکە، بانگی دەکەم".

دڵم بە خێرایی لێیدەدا. کاتێك گوتی (بەڵێ فەرموو)، کەمێك گتمکرد و پاشان سلاومکرد. بە گەرمی وەڵامی دامەوەو ئەحواڵی پرسیم و گوتی"فەرموو ئیشت هەبوو؟". گوتم"دەمویست بزانم جەنابت دەرفەتت هەیە وانەم پێبڵێیت؟". پێکەنی و گوتی"ئەمە ساڵێکە من وانە بە تۆ دەڵێم". گوتم"دەزانم، ئەمویت بزانم ئایا ئامادەیت هاوینیش وانەم پێ بڵێیتەوە؟". جارێکیتر پێکەنی و گوتی"لە مەبەستەکەت تێگەیشتبووم. دەتەوێ بە تەنها بیت یان لەگەڵ ئەوانیتر؟". گوتم"هەر چۆنێك خۆت بە باشی بزانی". گوتی"هەستە و وەرە بۆ ئێرە باپێکەوە قسەی لەسەربکەین، بە تەنهایت؟". گوتم"نەخێر". گوتی"مۆڵەت وەرگرەو وەرە، بەمشێوەیە باشتر دەتوانین لەسەری بدوێین". ڕازیبووم و تەلەفۆنەکەم داخست.

Scanned with CamScanner

کاتێك بە دایکم گوت، گوتی"بڕۆ. هەروەها لێی بپرسە بزانە بۆ هەر وانەیەك دەبێ چەنێك پارە بدەیت؟".

کە زەنگی ماڵەوەیانم لێدا، خۆی دەرگاکەی کردەوە و (شکوە خانم) یش هات بۆ پێشوازیم و ماچێکی گەرموگوڕی سەر گۆناکانمی‌کرد و پرسی"چییە بە تەنها جێیان هێشتووی؟". گوتم"بەڵێ، هەموویان ڕۆیشتوون و هەر من ماومەتەوە". لە تەنیشتم دانیشت و پرسی"ئوستادیش نەهاتۆتەوە؟". گوتم"لەوانەیە بەیانی سەرهەڵبدات". زەردەخەنەیەکی‌کرد و گوتی"کەواتە بەیانی لەم تەنهاییە ڕزگارتدەبێت و درێژە بە بەرنامەکەت دەدەیت". گوتم"بڕواناکەم دەرفەتی گەڕاندنی ئەوم هەبێت، چونکە بڕیارم داوە وانە بخوێنم و بە ئومێدی خوا بە نیازم مانگی خەرمانان تاقیکردنەوە بکەم، بەڵکو بتوانم ئەمساڵ شەشەکەم تەواوکەم". خۆشحاڵبو و بە گوتنی (بێگومان سەردەکەویت) لە تەنیشتم هەستا. (ئاغای قودسی) پرسی"ئوستاد بە نیازە کەی بگەڕێتەوە؟". سەیرمکرد و گوتم"نازانم". بەلالێویێکەوە پێکەنی و گوتی"لەوانەیە تا مانگی خەرمانان دانیشێت و پاشان هەمووتان پێکەوە بەڕێکەون". منیش لە وەلامدا بە لالێوێکەوە پێکەنیم و گوتم"لەوانەیە وابکات". چووە ناو حاڵەتێکی ڕاستێتی و گوتی"ئەو بڕیارە کە داوتە دوا بڕیارتە؟". گوتم"سەبارەت بە چی؟". گوتی"بۆ ئەو نیشەی کە ئێستا هاتوویت؟". تێگەیشتم و گوتم"بەڵێ، دوا بڕیارمە و دەمەوێت وانە بخوێنم". گوتی "زۆر باشە، چ وانەیەکت هەڵبژاردووە؟". پێکەنیم و گوتم"هەموو وانەکان. هەڵبەت ئەگەر نرخیان گران نەبێت و جەنابیشت دەرفەتت هەبێت". گوتی"بۆ وانە حیسابیەکان کاتی زۆرم هەیە، بەڵام لەبەرکردنەکان دەبێ خۆت بیخوێنیت. هەڵبەت ئەگەر تووشی کێشەو گیروگرفتێك بوویت بۆت چارەسەر دەکەم. ڕازیت؟". منیش ڕازیبووم.

(شکوە خانم) شەربەتێکی ساردی بۆ هێنام و خۆی ڕۆیشت بۆ ئامادەکردنی خواردن. کاتێك ئێمەی بەجێهێشت، (ئاغای قودسی) ئاماژەی بۆ شەربەتەکە کردو گوتی"فەرموو تا گەرم نەبووە بیخۆوە و پاشان لەگەڵم وەرە سەرەوە بۆ ئەوەی کاتی وانەکان ڕێکخەین".

Scanned with CamScanner

شەربەتەکەم خواردەوە و بە دوایدا ڕۆیشتم. (ئاغای قودسی) دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بە دەست ئاماژەیکرد بچمە ژوورەوە. یەکەمجارم بوو کە دەچوومە ناو ژوورەکەی. تەختی نووستنی تێدا نەبو و لەبری ئەوە مێزێکی بازنەیی گەورە لەگەڵ شەش کورسی بەرچاودەکەوت. خولقیکردم و لەسەر کورسییەك دانیشتم. لەوجێگایەی کە دانیشتبووم بە باشی ژوورەکەی خۆمم دەبینی و نیوەی کانتۆری جلەکانم و مێزی نووسینەکەم دەبینرا.

(ئاغای قودسی) کاغەزێکی لە توێی پەڕاوەکەی دەرهێناو خستییە بەردەمم و گوتی"ئەمە خشتەی ئێمەیە سەیریکە". خشتەکەم هەڵگرت و سەیرێکی کاتی وانەکانمکرد و گوتم"زۆر باشە". لەتەنیشتم دانیشت و گوتی"ئەگەر گیرو گرفتێکت هەبوو، دەتوانی پرسیارم لێبکەیت. مێژو و جوگرافیا قورس نین، بەڵام زانست خوێندنێکی زۆری دەوێت". گوتم"بەڵێ دەزانم. خۆشبەختانە (مەرسدە) و ئوستاد لێرەن و دەتوانم کەلکیان لێوەرگرم". ناوی ئوستاد بە بێ ویست و بە بێ هیچ مەبەستێك لە دەمم دەرچوو، بەڵام (ئاغای قودسی) توڕەبوو گوتی"کە ئوستاد لێرەیە ئیتر پێویستت بە من نییە، ئەو دەتوانێت وانەت پێبڵێت". گوتم"ئەو ئوستادی ئەدەبیاتە". گوتی"کەواتە ئەو دەتوانێت وانەی ئەدەبیاتت پێبڵێت و (مەرسدە خانم) یش لە وانەکانیتر یارمەتیتدەدات". گوتم"ئەگەر بۆت ناکرێت و دەرفەتت نییە، تکایە بە ڕاشکاوی بیڵێ و خۆت ئەزیەت مەدە، من نامەوێت بەزۆر خۆم بسەپێنم بە سەرتا". بەگوتنی (وس بە) بێدەنگیکردم. پاشان هەستاو بۆ ماوەیەك لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستا. کاتێك گەڕایەوە بۆ لام پرسی"لە چ ڕۆژێکەوە دەستپێدەکەیت؟". گوتم"هەر ڕۆژێك جەنابت بیڵێیت". گوتی"من هەموو ڕۆژێك وانەدەڵێمەوە، دەتوانی بێیت؟". منیش ئامادەبوونی خۆمم ڕاگەیاندو ئەو هەندێك مەلزەمەی لەبەردەمم داناو گوتی"سەیرێکی ئەو مەلزەمانە بکە. ئەمانە پێشەکییەکانی پۆلی شەشەمن". سەیری مەلزەمەکانمکرد و گوتم"قورس نین؟". هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی"زۆر باشە، کەواتە تۆ بەیانی لەگەڵ ئەوانیتر بەشداریدەکەیت. ئێمە تائێستا هەر پێشەکییەکانمان خوێندووەو خۆشبەختانە تۆش ئەو توانایەت هەیە کە لەگەڵ ئێمە دەستپێبکەیت، بەڵام بۆ ئەوەی هەم خەیاڵی من و هەم خەیاڵی خۆشت ئاسوودە بێت، ئەم مەلزەمانە لەگەڵ خۆتدا بەرەو ئەمشەو سەیرێکیان بکە بۆ

ئەوەی بە ئامادەبوونێکی باشتر کارەکەمان دەستپێبکەین". مەلزەمەکانم هەڵگرت و هەستام و پرسیم"بۆ هەروانەیەك دەبێ چەند پارەدانێم؟". بە توڕەییەوە سەیریکردم و گوتی"ئەمە ئیشی من و باوکتە، تۆ خۆتی تێهەڵمەقورتێنە". کاتێك لە پلێکانەکان دەچوومە خوارەوە گوتم"بە ڕاست کاتژمێر چەند بێم؟ لەبیرمکرد". گوتی"لەسەر خشتەکە نووسراوە". گوتم"کەواتە ئەمشەو چاوەڕێی باوکم بە". گوتی"بەداخەوە من ئەمشەو لە ماڵ نیم. بۆ ئەوەندە پەلەتە کە هەر دەبێ ئەمشەو بڕی پارەی وانەگوتنەوەکە دیاریبکەیت؟". پێکەنیم و گوتم"پێمخۆشە بە خەیاڵی ئاسوودە وانەکان بخوێنم و لێرە ئامادە بم و بتوانم بە ئازادانە بیرو ڕای خۆم دەربڕم". ئەویش پێکەنی و گوتی"نیگەران مەبە. بەیانی دەتبینم". کاتێك خواحافیزیمکرد هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشاو بەڵێنمدا تێبکۆشم و بەباشی وانەکان بخوێنم بۆئەوەی لەوانیتر دوانەکەوم. کاتێك بە دایکم گوت کە سەبارەت بە پارەکە ئەو خۆی لەگەڵ باوکم قسەدەکات، زەردەخەنەیەکیکرد و گوتی"من دەزانم وەکو میوان تۆ ڕادەگرێت و پارەمان لێوەناگرێت". هەمانشەو مەلزەمەکانم خوێند و پەرتووکەکانی (مەرسەدە) م لە زیندانی پەرتووکخانەکە دەرهێنا، بۆ ئەوەی کەڵکیان لێوەرگرم. بەیانی زوو لەخەوهەستام. دایکم پرسی"بۆئەوەندە زوو لەخەو هەستاوی؟". گوتم"دەمەوێت هەرچی زووترە ئیش و کاری ماڵەوە ئەنجامبدەم بۆ ئەوەی کاتێك بڕۆم ئیتر ئیشت نەمێنێت کە بیکەیت". پێکەنی و گوتی"سوپاستدەکەم ئەزیزم! پێویست ناکات خۆت ئەزیەت بدەیت. تۆ تەنها بیر لەخوێندنەکەت بکەرەوەو هەوڵبدە لەوانەگوتنەوەی (ئاغای قودسی) باشترین کەڵك وەرگریت. من خۆم دەتوانم کارەکانی ماڵەوە ئەنجامبدەم، تۆ خەمی منت نەبێت". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکانم ئەنجامداو کاتێك خۆمم بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرد هێشتا کاتی زۆرم لە بەردەستدا بوو. دایکم هاتە ژوورەکەم و گوتی"بە (شکوە خانم) بڵێ کەمێك زووتر خۆی بخاتە ڕێ". پرسیم"دەتانەوێت بۆ شوێنێك بڕۆن؟". گوتی"پێکەوە دەڕۆین شت بکڕین و نیوەڕۆ دەگەڕێینەوە". پەڕاو و مەلزەمەکانم هەڵگرت و لە ماڵ چوومە دەرەوە.

Scanned with CamScanner

دەرگاکەیان تەواو دانەخرابوو، (شکوە خانم) م لە ئاشپەزخانەکە دی و پەیامەکەی دایکمم پێڕاگەیاند. (شکوە خانم) یش گوتی کە ئیشی نەماوەو زوو دەڕوات و پاشان داوایلێکردم چا بخۆم. سوپاسم کردو پرسیم "(ئاغای قودسی) لە ماڵ نییە؟". ئاماژەی بۆ ژووری سەرەوەکرد و گوتی "لە ماڵە و چاوەڕێی قوتابییەکانیەتی". گوتم "بە روخسەتت، من دەچمە سەرەوە". گوتی "بڕۆ کچەکەم، بڕۆ".

من یەکەم کەس بووم چوومە ژوورەوە. (ئاغای قودسی) خەریکبوو لە بەردەم هەر کورسیەك مەلزەمەیەکی دادەنا. کاتێك چوومە ژوورەوەو سڵاوم کرد، وەڵامی سەلامەکەمی دایەوەو گوتی "قوتابییە تێکۆشەرەکەم کات ئاسیشە، فەرموو دانیشە تا ئەوانیتریش دێن. چا ناخۆیت؟". گوتم "نەخێر سوپاس". پرسی "مەلزەمەکانت خوێندووە؟". گوتم "بەڵێ". گوتی "گیرو گرفتت نییە؟". سەرم بۆ ئەملاوئەولا جووڵاند و گوتم "نەخێر". ئەو یەکێك لە مەلزەمەکانی دامێ و گوتی "تا ئەوان دێن چاوێکی پێدا بخشێنە". مەلزەمەی فیزیا بو و بە نیسبەت منەوە وانەیەکی نوێ بوو. هەندێك ڕوونکردنەوەی لەسەرداو بە بێویست وانەگوتنەوەی دەستپێکرد.

لەگەڵ هاتنەژوورەوەی قوتابییەکانیتر قسەکانی بڕی. چوار کوڕ و دوو کچ لەوێ ئامادە بوون. یەکێك لەکچەکان کەمێك ئارایشتی کردبوو کە ئەو کردارەیم بە لاوە جوان نەبو و گومانم برد کە بۆ کات بەسەربردن هاتووە. (ئاغای قودسی) یەکسەر وانەکەی دەستپێکرد و بە دوودڵییەکی تایبەت کۆتایی پێهێنا. ئەو چەندینجار دووبارەی کردەوە کە ئەگەر گیرو گرفتمان هەیە پرسیاری لێبکەین بۆ ئەوەی چارەسەری بکات. ئەو پرسیارانەی کە ئەوان دەیانکرد زۆر بە لامەوە گرنگ بوون و منی هۆشیارتر دەکرد. کاتێك وانەگوتنەوە تەواو بوو هەموومان هەستاین و ئەو بە دەست ئاماژەی بۆ منکرد کە دانیشم، بەڵام ئەوانی ڕەوانە کرد. کاتێك گەڕایەوە ژوورەوە دوو چای لەگەڵ خۆیدا هێناو پرسی "ماندوو بوویت؟". گوتم "نەخێر". گوتی "بەڵام من زۆر ماندووم". لە چەکمەجی مێزی تەنیشت پەنجەرەکە جگەرەیەکی دەرهێناو دایگیرساند و گوتی "چاکەت بخۆوە". چا خواردنەوەکە ماندوویەتیمی ڕەواندەوە. (ئاغای قودسی) ش چاکەی خوارد و سینییەکەی لەسەرمێزی تەنیشت پەنجەرەکە

داناو گوتی"دەبێ تێبینی و ڕوونکردنەوەی زیاترت بدەمێ بۆ ئەوەی لە وانەکان دوانەکەویت. ئەو وانانەیە بۆ قوتابییەکانی تر دووبارەیە، بەلاّم بە نیسبەت تۆوە نوێیە و زۆریش گرنگە. تۆ دەبێ لەسەرەتاوە فێرببیت". گوتم"بەلاّم تۆ ماندوویت. من دەتوانم...". نەیهێشت درێژەی پێبدەم گوتی"ماندوونیم لەجیاتی قسەکردن باشتروایە نموونەیەك لەو پرسیارانەی کە داومە پێت لەپێشچاوی خۆم شیکاری بکەیت بۆ ئەوەی دڵنیابم کە بە باشی لە وانەکان تێگەیشتوویت". ئەو یەکێك لە پرسیارەکانی پیشاندام و گوتی"تا تۆ ئەوە شیکاردەکەیت من دەگەڕێمەوە". سینییەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتەخوارەوە. پرسیارەکەم شیکار کرد، بەلاّم ترسی ڕاست و هەڵە بوونەکەیم هەبوو. کاتێك گەڕایەوە دووبارە جگەرەیەکی داگیرساندو پرسی"شیکارت کرد؟". کاغەزەکەم لەبەردەمی دانا. سەیرێکی‌کرد و زەردەخەنەیەکی‌کرد و بە گوتنی (ئافەرین) خۆشحاڵیکردم. گوتی"ئەگەر بەو شێوەیە بەرەو پێشەوە بڕۆیت بەڵێنت دەدەمێ مانگی خەرمانان شەشەکەت تەواو دەکەیت و (دیپلۆم) ەکەت وەردەگریت و بە خەیاڵی ئاسوودە بەرێدەکەویت". گوتم"لاموایە تۆ زیاتر لە خەڵکانیتر پێتخۆشە من لە ئێران بڕۆم". سەیریکردم و پرسی"مەگەر ئەم پەلە کردنەت بۆ ڕۆیشتن نییە کە حەزدەکەیت زوو (دیپلۆم) ەکەت وەرگریت؟". گوتم"نەخێر لە بەر ڕۆیشتن نییە دەمویست ئەم هاوینە بێئیش نەبم هەر بۆیە...". قسەکەی پێبڕیم و گوتی"بەلاّم ڕۆیشتنەکەت پەیوەندی بەوەوە هەیە کە شەشەکەت لە ئێران تەواوکەیت و پاشان بەرێکەویت". گوتم"بەڵێ بڕیار وایە، بەلاّم ئەو ڕۆیشتنە بە ناچاری و زۆرەملێیی نییە". پرسی"کەواتە خۆت حەز ناکەی بڕۆیت؟". گوتم"هێشتا هیچ بەرنامەیەکم نییەو خۆشم نازانم چیدەکەم". پێکەنی و گوتی"من دەزانم. دەتەوێ پێت بڵێم؟ تۆ لە مانگی خەرمانان شەشەکەت تەواو دەکەیت و پاشان لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەت بەرەو هیندوستان بەرێ دەکەویت، بەلاّم پێش ڕۆیشتن بە دڵ و گیانەوە داوەتەکەی ئوستاد پەسەند دەکەیت و وەك هاوسەری ئوستاد (مەحمود کەمال) بەرێ دەکەویت". دام لە قاقای پێکەنین و گوتم"خەیاڵێکی خراپ نییە، لەوانەشە هەر بەم شێوەیە بێت کە تۆ گومان دەبەیت". مەلزەمەکانم کۆکردەوەو هەستام. گوتی"دەزانم کە هەر ئەو

Scanned with CamScanner

کارە دەکەیت. من و (کەتایون) گرەومان لەسەرکردوویت و خۆشحاڵم هەر لە ئێستاوە براوەم". سەرم سوڕماو پرسیم"دەکرێ پێم بڵێیت چ گرەوێکتان کردووە؟". لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستاو چاوی بڕییە ژوورەکەم و گوتی"(کەتایون) پێیوایە تۆ من جێ ناهێڵیت و ناڕۆیت، بەڵام من گرەوم کردووە کە تۆ ئەو کارە دەکەیت". گوتم"بۆچی نابێ تۆ جێ بهێڵم؟ من چ لێرە بم و چ لێرە نەبم تۆ هەر لەگەڵ دەزگیرانەکەی خۆت ژیانی هاوسەرێتی گرێدەدەیت. چییە هەر پێتخۆشە من لە زەماوەندەکەت بەشداری بکەم؟". نیگای لەسەر پەنجەرەکە لابردو گوتی"ڕۆژێکیان تۆ گوتت کە خەوت دیوە من و تۆ لەسەر لوتکەیەك وەستاوین و سەیری ئەو خەڵکانەمان کردووە کە لە بناری چیاکە هاتووچۆیان کردووە، لە بیرتە؟". گوتم"بەڵێ لەبیرمە". گوتی"منیش هەموو شەوێك لە خەومدا دەبینم کە هێشتا هەر لەسەر ئەو لوتکەیە وەستاوین و من پێتدەڵێم سەیری ئەو خەڵکە بکە، نیوەی ئەو خەڵکانە کە لە بناری چیاکە لە هاتووچۆدان ئەو کەسانەن کە پێویستیان بە بوونی من و تۆ هەیە. ئەوان ئەو مرۆڤانەن کە دەبێ من و تۆ ڕۆشن کەرەوەی ڕێگایان بین و بۆ گەیاندنیان بە ئامانجەکانیان یارمەتیان بدەین و تۆش زەردەخەنەیەك دەکەیت و پشتگیری لە قسەکەم دەکەیت، بەڵام کاتێك چاوم دەکەمەوە چاوم بە پەردەیەك دەکەوێت کە گەڵا زەرد و سوورەکانی پاییز دایانپۆشیوە و لەبەرخۆمەوە دەڵێم هەیهوو..! هەموو شتێك لە خەون و خەیاڵدا جوانە. پاییزی پەردەکەتان نائومێدم دەکات و منیش پێکەنینم بەو ئومێدە هیچ و پووچە دێت". گوتم"تۆ پێویستت بە من نییە. خۆت بە تەنها درێژە بە کارەکەت دەدەیت هەر وەکو ساڵانی ڕابردوو کە ئەنجامتداوە". ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو گوتی"بەڵێ درێژەی پێدەدەم، من لەگەڵ ئەوکارە ڕاهاتووم. نیوەڕۆت بەخێر". تا بەردەم دەرگای ژوورەکە ڕەوانەیکردم و من بە تەنها لەماڵ چوومە دەرەوە.

Scanned with CamScanner

((بەشـــــــــی ٣٥))

ئوستاد زووتر لەوانیتر لە سەفەر گەڕایەوەو لە ئیسفەهانەوە دیاری بۆهێنـام. دیارییەکـە جلێکی جوان بوو. من بە بێشەرم داواملێکـرد لـە وانـەی زینـدەوەرزانی یارمـەتیم بـدات و ئەویش پەسەندیکرد. بـەیانیان سـوودم لـە وانەگوتنـەوەی (ئاغـای قودسـی) وەردەگـرت و ئێـوارانیش ئوسـتاد یارمـەتی دەدام. لەگـەڵ گەیـشتنی گەشـتیارەکان ئـیتر (فەرەیـدون) و (سامان) هاوەڵی ئوستادیان دەکرد و زۆربەی کات هەموویان پێکـەوە سـەردانی شـوێنانیان دەکرد. شەوان ئوستاد دەهاتە ژوورەکەم و تا نیوەی شەو وانەی پێدەگوتمـەوە. بەرنامەیـەکی قورس و سەنگینم هەبوو، بەلاّم بۆ ئەوەی لەوانیتر دوانەکەوم، تەحەمولم دەکرد. بـەیانیان بـە ماندوویتی لە خەو هەڵدەستام و زۆرجـار لـەکاتی وانەگوتنـەوە باوێـشکمدەدا. ڕۆژێکیـشان کاتێك هەموو قوتابییەکان بۆ ڕۆیشتن هەستان، من دانیشتم چونکە تواناى بـەپێوە وەسـتانم نەبوو. (ئاغای قودسی) ئەوانی ڕەوانەکرد و بە گومانی ئەوەی کە مـن گیروگرفتـی خوێنـدنم هەیە، شەربەتێکی ساردی هێناو هاتە دەرەوە. من سەرم خستبووە سەر مێزەکە بـۆ ئـەوەی کەمێك ئازاری چاوم کەمبێتەوە. کاتێك هاتە ژوورەوەو منی بەو شێوەیە بینـی سـینیەکەی لەسـەر مێزەکـە دانـاو بـە هێواشـی بـانگی کـردم. سـەرم بـەرز کـردەوەو سـەیرم کـرد. پرسی"ماندوویت؟". گوتم"ئەوەندە کە تواناى ڕۆیشتنم نیـە. پـێم خۆشـە بخـەوم و کەسـیش بانگم نەکات نە ئاوم ئەوێت و نە خواردن، تـەنها حـەز دەکـەم بخـەوم". لـە بەرامبەرمـەوە دانیشت و گوتی"ئەگەر بتەوێ واز لەوانە گوتنەوە دەهێـنین". دەستم بـە نیشانەی نـەخێر

ڕاوەشاند و گوتم "ئێستا کە دەستمپێکردووە دەبێ تەواویشی کەم". گوتی "کەواتە شەوان پشوویدە". گوتم "ناکرێت. ئوستادیش وەك تۆ سەختکارەو پشتگوێخستن پەسەندناکات". پەرداخی شەربەتەکەی دا بە دەستمەوە و گوتی "منیش بڕواموایە کە دەستت پێکردووە تەواویشی کەیت، بەلاّم ئەگەر دەزانیت زیانی بۆ سەلامەتی و تەندروستیت هەیە دەبێ دەستبەرداری بیت". هەستام و گوتم "نەخێر، دەتوانم بەرگەبگرم". تا بەردەم دەرگا هات و بەگوتنی (سەرکەوتوو بیت) ڕەوانەیکردم.

شەو، ئوستاد لە ژوورەکەم بو و خەریکی وانەگوتنەوە بوو کە گوێم لە دەنگی (ئاغای قودسی) بوو بانگیدەکردم. هاتمە لای پەنجەرەکەو گوتم "بەلێ". گوتی "درەنگە دەبێ پشوو بدەیت". گوتم "دەزانم، بەلاّم ئەوەندەی نەماوە تەواوبێت". گوتی "هەولبدە خێرا تەواویکەیت" و لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە. ئوستاد گوتی "ئەو دڵی بۆ تۆ دەسووتێ و مافی خۆشێتی، چونکە تۆ لەڕادەبەدەر ماندوویت. دەبێ پشوویدەیت". باوێشکێکم داو گوتم "جەنابیشت و (ئاغای قودسی) ش ماندوو بوون، نازانم چۆن سوپاستان بکەم". پێکەنی و گوتی "(مینا خانم) من لەگەڵ شەونخونی ڕاهاتووم و هەر لەبەرئەوەش بوو کە نەمدەهێشت تۆش بخەویت. بەلێندەدەم لە سبەی شەوەوە زووتر وانەگوتنەوە دەستپێبکەم و زووتریش تەواویکەم. بە هیچ شێوەیەك حەزناکەم (ئاغای قودسی) لە خۆم بڕەنجێنم.

ئوستاد بەپێی ئەو بەلێنەی کەدای، لە شەوی پاشتر زوو دەستیکرد بەوانەگوتنەوەو کاتژمێر دوانزەی شەو تەواویکرد و من بە ئارامی خەوملێکەوت.

بەیانی لەگەڵ دەنگی تەلەفۆن وەئاگاهاتم و دایکم گوتی ئیشیان بە تۆیە. تەلەفۆنەکەم هەلگرت دەنگی (ئاغای قودسی) م ناسی، بەیانی باشیکرد و داوایلێکردم زووتر لە قوتابیەکانیتر بڕۆم بۆ ئەوەی کاتێکی زیاترم بە دەستەوەبێت و زیاتر کەڵك وەرگرم. ڕازیبووم و خواردنم بە پەلە خواردو بەرێ کەوتم.

(ئاغای قودسی) گوتی "دوێنێ شەو زۆر بیرمکردەوەو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە لەبری ئەوەی تۆ شەوان درەنگتر بخەویت، باشتروایە بەیانیان زووتر لەخەوهەستیت و بەو هەوا فێنکەی بەیانیان وانە بخوێنیت". گوتم "کەوابێت ئیسراحەتی تۆ تێکدەدەم و ماندووش

Scanned with CamScanner

دەبیت". پێکەنی و گوتی "ماندوونابم، چونکە شەوان منیش ناچارەدەبم لەگەڵ ئێوە بەخەبەربمێنمەوەو شەوخونی بکێشم". پرسیم "ڕووناکی چرای ژوورەکەم ئەزیەتت دەدات؟". پێکەنی و گوتی "نەخێر ڕووناکی چراکە ئەزیەتم نادات، ئامادەبوونی ئوستاد لە ژوورەکەی تۆ ئەزیەتمدەدات و ناهێلێت بخەوم". گوتم "بەلاّم ئەو...". قسەکەی پێبڕیم و گوتی "دەزانم پیاوێکی باش و نیازپاکە، بەلاّم من ئیرەیی بەوەدەبەم کە لەگەڵ تۆدا قسەدەکات و منیش ناچارم تەنها گوێ بۆ قسەکانتان ڕاگرم. ئێستا لە مەبەستم تێگەیشتی؟". ویستم قسە بکەم کە ئاماژەی بۆ مەلزەمەکانکرد و بە گوتنی (ئیتر بەسە) وانەگوتنەوەی دەستپێکرد.

کاتێك قوتابیەکانیتر هاتن، من وانەی ئەو ڕۆژەم تەواو کردبو و دووبارە بوونەوەکەی بووە هۆی ئەوەی کە بە باشی فێربیم و لێیتێبگەم. ئەو شێوازەم پەسەندکرد و لەو ڕۆژە بە دواوە لەسەر ئەو شێوازە بەردەوامبووم. کۆتایی مانگی گەلاوێژ، ئوستاد ڕۆیشت بۆ باکووری ولاّت و پاشانیش سەردانێکی مەشهەدی کرد و کاتێك گەڕایەوە خۆی بۆ دەرچوون لە ئێران ئامادەکرد. (مەرسدە) بۆ ئەوەی نەبێت بە لەمپەرێك لە بەردەم وانە خوێندنەکەی، من زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ خێزانی (ئەدیبی) بەسەردەبرد و لەگەڵ خزمانی ئەوان هاتووچۆی دەکرد.

ئەو شەوەی کە ئوستاد بۆ بەیانییەکەی بەڕێدەکەوت، دایکم لەبەرخاتری ئەو، میوانییەکی سازداو دۆستان و خزمەنزیکەکانی داوەتکرد. ئەو شەوە من ئەو جلانەم لە بەرکرد کە ئوستاد بە دیاری بۆیهێنابووم. ئوستاد سەیریکردم و دەستیکرد بە تاریفکردنم، گوتم "ئەگەر من جوان بووم بە هۆی ئەو جلانەیە کە لە بەرمدایە". ئەو قسەکەمی پەسەندکرد و بە گوتنی (تۆ بە جلوبەرگی سادەشەوە هەر جوانیت) تووڕەیی (ئاغای قودسی) هەلگیرساند و داوای ئاوی لێکردم. پێکەنینم بە کارەکەی هات، چونکە سوراحیەکە لە بەردەمی خۆی بوو. زانیم کە پێیخۆش نییە گوێ بۆ تاریفکردنەکانی ئوستاد ڕاگرێت. سوراحیەکەم هەلگرت و ئاوم بۆ تێکرد. (یەهدا) بە گوتنی (ئازیزم چاوەکانیشت پێویستیان بەچاوێلکە هەیە) وایلێکرد

لەسەر جێگاکەی خۆی هەستێت بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە لۆمــە و قــسەکردنەکانی (یەهـدا) دوورکەوێتەوە.

لە کاتی خواردنی ئێوارە (ئاغای قودسی) لێیپرسیم"ئوستاد جانتاکەی کــۆ کردۆتــەوە؟". گوتم"بەڵێ بۆچی؟". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی"هیچ، گوتم ئەگەر کۆی نەکردۆتــەوە یـا یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی زووتر ئامادەببێت". پێکەنیم و گــوتم"تـۆ زۆر ئیرەیـی بـە ئوسـتاد ئەبەیت". تورەبوونەکەی خواردەوەو گوتی"نەخێر ئیرەیی پێنابەم، بــەڵام ئەوەنــدە گــوێم لــە تاریف و پیاهەڵدانی کەسانێتر بووە تەواو ماندو و بێزاربووم". گوتم"بۆ ئەوەی جەنابیشت لــە کاروان جێ نەمێنیت، ئەوکارە بکە، ئــەو کــات دەبینیــت کــە ماندوویــەتیت دەردەچێت". گوتی"من زمانی قسەی لووس کردنم نییەو ناتوانم وەك کەسانێتر زمانلووســی بکــەم. دەبــێ لەم ماوەیەدا ئەمەت زانیبێت". گوتم"بەڵێ دەزانم. ئــەوەش دەزانم کــە هــەرگیز ووشــەیەکی خۆش و میهرەبانانە لە زمانی تۆوە نابیستم". بە لالێوێکــەوە پێکــەنی و هیــچی نــەگوت. کاتی خواحافیزی بەگوتنی (بەیانی زوو وەرە) نەیهێشت برۆم بۆ فرۆکەخانەو ئوســتاد ڕەوانــە کەم.

بەیانی هەموو ئەندامانی ماڵەوە ئوستادیان گەیاندە فرۆکەخانــەو منــیش لەگــەڵ پــەڕاوو مەلزەمەکان بەرەو وانە خوێندن بەڕێ کەوتم. کاتێك دەنگی قاچمی لە کۆڵان بیــست، ســەری لە پەنجەرەکەوە هێنایەدەرێ و بەگوتنی (ئێستا دەرگاکــە دەکەمــەوە) منــی لــە زەنگلێــدان ڕزگارکرد. کاتێــك دەرگــای کــردەوە گــوتی"دڵنیــا نــەبووم کــە دێیــت". گــوتم"بۆچــی؟". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"پێموابوو لەوانەیە ڕەوانە کردنی ئوستاد لە وانە خوێندنەکە بــە باشتر بزانیت". گوتم"من دەبوایە گرەوم لەگەڵ تــۆدا بکردایــە. دەزانــی ئەگــەر ئــەو کــارەم بکردایە دەمبردەوە؟". پێکەنی و گوتی"بە هەڵەدا نەچیت، چونکە ئەگەر بردنەوە و دۆڕان لە ئارادا هەبێت، تا ئێستا هەر من براوە بووم و ڕکابەرەکانی خۆمم دوور خستۆتەوە. ئەویش چ ڕکابەرانێك!". سەیرێکرد. ئەو سەری داخست و گوتی"بەم جۆرە سەیرم مەکە، لێمگەڕێ بـا بـۆ یــەکجاریش بوویێــت واگومــان بکــەم کــە بــە هەڵــەدا نەرۆیــشتووم و بــە ڕاســتی لــەم

بەربەرەکانێیــە ســەرکەوتووم". کاتێــك بێدەنگیەکــەمی بینــی زەردەخەنەیــەکی‌کرد و گوتی"سوپاست دەکەم کچێ. ئێستاش بە ئاسوودەیی وانەکەمان دەستپێدەکەین".

لەگەڵ دەستپێکردنی مانگی خەرمانان مـن بـە هـیچ شـێوەیەك پـشووم نـەبوو، تـەنها مەلزەمــەو پەرتووکـەکانم دەخوێنــدەوە. (ئاغـای قودسـی) نـاومی لـە لیـستی قوتابیـە بەشداربووەکان نووسیبو و خۆی بە تێکۆشانێکی زۆر یارمەتیدەدام و کارەکانمی رێکدەخست. من هەموو رۆژێك ناچاربووم لە تاقیکردنـەوەکان ئامـادەبم و لەگـەڵ قوتابییـە کـەوتووەکان تاقیکردنەوە بکەم. لـە کـاتی دوایـین تاقیکردنـەوە (ئاغـای قودسـی) لەبـەردەرگای هـۆڵی تاقیکردنەوەکان وەستابوو، چاوەڕێمی دەکرد. هەنگاوم سـست و چـاوانم خـەوالووبوون. ئـەو منی گەیاندە ماڵەوەو گوتی"ماندوو نەبیت! ئەمشەو دەتوانیـت بـە ئاسـوودەیی بخـەویت". گوتم"بڕواناکەم، چونکە بەیانی گەشتیارەکان بەرێ دەکـەون". گـوتی"ڕاسـتدەکەیت، بـەڵام ئەگەر بکرێت نەڕۆیت و لە ماڵەوە پشوو بدەیت، باشترە". لـەو کاتـەدا ناویـستانەو ئـیرادە چاوملێکناو خەوملێکەوت.

لەگەڵ دەنگی (ئاغای قودسی) وەئاگاهـاتم و گـوتی"داوایلێبوردندەکـەم لەخـەومکردی. گەیشتووینەتە ماڵەوە و دەبێ دابەزین". ئەو منی دایە دەست دایکم و من تەنها توانیم خۆم بگەیەنمە سەر مۆبیلێك و ڕاکشێم و خەوم لێبکەوێت.

لە دەنگە دەنگ وەئاگاهاتم و گەشتیارەکام بینی کە ئامـادەی ڕۆیـشتن بـوون. بـە پەلـە هەستام و پرسیم"چییە کاتی ڕۆیشتنەکەتان گۆڕاوە؟ مەگەر بڕیـار نـەبوو بـەیانی بـڕۆن؟". (مەرسدە) ڕوومەتی ماچکردم و گوتی"خوشکی ئازیزم ئێستا بەیانییەو تۆ لـە دوێنێـوە تـا ئێـستا خەوتلێکـەوتووە". سـەیرێکی کاتـژمێرم کـرد و بـڕوام بـە قـسەکەی کـرد و گوتم"چاوەڕێکەن تـا منـیش خـۆم ئامادەدەکـەم". بـەڵام (فەرەیـدون) گەڕاندمیـەوە سـەر جێگاکەی خۆم و گوتی"نەخێر تۆ نابێ بێیت. پێویـستە دیـسان پـشوو بـدەیت. ئێمـە هـەر لێرەوە خواحافیزی دەکەین، بەڵام بیرتنەچێ هەر کە ئەنجامی تاقیکردنـەوەکانت وەرگرتـەوە، تەلەفۆنمان بۆ بکەیت". ڕوومەتیم ماچکرد و دڵنیامکردەوە. (مەرسدە) کاتێـك لـە باوەشـی

Scanned with CamScanner

گرتم گوتی"بۆ هەموو شتێك سوپاستدەكەم و مەمنونتم. من و (سامان) ئەو خۆشبەختییەمان قەرزداری تۆین". منیش ئەوم لە باوەشگرت و گوتم"نەخێر، ئێوە ئەو خۆشبەختییەتان قەرزداری خوان نەك من. ئەگەر ویستی ئەو نەبوایە، ئێوە بە یەك نەدەگەیشتن". بەڵێن و بڕیارەكانی جاران دووبارەبوونەوەو، ئەوانم تا بەردەم دەرگای حەوش ڕەوانە كرد. (سامان) دەستمی بە گەرمی گوشی و هیوای خۆشبەختی بۆ خواستم.

كاتێك ئوتۆمبیلی موسافیرەكان لەپێشچاوم دووركەوتەوە هەستم بە تەنهایی كرد و بۆ ئەو جیابوونەوەیە بە دەنگی بەرز دەستم بە گریانكرد. سەرم زۆردێشا. هێشتا هەر هەستم بە ماندوویێتی دەكرد.

بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیكردنەوەكانم دەكرد و كاتێكیش ئەنجامەكان ڕاگەیەنرا، نەمدەوێرا بڕۆم بۆ قوتابخانەو بڕوانامەكەم وەرگرم. دڵەڕاوكێ و نیگەرانی چنگی خستبووە ناو هەناومەوە و ترسی ئەوەم هەبوو نەوەك دەرنەچووبم. بڕیارمدا درەنگتر لە كاتی دیاریكراو بەڕێ كەوم، بۆ ئەوەی ئەگەر دەرنەچووبم لە لای ئەوانیتر شەرمەزار نەبم. دایكیشم نیگەران بو و دەیویست نیگەرانییەكەی لە من بشارێتەوە، بەلاّم ئەو بە پێچەوانەوە پەلەی بوو زووتر بڕۆم بۆ قوتابخانە و ئاگاداری ئەنجامی تاقیكردنەوەكان بم. كاتێك بەڕێ كەوتم دایكم دڵنەوایی كردم و گوتی"ئەگەر دەرنەچوو بوویت نابێت خۆت تووشی خەم و خەفەت بكەیت. تۆ هەوڵی خۆتت داو دەرفەتی زۆریشت لە بەردەستدا نەبوو. وابزانە كە ئەو سێ مانگە لە خولی بە هێزكردنی ئاستی خوێندەواری بوویت و بۆ ئەو ساڵی داهاتووەش باشتر ئامادەدەبیت". قسەكانی دایكم كەمێك هێمنی كردمەوەو بەڕێ كەوتم. قوتابخانە چۆڵ بو و ژمارەیەكی كەمی قوتابییەكان بۆ وەرگرتنی ئەنجامەكان هاتبوون. ناوی دەرچووەكان لە پەنجەرەكە هەڵواسرابوو. سەیری ناوەكانمكرد ناوی خۆمم نەبینی پێموابوو چاوم بە هەڵەدا ڕۆیشتووە جارێكیتر سەیرمكرد. هیچ هەڵەیەك لە ئارادا نەبوو، دەستمكرد بەگریان و هەر لەوێ سەرم نا بە دیوارەكەوەو فرمێسكەكانیشم بەبێ ترس بە ڕوومەتمدا دەهاتنە خوارەوە.

Scanned with CamScanner

لەگەڵ دەنگی (ئاغای قودسی) کە بانگی کردم فرمێسکەکانم سڕی، بەڵام لە شەرما سەیری رووخساریم نەکرد. پرسی بۆ دەگریت؟". گوتم"بە داخەوە من...". نەیهێشت درێژەی پێبدەم و لەگەڵ ئەوەشدا کە پێدەکەنی گوتی"بۆچی بێتاقەتی و بەداخی؟ بۆ ئەوەی کە دەرچوویت و منیش یەکەم کەسم کە پیرۆزباییت لێدەکەم؟". لە خۆشحاڵیدا زمانم نەدەهاتە گۆ و نەمدەتوانی قسەبکەم. بەئەنگوست ئاماژەم بۆ لیستی ناوەکانکرد لە مەبەستم تێگەیشت و گوتی"بەڵێ ناوی تۆ لە لیستەکە نییە چونکە ئێستا پێیان ڕاگەیاندین و دەرفەتمان نەبوو ناوت لە لیستەکەدا بنووسین. فرمێسکەکانت بسڕە و لە گەڵم وەرە بۆ ژووری مامۆستایان، (خانمی بەڕێوەبەر) دەیەوێت پیرۆزباییت لێبکات". لەخۆشحاڵیدا جارێکیتر دەستمکرد بە گریان. (ئاغای قودسی) دەستی خستە سەر شانم و گوتی"برۆ روومەتت بشۆ و پاشان وەرە بۆ ژووری مامۆستایان. تۆ بەرهەمی ماندوو بوون و ئەزیەت کێشانەکەت تا چەند خولەکێکیتر دەبینیت". ئاوی سارد ئارامی و ئاسوودەیی بۆ گەڕاندمەوە و کاتێك چوومە ژوورەوە (خانمی بەڕێوەبەر) لە باوەشیگرتم و پیرۆزبایی لێکردم. نمرەکانم زۆر باشبوون و بڕوامنەدەکرد بەو نمرانەوە دەرچوویم. (خانمی بەڕێوەبەر) داوای لە باباکرد چامان بۆ بهێنێت و لەکاتی چاخواردن، گوتی"ئومێدەوارم رۆژێك بێت و تۆ وەکو مامۆستا لەم قوتابخانەیە ببینم و بتوانم لەکاری فێرکردن کەلکت لێوەرگرم". بە سوپاسەوە سەیرێکمکرد و گوتم"من ئەو سەرکەوتنەم قەرزداری جەنابت و مامۆستاکانی ترم و ئومێدەوارم رۆژێك بێت و ئەو شانازیەم پێببەخشرێت کە لێرە کاربکەم". لە کاتی خواحافیزیکردن جارێکیتر یەکترمان ماچکرد و ئەوان هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستم.

(ئاغای قودسی) لەگەڵم هات و بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی درێژ گوتی"ئۆخەی ئاسوودە بووم. تۆ ئەمرۆ ماندوویەتیمت دەرکرد و من زیاتر لەهەموو کاتێك هەست بە خۆشحاڵی و خۆشبەختی دەکەم". گوتم"بەڵێ بەڕاستی ئاسوودە بوویت چونکە ئیتر ناچار نابیت چاوپۆشی لە تەمەڵی و هەڵەکانم بکەیت و لەگەڵ ویژدانتا بە شەڕبێیت". دای لە قاقای پێکەنین و گوتی"بەڵام دڵم بۆت تەنگ دەبێت و جێگاکەت لەبەردەم حانوت بە چۆڵی دەمێنێتەوە".

گوتم"بێگومان کەسانێتر هەن کە جێگای من پڕبکەنەوە. من هەر لە ئێستاوە دەتوانم وێنای بکەم کە (مەریەم) و (وەردە) لە تەنیشت حانوت وەستاون و پیرۆشکی دەخۆن". کەمێك لە ڕێگاکەمان پێکەوە بڕیبوو لەپڕ وەستاو گوتی"بۆ کوێم دەبەیت کچێ! ئوتۆمبێلەکەم لە ناو قوتابخانە داناوەو بەپێ دوای تۆ کەوتووم. کەمێك چاوەڕێکە ئێستا دەگەڕێمەوە".

(ئاغای قودسی) دووبارە گەڕایەوە بۆ قوتابخانەو من هێواش هێواش دەڕۆیشتم. حەزم دەکرد هەرچی زووترە بگەمە ماڵ و ئەم هەواڵە بە دایکم ڕاگەیەنم. شەقامەکەم بڕیبوو کە ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی) هات و سەرکەوتم. گوتی"ئەوەندە خۆشحاڵی نەتتوانی خولەکێك چاوەڕێبکەیت!". گوتم"بڕوامنەدەکرد سەرکەوم. پێمواپە خەوملێکەوتووە و ئەوانە هەمووی لەخەودادەبینم". سەیری کردم و گوتی"بەڵام ئەوە خەونییەو تۆ بەرهەمی ئەزیەتکێشانەکەت دەستکەوتووە. سێ مانگ هەوڵدانی بێوچان و چاوپۆشی لەخەو و پشوودان هەر دەبێ ئەو ئەنجام و بەرهەمەشی هەبێت. فەرامۆشی مەکە هەموو کەسێك پاداشتی ئەزیەت کێشانی خۆی وەردەگرێت". گوتم"ئەگەر ئەزیەتکێشانی جەنابت و ئوستاد نەبوایە، من هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبووم و ئومێدەوارم ڕۆژێك بتوانم قەرەبووی ئەم هەموو چاکە و ئەزیەتکێشانەتان بکەمەوە". پێکەنی و گوتی"قەرەبووت کردەوە. تۆ بەم سەرکەوتنەت منت حەساندەوەو ماندوویەتیمت ڕەواندەوەو هەستدەکەم هاوینێکی پڕبەر و پڕ بایەخم تێپەڕاندووە. دەرچوونی هەر قوتابییەك باشترین پاداشتە بۆ مامۆستاکەی و من خۆشحاڵم کە ڕەنج بەخەسار نەبووم". ئەو ئوتۆمبیلەکەی لەبەردەم شیرینی فرۆشیەك ڕاگرت و دابەزی. کاتێك گەڕایەوە پاکەتێك شیرینی بە دەستەوە بو و گوتی"ئەمە بەرەوە بۆ ماڵ و لە لایەن منەوە پیرۆزبایی لەدایکت بکە". گوتم"تۆ بەم کارانەت من شەرمەزاردەکەیت. دەزانم کە بۆ ڕێزلێنان لەجەنابت دەبێ دیاریەکت بۆ بکڕم بەڵام...". قسەکەی پێبڕیم و گوتی"من پێویستیم بە دیاری نییەو حەزم لەشەرمکردنیش نییە. ڕۆژێك پێمگوتی کە دەبێ دوای ئامانجەکەت بکەوی بۆ ئەوەی بگەیتە ئەنجام. ئەمڕۆ بەشێکیت دەستکەوتووەو فەرامۆشی مەکە، هێشتا ڕێگا کۆتایی نەهاتووەو تۆ دەبێ دیسان درێژە بە هەوڵەکانت بدەیت. دە ڕۆژی ماوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان و ئەم دە ڕۆژە بە باشی پشوو بدە، بەڵام لە

رۆژی یەکەمی مانگی رەزبەر تۆش دەبێ وەك قوتابیـەکانیتر بخوێنیـت و خـۆت بـۆ زانکـۆ ئامادە بکەیت و منیش لە هەر دەرفەتێکدا، کە رێك کەوێت، هەوڵ دەدەم یارمەتیت بـدەم، بەڵام دەبێ بۆ رۆیشتن بۆ زانکۆ کەڵك لە کەسانی بە ئەزموونتر وەرگریت و بە باشترین شـێوە سوود لەو پەرتووکانە وەربگریت کە دەتدەنێ. وامەزانە چونکە من مامۆستات نـیم و تـۆش قوتابی من نیت، ئیتر لەدەستم راتکردووەو رزگارتبووە، نەخێر! بـە پێـچەوانەوە مـن زیـاتر لەهـەموو کـاتێکی تـر چـاودێریت دەکـەم و دەبـێ لـە هـەموو کردارەکانـت ئاگـادار بم، تێگەیشتی؟".

بەتوندی قسەکردنەکەی وایلێکردم کە خۆم لەکەشوهەوای قوتابخانـە ببیـنم و گوێڕایـەڵ و ملکەچی بم. کاتێك گەشتینەجێ گوتی"شەو بۆ پیرۆزباییکردن لە دایك و باوکت دێم، بـەڵام فەرامۆشی نەکەیت تەلەفون بۆ براکەت بکـەیت و ئوسـتادیش ئاگادارکەیتـەوە". دیـسانەوە سوپاسمکرد و ئەویش بە گوتنی (سەرکەوتوو بیت) ئوتۆمبێلەکەی بردە پێش ماڵی خۆیان.

بە پاکەتە شیرینییەکەوە رامکردە ژوورەوەو دایکمـم لـە ئاشـپەزخانە دۆزیـەوە. ئـەو بـە بینینی رووخسارە گەشاوەو شادەکەی من لە هەموو شتێك تێگەیشت و لە باوەشـی گـرتم و سەرو رووخسارمی ماچبارانکرد و بـە گـوتنی (خوایـە شـوکرت) منـی لەسـەر کورسـییەك دانیشاند و پرسیاری لێکـردم و منـیش هـەموو شـتێکم بـۆ باسـکرد و قـسەکانی (ئاغـای قودسی) شم بۆ گێڕایەوە. ئەو پشتگیری لە قسەکانی (ئاغای قودسی)کـرد و لـە بـاتی مـن تەلەفۆنی بۆ (فەرەیدون)کرد و هەواڵی دەرچوونەکەمی پێڕاگەیاند. (فەرەیدون) و (مەرسـدە) قسەیان لەگەڵ کردم و پیرۆزبایان لێکردم. (فەرەیدون) گوتی"ئێستا دەرفەتی باشت هەیە بۆ ئەوەی خۆت بۆ هاتن ئامادەبکەیت". پێکـەنیم و گـوتم"بـەڵام مـن نیـازی هـاتنم نییـە و دەمـەوێت بـەختی خـۆم لێـرە تاقیکەمـەوە و هەوڵـدەدەم سـەرکەوم". ئـەویش پێکـەنی و گوتی"باشترین کـار دەکـەیت، بـەڵام ئەگـەر خـوا نـەکردە سـەرنەکەوتی (مەرسـدە) لێـرە چاوەڕێتە".

شەو چاوەڕوانی ماڵی (ئاغای قودسی) مان دەکرد. باوکم دەیویست بە بۆنەی دەرچوونەکەم میوانیەکی بچووك سازکات و ئەوان بۆ خواردنی ئێوارە بگێڕێتەوە. تا کاتژمێر هەشت چاوەڕێمانکرد نەهاتن. باوکم پێشنیازیکرد ئەم میوانییە لە ماڵی ئەوان ساز بکەین. کاتێك من و دایکیشم ڕازیبووین و بەبێ ئاگادارکردنەوە بەرەو ماڵی ئەوان بەڕێکەوتین، چوونە ژوورەوەمان بووە هۆی سەرسوڕمانیان و لەهەمانکاتیشدا زۆر خۆشحاڵبوون، بەلاّم دیار بوو پێش ئەوەی کە ئێمە بڕۆین کەش و هەوایەکی ناثارام بە سەر ماڵیاندا زاڵ بووە. هەموویان ڕەنگیان لەڕوو بڕابو و دەستی (شکوە خانم) یش بەئاشکرا دەلەرزی. باوکم زووتر لە من و دایکم ئاگاداری ئەم بارودۆخە بو و بە گوتنی (ببورن ئێمە ناوەخت هاتین) داوایلێبوردنی کرد، بەلاّم (ئاغای قودسی باوك) دەستی باوکمی گرت و لە تەنیشت خۆی داینیشاند و گوتی"ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ بە پێچەوانەوە هاتنەکەتان زۆر لە کاتی خۆیدا بو و خەیاڵی منتان ئاسوودەکرد". (شکوە خانم) یش لە تەنیشت دایکم دانیشت و بە هێواشی لەگەڵ دایکم دەستی بەقسەکردن کرد. (کاوە) ڕۆیشت بۆ ئاشپەزخانەو چای بۆ هێنایین. کاتێك چاکانی دادەنا هێشتا توڕەیی بەڕووخساریەوە دیاربوو، بەلاّم هەوڵیدەدا بە زۆر پێبکەنێت و توڕەییەکەی لە پشتی ئەوەوە بشارێتەوە. قسەکردنەکانیان زۆر بە هێمنی و هێواش بوو، بەلاّم وردە وردە گفتوگۆکە گشتگیر بو و تێگەیشتین کە مشتومڕو دەمەقاڵێکەیان لەسەر هاوسەرێتی (ئاغای قودسی) و (یەهدا) یە.

(شکوە خانم) لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕینی خۆی بەرامبەر ئەم هاوسەرێتیە گوتی"هەرچەند کە من نارازیم، بەلاّم دەڵێم کە ئەگەر (کاوە) بە نیازی هاوسەرێتی لەگەڵ (یەهدا) نەبوو، دەبوایە هەر ئەو ڕۆژەی کە (یەهدا) هەواڵەکەی ڕاگەیاند بیگوتبایە نیازی ژن هێنانی نییەو (یەهدا) ی بەئومێدنەکردبایە. ئێستا کە چەند مانگێك تێپەڕیوەو ئامۆژنی بۆ قسەو باس کردن لەسەر ئەو بابەتە هاتووە پێماندەڵێت نیازی ژنهێنانی نییە و ئێمە لەسەر دووڕیان دادەنێت". باوکم سەیری (ئاغای قودسی)کرد و ئەویش لە سەیرکردنەکەی باوکم تێگەیشت کە دەیەوێت چی بڵێت. سەیری باوکمیکرد و گوتی"ئەو ڕۆژەی کە (یەهدا) لە زمانی منەوە بابەتی دەزگیرانییەکەی بەیانکرد دۆخی ئاسایی نەبوو. ئێوە هیچ کامتان ئەو شەوە

Scanned with CamScanner

لێبوردنەبوونەوە! کاتێك لەو ئاهەنگە گەڕایەوە دەمی بۆنی مەشروبی لێدەهات و من ئەو شەوە نەمویست لە پێش چاوی میوانەکان ڕووشکێنی کەم و ئابڕووی بەرم و بێدەنگبووم، بەڵام کاتێك کاریگەری مەشروبەکە لەسەری نەما، پێمگوت کە من نیازی ژنهێنانم نییەو پێموابوو کە ڕازیبووە. ئێستاش دەبینم کە ئەو کێشەیە هێشتا بەبێچارەسەری ماوەتەوە. ئەگەر لە خۆی بپرسن ئەو پێتان دەڵێت کە من پێشنیارەکەیم ڕەت کردۆتەوە و ئەم قسانەش کە بۆ ئێوەم باسکرد بۆ مامیشم باسی دەکەم. هاوسەرێتی من و (یەهدا) هەڵەیەکی گەورەیەو من هەرگیز ئەو هەڵەیە ئەنجامنادەم". (ئاغای قودسی باوك) بە توڕەییەوە سەیری (کاوە)ی‌کرد و گوتی"بەڵام خۆت دەزانی کە هەموو خزمان تۆ و ئەو بە دەزگیرانی یەکتر دەزانن. من چۆن دەتوانم بڵێم کە هەڵەیەك ڕوویداوەو ژن و ژنخوازی لە ئارادا نییە؟ نەخێر ئەم کارە لە من ناوەشێتەوە". باوکیشم گوتی"لەوانەیە کاك (کاوە) بتوانێت براکەت ڕازی کات و ئەم کێشەیە بەخۆشی چارەسەر بکرێت، تۆش ئەوەندە خۆت سەخڵەت مەکە". قسەکەی باوکم بێدەنگیەکی بەسەر هەمواندا زاڵکرد و ئەوانیش لە بارەی ئەم کێشەیە ئیتر قسەیان نەکرد.

میوانییەکەی من بە ساردی ئەنجامدرا. کاتێك چوومە سەر جێگاکەم جۆش و خرۆش و شادی جارانم نەبوو. مانگی ڕەزبەر هات و من بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێشبینیم کردبوو واتە - دەتوانم پشوو بدەم - دە ڕۆژی پڕ لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیم تێپەڕاند.

نیگەرانی ئەوە بووم کە ئایا (ئاغای قودسی) دەتوانێت مامی ڕازی بکات یان نا. دایکم کەم تا زۆر ئەو ڕووداوانەی کە لە ماڵی (ئاغای قودسی) ڕوویاندەدا بۆی باسدەکردم. ئەو کێشەیەی ئەوان بووە هۆی ئەوەی کە خزم و ناسراوەکانیان خۆیان هەڵقورتێننە ناو ئیشوکارەکان و هەر یەکەیان ڕایەك دەربڕن. ناوی (یەهدا) وەك کچێکی دەزگیراندار لە ناو خزم و کەسوکار بڵاوببۆوە و هەموویان کە دەیانبینی (ئاغای قودسی) هاوسەرێتیەکە ڕەت ئەکاتەوە لێیتووڕە و بێزاربوون و دڵیان بۆ (یەهدا) دەسووتا. (کەتایون) کە یەکێك لە ناڕازییە سەرسەختەکانی ئەم هاوسەرێتیە بوو، وردەوردە کەوتە ژێرکاریگەری ئەوانیترەوەو

Scanned with CamScanner

ڕازیبوو بەوەی کە دەبێ (کاوە) ئەم کارە ئەنجامبدات و (یەهدا) ش وەك بووکی خۆیان پەسەند بکەن. بە تێڕوانینی هەموویان (کاوە) تاوانبار بو و هەموویان کۆك بوون لەسەرئەوەی کە ئەگەر (کاوە) بەم کارە ڕازی نەبوو بۆچی هێشتی ناویان وەك دەزگیران لەناو خزمان بلاوبێتەوە؟ دایکم دەیگوت (یەهدا) گوتوویەتی – ئەگەر ئەم هاوسەرێتییە سەرنەگرێت خۆی دەکوژێت- و مامیشی دڵنیایکردۆتەوە کە بە هەر شێوەیەك بوویێت (کاوە) ڕازیدەکان بە ئەنجامی ئەو کارە.

لە دوایین کۆبوونەوەی خێزانی و خزمانیان (کاوە) ناچار بوو ڕەزامەندی خۆی دەربڕێت. ئەو پاکەتی شیرینییە کە هێنرا بۆ ماڵی ئێمەو ئەو فرمێسکی شادیە کە لە چاوانی (شکوە خانم) دەبینرا دەربڕی ڕازیبوونی (کاوە) بوو. بە سەر زارەکی پێکەنیم و پیرۆزباییم لێکرد، بەلام ناخ و دەروونم دەگریا بەبێ ئەوەی بزانم چی دەکەم. پەنام بۆ ژوورەکەی خۆم برد و لەبەردەم پەنجەرەکە وەستام. ئەویش کە منی دی هاتە لای پەنجەرەکەوە. بە دەنگێکی تێکەڵ بە گریانەوە گوتم"پیرۆزە" . چەند جارێك سەری ڕاوەشاند و بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە بێدەنگ بم. گوتی"هیچ چارەیەکم نەبو و من لەبەربەرەکانێکە دۆڕام و داوایلێبوردن دەکەم بەلام ئەوەش بزانە کە تا دوایین ساتی تەمەنم خۆشبەختی بە خۆمەوە نابینم" . حەوسەلەم نەبوو تا ئەو قسەکانی تەواو کات و لەگەڵ ئەوەشدا کەدەگریام پەنجەرەکەم داخست و پەردەکەم دادایەوە.

ڕۆژی دەیەمی ڕەزبەر ڕەشترین ڕۆژی مێژووی ژیانم بوو. ئەو و (یەهدا) ئەو شەوە بوون بە هاوسەری یەك و منیش هەڵهاتم و ڕۆیشتم بۆ ماڵی پورم. پورم هەوڵیدەدا دڵنەواییم بداتەوە، بەلام خەم و خەفەتی من بە ئامۆژگارییەکانی ئەو کۆتایی نەدەهات. ئەو شەوە من و پورم تا نیوەی شەو لەسەر شەقام پیاسەمانکرد و ئەو باسی بەش و چارەنووسی بۆ کردم. ئەو (کاوە) ی بە سپڵە تاوانبارکرد و گوتی کە ئەو شایستەی ئەوە نییە کە بۆ لە دەستدانی خۆم ناڕەحەت و خەفەتباریکەم. قسەکانی ئەو گڕی بەردەدایە گیانم و نەمدەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەم و پەسەندی کەم کە بە سپڵە و ناشایستە تاوانبارییکەن. چەند ڕۆژێك لە ماڵی ئەوان میوان بووم و کاتێك گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان هەموو شتێك مات و بێدەنگ بوو. ڕازی

دەروونم لە پشتی پەردە هاتبووە دەرێ و دایکم و باوکم دڵیان بە حاڵی من دەسووتا. هەموو ڕۆژێك دەمبینی کە ژوورەکەی تووشی گۆڕان دەبێت و دایکم بۆی باسکردبووم کە (کامەران) ڕۆیشتووەتە خوارەوەو ژوورەکەی (کەتایون) و (کامران) یش بۆ (یەهدا) تەرخان کراوە. پەردەی نوێ هەڵواسراو گوڵدانە کۆنەکەش لە لای پەنجەرەکە لابرا. پاش دوایین دیدار ئیتر من پەنجەرەکەم نەکردبۆوە و هەموو بیرەوەرییەکان و هۆگرییەکانی ڕابردوو دەبوایە لە پشتی پەنجەرەکە بنێژرابان. کزەی پاییز، ئومێد و هیوای گەشەسەندنی لە مندا نابووتکرد و لەگەڵ وەرینی گەڵاکان بەخاکی سپارد. بە ژاکاوی و پەرێشانحاڵی ڕۆژەکانم بە سەردەبرد، هەتا حەزمنەدەکرد (وەردە) و (ئەحەد) یش ببینم و لە دەستیان هەڵدەهاتم.

شەوێك باوکم ئەوانی داوەتکرد بەڵکو (ئەحەد) ی ژیکەڵانە بتوانێت شادی و خۆشحاڵی جارانم بۆ بگەڕێنێتەوە. (ئاغای تائریان) خەم و خەفەتی لە ناو چاوانم خوێندەوەو بە کردەوەکانی پیشانیدام کە لەدەرد و ئازارم تێدەگات و خۆی بە هاوبەشی خەمم دەزانێت. بێدەنگییەکەی ئەو فێریکردم کە بێدەنگ بم و خەم و خەفەتم لە دڵمدا بشارمەوە. سەردانە جاربەجارەکانی وەك پەناگایەك ئارامی دەکردمەوە. زۆر بە هێواشی و هێمنی قسەی دەکرد و هەر قسەیەکی وەك لێدانی پلتۆکێك وابوو بۆسەر شووشەی هەست و سۆزم و نەیدەویست وردی کات و بیشکێنێت. ئەو لە هەستی من تێدەگەشت و باش دەیزانی چۆن بمخاتە ژێر کاریگەریی قسەکانیەوە، دەڕۆیشتم بۆ پێشانگاکەی و ئەو دەیزانی کە نابێت قسەبکات و هەردووکمان دەوەستاین و بە بێدەنگی سەیری تابلۆکانمان دەکرد. تابلۆی هەتایی هێشتا نەفرۆشرابو و ئەو تابلۆیە منی بەرەو جیهانێکیتر دەبرد. ئیتر دەرگای قەلا کۆن و وێرانەکە بە ڕووما نەدەکرایەوەو من لە ناو تاریکی داڵانەکان بە سەرگەردانی دەمامەوە. چەندینجار خۆم گەیاندبووە بەردەم دەرگاکە و بە دەنگی بەرز پاڕابوومەوە بۆ ئەوەی یەکێك دەرگاکەم بۆ بکاتەوە، بەڵام هەمووجارێك دەنگم لەو شوێنە چۆڵەدا دەزرینگایە و پاشان بەبێ کاریگەری دەگەڕایەوە. بە شێوەیەك نوقمی ئەو تابلۆیە دەبووم کە خودی خۆمم ونەکرد. هەرکاتێك کە پاش هەوڵدانێکی بێهوودە دەهاتمە سەرخۆم، دەمبینی کە (ئاغای تائریان) سەیرمدەکات و

بەبێدەسەلاتی دەمگوت"کەس دەنگم نابیستێت". سەریدادەخست و دەیگوت"تۆ هیچ ئیشێکت بەوێ نییە. ئەوێ شوێنی مرۆڤە خامۆش و بێدەنگەکانە، بەلام تۆ هێشتنا زۆر گەنجیت"و لە وەلامی بە لالێو پێکەنینەکەم، سەری دادەخست و بێدەنگدەبوو.

هەرجارێك دەچووم بۆ بینینی تابلۆکە، ئاسوودەیی رووپتێدەکردم. خووم بە تابلۆکەوە گرتبو و وەك زیارەتکەرێك دەرۆیشتم بۆ زیارەتی. ئەویش لەگەڵ ئەو کارەی من راهاتبو و ئەگەر نەرۆیشتبام نارەحەتدەبوو. ئیتر (ئاغای قودسی) م نەدەدی و پەنجەرەکەی ئەویش وەك پەنجەرەکەی من تەنها مایۆوەو هیچ دەستێك نەیدەکردەوە.

((بەشـــــــی ٣٦))

نامەکانی (مەرسدە) و (فەرەیدون) پڕ بوون لـە داواکـاری و داوایانلێـدەکردم بگەڕێمـەوە دۆخی جاران و بە ورە و تینێکی تەواو کارەکانم ئەنجامبدەم.

(ئاغای ئاتریان) ئەمجارەیان بـوو بـە هانـدەرم و پەیوەنـدیی لەگـەڵ ژیانـدا پتـەوکردەوە. مەلزەمـەی بـۆ دەهێنـام و داوای لـە یـەکێك لـە هاوڕێکـانی کردبـوو کـە لـەم کـارەدا یارمەتیمبدات. (ئاغای ئاتریان) بەرپرسیارێتی هێنان و بردنمی بۆ قوتابخانە لە ئەستۆ گرتبـو و دایکم و باوکیشم کە دەیانبینی من لەلای ئـەوان ئاسـوودەترم، ڕێگایـان لـە هاتووچـۆکەم نەدەگرت و هەندێکجاریش خۆیان لە گەڵمدەهاتن و بەوە ڕاهاتبوون کە (ئەحەد) من بە دایك بانگ بکات و خۆشم بە بیستنی ئەو ووشەیە زۆر خۆشحاڵدەبووم.

شەوێکیان کە (ئاغای ئاتریان) گەیاندمیـە ماڵـەوە گـوتم"پێمخۆشـە پـاش ئەنجامـدانی تاقیکردنەوەی (کۆنکور) سەفەرێك بکـەم و لـەم شـارە دووركەومـەوە". پرسـی"دەڕۆی بـۆ هیندوستان؟". گوتم"نەخێر"پاش پێکەنین گوتم"بۆ ئەو شـوێنە سـەفەر دەکـەم کـە ئابلۆکـە دەڕوات". ئەویش پێکەنی و گوتی"هەتا ئەگەر بێت بۆ ماڵی منیش؟". گوتم"بـەڵێ، هـەتا ئەگەر بێت بۆ ماڵی جەنابیشت، من دەبم بە موسافیری ماڵی جەنابت". گوتی"کەواتـە مـن ئابلۆکـە دەبەمـەوە ماڵـەوە بـزانم تـۆ ئـەو کـارە دەکـەیت!". گـوتم"ئەگـەر وا بکـەیت پەشیماندەبیتەوە، چونکە دەبێ هەموو ڕۆژێك بوونی من لە ماڵی خۆت تەحەمول بکـەیت". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"هەبوونی تۆ لە ماڵی من گەشەسـەندنی ژیانـە. ئەگەرچـی بـۆ

بینینی "تابلۆی هەتایی" ش بێت. من و منداڵەکانم هەستدەکەین کە ژیان بە رووماندا پێدەکەنێت و خۆمان بە خۆشبەختترین کەس دەزانین". سەیرێکرد و بۆ یەکەمینجار جۆش و خرۆشی ژیانم لە چاوانی خوێندەوە. گوتم "خۆزگە ئاوا بووایەو هەبوونم دەیتوانی ئەو هەستە بە منداڵەکان ببەخشێت بەلام...". قسەکەی پێبڕیم و گوتی "بەلامی ناوێت، من و تۆ لە یەك تێدەگەین و ئەگەر (بەلام) ێکیش هەبێت دەبێ من بیڵێم نەك تۆ. من هۆگری تۆم، بەلام دەزانم کە مافی ئەوەم نییە ئەو هۆگری و خۆشەویستییە دەربڕم، چونکە جیاوازی نێوان تەمەنی من و تۆ زۆرە و من خاوەن دوو منداڵم و پێشتریش تامی خۆشبەختیم چەشتووە بەلام تۆ...". گوتم "بۆ من هیچ خۆشبەختییەك بوونی نییە. من دەرگای ماڵی دڵم بۆ هەمیشە قفڵداوە و ئەگەر بێت و ڕۆژێکیش شوو بکەم لە پێناو عەشق نییە. من ئامادەم ببم بە هاوسەری تۆ، چونکە دەزانم لە هەست و سۆزی من تێدەگەیت و چاوەڕێی ئەوەشم لێناکەیت کە دڵ و هەست و سۆزمت پێشکەشبکەم. من منداڵەکانتم خۆشدەوێت و دەزانم کە دەتوانم ژیانێکی ئاسوودەتان بۆ دروستبکەم". بە هێواشی گوتی "هەر ئەوەندەش بەسە و هەرگیزیش داوای ئەوەت لێناکەم کە لە ناخی دڵتەوە خۆشتبوێم". گوتم "کەواتە وەرە بۆ خوازبێنیم و دڵنیاشبە وەلامی نەخێر نابیستیت، بەلام دەبێ ڕێگەم پێبدەیت درێژە بەخوێندن بدەم". ڕازیبو و بەڵێنیشیدا کە خۆی لەم کارەدا یارمەتیمدەدات. هەر ئەو شەوە ئەم بابەتەم لەگەڵ دایکم باسکرد و لە بەرامبەر سەرسوڕمانی ئەو گوتم دەمەوێت بوون و ژیانم لە پێناو خۆشبەختی دوو بوونەوەری بچووك بەختبکەم و وەك دایکێك سەرپەرشتییان لەئەستۆبگرم. دایکم نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ کات لەسەر کورسیەکە دانیشت و پرسی "خۆت دەزانی چی دەکەیت؟ تۆ تەنها حەڤدە ساڵتە و ئەو نزیکەی چل ساڵی دەبێت. ئەو لە جێی باوکتایە". گوتم "بەڵێ دەزانم چی دەکەم. من ئیتر بڕوام بە عەشق نییە و کوڕە گەنجەکان بۆ ژیانی هاوسەرێتی بە گونجاو نازانم. من دەمەوێت بەم شووکردنەم ئاسایش و ئاسوودەیی پەیدا بکەم و ژیانێکی خۆش بۆ منداڵەکان پێکبهێنم. ئێوە منداڵەکانیتان دیوە و دەیانناسن و دەزانن کە ئەوان منداڵانێکی باش و میهرەبانن و لەگەڵ ئەواندا تووشی کێشە نابم و دەزانم کە بەم

شووکردنەم هەم من خۆشبەخت دەبم و هەم ئەوانیش". دایکم پرسی"ئـەوە دوا بڕیارتـە؟". گوتم"بەڵێ"و ئەویش بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت.

ناچار بووم جارێکیتر قسەکانم بۆ باوکم دووبارە کەمەوەو هەردووکیان کاتێك سوور بوون و پێداگری منیان دی ڕازی بوون و مـن بـەبێ هـیچ ڕێورەسمێـك بـووم بـە هاوسـەری (ئاغـای ئانریان). ئەوەندە بەسادەیی لەسەر سفرەی مارە بڕین و هاوسەرێتی دانیشتم کە هێشتا پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، کاتێك سەیری وێنەکانم دەکەم هیچ لێکچوونێك لـە نێـوان خـۆم و بووکێك نابینم.

مـن ژیـانی هاوسـەرێتی خـۆمم دەسـتپێکرد و بـە هاوکـاری هاوسـەرەکەم تـوانیم لـە تاقیکردنەوەی (کۆنکور) دەرچم و بڕۆمە زانکۆوە. داپیرە منی بە دڵ و بە گیان خۆشدەویست و تا ئەو ڕۆژەش کە مرد لەپێناو ئاسایش و ئاسوودەیی ئێمـە تێدەکۆشا. ئێمـە خێزانێکـی خۆشبەخت بووین و چێژمان لەپێکەوەژیان وەردەگرت. کاتێك من بە مانـدوویێتی لـە کۆلێـژ دەگەڕامەوە، (ئەحەد) بەرەوڕووم ڕایدەکرد و دەستە بچکۆلانەکانی دەکردە ملـم و ڕوومـەتی ماچدەکردم. ماچەکەی ئەو، ماندوویێتیمی دەڕەواندەوە و هێزی پێدەبەخشیم بۆ ئـەوەی بـڕۆم بۆ یارمەتیدانی داپیرە و خواردن بۆ منداڵەکانم ئامادە بکەم. من ژنێکی گەنج بـووم کـە لـە گەڵ کچەکەم پێنج سـاڵ جیـاوازی تەمـەنمان هـەبوو، بـەڵام ئـەو ووشـەی (دایـك) ەی کـە دەریاندەبڕی تا لوتکەی بـەرزی دایکایـەتی بەرزیدەکردمـەوە و فەرامۆشـمدەکرد کـە ئـەوان منداڵی من نین و منیش دایکی ڕاستەقینەی ئەوان نیم. تابلۆی سـەر دیوارەکـە کـە وێنـەی (ئەحـەد) و (وەردە) ی پیـشاندەدا خـەریکی ماچـکردنی مـن بـوون، زیـاتر لـەوان نزیکـی دەکردمەوەو خۆشمدەویستن. کاتێك (ئەحەد) گەیشتە ئەو تەمەنەی کـە بـچێتە قوتابخانـەوە، بردم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و لە پێش چاوی هەموو ئەوانەی کـە لـە چواردەورم بـوون لـە دووری (ئەحەد) دەستمکرد بەگریان. (ئەحەد) زۆر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و ئومێدی دووبارە بینینی ئەو، من بەرەو ماڵدەباتەوە. دایکیشم ڕاهات کە بڵێت (منداڵەکانت چۆنن؟) و منیش بە خۆشحاڵییەوە دەمگوت (باشن و سەرقاڵی وانە خوێندنن).

تا پێش دەرچوونی من لە زانکۆ، شەوانی ماڵی ئێمە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. من و (وەردە) و (ئەحمەد) هەرسێکمان دادەنیشتین و وانەمان دەخوێند و من لەگەڵ پێداچوونەوەی وانەکانی خۆم یارمەتی (وەردە) و (ئەحمەد) یشم دەدا. کاتێکیش توانیم بڕوانامەی (بکالۆریۆس) وەرگرم (ئەحمەد) و (وەردە) دیارییان بۆ کڕیم کە هێشتاش هەر هەڵمگرتوون.

لە (ئاغای قودسی) و ژیانی ئەویش بێئاگانەبووم. دەمزانی کە بووە بە خاوەن کچێکی جوان و ناوی لێناوە (فانی). لەوانەیە بەجۆرە یادی یەکەمین عەشقەکەی زیندوو ڕاگرتبێت. من کاری مامۆستایەتیم لە ئامادەییەکی تر دەستپێکرد و نەڕۆیشتم بۆ ئامادەییە کۆنەکەم. دەترسام دیداری دووبارە ئاگری ژێر خۆڵەمێشی عەشقەکەمان هەڵگیرسێنێت و ئەمەش تەنها شتێك بوو کە خوازیاری نەبووم. من هاوسەرەکەمم خۆشدەویست و ئەویش بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە سەرقاڵی خوێندن بووم لە هەموو بوارێکدا یارمەتیدەرم بوو. ئەو منی لە گیان و دڵی زیاتر خۆشدەویست و من لەلای ئەو - هەتایی - م فەرامۆش کرد. شەوان کاتێك منداڵەکان خەویانلێدەکەوت، ئێمە جیهانێکی ترمان بۆ خۆمان دروستدەکرد و تا درەنگانێکی شەو لە دنیای خۆماندا سەرقاڵی سەیر و سەفەر بووین. ئەو منی ناو نابوو (خاتوونە بچکۆلانەکە) و هەندێکجاریش بە زمانی عەرەبی دەیگوت (حبیبتی). دەمزانی کە بەڕاستی خۆشیدەوێم و منیش ڕێزم لە عەشقەکەی ئەو دەگرت.

شەوێك لە شەوان کە بەزم و ڕەزمێکمان بۆ خۆمان ساز دابوو و بە دوو فنجان قاوە و دیوانی (حافز) خەریکی شیعر خوێندنەوە بووین، هات لە تەنیشتم دانیشت و گوتی"خاتوونە بچکۆلانەکەم، دەزانی هەبوونی تۆ بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە خۆمان بە بەختەوەرترین و خۆشبەختترین مرۆڤی سەر زەوی لە قەڵەم بدەین؟ بەڵام بڕواناکەم تۆش خۆشبەخت بوو بیت؟". گوتم"بۆ وا بیردەکەیتەوە؟". لەتەنیشتم هەستاو گوتی"چونکە تا ئێستا لێم نەبیستووی کە بتەوێت منداڵێکت لە من هەبێت. من دەزانم (وەردە) و (ئەحمەد) ت وەك گیانی خۆت خۆشدەوێت، بەڵام نیگەرانی من لەبەرئەوەیە کە ئەوەك نەمتوانیبێت خۆشبەختت کەم و هەر بۆیە تۆش حەزناکەیت منداڵێکت لە من هەبێت". سەیرمکرد و

گوتم"بە هیچ شێوەیەك وانییە و من لەگەڵ تۆ و منداڵەکان خۆم بەخۆشبەخت دەزانم و ئەگەر منداڵیشم نەویستووە لەبەرئەوەیە کە هەستم بە هیچ کەموکوڕیەك نەکردووە". دەستمی خستە ناو دەستی و گوتی"ئەگەر وایە ڕێگەم پێبدە تاوەکو من ئەم خۆشبەختی و بەختەوەرییەم تۆکمە و تەواوترکەم و دڵنیابم لەوەی کە هیچ کەموکوڕیەکم لە ژیاندا نییە".

ئەو زەردەخەنەیە کە هێنامە سەر لێوم بووە هۆی ئەوەی کە فرمێسکی خۆشحاڵی لە چاوانی بێتە خوارەوەو سەرەنجام بووین بە خاوەن کوڕێك بە ناوی (ئومێد).

کوڕەکەم، منداڵێکی دەردەدار، بەڵام جوان بو و ڕەنگی چاوانیشی وەك چاوی خۆم بوو. هاوسەرەکەم منداڵە بچکۆلانە دەردەدارەکەی خۆی وەك بت دەپەرست و هەندێکجاریش منی توڕەدەکرد و دەمبینی کە لە هەر دەرفەتێك بۆی ڕێککەوتبایە بۆ بینینی (ئومێد) بەرەو ماڵ دەهاتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە منداڵەکەی ساغ و سەلامەتە.

پاش مەرگی داپیرە من ئەرکێکی قورسم کەوتە سەر شان. سەرپەرشتیکردنی سێ منداڵ، کە یەکێکیان منداڵێکی دەردەدار و نەخۆش بوو، بە تەواوەتی ماندوویکردبووم. زۆربەی کات لە پۆلدا ڕەفتارێکی توندم بەرامبەر قوتابییەکان دەگرتە بەروخۆشم ئەو ڕەفتارەم پێ ناخۆش بوو. دایکم هەندێکجار دەهات بۆ یارمەتیدانم، بەڵام لەگەڵ بوونی نەوەکانی تر، نەیدەتوانی زۆر یارمەتیم بدات. زۆربەی کات (ئومید) م لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ قوتابخانە، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەو زۆر لاواز و بێهێز بوو، هەر جۆرە شوێن گۆڕینێك نەخۆشییەکەی زیاتردەکرد و ناچاربووم پەرستارێکی بۆ بگرم.

(وەردە) هەر کە پۆلی شەشی تەواوکرد شوویکرد و (ئەحەد) یش زۆیشتە قۆناغی ئامادەییەوە. (ئەحەد) لە چاودێریکردنی (ئومێد) یارمەتیدەدام و وەك برایەکی دڵسۆز ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد.

(ئومێد) بوو بە منداڵێکی شیرینزمان. هەندێکجار بەزەییم پێدادەهاتەوەو تێرتێر بۆی دەگریام، چونکە منداڵە دەردەدارەکەی من بە دەست نەخۆشیی دڵەوە دەینالاند و من و باوکیشی نەماندەتوانی هیچ کارێکی بۆ ئەنجامبدەین. کوڕەکەم لە لای هەر دکتۆرێك

فایلێکی هەبو و ئەوەندە داودەرمانی خواردبوو، کە چاوە هەڵماتینە جوانەکانیشی گەشاوەیی و درەوشاوەیی خۆیانیان لەدەستدابوو. ئەو لەتەمەنی پێنج ساڵی و لەوپەڕی شیرین زمانیدا شەوێك لە شەوان لە باوەشی باوکی خەوی لێکەوت و هەرگیزیش چاوی هەڵنەهێنا.

بە لەدەستدان و لە کیسچوونی (ئومێد) نیوەی بوون و ژیانم نابووت بوو، بەڵام بۆ ئەوەی هاوسەرەکەشم لە کیس نەچێت، ناچار بووم خەموخەفەتم لە دڵمدا حەشاردەم و بە رووی وەسەرخۆمی نەهێنم. پاش مەرگی (ئومێد) هاوسەرەکەم بوو بە مرۆڤێکی گۆشەگیر. ئەو تابلۆی وێنەی (ئومید)ی لە تەنیشت تابلۆی هەتایی هەڵواسیبو و زۆربەی کات نقومی تەماشای دەبوو.

ساڵێکی پڕ دەردوخەفەتمان تێپەڕاند و بە درێژایی ئەوماوەیە هاوسەرەکەم تەنها بۆ جارێکیش زەردەخەنە نەکەوتە سەر لێوانی. لە یەکێك لە شەوە ساردو سەهۆڵبەندانەکانی دووهەم مانگی زستان، (ئەحەد) منی بانگکرد بۆ ژوورەکەی خۆی و گوتی"ئەرێ دایکە دەزانی ئەمشەو باوکم ڕەنگی بزرکاوە؟ پێموایە نەخۆشە بەڵام خۆی نایدرکێنیٚ". ئەو هۆشداریەی (ئەحەد) وایلێکردم کە بە وردی لە ڕووخساری (تائریان) ڕامێنم و ڕاستی قسەکانیم بۆ دەرکەوێت. کاتێك لە تەنیشتی دانیشتم، ئەو ئەوەندە نقومی تەماشای تابلۆی هەتایی بوو کە هەستی بە بوونی من نەکرد. دەستیم خستە ناو دەستم. ساردی دەستی تەواو بێزار و بێتاقەتی کردم. سەیری ڕووخساری کردم و گوتی"(حبیبتی)! کاتی جیابوونەوە هاتووە". هەوڵمدا زەردەخەنەیەك بهێنمە سەرلێوم و ئەو لەم بیرکردنەوەیە دەربێنم، بەڵام ئەو دەستی گوشیم و گوتی"سەیری تابلۆکە بکە! دەرگای قەلاکە لەسەر پشتە و من دەبێ بچمە ژوورەوە. (ئومێد) چاوەڕوانمە و ناتوانم لەوە زیاتر ئەو بەتەنها جێبهێڵم". گوتم"بەڵام من و منداڵەکانی تر ئومێدمان بە تۆ هەیە و ئەگەر جێمانبهێڵیت، نابووتمان دەکەیت". پاش ساڵێك زەردەخەنەیەکی کەمڕەنگیکرد و گوتی"نەخێر خاتوونە بچکۆلانەکەم، تۆ نابووت نابیت. تۆ تەمەنێکی درێژت دەبێت و پێش ڕۆیشتنم دەمەوێت پێت بڵێم کە بۆ هەموو شتێك لێت مەمنونم و سوپاستدەکەم. من مرۆڤێکی خۆشبەخت بووم و لەگەڵ تۆدا تاموچێژی خۆشبەختیم چەشت. تۆ ئەوپەڕی فیداکاریت بەرامبەر من و منداڵەکانم ئەنجامدا

و (وەردە) و (ئەحەد) تەنها بۆ جارێکیش قسەیەکی ناخۆشیان لە تۆ نەبیست و ئەوانیش وەك من خۆشیاندەوێیت. تۆ بە ڕاستی جێگای دایکیانت بۆ پڕکردەوە و ئێستاش داواکاریەکم لێتهەیە و پێمخۆشە پەسەندیکەیت. ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر جارێکیتر چارەنووس (ئاغای قودسی) لەسەر ڕێگای تۆ دانا، شووی پێبکە و دڵنیابە من و (ئومێد)یش هیوای خۆشبەختی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازین و دوعای خێرتان بۆ دەکەین". فرمێسك لەسەر گۆناکانم دەهاتە خوارەوە و (تائریان) دەستی خستە سەر گۆنای و گوتی"پاش من، هەر وەکوو جاران منداڵەکانت خۆشبوێت و دڵیان ڕاگره". تاقەتم نەبرد و خۆم خستە باوەشی و بە دەنگی بەرزگریام و ئەویش بە هەمانشێوە کە سەیری تابلۆی هەتایی دەکرد خەویلێکەوت و هەرگیز خەبەری نەبۆوە.

من لەماوەی ساڵێك هاوسەر و منداڵەکەمم لە دەستداو بە هۆی دووری و نەبوونی ئەوان نەخۆش کەوتم و کەوتمە سەر جێگا.

(مەرسدە) هەموو شەوێك دەهات بۆ لای خوشکە نەخۆشەکەی و دەیخستمە ژێر چاودێری پزیشکییەوە. ئەوان ژیانێکی خۆشیان هەبو و خۆشبەخت بوون و هیچ کامیان تامی تاڵی دووری و ڕەنجەڕۆییان نەچێشتبوو. هەم (فەرەیدون) و هەم (مەرسدە) ش خاوەن سێ منداڵی ساغ و سەلامەت بوون، کە منداڵە بچووکەکەی (مەرسدە) زۆر لە (ئومێد) ی من دەچوو. هەرکاتێك کە ئەو بەچاوە هەڵماتینەکانی لە ڕووخسارم ڕادەمێنێت و پێمنەڵێت (پوری)، وا دەزانم (ئومێد) ە بانگم ئەکات و شادی و جۆشوخرۆشێکی زۆر ناخم داگیرئەکات.

بە پێی بڕیاری باوکم، ئێمە خانووە کۆنەکەمان فرۆشت و لەگەڵ (ئەحەد) گەڕاینەوە بۆ ماڵی باوکم. (فەرەیدون) و (شیدە) هەر لەو گەڕەکە خانوویەکی سەربەخۆیان کڕیبو و قاتی سەرەوەی ماڵی باوکم درا بە من و (ئەحەد). (وەردە) لە بەر خۆشەویستی باوکی، منداڵەکەی ناو نا (سالح) و لەگەڵ هەبوونی بەرپرسیارێتی ماڵ و ژیان هەفتەی دوو جار سەردانیدەکردم.

Scanned with CamScanner

هەندێکجار بیرەدەکەمەوە ئەو ڕووداوانەی سەردەمی گەنجێتیم کە (ئاغای قودسی) ڕۆڵی تێدادەبینی بە شێوەیەك لە لاپەڕەی هزر و مێشکم جێگام کردۆتەوە کە دە ساڵ پێکەوە ژیان لە گەڵ (ئائریان) نەیتوانیوە بیسڕێتەوە و نابووتی بکات.

سەردەمی هاوسەرێتی من، ئەگەرچی کورت بوو، بەلاّم هەندێکجار کە بیریلێدەکەمەوە، زۆر پڕ بایەخ و پڕبەر دێتە پێشچاوم. من توانیبووم دوو مرۆڤی باش پەروەردە بکەم و پێشکەشی کۆمەڵگایان بکەم. (ئەحەد) ئێستا سەرقاڵی خوێندنەو خۆی بۆ زانکۆ ئامادەدەکات. لەو کاتەشەوە هاتووم بۆ ماڵی باوکم دووجار توانیومە لە دوورەوە (ئاغای قودسی) ببینم. قژی ماش و برنجی و کەمێکیش لاواز بووە و بەوجۆرە کە لە دایکمم بیستووە هاوسەرەکەی دەستی کردووە بە خواردنەوەو دوور لەچاوی شووەکەی مەشروب دەخواتەوە. (ئاغای قودسی باوك) مردووە و (شکوە خانم) لەگەڵ (کاوە) دەژی. (کامەران) یش ژیانێکی سەربەخۆی هەیەو ساڵانێکە لە ماڵ دوورکەوتۆتەوە. پێموایە ژیان تەنها خەونێکە و هەر کە چاومان لێکنا، تەمەن کۆتایی دێت و دەبێ بەرێ کەوین.

(ئەحەد) ژوورەکەی جارانی منی هەڵبژاردووە و منیش ژوورەکەی (فەرەیدون).باوکم و دایکیشم وەك جاران ڕەورەوەی ژیان بەڕێوەدەبەن و پێکەوە ساڵانی پیری تێدەپەڕێنن. ئەوان (ئەحەد) یان وەك نەوەیەکی ڕاستەقینەی خۆیان خۆشدەوێت و منیش لە کردەوەو ڕەفتارەکانیان جگە لەمە هیچیتر نابینم.

شەوێکیان کە لە بەر (ئەحەد) بە خەبەر دانیشتبووم بۆ ئەوەی ئەو وانەکانی بخوێنێت، پەڕاوەکەی داخست و پرسی"دایکە تۆ ئەو کچەت دیوە کە لە ژوورەکەی بەرامبەرمانە؟".

هەناوم کەوتە لەرزین و ڕەنگی ڕشووخسارم گۆڕا. (ئەحەد) هەستیکرد کە من تێکچووم لێیپرسیم"دایکە چی بووە؟ بۆ ڕەنگت بزرکا؟". هەوڵمدا بە سەر خۆمدا زاڵبم و زەردەخەنەیەك بکەم. گوتم"پرسیارەکەی تۆ چاوەڕوان نەکراو بو و هەژاندمی. نەخێر ئەوم نەدیوە". پێکەنی و گوتی"کچێکی جوانە". گوتم"بەلاّم بڕوا ناکەم گەورە بێت؟". زەردەخەنەیەکی‌کرد و گوتی"بەڵێ گەورە نییە بەلاّم جوانە". کێشام بەسەر دەستیدا و گوتم"ئەم قسانە هێشتا بۆ تۆ زووە. باشتروایە تۆ تەنها بیر لە وانەکانت و زانکۆ بکەیتەوە".

Scanned with CamScanner

دای لە قاقای پێکەنین و گوتی"دەزانم دایکە! دڵنیابە، جگە لە ڕۆیشتنم بۆ زانکۆ هیچ بیرۆکەیەکی ترم لەمێشکدا نییە". لە تەنیشتی هەستام و گوتم"تەنها ئاواتێک کە ماومە ئەوەیە کە تۆ بڕۆیتە زانکۆوە. تۆ دەبێ بەڵێنم پێبدەیت کە دەردەچیت و سەردەکەویت؟". قژە لوولەکانیم بەدەست گرتبوو. سەریبەرز کردەوەو سەیری چاوەکانی کرد و گوتی"بەڵێنت دەدەمێ بەڵام تکایە قژم بەردە! من زۆر پێویستیم بەم قژە هەیە". پێکەنیم و گوتم"تۆ بە بێ قژیش دەتوانیت دڵی کچەکان وەدەستبێنیت، بەڵام هەروەکو پێم گوتیت، ئەو قسانە هێشتا بۆ تۆ زووە". ئەوەم گوت و لە ژوورەکەی چوومە دەرەوە.

بۆ بەیانیەکەی کاتێک تەختی نووستنەکەیم ڕێکدەخست و زۆر بەپەلە بووم کە زووتر بگەمە قوتابخانە، دەنگی ڕاکێشانی پەردەیەکم بیست و ناویستانە لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستام بۆ ئەوەی بزانم کێ ئەو کارەی ئەنجام دا. چاوم بە کچێکی جوان کەوت و گومانم برد کە کچی (یەهدا) بێت. ڕووخسار و قەد و بالایەکی جوانی هەبوو، ڕێک بە هەمان شکڵ و شێوەی دە ساڵ پێشتری (یەهدا) کە بینیبووم. نیگاکەی پاك و سەرنجڕاکێش بوو و کاتێک زانی تەماشای دەکەم سەری داخست و لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە.

دەرفەتی بیرکردنەوەم نەبوو، جانتاکەم هەلگرت و بەرەو قوتابخانە بەڕێکەوتم. هەموو مامۆستاکان لەژوورەوە بوون و کاتێك چوومە ژوورەوە (خانمی بەڕێوەبەر) بانگی کردم و گوتی"(خانمی ئەفشار)! ئەم نامەیە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە بۆ تۆ هاتووە". نامەکەم لێ وەرگرت و سوپاسم کرد. کاتێك بەرەو پۆل دەڕۆیشتم نامەکەم کردەوە و خوێندمەوە. ناوەڕۆکی نامەکە بابەتی گواستنەوەی من بۆ ئامادەیی (نوور) بوو. بە ئاشکرا دەستم دەلەرزی، چونکە ئەگەر بڕۆیشتمایە بۆ ئامادەیی (نوور) ئەوم لەوێ دەبینی و بەرگەی ئەو دیدارەم نەدەگرت. بۆ بەیانییەکەی بەرەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کەوتمە ڕێ و داوام لە بەڕێوەبەرکرد، کە ئەو بڕیاری گواستنەوەیە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو بە هێنانەوەی هەزار پۆزش و بیانوو داواکەمی ڕەتکردەوەو داییەدەستمەوە.

Scanned with CamScanner

هیچ چارەیەکم نەبوو، وەرمگرت و گەڕامەوە ماڵەوە. دایکم کە بینی زوو گەڕاومەتەوە سەریسوڕماو پرسی"(مینا) هیچ ڕوویداوە؟". دانیشتم و ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. دایکم هیچ هەڵوێستێکی نەنواند. وامزانی ڕابردووی فەرامۆشکردووە، بەڵام بە گوتنی (شەڕ و ململانێ لەگەڵ چارەنووسدا ناکرێت) منی لەو هەڵەیە دەرهێنا. گوتم"لە ئایندە دەترسم ئەوەك نەتوانم بە سەر نەفسی خۆمدا زاڵ بم". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"بەڵام تۆ ئیتر منداڵ نیت و ئەویش ئیتر گەنج نییە و ژن و منداڵی خۆی هەیە". گوتم"دەزانم، هەر لە بەر ئەوەشە کە نیگەرانم. حەزناکەم خۆشەویستی و هۆگری ڕابردوو، کە فەرامۆش کراوە، جارێکیتر دووبارەبکرێتەوەو زیندوو بێتەوە". دەستی خستە سەرشانم و گوتی"کات هەموو شتێك ڕووندەکاتەوە، نیگەران مەبە".

ئەو شەوە تا بەیانی چاوملێکنەنا و بەیانیش بە جەستەیەکی شەکەت و ماندوو بەڕێ کەوتم. (ئەحەد) منی گەیاندە قوتابخانەو خۆی ڕۆیشت. تاچم تواناو هێزی ڕۆیشتنە ژوورەوەی نەبوو. هیچ شتێك نەگۆڕابوو. دیمەنی حەوشەکە کۆن ببوو، بەڵام هێشتا هەر نوێ دیار بوو. بابای قوتابخانە گۆڕابو و ئەو پیاوەی کە لە جێگاکەی ئەو دانیشتبوو نەیدەناسیم و کاتێك بینی کە شارەزای ڕێگاکەم و بە بێ پرسیار لە تەنیشتی تێپەڕیم، بە دوامداهات. مێشکم هەزاران پرسیاری بێ وەڵامی تێدابوو. لەبەردەم دەرگای ژووری مامۆستایان کەمێك وەستام و پاشان دەرگاکەم کردەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە. بە یەکەم نیگا (خانمی بەڕێوەبەر) م ناسی. ڕووم بەرەو لای مێزەکەی (خانمی ڕێکخەر) سوڕاندو ئەویشم لەپشتی مێزەکەی بینی. ویستم بگریم و خۆم بخەمە باوەشیان بەڵام لەگەڵ دەنگی (خانمی بەڕێوەبەر) کە پرسی (فەرمایشێکت هەیە؟) هەموو گیانم سڕ بوو. لەبەرخۆمەوە گوتم -ئەوان منیان فەرامۆش کردوو و نامناسن - . لە مێزی (خانمی بەڕێوەبەر) نزیکبوومەوە و سڵاومکرد. وەڵامی سڵاوەکەمی دایەوەو بە دوودڵییەکەوە سەیری کردم، پێموابوو منی ناسیوە. کاتێك گوتم من مامۆستای نوێی ئەدەبیاتم و ناوم (مینا ئەفشار) ە، خێرا لەسەر کورسیەکەی هەستا و پرسی"(ئەفشار)لخۆتی؟ هەمان قوتابییە زیرەك و جوانەکەی قوتابخانە؟". کاتێك منی ناسییەوە فرمێسك لە چاوانم هاتە خوارەوە و گوتم"بەڵێ خۆمم".

Scanned with CamScanner

(خانمی بەڕێوەبەر) بە گەرمی و میهرەبانی لە باوەشیگرتم و ڕوومەتی ماچکردم و گوتی"چەندە گۆڕاوی، وانیە (خانمی ڕێکخەر)؟". ئەویش ماچیکردم و دەستی گرتم و لە تەنیشت خۆی داینیشاندم و گوتی"بەڵێ زۆر گۆڕاوە ئێستا (مینا) بووە بە خانمێکی تەواو". گوتم"شەرم مەکەن و بڵێن کە پیربووم". (خانمی ڕێکخەر) گوتی"بۆ چەند ساڵانی؟". گوتم"بیست و حەوت ساڵ. دە ساڵ لەو کاتەی کە لەم قوتابخانەیە دەرچووم تێپەڕیوە". (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی"باشە (مینا) باسی خۆتمان بۆ بکە. بەم جۆرە کە لە ڕووخسارت دیارە شووت کردووە و پێمانبڵێ بزانین چەند منداڵت هەیە؟". خەم و خەفەت دایگرتم و گوتم"خۆم هیچ، بەڵام لە هاوسەرەکەم دوو منداڵم هەیە کە وەکو گیانی خۆم خۆشمدەوێن". قسەکەم ئەوانی بردە ناو فکرەوە و ناچاربووم کورتەیەك لە ژیانمیان بۆ باسبکەم. کاتێك قسەکانم تەواوبوون (خانمی بەڕێوەبەر) ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی"زۆر بە داخم بۆ مەرگی کوڕ و هاوسەرەکەت. تۆ دایکێکی فیداکاری و (مینا) ی ئازیز و خۆشەویست جگە لەوە چاوەڕێی ڕەفتارێکی تری لێناکرێت. تۆ لەسەرەتای گەنجێتیت سەرپەرشتی دوو منداڵی بێ دایکت لە ئەستۆ گرت و ئەوانت پێگەیاند و ئەو کارەی کە تۆ کردووتە لە بارەگای خوا پاداشتێکی گەورەی هەیە و دڵنیاشبە کە ئەو ڕەنج و ئەزیەت کێشانەت لەلای خوای گەورە بێ پاداشت نامێنێتەوە". گوتم"خوا خۆی دەزانێت کە بۆ پاداشتی ئەو دنیا ئەم کارەم نەکردووە. من ئەوانم خۆش دەویست و تا دوایین ساتەکانی ژیانی هاوسەرەکەم وەفاداری بووم. ئەو پیاوێکی باش بو و لە هەستوسۆزی من تێدەگەیشت و بە درێژایی ژیانی هاوسەرێتیم هەرگیز هەستم بەوە نەکرد کە لەگەڵ ئەو جیاوازییەکی زۆری تەمەنم هەیە. من لەگەڵ ئەو تامی خۆشبەختیم چەشت و هەر بۆیە شوکری خوا دەکەم، بەڵام پرسیارێکم لە جەنابت هەیە (خانمی ڕێکخەر) ! هەڵبەت ئەگەر خۆتیهەڵقورتان نەبێت". (خانمی ڕێکخەر) گوتی"ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ هەرچیت ئەوێ بیپرسە". گوتم"بۆچی هێشتا هەر لەو پۆستەی خۆت ماویتەتەوە و پلەت بەرز نەبۆتەوە؟". پێکەنی و گوتی"لە بەرئەوەی کە من هەر بەو شێوەیە ڕازیم و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنیش لە خوای دەوێت و هەر بە خەیاڵیشیدا

نایەت. دووساڵی تر هەم من و هەم (خانمی بەڕێوەبەر) یش خانەنشین دەکرێین و جێگاکانمان دەدەین بەگەنجەکان. ئیتر چ سوودێکی بۆ من هەیە کە بەڕێوەبەر بم یان ڕێکخەر؟".

لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی یەکێك لە مامۆستا پیاوەکان (خانمی ڕێکخەر) قسەکانی بڕی و لە کاتی ناساندنی ئێمە بە یەکتر بە مامۆستاکەی گوت کە من پێشتر لەم ئامادەییە خوێندوومە و ئێستاش وەك مامۆستای ئەدەبیات خەریکی وانە گوتنەوەم. (ئاغای خالدی) بە خێرهاتنی کردم و (خانمی بەڕێوەبەر)یش درێژەی بە قسەکانی (خانمی ڕێکخەر) دا و باسی هۆش و زیرەکی منی کرد.

هاتنە ژوورەوەی (ئاغای خالدی) دەربڕی ئەوە بوو کە مامۆستاکانی تریش کەمێکی تر دێنە ژوورەوە. (ئاغای خالدی) لە جێگای (ئاغای ئەدیبی) وانەی دەگوتەوەو مامۆستای کیمیاش گۆڕابوو. (ئاغای قودسی) دوایین مامۆستا بوو کە هاتە ژوورەوە.

کاتی هاتنە ژوورەوەی ئەو، من لەگەڵ (خانمی فەسیحی) - مامۆستای جارانی خۆم - قسەم دەکرد و ئاگاداری هاتنە ژوورەوەی ئەو نەبووم، بەڵام کاتێك (خانمی بەڕێوەبەر) گوتی (ئاغای قودسی) سەیرکە بزانە کێ لێرەیە؟! ئەوم بینی کە ڕووەو من ئاوڕی دایەوەو نیگاکانمان تێکالان. ئەو بەسەرسامی و بێدەنگی لە ڕووخسارم ڕامابو و هیچ کامان توانای قسەکردنمان نەبوو. (خانمی بەڕێوەبەر) هاتە یارمان و گوتی "سەرت سوڕما؟ مافی خۆتە. (ئەفشار) سەردەمانێك قوتابی خۆت بوو، بەڵام ئێستا هاوکارتە". (ئاغای قودسی) زاڵ بوو بە سەر خۆیدا و گوتی "بەڵێ ڕاست دەکەیت. دووبارە بینینی (خانمی ئەفشار) بە ڕاستی تووشی سەرسوڕمانی کردم. ئەحواڵت چۆنە؟". بە دەنگێك وەك بڵێی لە قووڵایی چاڵێکەوە بێتە دەرەوە گوتم "باشم سوپاستدەکەم". گوتی "زۆر بەخێرهاتنتان دەکەم". گوتم "سوپاستدەکەم". (خانمی ڕێکخەر) گوتی "چەند خۆشە مامۆستایەك ببینێت کە قوتابییەکەی گەیشتۆتە ئاستی ئەو و لەگەڵ خۆیدا هاوکارە". (ئاغای قودسی) بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە دانیشم و لەسەرداوای (خانمی بەڕێوەبەر) چایان بۆ هێنایین. کاتی هەلگرتنی پیاڵەکان دەستی هەردووکمان بە ئاشکرا دەلەرزی و لەوە دەترسام نەوەك ئەوانیتر

ئاگاداری ئەو لەرزینە بن. کاتێك زەنگ لێدرا مامۆستاکان هەستان کە بڕۆن. منیش هەستام بەڵام (خانمی بەڕێوەبەر) بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە نەڕۆم و دانیشم.

کاتێك مامۆستاکان چوونە دەرەوە من و (ئاغای قودسی) ماینەوە لەگەڵ (خانمی بەڕێوەبەر و ڕێکخەر). (ئاغای قودسی) لەسەر کورسیەکەی جارانی خۆی دانیشت. ئەو ئێستا دەیتوانی بە باشی من ببینێت. هەستمدەکرد کە لە بەر سەیرکردنەکەی ئەو توانای هەناسەدانم نییە. (خانمی بەڕێوەبەر) کاغەزێکی لە چەکمەجی مێزەکەی دەرهێناو لە بەردەم (ئاغای قودسی) داینا و گوتی"لەگەڵ (ئەفشار) سەیری خشتەی پۆلەکان بکەن و خۆتان کاتی وانەکانتان ڕێکخەن". (ئاغای قودسی) کاغەزەکەی هەڵگرت و لە تەنیشتم دانیشت و بە هێواشی گوتی"سەیری کە و هەرچۆنێك خۆت پێتخۆشە کاتژمێرەکان هەڵبژێرە". دەنگی دەلەرزی و کاتێك کاغەزەکەی دامێ هەر دەستی دەلەرزی. کاغەزەکەم لێوەرگرت و سەیرێکیمکرد و گوتم"هەرچۆنێك جەنابت بفەرمویت وادەکەم". کاتێك کاغەزەکەم دایەدەستی دیسان نیگاکانمان تێکالآنەوە. لێیوەرگرتم و گوتی"زۆر باشە، کەواتە بە ئیجازەی جەنابت من پۆلەکانت بۆ هەڵدەبژێرم". گوتم"فەرموو". پاندانەکەی دەرهێناو خشتەکەی ڕێکخست و پاشان لە پەڕاوەکەی خۆشی نووسی و کاغەزەکەی بۆ گەڕاندمەوە و گوتی"تۆ ئەم کاتژمێرە دەچیتە پۆلی یەکەمی ئەلف و منیش دەچمە پۆلی سێهەمی ئەلف. هەستام و گوتم"زۆر سوپاس". (خانمی بەڕێوەبەر) بە گوتنی (خۆت دەزانی پۆلەکان لە کوێن و پێویست بە ناساندن ناکات) هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم و من و (ئاغای قودسی) ژووروەوەمان بە جێهێشت.

هەنگاونانەکانی بە ئارامی و هێواش بو و من نەمدەوێرا لەپێشی ئەوەوە بڕۆم. کە لەژووری مامۆستایان دوور کەوتینەوە بە هێواشی گوتی"زۆر گۆڕاوی". گوتم"ژیان مرۆڤ پیردەکات". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"بەڵام نەك لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا. مەبەستم لە گۆڕان ئەوە نەبوو کە پیر بوویت نەخێر، بەڵکوو تۆ هێشتا هەر گەنج و جوانیت و ئەو کەسەی کە پیر بووە منم نەك تۆ. نازانی چەنێك قسەم پێبوو کە بۆتی باس بکەم ! بەڵام

لەناکاو بینینی تۆ بووە هۆی ئەوەی کە هەموویان فەرامۆشکەم و تەنها لەوەدا کورتیکەمەوە کە پێت بڵێم (بە خێـر هـاتی)". گـوتم"مـەمنونم". گـوتی"هـەر ئەوەنـدە؟ مـەمنونی!". گوتم"چی بڵێم؟ جگە لە سوپاسکردن هیچ قسەیەکم نییە". سەری ڕاوەشاند و پـشتگیری لـە قسەکەمکرد و گوتی"بـەڵێ هـیچ قـسەیەکی تـرت نییـە. مـن پێموابـوو کـە تـۆش قـسە نەگوتراوەکانی ئەم دە ساڵەت لە دڵتدا حەشـارداوە". نزیکـی پۆلەکـەم بوومـەوە وەسـتام و گوتم"قسە هەمیشە هەر قسە بووە، بەڵام براوە ئەو کەسەیە کە قسە بگۆڕێت بۆ کردار".

کاتێك دەرگای پۆلم کردەوە ئەویش ڕۆیشتە پۆلی بەرامبەرەوە.

((بەشـــــــــی ٣٧))

ئامادە بوونی مامۆستایەکی نوێ قوتابیەکانی نیگەران کردبوو. بەڵام بـە زووتـرین کـات هەموو شتێکم لە بەرژەوەندی خۆم تەواوکرد و ئەوانمکرد بە هاودەمی خۆم.

خەون و خەیاڵی سەردەمی خوێندنم هاتـە دی و مـن لـە تەنیـشت ئـەو لەسـەر کورسـی مامۆستایان دانیشتم و پێکەوە بەرنامەی پۆلەکانمان رێکخست. کاتێـك لەگـەڵ ئـەو و لـە تەنیشت ئەو دانیشتبووم هەسـتم بـە ماندوویـەتی نـەکرد" هەرچـەند دەزانم کـە ئـەو ئـیتر مامۆستای من نییەو منیش قوتابی ئەو نیم، بەڵام ئێستاش خۆم لە ئاستێکی نزمتر لە ئـەو دادەنێم و وتەکانی ئەو وەك وانە لە گوێـدەگرم و دەیـسپێرم بـە هـزرو مێـشکمەوە. ئـاوازی دەنگی ئەو کە لە پۆلی بەرامبـەرەوە بـەر گـوێم دەکـەوێت، توانـاو هێـزم پێدەبەخـشێت و واهەستدەکەم تەنها نیم و ئەوم لەگەڵە.

کاتێك زەنگلێدراو دەرگای پۆلم کردەوە، هاوکات ئەویش لە پۆل هاتە دەرەوە.خۆی گەیاندە من و گوتی"ماندوو نەبیت! پۆل چۆن بوو؟". گوتم"باش بوو". پرسی"ڕەفتاری قوتابییـەکان چۆن بوو. توانیت بە باشی پۆل بەڕێوەبەریت؟". پێکەنینم هات. گوتم"فەرامۆشتکردووە کـە من چەند ساڵێکە وانەدەڵێمەوە؟ یەکەمجارم نەبوو". ئـاهێکی درێـژی هەڵکێـشاو وەك بڵێـی شتێکی بیر کەوتبێتەوە گوتی"بەڵێ ڕاستدەکەیت. من ئەوەندە لە ناو خـەیاڵاتم... هەمیـشە وا گومانم دەبرد کە تۆ... نـازانم چـۆن بڵـێم، هەمیـشە پێموابـوو کـە تـۆ یەکـەمجار کـاری وانەگوتنەوە لەم قوتابخانەیە دەستپێدەکەیت. هەربۆیە فەرامۆشمکرد پێشتر لـە ئامادەییـەکی

تر وانەت گوتۆتەوە. بۆ ئەم هەڵەیەش داوایلێبووردن دەکەم". گوتم "گرنگ نییە. چونکە بە نیسبەت خۆشمەوە دەستپێکێکی نوێیە. منیش هەمیشە خەیاڵم وابوو کاتێک بووم بە مامۆستا لەم ئامادەییە وانە بڵێمەوە. ئێستاش گەشتوومەتە ئەو ئاواتەی خۆم و دەشتوانم بڵێم کە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کارەکەمە".

زۆربەی کورسییەکانی ژووری مامۆستایان گیرابوون و تەنها دوو کورسی لە تەنیشت یەکەوە بەتاڵ بوون، کورسییە هەمیشەییەکەی ئەو و ئەو کورسییەی کە ڕۆژانێک (ئاغای ئەدیبی) لەسەریدادەنیشت. چاوم بە حانوتەکە کەوت. دوو کەس لە تەنیشتی وەستابوون و ساندویچیان دەخوارد. کەوتمەوە یادی خۆم و (مەریەم). لە خۆمم پرسی - ئایا ئەم دووانە هاوڕێی یەکترن؟- . لەگەڵ دەنگی (ئاغای قودسی) کە پیاڵە چایەکی لە بەردەمم دانا ڕاچڵەکام و سوپاسمکرد. ئەو گوتی "تا ساردنەبۆتەوە بیخۆوە". قسەکردنەکەی هێمن و میهرەبانانە بو و ئیتر شوێنەواری توڕەیی و توندیی پێوە دیارنەبوو. کاتێک دەوام تەواوبوو لەبەرخۆمەوە گوتم - ڕۆژانی داهاتوو ئیتر بەم شێوەیە نابێت و هەردووکمان لەگەڵ یەک ڕادێین - .

کاتی گەڕانەوە (ئەحەد) هات بە دوامداو پێکەوە بەرەوماڵ کەوتینەڕێ. (ئەحەد) باڵای بەرزەو من لە ڕێکی سەرشانی ئەودام. ئەو باڵابەرزییەی لە باوکیەوە بۆماوەتەوە. کاتێک پرسی "دایکە قوتابخانەی نوێ چۆن بوو؟". سەرمبەرزکردەوە بۆ ئەوەی سەیری ڕووخساری بکەم. بە پێکەنینەوە گوتم "ئازیزەکەم، ئەم قوتابخانەیە بە نیسبەت منەوە نوێ نییە. من و خوشکەکەت چەند ساڵێک لێرە وانەمان خوێندووە". چەندجارێك سەری ڕاوەشاند و گوتی "بەڵێ ڕاستدەکەیت. بەڵام مەبەستی من لەووشەی نوێ، ئەوە بوو کە ڕۆژی یەکەمی وانەگوتنەوە چۆن بوو؟". گوتم "زۆر باش بو و بەهیچ شێوەیەك هەست بە ماندوویێتی ناکەم". ئەویش بە گوتنی (خوایە شوکرت) بێدەنگ بوو. لەهەمانکاتدا ئوتۆمبێلەکەی (ئاغای قودسی) بە تەنیشتماندا تێپەڕی و (ئەحەد) یش ئەوی بینی. گوتم "(ئەحەد) ئەم پیاوە جاران مامۆستای من بو و باوکی هەمان کچە کە تۆ لە پەنجەرەکەوە دیوتە. ناوی (کاوە قودسی)یە".

(ئەحەد) بە بیستنی ناوی (قودسی) سەری سوڕماو خێرایی هەنگاوەکانی کەمکردەوەو گوتی"دەیناسم". ئەمجارەیان من سەرمسوڕماو پرسیم"تۆ لە کوێ دەیناسیت؟". گوتی"بەڵێ دەیناسم بەلاّم نەك لەنزیکەوە" لەو قسانەی کە باوکم لە بارەیەوە دەیکرد". پرسیم"باوکت لە بارەی ئەوەوە چی پێ گوتی؟". (ئەحەد) زەردەخەنەیەکیکرد و گوتی"دایکە، ئەو هەموو شتێکی بۆ باسکردم. بەلاّم گومانی خراپ مەکە دایکە! باوکم وەك پیاوێکی خێرخوازو مامۆستایەکی دڵسۆز ناوی دەبرد. پێیگوتم کە (ئاغای قودسی) زیاتر لە مامۆستایەك بۆ تۆ بایەخی هەیە. من لە قسەکانی ئەو تێدەگەیشتم. باوکم داوایلێکردم کە ڕێز لەهەست و سۆزەکانت بگرم و ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووبەڕووی بوومەوە، ڕێزی ئەویش بگرم". گوتم"باوکت مرۆڤە چاکەکانی دەناسی و ڕێزی لەهەست و سۆزەکانیان دەگرت. ئەو پیاوێکی گەورە و بەڕێز بوو". تاریفکردنەکەی من زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوانی (ئەحەد) و گوتی"تۆش مرۆڤێکی گەورەیت. من و (وەردە) دەزانین کە تۆ خۆتت لەخۆشی و شادییەکانی ژیان بێبەشکرد بۆ ئەوەی من و ئەو ئەمرۆ لە ژیانماندا هەست بەکەموکوڕی نەکەین. هەتا پاش مەرگی (ئومێد) یش ڕەفتارت نەگۆڕاو ئاستی خۆشەویست و میهرەبانیت بەرامبەر ئێمە کەمنەبۆوە و ئەمەش زۆر پربایەخە. من و (وەردە) خۆشماندەوێیت و پێمانخۆشە تۆش لە ژیانتدا خۆشبەخت بیت". ژێری قۆڵیم گرت و گوتم"من بە هەبوونی منداڵانێکی چاکی وەك ئێوە خۆم بەخۆشبەخت دەزانم. هەر ئەوەندە کە دەبینم ئێوە بە بایەخەوە سەیری ئەو کارانە دەکەن کە من بۆم ئەنجامداون، بۆ من زۆرە. حەزدەکەم ئێوە خۆشبەخت و بەختەوەر بن".

کاتێك گەیشتینە نزیك ماڵەوە، جارێکیتر (ئاغای قودسی) م بینی، بەلاّم ئەمجارەیان بۆنیتی ئوتۆمبێلەکەی هەڵدابوویەوەو سەیری ناو ئوتۆمبێلەکەی دەکرد. من ڕۆیشمە ژوورەوە، بەلاّم (ئەحەد) کەمێك وەستاو سەیرێکی ئەوی کرد و کاتێك هاتە ژوورەوە خۆی گەیاندە من و گوتی"بەلاّم (ئاغای قودسی) زۆریش پیر نییە" بڕواناکەم تەمەنی بگاتە چل ساڵ". پێکەنیم و پرسیم"بۆ دەتەوێ بزانی ئەو تەمەنی چەندە؟". (ئەحەد) سەری داخست و گوتی"ڕاستییەکەی، دەمویست بزانم پیرە یان گەنجە". دەستم خستە سەرشانی و

Scanned with CamScanner

گوتم"ئازیزەکەم! من نازانم باوکت چۆن باسی ئەوی بۆ کردووی، بەلاّم ئەوەندە دەزانم کە پیر یان گەنج بوونی ئەو ئیتر گرنگ نییە. ئەو پیاوێکی خێزاندارەو تۆش ئەوەت فەرامۆشکردووە". ئاهێکی هەلکێشاو گوتی"تۆ بەم قسانەت دەتەوێ بلێی کە من هیچ نەلێم و سەرگەرمی کاری خۆم بم، وایە؟". هەردووکمان پێکەنین و من گوتم"ئەی... شتێك لەم بابەتە". ئامادە بوونی منداڵەکانی (فەرەیدون) لە پشتی پەنجەرەکەوە دەربڕی ئەوە بوو کە میوانمان هەیە.

نیوەشەو لە دەنگی هاوارو زریکاندنێك وەئاگاهاتم. چرای ژوورەکەی (ئەحەد) یش داگیرسابوو. ڕۆیشتمە ژوورەکەی و بینیم کە لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستاوە. پرسیم"ئەو دەنگە لە کوێوە هات؟". گوتی"لە ژووری کچەکەی (ئاغای قودسی)". هەردووکمان بێدەنگ بووین و گوێمان لە دەنگی کچێك بوو کە بە هێواشی دەگریا. پێموابوو بە هۆی بینینی خەوەوە بەم جۆرە ترساوە و زریکاندوویەتی. دەمویست بە (ئەحەد) بلێم شتێکی گرنگ نییەو بگەڕێمەوە ژوورەکەم، کە دەنگی (ئاغای قودسی) م بیست. ئەو دلنەوایی کچەکەی دەکرد و هەولی دەدا هێمنی کاتەوە و دەیگوت (دەزانم سەخت و دژوارە، بەلاّم دەبێ سەبرمان هەبێت چونکە هیچ چارەیەکی ترمان نییە). کچەکەش دەیگوت (بەلاّم من ئیتر ماندوو بووم. ئەگەر تۆ کارێك نەکەیت من لێرە دەڕۆم).

دەنگی (ئاغای قودسی) دەربڕی ماندوویێتی و بێزاری ئەو بوو. بەلاّم دەنگی (فانی) هاواری مرۆڤێکی یەخسیربوو کە بۆ ڕزگاربوون داوای یارمەتی دەکرد. لە نێوان گفتوگۆکانی ئەوان دەنگێکی تریش دەبیسترا. (ئەحەد) لەسەر جێگاکەی دانیشت و گوتی"هەموو شەوێك دەبێ چاوەڕێی ڕووداوی کارەساتێکی نوێ بم. من بەم شێوەیە ناتوانم پشوو بدەم". بەپێی قسەکەی ئەو تێگەیشتم کە شەوانی ڕابردووش ئەو ڕووداوانەی دیوە. لە تەنیشتی دانیشتم و پرسیم"شەوانی تریش ئەو هاوارکردن و زریکاندنەت بیستووە؟". سەیری کردم و گوتی"بەلێ، بەلاّم وەك ئەمشەو نەبوو" هەمیشە نیوەی شەو دەنگی ئەو کچە دەبیستم کە لە کەسێك دەپاڕێتەوەو لە ئەنجامدانی کارێك لۆمەی دەکات و من لە دەنگەدەنگی ئەوان وەئاگادێم. دایکە! بەڕاستی من ئیتر لەم ژوورە ئاسایش و ئاسوودەییم نییە. من تا

درەنگانێك وانە دەخوێنم و كاتێك دەمەوێت پشوویەدەم دەنگەدەنگ و هاتوهاواری ئەوان ناهێڵێت". هەستام و گوتم"بەیانی ژوورەكەمان دەگۆڕین و تۆ دەتوانی بچیتە ژوورەكەی من. ئێستاش برۆ لە خوارەوە بخەوە تا بەیانی". (ئەحەد) بەتانیەكەی هەڵگرت و ڕۆیشتە دەرەوە. من بەهەمان شێوە كە دانیشتبووم بیرم لەو ڕووداوانە دەكردەوە كە هەموو شەوێك ڕوودەدات و لەبەرخۆمەوە گوتم - ئەوە چییە كە هەموو شەوێك بۆ ئەو كچە ڕوودەدات و (ئاغای قودسی) دەڵێت هیچ چارەیەكمان نییە و دەبێ سەبرمان هەبێت؟ - . بڕیارمدا لەم بارەیەوە هەندێك زانیاری لە دایكم وەرگرم و بەدەم ئەو بیركردنەوەیەوە خەوملێكەوت.

خۆشەویستی باوكم و دایكم بەرامبەر منداڵەكانی (ئاتریان) بە ڕادەیەكە وەك ئەوەی ڕاستەقینەی خۆیان سەیریان دەكەن و خۆشیاندەوێن. بۆ بەیانییەكەی كاتێك ڕووداوەكەی شەوی ڕابردووم بۆ دایكم گێڕایەوە، دایكم هەر كە بیستی (ئەحەد) لە ژوورەكەی ناتوانێت پشوو بدات و ئاسوودە نییە توڕەبو و گوتی كە لەگەڵ (شكوە خانم) لەم بارەیەوە قسەدەكات. منیش داوام لە دایكمكرد ئەو كارە نەكات و گوتم (بە نیازم ژوورەكەی خۆم و ئەحەد ئاڵوگۆڕ كەم). دایكم كەمێك هێور بۆوەو گوتی"بەهەرحاڵ ئەوان دەبێ بزانن كە بە دەنگەدەنگ و هاتوهاوارەكانیان ئێمە هەراسان دەكەن". گوتم"ئەگەر مۆڵەتم بدەیت خۆم بە شێوەیەك كە (ئاغای قودسی) پێی ناخۆش نەبێت ئەو بابەتەی لا دەدركێنم". ڕازیبوو و گوتی"من نازانم بۆچی نایبەن لە نەخۆشخانە بیخەوێنن". دایكم كاتێك سەرسوڕمانی منی دی بەردەوام بوو"(یەهدا) شەوان سەرخۆش دەبێت و دەبێتە هۆی ئازاردانی كچەكەی. دڵم بۆ ئەو كچە بەدبەختە دەسووتێ. ماوەیەك (شكوە خانم) بڕیاری دابوو (فانی) لە ژوورەكەی خۆی بخەوێنێت، بەڵام شین و گریانەكانی (یەهدا) نەیدەهێشت ئەوكارە بكات. پێیوابوو كە (شكوە خانم) دەیەوێت كچەكەی لێجیاكاتەوە. (فانی) دەگەڕایەوە ژوورەكەی خۆی بەڵام دەرگاكەی قفڵ دەكرد. ئەو كارەش زیاتر دەبووە هۆی دەردیسەری و (یەهدا) دەیویست بە مست و پێلەقە دەرگاكە بكاتەوە". پرسیم"بۆچی (یەهدا) ئەو كارە دەكات؟ خۆ ئەو كچێكی شادو خۆشحاڵبو و لەهیچ شتێكی كەمنەبوو؟". دایكم پیاڵەكەمی پڕلەچاكرد و لە بەردەمم دایناو

Scanned with CamScanner

گوتی"هەندێکجار مرۆڤەکان لە خۆشی زۆرەوە دەگەنە هیچ و پووچی و لەبەرئەوەی کە هیچ ئامانجێکیان بۆ ژیان نییە شێت دەبن". پێکەنیم و گوتم"خۆ ئەو شێت نەبووە!". دایکم زەردەخەنەیکی کرد و گوتی"ئەو کەسانەی کە بۆ هەڵاتن پەنا بۆ مەی دەبەن، شێتن". پرسیم"هەڵاتن لە دەست چی و چ کەسێك؟". دایکم شانی هەڵتەکاند و گوتی"هەڵاتن لە دەست خۆی، (یەهدا) لە هیچ شتێکی کەم نییە" ئەگەر شێت نەبێت، دەبێ وەك کەسانی تر چێژ لە ژیان وەرگرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو خۆی ئەسیری مەی و مەی خواردنەوە کردووەو ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانیشی نابووتکردووە. تۆ پێتوایە (فانی) بە چ ورەیەکەوە گەورە دەبێت؟ کێ بڕوای دەکرد هاوسەری (ئاغای قودسی) ئاوای لێدەرچێت. من دڵم بۆ ئەویش دەسووتێت. ئەو بەدبەختە لە دەست ئەو ژنە قژیشی سپیکرد، بەڵام هیچ چاری نییە. دەبێ سەبر بگرێت". دوایین ڕستەی دایکم هەمان شت بوو کە (ئاغای قودسی) بە کچەکەی دەگوت. بۆ ئەوەی زیاتر بچمە قووڵایی بابەتەکەوە پرسیم"بۆ هیچ چارەیەکی نییەو دەبێ سەبربگرن؟ لە کاتێکدا کە دەتوانن (یەهدا) لە نەخۆشخانە بخەوێنن تا تەندرووستی باشتر ببێت؟". دایکم گوتی"هاوینی ڕابردوو ئەو کارەیانکرد، بەڵام (یەهدا) لە نەخۆشخانە ویستی خۆی بکوژێت و ناچاربوون بیهێننەوە ماڵەوە. باوکی (یەهدا) داوای لە (کاوە)کرد لە ماڵەوە پەرستاری لێبکەن و خۆی خەرجی کچەکەی لە ئەستۆ گرتووە". پرسیم"چۆن مەشروبی دەست دەکەوێت؟ ناتوانن بەرگری لێبکەن بۆ ئەوەی دەستی نەگاتە مەشروب؟". دایکم شانی هەڵتەکاند و گوتی"کێشە تەنها مەشروب نییە، ئەو جگە لە مەشروب مادە سڕکەرەکانیش بەکاردەهێنێت. (یەهدا) جوانی و گەنجێتی خۆی لە پێناو ئەوکارە لەدەستدا. ئەگەر لە نزیکەوە بیبینیت بڕوا ناکەیت هەر ئەو (یەهدا)یەی جاران بێت. (کامەران) چەندجارێك داوای لە (کاوە) کردووە لێی جیابێتەوە و خۆی و (فانی) لە دەست ڕزگار کات، بەڵام (کاوە) ڕازی نەبووە. کەسیش هۆکارەکەی نازانێت". گوتم"ئەو بەرامبەر بە (یەهدا) هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و نایەوێت خۆی لەژێرباری ئەو بەرپرسیارێتییە دەربێنێ. فەرامۆشتکردووە چەند ڕەنج و ئەزیەتی بۆ من کێشا و خۆی بەبەرپرسی سەرکەوتنی من دەزانی، هەرچەند کە ئەرکی ئەویش نەبوو. (ئاغای قودسی) خۆی فیدادەکات و بەداخەوە

هیچ سوودێکیش لەو فیداکاریە نابینێت". قسەکانی من دایکمی بردە ناو فکرەوە. سەیری کاتژمێرمکرد و گوتم"زۆر درەنگە، ئەمڕۆ هەوڵدەدەم زووتر بگەڕێمەوە، بۆ ئەوەی ژوورەکەی (ئەحمەد) ڕێکخەم".

کاتێک لە ماڵ چوومە دەرەوە، بیرکردنەوە لە مەڕ ئەوەی کە (کاوە) چ ڕەنج و بەدبەختییەك دەکێشێت و چ ژیانێکی ناخۆش تێ ئەپەڕێنێت، منی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. کاتێك چوومە ژووری مامۆستایان، هێشتا ئەو نەهاتبوو. کاتێك زەنگ لێدرا، هاتە ژوورەوەو شوێنەواری ماندوویێتی و نەنووستن بە ڕووخساریەوە دیاربوو. دڵم بۆی سووتاو ئەوەندەی نەمابوو فرمێسك لە چاوانم بێتەخوارەوە. لەبەرخۆمەوە گوتم - بۆچی دەبێ چارەنووسی مرۆڤێکی ئاوا ئەوەندە تاڵ و پڕئێش و ئازار بێت؟ - . (ئاغای قودسی) بە ماندوویێتی لەسەر کورسیەکە دانیشت و خەم و خەفەتەکەی لە ژێر زەردەخەنەیەك کە هێنایە سەرلێو، شاردەوە. هەستمکرد هاوبەشی خەم و خەفەتیم و منیش بارێك لەخەم و خەفەتی ئەوم لە کۆڵە. لەبەرخۆمەوە گوتم - کاتی ئەوە هاتووە قەرەبووی خۆشەویستی و میهرەبانییەکانی بکەمەوەو کارێکی بۆ ئەنجام بدەم- .

کاتێك هەردووکمان هەستاین بڕۆینە پۆلەکانمان و چووینە دەرەوە پرسی"ماندوو دیاریت؟". گوتم"بەڵێ، دوێنێ شەو نەمتوانی بنووم. لە دەنگی هاوارێك وەئاگاهاتم و ئیتر خەوم لێنەکەوت". سەیری ڕووخسارمیکرد و بە گوتنی (بە داخەوە) بێدەنگبوو. گوتم"گرنگ نییە، چونکە تەنها من بەخەبەرنەبووم. خۆم و کورەکەشم لە شەونخونی پیاوێك کە لە ژووری بەرامبەرمان دەژی بەشداربووین". گوتی"ئازار و ئەشکەنجەکەم زیاتر مەکە! ئەگەر بزانم خێزانی من دەبنەهۆی ئازاردانی ئێوە، زیاتر خەفەتدەخۆم". گوتم"بەڵام بە پێچەوانەی جەنابت، من ئەگەر بزانم کاتێك تۆ لەناخۆشی و نارەحەتیدای و منیش لە خەوێکی خۆشدام، هەرگیز لەخۆم نابوورم. پێمخۆشە هاوبەشی شەونخونیەکانت بم. لەبیرتە کاتێك ئوستادە هیندیەکە هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە و تا نیوەی شەو وانەی پێدەگوتم، تۆش بەخەبەر دادەنیشتی و گوێت لەئێمە دەگرت؟". زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی"چۆن دەتوانم

خۆشترین ساڵەکانی ژیانم فەرامۆشکەم؟ من بە هۆی ئەو بیرەوەریانـەوە زینـدووم و دەژیـم".
گەیشتبووینە بـەردەم پۆلـەکانمان. کـەمێك وەسـتام و سـەیری ڕووخسـارە ژاکاوەکـەیمکرد و
گوتم"ئەو ساتانەی کە هەست بە تەنهایی دەکەیت، بزانە کەسێکیش هەیە خۆی بە هاوبەشی
تەنهایی و خەم و خەفەتەکانت دەزانێت".

ئەمەم گوت و چـوومە پۆلـەوە. خـۆم بـە بەرپرسـی ژیـانی ئـەو دەزانـی و نەمـدەتوانی
پشتگوێی خەم. ژیان بەسەربردن لەگـەڵ (تاتریـان) فێریکردبـووم کـە نـاکرێ گـوێ نەدەمـە
چارەنووسی کەسانیتر و تائەو ڕادەیەی کە لە توانامـدا بێـت بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشەی
کەسانی تر تێکۆشم. من زۆر شتی لێفێربووم. ئەو دە ساڵی ڕەبـەق لەگـەڵ مـن و هەسـت و
سۆزی من گونجاو هەرگیزیش بە چاوی سـووك سـەیرینەکرد. ئـەو دەیزانـی کـە عەشـقێکی
بێئاکام برینێکی قووڵی لەدڵمدا دروستکردووە و هەرگیز ئەو برینەی نەدەکولانـدەوە" بـەڵکو
هەوڵیدەدا لەگەڵ ڕاستیەکانی ژیان ئاشنامکات و هـەتوانێکی سـەر برینەکـەم بێت. مـن،
عەشق و خۆشەویستی و لێبوردەیی و خۆبەختکردن لەوەوە فێربووم. ئێستاش دەمبینـی کـە
دیسان کاتی خۆبەختکردن هاتووە.

من دەبوایە ژیانی ئەو، کە لە نـابووتی و وێرانبوونـدا بـوو، ڕزگـارم کردبایـە. لـە کـاتی
پـشوودان، کاتێـك چـاوم بـە ڕووخـساری کـەوت، بڵێـسەیەکی بـچووکی هیـواو ئومێـدم
تێدابەدیکرد. ئەو ئومێدەی کە کەسێك هەیـە لـە خـەم و خەفەتیـدا هاوبـەش بێـت و وەك
هاوڕێیـەکی گیـانی بـە گیـانی خـەمخۆری بێـت. کـاتی ڕۆیـشتنەوە بـۆ مـاڵ داوایلێکـردم
بمگەیـەنێت، ڕازیبـووم و پـاش سـالآنێکی دوورو درێـژ جـارێکیتر لەتەنیـشتی دانیـشتم.
گوتی"حەزمدەکرد مەودای نێوان قوتابخانەو ماڵەوە چەندەها کیلۆمەتر بووایە". پێکـەنیم و
گوتم"بەلآم لە ئاکامدا هەر دەبێ بگەینە ماڵەوە. لەبیرمە کاتێك پێم گوتی - حـەز دەکـەم
جادەکان کۆتاییان نەبێت و من لەم جادەیەدا لێبخورم - تۆ پێتگوتم سەرەنجام دەبێ بگەیتـە
شوێنێك". گوتی"بەڵێ گوتم چونکە ئەو کاتە بە دوای ئامانجێك بووم و پێمخۆشبوو هەرچی
زووترە پێیبگەم. بەلآم ئێستا...". گوتم"هیچ کاتێك هەلآتن لـە دەسـت کێـشەکان سـوودی
نەبووە. ئێمە دروستکراوین بۆ ئەوەی خەبات بکەین و تێبکۆشین و سەرەنجامیش سەرکەوین.

Scanned with CamScanner

ئەمەش لە قسەکانی خۆتە. بزانە چەند بە باشی لـە مێـشکمدا ماوەتـەوەو پاراسـتوومە". پێکەنی و گوتی "خۆزگە هەموو قسەکانت لەمێشکدا بپاراستبایە و لەبیرتبانایە" ئـەو کـات ئومێدەواردەبووم کە قسە، هەر بە قسە نەماوەتەوە". گوتم "من کارم بە زۆرێك لەقـسەکانت کردووە و لە قسەوە گۆڕیومن بۆ کردەوەو خۆشحاڵم کە لەسەردەمی گـەنجێتیم ڕاهێنـەرێکی دڵسۆزی وەك تۆم هەبووە". قاقا پێکەنی و پاشان ئوتۆمبێلەکەی کوژاندەوەو سەریخستە سەر سوکانەکەی و بێدەنگبوو. هەستمکرد دەگری، بەلاّم گریانێکی بێدەنگ و ئارام. هیچمنەگوت بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەرخۆیدا. کاتێك سەری بەرزکردەوە سەیری ڕووخساریم کـرد. ئـەویش ڕووی لێوەرگێڕام بۆئەوەی چاوە فرمێسکاوییەکانی نەبینم. زانیم کە لـە ژێـر گوشـاری ژیـان وردوخاشبووەو ئیتر هێزو توانای نەماوە. کاتێك لەبـەردەم ماڵـەوە دابەزانـدم هێـشتا هـەر ڕووی لێوەردەگێڕام. کە دابەزیم گوتم "پەیوەندی خێزانیمـان دیـسان دەبـێ دەسـتپێبکاتەوە. ئێمە ئەمشەو دێین بۆ ماڵتان". هیـچی نـەگوت و مـن دەرگـای ئوتۆمبێلەکـەم داخـست و ئەویش ئوتۆمبێلەکەی بردە بەردەم ماڵەوەیان ڕایگرت. دەرگای ماڵەوەمان کرابۆوە دەمتوانی بڕۆمە ژوورەوە، بەلاّم چاوەڕێمکرد تا ئەو ئوتۆمبێلەکەی وەستاندو دابـەزی، پاشـان ڕۆیـشتە ژوورەوە.

بڕیارمدابوو بڕۆمە ناو ژیانییەوەو لە نزیکەوە ئاشنای کێشەو گیرو گرفتـەکانی بم، بـەڵکو بتـوانم کـەمێك لەوکێـشانە چارەسـەربکەم. دەمزانـی (ئاغـای قودسـی) وەی جـارانی لەدەستداوەو وەك گەلاّی پاییز خۆی بەدەستی -با- سپاردووە. ئەو ئیتر ئەو پیاوە نەبوو کـە منی بە ژیان و هەوڵ و تێکۆشان ئومێدەوار دەکرد. کاتێك چارەنووسی خۆمم لەگـەڵ ئـەودا بەراورد کرد، زانیم کە من ژیانم نەدۆڕاندووەو کچێکی خۆشبەخت بـووم و، لەبەرئـەوەی کـە ئەوم بە هۆکـاری بەدبـەختی و نـابووتی ژیـانم زانیبـوو لـەخۆم توڕەبـووم. لەبەرئـەوەی کـە ساڵانێکی زۆر خۆمم بەم بیرکردنەوەیە سەرقاڵکردبو و لە چارەنووسی ئەو بێئاگاببووم، زیـاتر لە هەڵەکەی خۆم تێگەیشتم و نەفرەتم لەخۆمکرد.

Scanned with CamScanner

ژوورەکەی من و (ئەحمەد) بە هاوکاری دایکم ڕێکخراو من گەڕامەوە ژووری جارانی خۆم. دایکم ماندوو بوو، لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستاو لێیپرسیم "بەڕاست ئەمشەو دەتەوێ بڕۆیت؟". گوتم "نەك دەڕۆم، بەڵکو دەڕۆین. من بە (ئاغای قودسی) م گوتووە کە ئەمشەو هەموومان دێین". دایکم سەیری کردم و گوتی "بەڵام بڕوا ناکەم باوکت بێت. پاش مەرگی (ئاغای قودسی باوك)، باوکت هەرگیز نەڕۆیشتووە بۆ ئەوێ و ئەمشەویش نایەت". گوتم "زۆر باشە ئێمە خۆمان دەڕۆین. پێمخۆشە پاش ئەو هەموو ساڵە هەستبکەم هەر ئەو (مینا) یەی جارانم کە پێکەوە دەڕۆیشتین بۆماڵیان" بەڵام ئەمجارەیان (ئەحمەد) لەگەڵ خۆم دەبەم و پێمخۆشە ئەویش لە نزیکەوە لەگەڵ (ئاغای قودسی) ئاشنابێت". بێدەنگی دایکم نیشانەی ڕازیبوونی بوو.

دەمەو ئێوارە (ئاغای قودسی) تەلەفۆنی کرد و پرسی "هێشتا هەر دەتەوێ بێیت؟". گوتم "ئەگەر هیچ گیروگرفتێك نییە بەڵێ، دێین". گوتی "کەواتە چاوەڕێتم". پرسیم "ئاساییە ئەگەر (ئەحمەد)یش لەگەڵ خۆم بهێنم؟ پێمخۆشە لەگەڵت ئاشنابێت". گوتی "ئێرە ماڵی خۆتە. هەر کەسێك دەهێنی، بیهێنە". سوپاسمکرد و تەلەفونەکەم داخست. من و دایکم چاوەڕێمانکرد تا (ئەحمەد) گەڕایەوەو وادەی میوانییەکەمان پێگوت و لێمپرسی کە (پێی خۆشە لە گەڵمان بێت؟) ئەویش ڕازیبو و سێ کەسی کەوتینەڕێ.

وەك جاران کە هەر کاتێك دەمویست بڕۆم بۆ ماڵیان دڵەڕاوکێم هەبوو، دیسان تووشی ئەو حاڵەتە بوومەوەو بەڕێ کەوتم. کاتێك زەنگم لێدا خۆی دەرگاکەی بۆ کردینەوەو بە گەرمی پێشوازی لێکردین. هەستمکرد کەش و هەوای ماڵەوە زۆر خەماوییە. هەستم بە پەژارەیەکی زۆرکرد و بە ئاشکرا بینیم کە ئەم ماڵە، ماڵە خۆش و شادەکەی جاران نییە. (شکوە خانم) هەر وەکو جاران بە میهرەبانی لەباوەشی گرتم و لەبەرئەوەی کە پاش ئەو هەموو ساڵە جارێکیتر ڕۆیشتوومەتە ماڵیان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. کاتێك دانیشتین کچەکەی (ئاغای قودسی) بە سینییەك چاوە هاتە ژوورەوە و من بۆ یەکەمجار ئەوم لە نزیکەوە بینی. سەیرکردنەکانی وەك (یەهدا) بوو و ڕووخسارە جوانەکەی خەرمانەیەکی خەم دایپۆشیبوو. کاتێك لە تەنیشتمەوە دانیشت، بۆنێکی نێرگزی خۆشی لێوە هات. ماڵەوە زۆر بێدەنگ و

خەماوی بوو. من بە دوای (یەهدا) ئەگەڕام و کاتێك لە (ئاغای قودسی) م پرسی"(یەهدا) لە کوێیە؟". باوك و کچ سەیرێکی یەکتریانکرد و پاشان (ئاغای قودسی) گوتی"ئیشێکی هەبوو ڕۆیشتە دەرەوە". (شکوە خانم) بە گوتنی (فەرموون چاکەتان بخۆن) وایکرد کە من درێژە بەپرسیارەکانم نەدەم و خۆی سەری قسەی کردەوە. لەو ژوورە هیچ شتێك نەگۆڕابوو. هەمان مۆبیلی جاران، بەڵام کۆنەو هەمان فەرش و هەمان تابلۆی سەر دیوارەکە. وەك بڵێی کات، تەنها بۆ ماوەیەکی کورت لەو ژوورەدا وەستابو و ڕۆیشتبوو. جێگای (کەتایون) و (کامەران) بە ڕاستی چۆڵ بوو. کاتێك ئەحواڵی ئەوانم پرسی، (شکوە خانم) گوتی"ئەگەر (کەتایون) بیزانیبایە تۆ دێیت بێگومان دەهات بۆ بینینت. (کاوە) چەند خولەکێك لەمەوپێش پێیگوتم کە ئێوە دێن". گوتم"بەڵێ، کتوپڕ بڕیارمدا. دەمێکبوو حەزمدەکرد بتانبینم، بەڵام ڕێکنەدەکەوت و خۆشبەختانە ئەمشەو توانیم بێم". چاوە خەماویەکانی بڕییە ڕووخسارم و گوتی"تۆ هەمیشە بۆ من ئازیز بوویت. من هەمیشە تۆم وەك (کەتایون) خۆشویستووە، بەڵام بە داخەوە گەردوون بەپێی خواست و ویستی من نەسوڕاو نەگەیشتمە ئەو ئاواتەی کە هەمبوو". بەباشی لە مەبەستی قسەکانی تێدەگەیشتم. گوتم"لەگەڵ چارەنووسدا ناکرێ شەڕبکەین". سەری ڕاوەشاندو هیچی نەگوت. ناچاربووم ئەو کەشوهەوا مات و خەماویە بگۆڕم و لە (شکوە خانم) م پرسی"(کامەران) چیدەکات؟ لە ژیانی ڕازییە؟". (شکوە خانم) وەڵامی پرسیارەکەی دامەوە و لەهەمانکاتیشدا (ئاغای قودسی) پیاڵەکانی کۆ کردەوە.

لە شێوازی قسەکردنەکەی (شکوە خانم) تێگەیشتم کە پێی خۆش نییە لەلای (ئاغای قودسی) باسی خۆشبەختی (کامەران) بکات. کاتێك جارێکیتر چایان هێنا، (ئاغای قودسی) ڕوویکردە (ئەحمەد) و لەگەڵ ئەو کەوتە قسەکردن. من لە (فانی) م پرسی"پۆلی چەندیت؟". (فانی) گۆناکانی لە شەرما سوور هەڵگەڕاو گوتی"پێنجەمی سەرەتایی". گوتم"بە دڵنیاییشەوە قوتابی نموونەیت؟". جارێکیتر گۆنای سووربۆوەو گوتی"بە داخەوە نەخێر، زیرەك نیم". گوتم"بەڵام ئازیزم تۆ لەگەڵ هەبوونی باوکێکی ئاوا نابێت تەمبەڵ بیت". بە

لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی"دەزانم، بەلام باوکم دەرفەتی نییە وانەم پێبڵێت. ئەو زۆر سەرقاڵەو کاتی نییە". گوتم"لەگەڵ ئەوەشدا بڕوا ناکەم ئەگەر داوا لەباوکت بکەیت یارمەتیت نەدات". گوتی"بەڵێ یارمەتیم دەدات بەلام من نامەوێت کێشەیەك بۆ کێشەکانی باوکم زیاتربکەم. خۆم بە تەنها وانە دەخوێنم". زۆر دڵم بۆی سووتاو زانیم کە بارودۆخی ماڵەوەیان زۆر لەوە خراپترە کە من گومانم دەکرد. بە شێوەیەك کە (ئاغای قودسی) هەتا کاتی ئەوەی نییە یارمەتی کچە تاقانەکەی بدات.

(ئاغای قودسی) کە جاروبار سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد منی تووشی دوودڵی دەکرد. گومانم برد لەوانەیە پێیخۆشبێت ئەوێ جێبهێڵین. ئەو پرسیاری جۆراوجۆری لە (ئەحمەد) کردبوو و هانیدابوو کە ئەو ڕێگایەی گرتوویەتیە بەر دەستبەرداری نەبێت. کاتێك قسەکانیان کۆتایی پێهات گوتم"ئەگەر مۆڵەتمان بدەن ئێمە ئەزیەت کەمدەکەین". ناوچەوانی سوور هەڵگەڕاو بە نارەزایەتییەوە گوتی"هێشتا زووە. ئێوە هێشتا میوەتان نەخواردووە". (فانی) ش وەك باوکی نیگەران بو و بەپەلە میوەیەکی هەڵگرت و گوتی"تکاتان لێدەکەم فەرموون، ئەگەر ئێوە بڕۆن ئێمە بە تەنها دەمێنینەوە". گوتم"بەلام ئەزیزم تۆ بەیانی دەبێ بچیت بۆ قوتابخانەو شەویش زوو بخەویت". نیگا خەماوییەکانی بڕییە ڕووخسارم و گوتی"هیچ جیاوازییەکی بۆ من نییە کە کاتژمێر چەند بخەوم. باوکم هەموو ڕۆژێك لە کاتی خۆیدا خەبەرم دەکاتەوە. تکاتان لێدەکەم لای ئێمە بمێننەوە". داوەتەکەیم بەڕووخۆشی پەسەندکرد و گوتم"زۆر باشە، لەبەرخاتری تۆ دادەنیشین، بەلام دەبێ بەڵێنم بدەیتێ هەرکاتێك بێزارو بێتاقەت بوویت، بێیت بۆ لای من و قسەم لەگەڵ بکەیت. من نەوەیەکی بچووك و جوانم هەیە کە دڵنیام ئەگەر بیبینیت خۆشت دەوێت و حەزدەکەیت یاری لەگەڵ بکەیت". کە ناوی نەوەم برد، (شکوە خانم) بە سەرسوڕمانەوە سەیری دایکمیکرد و دایکیشم گوتی"مەبەستی (مینا) خوشکەزاکەی (ئەحمد) ە. لەبەرئەوەی کە (مینا) خوشکی (ئەحمد) ی بە شوودراوە منداڵەکەی بەنەوەی خۆی دەزانێت". (شکوە خانم) یش گوتی"بەڵێ... ئێستا تێگەیشتم". پاشان پێکەنی و گوتی"باشە پیرۆزە". منیش پێکەنیم و گوتم"سوپاستدەکەم، بەلام ڕێگە بدەن هەر کاتێك کچەکەم هات، (فانی) ش بێت و لەگەڵ نەوەکەم یاری بکات. ڕازیدەبن؟".

(شکوە خانم) جارێکیتر پێکەنی و گوتی"باشە زۆر ئاساییە". گوتم"بەلاّم (فانی) لە پێشدا دەبێ وانەکانی خوێندبێت و ئەگەر تووشی گیروگرفتێك بوو، لە من یان (ئەحەد) پرسیار بکات". (فانی) چەپلەیەکی لێداو نووشتایەوە گۆنامی ماچکردو سوپاسیکردم. تیشکی شادیم لە چاوە جوانەکانی بینی و لەبەرئەوەی کە توانیبووم تەنها بۆ ساتێکی زوو تێپەڕ دلّی شاد بکەم، خۆشحالّبووم. (ئاغای قودسی) بە بێدەنگی جگەرەی دەکێشاو گوێی لەگفتوگۆی ئێمە ڕاگرتبوو. کاتێك ویستمان بڕۆین گوتی"لەبەرئەوی کە بۆ ماوەیەك شادی و خۆشیتان لەگەلّ خۆتان هێنا بۆ مالّی ئێمە، زۆر سوپاستاندەکەم". گوتم"ئەگەر بە ڕاستی ئاوایە کەواتە ئێوەش وەرن بۆ مالّی ئێمە بۆ ئەوەی ئێمەش سوود لە خۆشەویستی و میهرەبانی ئێوە وەرگرین". دەستم کە بۆ خواحافیزی درێژ کردبوو خستیە ناو دەستی و گوتی"دێم، دلّنیا بە".

کاتێك گەشتینە مالّەوە بە دایکم گوت"(یەهدا) تا ئەم درەنگانەی شەو هەر لە دەرەوە بووە. ئەی نازانێت هاوسەرو کچەکەی پێویستیان بەبوونی ئەو هەیە؟". دایکم گوتی"ئەو ئەگەر هەستی بەبەرپرسیارێتی بکردبایە پەنای بۆ مەی خواردنەوە نەدەبرد و ژیانی کەسانی دەوروپشتی نابووتنەدەکرد".

بۆ بەیانییەکەی (فانی) هات بۆ سەردانم بەبێ ئەوەی کە (وەردە) هاتبێت. من بە بینینی ئەو زۆر خۆشحالّبووم و بردم بۆ ژوورەکەی خۆم. خانووەکەمان بە نیسبەت ئەوەوە نوێ بوو هەر بۆیە بەتامەزرۆییەوە سەیری هەموو شوێنێکی دەکرد. پێمخۆشبوو پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوانماندا بەرقەراربێت و ئەو بتوانێت بە ئاسوودەیی قسەم لەگەلّ بکات. کەواتە مۆلّەتم دایە بە ویستی خۆی بجوولێتەوەو حەزی لەهەر شتێکە دەستکاری بکات. من جلەکانی (ئەحەد) م ئوتوو دەکرد. کاتێك سەیرکردن و ئیش و کارەکانی تەواو بوو هات لە تەنیشتمەوە وەستاو پرسی"تۆ ماندوو نابیت؟". پرسیم"لەچی؟". لە لێواری تەختی نووستنەکەی (ئەحەد) دانیشت و گوتی"لەوەی کە هەم مامۆستا بیت و هەم ئیش و کاری مالّەوەش ئەنجام بدەیت؟". گوتم"من چێژ لەو کارە وەردەگرم". سەیریکردم و گوتی"دوێنێ

شەو داپیرەم گوتی کە کاك (ئەحەد) و (وەردە خانم) مندالانی ڕاستەقینەی تۆ نین، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ئەوانت وەك منالی خۆت خۆشدەویت و جلەکانیان بۆ ئوتوودەکەیت".

گوتم"بەلێ داپیرەت ڕاستدەکات و ئەوان مندالانی ڕاستەقینەی من نین، بەلام هەرگیز وابیرناکەمەوە، چونکە خۆشدەوێن و ئەوانیش منیان خۆشدەوێت". گوتی"خۆزگەم پێیان، خۆزگە من لە جێگای ئەوان بوومایە". گوتم"بەلام تۆ لەوان خۆشبەختتری، چونکە باوك و دایکێکی ڕاستەقینەت هەیە و لە ڕادەبەدەریش تۆیان خۆشدەوێت". بە لالێوێکەوە پێکەنی و گوتی"باوکم و داپیرەم خۆشیاندەوێم، بەلام دایکم لێم بێزارەو من بە هۆکاری بەدبەختی خۆی دەزانێت". پرسیم"بۆ وابیردەکەیتەوە؟". گوتی"وابیر ناکەمەوە، ئەو قسەیە هەموو شەوێك دایکم پێمدەڵێت. هەموو شەوێك کاتێك کە دێتە ژوورەکەم بۆ ئەوی شەو شادم پێبلێت". گوتم"لەوانەیە دایکت شۆخیت لەگەڵ بکات. چونکە زۆربەی دایکان لەگەڵ منداڵەکانیان شۆخی دەکەن". (فانی) پرچی لەسەر ناوچەوانی لاداو گوتی"بەلام دایکم هەرگیز شۆخیم لەگەڵ ناکات و بە ڕاستییەتی. ئەو هەموو شەوێك بە تووڕەییەوە خەبەرمدەکاتەوەو هەر ئەو قسانەم پێدەڵێت. باوکم دەڵێت ئەو نەخۆشەو نابێ ئەو قسانەی لێبگرم و پێمناخۆش بێت، بەلام من ئیتر منداڵ نیم و دەزانم کە دایکم لێم بێزارە".

گوتم"منیش لەگەڵ باوکت هاوبیرو ڕام و نابێت قسەکانی دایکتت پێناخۆشبێت، چونکە ئەو نەخۆشەو نازانێت چی دەڵێت".

(فانی) هەستاو جلە ئوتوو کراوەکەی (ئەحەد) ی لە دەست وەرگرتم و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵیدەخست گوتی"من ئیتر ڕاهاتووم. دایکم بە ڕۆژ کاتێك من لە قوتابخانەم دەخەوێت و شەوانیش کە دەمەوێت بخەوم، دێتە سەر وەختم و ئازارمدەدات. من لێیدەترسم. ئەو جارێکیان ویستی من لەپەنجەرەکە فڕێداتە ناو کۆلانەوە و ئەگەر باوکم زوو نەهاتبایە و منی لە ژێر چنگی دەرنەهێنایە ئێستا من زیندوو نەبووم. مامە (کامەران) منی زۆر خۆشدەوێت و من لەگەڵ کوڕە مام و کچە مامەکانم زۆر برادەرین. کاتێك مامە (کامەران) زانی کە دایکم ویستوویەتی من لە پەنجەرەکە فڕێدات، منی برد بۆ ماڵی خۆیان و لەوێ زۆر ئاسوودە بووم. بەلام دایکم هات و بە شین و گریان منی لێوەرگرتنەوەو هێنامیەوە ماڵەوە. ئەو

بەڵێنی بە مامە (کامەران) دابوو کە ئیتر ئازارمنادات و شەوان لەخەومناکات، بەڵام بەڵێنەکەی بەجێنەگەیاندو دیسانەوە ئازاریدام". گوتم"بۆچی کاتی نووستن دەرگای ژوورەکەت قفلّ ناکەیت". گوتی"قفلّی دەکەم، بەڵام دایکم بە مست و پێلەقە دێت بەدەرگاکەداو هاواردەکات کە دەرگاکە بکەمەوە. داپیرەشم چەند شەوێك منی بردە لای خۆی، بەڵام دایکم نیوەشەو لێیدام و منی گەڕاندەوە ژوورەکەی خۆم". پرسیم"ئەی ئەو داپیرەکەت چی؟ ئەویش تۆی خۆشدەوێت؟". پرسی"دایە (ئەلیرا) دەڵێیت؟"گوتم"بەڵێ". گوتی"نەخێر ئەویش خۆشی ناوێم. پێیوایە من بوومەتە هۆی نەخۆشی کچەکەی و نەفرەتم لێدەکات". پرسیم"نەخۆشییەکەی دایکت لەچ کاتێکەوە دەستیپێکرد؟". گوتی"نازانم، من هەمیشە دایکم بەنەخۆشی دیوە". دوایین کراسیشم دایە دەستی و ئەویشی هەڵخست. گوتم"پێتخۆشە پێکەوە پیالە چایەك بخۆینەوە؟". ڕازیبو و چام بۆ هەردووکمان تێکرد و هەندێك پسکیتیشم لەبەردەمی داناو گوتم"خۆش و بەتامە بیخۆ". ئەو ڕۆیشتبووە ناو فکرو خەیاڵەوە. سەریبەرز کردەوەو گوتی"دڵم بۆ باوکم دەسووتێت. ئەو زۆر تەنهایە. هەتا لەگەڵ مامە (کامران) یش قسە ناکات. باوکم کاتێك لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە دەبێ ئیش و کارەکانی دایکیشم ئەنجام بدات. دایکم پێیناخۆشە داپیرەم کارەکانی ئەنجامبدات. تەنها دەبێ باوکم ئیش بکات". پرسیم"بۆ؟ دایکت توانای ئیشکردنی نییە؟". پێکەنی و گوتی"توانای هەیە" بەڵام نازانێت. هەمیشە باوکم دەبێ ئیشەکانی ئەویش بکات. ئەو هەتا نازانێت جلەکانی من و باوکم ئوتوو بکات". بەو نموونە هێنانەوەی (فانی) پێکەنینم هات و پرسیم"ئەی تۆ دەزانیت؟". بە سەرفیرازییەوە گوتی"بەڵێ دەزانم. داپیرەم فێریکردووم. خواردنیش دروستدەکەم". پێکەنیم و گوتم"ئافەرینت لێبێت، کچە کابانەکە". ئەو تاریفکردنەی من خۆشحاڵیکرد و گوتی"من بە هاوینان ئیشوکاری ماڵەوە دەکەم و داپیرەشم هەموویم فێردەکات. ئەو دەڵێت کە دەبێ من بە تەواوەتی فێری ماڵداری بم بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتی باوکم بدەم". گوتم"بەڵێ، داپیرەت ڕاستدەکات". (فانی) پسکیتێکی هەڵگرت و گوتی"من دەبێ هەموو ئیشەکان فێربم بۆ ئەوەی باوکم ناچارنەبێت خۆی ئیشبکات".

Scanned with CamScanner

پرسیم"کاتێك باوکت کاردەکات، مەبەستم کاری ماڵەوەیە - ئەی دایکت چیدەکات؟". (فانی) سەیری بەرامبەری خۆی کرد و گوتی"هیچ، بە مات و بێدەنگی دادەنیشێت و سەیری باوکم دەکات. دایکم ئەوەندە دەرمانی خواردووە کە دەستەکانی دەلەرزێت و توانای هەلگرتنی هیچ شتێکی نییە". گوتم"کچەکەم! ئەگەر دایکت نەخۆش نەبوایە لەوانەیە بیتوانیبایە یارمەتی باوکت بدات". بە دەربڕینی ووشەی (کچەکەم) ڕووخساری گەشایەوەو گوتی"دەکرێت ئەو ڕستەیە جارێکیتر دووبارەکەیتەوە؟".ڕستەکەم دووبارەکردەوەو ئەو بە خۆشحاڵییەوە گوتی"تۆ بە منت گوت کچەکەم. واتە منیش لە لای تۆ ئازیزو خۆشەویستم؟". سەریم خستە باوەشم و گوتم"بێگومان تۆش ئازیزی منی. من لێرە بەدواوە لەباتی کچێك، دوو کچم هەیە". سەریبەرز کردەوەو سەیری ڕووخسارمیکرد و گوتی"خۆشمدەوێیت دایکە". هەردووکمان دەستمانکرد بە گریان. لەبەرئەوەی کە (فانی) منی بە دایك ناو برد و بەم هۆیە دەیویست پێویستی و کەمو کوڕیەکانی ژیانی پڕکاتەوە، هەم خەمبار بووم و هەم خۆشحاڵ. خۆشحاڵبووم لەبەرئەوەی کە توانیبووم پەیوەندی لەگەڵدا بەرقەراربکەم و ئەو کچە بچکۆلانە ڕاز و نهێنییەکانی خۆی لای من بدرکێنێت و باسیانبکات.

ئێستا ئیتر بە تەواوەتی بەرامبەر بە چارەنووسی ئەو هەستم بە بەرپرسیارێتی دەکرد و بڕیارمدا ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ خۆشبەختکردن و بەختەوەری ئەو بیخەمە گەڕ.

((بەشـــــــــی ٣٨))

بە بینین و دیدار لەگەڵ (فانی) ڕاهاتم و ئەگەر ڕۆژێـك لـە كـاتی دیـاریكراودا نەهاتبایـە نیگەران دەبووم. ئەو هەستەی كە بەرامبەر ئەو پەیدامكردبوو، ڕێك وەك ئەو هەستە بوو كە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بەرامبـەر (وەردە) و (ئەحـەد) هـەمبوو، بـەڵام بـەم جیاوازیـەی كـە واهەسـتمدەكرد ئـەو بەشـێك لـە ڕۆح و گیـانی پیاوێكـە، كـە جـاران وەك دڵ و گیـان خۆشمدەویست. هەندێكجار پێموابوو كە ئەو بەرهـەمی عەشـقەكەی منـە و منـیش دایكـی ڕاستەقینەی ئەوم.

دایكم كە دەیبیبینی من لەگەڵ (فانی) تێكەڵبووم و ئەویشم خۆشدەوێت، غەمگین دەبوو و دەیگوت (نازانم خوا چ چارەنووسێكی بۆ تۆ لە قەڵەمداوە! لەوانەیـە تـۆی درووسـتكردبێت بۆئەوەی ببیت بەدایكی هەتیوەكان). لەبەرامبەر قسەكەی پێكـەنیم و گـوتم"بـەڵام (فـانی) هەتیو نییە و دایك و باوكی هەیە. من ئەگەر ئەوم خۆشدەوێت لەبەرئەوەیە كە ئەو لـە ڕووی میهرەبـانی و سـۆزدارییەوە كـەموكوڕی هەیـە. حەزناكـەم كاتێـك گـەورە بـوو مرۆڤێكـی ڕقهەڵگری لێدەرچێت". دایكم گوتی"بەڵام تۆ لە ژیانی خۆت دوادەكەویت. فەرامۆشی مەكە تۆ هێشتا زۆر گەنجیت و دەبێ لەبیری ئاینـدەی خۆتیـشدا بیـت. كاتێـك بڕیارتـدا ببـی بـە هاوسەری (تاتریان) دەمتوانی تێبگەم بۆچی ئەم كارە دەكەیت. تۆ ئەو كاتە عەشقی (ئاغای قودسی)ت لە دەستدابو و ئەویش لە باتی تۆ كـچە مامەكـەی هەڵبـژاردبو و تـۆ دەتویـست لەدەستی ئەو ڕاكەیت و ئەو كارەشت كرد. بەڵام ئێستا تـۆ گەڕاویتەتـەوە شـوێنی یەكـەمی

خۆت" واتە وەك ئەوە وایە کە هێشتا شووت نەکردبێت، بەلام ئەو بە پێچەوانەی تۆ هەم ژنی هەیەو هەم منداڵ. ڕاستە ئەو لە ژیانی هاوسەرێتی خۆشبەخت نییە، بەلام ئەمە هیچ لە ماهیەتی مەسەلەکە ناگۆڕێت" مەگەر تۆ بتەوێ بیگۆڕیت". گوتم"من هەرگیز نامەوێت کارێك بکەم ژیانی ئەو تێکبدەم. بە پێچەوانەوە دەمەوێت کارێك بکەم کە ژیانی لە نابووتی ڕزگاربکەم و خۆشبەختی کەم. من لەگەڵ (تائریان) ڕۆژانێکی خۆشم تێپەڕاندو پێمخۆشە ئەویش چێژ لەژیان وەرگرێت و تامی خۆشبەختی بچێژێت. ئەویش مافی ئەوەی هەیە کە خۆشبەخت و بەختەوەر بێت. کاتێك بیرلەوەدەکەمەوە کە دەساڵی تەواو ئەوم بە بێوەفایی تاوانبارکردووە، لە خۆم بێزاردەبم و نەفرەت لەخۆم دەکەم. هەرچەند کە نازانم بۆچی (یەهدا) ی لە من بە باشتر زانی، بەلام ڕۆژێك دێت کە هەست و سۆزی خۆی بدرکێنێت و دان بە عەشقەکەیدا بنێت هەتا ئەگەر کاتی مردنیشمان بێت. چارەنووسی من و ئەو ئەوەیە کە یەکترمان خۆش بوێت، بەلام جیا لە یەکتر ژیان بە سەر بەرین. کۆت و بەندی ژیان ئێمە لە یەك جیادەکاتەوە. ئەو لەسەردەمی گەنجێتی، عەشق و هەست و سۆزی خۆی سەرکوتکرد بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشکەری من بێت، ئەو دەیویست لەگەڵ من ڕێگای ژیان ببڕێت، بەلام بێئاگابوو لەوەی کە چارەنووسمان شتێکیترەو ڕێگامان لەیەك جیادەبێتەوە. بەلام ئێستا پێکەوەین، هەموو ڕۆژێك بەیانی تا ئێوارە پێکەوە ڕێگایەك دەبڕین. ئێمە بە ئامانجەکەمان گەیشتووین " قەیدی ناکات با لەشمان داڕزێت، بەلام نابێ ڕۆحمان دیل و یەخسیر بێت. کەس ناتوانێت ڕۆحی ئێمە لێکجیاکاتەوە. ئێمە هەردووکمان لە - هەتایی - ئازادو سەربەست دەبین و هیچ قفلێك ژوورەکەمان داناخات". دایکم پرسی"کەوتە ئیتر نیازی شووکردنت نییەو دەتەوێ هەموو تەمەنت بە سەڵتی بەسەر بەریت؟". گوتم"بەڵێ، چونکە دەترسم پیاوێکی باشی وەك (تائریان) م دەستنەکەوێت. بەلام بۆ ئەوەی خەیاڵت ئاسوودە بکەم، دەڵێم ئەگەر هات و ڕۆژێك پیاوێکی وەك ئەوم دەستکەوت، شوودەکەم. ئێستا ئاسوودە بوویت؟". دایکم گوتی"من تەنها ئارەزووم ئەوەیە کە تۆ بە خۆشبەختی ببینم و ڕۆژێك بێت تۆ منداڵی خۆت گەورە بکەیت" هەر ئەوەندە". دەستیم گرت و گوتم"دایکە، هەموو منداڵەکان ئازیزن و دەبێ خۆشمانبوێن. تۆو باوکم هەرچی لە دەستتان بێت بۆ خۆشحاڵی و خۆشبەختی (ئەحەد) و

Scanned with CamScanner

(وەردە) درێغی ناکەن، هەرچەند کە ئەوان مندالّی ئێوە نین". دایکم گوتی"بەڵێ وایە. من و باوکت ئەوانمان خۆشدەوێت". گوتم"مەبەستی منیش هەر ئەوەیە. من دەزانم کە ئەگەر نەتوانم مندالێك لەخۆم بە یادگاری جێبهێڵم، ئەو مندالانەی کە خۆشمدەوێن و بۆ گەورەکردنیان تێکۆشاوم، منیان لەبیرناچێت". دایکم دەستێکی کێشا بە سەر شانما و گوتی"بەهەرحاڵ، من پێمخۆشە هەتا زیندووم مندالّی خۆت ببینم. مندالێکی شادو ساغ و سەلامەت".

بە دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکان کەمتر دەرفەتی بینینی (فانی) م هەبوو. لە کاتی تاقیکردنەوەکان کاتێك لە تەنیشت (ئاغایی قودسی) وەستابووم و چاودێری قوتابیەکانم دەکرد، ئەو بابەتەم باس کردو لێم پرسی"(فانی) دیار نییە، ئیتر نایەت بۆ بینینم؟". گوتی"ئەویش سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانیەتی". پرسیم"یارمەتی دەدەیت؟". ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی"تا ئێستا دەرفەتم نەبووە" بەلاّم ئەگەر بتوانم یارمەتی دەدەم". گوتم"هیچ کارێك لە (فانی) گرنگتر نییە و دەبێ یارمەتی بدەیت. حەزناکەم وابیربکەمەوە کە ئەوت پشتگوێ خستووە و بەرامبەر بە چارەنووسی کەمتەرخەمیت". بە گوتنی (دەرفەتم نییە) دوور کەوتەوەو خۆی گەیاندە کۆتایی هۆڵەکەوە.

هەمان شەو ڕۆیشتم بۆ مالّیان و داوام لە (شکوە خانم)کرد بچمە ژوورەکەی (فانی) و لە وانەکانی یارمەتی بدەم. بە خۆشحالّییەوە پەسەندیکرد. من و (فانی) ڕۆیشتینە سەرەوە. (فانی) لە ژوورەکەی جارانی (ئاغای قودسی) بوو. بۆ ئەوەی کە یارمەتی ئەو بدەم دەبوایە بیرەوەریەکانی ڕابردو و ئەو دیمەنانەی کە لەم ژوورەدا بینیبووم فەرامۆشیان بکەم. هەولّمدا پەردەیەکی ئەستوور بکێشم بەسەر بیرەوەریەکانی ڕابردودا و بەو بیرکردنەوەیە کە ئەم ژوورە، ژووری (فانی) یەو دەبێ یارمەتی بدەم، پەرتووکەکەیم کردەوە.

(فانی) پیشانیدا کە شێت و شەیدای فێربوونە. بەوردی گوێیلەقسەکانم ڕادەگرت و دەیسپارد بە هزرو مێشکیەوە. ئێمە وانەمان دەخوێند و (ئاغای قودسی) ش لە ئاشپەزخانە خەریکی ئیشکردن بوو. هەندێکجار لەلای دەرگاکە دەوەستاو تەماشایدەکردین. حەزمدەکرد

بمتوانیبایە بڕۆم و یارمەتیبدەم، بەلاّم دەترسام لووتبەرزییەکەی برینداربکەم و شەرمبکات. ئەو شەوەش (یەهدا) لەماڵ نەبو و من نەمتوانی بیبینم. (فانی)م لە وانەکان تاقیکردەوەو ئەویش بە باشی وڵامی پرسیارەکانی دامەوە. خۆشحاڵ بووم و ماندوویێتیم فەرامۆشکرد. کاتێك پەرتووکەکەم داخست و دام بەدەستیەوە و گوتم "کچەکەم تۆ بەیانی سەردەکەویت، بەلاّم دەبێ پاش ئەوەی لەقوتابخانە گەڕایتەوە، چاوێك بەوانەکانیتردا بخشێنیتەوە". پرسی "سبەی شەویش دێیت؟". گوتم "ئەگەر بتوانم، دێم. بەلاّم بەڵێنم بدەرێ ئەگەر من نەهاتم خۆت وانەکەت بخوێنیت". دەستیگرتم و خستیە سەر گۆنای و گوتی "بەڵێندەدەم". هەستام بڕۆم، (فانی) بە دەنگی بەرز بانگی باوکی کرد و گوتی "باوکە! دایکم خەریکە دەڕوات". (ئاغای قودسی) خۆی گەیاندە ئێمەو بە سەرسوڕمانەوە پرسی "دایکت کوا؟". (فانی) ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی "مەبەستم (مینا خانم) بوو. من فەرامۆشمکرد پێتبڵێم دایکێکی باشم دۆزیوەتەوە. (مینا خانم) منی وەك کچی خۆی خۆشدەوێت، وانییە؟". گوتم "با ئەزیزەکەم! تۆم وەك کچی خۆم خۆشدەوێت. تۆش کچی خۆمی". (ئاغای قودسی) سەرینا بە چوارچێوەی دەرگاکەوەو گوتی "سوپاستدەکەم. بۆ ئەوەی یارمەتی (فانی) ت دا سوپاستدەکەم. دانیشە با چات بۆ بێنم، پاشان ئەگەر ویستت بڕۆ". (فانی) دەستی ڕاکێشام و لەسەر کورسی دانیشاندم و (ئاغای قودسی) ش ڕۆیشت چا بهێنێت.

بە (فانی) م گوت "(فانی)! دەمەوێت تکایەکتلێبکەم. بەڵێنددەدەی لە گوێم بکەیت؟". بە سەر ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاند. گوتم "دەمەوێت تکات لێبکەم لەپێشچاوی باوکت و ماڵەوەتان بە من نەڵێی دایك. تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە دایکت هەیەو ئەویش تۆی خۆشدەوێت. تۆ کچی منی، بەلاّم نەك لەم ماڵە. لەمەبەستەکەم تێگەیشتی؟". دیسانەوە سەری جووڵاندو گوتی "بەڵێ، تێدەگەم. من نابێ لەپێش چاوی باوکم و داپیرە بە دایك ناوتبەرم، چونکە ئەوان پێیاناخۆشە". گوتم "بەڵێ هەروایە". گوتی "زۆر باشە، بەڵێندەدەم. بەلاّم کاتێك لە ماڵی ئێوەم دەبێ ڕێمپێبدەیت کە پێت بڵێم، دایکە. ڕازیت؟". ڕوومەتیم ماچکرد و گوتم "بەڵێ ڕازیم". (ئاغای قودسی) پیاڵەیەك چای لە بەردەمم داناو خۆی لە

Scanned with CamScanner

بەرامبەرمــەوە دانیــشت و پرســی"چــۆن بــوو؟ دەتــوانیٚ تاقیکردنەوەکــەی بــە باشــی ئەنجامبدات؟". گوتم"ئەو دەبیٚ بەقوتابی نموونە. من بەڵێنت دەدەمیٚ".

کاتێك لە ماڵیان رۆیشتمە دەرەوە، (ئاغای قودسی) تابەردەم ماڵی خۆمان لەگەڵمهات و لە میانەی رێگا گوتی"(فانی) لــە رادەبــەدەر هــۆگری تۆیــەو تــۆی خۆشــدەوێت. مــن لــەو پەیوەندیە دەترسم". پرسیم"بۆ دەبــیٚ بترســی؟ منــیش (فــانی) م خۆشــدەوێت و هــۆگریم". گوتی"دەزانم، بەلاّم دەترسم چارەنووسی (فانی) وەك باوكی لێبێت و دڵی بشكێت. لەگەڵ ئەو جۆرە خۆشەویستییانە رانەهاتووە و لەوانەیە رۆژێك بێت و تۆ لەو خۆشەویستییە بەرامبەر بە ئەو درێغیبكەیت و ئەو زیانیپێبگات. من خەریكم رایدەهێنم لەسەرئەوەی كە بە بیٚ ســۆزی دایكایەتی گەورە ببێت، بەلاّم رەفتاری تۆ هەوڵدانەكەی من دەشــواتەوە". گــوتم"مــن هــیچ كاتێك لەو خۆشەویستیەم بەرامبەر ئەو درێغیناكەم، بەلاّم ئەگەر بەراســتی مــن كاریگــەری خراپم دەبێت لەسەر شێوازی پەروەردەی تــۆ، دەتــوانم لێــی دووركەومــەوەو ئــیتر نەیــەم بــۆ بینینی". بە وەڕەز بوون و شپرزەییەك دەستی خستە ناو قــژی و گــوتی"نــازانم، نــازانم چــی بكەم. ئەگەر ئەو كوڕ بووایە باشتر دەمتوانی لێیتێبگەم" بــەلاّم چــونكە كــچە نــاتوانم. لــەو رۆژەوە كە پەیوەندی لەگەڵ تۆدا بەرقەرار كردووە ئیتر ئەو كچە بێزارو ژاكاوەی جاران نییــە. لەناوچاوانی ئومێدو تامەزرۆیی شەپۆلدەدات. ئەو بە ئومێدی بینینــی تــۆ دەڕوات بــەرێوەو قسە دەكات و بە تامەزرۆییەوە دێت بۆ بینینی تۆ. ئەگەر نەهێڵم بێت بــۆ بینینــت زیــانی پێدەگات و ئەگەریش بێت و زیاتر لەوە هۆگری تۆ ببێت، دیسانەوە دەترسم زیــان ببینێــت. نازانم چی بكەم و چۆن بڕیاربدەم".

گەیشتبووینە نزیك ماڵەوە. وەستاین و من گوتم"بڕیار لەدەست تۆیە. چۆن بە باشــدەزانی من بەو شێوەیە رەفتاردەكەم، بەلاّم تكاتلێدەكەم جێبەجێكردنی بڕیارەكــەت دانــیٚ بــۆ پــاش تاقیكردنەوەكانی (فانی). ئەو نابیٚ لەمبارەیەوە هیچ شتێك بزانێــت. ئەگــەر بڕیارتــدا ئــەو پەیوەندییە بپچڕێنیت دەبیٚ پاش تاقیكردنەوەكان بێت. ڕازیت؟". سەریڕاوەشاندو بە گــوتنی (ئەزیەتت كێشا) خواحافیزیكردو رۆیشت.

ئاگرێك لەدڵمدا بەرپابوو. نەمدەتوانی ڕازیبم بەوەی کە نەهێڵێت کچەکەی، من ببینێت. ئێمە هەردووکمان هۆگری یەك بووین و منیش لەگەڵ ئەو ڕاهاتبووم.

لەسەر مێزی خواردن تەنها یاریم بە خواردنەکە دەکرد. (ئەحەد) پرسی "دایکە شتێك ڕوویداوە؟". سەیرمکرد و گوتم "نەخێر". بەڵام کاتێك چوومە سەر جێگاکەم نەمتوانی دانبەخۆمدا بگرم و دەستمکرد بە گریان. (ئەحەد) دەنگی گریانەکەمی بیستبو و هاتە ژوورەکەم و چراکەی داگیرساندو پرسی "دایکە، ئەوە دەگریت؟". هەوڵمدا فرمێسکەکانی لێبشارمەوە. گوتم "نەخێر ناگریم". لەلێوار تەختی نووستنەکەم دانیشت و گوتی "بۆچی دەگریت؟ حەزناکەی قسەم لەگەڵ بکەیت؟ بەڵێندەدەم تەنها گوێت لێڕاگرم". فرمێسکم زیاتر هاتە خوارەوەو بە گریانەوە گوتم "وا قسە مەکە" بەجۆرە قسەکردنەت باوکتم بیردەخەیتەوە. کاتێك خەمباربووم و دەگریام ئەویش هەر ئەوەی دەگوت". (ئەحەد) بێدەنگبوو بۆ ئەوەی من بگریم و پاشان هۆکارەکەی پێبڵێم. دەستیگرتم و گوتی "ئێستا ئەو لێرەنییە لەگەڵ من قسە بکە". سەیرمکردو هەمان نیگای (تائریان) م لە چاوانی دی و ئەو شتەی کە لە نێوان من و (ئاغای قودسی) ڕوویدابوو بۆم باسکرد. کاتێك بێدەنگ بووم گوتی "تۆ لە (فانی) جیانابیتەوە. چونکە خوا ناهێڵێت. ئەم کچە پێویستی بە میهرەبانی و سۆزدارییەو تۆش دریغیلێناکەیت. من دڵنیام (ئاغای قودسی) ئەو لەتۆ جیاناکاتەوە. ئێستاش ئۆقرەبگرەو بە ئاسوودەیی بنوو. خوا لەگەڵ تۆیە". دەستیم گرت و گوتم "سوپاستدەکەم بۆئەوەی گوێت بۆ قسەکانم ڕاگرت. ئەگەر تۆم نەبوایە چیمدەکرد؟". هەستاو گوتی "ئێمە ئەگەر تۆمان نەبوایەو ئەگەر هەمووومان خوامان نەبوایە چیماندەکرد؟ دایکە! تاوەکوو خوامان لەگەڵە نابێ نیگەران بین. شەوت شاد". وەڵامم دایەوەو بەیادی خواوە خەوملێکەوت. بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ خۆمدا کەوتمە مشتومڕەوەو دەمویست تا ئەو تەلەفۆن نەکات و بانگمنەکات، نەڕۆم بۆ بینینی (فانی). لە قوتابخانەش ئەوەندە لێی نزیکنەدەبوومەوە بۆئەوەی بتوانێت بە ویستی خۆی بڕیاربدات" بەڵام دانبەودا دەنێم کە هەموو کاتێك گوێم بۆ دەنگی ڕادەگرت بەڵکو بانگمبکات و پێمبڵێت کە دەتوانم (فانی) م خۆشبوێت و ببینم. لەبەرخۆمەوە دەمگوت -

Scanned with CamScanner

(فـانی) پـاش تاقیکردنـەوەکانی پەیوەنـدیم پێوەدەکـات و لەئـەنجامی تاقیکردنـەوەکانی ئاگادارمدەکاتەوە - .

مەودای نێوان قوتابخانەو ماڵم زۆر بە خێرایی بڕی بۆ ئەوەی هەرچی زووتره خۆم بگەیەنمـە ماڵـەوە. کاتێـک گەیـشتم لـە دایکمـم پرسـی"(فـانی) تەلـەفۆنی نـەکردووە؟". دایکـم گوتی"نەخێر، تەلەفۆنی نەکردووە، بەڵام (مەرسدە) ئەمشەو دێت". دەبوایە بە بیستنی ئـەو هەواڵە خۆشحاڵبوومایە، بەڵام چونکە نیگەران بووم گوێمنەدایەو ڕۆیشتمە سەرەوە جلـەکانم بگۆڕم. چرای ژوورەکەی (فانی) کوژابوویـەوەو دیـاربوو کـە هێـشتا نەگەڕاوەتـەوە. کاتێـک ڕۆیشتمە ئاشپەزخانەکەوە یارمەتی دایکـم بـدەم، (ئەحـەد) یـش هاتـەوە. پرسـیم"ئـەمڕۆ دەوامت زوو تەواوبوو؟". لیڤێکسەکەی لەسەر مێزەکە داناو گوتی"ئەمڕۆ هەر نەڕۆیشتم بـۆ دەوام"و لە وەڵامی دایکم کە لێیپرسی (بۆ نەڕۆیـشتووی؟) سەرئێـشەی کـرد بـەبیانو و لـە ئاشپەزخانە ڕۆیشتەدەرەوە.

دایکم گوتی"بڕۆ بزانە ئەگەر سەری زۆر دێـشێت بـا ببیـەین بـۆ لای پزیـشک". کاتێـک ڕۆیشتمە ژوورەکەی (ئەحەد) ئەو سەری خستبووە نێوان هەر دوو دەسـتی و ڕۆیـشتبووە نـاو فیکـرەوە. لەتەنیـشتی دانیـشتم و پرسـیم"(ئەحـەد) چـی ڕوویـداوە؟". سـەیریکردم و پرسی"ئەمڕۆ (ئاغای قودسی)ت بینی؟". گوتم"بەڵێ". پرسیّ"هیچی نـەگوت؟ پێیینـەگوتی کـە دەتـوانی (فـانی) ببینیـت؟". لـەهۆکاری سـەر ئێـشەکەی (ئەحـەد) تێگەیـشتم و گوتم"ئازیزەکەم تۆ بۆ من نیگەرانیت و هەر لەبەرئەوەش نەڕۆیشتووی بۆ دەوام؟". جارێکیتر سەیری ڕووخساری کردم و گوتی"نەمدەزانی ئایا تۆ بەرگەدەگریت یان نا ". پرسیم"بەرگـەی چی؟". گوتی"بەرگەی ئەوەی کە (فانی) لە تۆ دوورخاتەوە". ویستم ئەو لەو خەم و خەفەتـە دەربهێنم" بەزۆر پێکەنیم و گوتم"فەرامۆشتکردووە کـە دایکـت سـەبری زۆرە. کاتێـک مـن (ئومێد) م لە دەستدا، کەس باوەڕینەدەکرد من بەرگەی ئەو کارەساتە بگرم. بـەڵام عەشـقی تۆ (وەردە) ئەو سەبرەی پێبەخشیم و ئێستاش لەبەرئەوەی کە ئێوەم هەیە، دەتوانم بەرگـەی دووری (فانی) ش بگرم. دڵنیابە زیانم پێناگـات". گـوتی"دایکـە! هەنـدێک کـات بیرلـەوە

دەکەمەوە کە شووکردنی تۆ بە باوکم هەڵەیەکی گەورە بوو. تۆدەتتوانی شوو بکەیت بە پیاوێکی تر و خێزانێکی خۆشبەختت هەبێت، بەلاَم ژیان بەسەربردن لەگەڵ باوکمدا ئەو بەخت و شانسەی لێوەرگرتی و ناچاربوویت بەرپرسیارێتی دوو منداڵ لەئەستۆبگریت کە لە رووی تەمەنەوە جیاوازییەکی زۆرت لەگەڵیاندا نەبوو. تۆ لە باتی ئەوەی دایکم بیت و من هەست بەو دایکایەتییەت بکەم، دەتتوانی ببیت بە خوشکم". پرسیم"پێت ناخۆشە کە پێمدەڵێیت دایکە؟". فرمێسک کەوتە چاوانی و گوتی"هەرگیز، من چێژ لە ناوی دایك وەردەگرم. تۆ باشترین هەلم بۆ دەرەخسێنیت بۆ ئەوەی ئەو وشەیە دەربڕم، بەلاَم ئەوەم پێناخۆشە بۆچی دەبێ تۆ گەنجێتیت لە پێناو من بە فیڕۆ بدەیت. من دەمەوێت لێرە بڕۆم و ئەگەر مۆڵەتم بدەیت لەگەڵ (وەردە) بژیم. تۆ دەبێ بیرلەئایندەت بکەیتەوە. هەبوونی من لێرە کۆسپێکە لەبەردەم ئەوکارەت". قسەکانی (ئەحەد) گڕی بەردایە هەناوم و هەستمکرد توانای هەناسەدانم نییە. دنیا لەپێشچاوم ڕەشبو و ئەوەندەی نەمابوو ببورێمەوە. (ئەحەد) بە دەنگی بەرز دایکمی بانگکرد. دایکم خۆی گەیاندە سەرەوەو لە تەنیشتم دانیشت و پرسی"چی بووە؟". لەبەرخۆمەوە گوتم"من بەبێ (ئەحەد) ناژیم و دەمرم. هەرچەند لە من نەبووە، بەلاَم ئەزیزی منە. پێیبلێ نەڕوات و بە تەنها جێمنەهێڵێت". (ئەحەد) بە دەنگی بەرز گریا. سەریخستە سەر دەستم و گوتی"جێتناهێڵم دایکە! بەڵێنتدەدەمێ. ئەگەر قسەیەکیشم کردبێت لەبەرئەوە بوو کە تۆ ئاسوودەبیت و بتوانی بڕیاربدەیت". گوتم"من ئەگەر بمەوێت هەر بڕیارێك بدەم، بەبێ ڕاوێژی تۆ ئەنجامنادرێت". دایکم بە (ئەحەد) ی گوت"بە شێوەیەکی ئاسانتر دەتتوانی گیانی (مینا) دەرکەیت نەك داوایلێبکەیت دەستبەرداری تۆو خوشکەکەت بێت. ئەو بە ڕاستی ئێوەی خۆشدەوێت. ئەگەر دەتەوێ نەیڕەنجێنی ئیتر باسی جیابوونەوە مەکە! تۆ کاتێك لە (مینا) جیادەبیتەوە کە ژن بهێنیت و خێزان پێکبێنیت. تا ئەوکاتەش دڵی مەڕەنجێنەو تەنها بیرلەوانەکانت بکەرەوە". (ئەحەد) هەستاو لەهەمانکاتدا کە بەرەو دەستشۆریەکە دەڕۆیشت گوتی"بۆ هەموو شتێك سوپاست دەکەم دایکە!".

ئەو شەوە زانیم کە میهرەبانی من بەرامبەر بە (فانی) بۆتە هۆی ئەوەی کە (ئەحەد) گومان بەرێت من خۆشەویستم بەرامبەر ئەو نەماوە و ئیتر وەك جاران خەمخۆری ئەو و خوشکەکەی نیم. ئەو گەنجێك بوو کە زۆری نەمابوو قۆناغی ئامادەیی تەواو کات و خۆی بۆ زانکۆ ئامادەدەکرد " بەلاّم هێشتا وەك سەردەمی منداڵی پێویستی بە میهرەبانی و سۆزداری هەبو و لەبەرئەوەی کە من بەشێك لەخۆشەویستی و سۆزداری خۆمم پێشکەشی (فانی) کردبوو، نیگەران بوو. تێمگەیاند کە هەریەکە لەوان جێگایەکی تایبەتیان لە دڵمدا هەیە و دەربڕینی خۆشەویستی بەرامبەر بە (فانی) بەو مانایە نییە کە ئیتر ئەوانم خۆشناوێت. (ئەحەد) لە وتەکانم تێگەیشت و پاشان پرسی"دایکە! من کارێك بکەم کە (ئاغای قودسی) رێگە بدات تۆ (فانی) ببینیت؟". گوتم"نەخێر ئازیزەکەم، ئەو دەبێ خۆی بڕیاربدات کە ئایا پێویستە من ببم بە هاودەمی کچەکەی یان نا، من و تۆش تەنها دەبێ چاوەڕێبکەین و سەبربگرین".

من بۆ یارمەتیدان (فانی) نەڕۆیشتم و ئەویش تەلەفۆنی نەکرد. تاقیکردنەوەکان کۆتایی هاتبو و رۆژانی ئاسایی قوتابخانە دەستی پێکردبوو. پەیوەندی من و (ئاغای قودسی) لە ئاستی سلاّو و بەیانی باش و خواحافیزی تێنەدەپەڕی و جگە لەم چەند وشەیە، هیچ قسەیەکیترمان لەگەڵ یەك نەدەکرد. کەم کەم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پێیخۆشنییە من (فانی) ببینم. من هەموو ڕووداوەکەم بۆ (مەرسدە) باس کردبو و ئەویش پێی باش بوو کە من هیچ هەڵوێستێکم نەبێت بۆ ئەوەی (ئاغای قودسی) بتوانێت بە ئاسوودەیی بیر بکاتەوەو بڕیاربدات.

هەفتەیەك بەسەر دواین دیداری من و (فانی)دا تێپەڕیبوو. پاش نیوەڕوان دوای دەوامی قوتابخانە دەڕۆیشتم بۆ ماڵی (وەردە) و خۆم لەگەڵ منداڵەکەی ئەو سەرگەرم دەکرد. درەنگانێکی شەویش (ئەحەد) ئەهات بە دواماو پێکەوە دەڕۆیشتینەوە.

کۆتایی هەفتەی دووهەم بوو " من بەنیازبووم بڕۆم بۆ ماڵی (مەرسدە) کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا و دایکم هەڵیگرت. پاش قسەکردنێکی کورت تەلەفۆنەکەی دایە دەستم و بە هێواشی

Scanned with CamScanner

گوتی"(ئاغای قودسی) یە، ئیشی پێتە". تەلەفۆنەکەم لێوەرگرت و سڵاوکرد. وەڵامی دامەوەو پرسی"دەتوانی چەند خولەکێك بێیت بۆ ماڵی ئێمە؟". پرسیم"شتێك ڕوویداوە؟". گوتی"نەخێر، دەمویست ئەگەر بکرێت بتبینم". گوتم"زۆر باشە، ئێستا دێم". تەلەفۆنەکەم داخست، دایکم پرسی"چی بووە؟ هیچ ڕوویداوە؟". گوتم"نازانم، هیچی نەگوت. من بۆ چەند خولەکێك دەڕۆم و دەگەڕێمەوە. ئەگەر زۆری خایاند ئێوە چاوەڕێی من مەکەن و بڕۆن. من خۆم دێم". ئەوەم گوت و لە ماڵ چوومەدەرەوە.

خێرا خۆم گەیاندە ماڵیان و زەنگملێدا. خۆی دەرگاکەی کردەوەو داوایلێکردم بچمە ژوورەوە. ئەو لە پلیکانەکان سەرکەوت و منیش دوایکەوتم. کە گەیشتینە بەردەم ژوورەکەی (فانی) کەمێك وەستاو گوتی"پێش ڕۆیشتنە ژوورەوە دەبێ شتێکت پێبڵێم". نیگەران بووم و گوتم"دەتەوێ چی بڵێیت؟ زووبە قسەبکە". گوتی"(یەهدا) لە ژوورەوەیەو ویستم پێشتر پێت بڵێم ئەو دۆخێکی ئاسایی نیەو ئەگەر قسەیەکی دوور لە ئەدەبیکرد نەڕەنجێیت". هەناسەیەکی قووڵم هەلکێشاو گوتم"خۆ گیانت دەرکردم. (فانی) لە کوێیە؟". ئەو نەخۆشەو دەیەوێت تۆ ببینێت و...". نەمهێشت درێژەی پێبدات دەرگاکەم کردەوەو ڕۆیشتمە ژوورەوە. بەڵام ئەو دیمەنەی کە بینیم لە شوێنی خۆمدا چەقاندمی. (یەهدا) وەك شێت بەرامبەر (فانی) دانیشتبوو و شووشەیەکی بە دەستەوە بوو، ڕووخسارێکی ژاکاو و بێزراو و پرچێکی تێکئاڵاوی هەبوو. ئەو ئیتر ئەو (یەهدا) جوان و سەرنجڕاکێشەی جاران نەبوو، پیرەژنێك بوو کە ناوی (یەهدا) ی لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشا. کاتێك منی دی چاوی تەسك کردەوەو وەك بڵێی دەیویست بهێنێتەوە یادی خۆی. شووشەکەی خستە سەر سینگی و بە حاڵەتی سەرخۆشی پرسی"من پێشتر تۆم نەدیوە؟". لە باتی وەڵامدانەوە سەیری (ئاغای قودسی) مکرد و ئەو هێواش گوتی"وەڵامی پرسیارەکەی بەرەوە". گوتم"بەڵێ منت دیوە! من (مینا) م. لە یادتە؟". وا پیشانیدا کەبیردەکاتەوەو هەوڵدەدا بهێنێتەوە یادی خۆی. ئەوم جێهێشت و ڕۆیشتمە لای جێگاکەی (فانی) و دەستیم خستە ناو دەستم و بە هێواشی گوتم"(فانی) ئازیزەکەم! من لێرەم چاوەکانت بکەرەوە ". (فانی) هێواش هێواش چاوی کردەوەو سەیریکردم و بە زەردەخەنەوە گوتی "سەرەنجام هاتی؟ نازانی چەند دڵم بۆت تەنگببوو".

نووشتامەوە ڕوومەتیم ماچکرد و گوتم"منیش دڵم بۆت تەنگ ببوو. بەداخەوە کە نـەمتوانی زووتر بتبینم". دەستمی خستە ناو دەسـتە بـچووکەکانی و گـوتی"دەزانم بـاوکم قەدەغـەی کردووە، بەڵام باوکم نازانێت ئەگـەر مـن تـۆ نـەبینم لـە خەفەتـدا دەمـرم". گـوتم"بەسـە ئەزیزەکەم! ئەگەر بتەوێ ئەو قسانە بکەیت دەڕۆم و ئیتر ناگەڕێمەوە". (یەهدا) نوو شتایەوە بەسەر تەختی نووستنەکەی (فانی) دا و گوتی"درۆدەکات گوێ لـە قـسەکانی مـەگرە. ئـەو کچە وانە بە شەیتان دەڵێت. فریـوی چـاوە جوانـەکانی مـەخۆ". (فـانی) ڕوویکـردە ئـەو و گوتی"ئەگەر من درۆزنم کەواتە بۆچی نەخۆشکەوتووم؟ بۆچـی پزیـشك گـوتی دەبـێ (مینـا خانم) ببینم؟ پزیشك گوتی من بەهۆی خەفەتخواردنـەوە نەخۆشـکەوتووم. وانییـە باوکـە؟". (ئاغای قودسی) سەری ڕاوەشاندو پشتگیری لەقسەکانی کرد. (یەهدا) دای لە قاقای پێکەنین و گوتی"هەردووکتان درۆزنێکی باشن. ئەگەر کەس ئێـوە نەناسـێت مـن دەتانناسـم. تـۆ و باوکت هیچ جیاوازیەکتان نییە". چاوانی (یەهـدا) سـوور هەڵگـەڕابوون. (ئاغـای قودسـی) قۆڵی گرت و گوتی"ئیتر بەسە، تۆ دەبـێ بـڕۆی پـشوو بـدەیت". پاشـان ڕوویکـردە مـن و گوتی"تۆ لای (فانی) دانیشە تا من دەگەڕێمەوە". پەسەندمکرد و ئەویش (یەهـدا)ی بـردە دەرەوە کە لەبەرخۆیەوە جنێوی دەدا. تا ماوەیەك دەنگی جنێودانەکەی دەبیستڕا، بەڵام وردە وردە دەنگەکە نەماو (ئاغای قودسی) توانی بگەڕێتەوە لای ئێمە.

کاتێك لە تاو ماندوێتی خۆی خستە سەر کورسیەکە، گوتم"تۆش ماندوویت، بـڕۆ پـشوو بدە. من وریای (فانی) م". بەڵام ئەو بە گوتنی (ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکـی منـەو لەگـەڵ ئەم کارە ڕاهاتووم) هەر لەوێ دانیشت. (فانی) دەستمی خستە سەر گۆنـای و گـوتی"خـەوم دێـت، بـەڵێنم دەدەیتـێ کاتێـك وەئاگاهـاتم تـۆ لـەلام بیـت؟". بەڵێنمدایـە و ئـەویش خەویلێکەوت. (ئاغای قودسی) جگەرەیەکی داگیرساندو گوتی"ژیانی منت دی؟ بینیت چەند خۆشبەختم؟". گوتم"بەداخـەوە، زۆر دڵـم بـۆت دەسـووتێ". مـژێکی دا لـە جگەرەکـەی و گوتی"بەڵێ دڵسۆزی، ئەمە کارێکە کە دەبێ ئەنجامی بدەیت. بەڵام من لە دڵسۆزی ماندوو بووم و پێویستیم بە دڵسۆزی کەس نییە". گوتم"من لەبەرتۆ نییە کە دڵم دەسووتێت، دڵم بۆ

(فانی) دەسووتێت کە ناچارە هەموورۆژێك ئەو دیمەنە ببینێت و بەرگەی بگرێت".

گوتی"بەلام (یەهدا) دایکی ئەوەو (فانی) دەبێ تەحەمولی دایکی بکات". لەم بەلگەهێنانەوەی توڕەبووم و گوتم"ئەوە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ ئەی تۆ دلت بۆ کچەکەت ناسووتێ کە وادەڵێیت؟".

سەریداخست و گوتی"ئەو کچی ڕاستەقینەی من نییە. بەلام خۆشدەوێت و دلم بۆی دەسووتێت". لەبەرامبەر سەرسوڕمانەکەی من درێژەی پێداو گوتی"(یەهدا) پێش ئەوەی ببێت بە هاوسەری من (فانی) لەسکدا بوو. من شەوی بووکێنیەکەی ئەو ڕاستیەم بۆ دەرکەوت. من باوکی (فانی) نیم و هەرگیزیش دەستم بەر لەشی (یەهدا) نەکەوتووە. من بووم بە قوربانی هەواو هەوەس و ڕابواردنەکانی (یەهدا) و ئەم کچەش بەرهەمەکەیەتی. ئەو شەوەت لە یادە کە (یەهدا) هەوالی دەزگیرانیەکەمانی ڕاگەیاند؟ ئەو شەوە لە دۆخی ئاساییدا نەبو و منیش نەمویست کەسایەتی و لووت بەرزییەکەی بریندارکەم، هەر بۆیە دەمم داخست و هیچم نەگوت. بەلام دەزگیرانی ئازیزی بەندە، کاتی ڕاگەیاندنی ئەم هەوالە سکپڕ بوو. ئەو بە فێل و تەڵەکەبازی و بە هاوکاری باوك و دایکی منی فریو داو بە هەموویانەوە منیان خستە ناو داوی ئابڕو و شەرم و حەیاوە. هەموو خزمان لەدژی من سەنگەریان گرتبو و پێیانوابوو من ویستوومە یاری بە ئابڕووی مامم بکەم و کچەکەی بەدبەخت بکەم. ئەو کەش و هەوایە کە بە سەر مالەوەماندا زالبوو و شین و گریانەکانی دایکم و دەورو پشتم ناچاریانکردم ڕازیبم و (یەهدا) مارەکەم. بەلام شەوی بووکێنی (یەهدا) سەرخۆش بو و دۆخی ئاسایی نەبوو، هەر بۆیە پەردەی لەسەر نهێنیە چەپەلەکانی خۆی لادا و ڕاستییەکەی درکاند. ئەو دانی بەوەدا نا کە فریویان داوە و داوایلێکردم لە تاوانەکەی خۆش بم. تۆ لەوێ نەبووی کە حالم ببینیت. هەستمکرد هەموو دنیا لەپێشچاوم ڕەشبووە. بارودۆخم زۆر خراپ بو و بە نیازی کوشتن لێدانی (یەهدا) م کرد. ئەو لێدانی دەخواردو لە باتی گریان پێدەکەنی. تووشی شێتێتی ببوو. دلم بۆی سووتاو ئەم بابەتەم شاردەوەو هەرگیز نەمدرکاند. بارودۆخی (یەهدا) تا پێش لە دایکبوونی (فانی) ئەوەندە خراپ نەبوو. ئەو شەوان خەوی ناخۆشی دەبینی و دەیگوت کچێکی سپی پۆش بە تاجەگولێنەیەکی گولی

نێرگزەوە دەیەوێت بیکوژێت. دەگریاو داوای یارمەتی دەکرد. بردم بۆ لای پزیشك و پزیشکەکان دەیانگوت دوچاری نەخۆشی دەروونی بووەو دەبێ لە نەخۆشخانە بخەوێنرێت. ماوەیەك لەنەخۆشخانە خەواندم، بەڵام لەوێ ویستی خۆی بکوژێت و مامم بە پاڕانەوە داوایلێکردم بیهێنمەوە ماڵەوە.

ئەو بە ڕۆژ ئارامەو هیچ ئازارێکی نییە" بەڵام شەو خەوی ناخۆش دەبینێت و (فانی) ئازاردەدات. ئەو لە ڕووخساری (فانی) ئەو کچە دەبینێت کە بە نیازە نابووتی بکات. ئەو نە تاقەتی ئەوەی هەیە لە (فانی) دوور کەوێتەوەو نە دەتوانێت بەرگەی بینینی بگرێت. من (فانی) م خۆشدەوێت، چونکە دەزانم ئەو منداڵە بەدبەختە هیچ گوناهێکی نییە. بەڵام لەڕاستیشدا هەردووکیان ژیانی منیان نابووتکرد".

قسەکانی (کاوە) وەك چەکوشێك دەیانکێشا بەسەرمداو منیش لە ژێر لێدانەکانی وردوخاش دەبووم. لەبەرخۆمەوە گوتم - بۆ دەبێ چارەنووس بەم جۆرە یاریمان لەگەڵ بکات و ئێمە، دووانی، ژیانمان لەپێناو کەسانێك بەختبکەین کە لەخۆمان نین؟ ئایا ئێمە مافی ئەوەمان نییە پێکەوە بژین؟ - . نیگا خەماویەکانم وایلێکرد کە پێمبلێت"دڵت بۆم نەسووتێ! چونکە ئەگەر بزانم خۆشەویستییەکەت گۆڕاوە بۆ دڵسۆزی نابووتدەبم و لە ناودەچم. پێمخۆشە وابیر بکەمەوە کە هێشتا کەسێك هەیە دوورلە دڵسۆزی منی خۆشدەوێت. تکاتلێدەکەم ئەگەر هێشتا شوێنەواری پەیوەندی و خۆشەویستییەکەی جاران لەدڵتدا ماوە، تێکەڵی دڵسۆزی مەکەو من نائومێد مەکە. من لەگەڵ ڕابردو و بیرەوەرییە خۆشەکانی ئەو سەردەمە دەژیم. دەبێ بەڵێنم پێبدەیت کە چارەنووسە ڕەش و ناخۆشەکەی من کاریگەری نەخاتە سەر خۆشەویستییەکەت و هەر وەکو جاران سەیرمکەیت. بەڵێندەدەیت؟". سەیریمکرد و گوتم"هیچ شتێکی من نەگۆڕاوە. من هەمان (مینا) ی جارانم، لە گەڵ هەمان خۆشەویستی جاران. ئەگەر دەبینی کە پێمخۆشە لەگەڵ ژیانتدا پەیوەندی بەرقەراربکەم تەنها لەبەر قەرەبووکردنەوەی بێئاگاییەکانی خۆمە. من ساڵانێکی زۆر بە خۆویستی ژیانم بەسەربردو فەرامۆشکرد کە تۆ چۆن دەستت گرتم بۆئەوەی بتوانم

ناخۆشترین ڕێگاکان ببڕم بێئەوەی زیانم پێبگات. من ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئەو فکرە ژاراوییە ژیانم بە سەردەبرد کە گومانمدەکرد تۆ لەپێناو هەواو هەوەس و ئارەزووەکانی نەفسی خۆت یاریت بە منکرد و ژیانی منت نابووتکرد. ئێستا پێمخۆشە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەموو هەڵانە، کارێکت بۆ ئەنجامبدەم و یارمەتیت بدەم. من دڵم بۆ تۆ ناسووتێت، بەڵکو دڵم بۆ ڕۆژگاری خۆم دەسووتێ. من دەبێ داوا لەتۆبکەم کە لێمخۆشببیت و مۆڵەتمبدەیت لەگەڵت بم و ئەو بارە لەکۆڵبنێم. من (فانی) م خۆشدەوێت و دەتوانم ئەو بۆ ئایندەیەکی ڕووناك ئامادەبکەم. ئەو بەخت و شانسەم لێوەرمەگرەو ڕێمپێبدە وابیربکەمەوە کە دەتوانم کارێکت بۆ ئەنجامبدەم و یارمەتیتبدەم".

تەماشایکردم و گوتی"بەڵام لەم ڕێگایەدا نابووتدەبی و کێشەکانی ژیانی من لە ناوتدەبەن". گوتم"ئەگەر بڕیاروایە کە نابووت بین، بهێڵە با پێکەوەبین، بەڵام من دەزانم کە وایلێنایەت. من لەبەیانییەوە بەرپرسیارێتی پەروەردەو فێرکردنی (فانی) لە ئەستۆدەگرم و بەهاوکاری و هەوڵی یەکتر مرۆڤێکی باشی لێدروستدەکەین". زەردەخەنەیەکی کردو گوتی"تۆ سەردەکەویت! چونکە هەرچیت ویستووە پێیگەیشتووی".

سەرمداخست و بێدەنگ بووم. حەزم دەکرد بمتوانیبایە پێی بڵێم کە - من هێشتا نەگەیشتوومەتە ئاواتە گەورەکەی خۆم - . (فانی) کە چاوی کردەوە دەستیم گرت و گوتم"ئێمە لە بەیانییەوە ئیتر پێکەوەین و باوکت ڕێتپێدەدات کە بێیت بۆ ماڵی ئێمە. پێموایە ئیتر کاتی خەم و خەفەت کۆتاییپێهاتووە و کاتی خۆشحاڵی و ئومێدەوارییە". (فانی) سەیری ڕووخساری (کاوە) ی کرد و کە زەردەخەنەی ڕەزامەندی لەسەر لێوانی دی، هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشاو گوتی"بەیانی دێم". ڕوومەتیم ماچکرد و گوتم"منیش چاوەڕێتم، بەڵام ئێستا دەبێ بڕۆم". تەمێکی خەفەت ڕووخساری داگرت بەڵام کاتێك گوتم (لە ماڵەوە چاوەڕێمن) ڕازیبو و گوتی"بەیانی من دێم". واهەستمکرد تا بەیانی بە لای ئەوەوە سەدەیەکە. ناویستانە گوتم"ئەگەر تەندرووستیت باش بوایە، ئێستا لەگەڵ خۆم دەمبردی". قسەکەم تەواو نەببوو کە لەسەر جێگاکەی هەڵپەڕی و گوتی"من زۆر باشم و

دەتوانم لەگەڵت بێم". من و (کاوە) لە ڕەفتارەکەی ئەو سەرمان سوڕماو سەرەنجام لەگەڵ خۆم بردم.

(فانی) لە ماڵی (مەرسدە) خێرا لەگەڵ منداڵەکانی ئەو بوو بە هاوڕێ و پەیوەندی دۆستایەتییان بەرقەرارکرد. بە هەموویانم گوت کە چ ڕێگایەکم هەڵبژاردووە و ئامانجم چییە. دایکم بەخەمبارییەکەوە گوتی"تۆ گەنجێتیت لەو ڕێگایە دانا". گوتم"دەزانم دایکە، ئەی تۆ نازانیت ئەگەر بتوانم کچێکی باش و شایستە پێشکەشی کۆمەڵگا بکەم ئەرکی خۆمم بەجێگەیاندووە؟ ڕۆژێکیان تۆ گوتت (ئاغای قودسی) فیداکارییەکی گەورەی دەرهەق بە من کردووە و من ژیانم قەرزداری ئەوم. منیش دەزانم ئەگەر ئەو ڕۆژە (ئاغای قودسی) لە ماڵ نەهاتبایەتە دەرەوەو من کە بووڕابوومەوە، لەکاتی خۆیدا نەیگەیاندبامایە نەخۆشخانە، ئێستا لە ژێر خاکدا ڕزیبووم. تۆ پێتگوتم (ئاغای قودسی) لەکاتی گەیاندنی من بۆ نەخۆشخانە تووشی پێکدادانی ئوتۆمبێل دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر خراپ برینداردەبێت بەلاّم من دەگەیەنێتە نەخۆشخانە. نەك تەنها لەبەرئەوەی کە ئەم کارانەی بۆ ئەنجامداوم بەڵکو لەبەرئەوەی کە خۆشمدەوێت ئامادەم هەموو کارێکی بۆ ئەنجامبدەم. ئەو لە پێناو (یەهدا) و (فانی) دەستی لە ژیانی خۆی هەڵگرت و خۆی فیدای ئەوانکرد، بەلاّم ئێستا من و ئەو پێکەوەین و بە پاڵپشتی یەکتر دەتوانین کێشەو گیرو گرفتەکان چارەسەرکەین. هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان دەبێ لە خۆ بوردەییمان هەبێت و من بە خۆشحاڵییەوە بەوکارە ڕازیم و داوالەهەمووتان دەکەم (فانی) تان خۆشبوێت و ئەو بە ئەندامێکی خێزانی خۆمان بزانن. ئەو کچە پێویستی بە سۆزداری و میهرەبانی یەکەبەیەکەمان هەیە. دریغی لێمەکەن". (ئەحەد) گوتی"دایکە تۆ ڕۆحێکی گەورەت هەیە و من لە قسەکانت تێدەگەم. من لەلایەن خۆمەوە ئامادەم یارمەتیتبدەم". دەستیم خستە ناودەستم و گوتم"سوپاستدەکەم ئەزیزەکەم. لەهەمووان زیاتر پشتم بەتۆ بەستووە. پێمخۆشە کاتێك (فانی) دێت بۆ ماڵمان لە وانەکانیدا یارمەتیبدەیت، چونکە (ئاغای قودسی) دەرفەتی یارمەتیدانی (فانی)ی نییە. ئەو پاش بەجێ گەیاندنی ئەرکی قوتابخانە دەبێ

ئیشوکارەکانی ماڵەوە ئەنجامبدات و هەروەکو لە (فانی) م بیستووە (یەهدا) ناهێڵێت (شکوە خانم) بڕواتە قاتی سەرەوە. من دەمەوێت کارێك بکەم (یەهدا) من بە دۆست و هاوڕێی خۆی بزانێت و من بتوانم لە ڕێگای دۆستایەتییەوە، ئەو لەم زەلکاوە ڕزگارکەم".

(ئاغای ئەدیبی) ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی"ئامانجەکەت زۆر گەورەو پیرۆزە" بەڵام بەڕای من کارلەکار ترازاوەو ئەو ژیانی دۆڕاندووە". گوتم"دەزانم کە لەوانەیە هەوڵەکەمان بێهوودە بێت، بەڵام چونکە دڵنیانیین دەمانەوێت تاقیبکەینەوە".

ئەو شەوە لە ماڵی (مەرسدە)، (فانی) هاتە ناو ڕیزی خێزانی ئێمەوەو دایکم ڕازیبوو بە هاوکاری (شکوە خانم)، هۆکاری ئاسوودەیی و ئاسایشی ئەو فەراهەمبکەن. هەوڵی من بۆ نزیك بوونەوە لە (یەهدا) گەیشتە ئەنجام و ئەو منی هێنایەوەیاد.

ڕۆژانی یەکەم بەباسکردنی ڕووداوەکان تێدەپەڕی. من دەمویست بەمشێوەیە ڕابردووی بهێنمەوە یادی و ورەی جارانی بۆ بگەڕێنمەوە. پاش نیوەڕوان کاتێك دەڕۆیشتم بۆ سەردانی (یەهدا)، (ئاغای قودسی) خەریکی خاوێنکردنەوەی ناوماڵ دەبو و ئێمەش دادەنیشتین و پێکەوە گفتوگۆماندەکرد. ئەو سەردانانەی من بووەهۆی ئەوەی کە (یەهدا) خووم پێوە بگریت و باسی خەموخەفەت و خەوە ناخۆشەکانی شەوانیم بۆ بکات. ئەو لە کچێکی خەیاڵی دەترساو دڵنیابوو کەدەیەوێ بیکوژێت. دەمزانی قسەکانی ڕاستەو دوچاری گومان و خەیالات نەبووە، بەڵام نەمدەزانی چۆن ڕزگاریبکەم. ڕۆژێکیان پێمگوت"لەوانەیە ئەو کچە لەبەرئەوە بیەوێت تۆ لە ناو بەرێت چونکە تۆ ژیانت لە (کاوە) تاڵ کردووە. ئەگەر ئەو ببینێت کە تۆش وەك ژنانیتر هۆکاری ئاسوودەیی و ئاسایشی هاوسەرەکەت فەراهەمدەکەیت، خەیاڵی ئاسوودە دەبێت و دەستبەردارت دەبێت". (یەهدا) قاقایەکیکرد و گوتی"من ژیانی (کاوە) تابووتدەکەم یان ئەو هی من تابووتدەکات؟ ساڵانێکی زۆرە ئێمە پێکەوە دەژین، بەڵام هێشتا ئەو یەکجار قسەیەکی خۆشی لەگەڵ نەکردووم. ئەو ئاواتی ئەوە دەخوازێت هەرچی زووترە من لەناوبچم و لەدەستم ڕزگاربیبێت. من یەکجار لەژیانمدا تووشی هەڵە بووم" بەڵام ئەو هەموو ڕۆژو هەموو ساتێك لەبەر ئەو هەڵەیە تەمێ و سەرزەنشتمدەکات. سەیرکە چیلێکردووم؟ من ئەو (یەهدا) شۆخ و شەنگەی جارانم؟ ئەو

لەبەر ئەو هەڵەیەم هەرگیز لێمخۆشنەبوو. دەزانم کە نەدەبوایە فریوم بدابایە، بەڵام ئەو تەنانەت ئامادەنییە قسەشم لەگەڵ بکات. من ئامادەم تاوانەکەم قەرەبووکەمەوە، بەڵام ئەو و (فانی) بە نیازی کوشتنی منن و ئازارو ئەشکەنجەمدەدەن. ئەم کچە باوکی لەمن زیاتر خۆشدەوێت و شەرمدەکات بڵێت کە من دایکی ئەوم. هیچکامیان منیان ناوێت و منیش ناچارم بەتەنها و لەگەڵ خۆمدا بژیم". گوتم"تۆ زۆر هەڵەیت. (ئاغای قودسی) پیاوێکی فیداکارەو ئەو ئەگەر پیاوێکی خراپ بوایە هەرگیز ئامادە نەدەبوو کە بهێڵێت تۆ لە ماڵی ئەودا بیت. (فانی) ش تۆی خۆشدەوێت و پێیخۆشە کاتێك لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە دایکی بە خۆشحاڵی و شادومانی ببینێت. بەڵام تۆ چییان پێشکەشدەکەیت؟ هیچ! پێتوانییە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆت لە چنگی ئەو مودمینییە ڕزگارکەیت و هەوڵبدەیت ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆت فەراهەمبکەیت؟ ئەگەر پێتخۆشبێت دەتوانم یارمەتیت بدەم بۆ ئەوەی ببیتەوە بە هەمان (یەهدا) ی جاران کە جوانییەکەت سەرنجی هەمووانی ڕادەکێشا. پێتخۆشە یارمەتیتبدەم؟". سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی"من دەتوانم دەستبەرداری ئەوان، دووانی، بم، بەڵام ناتوانم دەستبەرداری ئەوە بم". بە دەست ئاماژەی بۆ شووشەی مەشروبەکەی کرد. گوتم"زۆر هەڵەیت هاوڕێکەم. تۆ خۆتت قوربانی شەیتانکردووە. ئەو شووشەیە، ژەهرێکە دەڕژێتە ناو دەروون و هەناوتەوەو پەیتاپەیتا نابووتتدەکات. تا ئەو شووشەیە هەبێت، خەوی ناخۆش و ترسناکیش هەردەبێت. ئەگەر دەتەوێ لەدەست ئەو خەوانەش ڕزگارت ببێت، دەبێ ئەو شووشەیە بشکێنیت و خۆت لەدەستی ڕزگارکەیت". بە گاڵتەپێکردنێکەوە پێکەنی و شووشەکەی خستە باوەشی و گوتی"تۆ هاوڕێی من نیت. من دەزانم تۆش لەگەڵ ئەواندایت و بەو قسانەت دەتەوێ ئەشکەنجەمبدەیت. ئیتر حەزناکەم گوێ بۆ قسەکانت ڕاگرم. وازملێبێنە". ئەوەی گوت و بە شووشە مەشروبەکەیەوە ڕۆیشتە ژوورەکەی و دەرگاکەی لەسەرخۆی داخست.

نیوەی شەو لە دەنگی زریکاندنێکی ترسناك وەئاگاهاتم. ماڵەوەش هەموویان خەبەریان ببۆوە. چرای ژوورەکەی (ئاغای قودسی) ش داگیرسابوو. دەنگی هاوارکردنی (شکوە خانم)

وایلێکردین لەماڵ بچینەدەرەوە. کاتێك ڕۆیشتینە کـۆڵان، (ئاغـای قودسـی) مـان دی کـە تەشکی گۆڕابو و لە تەنیشت لاشـە نیـوە گیانەکـەی (یەهـدا) کـە خـۆی لـە پەنجەرەکـەوە فڕێدابۆوە کۆلأنەوە و وەستا بوو. (ئەحەد) و باوکم خۆیانگەیاندە ئەو. بەلأم شین و زاریەکانی (شکوە خانم) کە ناوی (فانی) دەبرد ئێمەی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. (شکوە خانم) دەپاڕایەوە کە (فانی) ڕزگاربکەین. لەو دەنگەدەنگ و هاتوهاوارانە دراوسێکانی تریش هاتنە کۆلأنەوەو (ئاغای داوەری) خۆی گەیاندە (شکوە خانم) و پرسی"چی ڕوویداوە؟". (شکوە خانم) توانـای قسەکردنی نەبوو. بوورایەوەو تەنهای توانی بلێت"(فانی) مرد".

(ئەحەد) و (ئاغای داوەری) خۆیان گەیاندە قاتی سەرەوەو منـیش دوایانکـەوتم. (فـانی) لەسەر تەختی نووستنەکەی خەڵتانی خوێن بو و لەسەرجێگاکەی شووشەی شکاوی مەشـروب دەبینرا. زانیم کە (فانی) بە هۆی لێدانی شووشـەی مەشـروبەکەوە برینـدار بـووە. (ئاغـای داوەری) ڕایکرد بۆ لای تەلەفۆنەکەو تەلەفۆنی بۆ پۆلیس و نەخۆشـخانەی فریاکـەوتن کـرد. لەو ماوەیەشدا (شکوە خانم) بەیارمەتی دیکم هاتبۆوە سەر خۆی و ئەو و (ئاغـای قودسـی) مان هێنایە ژوورەوە. دەنگی ورپاکەرەوەی ئامبۆلانسەکە دراوسێکانی تریشی خەبـەرکردەوە و، لەو ماوەکەمەدا، گەرەکەبێدەنگەکەی ئێمە شلەژاو بازاڕی قسەو قسەلۆك پەرەیسەند. من بە بینینی (فانی) کە خەڵتانی خوێن بوو هەستی خـۆمم لەدەسـت داو بـەماتی و بێـدەنگی سەیرمدەکردن. کاتێك لاشەی نیوەگیانی (فانی) و (یەهدا) یـان هـەلگرت، هێـزم تێدانـەبوو لەگەڵیان برۆم. (خانمی داوەری) لەگەڵیان سەرکەوت و ڕۆیشت.

لەگەڵ گەیشتنی پۆلیسەکان، (ئاغای قودسی) هەوڵیدا ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕێتـەوە. ئـەو شتێکی نوێی بە پۆلیسەکان نەگوت. (یەهدا) وەك شەوانیتر درەنـگ هـاتبۆوە و بـەبێ هـیچ پێکدادان و قسەیەك ڕۆیشتبووە سەر جێگاکەی خۆی. (ئاغای قودسی) ش نیـوەی شـەو بـە بیستنی جنێودان خەبەری دەبێتەوەو دەبینێت کـە دەرگـای ژوورەکـەی (فـانی) کراوەتـەوە. کاتێك خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ (یەهدا) بەبینینی ئـەو هەراسـان دەبێـت و خـۆی فڕێدەداتـە خوارەوە.

Scanned with CamScanner

پۆلیسەکان هەموو قسەکانی ئەویان بیست و کۆنووسیان کرد. پاش ڕۆیشتنیان باوکم لەگەڵ (ئاغای قودسی) بەرەو نەخۆشخانە بەڕێکەوتن، بەڵام من و دایکم لە لای (شکوە خانم) ماینەوە تا دایکم دڵنەوایی بداتەوە.

تابەیانی ئێمە لە برینداره‌کان بێئاگابووین. من تەلەفۆنم بۆ قوتابخانەکرد و گوتم هاوسەرو کچەکەی (ئاغای قودسی) تووشی کارەساتێك بوون و ئێمە ئەمڕۆ نایەین بۆ قوتابخانە. پاشان ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانە بۆئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخیان بم. چاوە فرمێسکاوییەکانی باوکم و (ئاغای قودسی) دەربڕی کارەساتێکی گەورە بوون. خۆمگەیاندە باوکم و پرسیم"(فانی)! (فانی) چۆنە؟". باوکم فرمێسکەکانی سڕی و گوتی"بە هۆی ئەو لێدانانەوە مێشکی ئازاری پێگەیشتبوو و مرد، هەوڵی دکتۆرەکانیش بێئاکام مایەوە". ئەگەر باوکم قۆڵی نەگرتبام دەبوورامەوە. (فانی) مردبوو. نەخێر، ئەوە بەهیچ شێوەیەك نەدەگونجا!! من و ئەو هەر ئەوشەوە پێکەوە وانەمان خوێندبوو. ئەو دەیویست خۆی بابەتێکی وانەی مێژوو بلێتەوەو من گوێی لێڕاگرم، ئێستا چۆن دەبێ زیندوو نەبێت؟! نەخێر شتی وا مومکین نییە. بەرەو ژووری نەشتەرگەری ڕامکردو بە دەنگی بەرز هاوارمکرد"(فانی)!کچەکەم! من لێرەم. من هاتووم کە بتبەم بۆ قوتابخانە. وەرە پێکەوە بڕۆین! دەنا دوادەکەوین. (فانی) سەیرکە، من لێرەم! تکاتلێدەکەم وەڵامم بدەوە، کچەکەم!". ئەو دەستە بە هێزانەی کە شانمیان گرتبوو نەیاندەهێشت بڕۆمە ژوورەوە. بۆ ئەوەی هێورمکەنەوە ناچاربوون دەرزیەکم لێبدەن.

(یەهدا) بە خەستی بریندار ببو و لە بێهۆشیدابوو. (ئاغای قودسی) سەرسام مابوو و توانای ئەنجامدانی هیچ ئیشێکی نەبوو. (کامەران) و (فەرەیدون) بە هاوکاری دراوسێکان لاشە بچکۆلانەکەی (فانی) یان ناشت.

بە درێژایی پرسەکەی (فانی)، (ئاغای قودسی) دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوی نەهاتە خوارەوەو مات و سەرسام بوو. (کامەران) و (کەتایون) بەردێکی سپییان لەسەر گۆڕەکەی داناو (فانی) ئەزیز بۆ هەمیشە خەویلێکەوت. هەفتەیەك پاش (فانی)، (یەهدا)ش هەر لەو

بێهۆشییەدا مردو ژیانە خەفەتبارو پڕ لە پەژارەکەی (ئاغای قودسی) هەمووانی خستە ژێر کاریگەرییەوەو دڵیان بۆیدەسووتا.

(یەهدا) بە لەناوبردنی (فانی)، کۆتایی بە خەونە ناخۆشەکانی شەوانی خۆی هێناو ڕۆحی سەرگەردانی (فانی)ش، ئەو کچە سپی پۆشەی، کە تاجە گوڵینەی گوڵی نێرگزی لەسەربوو، بە لەناوچوونی (یەهدا) ئاسوودەبو و ئۆقرەیگرت. تۆڵە سەندنەوەی (یەهدا) لە (فانی) بۆ ڕزگار بوون لە خەونە ناخۆشەکان بو و تۆڵەسەندنەوەی ئەو ڕۆحە سەرگەردانە لە (یەهدا) بۆ ئاسوودەکردنی پیاوە خۆشەویستەکەی بوو.

هیچ کەس جگە لە من و (مەرسدە) نەیدەزانی کە (یەهدا) ڕاستی کردووەو بەڕاستی ڕۆحێك نیازی لەناوبردنی ئەوی هەبووە.

چەند مانگێك لە مەراسیمی پرسەکەیان تێپەڕیبوو. ڕۆژێکیان بەرامبەر تابلۆی - هەتایی - وەستابووم و سەیرمدەکرد. شنەبایەکی فێنك کێشای بە ڕووخسارما. (فانی) بچکۆلانەکەمم بینی کە تاجەگوڵینەیەکی لەسەربو و دەستی خستبووە ناو دەستی (فانی)یەکەی ترەوە و پێکەوە پیاسەیان دەکرد. بانگی (فانی) مکرد" هەردووکیان ئاوڕیاندایەوەو بە ڕوومداپێکەنین و دەستیان بۆ ڕاوەشاندم و بەرەو قەڵا وێرانەکە بەڕێکەوتن. ڕووخسارە گەشاوەکەی هەردووکیان دەربڕی ئەوە بوو کە ئەوان بەئاسوودەیی و ئازادی دەژین. بە چاو ئەوانم تا لای دەرگای قەڵاکە ڕەوانەکرد. دەرگای قەڵا کرایەوەو لە نێوان دەرگاکە (ئومێد)ە بچکۆلانەکەمم بینی کە دەستی بۆ ئەوان ڕادەوەشاند. بە بینینی (ئومید) خۆشحاڵبووم و بە شەوقەوە هاوارمکرد (ئومێد! کوڕەکەم! منم، دایکت!) بەڵام ئەو دەنگمی نەدەبیست و نوقمی تەماشای ئەو کچە بوو کە بەرەو ڕووی دەڕۆیشتن. کاتێك ڕۆیشتنە ژوورەوە دەرگای قەڵاکە داخراو شنەباکەیش نەما.

بە بیستنی دەنگێك کە منی بانگ دەکرد. ڕاچڵەکام. (ئاغای قودسی) لەلای دەرگاکە وەستابو و پرسی"ئامادەیت بۆ دۆزینەوەی خانوویەکی نوێ یارمەتیم بدەیت؟". سەیریمکرد و پرسیم"بە نیازی لێرە بڕۆیت؟". گوتی"بەڵێ، ئیتر ئامادە نیم لێرە بژیم. لەگەڵ دایکم ڕێککەوتووین لەسەرئەوەی کە لێرە بارکەین و بڕۆین. من دەبێ ئەو خانووەو بیرەوەرییەکانی

فەرامۆشکەم و دەزانم کە (فانی)ش لەگەڵمدا هاوبیرە". پێکەنیم و گوتم"بەڵێ، تۆ هەر کارێك ئەنجام بدەیت ئەویش ڕازییەو من دەزانم کە ئەوان دووانی زۆر بە ئاسوودەیی و ئازادی دەژین". دەستی درێژکرد و دەستمی گرت و گوتی"کەواتە دەبێ ئەمەش بزانی کە ئەگەر ئەو بزانێت من دایکی خەون و خەیاڵەکانیم بۆ هاوسەرێتی هەڵبژاردووە زیاتر خۆشحاڵدەبێت". گوتم"ئێمە نابێ هەرگیز ئەو فەرامۆش بکەین. (فانی) هەمیشە لەیادوبیری ئێمەدا زیندوودەمێنێتەوە".

ئێمە بووین بە هاوسەری یەك و ماڵەکەمان گواستەوە بۆ خانوویەکی نزیك قوتابخانەکە. (ئەحەد) وایبەباشزانی کە لەگەڵ باوکم و دایکم ژیان بەسەربەرێت، بەڵام هەموو شەوێك سەردانی ئێمەی دەکرد و وەك برایەکی دڵسۆز چاودێری برابچووکەکەی دەکرد.

من و (کاوە) پێکەوە هەموو ڕۆژێك بەرەو شوێنێك دەڕۆین کە لەوێ هەزاران ئارەزوومەند چاولەڕێگای ئێمەن. ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوان لەگەڵ نووری زانست و مەعریفەت ئاشنا بکەین و بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن ڕێگاخۆشکەریان بین. بەرامبەریشمان دەروازەیەکی لێیە کە ڕووەو دەشتێکی پڕلەگوڵ دەکرێتەوەو ئاسمانەکەی پڕە لە ئەستێرەی ئومێد.

**کۆتایی**




Scanned with CamScanner